


# ڕشتەی سێکسوێڵ

## پێشەکی:

هەر کاتێک کە گوێمان لە وشەی ڕشتە دەبێت، ڕشتەی مرواریمان دێتەوە یاد، ڕشتەی مرواری عەلاداین سەجادی، منیش هەر بە  خەیاڵی ڕشتەی مرواریەوە ئەو ناوەم هەڵبژارد بۆ ئەو نوسینانەی کە لەسەردەمێکدا(2020 و 2024) لەسەر بلۆگ و پەیجی فەیسبووک و هەنێ ڕۆژنامە و سایت بڵاوم کردونەتەوە لەسەر تێمی سێکسوالیتێ. لە سەرەتاوە ویستم ناوی بنێم ڕشتەی مرواری دوو، بەڵام سێکسوێلەکەم پێ باشتر بوو چوونکا هەموو وتارەکان دەربارەی سێکسوالیتێن. بێ گومان وەک دەیخوێننەوە لە هەر

بابەتێکدا زانیاری گرنگی تێدایە لە سەر سێکسوالیتێ، مێژوو، فەلسەفە و زانیاری گشتیی و...تاد.

بۆ من، گرنگ پێدانی زانیارییە نەک دەرئەنجام، چوونکا زانیارییەکی بێ شومار دەمان گەیەنێت بە ئاگایی، بەڵام دەرئەنجام هەڵخەڵەتێنەرە و بڕناکات؛ بە سەردەمەوە بەستراوەتەوە. بێ گومان بە هەموو نوسینەکانمدا چوومەتەوە و هەڵەی چاپ و ڕێنوسم چاککردوون، بە خوێندنەوەیان خۆم جارێکی تر سودم لێ بینین و لە هەمان کاتا بە خوێندنەوەی هەنێ پەڕەگراف دەمدایە پرمەی پێکەنین. وەک فەرەنسییەکان دەڵێن: هەنێ بابەتی تێدایە بە یەک دەست دەخوێنرێنەوە ((بە یەک دەست؟ مەبەستت لە چییە؟)).

بە پێوسیتم زانی هەر هەموو نوسینەکانم بە پی دی ئێف لە بەرگی کتێبێکدا کۆبکەمەوە، لەبەر ئەوەی هەرگیز باوەڕناکەم ڕێگا بە چاپی بابەتی لەو جۆرە بدەن لە کوردستان بۆیەکا هیچ هەوڵم نەداوە لەو ڕووەوە. هەرچۆنێک بێت بابەتەکان شایەتیی سەردەمێکن. ڕاستە وەک برادەرێک سەرنجی دابوو و ڕەخنەی لێ گرتبووم گوایە سەرچاوەی زانیارییەکان نانوسم، هەرچەندە لە کاتی پێویستا سەرچاوەی زانیارییەکانم نوسیوون، بەڵام زۆربەیان زانیاری گشتین و لەسەردەمێکی دێریندا خوێندومنەتەوە، جگە لەوەی زۆربەی بابەتەکان ئەزموونی خۆمن لەو بوارەدا، هەروەها کاتێک دەنوسم فرۆید یان نیچە وەهای گووت چ پێویست دەکات سەرچاوەکان دەستنیشان بکەم! بەڵام کاتێک پەرەگرافێکم لە قەوسێکدا داناوە وەک قسەی کەسێک، لە خوارەوە سەرچاوەکەیم داناوە. دەبێت ئەو ڕاستیەش بڵێین هەر کاتێک کتێبێکم دەخوێندەوە، هەنێ جار پەرەگرافی کتێبێک ئیلهامی باسێکی دەورووژاندا لە هزرمدا.

وتارەکان زۆرن و سەرنجمدا زۆر تێم لە وتارێک و هەندێک جار لە چەند وتارێکی تردا دووبارە دەبنەوە، بەڵام بە باشم زانی وەک خۆیان دایان بنێمەوە و گۆرانکارییان تێدا نەکەم، جگە لەوەی چاککردنیان کارێک و کاتێکی زۆری پێویست دەبوو. لە نێو ئەم کۆمەڵە نوسینەشدا دوو کورتە چیرۆکیشم داناوە:

گیلگامێش و سەتەلایتی ڕۆزێتا.

بەختیا عەلی و سایەکەریم و عەزفی فلووت.

هەرچەندە بابەتەکەی بەختیار عەلی چیرۆک نییە و زیاتر سێناریۆیە. بەڵام ئەوەی گیلگامێش چیرۆکێکی فەلسەفی و لەهەمان کاتدا ئێرۆتیکە بەتایبەتی لە کۆتاییەکەیدا.

بەداخەوە چەند بابەتێکی تری ئێرۆتیکم هەبوون بەڵام تەواوم نەکردبوون، لەوانە چیرۆکی گەلەسێکسی یان وەک کوردان ئێژن: سێکسی "کراوە"ی نێوان ئەبراهام و خاجەر و

سارای. زۆر حەزم دەکرد تەواوی بکەم بەڵام ئارەزووی نوسینی ئێرۆتیکم نەماوە، وەک چۆن دەستبەرداری ڕەخنەی هونەرییش بووم؛ هەر سەردەمە و بابەتی خۆی. بەڵام چەند بابەتێکیشم لابرد لەبەر ئەوەی کە "بڤە" بوون لە ڕووی سیاسی و دینییەوە، نەمویست نە خۆم و نە دەوور و بەرەکەم تووشی کارەساتی نەخوازراو بین.

بابەتەکان یەک لە دوای یەک بە بێ لۆژیکی ڕۆژ و جۆری بابەت دانراون، لە سەرەتاوە ناوی بابەتاکانم بە بپێێ لاپەڕەکان بۆ خوێندەر نوسیوە بە مەبسی هەڵنژاردنیان بە ئاسانیی.

***

## ناوەرۆک:


1- دایە حەوا و شەیتان و خودا. لاپەڕە 6 .
2- چەند زانیاریەک لەسەر ئێرۆتیزم و مێژووی ئێرۆتیزم و...تاد. لاپەڕە 15.
3- دایە حەوامان بە چی تۆمەتبار کرد؟ لاپەڕە 47 .
4- چەند زانیارییەک لەسەر سێکسوالیتێ و پەیوەندی سێکسوێلی کراوە. لا پەڕە 56.
5- خواوەندی بۆبۆ و سێکس و پێکەنین. لاپەڕە 60
6- شۆڕشی ئێران و سێکس. لاپەڕە 69.
7- بۆچی لە دەسەڵاتی ژن و کوزی ژنان دەمانترسێنن؟ لاپەڕە 71.
8- پەتیارەکانی گەڕەکی بێلڤیل لە پاریس. لاپەڕە 85
9- چۆن چووکی ڕەپی سانتۆگوستین جیهانی وەرچەرخاند؟ لاپەڕە 93.
10- پیاوی کورد. لاپەڕە 100.
11- پێشمێژووی پیرۆز. لاپەڕە 104.
12- پێناسەی ڕەگەز و چێژی سێکسوێل. لاپەڕە 107.
13- گەریلا و ئاپۆ و سێکس و عەشایەر. لاپەڕە 110.
14- پەیکەرۆکەی ئافرەتە گۆشتنەکانی پێشمێژوو. لاپەڕە 114.
15- چیرۆکی فەنتازمی مامە حەمە و ورچەکە. لاپەڕە 120.
16- خورپە. لاپەڕە 124.
17- نەهێنی خەندەی مۆنالیزا و خەندەی کوزی تابلۆکەی گوستاڤ کوربێ.لاپەڕە 126.
18- دەستەپەڕکردن. لاپەڕە 132.
19- ژنانی پڵاو. لاپەڕە 135.
20- ساتیر و دیۆنیزۆس و ڕوونکردنەوەیەک. لاپەڕە 142.
21- سایە کوز ئاڵۆش بوو بە سایە باڵاپۆش. لاپەڕە 144.
22- سۆدۆمی (لۆتی) یان سێکس بە کۆم. لاپەڕە 147.
23- سێکس بە بێ خۆشەویستی و خۆشەویسستی بە بێ سێکس. لاپەڕە 151.
24- فیلمی دواهەمین تانگۆ لە پاریس و سێکس و لاقەکردن. لاپەڕە 156.

25- هۆنراوەیەکی ئێرۆتیکی سۆمەریی. لاپەڕە 165.
26- کەنیسە و مزگەت و کچی هەژدە ساڵ. لاپەڕە 169.
27- چەند زانیارییەک دەربارەی دەوری سێکسوالیتێ لە یاری ڕوگبی. لاپەڕە 176.
28- داروین و سێکسوالیتێ. لاپەڕە 178.
29- دیک و بوک و زارۆک و سیکسوالیتێ 181.
30- دوو زانیاری گرنگ لەسەر هێلکە گوون. لاپەڕە 184.
31- خوشەی دێ و خشەی دێ. لاپەڕە 186.
32- سێسکی ئازاد و پۆڕنۆ و نەوشیروان مستەفا. لاپەڕە 189.
33- دەرکەوتنی کلیتۆریس وەک مژدەی ژیانێکی نوێ. لاپەڕە 193
34- سێکس و ئۆرگاسم و ماشین. لاپەڕە 200
35- شانازی بە ژنایەتی خۆتەوە بکە نەک بە شەرواڵی پیاوەتی. لاپەڕە 205.
36- مۆتەکەی بوون بە کچ. لاپەڕە 209.
37- مۆنۆلۆگی کوز. لاپەڕە 211.
38- مۆنۆلۆگی کوزم خوێندەوە. لاپەڕە 214.
39- ماچ و ماچی فەرەنسی و دەستەواژەی کوز لە زمانی فەرەنسی و... لاپەڕە 223.
40- ئۆرگاسم و خەتەنەکردن و فرت و فێڵ. لاپەڕە 230.
41- ئۆرگانی سێکوێل لە ناوگەڵدا چی دەسەلمێنێت ؟ لاپەڕە 234.
42- شەمپانزیا و یاری و هەوەس و هێز. لاپەڕە 236
43- داروین و سپێرماتۆزۆید و پووتین. لاپەڕە 2340.
44- کوزی شاژن. لاپەڕە 243.
45- مردنی بچووک و مردنی گەورە. لاپەڕە 246.
46- لۆت چەورکەم بیلامانا؟. لاپەڕە 2450 .
47- مرەبای کوز و دەستەواژەی گێلاس لەسەر گاتۆ. لاپەڕە253.
48- لاقەی کچۆڵە و موزەفەرنەواب و مێتافۆری قودس بووکی عروبەیە. لاپەڕە 258.
49- ناکۆکییانی نێوان خێڵی بارزانی بە ستایلی ساتیریک. لاپەڕە 266.
50- مزگەوتی پاریس و ئۆپرا بۆ ناتوریستەکان و .....لاپەڕە 270.
51- هاوڕەگەزخوازیی و دەوری ئاژەڵان وەک مۆدێل بۆ مرۆڤ. لاپەڕە 273.
52- سەردارانی ئەنگوستیلە و ئەنگوستیلەی سەرداران. لاپەڕە 275.
53- شۆڕش دژی چووکی پیاو. لاپەڕە 278.
54- شێخ مەحمودی نەمر و ئۆرگاسم. لاپەڕە 284.
55- فەمینیستی و تیۆری مانگرتن لە سێکس. لاپەڕە 284.
56- باری لنگ لەسەر شان. لاپەڕە 289.
57- سایە کەریم و بنەماڵەی بارزانی. لاپەڕە 292.
58- کچانی وڵاتانی ئیسلامی بە ئاشتییانە لاقە دەکرێن. لاپەڕە 293.

59- هەڵگەڕانەوە و ڕوو وەرگێڕان. لاپەڕە 297.
60- گوێم لە دەنگی پای دیکتاتۆرە. لاپەڕە 301.
61- هەی بێ قیمەت. لاپەڕە 307.
62- هاوسەرگیریی میسیار چارەسەرە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین. لاپەڕە 309.
63- یاپراخەکەی دکتۆر نەگین. 311.
64- ئاپۆ و فۆکۆ. لاپەڕە 314.
65- ئاپۆ و کلیتۆریس. لاپەڕە 316.
66- ئەندرۆپۆز و مۆنۆپۆز و گیلگامێش. لاپەڕە 320.
67- ئەمە جەستەی منە. لاپەڕە 323.
68- کۆیلایەتی یان ژنە خواوەند و کۆیلایەتی؟ لاپەڕە 326.
69- سایە کەریم و بەختیار عەلی و عەزفی فلووت. لا پەڕە 335.
70- ئەگەر ئافرەت بوومایە. لاپەڕە 345.
71- سیمۆن دوبوڤار و ئاپۆ و کچانی نێرینەپۆش. لاپەڕە347 .
72- ماختینێ (Martinet). لاپەڕە353
73- سیمۆن دوبوڤار و مێینە و شیرەڤان. لاپەڕە 356.
74- بۆچی مۆراڵ و شەرەف لە ناوگەڵی ئافرەتاندایە؟ لاپەڕە 360
75- گیلگامێش و سەتەلایتی ڕۆژێتا. لاپەڕە365.

# دایە حەوا و شەیتان و خودا



**تێبینی:**

**ئەم وتارە ساڵی 1990 لە بلۆگی خۆمدا بڵاوبویەوە.**

**ئیلهامی چیرۆکی ئافراندن لە بیرۆکەی ئافراندنی ئەهلی هەقەوە وەرگیراوە.**

سۆسیۆلۆگێکێکی فەرەنسی دەڵێت: کە ژن و پیاو لە دوای تەمەنی چل ساڵییەوە ئاشناییان بە گەمەی سێکسی بە دواوە (سۆدۆمی) دەبێت، ئاسودە دەبن چونکە بەم هۆیەوە پەیوەندی سێکسوێلی نێوانیان نوێ دەبێتەوە، بێ گومان ئەو سۆسیۆلۆگەی ئەم شەکرەی شکاند پیاو

بوو ژن نەبوو دەنا وای نەدەگووت. کاتێک پیاوان دەدوێن، بیر لە ئافرەت ناکاتەوە و تەنها باسی چێژی خۆیان دەکەن، چیرۆکی ئادەم وحەواش هەر پیاو نوسیویەتی. چونکا لەوەتەی لەگەڵ ئافرەتاندا ڕادەبوێرم، لەگەڵ ئەوەشا کە ئافرەتێکی زۆرم ناسیوە لە ژیانمدا، وابزانم تەنها یەك ئافرەتم ناسیوە کە حەز بەڕابواردن بوبێت بە لۆتی (سۆدۆمی).

لە قورئاندا وەک لە هەموو دینە یەکتاپەرستەکاندا ئەم جۆرە رابواردنە نەفرەتلێکراوە چونکا نەزۆکە، دەڵێن گوایە خێڵی "لووت" لە دورگەی عەرەبیدا لە گەڵ ژنەکانیاندا بەم جۆە ڕایانبواردووە. بەڵام لە سورەتێکی قورئاندا هاتووە:

"ژنەکانتان وەکو کێڵگەکانتانن، چۆنتان دەوێت بیان کێڵن".

هەرچەندە مەبەس لە کردەی کێڵان چاندنە، واتە دانانی تۆ و سەوزبوون، بەڵام کەلێنێکی کردۆتەوە تێیدا چونکا دەڵێت: چۆنتان دەوێت بیان کێڵن. خۆ ئەگەر کەسێك بە دوای وەڵامێکی دروستا بگەڕێت لە قورئاندا ئەوا هەرگیز وەڵامەکەی نادۆزێتەوە، زمانی قورئان وەکو کارێکتێری عەرەب وەهایە هیچ شتێك ڕوون نیە.

مێژوو، پیاو نوسیویەتی، چیرۆکی ئادەم و حەواو و هەموو شتەکانی تریش هەر پیاو نوسیویەتی، بەڵام لێرەدا چیرۆکی ئادەم و حەواتان بۆ دەنوسمەوە وەک ئەوەی کە ئافرەتێک نوسیبێتی، دیسان هەر دێینەوە سەر هەمان باس؛ پیاوێك، پیاوێکی کورد لە زمانی ئافرەتێکەوە دەدوێت:

پاش ئەوەی خودا بە شەش ڕۆژ ئەرز و ئاسمان و ئەستێرەکانی ئافراند، کتوپڕ خەمگینییەك دایگرت، لە دوای ئەو هەموو ئیش و کارە گرانە هەستی بە تەنیانیی و بێ هیوایی کرد، بۆیەکا بۆ ڕۆژی حەوتەم بڕیاری دا تۆزێک بیر لە تەنهایی خۆیشی بکاتەوە، خەمی خۆی بخوات و چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە، هەر بۆیە بیری لەوە کردەوە کە ئافرەتێکی جوان خاس و سێکسیی بۆخۆی بئافرێنێت هەتا لەگەڵیا ڕابوێرێ و خەمخۆری بێت.

ئەوکاتەی بیری لەم کێشەیە دەکردەوە، دەگریا، بە کوڵ دەگریا بۆ تەنیایی خۆی. بە دەم گریانەوە دڵۆپێک لە فرمێسکی خودا کەوتە خوارەوە، وەك مرواریەك کەوتە ناو دەریایەکەوە پاشان ناو سەدەفێکەوە. مرواریەکە نزیکەی هەفتا هەزار ساڵ لە ناو ئەو سەدەفەدا ژیا، ژیا لە هاژوهوژی دەریادا، ژیا لە بێ دەنگییادا، ژیا لە تەنیاییا، بێ گومان هەفتا هەزار ساڵ بۆ ئێیزدان تەنها ساتێك بوو، پاشان ئێزدان چاوی بڕیە مرواریەکە و

هەپرون بە هەپرونی کرد، لە جەوهەرەکەی ئافرەتێکی لێ دروست کرد، جوان خاس وەك خۆر دەدرەوشایەوە، هەر خێرا ناوی نا: حەوا.

ئێزدان خۆی سەری سوڕمابوو لە قەشەنگیی هونەرەکەی خۆی، لە جوانی حەوا؛ باڵا بەرز و توزێک گۆشتن، بە جوتێ مەمکی قوت و بەخۆوە، سمتی بەرز و قژی زەدر و چاوانی سەوز و بادەمیی. پاشان ئێزدان دەستی حەوای گرت و بردیە کۆشکەکەی خۆی، ئیتر ئەو چونە ژورەوەیەی چونە ژورەوە هەر نەهاتنە دەرەوە، بۆ ماوەی حەوت شە و حەو ڕۆژ، ئێزدان زەوی و ئەستێرە و دەریا و جیهانی لەبیر چویەوە، خزابووە ناوگەڵی حەواوە و هیچی تری نەدەکرد. ئەوی ڕاستی بێت نازانین چی ڕووی داوە لە ماوەی ئەو حەوت ڕۆژەدا لە نێوان ئێزدان و دایە حەوا، مەگەر خودا هەر خۆی بزانێت؛ خوا عالمە، خوا زۆرزانە، خوا گان کەرە، خوا و هەزارەها شتی تر کە ئێمە نای زانیتن.

حەوت ڕۆژان تێپەڕین، کتوپڕ ئێزدان بەئاگا هاتەوە و بڕیاری دا حەوا بەجێ بهێڵێت و بڕوات بە شوێن ئیش و کاریەوە. وەک گووتراوە:

"بەتاڵی هەر بۆ خودا باشە."

یئێزدان بە حەوای گووت: حەوا گیان، ئیتر وەختی ئەوە هاتگە کە جێت بێلم، چونکە دەبێت بچم بە دەم ئیش و کارەکانمەوە. بە بیستنی ئەو هەواڵە ناخۆشە هەوا دایە پڕمەی گریان و گووتی: ئێزدانی مەزن ئەی ئیتر من چۆن بتوانم بەبێ تۆ بژییم؟ باشتر وایە بم گەڕینیتەوە بۆ دۆخی جارانی خۆم، بم گەڕێنیتەوە بۆ دۆخی مرواریم، چونکە بەبێ یار ژیان مەحاڵە. ئێزدان پەیمانی دا بە حەوا کە بەهەشتێکی بۆدروست بکات هەتاوەکو بێزار نەبێت لە تەنیایی و بەزووترین کات دەگەڕێتەوە بۆ لای دایە حەوا، دایە حەوا بەوە توزێ دڵی ئاوی خواردەوە.

پاشان ئێزدان بەهەشتێکی پڕ لە داری میوە و ڕوباری بە خوڕی بۆ دایە حەوا دروست کرد بەو شێوەیەی کەدڵ حەزی پێ دەکات؛ ڕازاوە بە هەموو جۆرە میوە و درەختێك، بە شاخ و داخ و ڕوبارو گوڵ و گوڵزارەوە. پاشان بە حەوای گووت: حەواگیان، بیلبیلەی چاووم، فرمێسکی گەرم و تەڕ و بڕم، لێرە دانیشە ئەوەی دڵت ئارەزوو دەکات بیکە بەڵام یەك شت کە حەز ناکەم بیکەیت ئەوەیە کە نابێت لەگەڵ شەیتان دا گان بکەیت، حەوا پەییمانی پێ دا کە شتی وا نەکات بەمەرجێ ئێزدان بەزووترین کات بێتەوە بۆلای.

حەفتا هەزار ساڵی بەسەر چوو، دایە حەوا لەو بەهەشتە دڵگیرەدا بۆخۆی بە تەنیا دەهات و دەچوو، ئێزدان هەرنەهاتەوە بۆ لای دایە حەوا، حەوا لەدڵی خۆیدا دەیگووت: جوانی دنیا بە من چی کە بە تەنیایی بژیێم دوور لەیار، ئەمە کەی ژیانە! حەفتا هەزار ساڵە کوزەکەم کەس زیارەتی نەکردووە!

ڕۆژێك لەژێر درەختە مۆزێکدا دانیشتبوو، خەریکبوو هەروەك هەموو ڕۆژەکانی تر مۆزێکی دەهێنا بە بەینی هەردوو ڕانیدا، دەیهێنا و دەیبرد بەناو کوزە ناسك و خنجیلانەکەیدا، شەیتان لە پشت درەختێکەوە خۆی مەڵاس دابوو و سەرنجی دەدا، بە ئەسپایی هاتە بەردەمی حەوا، هەر کە دایە حەوا شەیتانی دیت خێرا مۆزەکەی فڕێ داو شەرم دایگرت و هەستایە سەرپێ.

شەیتان بە پێکەنینێکی شەیتاناویەوە بە حەوای گووت، حەواگیان، زمانێکم پێوەیە گەرم و لینج و درێژ، دوو فاق، دەتوانم بیخەمە ئەو کوزە جوانەتەوە، حەوا بە توڕەیەوە پێی گووت:

بڕۆ لاچۆ شەیتانی بە نەعلەت، هەرگیز دڵی خۆم نادەم بە شەیتان چونکا پەیمانم بە ئێزدان داوە، شەیتان دایە قاقای پێکەنین و بە حەوای گووت: ئای چەندە ساویلکەیی! بە ناهەق نەوتراوە کە ئافرەت ناقسولئەقڵە، ئای دەزانیت کە هەرگیز ئێزدان نایەتەوە بۆلات، چونکە کیژێکی جوانی تری بۆخۆی دروست کردوە و دایە حەوای لە بیر چۆتەوە. حەوا بەقسەی شەیتانی نەکرد و هەستا ئەو جێگەیەی جێ هێشت.

چەند ڕۆژێکی تر دوای ئەو ڕووداوە، دایە حەوا هەر وەک جاران بە تەنیا دەهات و دەچوو لەو بەهەشتە دڵگیرەدا، بێزار و خەمگین لە چاوەڕوانی ئێزداندا، ئێزدان هەر نەدەهاتەوە سەرێکی لێ بدات هەواڵی بوونی خۆی بداتێ.

ڕۆژێك کە دایە حەوا دانیشتبوو لە ژێر دار گێلاسێکدا، دوو گێلاسی بە دەستەوەبوو دەیهێنا دەیبرد بە نێو کوزیا، شەیتان لە پشت دارەکەوە وەک هەمیشە وەدەرکەوت و بە حەوای گووت: حەوا گیان وازم لێبێنە با بەزمانم ئەو کوزە جوانەت بلێسمەوە و تێر بیمژم، باوەڕم پێ بکە کە لەزەتێکت دەدەمێ هەرگیز لەگەڵ ئێزداندا نەتچەشتبێت.

هەوا هێندە تەنیا بوو، لە تەنیاییدا نەیدەزانی چ بڕیارێک بدات، لە دڵی خۆیدا گووتی، مادام ئێزدان نایەتەوە بۆ لام و پرسیار لە بوونم ناکات، هاوڕێیی لەگەڵ شەیتان خۆشترە هەتاوەکو تەنیایی. حەوا ڕانی بۆ بڵاو کردەوە و کوزە خنجیلە و جوانەکەی خستە بەردەمی شەیتان، شەیتان بە بینینی ئەو دیمەنە قەشەنگە بە حەوای گووت:

- ئای حەوا گیان! کوزت لە هەموو میوەی بەهەشت جوانترە، وازم لێ بێنە با بۆنی بکەم.

شەیتان سەری خستە بەینی ڕانی دایە حەواوە و تێر بۆنی کرد و گووتی:

- ئای حەواگیان بۆنی کوزت لە بۆنی هەموو گوڵی بەهەشت خۆشترە.

پاشان زمانە دووفاق و درێژەکەی خستە بەینی هەردوو ڕانی حەواوە و زمانی بردە ناو قوڵایی کوزی دایە حەواوە و گووتی :

- ئای حەوا گیان، کوزت کورەی هەنگوینە.
-

حەفتا هەزار ساڵ بوو کە دایە حەوا لەگەڵ کەسی تردا ڕای نەبواردبوو، هەرگیز ئێزدان کوزی بۆ نەمژی بوو، بۆ ئەو لەزەتێکی زۆر غەوارە بوو، سەری شەیتانی گوشی و لە خۆشیدا هاواری دەکرد، دەنگی هاوار و ئۆرگاسمی دایە حەوا هەموو بەهەشتی دەلەراندەوە.

پاش ئەوەی دایە حەوا سێکس و دەسبازی لەگەڵ شەیتاندا تەواو بوو، دەستوبرد هەستایە سەرپێ و خێرا بە پای خێرا تێپەڕی، هەستی بەخەتاباری دەکرد، بەڵام لە دڵی خۆیدا دەی گووت: وادیارە خوا ئەوی لە بیر چۆتەوە و شەیتان ڕاست دەکات کە دەڵێت: خوا کیژێکی تری بۆخۆی دروست کردووە.

بۆڕۆژی دووایی دایە حەوا لەناو روبارێکی شینی پاشڕووندا خۆی دەشت، شەیتان لە پشت دارێکەوە سەیری دەکرد، حەوا پشتی لە شەیتان بوو، کە شەیتان ئەو سمتە جوانەی هەوای بینی، خێرا کێری هەستاو داوای لە دایە حەوا کرد ئایا دەتوانێت لەبەردەم سمتە جوانەکەیدا دەسپەڕێ بکات؟ حەوا هەتاوەکو ئەوکاتە ووشەی دەستپەڕێ نەبیستبوو، داوای لە شەیتان کرد ئەوو ووشەیەی بۆ ڕوون بکاتەوە، پاش ئەوەی شەیتان بۆی ڕوون کردەوە، حەوا گووتی کە ئەو هیچ دڵ گران نابێت بەوە، شەیتان دەستی بە دەسپەر کردن کرد و جار جارە داوای لە دایە حەوا دەکرد تۆزێ خۆی بچەمێنێتەوە و سمتی بادا هەتاوەکوو باشتر ببیینێت، دایە حەوا بێ دڵی نەکرد چونکە لە دڵی خۆیدا دەی گووت: من چی بکەم لە ئێزدان کە هەرگیز هەواڵم ناپرسێت و ناشزانم لە کوێیە! باشتر وایە دڵی داماوێك ڕازی بکەم.

شەیتان ئاوی هاتەوە و ڕەحەت بوو، لە دووری چەند مەترێکەوە ئاوەکەی هەڵدایە سەر سمتی دایە حەوا، حەوا هەستی بە لەزەتێکی تر کرد کە لەوەو بەر نەی دەزانی؛ دڵی خوش بوو کە ئەوو ببووە کەرەسە و هۆکاری ئەو لەزەتە، چونکا دڵی حەوا وەکو دڵی هەموو ئافرەتێك وەهایە؛ مەرج نیە خۆت لەزەت بچێژیت، لەزەت جەشتتن لەوەدایە کە بتوانیت بیدەیت بەکەسێکی تر، ئەمەیە بیرو باوەڕی سۆفیانە.

بۆ ڕوژی دوایی دایە حەوا لەژێر دار گێلاسەکەدا دانیشتبوو، مات و خەمگین دەستی خستبووە بەر ئەژنۆیی و بیری فڕی بوو. شەیتان بە پیرییەوە هات وەك هەموو ڕوژەکانی تر، بەڵام شەیتان ئەم جارە هەردوو دەستی بەستبوو وەکوو ئەوەی گوایە بریندارە، بە خەمگینیەکەوە هات دانیشت بە تەنیشت دایە حەواوە. حەوا لێی پرسی بۆچی وەها خەمگینە، شەیتان بەگریانەوە وەڵای دایەوە:

- ناتوانم دەستپەڕ بکەم و ژنیشم نیە هەتاوەکو لەگەڵیدا ڕابوێرم، ئەگەر ڕۆژێك دەستپەر نەکەم زۆر خەمگینم.
-

دایە حەوا دڵخۆشی دایەوە، بەڵام نەیدەزانی چییە مەبەستی شەیتان. پاشان شەیتان بە حەوای گووت: بە ڕاستی تۆ کەسێکی سادە و ساکاریت، بەراستی تۆ کەسێکی بێ تاوانیت، تۆ وادیارە خودا هەر بۆمنتی دروست کردووە، ئەی نازانی مەبەستم چیە؟

هەوا بە بێ ئاگاییە گووتی: نەخێر. نازانم مەبەستت لە چییە!

شەیتان گوووتی: ئەی نابینیت کە دەستم بریندارە و ناتوانم دەستپەڕ بکەم؟

حەوا گووتی: دەی نازانم چارە چیە، پێم بڵێ چۆن یارمەتیت بدەم.

پاشان شەیتان بۆی ڕوون کردەوە و لە حەوا پاڕایەوە ئەگەر ئەتوانێت کێری بۆ بمژێ، هەوا هەتاوەکو ئەوکاتە نەی دەزانی کێر مژین چیە سەری سوڕما، پاش ئەوەی شەیتان بۆی ڕوون کردەوە. دایە حەوا ڕازی بوو. وەختەکی شەیتان کێری دەرهێنا، دایە حەوا سەری سوڕما لەگەورەیی کێری شەیتان و بە سەرسوڕمانەوە بە شەیتانی گووت:

- ئۆێ کە زلە!!! کێرت دوو هێندەی کێری ئێزدانە!!! من چۆن بتوانم ئەو هەمووە بخەمە دەممەوە؟

شییتان بە خمگیننیەکەوە پێی گووت:

- ئیدی هەرچەندت توانی، یان هەر سەرەکەیمم بۆ بمژە.

دایە حەوا سەری کیرێ شەیتانی بە نازەوە خستە سەر لێوەکانی و وەک میوەیەکی بە چێژ دەمیمژی و پاسان خستیەە دەمیەوە و تێر بۆی مژی، شەیتان لە لەزەت و خوشیدا هاواری دەکرد. پاشان داوای لە دایە حەوا کرد ئەگەر دەتوانێت بیباتە قوڵایی گەرویەوە. دایە حەوا بێ دڵی نەدەکرد و کێری شەیتانی هەتا قوڵایی گەرووی دەبرد و دەهێنا و دەی لێسایەوە. پاشان شەیتان پێی گووت: ئەگەر دەتوانیت لەهەمان کاتدا کە کێرم دەمژیت هێلکە گونیشم بە پەنجە ناسکەکانت بۆ هەڵگڵۆفیت. دایە حەوا بێ دڵی نەکرد و بە هەردوو دەستی گوونی شەیتانی هەڵدەگلۆفی و جارە جارەش هێلکە گونێکی دەخستە دەمیەوە و وەک نوقڵێکی ترش و شیرین دەیهێنا و دەیبرد لە ژێر زمانیا.

شەیتان کێری لەوپەڕی ڕەپیدا بوو کاتێک لە گەرووی دایە حەوادا ئاوی هاتەوە.

حەوا بۆ ئەوەی دڵی شەیتان نەڕەنجێنێ هەموو سپێرمەکەی خواردەوە و پێی خوش بوو کە ئەو بووە هۆی ئەو چێژەی شەیتان.

ئیدی ژێردارە گێلاسەکە ببوە جێگەی ژوانی شەیتان و دایە حەوا، هەموو ڕۆژێك یەکتریان دەبینی. هەرچونێك بێت هەوا تۆزێ لە تەنیایی ڕزگاری ببوو بەڵام ئەوەی جێگەی داخ بوو بۆ دایە حەوا، ئێزدان هەرنەدەهاتەوە بۆ لای، هەواڵی نە دەپرسی.

بۆ ڕۆژی دووایی، شەیتان هاتەوە و دەستی نەبەستبوەوە، گوایە برینەکەی سارێژ بووە، بە حەوای گووت: حەوا گیان لەوەتەی تۆ دەناسم وازم لە کاری شەیتانی هێناوە، تۆ ئافرەتێکی هێندە جوانی لەبەردەم جوانی تۆدا هەڵس و کەوتم گۆڕاوە، ئەوشەیتانەی جاران نیمە، پاشان دەستی هێنا بەسمتە جوانەکەی حەواداو گووتی: شەو و ڕۆژ بیر لە سمتە خڕ و جوانەکەی تۆ دەکەمەوە، دەزانم هەتاوەکو ئێستاکە بۆم تێنەخستوی لەبەر ئەوە نیە کە حەز ناکەم بۆت تێبخەم، بە پێچەوانەوە هەموو ئاوات و هیوام ئەوەیە کە کێرم بخەمە قوڵایی کوزتەوە بەڵام دەترسم بەو بۆنەیەوە سکت پڕ بێ و خودا پێی بزانێت. حەواش بە بیستنی ئەو هەواڵە دایە پرمەی گریان و برینی کولایەوە.

پاشان شەیتان پێی گووت: حەوا گیان ڕێگایەکی تر هەیە نازانم خودا بەو جۆرە لەگەڵتا ڕای بواردووە یان نە چونکە بەو ڕێگایە هەرگیز سکت پڕ نابێت و خوا بە پەیوەندی من تۆ نازانێت. ئەو جۆرە سێکسکردنەش باری لۆتییە. حەوا گووتی کە ئەو جۆرە ڕابواردنە باش دەزانێت هەرچەندە حەزی پێ ناکات بەڵام ئێزدان زۆربەی جار بەو جۆرە لەگەڵیدا ڕای بواردووە. کە شەیتان گوێی لەو وەڵامە خۆشە بوو دڵی خۆش بوو و زەردەخەنەیەك گرتی.

حەوا بەشەیتانی گووت: شەیتان گیان مادام لەم تەنیاییەدا تۆ فریام کەوتیت هاتی بەدمەوە، چیت پێ خوشە بۆتی دەکەم، خوا هەزارو یەك پۆزشن گانی هەبوو کامەیانت پێ خۆشە

پێم بڵی، شەیتان گووتی: چ پۆزیشنێك خوا پێی خۆشە ئەوەم دەوێت، هەوا گووتی خوا پۆزیشنی مانگایی پێ خۆشە لەسەر چوار پا، شەیتان گووتی ئای کە من و خودا هەمان ئارەزوومان هەیە! پاشان حەوا خۆی خستە پۆزشنی مانگاوە و شەیتان کێری وەکو شەیتان هەستابوو سەری کێری خستە سەر کونی چووپی حەوا و بە بێ تفلێدان بە تەکانێک هەتا قوڵایی بۆی تێ خست، حەوا هاوارێکی ناسکی کرد بەڵام دەبێت ئەوە بوترێت کە خودا کارئاسانیی بۆ کردبوو. بە دەم تەکانەوە شەیتان هۆنراوەی جوانی بەسەر سمتی حەودا هەڵدەدا، شەیتان لە لەزەت و خۆشیدا ڕەحەت بوو و بە هەموو هێز و توانای خۆی دەینەڕاند، بە جۆرێک کە هەموو بەهەشت و کەون دەنگی دەدایەوە. ئێزدان کە لەگەڵ کیژێکی جوان دا خەوتبوو، لە دووری ملوێنەها کیلۆمەترەوە لەو نیوە شەوەدا ڕاچڵەکی، بەڵام وای دەزانی خەوێکی ناخۆشی بینیوە و هیچی تر، هەر خێرا لێیّ خەوتەوە.

بۆڕۆژی دوواییی شەیتان وەکوو هەموو ڕۆژێکی تر لە ژێر دار گێلاسەکەدا دانیشتبوو، خەمگین، دەگریا، شەیتان بەرەو ڕووی هاتو و گووتی: حەوا گیان، خەپەگیان، کوز کورە هەنگوین، هێلانە کێری شەیتان، شەیتان بە قوربانت بێت، بۆچی دەگریت؟ حەوا کە نەیدەتوانی لە گریان بووەستێت بە دەم هەنیسکی گریانەوە گووتی: خوا منی لەبیر چۆتەوە و هەر هەواڵم ناپرسێت، تۆش لەبەر ئەوەی سکم پڕ نەکەیت هەموو جێگایەکی من بۆتە هێلانەی کێری تۆ تەنها کوزم نەبێت، ئەوا بۆ هەفتا هەزار ساڵ دەچێت کە کوزم زیارەتی کێرێکی نەبینیوە، چۆن نەگریم!

کەشەیتان گوێی لەو هەواڵە خۆشەبوو خێرا کێری ڕەپ بوو، چوو بەرەو ڕووی دایە حەوا و فرمێسکەکانی بە زمان لێستەوە و دایە حەوای گرتە باوەش و کێری خستە ناوگەڵی و گووتی حەوا گیان تۆ هەر بڵێ دەی من بۆت تێ دەخەم. دایە حەوا گووتی پێم باشترە سکم لە تۆی شەیتان پڕ بێت کە بە دەورما دێیت و نازم هەڵدەگریت هەتا ئێزدانێک کە نازانم عەرشی لە کوێیە و هچ هەواڵم ناپرسێت، ئینجا شەیتان لێی پرسی بە چ بارێکدا حەزی پێ دەکات کە بۆی تێ بخات. حەوا گووتی بە باری بزماری، شەیتان زۆر حەزی لەو بارە بوو چونکە لە بارەدا کێر هەتا بینە قاقاقا دەڕوات. شەیتان کێری هەستابوو وەکو شەیتان بۆی تێ خست. حەوا، هەفتا هەزار ساڵ بوو کوزی زیارەتی کێرێکی نەبینی بوو بۆیەکا لە خۆشیدا هاواری دەکرد، هاواری شەیتان و حەوا بەهەشت و کەونیان دەلەراندەوە. خوا کە لەگەڵ کیژێکی دەساڵانەدا خەوتبوو، کوتووپڕ لە نیوەشەودا ڕاچڵەکی و بەخەبەر هاتەوە.

سەردەمێك پاش ئەو بەسەرهاتە خوا بڕیاری دا بچێت بۆ بەهەشت و سەرێك لە حەوا بدات، بەتایبەتی کە سەردەمێکە جارە جارە گوێی لەو هاوار و قیژە قیژهی شەیتانە، دڵی کەوتە خەتەرەوە و بیری لە هەزار شتی خراپ دەکردەوە، بەڵام نەی دەتوانی هاوسەرە

تازەکەی کە تەمەنی تەنها دە ساڵنێك دەبوو وەك حەوا بە تەنیا بەجێی بهێڵێت، لەبەر ئەوە بڕیاری دا بیبات لەگەڵ خۆی. گووتی: چش، ئەگەر حەوا پرسیاری لێ بکات، دەڵێم بۆ ئەستێرەیەکی تر دروستم کردووە.

بە گەشیشتنی بە بەهەشت، ئێزدان خێرا چوە ژێر دار گێلاسەکە، بینی دایە حەوا لە گەڵ شەیتان دا لەژێر دار گێلاسەکەدا خەریکی گان کردن بوون، بە بینینی ئەو دیمەنە خوا دایە پڕمەی گریان و بە حەوای گووت: ئەوەی پێشبینیم نەدەکرد ئەوەبوو کە لە گەڵ شەیتاندا گان بکەیت، تۆ پەیمانت پێ دام خانمی حەوا!

لە کاتێکدا خودا دەدوا، حەوا و شەیتان هەر خەریکی گان کردن بوون و گوێینا بە قسەی خودا نەدەدا. خوا بە توڕەییەوە هاواری لێ کردن و گووتی:

- دەتوانن ساتێك بووەستن لە گان کردن وەختێك قسەتان لەگەڵ دەکەم؟
-

کە حەوا گوێی لەو قسانە بوو وەستا و قیڕاندی بەسەر خوادا و گووتی:

ئەوەی پێشبینیم نەدەکرد ئەوەبوو کە دوای حەووت سەت ساڵ بگەڕێیتەوە بۆ لام لەگەل کیژێکی دە ساڵانە، ئەی ئەم هەموو ساڵە تۆ لەکوێی بوویت؟ نە هەواڵم دەپرسیت نە ئەزانم لە کوێیت، حەوت ساڵە بە تەنیا گوزەرانی دەکەم. کە خوا گوێی لە وتەکانی حەوا بوو دایە پڕمەی گریان گوووتی: ڕاست دەکەیت حەوا گیان من خەتابارم بەڵام نازانم چۆن خەتاکەم بسڕمەوە، حەوا بە ئێزدانی گووت کە جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ لای چونکە پەیمانی شکاندووە.

شەیتان ڕووی کردە خودا و پێی گووت کە ئامادەیە واز لەحەوا بهێنێت بە مەرجێك خودا ئەو کیژە دەساڵانەی پێ بدات. کە خودا گوێێ لە وتەکانی شەیتان بوو، کڵاشەکانی داکەند و تاکێک کڵاشی گرتە شەیتان.......

ماویەتی......

## چەند زانیاریەک لەسەر ئێرۆتیزم و مێژووی ئێرۆتیزم و مارکی دووساد و...تاد.



وێنەی 01 (مردنی سەردەنەپاڵ پاشای ئاشوری) دولاکروا.1827.

"ئەم تابلۆیەی دولاکراوا بە ناوی "مردنی سەردەنەپاڵ، پاشای ئاشوری. وێنەی 01" وەک زۆر لە تابلۆکانی دولاکروا لە سەردەمی خۆیدا لە لایەن خەڵکیەوە دژایەتیی کراوە. باسی ساتی مردنی سەردەنەپاڵ داکات؛ کاتێک کۆشکی پاشا دەورە دراوە لە لایەن

**دوژمنەوە، سەردەنەپاڵیش فەرمان بە ئەسکەر و کۆیلەکانی دەدات تێکڕای ژن و دەستگیرانەکانی بکوژن و تەنانەت سەگەکەشی، هەموو و ئەوشتانەشی کە لەزەتی لێ چەشتوون، پاشان پاشا خۆشی بکوژن."**

***

سەرنج دراوە لەو خەستەخانانەی کە منداڵان نەخۆشی درێژەخایەنیان هەیە و ئازار دەچێژن، زۆر لە منداڵەکان دەست دەهێنن بە نێو ڕانیاندا بۆ ورووژاندنی هەوەسیان وەك چارەیەك بۆ لەبیربردنەوەی ئازار و ئەشکەنجە و بێزارییان. لە سەردەمانێکدا کە خەستەخانەکان لە لایەن ژنە مەسیحیە ئیماندار (نۆن) ەکانەوە سەرپەرشتی دەکران، ئەم دیاردەیە بە گوناح دەبینرا لەلایەن کەسانی ئیماندارەوە، بۆیە هەندێک جار منداڵەکانیان تەمێ دەکردن و دەستیان دەبەستنەوە بۆ ڕیگریکردنیان لەو کارە، لەبەر ئەوەی ئەم دیاردە نامۆیانە هێشتا لەسەر ئاستی زانستی دەروونیی لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکرابوون، لە ڕووی دینیەوە بە گوناح دەناسران . بە هەمان شێوە سەرنج دەدەین ئەو کەسانەی کە لە سەردەمێکی ژیانیانیاندا لە دژواریدا ژیاون، کە ئەمەش بۆتە هۆی جۆرێک لە ئاڵۆزی دەرونیان، لە گەمەی سێکسیدا سەرپەلی یان بە شازیەک بەرپەرچی ئەو سەردەمەیان دەدەنەوە، بۆ ئەو ڕابوردووە دژوارە و لە هەمان کاتدا خۆسەپاندنیان بە خستنەڕووی کارێکتێری نێرینەیان، لە لایەن مێینەشەوە بە جۆرێکی تر بێگومان، بەڵام لێکدانەوە لە هەڵسوکەوتی مێینە زیاتر ئاڵوزترە لە نێرینە.

ئەگەرچی لەکەڵچەرێکەوە بۆ کەڵچەرێکی تر سێکسوالیتێ جیاوزە و گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەمەش پەیوەستە بە یاسا کۆمەڵایەتیەکانەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی سێکس لای مرۆڤ شاراوە بووە و نەیویستووە بە ئاشکرا باسی بکات، ئایا ئەم شاردنەوەیە جۆرێکە لە ئێرۆتیزم یان تایبەتمەندیەکی مرۆڤە و ئاژەڵ نیەتی؟ یان شەرمکردنە لە خود؟ خۆ منداڵێك ئەگەر لە سەرەتاوە پەروەردە فێری نەکات، ئەوا ئەقڵی پێی ناشکێ خۆی دابپۆشێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر چیرۆکی ئادەم و حەوا، هەرچەندە چیرۆکێکی ئەفسانە و هەڵبەستراوە، بەڵام ڕاستیەکمان بۆ دەستنیشان دەکات ئەویش ئەوەیە کە ئادەم و حەوا، سێکسی خۆیان دادەپۆشن، لەبەر ئەوەی پاش ئەوەی سێوەکە دەخۆن شەرم لە خۆیان دەکەن لە بەردەم ئێزداندا، مەبەست لە سێو خواردنیش هۆشمەندبوونە، بۆچی هۆشمەندبوون دەبێتە جێی شەرمکردن لە خۆ و بەو پێیەش شاردنەوەی سێکسیان؟

جۆرج باتای نوسەر و فەیلەسوفی فەرەنسی (1962-1897) لە کتێبی "فرمیسکی ئێرۆز"دا (ئێرۆز خواوەندای ئێرۆتیك لای یۆنانیەکان)، باس لە نەخشێك دەکات لە ئەشکەوتی لاسکۆ (17000 پ ز، لە فەرەنسا . وێنەی 02)



**وێنەی (02) نەخشەکەی ئەشکەوتی لاسکۆ**

وەک دەبینرێت لە وێنەی(02) دا ڕاوکەرێک، یان شامانێک، بەسەر پشتا کەوتوە، ڕمێکی بە دەستەوەیە، چوکی هەستاوە، سەری لە شێوەی سەری باڵندەیەکە. بەرامبەر بەو، گایەک دەبینین ورگی هەڵدڕاوە و خۆی دەلێسێتەوە، وادیارە بە ڕمی ڕاوکەرەکە ورگی هەڵدڕابێت. ئەم نەخشە لە کونجوڕێکی ئەشکەوتی لاسکۆدا کراوە و بینینی ئاسان نییە و دەبێت بە پەیژە بچیتە خوارەوە و بیبینیت، پێ دەچێت وەک نەخشێکی ئێرۆتیکیی بە مەبەس شاردرابێتەوە بۆیەکا نەخراوەتە ڕوو وەک نەخشەکانی تری ئەشکەوتەکە، ئەو کەسانەی سەردانی ئەم ئەشکەوتە دەکەن ناتوانن ئەو نەخشە ببینن بەهۆی تەنگەبەریی جێگاکەیەوە، هەر بۆیەش کاتێک من سەردانی ئەشکەوتەکەم کرد و کتێبەکەم نەخوێندبویەوە، ئاشناییم بەو نەخشە نەبوو.

ئەم نەخشە مەرەکەبی زۆر ڕشتووە و لێکدانەوەی زۆری بۆ کراوە. پێ دەچێت لە سەردەمی خۆیدا دەوری گرنگی بینیبێت و بە مەبەسی ئێرۆتیزم نەخش کرابێت. بە بینینی ئەم ئەشکەوتە مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێت لە جوانی ئەو نەخشانە، هەر خێرا شک لەوە دەکەین کە ئەم نەخشانە هی 17000 ساڵ پێش زایین بن، هەرگیز لە ژیانمدا هیچ شتێکم نەبینیوە هێندەی ئەو ئەشکەوتە کاریگەری هەبووبێت لەسەرم، جێگەی داخە ئەم ژیانە جێبهێڵیت و ئەو ئەشکەوتە نەبینیت. پرسیار لەخۆمان دەکەین کە ئایا بۆچ مەبەستێک ئەم نەخشانە کراون! تەنها شتێک کە دۆزرابێتەوە لەم ئەشکەوتەدا گوریسێکە، ئەیا ئەم گوریسە بەکار هێنراوە وەک شاپڵیتە بۆ سوتاندن و ڕۆشنکردنەوەی ئەشکەوتەکە یان بۆ مەبەستی یاری ئێرۆتیزم بەکار هاتووە؟

ئەم نەخشە وەك یەکەم گوناحی مرۆڤایەتی ناسراوە، جۆرج باتای دەڵیت: هەر کە مرۆڤ هۆشمەند بووە بە مردن، لە هەمان کاتا پەنای بردۆتە بەر ئێرۆتیزم وەك بەرپەرچ دانەوەی مردن، وەک منداڵە نەخۆشەکانی خەستەخانەکە. ئێرۆتیزم تایبەتە بە مرۆڤ و ئاژەڵ

نیەتی، چونکا ئاژەڵ هۆشمەند نیە بە مردن، کەواتە سێکس لە ڕەهەندە سەرەتاییەکەی خۆی دەچێتە دەرەوە کە ئامانجی نانەوەی نەوەیەکی نوێیە، تەنها بە مەبەسی خۆشی و لەزەت دەکرێت و بۆ ئەمەش ئیرۆتیزم وەك هاندەر و وروژێنەر بەکار هێێراوە.
جۆرج باتای، دین و ئیرۆتیزم دەبەستێت بە یەکەوە؛ لەسەرەتاوە، ئەو کاتەی کۆمەڵگە توانی بەرهەمی زۆر بەدەست بهێنێت بەهۆی کۆیلایەتیەوە، ئەمە وەهای کرد کەکاتی پشوو و بێ کاریی و کاتی ڕابواردن بۆ خۆی بەدەست بهێنێت، وورده وروده ئەم کاتە بۆشایی و بێ کاریە وەك ئاهەنگ و سەرۆمۆنی بەکاردەهێنران و بەڕێ دەکران، دینەکان ئەم کاتە بەتاڵانەیان دەخستە چوواجێوەوە، ئێرۆتیزم لەو سەردەمەدا ڕواڵەتێکی دینی لەخۆی گرتبوو، دین سنورێکی بۆ دانابوو. بەسەربردنی ئەم کاتە بەتاڵانە وەک سەرۆمۆنی و بۆنەیەکی پیرۆز بوون وەک جەژنەکانی ئەمڕۆ.
پاش ئەوەی ئیرۆتیزم لە مەبەستی سەرەکی خۆی لادەدات، ئەوەش جەوهەری ئیرۆتیزم خۆیەتی، واتە لە خاڵێکدا ناتوانێت جێگیر ببێت و هەمیشە پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە، ئەوەش کارێکتێری ڕەسەنیەتی، وەك چۆن دەیگێرنەوە لە بەسەرهاتی دیۆنیزۆس(خواوەندی ئێرۆس) لەسەردەمی ڕۆمەکاندا 186 پ ز، ئیتر لەو کاتەوە ئێرۆتیزم و دین جیابونەتەوە، دەنا هەردووکیان؛ ئێرۆتیزم و دین لەسەرەتاوە پێکەوە بوون، هەر بۆیەش دین لەسەر کۆڵەکەی بەربەرەکانێی سێکس و ئێرۆتیزم خۆی بنیات ناوە.
**بۆ زانیاری خوێنەر؛ دیۆنیزۆس، خواوەندی شەراب و هەوەس و خۆشیە، تەنها خواوەندێکە لە دەرئەنجامی جوتبوونی خواوەندێک و مرۆڤێکەوە هاتبێتە دنیاوە، دیۆنیزۆس خواوەندێکی ڕۆژهەڵاتی بووە و جێگای خۆی کردۆتەوە لای خواوەندە یۆنانیەکان، یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی خواوەندی دیۆنیزۆس ئەوەیە کە دوو جار لە دایک بووە، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کاتێک مرۆڤ پەی بە ئێرۆتیزم دەبات ژیانێکی تر دەژێتەوە، ئەم ژیانە نوێیەش دەبێتە دەروازەیەکی تر و مۆدێلێکی تر بۆ تێڕوانین و جۆری ژیانی.**
**کەواتە لەبەر ئەوەی بوون بە مرۆڤێکی هۆشمەند، هۆشمەندیە بە مردن و لەزەت و خۆشی و ژیان، بەڵام پێش ئەوەی هۆشمەند بین بە لەزەت و خۆشی و ژیان، یان هەر لە هەمان کاتا، هۆشمەند بووین بە مردن.**
هۆشمەندیی بە مردن پاڵنەری سەرەکی خولیابوونی ئێرۆتیزمە، ئێرۆتیزم چێژێکە ترسی مردنی لەبیر دەباتەوە، وەک چۆن لەسەرەوە باسی ئەو منداڵانەمان کرد کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە و بەرەو مردن دەچن. بەڵام بۆچی مرۆڤ هەست بە خەتاباری دەکات و خۆی دەشارێتەوە؟ لەبەرئەوەی کە هۆشمەندیی بە مردن جوتبوونی مرۆڤی وەرچەرخاندووە بۆ گانکردن و ئێرۆتیزم، واتە نەزۆکی، چونکە جووت بوون لای ئاژەڵان خۆی لە خۆیدا وەک غەریزەیەکە بە مەبەسی بێچوو کردن (بەردەوامی دان بە ژیان)، بەشێوەیەکی خۆڕسکانە و بەبێ پلاندانان، هۆشمەند نیە بە سێکسکردن واتە بە مردن، بۆ

ئەمەش وەرزی هەیە بە پێچەوانەی مرۆڤەوە کە ئەو تایبەتمەندیەی هەیە هەموو کاتێك و هەموو وەرزێك هەر ئەوەندەی هەوەسی هەستا یان مێینەیەك هەوەسی هورووژان کاری خۆی دەکات لە هەر شوێنێك بێت، ئێرۆتیزمیش یارمەتی دەرە بۆ ئەم مەبەستە، بۆیەکا هەندێك لێکۆڵینەوە وای بۆ دەچن کە راستە مرۆڤی ساپیان بە رێکەوت توانیویەتی بگونجێت لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا بەڵام تایبەتمەندیی زۆرکردنی سێکس (بە بێ وەرز) پەرەی پێ داوە لە مانەوەیدا لەسەر زەوی، هەربۆیەش مرۆڤ هەستی بەوە کردووە کە سروشت لەزەتێکی پێ داوە بەرامبەر بە مردن، ئەویش هۆشمەندیە بە ئێرۆتیزم، بەڵام وادیارە مرۆڤ هەمیشە ئاوڕی لە پێچەوانەکەی داوەتەوە، ئەویش نەترسیی(خۆ دەرزبازکردن)ە لە مردن و ناهۆشمەندی، چونکە هۆشمەندی جۆرێك لە دوودڵی و ترس دەدات بە مرۆڤ ئەگەریش پرسنیی گەڕان بەدوای زانیاریدا غەریزەیەکە ئەوا هەر لەکۆنەوە مرۆڤی سەرەتایی ئێرەییان بە ئاژەڵان بردووە و زۆرجار سەری مرۆڤیان وەك باڵندە یان ئاژەڵان نیشانداوە وەك هێمای هێز و توانا و نەترسیی.

ئاژەڵ ترسی نیە لەبەر ئەوەی هۆشمەند نیە بە مردن، ئەنکیدۆ لەسەرە مەرگا بە گەلگامێشی گووت: ئەوکاتەی لە دارستانەکاندا لەگەڵ ئاژەڵاندا دەژیام، دڵم خۆش بوو و ئاسودە بووم، ئێستاکە لە شارستانیەتا ئەژنۆم دەلەرزێ.

مادام هۆشمەندم بە مردن کەواتە با هەتا دەتوانم لەزەت بچێژم، یان با مردن لەبیر بەرمەوە. هەر بۆیە سێکس دەورێکی سەرەکی و کاتێکی زۆری بۆ تەرخان کراوە. لە فیلمی دەرهێنەری فەرەنسی؛ فرانسوا تخیوفۆ (François Truffaut. وێنەی 03)، بەناوی (ئەو پیاوەی کە حەزی لە ئافرەت دەکرد)، کابرا دەچێت بۆلای دکتۆرێکی دەروونی و پێی دەڵێت کە ڕۆژ تا ئێوارێ سەیری ئافرەتان دەکات، هەر کە ئافرەتێك قسەی لەگەڵ دەکات خێرا هەوەسی هەڵدەسێت و هەموو کاتی خۆی تەرخان کردووە بۆ سەیرکردنی سمت و مەمکی ئافرەتان لەسەر جادە و بەو هۆیەوە کاری بۆ ناکرێت و سەری هیچی ناپەرژێت لە ژیانیا. دکتۆرەکەش پرسیاری لێ دەکات کە ئایا کاری چیە لە ژیاندا، لەوەڵامدا دەڵێت کە هیچ کار ناکات، دکتۆرەکەش پێێ دەڵێت: ئەی بەڕای تۆ بۆچی ئێمە بەکارکردنەوە خۆمان خەریك کردووە؟ بۆ ئەوەی نەکەوینە ئەو داوەی تۆی تێ کەوتویت. جا وادیارە هەر بۆ ئەو مەبەستەش کار دەکەین هەتاوەکو ئەشکەنجەی بوون لەبیربەرینەوە.



**وێنەی 03 . فیلمی تخیوفۆ Truffaut(ئەو پیاوەی کە ئافرەتی خۆشدەویست)**

لە کوردەواریدا، هەتا ئەم دەمە دوو کتێبی ئێرۆتیکمان هەنە، ئەویش، چیرۆکی هەزارو یەك شەوەیە کە نەکراوە بە کوردی و دەماو دەم دەگێڕێتەوە، ئەوی تریان ڕشتەی مروارییە، لەوە زیاتر لیتێراتورێکمان نیە بۆ ئێرۆتیزم و پۆرنۆگرافی، هەروەها چەند دێڕێک لە هۆنراوەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی:

عومرم گەییشت بە هەشتا
کێرم بەکارە هێشتا
تەسەدقنی گەر دەفەرمویت
هەستم بدەم بە ڕەشتا

یان هۆنراوەکەی نالی بۆ مەستورە ؛

ئەم سڕە چیە میسلی سوهایێ، نەسوابێ؟
دوڕڕێ کە وەکو دوڕی سەمابێ، نەسوابێ
دوکانی توحەفە، کانی حەیا، کانی بە قابێ
قوبەی لە قیبابی نوقەبابێ، نەقوپابێ
وەک خەیمە بە پەردێکی دووئەستونە بە پابێ
سەرتیلەکی نەختێ، بە نەزاکەت قەڵەشابێ
وەک هیمەتی سۆفی لە نێو خەڵوە خزابێ
مەستور و عەزیزی شەرەف و ڕێفعەت و جابێ
یا کۆمەڵە زیوی بوخەلا، دور لە سەخا بێ
******
لەو کانیەدا چوزەرە ڕێواسێ ڕوابێ
بەو چوزەرە ڕێواسە کەمێک قەڵەشا بێ

خۆ خوداش ئاگاداره كه خەڵكی ڕۆژهەلاتیی زیاتر تینوی سێكسن تا ئەوروپایی، لەبەرئەوەی یاسای دین و كۆمەڵایەتی زیاتر بەسەریاندا زاڵه و ڕێگرییان لێ دەكات، هەوەسی سێكسكردنیش لەو ئەزمونەدا لە هەڵچوندایە، دینیش بۆ هەمان مەبەسته ڕێگری لە سێكسی ئازاد و ئێرۆتیزم دەكات، بەڵام خەڵكی به پێچەوانەكەیەوه تێگەشتوون. مەبەسی دین وررووژاندنی هەوەسه به بێ ئێرۆتیزم، دین وەهای گەرەكه كه هەوەس نەمرێت هەتاوەكو ژیان بەردەوام بێت، چوونكا دینه یەكتا پەرستەكان هی سەردەمی كشتوكاڵین و ئەو سەردەمه پێویستمان به مداڵی زۆر بووه بۆ كاركردن، له كۆمەڵگەیەكیشدا كه سێكسی ئازاد تابۆ بێت ئەوا هەوەس زیاتر دەورووژێت، بەڵام نایانەوێت له ئێرۆتیزم تێ بگەن چونكا ئەوان مەبەسیان نانەوەی نەوەیەكی نوێ و بەردەوامیدانه به وروژاندنی، چونكه سێكسكردن دەمانبات بۆ ئێرۆتیزم و ئێرۆتیزمیش نەزۆكه و بەو پێیەش خودامان لەبیر دەباتەوه. هەروەها وای بۆ دەچن كه له كۆمەڵگایەكی ئازادا، هەوەس وەک چەمكێكی وروژێنەر، هەرچەنده خۆیان بەبێ ئەوەی هۆشمەندبن بەوه هەموو ڕۆژێک بەكاری دەهێنن له ژیانی ڕۆژانەیاندا چونكه مرۆڤن و هۆشمەندن به مردن، بەڵام چونكه دوو ڕوون، ڕاستیەكان دەشارنەوه دانی پێدا نانێن، یان هۆشمەندییان پێی نیه.

كەر و قاز و مەڕ و ماینی داماو هەموویان لاقه دەكرێن لەلایەن گەنجانی ڕۆژهەڵاتیەوه ، با باسی ئەوه نەكەین كه چەند مێرد منداڵ و كچۆڵه له لایەن ئەندامانی خێزانەكانیانەوه به شێوەیەكی بەربڵاو لاقەدەكرێن و كەسیش ئاماده نیه باسی بكات، یان لەم دواییانەدا كه ناكۆكی كەوته بەینی ئیخوان و سەلەفیەكان یەكێک له ئیخوانەكان سەلەفیەكی بەوه خەتابار دەكرد كه گوایه بینیویەتی پیاوی بردۆته ماڵەوه هەتاوەكو پێكەوه لەگەڵ ژنەكەیدا ڕابوێرن. ئایا تەنها ئیسلامه كه ڕێگەی لەوه گرتووه یا هۆكارێكی تر ڕێگره؟ بێ گومان دین هەمیشه، دینی مەسیحیش دژی سیكس بووه ئەگەر بۆ مەبەستی منداڵبوون نەبێت.

دەستپەڕكردنیش تایبەتمەندییەكی مرۆڤه و هەموو دینەكان دژی دەوەستنەوه لەبەر ئەوەی ئەنجامەكەی نەزۆكه و ئەمەش خۆی لەخۆیدا دژی دینه. ئاینی مەسیحی بەشێوەیەكی ئاشكرا دژی دەوەستێتەو، بەڵام ئیسلام به ئاشكرا دژی ناوەستێتەوه واته لەقورئاندا باسی نەكراوه وەك ئەوەی ئاگاداربم، هەرچەنده كاتێك كازانۆڤه دەچێت بۆ توركیا (1740) پرسیار له جۆسوف عەلی ( فەیلەسوف) دەكات دەربارەی دەستپەڕ لەوەلامدا دەڵێت: دەستپەڕ تاوانێكه له زینا گوناحتره، پاشان دەڵێت: دەزانم ئەمه قانونێكه كه سەپاندنی وەك تاوان هەرگیز ناتوانرێت جێبەجێ بكرێت و شتێكی باشیش نیه، بەلام ئەگەر پیاوێك ژیانێكی ئاسایی بژی و بێ ژن بێت ئەگەر گەشته ئەو ئاستەی تینوی سێكس بوو ، دەبێت دەستپەر بكات.

وەك بیستومه هەموو جارێك به پێكەنینەوه دەیان گیرایەوه گوایه مەلایەك له پێنجوێن كاتێك دەستی لاوانی دەگووشی، پێش ئەوه به گەنجەكەی دەگووت: دەستت پاكه كوڕم؟ دەستپەڕت نەكردووه؟ هەرچۆنێک بێت له كوردەواریدا، سێكس و ئێرۆتیزم به شێوەیەكی ئازاد

باسکراوە  بە تایبەتی لە نێوان ژناندا بەبێ تابۆ، بۆیە سەرم سورما، کاتێک کچێکی برادەرم لە فەرەنسا بۆی گێرامەوە کە گوایە دایکی ڕۆژێک گوێی لە ژنێک دەبێت باسی ژیانی سێکسوێلی خۆی دەکات کە چۆن لەگەل  مێردە کۆنەکەیدا نەگەشتۆتە ئۆرگاسم و لەوەتەی لەگەڵ پیاوێکی تردایە هەست بە ئۆرگاسم دەکات،  دایکیشی بەبیستنی ئەم هەواڵە سەری سوڕدەمێنێت، چونکا هەتا ئەو ساتە  نەیزانیوە ئۆرگاسم چیە و  هیچ لەزەتیکی نەچەشتووە لەکاتی ڕابواردندا لەگەڵ مێردەکەیدا.  پێم سەیر بوو چۆن لە کۆمەڵگەیەکی وەک فەرەنسا، لەم سەردەمەدا ئافرەتێک هۆشمەند نەبوبێت بە لەزەتی سێکسیی؟  ئەم دیاردانە دەگمەن نین لە کۆمەڵگەدا، بۆ نمونە جارێکیان ئۆرگانیزاسیۆنێکی ئەوروپی بە مەبەسی ئاشنا بونیان بە پەیوەندی ئاڵوگۆڕی سێکسی لە نێوان ژنان و پیاوانی ڕۆژهەلاتیدا، لە وڵاتی ئەردەن چەند پرسیارێک ئاراستەی ژن و  مێردان دەکەن، لە ئەنجامدا زۆرێک لە ئافرەتان پرسیارەکانیان بە گاڵتە وەرگرتووە یان تێ نەگەشتون لە مەبەستیان، داوایان لە مێردەکانیان کردووە هەتاوەکو یارمەتیان بدەن لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکان،  بێ شک وادیارە لە کۆمەڵگەیەکدا کە خەڵکی ئاگاداری دنیای ئێرۆتیزم نین و  هەر لەژێر لێفەوە نیخەنخیانە بەبێ ئەوەی بزانن چی ڕوودەدات؛ دەنگ هەیەو ڕەنگ نیە، هەر چەندە لەم دوایانەدا بەبۆنەی ئەنتەرنێت و فلیمە پۆرنۆکانەوە خەڵکی ئاشناییان پەیدا کردوە، بۆیە لە هەواڵی ڕۆژنامەیەکدا خوێندمەوە کە گوایە لە کوردستان پیاوێک  داوای لە ژنەکەی کردبوو کە بۆی بمژێت ئەگەر نا ئەوا تەڵاقی دەدات، ژنەکەشی لەوەڵامدا وتبوی ؛ یەع .

مەلاو پیاوانی دینی کوردستانیش هاتنە دەنگ کە گوایە لە ئیسلامدا ئەو کارە ڕێگەپێدراوە و ناشەرعی نیە و پێغەمبەر محەمەدیش ئەو کارەی بۆ کراوە لە لایەن ژنەکانیەوە، وەک ئەوەی ئیسلام دینێکی کراوە بێت، بەڵام خۆ ئەگەر بە پێچەوانەوە ژنەکە ئەو داوایەی بکردایە  کە مێردەکەی دەبێت بۆی بمژێت دەنا لێی جیادەبێتەوە، ئەوا هەرگیز مەلاکان پشتگیریان لێ نەدەکرد و دەیان گووت:  ئەم ئافرەتە تیاترۆیە.  کەسیش ئەقڵی پێ نەشکا بڵی کابرا دەبڕۆ تۆش بۆی بمژە، بەشکم  ئەویش بتوانێت بەو بۆنەیەوە بۆت بمژێت. بێ شک شتی وا ڕوونادات چونکە لە ڕۆژهەڵات هەر پیاوان مافیان هەیە باسی ئارەزو و هەوەسی سێکسیان بکەن، ئەگەر ئافرەتێک باسی هەوەسی سیکسی خۆی بکات دەبێتە قەحبە. کەچی لە سەفەرێکمدا بۆ کوردستان لە گەڵ هاوڕێیەکی کچمدا، لە شاری سلێمانی لە گەڵ چەند کچێکدا دانیشتبوین، کچەی هاوڕێم پرسیاری لێ کردم  و دەیویست بزانێت  بۆچی ئەو کچانە هێندە ماکیاج دەکەن، چونکە لە ئەوروپا ئەو جۆرە ماکیاجانە تەنها قەحبەکان دەیکەن، منیش پاش ئەوەی دەوری وەرگێرم بینی، وەڵامی کچەکان ئەوە بوو کە گوایە ئەوانیش حەز بەو جۆرە ماکیاجە ناکەن، بەڵام ئەگەر ماکیاچ نەکەن ئەوا ناتوانن شوو بکەن، چونکە خەڵکی دەڵێن ئەو کچە دڵی وشکە، واتە قەحبە نیە. بێ شک پیاوان بە تایبەتیی خەلکی ڕۆژهەلاتیی هەر خەون بە قەحبەوە دەبینن لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە باسی خۆشەویستی دەکەن و هۆنراوەکانیان بە وشەی خۆشەویستەکەم دەست پێ دەکات، بەڵام وادیارە عەشق بۆ ئەوان

مانای سێکس کردنە و هیچی تر، خۆ ئەگەر سێکس ئازاد بێت لە کوردستان ئەوا بێ شک نیوەی شاعیرەکان واز لەهۆنراوەنوسین دەهێنن.

***

بۆ دەستپەڕ کردن و وروژاندنی هەوەس و ئارەزوو، لەسەردەمێکی کۆنەوە لیتێراتورێکی ئیرۆتیزم و پۆرنۆگرافیی پاڵنەر بووە، بەڵام زیاتر فەنتازمی پیاوان بوون و بۆ هەوەس و بەپێی ئارەزوی ئەوان نوسراوون.
لە ساڵانی 1840 دا کتێبخانەکانی فەرەنسا لەژێرخانێکدا شوێنێکیان دانابوو بە ناوی جەهەنم، ئەو کتێبانەی تێدا بوون کە باسی ئیرۆتیزم و پۆرنۆگرافی و سێکسیان تێدا دەکرا بەشێوەیەکی ئاشکرا و زەق، هەندێکیان لە سەدەی پانزەهەمەوە نوسرابوون. ناویان نابوون کتێبی فەلسەفیی بۆ ئەوەی نەلێن کتێبی قەدەغەکراو، پێیان ووتراوە کتێبی ئازادبوون. مەبەست لە ئازادبونیش، ئازادبونی بیرکردنەوە و جەسەدی و پۆرنۆگرافی و فەلسەفی بووە.

تێڕوانینی خەڵکی بۆ ئەم کتێبانە ئەوە بووە کە دژی کەنیسە و نایەکسانی کۆمەڵایەتی بووە، ئەوکاتانەی کە لە وڵاتانی تردا ئەم کتێبانە خوێندنەوەیان قەدەغەبووە لە فەرەنسا ئەم کتێبانە فرووشراون لە بازاڕدا، هەرچەندە کتێبەکان بە ناوی نوسەرەکان خۆیانەوە بڵاونەکراونەتەوە، بەڵام خەڵکی نوسەرەکانیان ناسیون، بەتایبەتی کتێبەکانی مارکی دوساد کە لە خوارەوە باسی دەکەین .
لە کتێبخانەکاندا هەندێکیان هەتاوەکو ساڵانی 1980ڕاستەوخۆ نەخراونەتە بەردەم خوێنەران، بە دزیەوە وەک فەرەنسی دەڵێن: لەژێر پاڵتۆوە فرۆشراون. ئەوەش دین بوو کە بڕیاری ئەوەی دەدا گوایە هەندێك کتێب خوێندنەوەیان بۆ بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی مرۆڤ خراپە.
لێرەدا باسی هەندێک کتێبی ئەو سەردەمە دەکەین (وێنەی 04) هەتاوەکو تێبگەین کە چۆن باسی سێکس کراوە و چۆن بەستراوەتەوە بە ژیانی ڕۆژانە و کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە، بەتایبەتی چۆن دین تێکەڵی ئەم باسە کراوە وەک چۆن لە سەرەوە باسمان کرد دین لەسەر کۆڵەکە و دژایەتی کردنی ئیرۆتیزم وەستاوە.



**وێنەی 04. هەندێک لە ئیلوستراسیۆنی ئەو سەردەمە بۆ کتێبەکان.**

یەکێك لەو کتێبانە بە ناوی (تێرێزی فەیلەسوف)، باسی کچێك دەکات دەبێتە شاگردی کابرایەکی مەسیحی هەتاوەکو دەرسی دینی دابدات، کابرای مەسیحی بە کچەکە دەڵێت کە هەوڵ بدات ڕۆح و لەشی لێك جیا بکاتەوە؛ ئەو کاتانەی لە بەردەم عیسادا نوێژ دەکات دەبێت ڕۆبەکەی هەڵبداتەوە هەتاوەکو سمتی دەرکەوێت و لەکاتی نوێژکردندا کابرا بە قامچی لە سمتی دەدا، بەو هۆیەوە لەشی دەچێت بۆ ئاسمان، پاش ئەوەی کابرا بە قامچی سمتی داخ کردووە، ئێستاکە ئامادەیە بۆ تەمرینی کۆتایی؛ کابرا بۆی ڕوون دەکاتەوە کە بە تەنێکی پوختەکراو و بە ڕۆحی پیرۆزی فرانسوا ( فرانسوا داسیس)، لە دواوە بۆی دەچێتە ژوورەوە. مادمۆزێل بەسەر سکیا پاڵ کەوتووە و کابرای کەنیسەش لە دواوە بۆی تەواو دەکات و کچەش هاوار دەکات و دەڵێت:

"ئاە، ئای، باوکی پیرۆزم، چەند خۆشە !! وا خەریکە ڕەحەت دەبم، وا هەست دەکەم کە ڕۆحم بە تەوای لە لەشم جیا بۆتەوە، باوکە پیرۆزەکەم بەنەعلەت بێت هەرچی ڕۆحی بێ پوختەیە تێداما، وا خەریکە حۆری و پەری دەبینم بە ئاسمانەوە، دەی زیاتر بۆم تێخە، پاڵ نێ، هەتا دەتوانیت کێرت بخەرە قوڵاییمەوە، ئاي !! ئای !!، وا خەریکە لە خۆشیدا گیانم دەردەچێت. لە کۆتاییدا مادمۆزێل تێ دەگات کەچەندە خۆشی و لەزەت زێدە بێت هێندەش ئازارچەشتن کەم دەبێتەوە، هەر بۆیەش نایەوێت لەگەڵ پیاوێکدا بمێنێتەوە، دەیەوێت بە ئازادی بژی و لەگەڵ کێدا ئارەزوی بێت سێکسی لەگەڵدا بکات، بێ گومان مادمۆزێل تێرێز، دروستکراوی فەنتازم و خەون و خەیاڵی پیاوان بووە لەو سەردەمەدا.

یان لە کتێبێکی تردا، ئەو پیاوەی کە دێت بەسەر ژنەکەیدا و دەبینێت کە ژنەکەی لەگەڵ پیاوێکی تردا سێکس دەکات، بۆ تۆڵەسەندنەوە لە ژنەکەی، دەچێت 10 برادەری بانگ دەکات و خۆی لەشوێنێکەوە دادەنیشێت سەیر دەکات و برادەرەکانی یەك بە یەك سوار ژنەکەی دەبن بە هەموو جۆرێك و بە هەموو بارێکدا، بە تایبەتی بەو بارانەی کە لەگەڵ ئەودا ڕای نەبواردووە وەك باری سۆدۆمی. یان چۆن میردێکی گەنج بە دەستگیرانەکەی دەڵیت: کە واز لە کون و کوزی بهێنیت بۆ ئەو لەکاتی ڕابواردندا، هەتاوەکو ببن بە موڵکی ئەو و چی ئارەزوو دەکات بیکات.
زاڵبوونی پیاو بەشێوەیەکی زەق دەبینرێت لەو کتێبانەدا، ناتوانرێت ئازادیی ئافرەت بەدی بکرێت لەو چیرۆکانەدا، ئەگەریش باس کرابیت بۆ مەبەستی ڕازیکردنی پیاو بووە، کە زیاتر کون و کوز و سمت و دەمیان بخەنە بەردەمیان هەر کاتێك پیاو ئارەزووی بووە.
لە چیرۆکی مەکتەبی ئافرەتاندا باس لەوە دەکات کە ئافرەت پێش ئەوەی سێکس بکات بێ ئەقڵە و کە وەختێك دەکەوێتە سێکس کردن بە ئازادیی، شەخسیەت پەیدا دەکات و دەبێتە خاوەنی بڕیاردانی خۆی، بۆیە مادمۆزێل فانشۆن دەڵێت: جاران دەمم داخستبوو و دەهاتم و دەچوم بەڵام لەوەتەی کێریان خستۆتە کوزمەوە بۆ هەموو شتێك دەشێم، بە هەر بارێکدا ئارەزوو دەکەن بۆم تێخەن. سەرنج دەدەم ئێستاکە کاتێک دەدوێم خەڵکی گوێم لی دەگرن و ڕێزیشم لێ دەگرن وەك ئەوەی کەسێکی گرنگ بم.
لە چیرۆکی ئەکادێمی ئافرەتاندا دەڵێت: کردنەوەی کوز وەك کردنەوە و فراوانبوونی ئەقڵ وەهایە، کاتێك پەردەی کچێنی دەکرێتەوە ئەوە یەکەم هەنگاوە بەرەو سەربەستی. لە چیرۆکی ڤینوس لە حەوشەدا کە باسی ئافرەتانی کەنیسە( نۆن) دەکات کە خۆیان بۆ عیسا هەڵگرتوە، کچەکە هێندە قامچی لە سمتی خۆی دەدا کە لە کۆتاییدا ڕەحەت دەبێت.
بەشێوەیەکی گشتی هانی ئافرەتان دراوە بۆ ئازادی سیکسیی و گاندان بە هەموو شێوەیەك، ئەمەش دەیان گەیەنێت بە کامڵیی و هۆشمەندیی و ڕێگایەکە دەیان گەیەنێت بە فەلسەفە، چونکە لەو سەردەمەدا تەنها چەند کەسانێکی کەم بۆیان هەبووە باسی فەلسەفە بکەن، وەك شتێکی مۆدێرن، وەك چۆن مۆلییێر باسی دەکات لە شانۆی بۆرژوا دا. هەروەها سێکس پاڵنەرێك بووە بۆ خۆ دوورخستنەوە و بەگژداچوونەوەی دین لە فەرەنسا.
پۆرنۆگرافی تەنها باسی دیاردەی چەوساندنەوەی ئافرەت نەبووە لە لایەن پیاوانەوە، بەڵکو باسی چەوساندنەوە لە هەموو ڕوویەکەوە و دژی سیستەمی پاشایەتیش بووە. کتێبی پۆرنۆگرافی هەرگیز باسی شۆرشی نەکردووە و هانی خەڵکی نەداوە بۆ شورشی سیاسی، بەڵام باسی دەست و دەوری پاشا و کاربەدەستان و کورتیزانەکانیان و ئەوانەی تاکس کۆدەکەنەوە بە هەموویاندا هاتۆتە خوارەوە، هەتا وەزیر و پیاوانی کەنیسە کە چۆن لە نێو خۆیاندا پارە و نانی خەڵکیان خواردووە، سێکس بەکارهێنراوە بۆ هەلماڵینی درۆ و دەلەسە لەناو هەموو تویژ و چینەکانی کۆمەڵگادا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فیمینستەکانی ئەو سەردەمە

هەرگیز ڕەخنەیان لە ئەدەبی پۆرنۆگرافی نەگرتووە وەك  مافخواردنی ئافرەت و چەوساندنەوەیان، وەك ئەوەی كە پۆرنۆگرافی بۆ دەستپەر كردنی پیاو دروستكرابێت، وەك ووتراوە ئەم كتێبانە بە یەك دەست خوێندراونەتەوە .

میرابۆ ( 1749-1791) لە چیرۆکی "گفتوگۆکان" م یان  لە "ئازادی کەوالیتێ" دا لە پێشەکیەکەیدا دەڵێت: هیوادارم بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە هەموو جیهان بتوانن  دەستپەڕ بکات و بگەنە ئۆرگاسم، بێ گومان مەبەست لە دەستپەڕی پیاو بووە و باسی ئافرەت ناکات، هەرچەندە لە چیرۆکی "لا کۆشۆن" دا، هیوا دەخوازێت تەنانەت کارەکەرە ژنەکانیش بتوانن بیخوێننەوە بەڵام ئافرەتان ئەو کاتە زۆربەیان نەخوێندەوار بوون.

بەڵام هەندێك وێنە بەدی دەکرێت تێیدا ئافرەت پیشان دەدات کتیبێکی بە دەستێکیەوەیەتی و بە دەستەکەی تری دەست دەهێنێت بە ناو گەڵیا و دەستپەر دەکات. هەرچۆنێک بێت  هەموو ئەم کتێبانە لە هەر لاپەڕەیکیاندا هەست بە ئیرۆتیزمێکی بەهێز دەکرێت، هەموشیان بە ناسنامەی پیاو نوسراوون.

پرسیار ئەوەیە ئایا دەتوانین دەوری زیاتر بدرێت بەم کتێبان لە دەستپەر کردن زیاتر؟ بە بیری گۆلمۆ،  ئەدەبی ئێرۆتیك و پۆرنۆگرافی سەدەی هەژدە، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر خوێنەر هەبووە و ئامانجی هەموو لیتێراتیوری بەدەست هێناوە، پەیوەندیەکی راستەوخۆی لە نێوان ژیان و لیتێراتوردا درووست کردووە، هەندێکیان پەیوەندیەکی راستەو خۆ و کوتوپڕ دروست دەکەن لە نێوان  بەدەنی خوێنەر و  ڕستەی کتێبەکەدا وەك ئەوەی بیەوێت بنیشیێەوە لە لەش و خوێنی خوێنەردا.

هیچ پیاوێک نیە کە نەیەوێت

زاڵ بێت، کاتێک کێری رەپ دەبێت

مارکی دوساد

وەک وتمان هەندێك لەم کتێبانە فروشتنیان قەدەغە بووە هەتا سەردەمانێکی نزیک، وەك کتێبەکانی مارکی دووساد ( Marquis de ssad، 1740-1814). بۆ زانیاری خوێنەر، ئەمڕۆ زاراوەی سادیک  لە ناوی ئەم نوسەرەوە هاتووە،  زاراوەی سادیك واتە ئەو کەسەی کە چێژ بە ئازاردانی ئەوی دی وەردەگرێت،  هەرچەندە زاراوەکە بە هەڵە وەرگیراوە، چونکا ساد فەیلەسوفێکە و هەرگیز ئەو مەبەستەی نەبووە، بەڵام هەر لە مێژەوە زاراوەکە وەها بڵاوبۆتەوە و بە ناوی ئەوەوە نوساوە.

 ساڵی  2015 دا گەورەترین پێشانگا بۆ مارکی دووساد کرا لە مۆزەخانەی ئۆرسای لە پاریس، پێشانگاکە بریتی بوو لەکاریگەریی نوسینەکانی ساد  لەسەر هونەرمەند و نوسەر و  ڕۆشنبیرانی ئەورویا.

مارکی دووساد، له خێزانێکی ئەریستۆکراتی بەرزی فەرەنسی بوو، بۆیە پێی دەڵێن مارکی، لە سەردەمی خۆیدا ناوبانگیی بە ئەورووپادا بڵاوبویەوە، کاتێک لە لەندەن یان ئیتالیا دەوترا مارکی دووساد، هەموو کەس دەیزانی کێیە. کاتێک لە شاری مارسیلیا، شەوێک لەگەڵ ڤالێکەی و چەند ئافرەتێک لە ماڵێکدا ڕادەبوێرن، ساد، دەرمانێک دەدات بە کچەکان کە گوایە ئەفرۆدیزیاکە و هەوەسیان دەورووژێنێت، پاش ئەوەی ئافرەتەکان دەرشێنەوە و بۆ ڕۆژی دوایی شکات دەکەن لە لای پۆلیس، وادەزانن کە ساد ژەهری دەرخوارد داوون، هەموو پۆلیسی فەرەنسا بە دوای سادا دەگەڕێن، سادیش دەڵێت:

"وادیارە کە حکومەتی فەرەنسا هیچ ئیش و کاری نیە بۆیەکا هەموو پۆلیسەکانی خستۆتە دوای من، تەنها لەبەر ئەوەی دوو شەپازلەم لە سمتی ئافرەتێک داوە."

لە کرداری گانکردندا لێکچوونێکی بێ ئەندازە هەیە
لەگەڵ ئەشکەنجەداندا، یان لەگەڵ نەشتەرگەریدا


مارکی دوساد

مارکی دووساد، نزیکەی سی و پێنج ساڵی ژیانی لە زیندانا بردۆتە سەر بەهۆی ئاژاوەی سێکسیەوە. یەکێك لە کتێبەکانی لە بەندیخانەی باستیل، لە نێوان خشتەکاندا شاردبویەوە کە بە نوسینێکی زۆر ورد نوسراوە هەتاوەکو جێگا زۆر نەگرێت (وێنەی 5)، پاش ئەوەی دەستاودەست فرۆشراوە، لە کۆتاییدا لە سویسرا دۆزرایەوە و فەرەنسا توانی بیکڕێتەوە، ئێستاکە ئەو نوسراوانە وەک پاتریمونێکی بەنرخی فەرەنسی ناسراون.
ساد، بۆ یەکەم جار، پێش ئەوەی دەست بکات بە نوسین، ڕۆژێك لەسەر جادە ئافرەتێکی هەژار دەهێنێتەوە ماڵی خۆیی و گوایە ئیشی بۆ دەدۆزێتەوە وەک خزمەتکار لە ماڵەکەیدا، بەڵام هەر بەهێنانی بۆ ماڵەوە لە ژوورێکی خانوەکەیدا بەندی دەکات و پەیکەرێکی بچوکی عیسا دەکات بەکوزی ژنەکدا، ژنەش ئیماندار، هەتا ئەوکاتە لە بەردەم عیسادا نوێژی کردووە، کوتوپڕ عیسا لە کوزیدا دەبینێتەوە، بە بینینی ئەو دیمەنە دەپەشۆکێت و دەتۆقێت. پاش ئەوەی ڕۆژێك کە ساد لەوێ نابێت، ژنە توانیویەتی دەرباز بێت و لە دادگا شکاتی لێ بکات. ئەوە یەکەم تاوانی ساد بوو، ئیدی لەو ڕۆژەوە مارکی دووساد هەتا کۆتایی ژیانی سی و پینج ساڵی ژیانی لە بەندیخانەدا بردۆتە سەر، لە ژێر هەموو سیستەمێکی سیاسی فەرەنسادا ئەو لە بەندیخانەدا بووە.



**وێنەی 05. دەستنوسی مارکی دووساد لە بەندیخانەی باستیل**

هەندێک وای بۆ دەچن کە مارکی دووساد کەسێکی دڵ رەق بووە وەک چۆن لە پۆرترێکەیدا دیبینین (وێنەی 06)، لە لایەن مانغێی هونەرمەندی فەرەنسی، مانغێ سادی وەک بەردی ڕەقی قەلایەکی سەخت نیشان داوە، لە پشتیەوە بەندیخانەی باستیل گڕی گرتووە، بەڵام مارکی دووساد باسی سروشتی راستەقینەی مرۆڤ و ناخی هەموو مرۆڤێکی کردووە، وەک ساد خۆی دەڵێت: من ئاوێنەیەکم خستۆتە بەردەم سەردەمەکەم.




**وێنەی 06.پۆرترێی ساد، هونەرمەند مانغێ (Man Ray 1938)**

درندەیی هەمیشە تەواوکەر، یان وەسیلەیەکی هەوەسی حەشەریە

مارکی دووساد

بۆ نمونە لە کاتی شۆڕشی فەرەنسیدا کە بۆ ماوەیەکی کەم ساد دەستبەکار بووە، یەکێک بووە لە ئەندامانی پەرلەمان و هێرشێکی زۆری دەکردە سەر کەسانی دینیی لە هۆڵی پەرلەمان، پیاوانی دینی بە پەتیارە( قەحبە)کانی گالیلێی ناوی دەبردن، هەر بۆیەش ڕۆبێس

پییر، خستیە بەندیخانەو بە گیۆتین ( سەرپەڕاندن) حوکمی دا، ئەگەر شەوێک پێش گیۆتین ژنەکەی یارمەتی نەدایە بۆ دەربازبوونی. هەروەها یەکێک لە کارە گرنگەکانی ساد، کاتێک لە پەرمان دەبێت، بڕیارێک دەردەکات کە لەخەستەخانەکاندا هەر نەخۆشە و لەسەر جێگەیەک بخەون چونکا لەوەوبەر دووان لەسەر جێگەیەک دەخەوتن، ئەمەش وەک خزمەت کردنێک بە هاوڵاتیانی، لەگەڵ ئەوەشدا کە ساد لە نوسینەکانیدا هەرکاتێک باسی جێگەی نوستنی کردوە شوێنێک بووە بۆ گەمەی سێکسیی بە کۆمەڵ، هەرگیزلە سێ کەس کەمتری لەسەر نەبووە و بە هەموو بارێکدا گەمەی سێکسی تێداکراوە.

## کوشتن کە مرۆڤی ئاژەڵ تامەکەی هەڵیهێنجاوە
## لە سکی دایکیا، سەرچاوەیەکی سروشتیە

بۆدلێر

وەک گووتم لە سەردەمی خۆیدا کتێبەکان بە ناوی نوسەر خۆیەوە بڵاو نەبونەتە. بەڵام زانراون کە هی سادن. کاتێک ناپۆلێوێن کتێبێکی ساد دەخوێنێتەوە، دوای خوێندنەوەی هەر خێرا فڕێی دەداتە ئاگرەوە و دەیسوتێنێت (وێنەی 07)، دەڵێت:

"ئەم پیاوە شێت نیە بەڵام دەیەوێت شێتمان بکات."



**وێنەی 07. ناپۆلیۆێن، کتێبی (ژوستین ) ی مارکی دووساد فڕی دەداتە ناو ئاگردانەکەوە.**

بۆیە ناپۆلیۆن داوا دەکات کە ڕێگریی بکرێت لە ساد لە بەندیخانەدا کە بتوانێت بنوسێت، داخوازی دەکات لە ژورێکی تەنیادا دابنرێت بەبێ کاغەز و بەبێ مەرەکەب، لەگەڵ ئەوەشدا نە ساد و نە نوسینەکانی ساد نەبونەتە هۆی کوشتنی کەسێک، بەڵام ناپۆلیۆن خۆی بووە هۆکاری کوشتنی هەزارەها کەس، ناپۆلیۆن خۆی خاوەنی جوانترین وتەی ئێرۆتیکە کە لە مێژووی فەرەنسادا بەناوبانگە، کاتێک لەشەڕ دەبێت و پێش ئەوەی بگاتەوە لای ژنەکەی ؛ ژۆزێفین، نامەیەکی بۆ دەنێرێت و تێیدا دەنوسێت:

"خۆت مەشۆ خۆشەویستەکەم ، بەزوترین کات دەگەمە لات"

وادیارە ناپۆلیۆن هێشتا هەستی ئاژەڵیی تێدا مابوو بۆ گەمەی سێکسکردن، سابوون و بۆن هەوەسی نەدەورووژاند، بەڵکو ئەو بۆنە سروشتیەی کە ژن دەری دەکات پێش سێکسکردن هەتاوەکو هەوەسی نێرینەی پێ بورووژێنێت، ئەمەش لای ئاژەڵان سروشتیە. هەرچۆنێک بێت ناپۆلیۆن بە هەموو توانای خۆیەوە نەیتوانی ڕێگریی بکات لە ساد لە نوسیندا، بە مەرجێک ئەو کتێبەی ناپۆلیۆن خوێندبویەوە کتێبێکی هێندە ورووژێنەر نەبووە، بەڵام زۆر دژی دین بوو. کتێبەکە باسی کچێکی داماو و ساویلکە دەکات؛ ژووستین، کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە؛ پیاوی دینی، سیاسی، بازرگان، .....تاد، هەڵیان خەڵەتاندوە و بۆ مەبەستی چێژی سێکسیی خۆیان ئەم کچەیان بەکار هێناوە، پاش ئەوەی لە کۆتایی ژیانیدا شازادەیەک بە ژیانی ئاشنا دەبێت، پاداشتی پوختەیی ژوستین دەداتەوە و ژیانێکی بەختیاریی پێ دەبەخشێت بەوەی کە لە خانویەکدا نیشتەجێی دەکات پشوی تێدا بدات هەتا دوا ساتەکانی ژیانی. ڕۆژێک کە ژووستین لە سالۆنەکیدا دانیشتوە بە ئارامی، کتوپڕ ڕەشەبایەک هەڵدەکات و درەختێک لە حەوشەی ماڵەکەدا هەڵدەکێشێت و دەکەوێت بە ناو جامخانەی سالۆنەکەدا، پاشان بە ناو سکی کچە داماوەکەدا و هەڵیدەدڕیت و دەیکوژێت. لەبەر ئەوەی مارکی دووساد مرۆڤی کردبوو بە دوو بەشەوە؛ مرۆڤی زاڵ و مرۆڤی ژێردەستە و هەر یەکەیان دەبێت قبوڵی باری ژیانی خۆی بکات، ئەوکچەشی وەک کچێکی ژێردەستە دەبینی کە گوایە سروشت دروستی کردووە بەو شێوەیە.

**چەند دێڕێک لە کتێبی ژوستین:**

ساویلکە، ئەو خودایەی کە تۆ بۆ خۆتت داتاشیوە، تەنها ئەفسانەیە، بوونی ئەو لە مێشکی شێتەکاندایە، خێوێکە کە داهێنراوە بە ڕق و خراپەی مرۆڤ، تەنها ئامانجی هەڵخەڵەتاندنتانە، یان پێکدانانتان بە شەڕ. ئەگەر ئەو وەستایە بوونی هەبوایە بەو هەموو کەموکوڕییە لە کارەکانیدا، هیچی تر بۆ ئێمە نە دەمایەوە جگە لە جنێودان و نەفرەتکردن نەبێت لێی. لەو باوەڕەدام ئەگەر خودا نەبوایە، ئەوا خراپە زۆر کەمتر دەبوو لەسەر زەوی.

مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا وەک گورگ و  پڵنگ دەجوڵێنرێن
هەریەکەیان دژی ئەوی تریان، بۆ ئەوەی یەکتری لەناوبەرن،
ئەو هەموو دەموچاوە ماسکاویانە، ئەو دەستانە کە دەستت دەگوشن،
وەک چرنوک وان ئامادەن بچەقێن بە دڵتا

دولاکروا

کتێبە بەناوبانگەکەی ساد، کە لە شێوەی شانۆدا نوسراوە، بە ناوی فەلسەفە لە دیوەخاندا، لە بەندیخانەی باستیل نوسی و لەسەرەوە فۆتۆگرافیەکەی دانراوە، باسی باوکێک دەکات کە کچەکەی دەبات بۆ لای ژنێکی سی ساڵانە، هەتاوەکو پەروەردەی سێکسیی کچەکەی دابدات، گوایە ئەو ئافرەتێکی ئازادە لە گەمەی سێکسیدا، چونکا نایەوێت وەك ژنەکەی هەڵسوکەوت بکات کە ئازاد نیە لەو ڕووەوە، پاش ئەوەی  مادمۆزێل (ئیوژێن) ی  شازدە، ناسك و نازدار، گەمەی سیکسی فێر دەکەن بە هەموو جۆرێك و بە هەموو بارێکدا، هەست بە لەزەتێکی بێ هاوتا دەکات. چۆن فێری مژینی دەکەن، پاشان سۆدۆمی، ئینجا دوو چوونە ژورەوە؛  بەکوز و بەکون و بە دەم، هەموو جارێکیش مادمۆزێل پرسیار دەکات لەسەر ئەم کردارانە و ئافرەتەکەش بە پێی فەلسەفەی ساد بۆی ڕوون دەکاتەوە.
ساد ، دین و سیاسەت و سێکس و فەلسەفە  دەبەستێت بەیەکەوە، هەمیشە ئەکتەرەکانی لەکاتی سێکسکردندا جنێو بە خودا و عیسا دەدەن، یان  لە برگەیەکدا لە کتێبی فەلسەفە لە دیوەخاندا کاتێک هەمویان تێک ئاڵاون و خەریکی سێکسکردنن، دەڵێت:
"دەی فەرەنسیەکان گوتێکی تر بدەن، تەکانێکی تر، هەتاوەکو   زیاتر نزیك ببنەوە لە کۆماریەکان. (کۆماریەکان وەك کەسانیکی پێشکەوتووخواز و ئازادی خواز ناستاو بوون لەو سەردەمەدا). هەروەها  لە زۆر شانۆ و چیرۆکەکانی ساددا، دەوری سەرەکی هەمیشە ئافرەتان بوون.

دانی پیادا دەنێم کە بیرۆکەی خودا، تەنها کاری خراپەی مرۆڤە،  کە لێیان نابورێم
مارکی دوساد

پاشان لە کۆتایی شانۆکەدا دایکی کچەکە دەهێنن، کە ئازادی سێکسی نازانێت چییە، کەواتە بە گوێرەی فەلسەفەی ساد، کەسێکی ژێردەستەیە و ئەوان دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان بەکاری بهێن. لە کۆتاییدا مادمۆزێل ئیوژێن بەسەر  دایکیەوە بە گەڵ و کوزی ڕووتیەوە دانیشتووە و کۆمی خستۆتە سەر دەمی دایکی و بە تەقەڵ کوزی دایکی دەدرویتەوە، لەبەر ئەوەی دایکی نەیزانیوە باش کوزی بەکار بهێنێت، لەگەڵ هەر تەقەڵێکدا کە دەبینێت دایکی ئازار دەچێژێت، ئەو ڕەحەت دەبێت.

من کەسێکی ئازادم ( لە بواری سێکسدا) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا،  ئەسکەرێکم ڕزگار کرد کە فیرقە و کۆلۆنێلەکەی جێیان هێشتبوو.

مارکی دوساد

ساد دیاردەیەکی شازەو تەنیایە، نوسینەکانی وەك بایبڵی ئێرۆتیزم دەبینرێن. هەموو نوسەر و فیلەسوفەکانی جیهان لەسەر ساد دواون، زۆر لە هونەرمەندەکان سەرسامن بە بوێری و ڕاستگۆیی نوسینەکانی، ئەپۆلینێر بە ئازادترین کەسی دادەنێت لە دنیادا، ئەلبێرت کامۆ شازی ساد دەبەستێتەوە بە باری بەسەربردنی سی و پێنج ساڵی لە بەندیخانەدا. ساد کاریگەریەکی گەورەی لەسەر نوسەر و هونەرمەندانی ئەوروپا و بە تایبەتی فەرەنسا هەبووە، وەک ئەپۆلینێر، بۆدلێر، دالی، مانغێ، بەتایبەتی بزوتنەوەی سوریالیست. نوسەر و دەرهێنەری ئیتالی؛ پازۆلینی(Pazolini 1922 -1975)، دواهەمین چیرۆکی ساد؛ ( سەتو بیست ڕۆژی قەومی لۆت. ئەو صیرۆکەی کە لە بەندیخانەی باستیڵ نوسی بووی) کرد بە فیلمێک بە گونجاندنی لەگەڵ ژیانی فاشیستەکانی ئیتالیا (وێنەی09)، دوای ئەم فلیمە پازۆلینی بە کوژراویی دۆزرایەوە، هەرچەندە کوشتنی پازۆلینیان بەستەوە بەم فلیمەوە  کە گوایە لەلایەن فاشستەکانەوە کوژرابێت، بەڵام هەتا ئێستا ئەو ڕاستیە نەسەلمێنراوە، وەک ئاگادار بم لەم دواییانەدا بکوژەکە دۆزرایەوە و پەیوەندی بە فاشیزمەوە نەبوو.



**وێنەی 09 فیلمی سەت و بیست ڕۆژ لە قەومی لۆت، دەرهینەری ئیتالی  پازۆلینی.**

لە چیرۆکێکی بچوکیشدا ساد باسی پێغەمبەری ئیسلام دەکات: کابرایەکی چەتەی پیاو کووژ، پاش ئەوەی خۆی دەگۆرێت بۆ  بازرگانێکی گەورە هەتاوەکو بتوانێت کچی پیاوێکی دەوڵەمەند لە خۆی مارە بکات، هەر دوای مارەکردنی، ژنەکەی دەبات بۆ خواروی فەرەنسا، لەویَ لە دارستانێکدا لە دەرەوەی شاری مارسیلیا خەڵکی سەر دەبڕێت و لەتوپەتیان دەکات پاش ئەوەی سەروەتەکانیان بۆ خۆی دەبات، ژنەکەشی ناچار دەکات یارمەتی بدات. ڕۆژێک

ژنەکەی پێی دەڵێت: پێش ئەوەی تۆ بناسم هەرگیز باوەڕم نەدەکرد مرۆڤێک هەبن لەسەر ئەم ڕووی زەویەدا بتوانن کاری ئاوەها بکەن. سادیش لەوەڵامدا دەڵێت:

"خۆشەیستەکەم ئایا دەزانیت جیاوازی لە نێوان من و پێغەمبەری ئیسلامدا چیە؟ پێغەمبەری ئیسلام لەشکرەکەی لە سێ سەد هەزار کەس پێکهاتبوو بەڵام بەداخەوە لەشکرەکەی من تەنیا بریتیە لە سی کەس، تەنها ئەوەیە جیاوازیەکەمان."

ساد، لە کۆتایی ژیانیدا لەبەرئەوەی دەگاتە تەمەنێکی پیریی، لە سەنتەرێکدا ژیانی تەواو دەکات لە بری بەندیخانە، پێی دەڵێن "ماڵی پشودان"، لەم سەنتەرەشدا گروپێکی شانۆ دروستدەکات، کاتێک پاریسیەکان دەچوون بۆ سەیری شانۆکەی، دەیان گووت: دەچین بۆ سەیری شانۆی شێتەکان.

عیساکەت باشتر نیە لە محەمەد، ،محەمەد باشتر نیە لە موعیز،
هەرسێکیشیا باشتر نین لە کۆنفیسوس، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێک
شتی سەرەکی باشی گووت، لەوکاتەدا کە ئەوان بە پێچەوانەوە؛
بە شێوەیەکی گشتی ئەو کەسانە درۆزن بوون،
کە فەیلەسوفەکان گاڵتەیان پێ دەکردن، کە کەسانی ساویلکە
باوەڕیان پێ دەکردن، داداگ دەبوایە لە سێدارەی بدانایە.

مارکی دووساد

هەرچەندە ساد لە وەسیەتەکەیدا دەنوسێت کە هیوادارە نوسینەکانی بسڕێنەوە لە بیرەوری خەڵکدا بەڵام ساد بۆ هەتایە وەک کەسێکی شاز و ئازاد دەبینرێت، کە باسی قوڵایی هەستی مرۆڤ و ناخی مرۆڤی کردووە، هەندێک کەس وایان باوەڕە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە هەموو سوچێکی ئەم جیهانەدا پەیکەرێکی بۆ دروست دەکرێت.

لەوانەیە کەسانی ڕۆژهەڵاتیی بڵێن کە گوایە خەڵکی ئەوروپی سنوریان نیەو بێ ئەخلاقن، بەڵام دەبێت ئەوە بزانن کە لەگەڵ ئەم هەموو سەرپەلییە لە ئێرۆتیزمدا، لە کتێبێکدا نەمان بینی وشەی نەشیاو باس بکرێت، بۆ نمونە کارێکی ئێرۆتیکی لەگەڵ کچۆڵەیەک یان مێردمنداڵێک، چونکە ئەمە دەچێتە قاڵبی نەخۆشیەوە و پێی دەوترێت پێدۆفیلی، ئەگەر لە کتێبی ئایەتوڵای خومەیندا کە وەک پێغەمبەرێک بوو بۆ ملوێنەها کەس و ئەمڕۆ سەرۆکی وڵاتان تاجەگوڵینە دەخەنە سەر گۆڕەکەی وەک ڕێزگرتنێک لەو، مۆدێلێکە بۆ موسڵمانان، مەکتەب و مزگەوت و جێگا بەناوبانگەکان بە ناوی ئەوەوە ناودەبرێن، خومەینیەک کە بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکات کە چۆن پیاوێک دەتوانێت لەگەڵ کچێکی

منداڵدا ڕابوێرێت وەک خۆی چۆن چەندەها جار ئەم کارەی کردوە؛ لە ماڵاندا وەک ڕێزگرتنێک لە لایەن باوکانەوە، کچۆڵەکانیان بۆ شەوێک خستۆتە باخەڵیەوە، بە ئاشکراش لە کتێبێکەیدا باسی ئەوە دەکات کە پیاو دەتوانێت سێکس لەگەڵ کچێکی منداڵدا بکات، بەڵام ئەگەر ئەم کچە منداڵە بەبۆنەی ئەم تێخستنەوە توشی کارەساتێک بوو ئەوا گانکەرەکە دەبێت هەمو ژیانی ئەم کچە بژێنێت. وادیارە بەڕاستی خومەینی پیاوێکی بەخشندە و بە بەزەیی بووە. ئەمەیە دووڕوویی مۆنتالیتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاتێک باسی بەرەڵایی ئەورووپی دەکەن، بەڵام ئەورووپی هەرگیز ڕێگا بە کەسانی نەخۆش نادەن.

دانی پێدا دەنێم کە بیرکردنەوەم هەمیشە لەسەر ئەوە بووە و
لەسەرو تواناشمەوە بووە، هەزار جار زیاترم ناوەتەوە
لەوەی کە کردومە، هەمیشە سکاڵام هەبووە لە سروشت
کە بەرامبەر ئەو هەوەسەی پێی داوم، چارەسەری لێ سەندومەتەوە.

***

چووکی پیاو، لای فیرعەونەکان وەك سەرکەوتن بەسەر مردندا دەبینرا، هەتا چووکت هەستێت و ڕەپ بێت واتە لە ژیانداییت، لە دوای ئەوە ئیدی ژیانێکی ترە، لای سۆمەریەکان ڕەمزی ژیریی خوداییە، لای جووەکان، چووکی منداڵ لەسەروو هەشت ساڵیەوە ڕەمزی پەیوەندیە بە خوداوە. بە شێوەیەکی گشتی چووک وەك مۆم بینراوە، کە نیشتۆتەوە ئیتر ژیان تاریک بووە. لە کتێبی هەزارو یەك شەوەدا، وەها باسی چووک دەکات کە شەخسیەتێکی بێ ئەقڵە و خۆی دەکات بە هەموو کونێکا، وەك کەر هەمیشە لە گەوڕدا دەخەوێت.

دیاردەی شانازی کردن بەنێرینە و بە چووکی نێرینەوە وەک ڕەمزێکی بەهێز، لە هەموو کەلچەرێکدا بوونی هەبووە و هەیە بە ئاستی جیاواز، هەرچەندە ئەم دیاردەیە لە ئەورووپا وا خەریکە لاواز دەبێت بەڵام لە ڕۆژهەڵات و وڵاتانی ئیسلامیدا بە شێوەیەکی زەق دەبینرێت. لە کوردەواریدا بەر گوێمان کەوتووە کە دایکان شانازیان بە گونی منداڵەکانیانەوە کردووە کاتێک لاواندونیانەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ژنان زانیویانە کە لەو کۆمەڵگەیەدا کچێک خزمەت زیاتر دەکات بە دایکی هەتاوەکو کوڕێک وەک خۆیان دەڵێن:
:

"کە کوڕت بوو، گوت بوو، کە کچت بوو، هەموو شتێکت بوو"

لەگەڵ ئەوەشدا بوونی کوڕێک زیاتر دڵخۆشی کردوون و جێگای شانازی بووە. نەبوونی کوڕ بە وەجاخ کوێر ڕەچاوی لێ کراوە.  هەرگیز گوێمان لە دایکێك نەبووە گۆرانی بەسەر کوزی کچەکەیدا بڵێت وەک چۆن بەسەر گونی کوڕەکەیدا وتویانە:



**وێنەی 10 دایکێکی کورد کۆرپەلەکەی دەلاوێنێتەوە**

کێر بەرولەی  شارەزور
بێنە بتکەم  بە بەرمور
کێر بەرولەی ئەو  خوارە
بێنە بیکەم  بە  گوارە

بە پێچەوانەوە کوز هەمیشە شاراوە بووە وەک ئەوەی کە خۆی هەیە؛  لە شوێنێکی شاراوەدایە،  ئەو سەردەمەش دەمێکە بەسەرچووە کە خوداکان مەمکدار بوون.
لە سەردەمێکی کۆندا، کوز وەك شکڵێکی پێچەوانەی چووک بینراوە، واتە چووکێکی پێچەوانە یان نەگەتیف وەک کیفێک، ئەگەر کیر پێوانە بووە بۆ پیاو، ئەی  پێوانەی ئارەزوو چییە لای  ئافرەتان؟ دەروونناسێکی فەرەنسی؛ خاتو فرانسواز دۆلتۆ دەڵێت:

"مێینە هەر لە تەمەنێکی زووەوە هەست بەوە دەکات کە شتێکی نیە "، واتە لە شتێك بێ بەش بووە، وەك ئەوەی لێیان سەندبێتەوە."

بەڵام  لە  پێش  مێژوودا،  ئەو  سەردەمەی  کە  خواوەندەکان  مەمکداربوون،  وادیارە پەیوەندیەکان جیاواز بووبێتن،  وەک لەم هۆنراوە سۆمەریدا دەردەکەوێت کە چۆن کچێک قسان لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەکات:

ئای خۆشەویستەکەم، گران بەهای دڵەکەم،
ئەو لەزەتەی تۆ دەمدەیتێ ناسکە وەکو هەنگوین!
ئای شێرەکەم، گران بەهای دڵەکەم
ئەو لەزەتەی تۆ دەمدەیتێ ناسکە وەکو هەنگوین
دڵخۆشت کردم: سەیرکە چۆن هەڵدەلەرزم لەبەردەمتا!
شێرەکەم دەمەوێت هەڵم گری و بمبەیتە ژورەکەت!

........

لێم گەڕی با دەستت پیا بهێنم دڵەکەم!
خۆشەویستە ناسکەکەم، حەزدەکەم ئاوپرژێنم کەیت بە هەنگوینەکەت!
لە ژورە بچکۆلەکەمدا، کە پڕە لە خۆشی بێ هاوتا،
با لەزەت بچێژین لەم جوانیە بێ هاوتایەت! (؟)

.........

ئارەزوو دەکەم ئاوپرژێنم کەی بە هەنگوینەکەت!
تۆ لەزەتت چەشت لەگەڵ منا دڵەکەم:
بە دایکت بڵی هەتاوەکو شیرینیت بداتێ:
هەروەها بە باوکت، دیاریت بداتێ!
ڕۆحت: دەزانم چۆن ئاسودەی دەکەم:
لە ماڵی ئێمە بخەوە خۆشەویستەکەم هەتا بەرەبەیان!
دڵت: دەزانم چۆن دڵت فراوان کەم:
لە ماڵی ئێمە بخەوە شێرەکەم هەتا بەرەبەیان!
تۆش، چونکە منت خۆش دەوێ،
تکات لێ دەکەم، شیرەکەم، دەستم پیا بهێنە!
پاشای خوداییم، گەورەم، پارێزەرم،

........

ئەو کونجورەی کەناسکە وەك هەنگوین،
دەستی بخە سەر تکات لێ دەکەم!

*****

بەگوێرەی سانتۆگیوستان (430-356) مرۆڤ زیاتر لە هەموو بونەوەرێکی تر گۆڕڕانکاری بەسەر چووکیدا هێناوە. لە سەدەی ناوەراستا بە چووک گووتراوە داری

شەیتان، تەنها چووکی عیسا نەبێت بە پیرۆزیی باس کراوە دەنا چوکی هەمومان داری شەیتان بووە، بەڵام لە سەدەی ژیانەوەدا؛ سەدەی شانزە، لیۆناردۆ داڤنچی و چەند کەسێکی تر کاریان لەسەر چووک کردووە، لەو کاتەوە چووک ناونراوە؛ داری ویست واتە؛ بە گویرەی پێویست هەڵدەسێت، ئەمەش گونجاوە لەگەڵ سەدەی ڕاپەڕین و ماشین دا، بەڵام هەر خێرا پەشیمان بونەتەوە لێی و ووتویانە کە ناگونجیت چونکە بە داوا هەڵدەسێت و سپێرمێکی زۆر بەخەسار دەبات، بە تایبەتی کاتێک بە میکرۆسکۆپ بینیان لە سپێرما، سپێرماتۆزۆیدی تێدایە بۆیەکا هاواریان دەکرد کە نابێت خەڵکی دەستپەڕ بکەن نەوەکاسپێرم بە خەسار بچێت. یان هەندیك جار وەك ماشین ناکەوێتە کار و لەوانەیە بەرەو شێتی یان مردن بمانبات، ئەمەش ناگونجێت لەگەڵ تیۆری پیاو و تێڕوانینی بۆ خۆی کە گوایە ئەو پیاوەی چووکی هەڵنەسێت پیاو نیە، چونکا چووکهەڵسان وەك جۆرێك لە بەردەوامیدانە بە ژیان، وەك تەرمۆمێترێك بۆ پێوان، بۆیەکا هەر خێرا ناویان نا داری پێوان (مقیاس)، ئایا مەبەست لە پێوان پێوانی قەبارە بووە یان توانا و ئەقڵ و ژیریی؟

بەڵام وەختێك چووکی کۆیلەکان دەرکەوتن، کە چووکی ئەوان بەوە ناسرابوون دوو هێندەی چووکی پیاوی سپیە. بۆ ئەوەی چووکی پیاوی ڕەش پێست کێبڕکێی پیاوی سپی نەکات، بەو پێیەی کە ناومان نابوو داری پێوان، خێرا وەك کیرێکی شەیتانیی بە خراپ ناوبران، بەرامبەر بە چووکی پیاوی سپی. لەسەردەمی مۆدێرندا لە فیملە پۆرنۆکانیشدا پیاوی سپی ئێرەییان پێ دەبەن کاتێک چوکی زبەلاحیان دەخەنە ناو جەستەی ئافرەتە قژ زەرد و چاو شینەکانیانەوە.

چووکی پیاوی ڕەش ڕەمزی کارێکتێری مرۆڤی سەرەتایی بووە، بۆیە کۆیلەکان یان پیاوە ڕەشەکان هەندیك جار بەرد باران کراوون لە ئەمەریکا لە بەرئەوەی ترسیان دەخستە دڵی دانیشتوانی ئەو وڵاتە و ئەمەش بەهانەیک بوو بۆ بڕینەوەی چووکیان کە کارێکی بەراستی ناڕەوا و درندانە بوو.

مرۆڤی سپی هەستی بەکەمی کردووە لە بەردەم چووکی مرۆڤی پێست ڕەشا ئەمەش وەك کێبڕکێیەك وابووە، چونکە خەوی هەموو پیاوێك ئەوەیە چووکێکی گەورەی هەبێت، وەک چۆن ئافرەتان بە شێوەیەکی گشتی بەتایبەتی لەم سەردەمەدا سمتیان گەورە دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا وادیارە ئافرەت خەو بە چووکێکی گەورەوە نابینێت، زیاتر فەنتازمێکە و حەزی لە دەستبازی و گرنگیدانیەتی پێیی لە لایەن پیاوەوە. سمتی پان و پۆڕیش لە نەستی پیاواندا چەندە پان و پۆڕ بێت هێندە زیاتر سەرنج ڕاکێشە لەبەر ئەوەی لە نەستی پیاواندا جێگای نانەوەی نەوەیەکی باشە. هەرچەندە بیستومە کە گوایە لە کوردستان کاتێک ژنان لە لادێ گسکیان داوە و شتێکیان دۆزیوەتەوە و شتەکەش بێ نرخ بووە، هەر خێرا گووتویەتی:


"ئەوە شانسی من نیە چووکی کەرێك بدۆزمەوە!"

پیاوانیش دەڵین: گوایە ڕۆژی دابەشکردنی چووک لە لایەن خوداوە، کەر دواهەمین کەس بووە کە گەشتۆتە بەردەم خودا، خوداش چووکی نەماوە ناچار چووکی خۆی پێ داوە.

پاش ئەوەی چووک کرا بە داری پێوان، فرۆید، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لە نێوان چووک و هەندێك نەخۆشیدا دۆزیەوە، چووکی تەنها ڕەش و جوو نا، بەڵکو چووکی هەموو کەسێك، ئیتر لەو کاتەوە چووک بوو بە نەخۆشی دەرونیی و چووە شیکاری دەرونیەوە، بەڵام هیچ کەسێك وەك سانتۆگیوستین هەر زوو (354-430) وەها باسی پەیوەندی چووک و مرۆڤی نەکردووە، سانتۆگیوستین وای باوەڕ بوو کە ڕەپبوونی چووک بەبێ ویست، هۆکاری سەرەکی یەکەم گوناحی مرۆڤایەتیە، لە کاتێکدا فرۆید دوای چەندەها سەتە دەڵیت:

"کوشتنی باوکی سەرەتایی، گۆڕراوە بۆ کۆمپلێکسی ئۆدیپ، ئەمەش وای کردووە کە ئەم شارستانیەتە کۆنترۆڵی ڕەپبوونی چووک بکات "

لەو کاتەدا کە چووک وردە وردە وا خەریکە لاوازی خۆی نیشان دەدات. هەر خێرا فێمینیستەکان خەبەریان بووە و کەوتنە هاوار هاوار و بۆ تۆڵەسەندنەوە لە چووک بە هەلیان زانی، ئیتر ئەوە بوو چووکیان ناو نا: ئالەت(Instrument)، وەک ئالەتی ئەشکەنجەدان.



**وێنەی 11. تابلۆی کچە هونەرمەند تۆیین. ترسی ئافرەتێک لە چوکی پیاو.**

دەیان گووت: خەلکی ئێتێرۆ (ژیانی هاوسەریی ژن و پیاو) کەسانێکی نمونەیی نین، وایان دەبینی کە هەموو جووت بوونیك لاقەکردنێکە، ئەگەریش وەها نەبێت ئەوا هەرگیز کاتێکی خۆشیی نیە بۆ ئافرەتان.

فریدمان (ڕۆژنامەگەرێکی ئەمریکی) دەڵێت: پیاو ناتوانێت نەهی لێ بکات چونکە لە ڕابوردوودا چەندەها جیلی ڕەحەتبوومان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە تۆزێك باشترین لە مرۆڤە سەرەتاییەکان و زیاتر چوینەتە پێشەوە لەو بوارەدا، بە شێوەیەکی گشتی نێرەی مرۆڤ پێویستی بە چوار خولەکە بۆ ڕەحەت بوون، مەیمونی گۆری یەك خولەک، شامپانزێ حەوت چرکە، ئیتر نابێت سەرمان سوڕبمێنێ لە وەی کە هەزارەها ئافرەت ناڕازین لە جوتبووندا و پیاوانیش کە چووکیان هەڵدەسێ دەیکەن بە خەتای ئافرەتانی حەشەری.

پاشان سەردەمی ڤیاگرا هات. فریدمان دەیگێڕێتەوە کە ساڵی 1983 لە لۆس ئەنجلس، دکتۆرێکی بەریتانی؛ ژیل بریندلی، لە کۆنفراسێکدا باسی ئەوە دەکات کە دەرمانێکیان داهێناوە بۆ چووک هەستاندن، پاشان داوا دەکات بچێتە دەرەوە لە هوڵەکە و چەند خولەکێکی تر بێتەوە، دوای ئەوەی دەرمانێك دەخاتە جەستەیی و دێتەوە، لەبەردەم خەلکانی کۆنفرانسەکەدا پانتۆڵەکەی دادەکەنێ و چووکی بە هەستاوی پیشانی خەڵکەکە دەدات و دەڵێت ئەو کەسەی باوەڕ ناکات بابێت خۆی دەستی لێ بدات، ئیتر لەو کاتەوە چووک نەك لە مێژوو

هاتە دەرەوە بەڵکو لە کەڵچەریش هاتە دەرەوە و بوو بە ئالەتێکی سەربەست دژی هەموو دوژمنەکانی، دژی فرۆید و دژی فێمینیستەکانیش. لە کۆتاییدا چووکێك بە ئارەزووی خۆت، هەر کاتیك بتەویت هەڵدەسێت، چووکێك کە هیچ سحرێکی تێدا نەماوە، هەر کاتێك پێویستمان پێی بێت وەك بەڵێندەرێک شۆفل لێ دەدات و دەست دەکات بەکاری خۆی، جێگەی داخە کە فرۆید ڤیاگرای نەبینی وادیار بوو چەند واتارێکی لەسەر ئەو باسە دەنوسی.

***

دۆرکین، کچە فێمینیستێکی ئەمریکی( 1946-2005) کە وەك فەیلەسوفی ژووری خەوتن ناسراوە و لێسبیان بوو، جووتبونی ئێتێرۆ (ژن و پیاو)ی بە ئالۆگۆرێکی ناڕەوا دەزانی، هەرچەندە کە ئەم پەیوەندیەش سروشتی ترە لە هاوڕەگەزخوازیی و لیسبیان. دۆرکین باسی نایەکسانیەکی بێ هاوتا دەکا لە کاتی جوتبوونی پیاو و ژندا، کە جووت بوون زیاتر پیاو لەزەت وەردەگرێت هەتاوەکو ژن، ئەگەریش لە پەیوەندیەکی ئازادیشدا بێت، سێکس زیاتر یارمەتی پیاو دەدات کە بجوڵێت و لەزەت وەرگریت. بۆ دۆرکین جووت بوون کارێکی سیاسیە وەك هەموو کارێکی سیاسی پیاو، وەك لە کۆلۆنیالیزمدا بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەوی تردا، باوەڕی بەوە نەبوو کە چارەیەك بدۆزرێتەوە بەوەی کە پیاو هەوڵبدات لە کاتی جوتبووندا ڕەحەت بوونی دوا بخات هەتاوەکو کچان بتوانن لەزەت بچێژن، دەیویست هەموو سیستەم پێچەوانە بکاتەوە.

"ئەکسیۆنی گەمەی سێکسییە، کە ئافرەت بەشخوراو دەکات، کاتێك پیاوێك لەگەڵ ژنێکدا جووت دەبێت، تێیدا نیشتەجێ دەبێت، لەسەروی ئەوەوە، چووکی خستۆتە ناویەوە، جۆرێکە لە زاڵ بوون بەسەر ئەودا هەتاوەکو ڕەحەت دەبێت، وەك ئەوەی کەسێك بەدیل بگرێت لەکاتی هێرشکردنێکدا، لەوکاتەدا کە سواری بووە، حوکمی ئەو دەکات، دڕندەیی و زاڵی خۆی دەسەپێنێت بەسەریا ".

دۆرکین.

دۆرکین دەیویست ئێتێرۆ سێکسوێلەکان بباتە بەردەم دادگای تاوان دژی مرۆڤایەتی لەگەڵ پۆرنۆگرافەکاندا، دۆرکین باسی ڕقی پیاو دەکات بەرامبەر بە ژن ئەگەریش ئەو پیاوە کەسێکی هۆشمەند و بە بەزەیی بێت.
فەلسەفە و تیۆری دۆرکین تۆزێ گرانە کە دوای بکەوین، هەندێ جار بەخوێندنەوەی زەردەخەنەیەك دەمان گرێت وەك ئەوەی خۆمان لە ئاوێنەیەکدا ببینینەوە. نازانین هۆکاری ئەمە چیە؟ ئەگەر ئافرەت کۆمەڵەیەکی ژێردەستەی پیاو بن لەبەر ئەوەی لە کاتی جوتبووندا ئەوە دەبینرێت، یان هەر ئافرەت خۆی ژێردەستە دەبێت لەکاتی جوتبوندا؟ یان ئایا لە جوتبوونی ژن و پیاو دا تێخستنی پیاو بۆ ژن لە کۆمەڵگایەکدایە کە باوك سالاریە؟

لەسەرێکەوە دەڵێت کە ئەنەتۆمی (پێکهاتە) ی ژن وەهایە کە ژێردەستە بێت لە کاتی جوتبووندا چونکە کونێکیان هەیە و خوا لەویادا دایناوە کە خواش بوونی نیە، لەسەرێکی ترەوە دەڵێت کە زاڵ بوون و هێزی نێرینە وادەکات بەو بارەدا جووت ببن، زاڵبونیش یارمەتی پیاو دەدات کە ڕەحەت بێت و ئاوی بێتەوە و لەزەت بچێژێت، هەرواش دەمێنێتەوە و چاوەڕوان ناکرێت کە ڕۆژێك بگۆڕێت، مەگەر بوەستین لە سێکسکردن. تەنها چارەسە ئەوەیە کە کۆمەڵگایەك پێك بهێنین کە نێرینە زاڵ نەبن و لە کاتی جوتبووندا هەموو لەشی پیاو و ژن بەشداری بکەن نەك تەنها چووک. بەڵام وادیارە کە سروشتی سێکسکردن جیهانیە، دیموکراسی و سیستەمی تر نای گۆڕیت. دۆرکین ناڵێت کە ئەوەی هەوەسی پیاو هەڵدەسێنێت نایەکسانیە و پیاوان چێژ لە ڕقی جنسی دەچێژن.
دۆرکین، لەو کەسانە نیە کە باسی سێکسوالیتیٚ وەك هۆنراوە بهۆنێتەوە و باسی ئێرۆتیزمان بۆ بکات، زیاتر بێزی لە جوتبوونی ئێتێرۆ دەێتەوە، تەنانەت باسی لەزەت ناکات و وای دەبینێت کە دەرووژێنرێت بە ئەگرێسیڤیتیی نێرینە کە بۆتە مۆدێلێك بۆ ئێتێرۆسێکسوێل.

" چ ئافرەتێك دەتوانیت چێژ لەوە بچیژێت ؟ نێرینە هەرگیز ناتوانێت لەگەڵ مێینەیەکدا جووت بێت کە یەکسان بێت بەو، هەروەها حەوت لەسەر هەشتی مێینە ناگەنە ئۆرگاسم. نێرینە لەکاتی ڕەحەت بووندا هەزارەها جنێو دەدات بە مێینە و لەزەتێکی خۆش دەچێژێت بەوە، هەندێك جار وەك گەمەیەکی ئێرۆتیکی، هەندێك جار لە ئیرادە و کۆنترۆڵ دەچێتە دەرەوە"

دۆرکین

بەڵام دۆرکین بە هیچ شێوەیەك باسی لاوازی نێرینە ناکات هەر ڕواڵەتە ڕوکەشەکەی دەبینێت، چونکا دەزانین نیرینە لاوازیی زۆرە و دەیشارێتەوە.
تاکی نێرینە گیرۆدەی چووکیەتی، کە کارێکتێرێکی پێ بەخشیوە هەمیشە دەبێت وەک کەسێکی زاڵ و بەتوانا و بەهێز و چاونەترس خۆی پیشان بدات و هەرگیز لاوزی خۆی نیشان نەدات، ئەگەر ئەم کارێکتەرە بەشێکی سەرچاوەیەکی سروشتی بێت، ئەوا نەریت و پەروەدە کۆمەڵایەتیەکان زیاتر پاڵنەرن؛ عەیبە مەگری تۆ پیاویت، نەکەیت خۆت جوان بکەیت و برۆت هەڵگریت، برۆ جلی بۆر، ڕەش، قاوەیی، کامەی بێ زەوقە، ئەوە هی پیاوە، چت داوە لەو ڕەنگانە ؟ دەتوانیت ڕیشت بتاشیت ئەگەر داعش نەبیت بەڵام نەکەی مویەکی دەموچاوت هەڵگری ئەوە مەنتیقەی موحەڕەمەیە. خەنجەر، ڕم، مەنارەی مزگەوت، هەتا دەگاتە تاوەری ئیڤل، هەموو ڕەمزی چووکی تۆن، برۆ بنەڕێنە وەک شێر، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە سەرت دەبڕن باش سەیری کامێراکە بکە، نەکەیت کارەکتەری پیاوانەی خۆت لەدەست بدەیت و وەک ژن بپاڕێیتەوە.

پاشآن چووک هەمیشە گوێرایەڵی ئارەزوی نێرینە نیە، وەک بەشێکی جیاواز لە ئیرادەی ئەو کاردەکات، هەندێ جار بەبێ هۆکار ڕەپ دەبێت و بە پێچەوانەشەوە مەرج نیە کاتێک نێرینە ئارەزوی هەبێت ئەویش گوێرایەڵی بێت، سنتاگوستان ڕەپبوونی چووکی بەبێ هۆکار وەک گەورەترین گوناح ناساندووە. هەستان و ڕەپبونی چووک و تەنانەت ئاوهاتنەوەشی بەستراوەتەوە بە پەیوەندی ئەو تاکەوە، بە ژیانی ڕابوردووی لە ناو کۆمەڵگادا، پەیوەندی بە دایک و باوکیەوە، ئەمانەش وایان کردووە کە نێرینە کارێکتێرێکی جیاوازی هەبێت. تەنها لەوکاتەدا ئەم کەڵەشیرە لە قوقە قوق و باڵ ڕاوەشاندن دەکەوێت کە کاتێک دەبێتە ئۆمۆسێکسوێل، یان کاتێک کە دەگاتە تەمەنێکی پیرییەوە و تێ دەگات کە ئەو شتەی لەناوگەڵیایەتی ئێسقان نیەو گۆشتە بۆیە هەندێک نەرمی دەنوێنێت.

بێگومان ئەگەر سروشت و پەروەردەش ئەم کارێکتەرەیان بەخشیبێت بە نێرینە بەڵام مەرج نیە تاسەر ئەبەدی بێت. ئەگەر لەسەردەمانێکدا بەهۆی ئەم کارێکتەرەوە ئافرەت هەمیشە چاوەڕوانی پیاو بووە لە گەمەی سێکسیدا، ئەوا لە ساڵانی حەفتاوە لە ئەوروپا، بە تایبەتی لە فەرەنسا ئافرەت لە دەوری چاوەڕوانکەرەوە بۆتە ئەکتەر واتە ئەویش داوای بەشە لەزەتی خۆی دەکات لە گەمەی سێکسیداو هەر پالناکەوێت و پیاویش سواری بێت وەک چۆن دەیەوێت، بێگومان ئەم دیاردەیە؛ ئەگەر کچێک هەوەسی خۆی بەیان بکات هەتاوەکو ئێستاکە بە پەتیارە و بەرەڵا دەبینرێت لە ڕۆژهەلات.



**وێنەی 12. تابلۆی کچە هونەرمەند ئێلێن بۆتانۆ**

لەم دوایانەشدا سەرنجدراوە کە دیاردەی بەئەکتەربوونی ژنانیش لە گەمەی سێکسیدا دەوری پیاوی بە تەواوی گۆڕیوە؛ پیاوێکی ناسک لەدایک بووە کە پێی شەرم نیە باسی لاوازی خۆی و کەموکووڕی خۆی بکات، هەرچەندە هێشتا زووە و پێویست بە چەند نەوەیەک

دەكات هەتاوەكو ئەم دیاردەیە خۆی بچەسپێنێت و لەگەڵیدا ڕابێن، بەڵام ئەمە سەرەتایەكە. دەرئەنجامی ئەم دیاردەیەی كە ژنان وەک چاوەڕوانکەرێک دەورنەبینن و وەک داواكەرێک یان هەندێک جار هێرشبەرێک، پیاوانی تۆزێک پەشۆكاندوە و دەوری گۆڕیوە چونكە لەوە و بەر تەنها وەک هێرشبەرێک لەزەتی دەچەشت ئێستاكە دەورەكەی بزركردوە و هەروا ئاسان نیە بە خیرایی ڕابێت لەگەڵ ئەم بارە نوێیەدا، هەندێک جار پیاو دەخاتە حالەتێكی لاوازیەوە بە جۆرێک كە نەتوانێت لەكاتی گەمەی سێكسیدا چووكی رەپ ببێت، یان ئارەزوی كەمتر ببێتەوە.




**وێنەی 11. ژنانی دەستپێشخەر، ئەوانەی كە دەیكەن و یەكەم هەنگاو دەنێن... سوكایەتیت پێ دەكەن !!!)**

ڕاهاتن لەگەڵ ئەم گۆڕانكاریەدا هەروا ئاسان نیە بۆ هەردوو ڕەگەزەكە كە دەوری خۆیان بزر كردوە بە مەبەستی ئامانجێكی پیرۆز. دەتوانرێت ئەم دیاردەیە وەک پەرەسەندنێكی مرۆڤ ببینرێت بۆیە وەک چۆن لە مێژووی پەرەسەندندا هەندێک لە گیانەوەرەكان گەڕانەوە

بۆ ناو ئاو لەبەر ئەوەی کە نەیان توانی لەگەڵ باری نوێی ژیاندا خۆیان بگونجێنن بە هەمان شێوە تاکی ژن و پیاویش پێویستیان بە کاتێکی زۆرە بۆ خۆ گونجاندن و هەندێک لە کچان سکاڵایان هەیە لەوەی کە گوایە پیاوەکە زۆر لەخۆی دەچێت و کارکتێری پیاوی بزر کردووە و بە پێچەوانەشەوە پیاوەکەش لە دەورێکی پاسیفیدا ئەو لەزەتە نابینێت. بۆیە دیاردەی گەڕانەوە بۆ دین و فینۆمێنی داعش و نەخۆشی ئایدز کە بۆتە هۆی کەمکردنەوەی ئازادی سێکسی لە ئەوروپا پەیوەستن بەم دیاردە نوێیەوە وەک پشودانێک بۆ بازدانێکی تر لە داهاتودا. بێ گومان کە دەڵێم کەم بونەوی ئازادی سێکسی مەبەستم لە ساڵانی حەفتایە.

بۆ کێشەی ڕەپ بوونی چووک ڤیاگرامان دۆزییەوە کەچی هێشتا ڤیاگرامان بۆ ئافرەتان نەدۆزیوەتەوە، هەرچەندە چەندەها ماشینی بزوێنەری تمتکەی مێینە کەوتونەتە بازاڕەوە و کاریگەریان زۆر لەسەر چێژی سێکسوێلی ئافرەت. بەڵام وادیارە ئەوەی پاڵ بە مێینەوە دەنێت بۆ جووت بوون هەمان مەبەست و هەمان میکانیزم نیە، مێینە زیاتر لە جوتبووندا لەزەت لە خۆ پێوە نوساندنی و لەباوەشگرتن وەردەگرێت وەك بوون بەیەك، یان لەزەتدان بە نێرینە کە ئەمەش ئەگەر سروشتی بێت ئەوا پەروەردەش پاڵنەرە. کاتێکیش مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاستەی کە لەزەت لەوە وەربگرێت بەلەزەتدان بەوی تر کەواتە ئەو کەسە گەشتۆتە ئاستێکی میستیك لە بیرکردنەوەدا، ئایا سروشت ئافرەتانی بە میستیك دروست کردووە ؟ بەلام پیاوان بە فەلسەفە و قوڵبونەوە دەیگەنێ ؟ چونکی وای دەبینم کە نیرینە زیاتر لە شامپانزیا دەچێت لە بەردەم ئافرەتاندا لە کاتی جووتبوندا.

لەم گەمە سێکسیانەدا کە پیاو زیاتر بەشی لەزەتی بەردەکەوێت و زیاتر خزمەتی دەکرێت لە لایەن مێینەوە و بەهۆی ئەنتۆمیەکەیەوە، بەڵام لەگەل ئەوەشدا زۆربەی پیاوان هەست بە خەتاباریيەك دەکەن دوای جوتبوون، بە تایبەتی کە داوای هەندیك شت دەکات کە تەنها بۆ مەبەستی چێژی خۆیەتی، بۆچی هەست بەخەتاباری دەکات ؟ لەبەر ئەوەی لە هۆشی هەموو پیاوێکدا جوتبوون بۆ نانەوەی نەوەیەکی نوێیە نەک تەنها لەزەت و ئێرۆتیزم، کاتێک پیاوێک ژنەکەی بۆی دەمژێت یان بەباری سۆدۆمیدا ڕادەبوێرێت یان ئاوپرژێنی ژنەکەی دەکات بە سپێرم و هەر بارێکی گەمەی سێکسی تر کە سپێرم ڕاستەوخۆ نە چیتە منداڵانی ئافرەتەوە، وەک کارێکی دژە سروشت دەبینرێت لە نائاگایی پیاواندا، ئەم دژەسروشتیەیە لە هۆشی مرۆڤدا کە دەبێتە هۆی شەرمکردن لەو کارە، واتە بە پێچەوانەی سروشتی خۆیەوە ؛ ئەوەی لە نەستیدایە هەڵسوکەوتی کردووە، وەک چۆن کاتێک ئادەم سێوەکەی خوارد شەرمی کرد لەبەردەم ئێزداندا. ئەمەش کۆڵەکەی ئێرۆتیزمە وەک لە سەرەوە باسمان کرد و پێی دەڵێین ؛ ترانسگرێسیۆن. ترانسگرێسیۆن واتە هەڵسوکەوتکردن بە پێچەوانەی قانونێکەوە، خواردنی سێوەکە لە لایەن ئادەم و حەواوە یەکەم ترانسگریسیۆنە بۆیە بە یەکەم گوناح ناودەبرێت. خۆ ئەگەر لە جیاتی ئەو سێوە خوا وتبای ؛ ئەو ژەهرە مەخۆ، ئەوا ژیان بەجۆرێکی تر دەبوو، ئەوەی لێت قەدەغە کراوە ژەهر نیە و میوەیەکی خۆشە، بۆیە کۆڵەکەی ئێرۆتیزم لەسەر ترانسگرێسیۆن وەستاوە، هەر بۆیەش دین بەربەرەکانێی

ئێرۆتیزم دەکات، بەڵام هەر خۆیشی ئەو دیاردەیە دەرەخسێنێت، بۆ نمونە کاتێک ئیسلام بورکە یان پەچە دەسەپێنێت بەسەر ئافرەتێکدا ئەگەر بە مەبستی گوایە پاراستنی ئافرەت بێت لە شەرەف، دەرئەنجامەکەی ورووژاندنی دیاردەی ترانسگریسیۆنە لای پیاو، وەک چۆن لە کوردەواریدا دەڵێن :

کوزی گوێ ئاگردان بەهای نیە.

یان وەک کچیکی کورد بۆی گێرامەوە کە گوایە دایکی فێری کردوە هەر لە منداڵیەوە، بۆ هەموو داواکاریەکی کوڕێک هەمیشە بە نەرێنی وەڵامی بداتەوە، بێ گومان ئەگەر ئەم دایکە بۆ پارێزگاری کردنی کچەکەی ئەو ئامۆژگاریەی کردبێت، هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە دیاردەی ترانسگریسیۆن لای ئەو کوڕە بورووژێنێت و زیاتر ئارەزوی کچە بکات، بێ شک لە کۆمەڵگای ڕۆژهەلاتیدا ئەمە وا دبینرێت کە گوایە ئەم کچە بەشەرەفە بۆیە هەر خێرا کوڕە دەچێتە خوازبێنی، بەڵام ئەمە مەسجێکە لە دەرئەنجامی شارەزایی مێینەیە لە کارێکتێری پیاو کە لە مێژویەکی کۆنەوە بۆ ئەو دایکە ماوەتەوە .
داپۆشینی ئینانانای خواوەندیش لەسەردەمی بابیلۆندا هەر بەمەبسی ترانسگریشیۆن بوو، بۆ نوێکردنەوەی هەوەس بوو کە ئەمڕۆ خۆی دەبینێتەوە لە بورقە و پەچە و عابا لای ئیسلامیەکان.

***

تێبینی:
ئەم بابەتە ساڵی 1990 لە کوردستان پۆستا بڵاو بوویەوە و پاشان چەند ساڵێک لەمەوبەر داوام لە بەڕێز جەمەلی موختار کرد لای بەرێت لەبەر هەڵەی چاپ و ڕێنوس، جارێکی تر نوسمەوە بە هەندێک زانیاری زیاترەوە.

## کۆتایی



## دایە حەوا مان بە چی تۆمەتبارکرد ؟

یەکەم شایەتحاڵی نوسراو کە خەتابارکردنی مێینەی تیدا باسکرابێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، خەتاباریی حەوایە لە چیرۆکی سەرەتای ژیان لە بایبلدا ((کاتێک حەوا لە میوەی ئەو درەختە دەخوات کە خودا لێی قەدەغە کردووە و لە هەمان کاتا هانی ئادەمیش دەدات بە خواردنی سێوەکە)). ئەم ئەفسانەیە وەک چیرۆکی گێڕانەوەی وەرچەرخانی

ژیانی مرڤ پێناسەی بۆ دەکرێت، وەرچەرخانی ژیانیان لە بەهەشتەوە بۆ سەر زەوی، خواردنی سێوەکەش وەک دەستێوەردان بۆ چەمکی زانین (ئاگایی) کە بووە هۆکاری ئەو وەرچەرخانە.

چەند بڕگەیەک لە کتێبی سەرەتای ژیان :

**( پاشان پەروەردگار باخچەیەکی دروستکرد لە عەدەن، لە بەری ڕۆژهەڵات و مرۆڤی تێدا نیشتەجێ کرد کە خۆی ئافراندبووی. خودای هەتایی درەختی هەمەجۆری لەخاکەکیدا چاندن، قەشنگ و ئێجگار بەپیت بوون بۆ خواردان و، درەختی ژیانی لە نێوەراستی ئەو باخچەیەدا دانا، درەختی زانیننی خراپە و باشە.) مار کە فریودەرترین زیندەوەری کێوی بوو کە پەروەردگار ئافراندبووی. پرسیاری لە حەوا کرد: ئایا ڕاستە کە خودا فەرمانی پێ داون کە هیچ میوەیەکی ئەم باخچەیە نەخۆن؟ حەوا وەڵامی دایەوە کە ئەوان دەتوانن میوەی باخچەکە بخۆن جگە لەو درەختەی کە لە ناوەڕاستی باخچەکەدایە، خواد پێی گووتین: نابێت لێی بخۆن، تەنانەت نابێت دەستیشی لێ بدەن، لەبەر مەترسی مردن. مارەکە وەڵامی دایەوە: نەخێر وەها نییە، ئێوە نامرن. بەڵام خودا باش دەزانێت ئەگەر بیخۆن ئەوسا شتەکان وەک ئەوە دەبینن کە هەنە، وەک خودا تواناتان هەیە کە بزانن باشە و خراپە چیە. دایە حەوا بینی کە میوەی درەختەکە ئێجگار قەشەنگە، کەواتە دەبێت خۆشبێت و دەبێت بیخوات هەتا زانینێکی فراوانتر بەدەست بهێنن. تۆزێیکی لێکردەوە و لێی خوارد. پاشان دای بە ئادەمی هاوسەری بە تەنیشتیەوە، ئەویش لێی خوارد.)**

هەرچەندە میوەی درەختەکە وەک سێوێک ناسراوە بەڵام لە بایبڵدا باسی جۆرەکەی نەکراوە، ئەگەر سێو هەڵبژێردراوە وەک میوەی درەختەکە لەبەر ئەوەی بە لاتینی سێو بە مانای میوە دێت. یان بە پێی لێکدانەوەیەکی تر لەبەر ئەوەی ***si malus*** بە لاتینی بە مانای درەختی سێو دێت و لە ناو وشەکەدا ناوی مالیوس (malus) ی تێدایە بە مانای (خراپە) دێت، واتە قەدەغە، بۆیە بە پێی ئەم لێکدانەوەیە سێو وەک هێمای کردەی سێکوسێل دێت و لەهەمان کاتا زانینی قەدەغەکراویش. بەڵام ئاراستەی بنەڕەتی خواردنی سێوەکە، پەیبردنە بە ئاگایی و زانین و وەرچەرخانی هەستی غەریزەی ئاژەڵیی بۆ ئاگایی و هەست بە بەرپرسیاریەتیکردنە لە کردەکەدا.

شەیتانیش وەک مارێکی فریودەر نیشاندراوە و ئیدی لەو ڕۆژەوە لە زمانە لاتینییەکاندا، ئەو هەڵتۆقیوەیەی کە لەسەر ملی نێرینەدا بەدیدەکرێ، ناونراوە سێوی ئادەم، چوونکا

گوایە ئادەم کاتێک سێوەکەی خواردووە لە قورگی گیراوە، ئەمەش مەیلی ئەو بیرۆکە دەستنیشان دەکات کە گوایە ئادەم هێشتا نەزانە.

خودا فەرمانی دا:

**یاقۆ ئاگاداری حەوا دەکاتەوە لە میوەی درەختی زانینی خراپەر و باشە.**

ئەگەریش سێوەکە وەک هێمای زانین ناسراوە بەڵام ئەوە شەیتان بوو کە چپاندی بە گوێی دایە حەوای ساویلەکەدا و فریوی دا. بە پێی ئەم ئەفسانەیە ئەو زانینە یەکەم جار لە ژنەوە دەستی پێ کردووە، چونکا حەوا یەکەم جار سێوەکەی خواردووە. پارادۆکسیش ئەوەیە کە ئێمە هەرگیز ژنانمان لە کولتووردا وەک داهێنەری زانست و زانین نەناسیوە، هەردەم وەک کەم توانا (ناقسولئەقڵ) ڕەچاویان لێ کراوە، نەک تەنها لە کولتووری ڕۆژهەڵاتیدا بەڵکو تەنانەت داروینیش کاتێک لە یاری شەترەنجدا لە ژنەکەی دەبردەوە، بۆ ئەو ئاسایی بوو کە ئەو وەک پیاوێک بەتواناتر و ژیرترە بە پێی دیاردەی پەرەسەندنی مرۆڤ، چونکا گوایە ئاغا ڕاوی کردوە و ئەو کارەش یارمەتی داوە کە هزری لە ڕووی ژیرییەوە زیاتر پەرەسندوتر بێت. وەک ئەوەی ژنان دانیشتبێتن و هیچ کارێکیان لە ئەستۆ نەگرتبێت.

ڕاستە کە بەهۆی دووگیانیەوە مێینە ڕاوی ئاژەڵانی گەورەی نەکردوە و کارەکانی جیاواز بوون و بەو هۆیەوە خاوەنی ژیریەک و توانایەکی جیاوازن کە ئەو جیاوازیەش هێندە زۆر نیە کە بتوانرێت یەکلایی بکرێتەوە. بەڵام ئەو کلێشەیەی گوایە ئافرەتان لە ئەشکەوتەکاندا دانیشتون و چالاک نەبوون بەتەواوی بەدرۆخراوەتەوە، خۆ ئەگەر چاوێک بخشێنین بە لادێکانی کوردستان و ئەفریقادا دەبینین چەندە ژنان چالاکن، لە کاتێکدا پیاوان زۆربەی جار پاڵیان لێداوەتەوە لە سوچی مزگەوتەکاندا و ژنان بە ناقسولئەقڵ ناودەبەن. لەهەمان کاتا هەردەم خەتابارمان کردون و دەستنیشان کراون وەک جادوگەر و بنەمای هەموو خراپەکارییەکان. بۆچی؟

نوسینەوەی بایبڵ دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر. واتە سەردەمی کشتوکاڵیی. بەڵام وەک دۆزینەوە شوێنەوارییەکانی میسۆپۆتامیا ئاشکرایان کرد، زۆر لە بابەتەکانی بایبڵ لە چیرۆکی گلگامێشەوە وەرگیراون، هەندێک لە روداوەکانی چیرۆکی گلگامێشیش وەک چیرۆکی لافاوەکەی نوح ( ئوتانەپشتیم) و ڕوداوی تریش، زۆر لە پێش بایبڵەوە ڕویان داوە، لە داستانی گەلگامێشدا. مێژووی ئەم خەتاباریە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە؛ گلگامێش دوای ئەوەی هاواوا دەکوژێت و لەگەڵ ئەنکیدۆی هاوەڵی دەگەڕێتەوە بۆ ئور، لە کاتێکدا هەردووکیان خۆیان دەگۆڕن بۆ زەماوەند، خواوەندی ئیشتار (ئینانا)، داوا لە گلگامێش دەکات ببێتە مێردی، گلگامێشیش ئاوا وەلامی دەداتەوە:

چەند دێڕێک لە وەڵامی گلگامێش بۆ ئیشتار ( ئینانا):

تۆ (...)ی سەهۆڵ

.......

کۆشکێک کە سەربازەکانی خۆی لە ناودەبات،

.......

کوندەیەک کە دەستی هەڵگرەکەی زامدار دەکات،

بەردی بناغەیەک، کە دیوارەکەی دەڕوخێنێت،

.....

پێڵاوێک کە پێی خاوەنەکەی دەڕوشێنێت،

.....

تۆ باڵندە ڕەگینەکە، ئەللالوت خۆش ویست،

کەچی هەر خۆت لێتدا و باڵی ویت شکاند

ئێستا ئەو لەناو دارستان ماوەتەوە و هەر هاوار دەکات (باڵەکەم)

.......

تۆ پێڵاوێکیت کە پێی خاوەنەکەی دەڕوشێنیت،

کامە لە دەستگیرانەکانت، بۆ هەمیشە تۆی خۆشویست؟

!کامە لە یارەکانت، بۆ ئاسمان سەرکەوتن

...........

تۆ شێرەکەت خۆشویست، ئەوەی هێز و توانای بێ خەوش بوو،

کەچی تۆ حەوت جاران، حەوت چاڵت بۆی هەڵکەند.

..........

هۆنینەوەی ئەم نەفرەتلێکردنە ئێجگار درووودرێژە و گلگامێش هەموو ناهەمەتییەکانی مرۆڤ و سروشت دەخاتە ئەستۆی خواوەندی ئیشتار. بەڵام شێوازی ئەدەبیی نەفرەتکردنی گلگامێش لە ئیشتار، هەندەک لە دێرەکانی وەک پەند دێنە بەرگوێ، بۆیە ئەگەری زۆرە کە ئەو وتانە هی سەردەمی پیش داهێنانی نوسینیش بن، واتە پێش ( 3300 ساڵ، پ.ز)، دەماودەم گێراونەتەوە. کارەساتی لافاوەکەی نوحیش بە پێی هەموو لێکۆلینەوەکان دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی گەرم بونەوەی کەش و هەوا، لەسەردەمی میزۆلیتیکدا، واتە نزیکەی دوازدە هەزار ساڵ لەمەوبەر، سەرەتای سەردەمی کشتوکاڵی، ئەو سەردەمەی کەش و هەوا گەرم بونەوە. بێ گومان گۆڕانکاریی لە کەش و هەوادا کووتوپڕ ڕووی نەداوە، چەندەها ساڵی خایاندووە، وەک چۆن ئەمڕۆ لەسەردەمی هاوچەرخدا سەرنجی دەدەین. کۆتایی بە کارەساتێکی دژوار دەتەقێتەوە. ئەو کارەساتەش بووە هۆی ناودارکردنی نوح لەبەر ئەوەی ئەو کەسایەتییە سەرنجی گۆرانکارییەکانی دابوو، پێشبینی کارەساتێکی نەخوازراوی کردبوو، بۆیە پێش کارەساتەکە کەشتییەک دروست دەکات بۆ خۆڕزگارکردن لەو ڕەوشە. هەموو کارەساتێکی سروشتی و نەخوازراویش لەو سەردەمەدا گرە دراوە بە توڵەی خواوەندەکانەوە. وەک دیالۆگێک لە نێوان مرۆڤ و خواوەندەکاندا ڕەچاوی لێ کراوە، ناڕازیبوونی خواوەندەکانە لە کارە بەدەکانی مرۆڤ. وەک وتراوە لە داستانی گیلگامێشدا گوایە مرۆڤەکان دەنگە دەنگیان زۆر کردووە و خواوەندەکانیان بێزار کردووە، ئەم ڕووداوەش وەک کۆتایی سەردەمێک و دەستکردنەوە بە ژیانێکی نوێ ڕەچاوی لێ کراوە. ئەمەش ئەو راستییە دەسلمێنێت کە لە سەردەمی کارەساتەکەی لافاوەکەی نوحدا کەش و هەوا دەستیان بە گەرمبوونەوە کرد و بەو بۆنەیەوە ژیانی ئۆمۆساپیان گۆڕانکارییەکی ڕادیکالانەی بەسەردا هات. کە پێی دەڵێن شۆڕشی کشتوکاڵی(دەنگە دەنگ).

ئیدی لەگەڵ گەرمبوونەوەی کەش و هەوادا، ئەو سروشتەی کەناومان نابوو توندرا، وەک سیبریا سارد و ڕەق و تەق بە گژووگیای کەمەوە، کووتوپڕ دەستی کرد بە بوژاندنەوە و سەوزایی و دارودرەختی هەمە جۆر وەدەرکەوتن. ئەم سەردەمە کە پێ دەڵێین میزۆلیتیک و سەردەمێکی کورتخایەنە لە نێوان سەردەمی ڕاوکەر- میوەچن و سەردەمی کشتوکاڵی (نیۆلیتیک)، وەک سەردەمێکی زێرین بۆ ژنان دەناسرێتەوە لەلایەن ئەنترۆپۆلۆگەکان و شوێنەواناسانەوە، چونکا ژنان دەیانتوانی منداڵەکانیان بدەن بە کۆڵیاندا و بە کۆکردنەوەی گژ و گیا و بەروبومی سروشتی و ڕاوی ئاژەڵی بچوکەوە خەریک بن، بەم هۆیەوە هەندێک سەربەستییان بەدەست هێنا لەو سەردەمەدا؛ چاوەڕوانی پیاوانیان نەدەکرد بۆ بژێوی، بەتایبەتی لە کاتی دووگیانیدا. بەڵام ئەم سەردەمە درێژخایەن نەبووە.

بەڵام گەشەسەندن لە زانستی شوێنەوارناسی و بەراوردکردنی جۆری ژیانی خەڵکی لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا، ڕێگا بە ئەنترۆپۆلۆگەکان دەدەن کە ژن وەک داهێنەری کشتوکاڵ بناسێنن، واتە سەرەتای ماڵیکردنی ڕووەکی کێوی و دروستکردنی کوفە و هەندەک داهێنانی تر، لەبەر ئەوەی ئەوان بە چنینەوەی بەروبومی سروشتییەوە خەریک بوون و کاتی سەرنجدانیان هەبووە. بەڵام پیاوان کاتێک دەستیان کرد بە کشت و کاڵ کە ئامێر هاتە کایەوە. لە سەردەمی مۆدێرندا سەلمێنراوە کە لە باخچەکاندا ژنان ئامێر کەمتر بەکار دەهێنن هەتا پیاوان.

بێگومان پەرەسەندنی مرۆڤایەتی بە مانای پەرەسەندنی ئامێر دێت، ئەو پەرەسەندنەش لە سەرە ڕمێکەوە دەستی پێکرد هەتا ئایفۆنێک، پیاوان هەردەم حەزیان بە ئامێر بووە بەوێنای نێرتکیان، ژنان کەمتر ئارەزووی ئامێریان هەبووە، هەرچەندە داهێنانی یەکەم ئارتی فاکت کە بریتییە لە هەڵگری منداڵ بە ناچاری لەلایەن ئافرەتانەوە داهێنراوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەچکەی پریماتەکان خۆیان هەڵدەواسی بە توکی دایکیاندا ئەوا ژنانی ئۆمۆسپایان لە مێژەوە موویان گووم کردبوو، بۆیە بە ناچاری دەبوا هەڵگرێک دروست بکەن لە ڕیخۆڵەی ئاژەڵ و ماتەری ڕووەکیی بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی منداڵ بە تایبەتی لە کاتی کۆچ و کارکردندا. کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەفسانەی ئادەم و حەوا ڕەگی لەم پرۆسەیەدا داکوتاوە، کە بریتییە لە یەکەم هەنگاو بەرەو زانین، کە ژن داهێنەری بووە. ئەوان بوون کە دەستیان کرد بە چاندن و داهێنان و پاشان پیاوان ئەو کارەیان گرتوتە ئەستۆ وەک چۆن لە بایبڵدا هاتووە حەوا هانی ئادەمی داوە بە خواردنی سێوەکە. هەرچەندە حەوا نایەوێت سێوەکە بخوات بەڵام مارەکە پێداگری دەکات و دەڵێت:

**<< خودا وتی ئێوە دەمرن، بەڵام نامرن، ئێوە وەک خوداتان لێ دیت، ئاشنایيتان بە چاکە و خراپە دەبێت >>**

لە بایبڵدا ئەو سزادانە ئاوا باسکراوە :

**(خودا بە بە ژنەکەی ووت: ئازاری دووگیانیت زیاد دەکەم، بە ئازارەوە منداڵ دەنێیتەوە، ئارەزووەکانت بۆ مێردەکەت دەبێت، ئەو زاڵ دەبێت بە سەرتدا. بە پیاوەکی ووت: مادام بە گوێی ژنەکەت کردووە، لەو دارەت خواردووە کە فەرمانم داوە لێی نەخۆیت! تۆ هەرگیز جارێکی تر نایخۆیت! زەوی بەهۆی تۆوە نەفرەتی لێ دەکرێت. بە ئازارەوە بە درێژایی ڕۆژەکانت لە ژیانتا بژێوی خۆت بەدەست دێنیت. )**

بێ گومان ئەم ئەفسانەیە مشتومڕی زۆر لەسەرە، چواندنی مار بە شەیتان واتە بە خراپە، جێگای مشت و مڕە، لە کاتێکدا دەزانین کە مار لە کولتووری کوردەواریدا وەک لای

ئێزیدییەکان هێزی شەیتانی نییە، یان گوایە لەبەر ئەوەی کە خودا قاچی نەداوە بە مار و ماریش دەیەوێت تۆڵە لە خودا بکاتەوە. بەڵام وادیارە لەم چیرۆکەدا مار وەک زیدەوەرێکی خشۆک بە هێمای زەوی هاتووە. پێ دەچێت کە مەسیحییەکان وەک هەمیشە هێمای ڕۆژهەلاتیەکانیان بە پلەی یەکەم وەرگرتبێت، بە هزری خۆیان شیکاریان بۆ کردبێت، وەک چۆن کاتێک ڕۆژهەڵاتییەکان گوتیان کە فریشتە فوی کردووە بە ژێر کراسەکەی مریەمدا و بەو بۆنەیەوە دووگیان بووە، ئەم گوزارشتکردنە تەواو ڕۆژهەڵاتیە بە مەبەسی پێدانی جوانیەک لەبری ئەوەی کە بڵێن مریەم بەبێ مارەکردن دەگەڵ پیاوێک سێکسی کردووە، بەڵام ئەوروپایەکان ئەم وتانەیان بە پلەی یەکەم وەک خۆی وەرگرت و دوبارەیان کردەوە. هەرچەندە بە بیری هەندەک کەس، گوناحی ئەزەلی بۆ ئەو کارە بەکار نەهێنراوە لە بایبڵدا، بەڵام ئەو ئەفسانەیە بووە بە بەهانەیەک بۆ ختابارکردنی ژن بە هەتایی.

ئیدی وەک چۆن لە بایبڵدا ئەم گۆڕانکارییە چوێندراوە بە حوکمدانی مرۆڤ لەلایەن خوداوە، دەرئەنجام مرۆڤ لە بەهەشتەوە بە داخوازی خودا گوێزرانەوە بۆ زەوی، ئاواش ژیانی مرۆڤایەتی گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵی بەخۆیەوە بینی، مرۆڤی ڕاوچی – میوەچن، بەرە بەرە دەستبەرداری ژیانی کێوی خۆیان بوون و بەهۆی کشتوکاڵەوە نیشەجێ بوون، خۆیان بێ بەشکرد لە بەروبومی سروشتیی. ئەم چیرۆکەیە کە بەڕەمزیی کراوە لە بایبڵدا.

بەڵام بۆچی ئەو گۆڕانکارییە وەک نەهامەتییەک ڕەچاوی لێ کراوە؟ وەک کارەساتێکی دژوار لە بایبڵدا؟ ئافرەتیش خەتابار کراوە تێیدا؟

چونکا ئەگەر لە بایبڵدا وەها بە گرنگی باسی لێوە کراوە بێ شک ئەو دەمە باسێکی بنەڕەتی بووە لە کۆمەڵگەیەکدا کە لەسەرەتای نیشەجێبووندا بوون بە هۆکاری دۆزینەوەکان و داهێنانەکانی ژنان بوون لە بواری چاندندا.

نۆوا هەراری لە کتێبی ساپیاندا، ئەو وەرچەرخانە وەک گەورەترین کارەساتی دژوار و پڕ نەهامەتی دەبینێت بۆ مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوەی بووە هۆی دابڕانی مرۆڤ لە سروشت، بووە هۆی نانەوەی چەندەها جۆری نەخۆشی لەبەر کەمی ڤیتامین، لەبەر ئەوەی لەسەردەمی ڕاوچی میوەچندا بە پێی لێکۆڵینەوەی زانستی، مرۆڤ نزیکەی دوو سەد ڕووەکی بەکار دەهێنا وەک ئەفرۆدیزیاک و لەباربردن و سارێژکردنی نەخۆشی و ڤیتامینی پێوسیت. بەروبوومی سروشتی زۆر بوون و پێوستیان بە خڕکردنەوەی نەبووە، جگە لەوەی کە مرۆڤ لەسەردەمی کشتوکاڵیدا هەردەم چاوەڕوانی بارانی دەکرد بۆ بژێوی ژیانی و زیاتریش کاری دەکرد. دایکان لەبری نەبوونی کات و دورکەوتنەوە لە بەروبومی سروشتیی، هەویری دانەوێڵەیان دەدا بە مندالەکانیان ئەمەش بوە هۆی زیادبوونی ڕێژەی مردنی زارۆک. زاوزێش زیادی کرد لەبەر ئەوەی کاتی شیردانیان کەم

بوو. لە شوێنێکدا نیشتەجێ بوون و نە دەجوڵان. ئیدی وردە وردە خەڵکی بە پەرژین و بە شورا و بە قەڵا لە یەکتری دابڕان بە مەبەسی پاراستنی بەروبوومی کەڵەکەخراو و ژیانی خۆیان، ئەمەش بووە هۆی نانەوەی دژواری و شەڕ لە نێوان ئەو کۆمەڵگانەدا، لەبەر ئەوەی بە پەرەسەندی جیاوزدا تێپەڕین و بووە هۆی ئافراندنی ئاستی جیاواز لە ڕووی ئابوری کۆمەڵایەتییەوە، ئەمەش بووە هۆی نایەکسانی و بەو هۆیەوە ئافراندنی سیستەمی کۆیلایەتی پاشان شەڕ و کوشتار لە نێوان کۆمەڵگەی جیاوازدا. شوێنەوارناسیی دەیسەلمێنێت کە توندو تیژی و دژواری و کوشتن لە سەردەمی کشتوکاڵییدا پەرەی سەندوە.

بە بیری نۆوا هەراری، مەرج نەبووو کە مرۆڤ مۆدێلی کشتوکاڵی هەڵبژێرێت. لە هەموو ئانو ساتێکدا و لە هەموو بوارێکدا تەنانەت لە بواری پیوەندی سێکسوێلیشدا دەیتوانی مۆدێلێکی تر هەلبژێرێت. بەڵام بە پێی شوێنەوارناسان سیستەمی کشتوکاڵیی لە پێنج ناوچەی دوور لە یەکتر پەرەیان سەندووە بە بێ ئەوەی پەیوەندی هەبێت لە نێوانیاندا، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە ئەو مۆدێلە وەک پێویستییەکی حەتمی پەیڕەوی کراوە، لەهەمان کاتا لای هەندێک کۆمەڵگە، سیستەمی کۆیلایەتی پەیڕەوی کراوە بە بێ ئەوەی بە سیستەمی کشوکاڵیدا تێ پەڕن.
ئەم گۆڕانکارییە ڕدیکاڵە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بووە هۆی خەتابارکردنی ژنان کە ئەوان وەک دەستپێکی ئەو مۆدێلە بینراون لەو سەردەمەدا و دووگیانیش کە خەسڵەتی ژنە پاڵنەرێکی سەرەکی بووە بۆ نیشتەجێ بوون. ئەم کولتوورە، کولتووری خەتابارکردنی ژنان بەردەوام بووە هەتا سەردەمی مۆدێرن؛ لە وێژەدا هەردەم ژنێک خەتاباردەکرێت کاتێک پیاوێک سەرگەردان دەبێت.

مرۆڤی ساپیان هەردەم لە نۆستالژیادا دەژی و هەنوکە وەک دۆزەخ دەبینیت و ڕابوردو وەک ژیانێکی بەختیاریی. کەواتە ئەوەی کە ناوماننا شارستانی و شۆڕشی کشتوکاڵی و بونە هۆکاری نەهامەتیەکانی مرۆڤ، ژنان بوون، وەک چۆن لە بایبڵدا هاتووە ئەو یەکەم جار سێوەکەی خواردووە.
ئیدی ئەو سەردەمەی کە دایە حەوا سێوەکەی خواردوە، واتە داهێنانی لە کشتوکاڵدا کردووە، سەردەی میزۆلۆتیکە کە سەردەمێکی کورتە لە نێوان سەردەمی ڕاوچی میوەچن و سەردەمی کشتوکاڵی (نێۆلیتیک)دا، وەک سەردەمێکی زێڕینی ژنان ڕەچاوی لێ دەکرێت چونکا دەسەڵاتی ئابوریان گرتە دەست، زۆر لە کۆمەڵناسان بە گرنگیەوە باسی ئەو سەردەمەیان کردووە بەناوبانگترینیان باشۆفێن (Bachofen)ە.

**تەرزمانی وتارێک دەربارەی باشۆفێن:**

"باشۆفێن « Bachofen» سالی ١٨٦١ چەمکی دایک سالاری و وروژاند و گوتی کە باوکسالاری هەمیشە باڵادەست نەبووە لە مێژودا، بەرهەمی شۆرشێکی ئونیڤێرسێلە و بە

قۆناغێک دەستی پێ کرد کە هیچ قەدەغەکردنێکی سێکسوێل بوونی نەبووە.

جەستەی مێینە جێگای هەوەسی پیاوە، ئیدی لێرەوە دەتوانێت دەسەلاتی خۆی بسەپێنێت بەسەر ژیانی کۆمەلایەتیدا، ئەم باڵادەستییە گەشتە لوتکە بە ئەمازۆنەکان و پاشان لەلایەن نێرینەوە کۆتاییان پێ هێنراوە. ئەمەش وەک وەرچەرخانێکی گرنگی مێژوویی لە نێوان هەردوو سێکسەکەدا هەژمار دەکرێت، لێرەوە مرۆڤایەتی چووە ناو شارستانییەتەوە.
پاساودانەکانی پاشۆفێن بەند بوون لەسەر شیکاری میتۆلۆژی کە وادیارە بەشێکی هەقیقەتیان تێدا شاردرابێتەوە، بەڵام ئەم گریمانەیە وادیارە ناتوانێت خۆی راگرێت.
پرسیار لە خۆمان دەکەین ئایا بنەمای هەقیقی چیرۆکی ئادەم و حەوا چییە، پێش هەموو شتێک باخچەی عەدەن و کەپلەکەی، یەکەم پەرجۆی ناساندنی خراپە و چاکەیە بۆ ئەو کەسەی کە میوەکە دەخوات.
بۆیە لەسەر بنەمای تاکە کەسیی خۆیان، هیچ هۆکارێکی زیاتر نییە بۆ باوەڕبوون بە ناوەوەی هێڵی دایکایەتی لە زاڵبوونی مێینە وەک لە بوونی سیکرۆپ« Cécrops» ئەو بونەوەرەی گوایە دامەزرێنەری شارستانیەتی ئەسینایە.
دایکسالاری کە باشۆفێن بۆی دەگەڕایەوە، وادیارە لەو کۆمەلگایانەدا بوە کە بە کۆمەڵ پێکەوە لە خانوی لاکێشەیی گەورەدا دەژیان، درێژییەکەی سەد مەترێک دەبوو، لەسەر سکرچەری دایکایەتی دامەزرابوو، ئەم کۆمەلگایانە بەو کاریگەرییە خۆیان جیادەکردەوە کە ژنان هەیان بوو. بە جۆرێک کە ژێزویتەکان لەسەدەی هەژدەدا وەک « ئیمراتوریەتی ژنان» باسیان لێوە دەکرد. ئەم ژنانە کە کۆنترۆلی ئابورییان دەکرد بە کاری بەکۆمەل بۆ چاندنی بەروبووم و دەیانتوانی ئەو مێردە تەمبەڵانە یان توندوتیژانە بکەنە دەرەوە کە کاریان نەدەکرد، یان جیابنەوە لێیان. ژنی سەرۆکی کۆمەلگەکە توانای بریاردانی هەبوو.

بە پێی باشفۆن و بە بڕوای مۆرگان، سیفەتە کولتوورییەکانی ئیرۆکوایەکان، چ لە ڕووی پەیوەندییە جێندەرییەکانەوە، چ لە ڕووی یەکسانیخوازی ئابوورییەوە بێت یان لە ڕووی ڕێکخستنی سیاسییەوە، نوێنەری هەموو ئەو کۆمەڵگایانە بوون کە گەیشتبوونە قۆناغی خوارەوەی بەربەرییەت، دەتوانین بەزاراوەی مۆدێرن بلێین نێۆلیتیک. لەم روەوە باڵادەستیی نێرینە دەستی کرد بە هەلگەرانەوەی دەوری مێینە. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە زاڵبوونی پیاو لە پێچەوانەبوونەوەی مافەکانی دایکانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە سەرەتای شارستانییەتە دەوڵەتییەکان و پەرەسەندنی نایەکسانی ساماندا ڕوویدا.
لێرەوە بڵاوکراوەکانی باشفۆن لە نێوەندی فەمینستەکاندا دەنگی دایەوە و بۆ یەکەم جار وەرگێرایە سەر زمانی فەرەنسی لە سالی ١٩٠٣. پاشان رەوتی مارکسیەت لەگەل تێکستەکانی خۆیاندا گونجاندیان، لەو کتێبەی کە لایەن ئنگلسەوە ١٨٨٤ بە ناوی: «رەچەلەکی خێزان، مولکی تایبەتی دەولەت»، کە بە شێوازێک دەرئەنجامەکانی دوبارە

دەکردەوە، باسی چەمکی ماتریالیستی مێژوویی بە بێ ئەوەی وشەی « دایکسالاری» بەکار بهێنێت. ئنگلس هەموو تێزەکەی مۆرگانی وەرگرتەوە، بە دەستکرن بە باسکردنی لە سەرەتاوە لە ناوەوەی میراتی دایکەوە دەستی پێکرد، و (سەروەریی) ژنانی لە کۆمەڵگەی سەرەتایدا وەبیرهێنایەوە لە هەمان کاتدا نەبوونی ململانێی نێوان هەردوو سێکسەکەدا بە درێژایی پێشمێژوو دووپاتکردەوە، کە بریاربوو بالادەستیی و سەروەریی پیاو لە قۆناغی بەربەریەتا وەدەرکەوێت. بەڵام زانیاری شوێنەوارناسی لەسەدەی داهاتودا تێۆری باشفۆنی خستە ژێر تاقیکردنەوەوە، راستە لە هەندێک کۆمەلگەدا پیاوان باڵادەست نەبوون وەک لای هەندێک لە کۆمەڵگەی بچوکی جوتیاران و لای ئێرۆکۆواکانی ئەمەریکا و لای راوکەر و میوەچنەکان بەڵام ئەم مۆدێلە گشتی نەبووە و تایبەت بووە بە ناوچەیەک. بالادەستیی پیاوان لای زۆر لە کۆمەلگاکانی جیهان، تەنانەت لای ئەوانەشی کە تا ئاستێک یەکسانییەکی ئابوری و سیاسییان بەرێ کردووە زۆر بە تین بووە."

***

خۆ ئەگەر تیۆری باشفۆن لەلایەن هەندێک لێکۆڵەرەوانەوە بەرپەرچ دراوەتەوە، ئەوا ژن لە ئەفسانەی ئادەم و حەوادا وەک ئەکتەرێکی سەرەکی باسی لێوە کراوە، وەک ئەو کەسەی یەکەم هەنگاوی ناوە بەرەو زانین و بەئاگاهاتنەوە. هەروەها بە پێ لێکۆڵینەوەی زانستی شوێنەوارناسیی ئەوان هاندەری نیشتەجێ بوون و دۆزینەوەی کشتوکاڵ بوون کە بوە هۆی وەرچەرخانی مۆدێلی ڕاوچی میوەچن بۆ مۆدێلی کشتوکاڵیی. بەڵام پرادۆکس ئەوەیە کە ئەوان لە مێژوودا هەردەم وەک کەمتوانا لە قەڵەمدراون لە لایەن سیستەمێکەوە کە پیاوان باڵادەست بوون تێیدا. چونکا وەک چۆن نۆوا هەراری سەردەمی کشتوکاڵیی بە سەردەمێکی تراژیک هەژماردەکات، چونکا مرۆڤ خۆی دابڕاند لە نیشتمانی سەرەکی کە دارستانەکان بوون، هەر ئاواش لەو سەردەمەدا ژنان خەتابار کراون بەو گۆڕانکارییە ڕادیکاڵە، وەک چۆن شوێنەواری ئەم ڕوداوە بە ئەفسانە کراوە لە بایبڵدا. خۆ ئەگەر پیاوان بەتایبەتی پیاوانی دینی لەم سەردەمەدا لە دیاردەی فەمینیستی و ئازادی ژنان دەترسن، لەبەر ئەوەی پێچەوانەکردنەوەی ئۆردەرەکان دەمانترسێنن."

سەرچاوەکان :


1- گۆڤاری مێژوو (L'Histore) بە زمانی فەرەنسی، ژمارە506، ئەڤریلی 2023. (وتارەکەم لە نوسینەکەمدا وەک خۆی داناوەتەوە).
2- کتێبی پێشمێژووی سێکس بە زمانی فەرەنسی، تایمۆتی تایلۆر.

3- داستانی گیلگامێش (تەرجومەکراو لە لایەن شاسوار هەرشەمی).



## چەند زانیارییەک لە سەر سێکسوالیتێ و پیوەندی سێکسوێلی کراوە.

خانم بیرە دەخواتەوە، بە قامیش بیرە دەخواتەوە، قامیش مێتافۆری چوکێکی ترە، لە هەمان کاتا خۆشترین زایەندە ئەوەیە کاتێک خانم پێکێک شەمپانیا دەخواتەوە، تۆزێک مەستە. ئیدی ئەوسا تابۆی نییە وکراوەیە بۆ هەموو بارێک وتەواو ئەکتیڤە لە پرۆژەکەدا. بەڵام ئەگەر پیاوێک لە پێکێک زیاتری خواردەوە ئەوا سەرزەنشتی خانم دەکەم بە شەق بیکاتە دەرەوە، چونکا هەرگیز ناگات بە ئۆرگاسم یان بە درەنگ دەگات و هەستی سێکس و چێژی کەم دەبێتەوە، ئیدی دەیترشێنێت و تورە دەبێت. بەڵام بۆ ڕۆژی دوای خواردنەوە، جوتە گوونی وەک گوانی ماناگا پڕ دەبن لە سپێرم و دەتوانێت وەک کەڵەگای بەکار

سواربێت، بێگومان ئەگەر بە هونەرەوە خواردبێتییەوە؛ لەسەرەخۆ و لە سەرەتای خواردنەوەدا پێکێک شەمپانیا و لە دوای نانخواردن پیکێک کۆنیاک.

سەرزەنشتییەکی تریش بۆ خانمان؛ ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر زایەندە نەکەن ئەوا وەک ئەو ژنە نۆنە مەسیحیانەی کە کوزیان بۆ عیسا هەڵگرتووە، زێیان تەسک دەبێتەوە، بە جۆرێک کە ناتونیت پەنجەشی تێ بخەیت و گەڕانەوەی بۆ باری ئاسایی مەحاڵە، واتە توانای تێخستنی نێرتکێک لە خۆیدا زۆر گرانە. دەزانم هەر ئێستا کوڕان دەڵێن زۆرباشە، دەچینە خوازبێنی کچانی قەیرە چونکا کوزیان تەسکە. بەڵام هەڵەن چونکا کوزی تەسک و چووکی زل فەنتاسمن و کاریەگرییان لەسەر جێژ نییە، بە تایبەتی کوزی تەسک، وەک چۆن لە زمانەوانیدا دەڵێین گیرم خواردووە، ئاواش چوک گیر دەخوات و هیچی پێ ناکرێت، چوناکا چوک بۆ چێژوەرگرتن پێویستی بە هاتوچۆیە، وەک چۆن گۆرانییە فەرەنسییەکە ئێژێت:

دێم و دەچم

لە نێو ڕانتا

خۆم دەگرمەوە (هەتا درەنگ ڕەحەتبم).

چوکی زلیش هەر فەنتاسمە، بیرۆکەی ئەم فەنتاسمەش لای ژانانی کورد دەبیستین؛ کاتێک ژنان لە کوردستان گسک دەدەن و شتێک دەدۆزنەوە، وادەزانن ئۆبژەیەکی بەهاداریان دۆزیوەتەوە، بەلام ئەفسوس بەهادار نییە بۆیە بە نابەدڵییەوە دەڵێن:

"ئەوە شانسی من نییە کێری کەرێک بدۆزمۆ "

جا بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە ڕوونەدات، واتە کوز تەسک نەبێتەوە، هەتاوەکو خانم نەبێتە نۆنی عیسا. بێگومان من خەمی عیسام نینە چلۆن لەوە و دنیا دەگەڵ هەموو ئەو کوزە تەسکانەدا حاڵی خۆی بەڕێ دەکات، بەڵام خەمی خانممە چلۆن لەم دنیایەدا کاری خۆی بەڕێ دەکات؟ بۆیە باشتر وایە بۆ خانم جارە جارە ئۆبژەیەک بهێنێ و ببا بەناو زێیدا، بۆ نمونە دەتوانێت جارە جارە مۆزێک بخاتە کۆندۆمێکەوە بیهێنێ و بیبا بە کوزییا، دوایش دوای بەکارهێنانی بیدات بە خێرەومەندێک چونکا جوان پێشاوە. بەوە دەڵێن؛ مۆزی پیشاو بە کوز. یان دەتوانیت پاش پیشاندنی، تۆزێک کۆنیاکی بکەیت بەسەریا و بە ئاگرێک سوری بکەیتەوە لە لە تاوەیەکدا، دێسێرتێکی بەچێژە. فەرەنسییەکان زۆر حەزیان بەو جۆرە شیرینیەیە. یان خەیارێک بێنە و ببە بە کوزتا، من زۆر حەزم بە ئۆبژەی سروشتییە، ڕقم لە پلاستیک و کانزایە لە کوزدا.

ئاە !!!!! بیرم چوو ئەی پەردەی کچێنی؟ مەنتیقەی موحەڕەمە؟

کچە ئێرانییەکان، دەڵێن شو بکە بە پیاوێکی گێژ وحۆل و دوای دوو مانگ جیابەرەوە و بڵی گێژ و حۆلە، ئیتر بۆ خۆت ئازادیت؛ دەرگا والایە. بەڵام دانی پێدا دەنێم کە ژییان بۆ کچانی ڕۆژهەڵاتی هەروا ئاسان نییە. کەس ناتوانێت بە مەنتیقە موحەرەمەدا تێ پەڕێت. شوێنێکی مەترسیدارە و بۆ ئەقڵی داخراو. بۆیە تەنها ئەوەم بۆ دەمێنێتەوە کە بڵێم:

"خەمخۆر و هاوبەشی کێشەی کوزتانین"

لەبەرئەوەی زێ سەرچاوەی ژیانە بۆیەکا وەک ژیان ئالۆزە و پڕکێشەیە، بە پێی زانست مێینە بوونەوەرێکی تەواوە و نێرینە بەشێکی ئەو پێکهێنەیە و ناتەواوە. هەرچەندە لە بایبڵدا بە پێچەوانەوەیە؛ حەوا لە پەراسویەکی ئادەم ئافرێندراوە، بەڵام ئەوە بیرۆکەی پیاوانی ڕیشداری ئەشکەوتەکانە.

جا بۆئەوەی کوزت تەسک نەبێتەوە و وەک چۆن کچانی ئێرانی گۆرانی دەچڕن:

گوڵی سەنگەم گوڵی سەنگەم

چی بکەم ئەز کوزی تەنگەم

باشتر وایە پراتیزەی ڕێنمایەکانم بکیت. هەرچەندە بە پێی تیۆرییەک گوایە

"پێ دەچێت کە کلیتۆریس دەوری ڕەهەندێکی کارای هەبێت. جێگاکەی لە سەروی کوزەوە، بە دورییەکی دیاریکراو لە چونەژورەوەی زێوە، کارئاسانیی بۆ دەستپەڕکردن دەکات بە کەمکردنەوەی مەترسی دوچاربوون بە نەخۆشی بە هۆی تێخستنی پەنجەکان بۆ ناو زێ".

هەرچەندە ئەمە باسی کردەی دەستپەڕکردنە و چارەسەری تەسکبوونەوەی کوزی تەسکی پێ نییە لە هەمان کاتا سروشت چوزانێت چێژ و دەستپەڕ کردن چییە!!! چێژ و ئۆرگاسم برتین لە کرژبوونەوەی ماسولکەکان بە مەبەستی گلدانەوەی سپێرم لە ڕەحمدا.

یان فرۆید دەڵێت: " ژنان دەبێت لە گەورەساڵاندا هەوڵ بدەن سەنتەری لەزەتیان لە کلیتۆریسەوە بگوێزنەوە بۆ زێ". چۆن ڕیی تێ دەچێت بیرمەندێکی دانسقەی وەک فرۆید قسەی وەها پڕوپوچی کردبێت !!!

نێرتک بە پێچەوانەی کوزەوە ئەندامێکی سادە و ساکارە، بێ مێشکە و بیر ناکاتەوە، هەرگیز بچووک نابێتەوە ئەگەر چەندەها ساڵیش بەکاریی نەهێنێت، تەنها ئەوە نەبێت کە لە تەمەنێکی پیریدا تۆزێک بچوک دەبێتەوە بەهۆی تەسکبوونەوەی دەماری خوێن کە یارمەتی ڕەپ بوون دەدات. ئەمەش پارەدۆکسالە و لۆژیک نییە، چونکا ئەگەر کچان زێییان تەسک دەبێتەوە، ئەوە یاسای سروشتییە کە هەر شتێک بەکاری نەهێنیت لە ناو دەچێت، کەواتە دەبوا سوڕی مانگانەش لەهەمان کاتا بووەستایە، کەواتە ئەم دیاردانە لە پەرەسەندندا بە لۆژیکی ئێمە و بە ویستی ئێمە گەشەیان نەسەندووە و هەڵەی پەرەسەندنن.

با بێینەوە سەر پەیوەندی سێککسوێلی کراوە.

ئەم دەستەواژەیە؛ پەیوەندی سێکسوێلی کراوە، دەستەواژەیەکی نوێیە و کوردان بەکاری دەهێنن، چونکا دەڵێن گوایە ئەم سەردەمە باوە لە کوردستان. ئەمەش بە مانای کەمبوونەوەی دەمارگیریی دێت؛ وشەی "کراوە" مێتافۆری بارەکەیە، واتە کراوەی ئەقڵ و شکاندنی سنور بە ئەقڵێکی کراوەوە، لەهەمان کاتا کراوە بە هەموو بارێکدا.

کەواتە ئەگەر لە کردەیەکدا پەیوەندی سێکسوێلی کراوە نەبوو، واتە سێکسی بە کۆمەڵ نەبوو، تەنها جووتێک نێرو مێ بوون، ئەوا ئۆبژەی سێهەم لە کاتی زایەندەدا، وەک ئەو قامیشە، دەتوانێت ئەگەر کحول یان درەگ و مادەی ورووژێنەر نەبوون وەک ئەوانەی لە سێکس شۆپەکاندا دەفرۆشرێن. ئەوا دەتوانێت ئۆبژەی دژ بێت، بونی ئۆبژەی سێهەم وەک شایەتحاڵ و لەهەمان کاتا وەک وروژێنەری هەوەس، ئەگەر پاسیڤ بێت یان دژ، گرنگە لە زایەندەدا. وەک دەبینین لەو پەیکەرەدا ئۆبژەی سێهەم قامیشەکە و بیرەکەیە. بەڵام کێشەی ئۆبژەی سێهەم ئەوەیە کە دەبێت هەردەم نوێبکرێتەوە، گۆڕانکاری تێدا بکرێت، ئەمەیە کە مرۆڤ دەبات بەرەو دژوارییی، هەربۆیەش دەستەواژەی شەیتانیی بەستراوەتەوە بە چەمکی ئێرۆتیزمەوە. بەڵام وەک کوردان ئێژن:

"عومرێ کە دیت و دەڕوا، واچاکە روو بکەینە خوا"

خودا و پێغەمبەران و بوداش سەزەنشتیمان دەکەن کە هێڵی ناوەڕاست لە هەموو شتێکدا پەیڕەوەی بکەین، نەوەکا بەرە و سەرکێشی بمان بەن.

تێبینی

داوام لێکرا بابەتێک بنوسم سەبارەت بە پەیوەندی سێکسوێلی کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی باسەکە بۆ فەیسبووک نەدەشیا بڵاوم نەکردەوە. چونکا قورئان و شتی پیرۆزم خستبووە باسەکەمەوە وەک ئۆبژەی سێهەم و دژ. تەنها ئەم چەند زنیارییە سادەیەم بڵاوکردەوە. بەڵام ڕۆژێک هەر دەیخوێننەوە.

کۆتایی



## خواوەندی بۆبۆ و سێکس و پێکەنین و ئازادی

دێمێتێر "Demeter"، بە مانای "دایکی زەوی" دێت، لای یۆنانیەکان خواوەندی کشتوکاڵ و زەویە. لە کاتێکدا بە دوای کچەکەیدا دەگەڕێت و نایدۆزێتەوە، زۆر بێ هیوا و خەمگینە، بە هۆی خەمگینیەکەیەوە وشەکەساڵیی هەموو جیهانی گرتۆتەوە. دێمێتێر دەگاتە لای خواوەند و لە هەمان کاتا خزمەتکار بۆبۆ "baubo ". (بۆبۆ بە مانای دایەن دێت، بەڵام ناوەکەی بە مانای "سێکسی مێینە" ش دێت).

بۆبۆ دڵنەوایی "دێمێتێر"دەداتەوە و بە دەوریدا دێت، هەر خواردنێک بۆ خواوەندی دێمێتێر پێشنیار دەکات، نایخوات و دڵی نابیات، دوا جار بۆبۆ بە گوێچکەی دمێتێردا دەچرپێنێ و پاشان کراسەکەی هەڵ دەداتەوە و ناوگەڵی پیشانی دێمێتێر دەدات، بە بینینی ئەو دیمەنە دێمێتێر دەکەوێتە پێکەنین و دەست دەکات بە نان و ئاو خواردنەوە و بەو هۆیەوە جیهان لە وشکە ساڵی ڕزگاری دەبێت و دەبوژێتەوە، گەڕی وەرزەکان وەک خۆیان دەست پێ

دەکەنەوە. هەرچەندە نازانرێت بۆبۆ چ وتەیەکی چرپاندووە بە گوێی دێمێتێر دا، بەڵام خواوەندی دێمێتێر ڕزگار دەکات لە خەمگینیی. ئیدی لەو ڕۆژەوە بۆبۆ وەک ژنێکی لنگ بڵاوکراوە نیشان دەدرێت، ئافرەتێکی توزێک ناپەسەند، لە هەمان کاتا خۆشەویست؛ دەموچاوێک لە سەر شانی و کوزێک لە خوار دەم و لێویەوە. وەک ئەوەی دەموچاوێکمان ئافراندبێت بۆ کوزێک.



**پەیکەری بۆبۆ**

بۆبۆ وەک ژنێکی پیرۆز و شفاکەر و شۆخیکەر ناسراوە. ئەم میتۆلۆژیە پاڵنەرە بۆ ئازاد کردنی ژنان، بە دانس و پێکەنین و ئازادی سێکس و مردنیش وەک دەوراندەورێک، هەروەها هاندەری مێینەیە بە قبوڵکردنی ژیان بە بێ ترس. وەک ئەوەی بۆبۆ بە گوێی دێمێتێردا بە چرپە باسی هۆکاری هەقیقەتی خەمگینیی ئەوی کردبێت، دەستی خستبێتە سەر برینی خەمگینیەکەی، بە هەڵدانەوەی کراسەکەی ئەو هەقیقەتەی تەقاندبێتەوە، بۆیە دێمێتێر بە هۆش خۆیدا دێتەوە و بە ئاگا دەبێتەوە و دەژیێتەوە.



## شێوازی خواوەندی بۆبۆ لە سەردەمی یۆنانیدا

لە میتۆلۆژیدا، تێمی لەدایکبوونەوە و ژیانەوە، بەستراونەتەوە بە ئێرۆتیزمەوە، وەک لە دایک بوونی دیۆنیزۆس دوو جاران. هەروەها وا هەست دەکەین کە هەندێک بیرۆکەی ئەم میتۆلۆژیە بە ناڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە گەشتەکەی خواوەندی ئینانەوە؛ گەشتەکەی ئینانا بۆ جیهانی ژێر زەوی؛ جەهەنم. بەستنەوەی وشکە ساڵیش بە مردنی ئیناناوە، خواوەندی ئیناناش وەک خاوەندی خۆشەویستی و سێکس و ژیان و بوژاندنەوەیە لای سۆمەرییەکان.

چیرۆکی دێمێتێر و بۆبۆ بە چەندەها جۆری جیاواز لە ڕابوردوودا گێڕدراوەتەوە، یەکێک لەوانە گوایە دێمێتێر وازی لە خواوەندەکان هێناوە و لە گەڵ پیاواندا هێشتا پەیوەندی نە بەستووە و وەک دێوانە سەری خۆی هەڵگرتووە، بۆ ماوەی نۆ ڕۆژ بە بێ وچان ڕێگای دەشت و دەری گرتۆتە بەر. هیلاک و ماندوو، نە خۆی شوشتووە، نە خواردنی خواردووە. لە تەنیشت بیرێکەوە دادەنیشێت، پاشان کچی پاشا دێت بە پیریەوە و دەیبات بۆ لای شاژن کە تازە زاوە و کوڕێکی بووە، شاژن بە بنینیی خواوەندی دێمێتێر هەست بە تەزویەک و موچڕکەیەکی پیرۆز و غەوارە دەکات بە جەستەیدا تێپەڕ دەبێت. دەست و برد لە بەری هەڵدەستێ هەتاوەکو جێگاکەی بۆ خواوەند چۆڵ بکات، بەڵام دیمێتێر لە شوێنی خۆی نابزوێت و بە پێوە دەمێنێتەوە بە بێ دەنگیی، بۆیە شاژن کورسیەکی بۆ پێشنیار دەکات، کورسیەکە بە پێستێکی سپی مەڕ داپۆشراوە، ئینجا دێمێتێر دادەنیشیت، بەڵام هەر بە بێ دەنگی و بە خەمگینی دەمێنێتەوە، دوای ئەوەی شاژن بە قسە خۆشەکانی دەیخاتە پێ کەنین و زەوق و شەوق، ئیدی دێمێتێر دەبوژێتەوە.

فرۆید باسی دیمێتێری کردووە لە کاتێکدا باسی کچێکی دەرون شێواو دەکات؛ یەکێک لە نەخۆشەکانی. گوایە ئەو کچە وێنە و بیرۆکەی وابەستەی هەبووە، هەر کاتێك باوکی بینیوە هاتۆتە ژورەکەیەوە، بیرۆکەیەک بە هزریدا تێپەڕیوە، ئەویش وشەی "ڤاتریارش *Vaterarsch*"ە و بە مانای: "باوک سالار" دێت، بەڵام بە ئەڵمانی "ئارش، *arsch*" بە مانای " قون" دێت، وەک ئەوەی بڵێین: "باوک – قون"، بۆیەکا هەر کاتێک باوکی بینیوە ئەو وشەیەی بە بیردا هاتووە و باوکی وەک بەشێک لە ناوەرۆکی جەستەی بینیوە؛ بە بێ سەر و دەست و قاچ و سنگ، ئۆرگانی زاوزێی دیاری نەکراوە، رووکەشی دەموچاوی لەسەر زگی بووە وەک بۆبۆ.

فرێدێریک نیچەش کاتێک لە کۆتایی ژیانیدا ئاشنا دەبێت بە چیرۆکی بۆبۆ و دێمێتێر، لەو ڕووەوە دەڵێت:

**" دەبێت زیاتر ڕێز لە شەرمنیی بگرین، کە سروشت خۆی تێدا دەشارێتەوە بە مەتەڵ و دودڵیی جۆرا و جۆرەوە. پێ دەچێت هەقیقەت ژنێک بێت کە هۆکاری هەیە بەوەی کە پاساوەکانی خۆی دەشارێتەوە؟ خۆ ئەگەر بە یۆنانی بدوێین، ئەو ژنە ناوی بۆبۆ نیە؟"**

لێکدانەوەی زۆر بۆ ئەم وتەیەی نیچە کراوە، نیچەیەک کە لە بەرەی دیۆنیزۆس بووە، مەبەستی چیە کاتێک دەڵێت: پێ دەچێت هەقیقیەت ژنێک بێت پاساوی هەیە کە خۆی ئاشکرا نەکات؟ نیچەیەک کە بە ڕاشاکاوانەوە دەڵێت:

**ئاه، هەقیقەت؟ هەقیقەت ناناسیت؟ ئایا تەقینەوە نیە بە ڕووی شەرمنیمان؟**

ئەم وتەیەی نێچە زیاتر دەگونجێت لەگەڵ هەڵدانەوەی ڕۆبەکەی بۆبۆ، وەک تێپەڕاندنی سنوور "ترانسگرێسیۆن" و روبەڕووبونەوەی شەرم. هەربۆیەش دێمێتێر دەداتە قاقای پێکەنین لەبەر ئەوەی بۆبۆ هانی دێمێتێری داوە بگات بە هەقیقەت بە تێپەڕاندنی شەرم، بە هەقەیقەتی خەمبارییەکەی.
هەڵدانەوەی ڕۆبەکەی بۆبۆ چەندەها لێکدانەوەی بۆ دەکرێت؛ ئایا بۆبۆ مەبەستی پیشاندانی سێکسی بووە، یان زگی، یاخود هەندەک لێکدانەوە باسی ئەوە دەکەن کە گوایە بۆبۆ "سەمای سک"ی کردبێت. ڕاستە کە بۆبۆ ڕۆبەکەی لە بەردەم نێرینەیەکدا هەڵ نەداوەتەوە کە گشت مانای ئاکتەکەی دەگۆڕی، بەڵام بە هەڵدانەوەی ڕۆبەکەی شتێکی شاراوەی واڵاکردووە بۆ دێمێتێر؛ هۆکاری خەمگینیەکەی. واڵاکردنی هەقیقەتێکە بە بەزاندنی سنور. بەڵام ئایا زمان و دوان و پێکەنین، دەنگی چەپێندراوی هەوەس نین؟ سەرچاوەی هەوەسیش ئارەزوی سێکسوێلە، پێویستمان بە فرۆیدیش نیە هەتا بۆچونەکانمان بسەلمێنێت، ئەگەر نا هەرگیز دینەکان ڕەچاویان لە پێکەنینی ئافرەتان نە دەکرد وەک کارێکی ناپەسەند. هەرچۆنێک بێت کاتێک بۆبۆ ڕۆبەکەی هەڵدەداتەوە بە مەبەستی واڵاکردنی شتێکی شاراوەیە کە بۆتە هۆی خەمباری دێمێتێر بە سنور بەزاندن (ترانسگرێسیۆن). لە بەر ئەوەی سەرچاوەی پێکەنین بەزاندنی سنورە، بەگژداچونەوەی سنورە، واتە واڵاکردنی ئەو هەقیقەتەیە کە خواوەند دەهێنێتە پێکەنین. هەروەها وەک لە دەقە پێشوەکاندا باسی دێمێتێر کراوە کە لەوەتەی لە خواوەندەکان جودا بۆتەوە هێشتا پەیوەندی دەگەڵ پیاواندا نەبەستووە، بێ شک ئاکتی سێکسوێلیش کە زاییینی لێ دەکەوێتەوە سەرچاوەی هەوەسە، دەبنە هۆی بەدینامیککردنی مرۆڤایەتی کە پێیێ دەڵێین ژیان، بۆیە دێمێتێر کە خەمگینە و جیهانیش بەو بۆنەیەوە توشی وشکەساڵی بۆتەوە، جارێکی تر دەژیێتە.

هەرچۆنێک بێت شکڵێکی نێرتکمان داوە بە پەیکەری بۆبۆ بە ئۆرگانی مێینەوە، شکڵێکی بەهێز، دەم و چاوێک بە سێکسی مێینەوە، کە گوزارشت لە سێکسوالیتێ و جەوهەری ژنمان نیشان دەدات، ئەم شکڵەش لە دەرئەنجامی ئەو ئاکتە ڕزگارکەرەی بۆبۆوە ئافرێندراوە.

***

کاتێک پەیکەرتاشی بەناوبانگی فەرەنسی ڕۆدا، لە کۆتایی سەدەی نۆزدە، پەیکەری ژنێکی لنگ بڵاوی کرد بە مەبەستی زیاتر سنور پەڕاندن لە واڵاکرنی جەستەی مێینە، لە سەردەمی خۆیدا وەک کارێکی هونەریی غەوارە و خراپ و ئابڕوبەر ڕەچاوی لێ دەکرا، بۆیە بوو بە هەڵا لە پاریس. ئەو دەمە وامان دەزانی هونەرمەند ئیلهامی لە تابلۆکەی "مانێ" وەرگرتبوو؛ تابلۆی "خوان لە سروشتا" هەتاوەکو پێشبڕکێی ئەو بکات لە رووتکردنەوەی جەستەی مێینە و زیاتر سنوری مۆراڵ ببەزێنێت، بەڵام ڕۆدا خۆی لەو سەردەمەدا خاوەنی پەیکەرێکی بۆبۆ بووە؛ پەیکەرێکی یۆنانی بۆبۆی بە نرخێکی زۆر گرانبەها لە بازاردا کڕیبوو، بێ شک لە ژێر کاریگەریی ئەو پەیکەرەدا ڕۆدا پەیکەری ئەو کچە لنگ بڵاکراوەی کردووە کە بووە یەکێک لە پەیکەرە بەناوبانگەکانی سەردەمی مۆدێرن.





**پەیکەری پەیکەرتاش ڕۆدا (Rodin)**

**پەیکەری بۆبۆ لە سەردەمی یۆنانیدا**

تێمی سێکس و ئێرۆتیزم دەمان بەنەوە سەر چەمکی پێکەنین، بۆیە لە میتۆلژی بۆبۆ و دێمێتێر دا پێکەنین بەستراوەتەوە بە هەڵدانەوەی ڕۆبەکەی بۆبۆوە، بە پیشاندانی ناوگەڵی، پیشاندانی ئەوەی شاراوەیە، بەزاندنی سنورە، لە بەر ئەوەی پێکەنین بەشێکە لە ئێرۆتیزم و بەندە لەسەر سنوربەزاندن وەک ئێرۆتیزم. هەر بۆیەش لە دینی مەسیحیدا پێکەنین وەک کارێکی شەیتانی و جادوگەریی و دەرخستنی دان وەک دڕندەیی و هەوەسی سێکسیی ڕەچاوی لێ کراوە، کەنیسە دژی میتۆلۆژی یۆنانی وەستاوەتەوە کە جێگایەکی بۆ پێکەنینی ژنان تەرخان کردووە، ئەوان بە پێچەوانەوە هەردەم سەرزەنشتی ژنانین کردووە کە ئاگاداری خۆیان بن لە کاتی پێکەنیندا.

خۆ ئەگەر دینەکان بە ڕاستەوخۆ ڕیگرییان لە مێینە کردووە ئەوا ئاکتی پێکەنین لە دەرئەنجامی ڕوداوێک یان شکڵێکەوە دێت کە سنوری مۆراڵ و قانونی بەزاندبێت وەک ڕۆبەکەی بۆبۆ، بە مەرجێک تراژیک نەبێت، بۆیە لە نەستی مرۆڤدا پێکەنین گوزارشت لە ئازادی و هەوەسی سێکسوێل دەکات لە بەر ئەوەی ئێرۆتیزم بەگژداچونەوەی مردنە بە

والاکردنی هەوەسی سێکسوێل. سەرنجیشمان داوە کاتێک ژنانی دێهاتی لە کوردستان لە بەردەم پیاواندا یان بێگانەیەکدا پێدەکەنن، بە خۆڕسکانە دەست دەگرن بە دەمیانەوە یان فەقیانەکەیان دەگرن بە دەمییانەوە، وەک ئەوەی سێکسیان دابپۆشن، ئەم هەڵسوکەوتەش لە ئەوروپا باو بووە بە جۆرێکی تر، هەتا ئەم سەردەمەش لە هەندەک خێزانی بۆرژوازیدا ژنان بە ئاگادرییەوە پێ دەکەنن؛ هەوڵ دەدەن شادییان بە پێکەنینێکی شەرماویی و شاراوە دەرببڕن، بە بێ ئەوەی بدەنە قاقای پێکەنین و ددانیان نیشا بدەن. هەروەها سەرنجمان داوە لە کوردستان نەک پێکەنین بەڵکو ژنان هەڵپەڕکێیەکی تایبەت بە خۆیان هەیە کە ریگایان پێ نادات زۆر جەستەیان بە ئازادی بجوڵێنن، چونکە سەما و جەستەجولاندنەوەش هەر گوزارشت لە ئازادی و هەوەسی سێکسوێل دەکەن، بۆیەکا کاتێک ژنێک دەبینین بە ئازادی هەڵدەپەڕێت و شادە، هەوەسی خۆی بەجەستە دەنوێنێت، ئەگەر ئەو دیمەنە هەوەسمان دەورووژێنێت، ئەوا لە کۆمەڵگەدا بە کارێکی ناڕەوا ڕەچاوی لێ دەکرێت لە بەر ئەوەی کە گوناح و نابەجێیە ژنان ئارەزوی سێکسوێلی خۆیان ئاشکرا بکەن، بە تایبەتی لە کولتووری ئیسلامیدا، لە بەر ئەوەی هەموو پێکەنینێک وەک هەڵپەڕکێ و جولاندنەوەی جەستە بە ئازادیەوە بەستراونەتەوە، بە هەوەسی سێکسوێلەوە بەستراونەتەوە.

هەر بۆیەش لە مێژەوە لە تابلۆکاندا نەدەبوا پێکەنین و ددانی ژنان نیشان بدرێت، دان وەک ڕەمزی سێکسوالیتێ و بەزاندنی سنور دەبینرا، بەڵام خزمەتکار و کەسانی هەژار بۆیان هەبووە پێبکەنن، چونکا ئەوان لە چینی خوارەوە بوون، کەواتە کەسانی نزم بوون. سەرزەنشتی کچانی بۆرژوایان کردووە لە کاتی پێکەنیندا دەستەسڕ بگرن  بە دەمیانەوە، کەنیسە پەرتوکی بچکۆلەی ڕێنمایی بەتایبەتیی لە سەر چۆنایەتی پێکەنین بڵاو کردۆتەوە بە سەر ژناناد. هەر بەو مەبەستەشە کە خواوەندی بۆبۆ، هەندەک جار بە خواوەند و هەندەک جاریش وەک خزمەتکار ناسراوە. وەک بینیمان لە ڕێنیسانسدا سەردەمی بوژاندەنوە و بەخەبەربوونەوە لە ئەوروپا، مۆنالیزا بە خەندەیەکی شەرماویەوە خۆی نیشاندا، پاشان هونەرمەندی ئیسپانی ڕامبرەند "Rambrandt" بۆ یەکەم جار لە مێژووی هونەردا کچێکی بە پێکەنینەوە نیشاندا لەسەر تابلۆیەک.



**دەرکەوتنی پێکەنین لە تابلۆیەکی ڕامبەرەند (Rambrandt-1669-1606)**

کۆنترین پێکەنین کە لە مێژوودا باسکرابێت، لە بایبڵدا باسکراوە. پێکەنینی سارای خێزانی ئیبراهیمە لە بەردەم ئێزداندا، لە بەر ئەوەی خودا بابەتێکی ناڕەوای بۆ پێشنیار دەکات؛

"ئاخر چۆن ڕێی تێ دەچێت ئافرەتێک لە هەشتاساڵیدا دووگیان ببێت؟ نە سوڕی مانگانەی ماوە نە چێژی جووتبوون؟ "

بەڵام یاڤێ پێی دەڵێت کە ساڵی داهاتوو دەگەڕێتەوە بۆ لایان و کوڕێکیان دەبێت، ئەو کارەش بۆ خودا گران نیە بۆیە نابێت پێ بکەنێت. سارا لە ترسا نەرێنی دەکات لە وەی کە پێکەنیبێت، بەڵام یاڤێ پێداگریی لە سەر دەکات و پێی دەڵێت:

- نا، تۆ پێکەنیت.

هەرچەندە بایبڵ ڕوونکردنەوە نادات لەسەر پێکەنینی سارا و ڕاستەوخۆ سارا خەتابار ناکات، بەڵام لە دیالۆگەکەدا هەست بە خەتابارکردنێک دەکەین لە لایەن ئێزدانەوە بەرامبەر بە پێکەنینی سارا.

دوو لێکدانەوە بۆ پێکەنینی سارا دەکرێت بە پێی تێکستی عیبری؛ خودا بابەتێکی گەڵتەجاڕیی وروژاندووە، بۆیە سارای هێناوەتە پێکەنین. بەڵام پێ دەچێت پێکەنینی سارا پێکەنینێکی خەمگینیی بێت، بەوەی کە ئەو ئارەزووی جووتبوونی نەماوە. پێ دەکەنین هەتا خەمگینیی نەمان باتەوە بۆ خۆی وەک دێمێنێر. پێکەنین دژی خەمگینی و مردنە. هەر

بۆیەش خواوەندی دێمێتێر چاک دەبێتەوە و کۆتایی بە وشکە ساڵی دێت. ئێرۆتیزم بەرپەرچدانەوەی مردنە.

بۆیە ئەو ژنانەی کە پێدەکەنن و سەما دەکەن وەک کەسانی پەتیارە و بێ پەروەردە ڕەچاویان لێ کراوە، هەر بە هەمان مەبەست کچانی لەش فرۆش دەم بە پێکەنینن، هەتا بۆ مشتەریەکانیان بسەلمێنن کە ئەوان هەوەسی سێکسوێلیان هەیە، لە بەر ئەوەی کە ئاشکرایە ئێمە سێکس لەگەل بێ گیاندا ناکەین، بەڵکو بەگژیدا دەچینەوە، هەر بەو مەبەستەشە لە داستانی گیلگامێشدا ئەو کچەی کە ئەنکیدو رامدەکات و ڕازی دەکات لە گەڵیا بڕوات بۆ شاری ئور هەتاوەکو ببێتە کەسێکی شارستانیی، ناوی "خانمی خۆشیە"، واتە "خۆشی" بە ناو هاتووە، بەڵام لە هەموو تەرجومەکانی عارەبی و کوردیدا لە بری وشەی " خۆشی" "خۆشیدەر"یان داناوە بە ئاوەڵناو نەک بە ناو. من زیاتر ڕام لە گەڵ ژۆن بۆتێرۆیە کە وای باوەڕە ناوی ئەو کچە زیاتر نزیکە لەو ناوەی کە لە ساڵانی شەستا لە فەرەنسا بەکار دەهات بۆ ئافرەتی لەش فرۆش؛ فەرەنسیەکان لە بری ئافرەتی لەش فرۆش"prostitué" بە زمانی ڕەمەکی دەیان گووت: فی دو ژووا (fille de joie )، بە واتای " کچی خۆشیی و ئاهەنگ" دێت نەک "خۆشیدەر" بەمانی ئەو کەسەی خۆشی دەدات. وشەی خۆشی لێرەدا تەواو بە پێچەوانەی خەمگینیەوە هاتووە.

**(فی دو ژووا "filele de joie" وشەیەکی لێکدراوە و ناوێکیان لێ پێک هێناوە).**

***

کاتێک شارل گاغنیێ"Charles Garnier" لە ساڵی 1869 دا، ئۆپرای پاریس دروست دەکات، کە ئێستاکە ئۆپرای پاریس ناوی ئەوی هەڵگرتووە؛ "ئۆپرای گاغنیێ"، داوا لە پەیکەرتاش ژۆن باستیست کۆرپۆ "Jean Baptiste Carpeaux" دەکات پەیکەرێکی بۆ بکات بۆ دیواری بەردەمی ئۆپرا، ئەویش پەیکەرێک دروست دەکات لەسەر تێمی دانس؛ کوڕێکی گەنج خەریکی تەمبور ژەنینە و بە چواردەوریدا چەند ژنێکی دیۆنیزۆسیی بە ڕووتی و بە پێکەنینەوە دانس دەکەن بە دەوریا. هەر بە بینینی ئەو پەیکەرە، دەبێتە هەرا و کۆکردنەوەی واژۆ دژی ئەو کارە و شەوێک چەند کەسێک بۆیەی ڕەش دەڕێژن بە سەر پەیکەرەکەدا کە هەتا ئەم سەردەمەش جێ شوێنی ئەو بۆیە ڕەشە دوای پاکردنەوەشی بە پەیکەرەکەوە دیارە. ناچار پەیکەرەکە دەبرێتە مۆزەخانەی لۆڤەر و پاشان بۆ مۆزەخانەی ئۆرسای لە پاریس.



***

سەرچاوەکان:

دۆکیومەنتەری تەلەفزوێنی فەرەنسی بە ناوی ؛ پێکەنین.

وتاری : *Monique Broc-Lapeyre* بە ناوی ؛ بۆچی بۆبۆ دێمێتێری هێنایە پێکەنین؟
" Pourquoi Baubô a-t-elle fait rire Déméter "

# كۆتایی



# شۆڕشی ئێران و سێکس

## ئەم بابەتە ساڵی 1990 لە بلۆگەکەمدا بڵاوم کردەوە.

تازەگەشتبومە فەرەنسا زمانم هێشتا باش نەدەزانی، وەك هەموو بیانییەک و خوێندکارەکانی زمانی فەرەنسی ئیش و کارمان هەر گان کردن بوو، ئەو سەردەمەش بەهۆی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوە، ئێرانیەکی زۆریش پەناهێندە بوون لە فەرەنسا.

هەمووومان بە ڕۆژا زمانمان دەخوێند و بەشەوا لەنا جێگەدا بەگان کردنەوە بەردەوامیمان بە خوێندن دەدا و هەر لە جێگەدا بە دەم گانکردنەوە فێری زمانی فەرەنسی دەبووین. بیرم دێ هەنێ جار کچان دەهاتنەماڵەوە و دەعوەتیان دەکردین بۆ ئاهەنگ، ئیدی شەوانەمان بە گان کردن و خواردنەوە دەبردە سەر، هەرگیز دەستم نەدەشت چونکە بۆ ڕۆژی دوایی لە دانشگا بۆنی دەستم خۆمم دەکرد کە هێشتا بۆنی کوزی لێ دەهات.

کچێکی ڤێتنامیم لە ئاهەنگێکدا ناسی ئێجگار جوانخاس بوو. باوک و دایکی پەناهێندە بوون بەڵام خۆی لە فەرەنسا لە دایک بوبوو لەگەڵ ئەوەشدا هەڵسوکەوتی تەواو ئاسیایی بوو لەڕووی سێکسوێلەوە؛ وەک فەرەنسییەکان بە ئاسانی خۆی نە دەدا بە دەستەوە. هەموو دوانیوەڕۆیەك دەهات بۆلام بۆ ماڵەوە منیش ئەو سەردەمە هەر بیرم لە گانکردن دەکردەوە، هەر کە دەهاتە ژورەوە دەرگاکەم دادەخست و دەستم دەکرد بە ماچ کردنی ئەویش داوای لێ دەکردم پەردەکە داخەم، گڵۆپەکان بکوژێنمەوە دوای ئەوەی هەموو داواکارییەکانیم بەجێ دەهێنا هەر نەی دەهێشت جلەکانی داکەنم، فەرەنسیەکەم ئەوەندەی تیانەبوو تا بۆی ڕوون بکەمەوە کە ئاگام لەپەردەی کچێنی دەبێت و نای ژاکێنم، ئیتر بۆماوەی دوو سەعات تەنها دەمتوانی لەو تاریکیەدا بە ئاستەم سەرگۆی مەمکی بمژم لەسەر کراسەکەیەوە، ئەم حاڵەتە بێزاری کردبووم و هەموو جارێك پێم دەگووت: خوشکی برا بۆ دێی بۆ لام کەتۆ ناتەوێ ڕابوێریت؟ چیت لە من دەوێت؟ وادیار بوو چاوەڕوانی ئەوەبوو کە بچمە داواکاری، نەی دەزانی کە من ئەگەر لە کوردستانەوە هاتووم بۆ فەرەنسا هەتاوەکو خۆم ڕزگار بکەم لە خەتاباریی، جگە لەوەی ئەوەی بە برمدا نەدەهات ژن هێنان بوو لەو تەمەنەمدا، کوڕێکی ڕۆژهەڵاتی پێی گووتم: کوڕە واز لەو کچە ڤێتنامیە بهێنە چونکە وەکو کچی لای خۆمان وان ئەگەر ڕۆژێك ماچێکت بداتێ لەوانەیە کودەتا لە ڤێتنام ڕوو بدات ئەوەندە شتێکی ئاڵۆزە بۆ ئەوان، بەڵام هێندەی پێ نەچوو دوانیوەڕۆیەك هاتەماڵەوە و خۆی ڕووت کردەوە و دوو کەندۆمی بۆ هەڵدام و لەسەر جێگەکە پاڵ کەووت، منیش تائەو کاتە نەم بینیبوو ئافرەت لنگی بڵاو بکاتەوەو بڵێ بیکە؛ نە ماچێك، نە کێر مژینێک، نە کوز مژینێك، تۆزێ سەیر بوو بەلامەوەو ئارەزووم تورا، لە هەمان کاتدا ئەوەشدا شەوی

ڕابوردوو گانێکی زۆرم کردبوو، هەر خێرا قسەی ئەو کوڕەم ڕۆژهەڵاتییەکەم هاتەوە بیر و چووم ڕادوێکەم کردەوە هەتاوەکو بزانم ئایا کودەتا ڕووی نەداوە لە ڤێتنام! بەڵام وەها دیار بوو هیچ ڕووی نەدابوو.

چەند زوگورتیەك بووین لە ماڵێکدا هەر یەکەمان ژوری خۆی هەبوو، هەندێ شەو کوڕ و کچێکی زۆری لێ بوو خەریکی گانگردن بووین هەتا بەیانی، هەندێ جار بە کۆمەڵ و هەندێجار بەتاك، شەوێکیان کوڕێکی ئێرانی سمێڵدار، توکن وەکو بزن لەو دیوەوە لەگەڵ کچێکدا گانی دەکرد، ئەو سەردەمە یادی بەخێر کچانی فەرەنسی زۆر ئارەزویان دەکرد کە قونی کوڕ بمژن، زمانیان دەخستە ناو قونتەوە، ئای خوایە کە خوش بوو! کوڕە ئێرانیەکەش لە ژوورەکەی ئەو دیو کەوتبوو بەسەر کچێکی لەو جۆرە و زمانی بۆ خستبوە ناو قونە توکناوییەکەیەوە. ئەوەندە قونی بۆ مژی بوو ئۆقرەی لێ بڕابوو. بە دەم هاواریەوە دەی گووت: وەرە شارۆخ بۆ خاتری خوا بم گێ ئەو کچە ئەوەندە قونی بۆ مژیوم هەوەسی ورووژاندوم. ئا لەویادا جارێکی تر بیری قسەی هاوڕێکەم کەوتەوە، خێرا چوم ڕادوێکەم داگیرساند هەتاوەکو بزانم دەنگ و باس چییە، دەنگو باس هەر ئەوە بوو کە خومەینی حوکمی تەواوی گرتۆتە دەست و ئۆپۆزیسیۆن نەماوە.

کۆتایی

**بۆچی دەسەڵاتی ژن و کوزی ژنان دەمانترسێنن؟**

ئەو بۆیەکارییە (وێنەی 01)، ساڵی ١٦٠٠ بەرجەستەکراوە لە لایەن هونەرمەند (Frans Francken the Younger)، بە ناوی ( ئازایەتی ژنانی فارس). چیرۆکی ڕووداوی لەشکری فارسەکان دەگێڕێتەوە بە سەرۆکایەتی سیروسی گەورە، کاتێک تێکشکاون و هەڵهاتوون و گەشتونەتە بەر دەرگای شار و دوژمن بە دوایانەوەیە. ژنانی شار دێن بە دەمیانەوە و ڕۆبەکانیان هەڵدەدەنەوە و کوزیان پیشانی مێرد (سەرباز)ە کان دەدەن، دەرەنجام سەربازەکان شەرمەزار دەبن، دەگەڕێنەوە و ڕوبەڕووی دوژمن دەبنەوە و و سەرکەوتن بەدەست دێنن. ئەم ڕووداوە بە شێوازێکی تر ڕوداوی جەبەل تاریقمان وەبیر دەهێنێتەوە؛ کاتێک لەشکری ئیسلام بە سەرۆکایەتی تاریقی کوڕی زیاد، پاپۆڕەکان بە

ویست دەسوتێنێت و بە سەربازەکان دەڵێت:  دەریا لە پشتانەوەیە و دوژمن لە پێشەوە، ئەگەر ڕووبەڕووی دوژمن ببنەوە ئەوا شانسێکتان هەیە ئەگەر نا لە دەریادا دەخنکێن.



**(وێنەی 01) ئازایەتی ژنانی فارس، بۆیەکاری هونەرمەند (Frans Francken the Younger) ساڵی 1600.**


وەک سەرنج دەدەین لە تابلۆکەدا پیاوان چاویان دادەپۆشن و بە بینینی کوزی ژنەکانیان شەرم دایاندەگرێ، وەک ئەوەی لە دەریادا بخنکێن. بەڵام بۆچی شەرمەزار دەبن ئەگەر ژنەکانیان کوزیان واڵابکەن، یان ئابڕویان دەچێت؟ چ نەهێنییەک لە ژێر چەمکی ئابڕوچوونەوە خۆی مەڵاس داوە، یان چی ئابروچوون و واڵاکردنی ناوگەڵی ئافرەتان گرە دەدات پێکەوە؟ چونکا مەبەس لێرەدا ئەوە نییە کە تێیان بگەیەنن گوایە ئەوان لاقە دەکرێن لەلایەن دوژمنانەوە، هەرچەندە ڕاستیەکی تێدایە؛ لە دوای هەموو جەنگێکی دۆڕاو، ژنانی بەرەی دۆڕاو  لاقە دەکرێن.

ڕەپبوونی چووک  بە مانای هەوەس و ئارەزوو دێت بە ژیان، سەرکەوتن ڕەپبوون دەورووژێنێت بەو پێیەی کە جینەکانی منی مرۆڤ جینی بەهێزن و شەرعیەتیان هەیە بەردەوامیی بە خۆیان بدەن وەک جینێکی بەتوانا، بە پێچەوانەوە دۆڕاندن پێچەوانەی ڕەپ بوون و سەرکەوتنە کەواتە شەرعیەتی مانەوە و بەردەوامیی نیە. خەباتی هەموو بونێکیش برتییە لە خەباتی بەردەوامیدان بە ژیان، بەردوامیدان بە جینەکانی خود وەک جینێکی بەتوانا. بۆیەکا مرۆڤی ساپیان هێندە بە دوای سەرکەوتندا وێڵە. سەرکەوتن بە مانای مانەوە دێت لە ژیان کە جەوهەری هەموو بونێکە. کردەی ڕەپبوون چەمکی سەرکەوتن

دەرووژێنێت بۆیەکا باشترین ئافرەت ئافرەتێکی کۆیلەیە بۆ چێژی سێکسوێلی پیاوان، لەبەر ئەوەی کردەی سێکوێل بۆ پیاوان جۆرێکە لە ڕاوکردن و هەڵمەتبردن، جۆرێکە لە لاقەکردن، هەرکاتێک خانم هەڵگەڕایەوە و توانای ڕووبەڕووبونەوەی پێ درا، چێژی سێکسوێلی هەڵمەتبەر دەداتە بەر پرسیار و مەترسی، هەوەسی سێکسوێلی پەلاماردەر دادەکشێ، دنیا سەرەونوخوون دەبێتەوە، ئۆردەرەکان وەردەچەرخێن. بۆیەکا ئەو ئافرەتانەی کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگ و خاوەنی ئابوورییەکی گرنگ (خاوەن شەریکە و بەرپرسیارییەت)ن، بە تەنیا دەمێننەوە لە کاتێکدا پیاوان بە پێچەوانەوە لە تەمەنێکی گەورەساڵاندا دەبنە خاوەنی کیژۆڵەی ناسک و نازدار. کەواتە کاتێک ئافرەتانی فارس کوزیان پیشانی مێردەکنیان دەدەن، تێیان دەگەیەنن کە ئیدی یاسا کۆمەڵایەتییەکان سەرەونوخون دەبنەوە، ئەو کوزەی هەتا ئەو ساتە شاراوە بوو، کۆیلە بوو، ببووە نێچیری تۆ، ئیدی لەمەودوا دەسەڵات دەگرێتە دەست جگە لەوەی کە وەرچەرخانی ئۆردەرەکانە، واتە زاڵبونیەتی و هەرکاتێکیش کوز دەسەلاتی گرتە دەست ئیدی ئەوە کۆتایی چوکی ڕەپ و دەسەلاتی پیاوانە، کۆتایی باوکسالاریە.


بەڵام بۆچی پیشاندانی کوزی ژنەکانیان ئەو دەورە دەگێڕێت کە پیاوان ناچاربن ڕووبەرووی دوژمن ببنەوە؟

ئەگەر ئۆرگانی ژنان شاراوەیە و لە ناوەوەی جەستەیە (شکڵێل نییە بە دەست بگیرێت) ئەوا کولتوور ئەو دیاردەیەی هێندەی تر زەقترکردۆتەوە بۆیەکا وەک ئۆرگانێکی شەرمەزاریی ڕەچاوی لێ کراوە لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرچاوەی ژیانە. لە دەرونشیکاریدا بە نەبوون یان بڕاوە و بێ بەش بوون لە شتێک باسی لێوەکراوە، بە جۆرێک کە بۆتە جێگای شەرم و لە زۆر کولتووردا ناوێکی دیاریکراوی نییە. لە زمانە لاتینییەکاندا ناوەکان ئەگەر ڕەمزیی نەبن وەک پشیلە و کولیچە و...تاد، ئەوا زانستین، بە جۆرێک کە مێینە خۆی شارەزایی لە ئەناتۆمی کوزی خۆی نییە و شەرم دەکات باسی بکات و شانازیی پێوە بکات، بەڵام لە ڕاستیدا کوزی ئافرەت شکڵێکی پێچەوانەی نێرتکە بە مەبەسی چوونە ناو یەکتری.




**وێنەی (02) کلیتۆریس**

چاوەڕوانی سەدەی بیست و یەکمان کرد هەتا فەرەنسییەکان توانییان شکڵێک بدەن بە کلیتۆریسس (وێنەی 02). ئیدی لێرەوە ژنە فەمینیستەکان و هونەرمەندان دەستیان کرد بە نیشاندان و باسکردنی ئۆرگانی سێکسوێلی خۆیان بە ئاشکرا و بەرزکردنەوەی دوو پەنجە بەلکاوی پێکەوە وەک هێمای کوز (وێنەی03)، وەک چۆن پیاوان بە پەنجەیەک گوزارشت لە چوکیان دەکەن.




**(وێنەی03) بەرزکردنەوەی دوو پەنجە وەک هێمای کوز لەسەر شانۆ لەلایەن هونەرمەندێکی فەمینیستەوە.**

لە دینەکاندا بە تایبەتی لە دینی ئیسلامدا ژنان هەمیشە بە جلک و بە کردار دەوری ملکەچییان پێ سپێردراوە، بە خۆداپۆشین و قبوڵکردنی داوای پیاوان. بەم شێوەیە ئاوێک دەکەین بەو ئاگرەدا و کۆمەڵگەیەک و ژیانێکی (بێ کێشە) دەژیێین کە ئاغا و کۆیلە دەخاتە پەیوەندیەوە، لە چوارچێوەیان دەگرێت. سەرەتای هەموو ئەم لۆژیکانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی کشتوکاڵیی، ئەو دەمەی کە پیاوان دەستیان کرد بە کشتوکاڵ و ئەو کارەیان لە دەست ژنان دەرهێنا. ئیدی بە هەموو شێواز و سیاسەتێک هەوڵدراوە ئەو کۆیلایەتیە بخەنە ڕوو، بیسەپێنن بەسەر ژناندا لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. دەبینین چلۆن دینەکان هەردەم بە جلک پۆشین ئافرەتان بە کۆیلە دەکەن، دینەکان کە بەرهەمی سەردەمی کشتوکاڵین. خۆ ئێمە باش دەزانین کە قژی ژنان هەوەس ناورووژێنن، بەڵام قژ بە دەم باوە چەمکی ئازادی دەورووژێنێت، بۆیەکا سەرنج دەدەین لەسەر دەریاکانی فەرەنسا کچانی موسڵمان سمتیان بە دەرەوەیە بەڵام لەچکێکیان بەسەرەوەیە، ئافرەتان بەم ڕووکەشە باری کۆیلایەتی خۆیانمان بۆ نمایش دەکەن بە مەبەسی ورووژاندنی هەوەسی نێرینە. دەبێت ئەوە بوترێت کە کولتووری مرۆڤایەتی و شارستانی لەسەردەمی کشتوکاڵییەوە لەسەر ئەم سیاسەتە بەندە. ئەگەر لە چیرۆکی ئادەم و حەوادا، حەوا تاوانبار کراوە، بە مەبەسی پتەواندنی زیاتری ئەم سیاسەتە بووە.

<< هێزی سیحراوی کوز چی گەرەکە؟ >>

ئەگەر نیچە کە ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ هەقیقەت ئەوا کاتێک ئاشنا دەبێت بە بەسەرهاتی بۆبۆ، دەڵێت: "پێ دەچێت کە هەقیقەت لە ژێر ڕۆبەکەی بۆبۆدا بێت". کاتێک خواوەند و لە هەمان کاتا خزمەتکار بۆبۆ (Baubo)ی یۆنانای (وێنەی04)، ڕۆبەکەی هەڵدەداتەوە بۆ ژنەخواوەند دێمێتێر(Démétér) لەبەر ئەوەی ناوبراو سەری خۆی هەڵگرتووە و بێزارە لە ژییان و نانی پێ ناخورێت، دەرئەنجام بە بینینی ناوگەڵی بۆبۆ دەداتە قاقای پێکەنین و ڕۆحی دەێتەوە بە بەردا و دەست دەکاتەوە بە نان خواردان و دەژیێتەوە. نیچە دەڵێت پێ دەچێت کە هەقیقەت لەژێر ڕۆبەکەی بۆبۆدا بێت، ئیدی نیچە لەوە زیاتر ڕوونکردنەوە نادات. خۆ ئەگەر جارێکی تر نیچە بژیێتەوە پێ دەچێت ژیانی خۆی تەرخان بکات بۆ ژێر ڕۆبەکەی بۆبۆ. هەرچەندە پاشای هەقیقەت دەبوا بیزانیایە کە سنورداركردنی ئازادی لە سێکسوالیتێدا بە داپۆشینی ناوگەڵی ئافرەت جۆرێکە لە

دەروازەیەک بەرەو ئازادیەکی تر کە فرۆیدا ناوی ناوە سوبلیمیناسیۆن واتە شاگەشی و بەرزبوونەوە بەرەو ئاگایی و هەقیقەتی ڕەها.



**(وێنەی04) خواوەندی بۆبۆ (Beaubo)**

بێ شک ئەم ئەفسانەیە وەک واڵاکردنی بەشێکی شاراوەی جەستەیە کە کۆمەڵگە و یاسا کۆمەڵایەتیەکان پێداگری لە شاراوەیی دەکەن لە سیستەمی باوکسالاریدا، بە مەبەسی بەگژداچونەوەی یاسا کۆمەڵاییەکانە، تێپەڕاندنی سنورە. ئیدی کولتووری واڵاکردنی ئەو بەشەی شاراوەیە بەردەوامی بەخۆی داوە؛ لە هونەردا واڵاکردنی ئەو بەشە وەک واڵاکردنی هەقیقەت ناسراوە. مێژووی ئەم شاردنەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ داپۆشینی خواوەندی ئینانا (ئیشتار) لەسەردەمی شارستانیەتی بابلدا.



**(وێنەی 5) ئاناسیرما (Anasyrma)**

کردەی هەڵدانەوەی ڕۆب و نیشاندانی ناوگەڵ یان پاشەڵ وەک خواوەندی بۆبۆ و ئاناسیرما Anasyrma (وێنەی 5)، وەک هێزێکی کۆمیک و لە هەمان کاتا سیحراوی ڕەچاوی لێ کراوە، لەلاین فرۆید و لاکانەوە بە تیۆری کراوە وەک ترس لە برینەوە. "ئانا سیرما پیاو دەترسێنێت". ئەم هێزە سیحراویە هێندە بەکارە هەنێ جار لە ترس و دڵڕاوەکێ و بڕینەوە دەرباز دەبێت و خۆی دەبینێتەوە لە چەمکی پێکەوە ژیان و دژی شەڕوئاژاوە دەوەستێتەوە چونکا وەک ئاماژەم پێدا لەسەرەوە وەرچەرخانی ئۆردەری لە خۆیدا حەشارداوە.

پاشان دیاردەی شاردنەوەی کوز چەمکی ترسناکیی و دژواری و لەهەمان کاتا هێزی سیحراوی لێ کەوتۆتەوە، بەجۆرێک کە لەسەدەکانی ناوەڕاستا وەک هێزێکی خراپە ڕەچاوی لێکراوە، هێزی جادوگەریی بە خەتابارکردنی حەوا. ئیدی کوزی ئافرەتان وەک تەنێکی خراپەکار و لەهەمان کاتا سیحراوی دەبینرا  کە توانای وەرچەراخندنی ئۆردەرەکانی هەیە. بۆ نمونە کەسایەتی (پەیکەر)ی شێلا نا جیجی(Sheela na gig) (وێنەی 06).




وێنەی (06) پەیکەری ئاناسیما >> « *Sheela-Na-Gigs*

هەرچەندە مێژووی ئەم پەیکەرە و ناوەکەی ناڕوونە بەڵام بە گوێرەی تیۆرییەک گوایە شێوەیەکی قێزەون و ناشیرینی شەیتانە و خەڵکی دەپارێزێت لە مردن و لە شەیتان. لە کەنیسەکانی ئنگلتەرا بە تایبەتی لە ئێکۆسلەندا زۆر دەبینرێت. لە سەدەی یانزە لە ئسپانیا و لە فەرەنسا وەدەرکەوت و پاشان گواسترایەوە بۆ ئنگلتەرا. مەبەسی ئیدانەکردنی هەوەس و هەڵگەڕانەوەی هەوەسی سێکسوێلی ژنانە. تیۆرییەکی تر گوایە شکڵێکی پێش کریستینایزمە و خۆی گونجاندووە لەگەڵ بیرۆکەی کریستانیزمدا. ئێتیمۆلۆژی وشەی شێلا نا جیجی ( *Sheela-Na-Gigs*) دەچێتەوە سەر وشەی *Unravelling an Enigma* » ئێۆکۆسی کە بە مانای "جادووگەرە پیرەکە" دێت.

ئەم پەیکەرە وەک گارگووی (Gargouilles) کراوە، گارگوی ئەو شکڵانەن کە وەک پەیکەرۆکە بۆ ئاوەڕۆ دروست دەکرێن لەسەر دیواری دەرەوەی کەنیسەکان، بە پێی ئەوەی کە لە دەمیانەوە ئاوی باران ڕۆدەکەنە دەرەوەی کەنیسە یان وەک شیلا ناجیجی لە کوزیەوە. ئەم گارگوانە وەک شکڵی شەیتانی و قەبیح هەمیشە لە دەرەوەی کەنیسەن و بۆیان نیە بچنە ناوەوەی کەنیسە. بەڵام لەهەمان کاتا خەسڵەتی باشەیان هەیە بە سیمایەکی ئێجگار شەیتانیەوە گوایە کەنیسە دەپارێزن.

پاشان میتۆلۆژی ڤاژینە دانتا (Vagina dentata) مان هەیە لە مێژوودا، بە واتای کوزی بەکەڵبە دێت (وێنەی 07). وەک تەنێکی ترسناک و شەیتانیی خاوەنی ددان و دەموچاوێکی ترسناکە و توانای خواردنی تەنەکانی هەیە. بێ شک ئەو تەنەش نێرتکە و بەواتای خەستەکردنی پیاوان دێت.



(وێنەی 07) کوزی بەکەڵبە Vagina dentata

ئیدی لێرەوە، بیرۆکەی بە شەیتانیکردنی کوز لە کولتووردا گەشتە ئەو ئاستەی کە ئافرەتان خۆشیان باوەڕ بەو تیۆریانە بهێنن و خۆیان بە بونەوەرێکی خراپە و کوزیان وەک تەنێکی خراپە و پیس بینن وەک چۆن مرۆڤی ژێردەستەی کۆلۆیالیزم خۆی بە کەم و بە بێ مێژوو دەبینێت لە بەردەم داگیکەرەکەیدا.

دایکم هەردەم بە خەمگینیەوە باسی چیرۆکی ژنێکی بۆ دەگێرایەوە لە پێنجوێن، ژنێکی خواپەرست و نوێژکەر، لەبە ئەوەی خۆی بە پیس و کوزی وەک جێگایەکی پیس دەبینی، پێش نویژ کردن، لە زستاناندا بەو سەرمایە بە مەبەسی خۆخاوێنکردنی بە ئاوی سارد دەستنوێژی دەگرت، ناوەوەی کوزی پاک دەکردەوە بە ئاوی بەستەڵەک، هەتاوەکو خاوێن بێت و شایەنی بەردەم خودای پەروەردگاردار بێت وسەرشۆڕ نەبێت، دواجار بۆی بووە نەخۆشیەکی کوشندە و سەری بەو نەخۆشیەوە نایەوە.

ئەم خەسڵەتە، خەسڵەتی توانای وەرچەرخانی ئۆردەرەکان وەک ژنانی فارس، وەک هێزێکی جادوگەر بۆ بەشۆککردنی ئەوی بەرامبەر گەشتە لوتکەی، کوز و واڵاکردنی کوز توانای ڕووبەروبونەوەی هێزی خراپەشی گرتە خۆی، بە جۆرێک کە شەیتانیش نەتوانێت خۆی پێ ڕاگیرێت لە بەردەم هێزی بەتوانای کوزدا لەبەر ئەوەی کە کوز توانای وەرچەرخانی هەیە. لە زۆر کولتوردا هەنێ بەروبوم پارێزراوە لە بونی ئافرەت بە تەنیشتیەوە، لە کوردەواریدا وتراوە گوایە ئەو ئافرەتەی سوڕی مانگانەی هەیە ئەگەر بە تەنیشت کوپە شەرابێکەوە تێ پەڕێت وەری دەچەرخێنێت بۆ سرکە. لەسەردەمی ئاسندا کاتێک ئاسنیان دەتواندەوە ژنان بۆیان نەبوو وەدەرکەون لەو جێگایەدا.

وەرچەرخانی ئۆردەرەکان وەک خەسڵەتێکی خراپە و ڕووبەروبونەوەی بەرامبەر بە شەیتان وەک خەسڵەتێکی باشە و پارێزەر بوە بنەمای خەسڵەتێکی دیوالیتێ، خەسڵەتی دوو ڕەهەندیی. ئەم دیاردەیە، دیاردەی توانای جادوگەری و ڕووبەروبونەوەی خراپە لە ژیانی مۆدێرندا بەکارهێنراوە لەلایەن زۆر لە ئافرەتانەوە بە مەبەسی خەباتی سیاسی یان خەباتی فەمینیستی.

لیما گبۆ Leymah Gbowee (وێنەی 08) ژنە چالاکونێکی ئاشتی بوو خەڵکی لیبێریا بوو لە ئەفریقا، کوزی خۆی واڵاکرد لە پناوی ئاشتیدا و خەلاتی ئاشتی وەرگرتووە.



**(وێنەی 08) Leymah Gbowee**

هەروەها ماری نیانجیرو    Marry Nyanjiru،ساڵی 1922کوزی واڵاکرد دژی داگیرکەرە ئنگلیزەکان. (وێنەی 09)



**Marry Nyanjiru (وێنەی 09)**


لە سەردەمئ مۆدێرندا، کچە فەمینیستێکی ئەمەریک کە نازناوی Naked Athena یە بە مانای "ئەسینا بە ڕووتی" دێت، لە خۆپیشاندانێکدا بەرامبەر بە پۆلیسەکان دژی ڕەگەزپەرستی و توندوتیژی پۆلیس لە ئەمەریکا، ساڵی 2022 خۆی ڕووت دەکاتەوە بەرامبەر بە پۆلیسەکان وەک کردەیەکی بەگژداچوونەوە و ناڕازی بوون (وێنەی 09)، بە وێنای کچانی فارس.



**(وێنەی 09) نیک ئەسینا Naked Athena بەرامەبر بە پۆلیسەکان**

ئگەر ئۆرگانی ژنان وەک دەموچاوێک ڕەچاوی لێک راوە ئەوا لە فیلمە پۆرنۆکاندا لە کاتێکدا کچێک نێرتکێک لە کوزیا دێت و دەچێت، دەرهێنەرەکە هەردەم داوا لە کچەکە دەکات بڕوانێتە کامێراکە، وەک ئەوەی دەموچاوێک بدات بە کوز، وادیارە کە ئەو دەمووچاوە زیاتر هەوەسی پیاوان دەورووژێنێت، دەتوانین ئەم خەسڵەتە گرە بدەین بە شامپانزیاکانەوە کاتێک سێکس دەکەن بەرامبەر بە یەکتری، مێینەکە مۆرە لە نێرەکە دەکات بە مەبەسی وروژاننی هەوەسی. بۆیەکا کچە فەمینیستی فەرەنسی دبۆرا ڕۆبێرتیس (Déborah de Robertis) دەڵێت کاتیک تابلۆکەی گوستاڤ کوربێی بینیوە بە ناوی "سەرچاوەی ژیان"، وای هەست کردووە کە خۆی بینیوەتەوە لە بەردەم دەرگایەکی داخراودا؛ نە لێوەکانی دەبینین نە ناوەوەی نە سەری ژنەکە لە تابلۆکەدا، دبۆرا کوزی خۆی نیشان دا ( وێنەی10) لە بەردەم تابلۆکەدا لە مۆزەخانەی ئۆرسای و دەڵێت، لێرەوە

دەمووچاوێکم دا بەو فیگورە کە هونەرمەند پیشانی نەدابوو، کە لە مێژوودا هەمیشە شاراوە بووە.



**دبۆرا ڕۆبێرتییس Déborah de Robertis (وێنەی 10) لەبەردەم تابلۆکەی گوستاڤ کوربێدا لە مۆزەخانەی ئۆرسای لە پاریس.**

****

سەرنج دەدەین لە ژیانی هاوچەرخدا خەباتی فەمینیستی ڕۆژبەڕۆژ بەکاراترە، ئەمڕۆ لە ئەوروپا پیاوان دەبێت ئاگاداری خۆیان بن چلۆن دەدوێن، ئەو سەردەمەمان تێ پەڕاند کە ئەکتەر و پیاوانی سیاسی بە هاسانی لەسەر تەلەفزوێن بە پێکەنین و شۆخیەوە دەیان گووت ئەگەر کارت دەست ناکەوێت بڕۆ لەگەڵ دەرهێنەرەکەدا سێکس بکە. ئەمڕۆ دەبێت ئاگادار بیت چلۆن لەگەڵ کچێکدا دەدوێیت. خەباتی فەمینیستی کە لە ساڵانی حەفتاوە دەستی پێ کرد لە ئەوروپا ئەمڕۆ هەنگاوێکی گەورەی ناوە، کە هێشتا لە سەرەتایداین. ئەگەر ئێمە هێندە لە دەسەڵاتی کوز دەترسین لەبەر ئەوەی ئاغایەتی خۆمان لە کیسس

دەدەین. ئۆردەرەکان پێچەوانە دەبنەوە و نازانین چلۆن لەگەڵ ئەو دیاردە نوێیەدا هەڵسوکەوت بکەین.

خۆ ئەگەر ئەو فۆتۆگرافیەی نیکۆلا کانڤان Nocola Canvan بە ناوی هەڵدانەوەی ڕۆب Raising the Skirt ( وێنەی11)کۆمەڵە ژنێک نیشان دەدات بە شێوەیەکی ترسناک وەک ژنانی فارس بەرەوڕومان دێن و دەمان ترسێنن، دەستیان خستۆتە سەر کوزیان و هاواردەکەن بەرامبەرمان، فیلەمە ترسناکەکانی زۆمبیمان وەبیر دێنێتەوە، لەبەر ئەوەی کە هەموو دیاردەیەکی نوێ وەرچەرخانی ئۆردەرەکانە بۆیەکا فۆتۆگرافەر شێوازێکی ترسناکی پێ داون وەک ئەوەی کە هێرش بکەنە سەرمان.



**(وێنەی 11) فۆتۆگرافی نیکۆلا کەنەڤان بە ناوی هەڵدانەوەی ڕۆب.**


ئەگەر خەباتی فەمینیستی لە ئەوروپا و ئەمەریکا بەتینە ئەوا بە شێویەکی دامرکاوتر لە جیهاندا بەردەوامە، وەک سەرج دەدەین بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بە شێویەکی بەرچاو شانبەشانی خەباتی فەمینیستی ئەوروپا لە ڕۆژاڤای کوردستان وەدەردەکەوێت بە بێ ئەوەی مۆدێلی ئەوروپایی دووبارە بکەنەوە، شکلێکی زیاتر سۆسیالیستیی لە خۆی گرتووە کە تێیدا ژنان دەوری سەرەکی و کارا دەبینن. سەرنجیش دراوە لەو کۆمەڵگەیەدا بە

پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوانی دەکەین دژوارییی و توند و تیژیی لە نێو خێزاندا بە شێوەیەکی بەرچاو لە داکشاندایە. بەڵام شێوازی ئەو خەباتەی کە دەیبینین لە ئەوروپا زیاتر خەسڵەتی هونەری لە خۆی گرتووە کە پابەندە بە مێژووی شکڵەکانەوە. دەبێت ئەو ڕاستیەش بدرکێنین کە ژنانی فارس پێش ئیسلام ڕۆبەکانیان هەڵداوەتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەمووومان یەک مێژوومان هەیەو لەگەڵ زەمەندا کولتووری جیاواز مۆدێلی جیاوازی سەپاندووە.

پێ دەچێت خوێنەر نارازیبوونی خۆی دەربڕێت، سەری سوڕمێت بە بینینی ئافرەتان چلۆن نمایشی کوزی خۆیان دەکەن بە ناوی ئازادی و مافەوە، بڵێن چ پێویست بەوە دەکات و زیادەڕۆیی دەکەن، کە پیاوان لە مێژوودا و لە سەردەمی هاوچەرخدا بەو شێوەیە نمایشی سێکسی خۆیانیان نەکردووە و شانازیان پێوە نەکردوە! بەڵام هەڵەن، چونکا دید و هزری ئێمە بەو وێنانە ڕانەهاتوون؛ کاتێک مایکڵ جاکسن دەستە دەخاتە ناوگەڵی و گۆرانی دەڵێت بە هیچ جۆرێک ئێمە توشی شۆک ناکات و بە پێچەوانەوە، بەڵام کاتێک مادۆنا دەست دەبات بۆ ناوگەڵی و لە کلیپەکانیدا بەسەر پیاوێکەوەیە ڕوبەڕوی دادگا دەبێتەوە. گاشەبەردە ستونیەکان و زۆر شکڵی تر لە مێژودا لەسەردەمی میزۆلیتیکەوە هەتا ئەمڕۆ شایەتی نێرتکی پیاوانن، بەڵام ئێمە لە مێژەوە بەو وێنانە ڕاهاتوین، وێنەی ژنان بە هەمان ڕەفتارەوە توشی شۆکمان دەکەن.

## کۆتایی

## پەتیارەکانی گەڕەکی بێلڤیل لە پاریس.




مەدام کلۆد، ئەو ئافرەتە بوو کە وەک بورجی ئیڤڵ ناودار بوو لە فەرەنسا و لە جیهاندا، کاتیک شای ئێران دەهات بۆ فەرەسا سەردانی مەدام کلۆدی دەکرد، مەدام کلۆد کچانی پەتیارەی جوانخاسی بۆ دەنارد. ئێستاکە بە پیچەوانەی وڵاتانی ئەوروپاوە کاری لەش فرۆشیی قەدەغەیە لە فەرەنسا و تەنانەت مشتەریەکانیش غەرامە دەکرێن.

بەڵام هێشتا هەندێک ناوی کۆلانەکانی پاریس، بیرەوەری ئەو سەردەمەن؛ شەقامی پەپولە، هۆتێلی خۆشەویستی، کۆڵانی وەفاداریی، کۆڵانی بەهەشت.........تاد، هونەرمەندەکانی سەتەی نۆزدە؛ ڤانگۆخ و تولوس لۆتغێک و پیکاسۆ و....تاد، شەوانیان لەو جێگایانە بەسەر دەبرد. کچە پەتیارەکان دەبوونە هەوێنی هونەرەکەیان.

لەم دوایانەدا کۆمپانیایەکی بازراگنی ئۆفیسی خۆی لە بینایەکی بەناوبانگ کردەوە لە پاریس، کە لە ڕابوردوودا کاری لەشفرۆشیی تێدا دەکرا، ڕۆژی کردنەوەی ئۆفیسەکەیان، لە نامەی بانگهێشتەکەیاندا بۆ مشتەریەکانیان نوسی بوو:

"جاران مشتەریەکان کاتێک لەم جێگایە دەچوونە دەرەوە، هەمیشە دڵخۆش و رازی بوون بەو خزمەتەی بۆیان دەکرا، هیچ دەلیلێک نیە کە ئەم خزمەتە بەردەوام نەبێت لەلایەن ئێمەوە."

ئەمڕۆ، کچە پەتیارەکان لە کۆڵان و لە باخچەکانی پاریسدا کار دەکەن. ڕێکخراوە خۆبەخشەکان لە پاریس، شەوانە بە فەردە و بە تەن، کۆندۆم دابەش دەکەن بەسەر کچە پەتیارەکاندا بۆ پاراستنیان لە نەخۆشی. وەک کچێکی گەنجی فەرەنسی دەی گووت:

"بێزار بوبووم لە سەیرکردنی خۆم لە ئاوێنەدا، بۆیەکا بڕیارم دا خزمەتی ئەو کەسانە بکەم."

گەڕەکی بێلڤیل لە پاریس جاران جوو و عەرەبی زۆری لێ بوو، ئێستاکە زۆرینەیان ئاسیایین. کۆچی ئاسیایەکان دەگەڕیتەوە بۆ ساڵانی هەشتا، دوای کۆچی عەرەبەکان لە ساڵانی شەستا. بەڵام ئاسیایەکان ئیشکەرن و جێگایەکی گرنگتریان لە فەرەنسا داگیر کردوە و خەریکن پێشبڕکێی عەرەب دەدەنەوە، بۆیەکا عەرەبەکان خۆشیان ناوون و ئێرەییان پێ دەبەن. لەم دوایانەدا لەهەندێک گەڕەکدا گرژی کەوتە نێوانیان.

هەموو ئاسیایەک دوو ناوی هەیە، ناوێکی فەرەنسی و ناوێکی ئاسیایی، کاتێک دەبینم کوڕێکی ئاسیایی ناوی ژۆن فیلیپە، هەروا ئاسان نیە بانگی بکەم، هەرچەندە لێرە لە دایکبووە و فەرەنسیەکەی لە من خاسترە.

کچە پەتیارەکانی گەڕەکی بەلڤیل هەموویان ئاسیایین، بەڵام لەو کچە ئاسیایە چینیانە ناچن؛ لێو ئەستور و خنجیلە و جوانکەلە، ئێتنیەکی جیاوازن، شێوەی دەموچاویان وەک مرۆڤی سەرتایی وەهان، زۆر خنجیلە نین، سمت و مەمکیان بە خۆوە نیە بۆ بازاڕی سێکس، بۆیەکا شانازی بە سمت و مەمکیانەوە ناکەن و دای دەپۆشن، بە سیاسەتی تر مشتەریەکانیان رادەکێشن، جگە لەوەی نرخیان هەرزانترە.

ئێواران  بە تایبەتی ئێوارانی شەمە و هەینی، ئەم گەڕەکە جمەی دێ، لە بەر ئەوەی کە بارِ و دیسکۆ و چێشتخانەی هەمە جۆر و خۆشی لێیە، گەنجانی پاریسی زۆر دێن بۆ ئەم گەڕەکە، یەکێکە لە گەڕەکە ڕەسەنەکانی پاریس، جێشتخانەی کوردی، فەرەنسی، ئاسیایی، ئەرجەنتینی، ئێرانی، بارِی کەبیلی، چێشتخانەی زاگرۆسی کاکە عەلی کوردستانی باکوریش.........تاد، مزگەوتێکی بچوکیشی تیادا کراوەتەوە لە دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر ئیسلامیەکان لەسەر جادە نوێژیان دەکرد، ناچار مزگەوتێکیان بۆ دروستکردن لە نێو ئەو هەموو هاژو هوژەدا.

گەڕەکی بێلڤیل، بارِی کوڵی لێیە و شەوانە خەڵکی بە تاک و بە کۆمەڵ بەرە و ئەو جێگایانە مل دەنێن کە پێشوەختە دەستنیشانیان کردوون. لە سەروتەوە لە باڵەکۆنێکەوە گوێبیستی ئاهەنگ و دەنگی مۆسیقایت، چەند کورِ و کچێک لەسەر شۆستەکە حەشیشە دەکێشن، لەولاوە، کۆمەڵە کەسێک هێرۆین و کۆکاین دەفرۆشن. کچێک بە بتڵێک شەرابەوە دەروات بۆ ماڵی هاورِێکانی، کورِێک بە چەپکێ گوڵەوە بۆ لای خۆشەویستەکەی، پێ دەچێت هیچی تر نەبینێت بە چواردەوریا؛ کە کابرایەک وەستاوە داوای ئۆرۆیەک دەکات و نانی نیە بی خوات، یان نای بینێت کچێکی جوانی بەرازیلی بە دایک و باوکی گوتووە کە لە فەرەنسا کار دەکات بۆ بژێوی ژیانی منداڵەکانی، بەڵام لە فەرەنسا کاری پەتیارەیی دەکات. پەناهێندەیەک یان بێ جێگایەک ئاوات بەژیانی ئەو دەخوازێت. پێ دەچێت دە مەتر لەولاترەوە، لە کۆڵانێکدا کورِێک کچێک لاقە بکات، بێ گومان ناتوانین ببینین چی روو دەدات لەژێر زەمینەکاندا، لەو دیو دیواری ئەپارتومانتەکانەوە. لەولاترەوە گۆڕستانی پێرلاشێزە.

ئێواران لە بەردەم هەندێک جێشتخانەدا سەرە گیراوە، لە بەردەم مندا کێ سەرەی گرتووە؟ دەرهێنەری سینەمایی؛ رۆمان پۆلانسکی. کاتێک من دەهاتم بۆ ئەم چێشتخانانە، ئەمانە نەیان دەزانی ئەم جێگایە بوونی هەیە، بەڵام ئێستاکە ئەم جێگایانە بونەتە شوێنی بەناوبانگ و هەندێک جاریش توریستە ئەمریکیە ملوێنەرەکان کە بێزاربوون لە خواردن و جەوی سارد و سرِی پالاسەکان، لە نیۆرک تایمزدا وتارێکیان خوێندۆتەوە لەسەر چیشتخانەیەکی جیاواز، دێن بۆ ئەم ناوچەیە وەک باڵندەیەکی وێڵ  لەم گەڕەکەدا دەسورِێنەوە بە خۆیان و دەفتەری ئەدرەسەکانیانەوە.

سەردەمانێک لەم گەڕەکەدا کارم بارمان بوو، لە مانگی رەمەزاندا دوای دووی شەو، کاتێک بارِەکەمان دادەخست، دەچوینە بارە کەبیلەکانەوە و لەوێ یاری دومبەڵەمان دەکرد هەتا چواری بەیانی، کاتێک نانەواخانە دەکرایەوە نانێکمان دەکرِیی و دەچووین دەخەوتین. بەم جۆرە ژیانە دڵێین؛ باڵندەی شەوان، یان ژیانی دراکولا.

ئێوارەیەک لەم چێشتخانە لاوسیەدا کە ناوی لاوسیامە، لە گەڕەکی بەلڤیل، خواردنی هەتا بڵێیت بە تام و بۆنداری خۆش لێ دەنێن، هەرگیز نرخیش بەرز ناکەنەوە و لە ئاستێکی مام ناوەندیدا دیهێڵنەوە، دانیشتبووم، لە دوای نان خواردن ئافرەتێکی قەیرەی ئاسیایی هاتە سەر مێزەکەمان. لە گەڵماندا دانیشت، منیش هەروا باسی ڕابوردوی خۆمم بۆ کرد لەگەل کچێکی لاوسیدا، کە چۆن ئەو ڕۆژەی هات بۆلام، لە ژورێکدا وەک کچێکی ڕۆژ هەلاتی، پێی گووتم کە دەبێت پەنجەرەکە داخەم، پاشان دەرگاکە، ئینجا پەردەی پەنجەرەکە...تاد، تەنها بۆ ئەوەی بتوانێت گۆی مەمکیم نیشان بدات، لە کاتێکدا کە ئەم بیرەوەریانەم بۆ ئەم ژنە دەگێڕایەوە، ژنەکە زۆر بەم بەسەرهاتە سەرسام بوو، پرسن بوو بە زانیاریەکان، پرسیاری زیاتر لێ دەکردم لەسەر ڕووداوەکان، دەربارەی کچەکە، هەوڵی دەدا بچوکترین زانیاریم لێ وەربگرێت، لە کۆتاییدا هەستم کرد کە وادیارە باسی ژیانی ئەو خانمە دەکەم کاتێک گەیشتۆتە فەرەنسا. کاتێک پرسیارم لێ کرد کە کاری چیە، لە وەڵامدا گووتی کە ئەو خاوەنی چێشتخانەی لاوسیامە. خانمێک بوو، شۆخ و شەنگیی لە ئاستی تام و لەزەت و بۆنی خواردنەکەیدا بوو.

پاش داخستنی باڕ و چێشتخانەکان، جادە و کۆڵانی بەلڤیل پڕ دەبن لە گەنجانی مەست و سەرخۆش، ئەوانەی کە لە ڕاوکردن نێچرییێکیان دەست کەوتووە، لە ناوەڕاستی جادەی بێلڤیلدا خەریکی ماچ کردنن؛ دەم لەناو دەم، دەست لەناو سمت و مەمک و گەڵ و گوون، بە شانازیەوە لە ناوەراستی شەقامەکاندا وەستاون، وەک ئەوەی وێنەی سەرکەوتنی خۆیانمان بۆ بەیان بکەن، هەندێک ئۆتۆمۆبیل هۆڕن لی دەدەن و هاوار دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن تێ پەڕن، ئەوانەشی کە لە ڕاوکردنی ئەو شەوە هیچیان چنگ نەکەوتووە، دەقیڕینن، وەک بەرانی شاخدار شۆق دەدەن لە تەنەکەی خۆڵ و سەرە و نگومی دەکەنەوە و هاوار دەکەن، وەک ئاژەڵانی تورە و ناڕازی، لەو لاشەوە چەند پۆلیسێک خەریکی پشکنینی چەند گەنجێکن بە تەنیش دیوارێکەوە. لەولا ترەوە تاکسیەک وەستاوە و کچێک سەری دەرهێناوە و دەڕشیتەوە، کچێکی ئەفریقی بە تەنیشتمەوە هاوار دەکات:
جرج....جرج.....کچە رادەکات وەک ئەوەی یەکەم جاری بێت جرج لە جادەکانی پاریسدا ببینێت. دەبێت ئەوە بووترێت کە جرج لە شەواندا هەڵپەڕکێ و شاییانە لە پاریس، دەمەو بەیانیش جرجەکان دەگەڕێنەوە ماڵەوە و کەروێشکەکان دێنە دەرەوە، پاشان کۆترەکان، بەڵام چۆلەکە لە پاریس نەماوە، هەرگیز گوێت لە جریوەی چۆلەکە نابێت، لەبەر ئەوەی کە شوێنی هێلانەیان نەماوە. هەندێک جار دەمەو بەیانیان دەبینیت کوڕیکی گەنجی بۆینباخ لەمل، بەکراسە سپیەکەیەوە کە هەر هەموو قۆپچەکانی ترزاون، سنگی ڕووتە، بە دوای کەروێشکێکدا ڕادەکات لە دوای ئەوەی بە درێژایی شەو بەدوای کچاندا ڕای کردوە و هیچی چنگ نەکەوتووە، ئینجا نۆرەی کەرویشکە. بۆ کەمکردنەوەی جرج لەناو پاریسدا ، شارەوانی پاریس جۆرێک لە ئاژەڵی هێناوە و بڵاوی کردونەتەوە بە پاریسدا، پێی دەڵێن

فیوغێ،  له سمۆره گه‌وره‌ترن و درێژترن، به‌کلکێکی زۆر درێژه‌وه، شه‌وانه، دره‌نگان ده‌یان بینیت به جاده‌کانی پاریسدا ده‌په‌ڕنه‌وه به خێرایی، ئه‌مانه جرجی پاریس ده‌خۆن، به‌ڵام جرجه‌کان هێنده گه‌وره‌ن هه‌ندێک جار گوله‌ش نایان بڕێت. له دارستانه‌کانی ده‌ور و به‌ری پاریسیشدا ڕێوی زۆرن.

منیش وه‌ک ئه‌و خه‌ڵکه به جاده‌کانی به‌لڤیلدا  تێ ده‌په‌ڕم، پاش خواردنه‌وه‌ی چه‌ند پێکێک له باره‌کانی بێلڤیل، کاتێک ده‌بینم په‌تیاره‌یه‌کی ئاسیایی به‌ره‌و ڕوم دێت، به‌شی کاره‌که‌ی فه‌ره‌نسی فێر بووه،  لێم نزیک ده‌بێته‌وه و پێم ده‌ڵێت:

شێلان باش، مژین خۆش، گان هه‌رزان.

له دواشمه‌وه کچیکی جوانکه‌له‌ی فه‌ره‌نسی سه‌رخۆش، ئێخه‌ی کراسه‌کی کردۆته‌وه و مه‌مکی ده‌رپه‌راندووه و به زه‌رده‌خه‌نه‌وه  پێم ده‌ڵێت:

"ده‌ستی تێخه به ئاره‌زوی خۆت به به‌لاش،  ئه‌وانه مه‌مکی راستین و به جه‌لاتین پڕ نه‌کراونه‌ته‌وه."

بێ گومان هه‌موو شه‌وێک کچێک وه‌ها سنگی ده‌رناپه‌ڕێنێت و پێشکه‌شت ناکات، به‌ڵام به شیوه‌یه‌کی گشتی شه‌و دره‌نگانێ،  شه‌وانی شه‌مان به تایبه‌تی، وه‌ک بازاڕی میوه فرۆشه‌کان له کۆتایی ڕۆژدا، ده‌که‌ونه هه‌ڕاجی که‌لوپه‌له‌کانیان. له‌ولاشه‌وه ده‌بینیت، سه‌یاره‌یه‌کی ڕیکخراوه‌کان بۆ پشکنینی ته‌ندروستی په‌تیاره ئاسیایه‌کان وه‌ستاوه، ته‌نانه‌ت له‌سه‌ر ئۆتۆمبیله‌که به زمانی ئاسیایی نوسراوه، هه‌تاوه‌کو په‌تیاره‌کان تێی بگه‌ن. گه‌نجێکی عه‌ره‌ب پێی گووتم:

"من دانی پێدا ده‌نێم وه‌ک که‌سێکی خۆپه‌رست هه‌لی هه‌ژاریی په‌ناهێنده‌یی بۆ خۆم ده‌قۆستمه‌وه؛ جوانترین شیلان و مژین  به په‌نجا ئۆرۆ. پاشان به‌رده‌وام بوو گووتی:

"ئه‌و شه‌وه یه‌کێک له په‌تیاره ئاسیایه‌کان پێی گووتم، ئه‌گه‌ر دوو براده‌ری بۆ بهێنم، بۆ من خۆڕایی ده‌یکات."

به‌یانیان ئه‌م په‌تیارانه ده‌بینیت سه‌ره‌یان گرتووه له به‌رده‌م وێستن ئونیۆن، ئه‌و پارانه‌ی ده‌ستیان که‌وتووه به شه‌ودا، بۆ ڕۆژی دوایی ده‌ینێرنه‌وه بۆ خیزانه‌کانیان، به‌شێکی ده‌ڕوات بۆ ئه‌و قاچخچیانه‌ی گه‌یاندونیاننن به خه‌ونی فه‌ره‌نسا و به‌شه‌که‌ی تری بۆ خێزانه‌کانیان، کارت پۆستالێکی وێنه‌ی بورجی ئیفڵیش ده‌نێرن  بۆ که‌سوکاریان و تێیدا ده‌نوسن:

"ئیشوکاریان باشە لە فەرەنسا و کابرای خاوەن کارەکە زۆر بە رەحمە و باشە لەگەڵیان."

کاتێ دەگەنە فەرەنسا ژورێک دەگرن بەکرێ، ژورێکی بیست مەتر چوارگۆشەیی، بە دە کەس دەچنە ناوی و بە کارتۆن بەشی دەکەن، هێندەی جێگای خەوتنیان، لە ژێرەوە کارگەیەکی جلوبەرگ، ڕۆژ تا ئێواری خەریکی کارن وەک مێروولە.

بێگومان ئەمانە شانسیان هەیە کە گەشتونەتە ئەوروپا و بە کاری لەش فرۆشیەوە خەریکن، چونکە هاوەڵەکانی ئەوان لەکاتی پەڕینەوەیاندا بە دەریادا، لەسەر بەلەمێکی بچوکی کوناوی و شەق و شڕ، پیراتەکان دەیەن بەسەریاندا و هەموو کەل و پەلیان لێ دەسێنن، پاشان بە چەکوشێک ئەژنۆیان دەشکێنن و فڕێیان دەدەنەوە ناو دەریاکەوە، هەتاوەکو نەتوانن مەلە بکەن و خۆیان ڕزگاربکەن.

خەریکی بیرە خواردنەوە بووم لەبەردەم باڕەکەدا، کاتێک کوڕەی باڕمان ئەم بەسەرهاتانەی بۆ دەگێڕامەوە، بە بیستنی ئەو ڕوداوە دەستم گرتبوو بە ئەژنۆمەوە، وەهام هەست دەکرد کە ئەژنۆم شکاوە، کەوتمە پەلەقاژێ و هاوار هاوار و نەم دەتوانی هەناسە بدەم، وام دەزانی  باڕەکە دەریایەکە و منیش ئەژنۆم شکاوە و لە بنی ئەم دەریایەدا دەمەوێت خۆم رزگاربکەم و توانای مەلەکردنم نەماوە، بە پەلە قاژێ خۆم گەیاندە دەرەوەی باڕەکە، کابرای باڕمانی ئاسیایی بانگی لێ کردم و گووتی:

بۆ کوێ دەچیت؟

دڵنیام کردەوە کە دەگەڕیمەوە. دوای گەڕانەوەم لێم پرسی:

ئێ باشە، ئەو پیراتانەی کە کەلوپەلەکانیان دەدزن، چ پیویست دەکات ئەژنۆیان بشکێنن؟

- نەوەکا خۆیان ڕزگار بکەن و خەبەر بدەن بەوانی تر، هەتاوەکو بتوانن ئەژنۆی هەمویان بشکێنن.

لە باڕەکەدا ئەو ئێوارەیە بۆ بەخێرهاتنی میوانەکانیان، تۆزێ خواردنیان لە قاپێکدا دانا بوو ،ڕەنگی سور بوو، پرسیارم کرد ئەمە چیە؟ گووتی ئەمە گۆشتی وشکە بە بەهاراتێکی تایبەتی چینیەوە، منیش بە دەم قومێ بیرەوە تۆزێکم خستە دەممەوە، هەر کە تامیم کرد خێرا ڕام کرد بەرە و ئاودەستەکان.

مسیۆ لی، هاواری لێ کردم:

- بۆ کوێ دەچی؟

دڵنیام کردەوە کە دەچم بۆ توالێت و دەگەڕێمەوە. پاش ئەوەی لە توالێتەکەدا هەموویم هەڵهێنایەوە، هەتا هەفتەیەک تام و بۆنی ئەو گۆشتە شیرینە لەدەممدا مابویەوە. پاشان بارمەنە ئاسیایەکە بەردەوام بوو لە بەسەرهاتەکانی، هەرچەندە ئەم روداوانە کۆن بوون بۆ ئەو، بەڵام ئەو بە هەنوکە باسی دەکردن، لە بەر ئەوەی فەرەنسیەکەی لە ئاستێکی نزمدا بوو، بەڵام لە خاوەن بارەکە؛ مەدام لی و مسیۆ لی، فەرەنسیەکەیان باشتر نەبوو، کاتێک باسێکیان بۆ دەگێڕامەوە تێگەیشتنی هەروا ئاسان نەبوو، بۆیە زۆر جار بۆ ئەوەی نەیان ڕەنجێنم  بەزەردەخەنەیەکەوە سەرم دەلەقاند وەک ئەوەی لە باسەکە تێ گەشتبم.

ئەو کارانەی کە گرانن بۆ فەرەنسیەکان، جێی دەهێڵن بۆ عارەب و ئاسیایی، وەک نانەواخانە و کەفێ تاباک. مانگێک لەمەوبەر ئەم باڕە خاوەنەکەی کچێکی فەرەنسی بوو، ناوی کرستین بوو، مشتەریەکان بە خۆشیەوە بانگیان دەکرد: کریست. کریست کچێکی کەڵگەتی وەک زەرافە وەها بوو، سەر و چاوی جوانکەلە بوو، هەرچەندە سمتی بە خۆوە نەبوو، لاقی درێژبوو، بەڵام دەیزانی چۆن خۆی جوان بکات، جلکەکانی دەگونجاند لەگەل ئەناتۆمیدا. برادەرەکەی کوڕێکی گەنجی مۆسیقار بوو، زۆر لەخۆی گەنج تر بوو، وەک فەرەنسی ئێژێت: وادیارە هەردووکیان کەوشیان بە پێی خۆیان دۆزیبویەوە.

هەمیشە لە رووکەشی کرستیندا، خەمگینیەکم بە دی دەکرد، نەم دەزانی ئەو خەمگینیە گوزارشت لە چی دەکات؟ جێ شاردۆتەوە لە پشت ئەو خەمگینیەوە؟  زۆر جاران لە نێوان دوو کوپ شەمپانیادا هەستم زیاتر بەو خەمگینیەی دەکرد، ئێوارەیەک بەبێ ئەوەی کە پرسیاری لێ بکەم، پاش ئەوەی کوپی شەمپانیای بۆ تێ کردم، ئینجا ڕوی تێکردم و گووتی: ئەپارتومەنتێکم گرتبوو بۆ کوڕە تاقانەکەم، پێش ئەوەی بچێتە ئەپارتومەنتەکەوە کوڕەکەم بە ڕوداوی ماتۆڕ کۆچی دوایی کرد، تەلەفۆنم بۆ ژنی خاوەن ماڵەکە کرد و پێم گووت، کە ناتوانم ئەپارتومەنتەکە بۆ کوڕەکەم بەکرێ بگرم، لەبەر ئەوەی کوڕەکەم مردووە، ساحێب ماڵکە وەڵامی دامەوە کە کوڕەکەی ئەویش لە هەمان هەفتەدا بە روداوی ئۆتۆمۆبیل کۆچی دوایی کردووە. ئەوسا تێ گەشتم لە نهێنی خەمگینی شاراوەی کریست. چەندە جەرگبرە بۆ دایکێک کاتێک کوڕە تاقانەکەی دەمرێت!

پاشان ئێوارەیەک کریست باسی ئاهەنگی فیلیپ مۆریسی بۆ کردم، ووتی تەنانەت ئاهەنگەکانی فیلیپمۆریسیش بۆنەتە ئاهەنگی هەرزانبەهاو ئاهەنگی خەڵکی چینی. دوای هەفتەیەک کە بینیمەوە، تێی گەیاندم کە قاوەخانەکەی فرۆشتووە بە ئاسیایی و خاوەنە نوێکەی پێ ناساندم کە ناوی مسیۆ لی و مەدام لی بوو. مەدام لی ژنێکی خانومان بوو، هەمیشي لەسەر دەغیلەکە پارەی دەژمارد. خەڵکی گەرەک خۆشیان نەدەویستن، نەک لەبەر ئەوەی کە ڕەگەزپەرست بن، نەخێر،  لەبەر ئەوەی کە مسیۆ لی و مەدام لی، نەیان دەزانی چۆن باڕی فەرەنسی ببەن بەڕیوە، بۆ ئەوان وەک هەموو بازرگانیەکی تر وەها

بوو، بۆیەکا وەڵامی گەنجانم دەدایەوە کە ئەوان پێ دەچێت بەیانی گالەریەکی تابلۆی هونەرییش بکەنەوە لە هەمان کۆڵاندا، لەبەر ئەوەی کە گەرەکەکە گالەری زۆری تێدایە، بۆ ئەوان گرنگ فرۆشتنە، نەک هونەری کارکردن. ڕۆژێک کووتوپڕ کوڕیکی فەرەنسیم بینی بە خێرایی لە بارەکە هاتە دەرەوە و هاواری کرد: ئەو بارە بۆنی مردنی لێ دیت، لەبەر ئەوەی مسیۆ لی مۆسیقای نەدەخستە سەر، ئەوان حەزیان لە بێ دەنگی بوو، خۆیان نە دەشاردەوە لەناو دەنگەدەنگدا. هەندێک جار کە دەچوومە بارەکەوە بۆنی ماسی و خواردنی شازم دەکرد، مسیۆ لی و مەدام لی هەر لە بارەکەدا خواردنیان بۆ خۆیان ئامادە دەکرد، وەک لای خۆیان لە چین، ئەمەش ڕێی تێ ناچێت لە فەرەنسا و وێنەیەکی جوان نیە، بە تایبەتی بۆنی ماسی لە باری گەرێکێکی شیکی پاریسدا.

کوڕەکەیان تەمەنی دە ساڵانێک دەبوو، وەک چینی پەروەردە کرابوو؛ لە دوای خوێندن دەهات لە بارەکەدا دادەنیشت بە تەنیشت باوک و دایکیەوە یاری دەکرد، هەرگیز ناڕازی و بێزاریی خۆی دەرنەدەبڕی، هەندێک جار کچێکی چینی ڕای دەگرت لەماڵەوە. مسیۆ لی و مەدام لی تەنها دوانیوەڕۆی سێ شەمەیان هەبوو بۆ پشوو، نازانم کە ئایا کاتی گانکردنیان هەبوو یان نە، هەر جارێک دەمڕوانیە مەدام لی، دەم هێنایە بەرچاوی خۆم چلۆن لەگەڵ مێردەکەیدا ڕادەبوێرێیت لەسەر جێگە، لە دڵێ خۆمدا دەم گووت: پێ دەچێت مسیۆ لی لە هیلاکیدا چوکی ڕەپ نەبێت، بەڵام وەهام دەبینی کە مەدام لی دەیزانی کارەکان باش ببات بەڕێوە.

ڕۆژێک بە مسیۆ لیم گووت کە ئەم ساڵ نەچووم بۆ سەفەر، لەبەر ئیش و کار بۆم نەکرا، مسیۆ لی وەڵامی دامەوە و گووتی کە ئەو پێنج سالە نەچووە بۆ سەفەر. ئیتر من هیچ قسەم پێ نەما. ئەم بیانیانە بەو ئامانجە دەهێنن بۆ فەرەنسا هەتاوەکو ئێمەی فەرەنسی بە ژیانی کولەمەرگی خۆمان ڕازی بین.

## کۆتایی



**چۆن چوکی ڕەپی سانتۆگوستین جیهانی وەرچەرخاند ؟**

سانتۆگوستین saint Augustin (354 - 430)، ئەمازیقی بوو خەڵکی ئەفریقای باکور بوو، دەیگووت:

" گەورەترین گوناحی مرۆڤ ئەوەیە، کاتێک چوکی ڕەپ دەبێت بە بێ هۆکار".

خۆ هەموو ڕۆژێک بەبێ هۆکار چەندەها چوک ڕەپ دەبن و کەسیش ئەم دیاردەیەی نەداوەتە بەر پرسیار، وەک شتێکی نامۆ ڕەچاوی لێ نەکراوە، وەک دیاردەیەکی سروشتیی و ئاسایی ناسراوە. بەڵام بۆچی کەسانی وەک سانتۆگوستین بە گوناحیان لە قەڵەمداوە؟

سانتۆ گوستین لەسەر دینی مانی بوو، پاشان بوو بە مەسیحی، پێ دەچێت هۆکاری ئەوە بووبێ کە دەیەویست خودایەکی بەهێز و بێ بەزەیی بئافرێنێت کە لە توانایدا هەبێت چوکی ڕەپی دابمرکێنێتەوە و کۆنترۆڵی بکات، لەبەر ئەوەی کە سانتۆگوستینیش هەمیشە چوکی رەپ دەبوو بەبێ هۆکار.

ئەو وەک هیگڵ وەهای باوەڕ بوو کە لە کۆتاییدا چاکە سەردەکەوێت بەسەر خراپەدا. چەندە مرۆڤێکی ساویلکە بوون! هەر هۆکاری چوکی ڕەپی بوو کە دیاردەی (خود) ی کردە باسێکی فەلسەفی لە ئەورپا، هەموو ئەروپای مەسیحیەتی بە گوناحکار و لەزەتی جەسەدی وەک گوناحێکی گەورە ناساند، دوای ئەوەی کە خۆی هەتا توانای هەبوو لەو بوارەدا بێدڵی خۆی نەدەکرد.

سانتۆگوستین وەک یەکێک لە دکتۆرە گرنگەکانی ئیمانی مەسیحی ناسراوە، کۆڵەکەیەکی گرنگی مەسیحیەتە. خۆ وەنەبێت سانتۆگوستین کەسێکی بێ گوناح بوو بێت، چوکی رەپ نەبووبێت بە بێ هۆکار. ئەو کاتێک بە گوناحەکانی خۆی ئاگامەند بوو ئیدی دەیەویست ڕیگریی لە هەموو مرۆڤایەتی بکات هەتاوەکوو نەگەن بەو گوناحانەی کە ئەو درکی پێ کرد بوو، کە ئەو ئاگامەند بوو پێی، چونکە وای باوەڕ بوو هەموو تاکەکان ڕۆژێک لە دەرئەنجامی دەستبردن بۆ پشکۆیەک دەگەن بە ئاگامەندیی، لەبەر ئەوەی کە هەر هەموویان چوکیان ڕەپ دەبێت بەبێ هۆکار. بۆیە تەنانەت رابواردنی ژن ومێردی قەدەغە کردبوو لە دەرەوەی جێگەی خەوتن.

سانتۆگوستین پێش ئەوەی واز لە ژیانی مێردایەتی بهێنێت و ببێتە کەسێکی مەسیحی، واتە واز لە سێکسکردن بهێنێت وەک چۆن لە دینی مەسیحیدا باوە، رووی دەکردە خودا و دەیگووت:


" خوایە گیان، پاکیزەیی؟ بەڵی باشە، بە لاَم جارێ نا."

واتە، دەیویست هەتا دواهەمین ساتەکانی ژیانی لە کۆمەڵگەدا، چوکی ڕەپی "بە بێ هۆکار" ی خۆی بخزێنێتە ئەو شوێنەی کە دەیەویست، بۆ وەدەستخستنی زۆرترین لەزەت، وەک خۆی دەیگووت:

"چوکی ڕەپی گوناحباری"

دوای ئەوەی کە ئیدی توانای نەما، سەرزەنشتی خەڵکی دەکرد کە ئەو ڕێگایە نەگرنە بەر و کۆنترۆڵی چوکی رەپی خۆیان بکەن.

یان پێ دەچێت کە سانتۆگوستین ویستبێتی لە هەموو گوناحەکانی مرۆڤ تێ بگات بە ئەزمونی چوکی ڕەپی خۆی هەتاوەکو بتوانێت دۆگمێکی تەواو جێگیر بسەپێنێت بەسەر کۆمەڵگەدا؛ کە هەرگیز سێکس بە مەبەستی لەزەت نەکەن، بەڵکو تەنها بۆ نانەوەی نەوەیەکی نوێ، نەوەکا سێکس بیانبات بەرە و ئێرۆتیزم و پاشان گوناحی گەورەتر. بۆ ئەو ئێرۆتیزم و چوکی رەپ جۆرێک بوون لە گوناح و دەرگایەک بوون بۆ واڵاکردن بەسەر گوناحی تردا. سانتۆگوستین کەسێکی نێرینە بوو، خاوەنی چوکێکی ڕەپ بوو، وە ک هەمو نێرینەیەک. خۆ ئەگەر مێینەکان چوکیان ڕەپ نابێت لەبەر ئەوە نیە کە وەک ئێمەی نێرینە بیر لە گوناح ناکانەوە، یاخود ئارەزووی خراپەکارییان نییە، نا نەخێر، لەبەر ئەوەیە کە ئەوان هەتا ئەم ساتە ژێردەستەی نێرینەن، کەسانی ژێردەستەش بە شێوەیەکی گشتیی لەژێر ڕکێفی ئاغاکانیاندان و سەیری تاوانەکانی ئەو دەکەن بەبێ ئەوەی ڕیگری لێ بکەن، هەندێ جاریش یارمەتیدەرن. نەخێر مێینە ئەو پەرییە بەهەشتییە نییە کە کەسانی ڕۆژهەلاتیی وەک خواوەندێک تێیان دەڕوانن، کاتێک چوکیان ڕەپ دەبێت بە بێ هۆکار، لەبەر ئەوەی کە دەبێتە جێگای دامرکاندنەوەی چوکی ڕەپیان. کاتێکیش دەیانەوێت ئەو مێینە ببێتە موڵکی تەنها خۆیان، موڵکی تەنها چوکی ڕەپیان، بە چەقۆ دەدەن لە ورگی یەکتری و چەندەها شەڕ و کوشتاری لەسەر دەکەن بە بێ هۆکاری چوکی ڕەپیان.



**سانتۆگوستین بە تابلۆی هونەرمەند 1602-1974 philippe de Chapmagne**

دەستبردن بۆ پشکۆیە، کە مرۆڤ دەگەیەنێت بە هۆش، دەگەیەنێت بە ئاگامەندیی. لەبەر ئەوەی کە هەموو مرۆڤێک بە سروشتیی لە خەوێکی قوڵدایە و مرخە مرخیەتی، کوتووپڕ بەهۆش خۆیدا دیتەوە و دەپرسێت کە بۆچی پیاوانی دینی وەک سانتۆگوستین هەر دوو دەستی خۆیان گرمۆڵە دەکەن کاتێک بەرامبەرت دەوەستن؟ بۆچی چوکیان ڕەپ دەبێت بە بێ هۆکار؟ مەبەستم ئەوەش نیە کە بڵێم ئەوانەی کە ئاگامەند نین مرۆڤێکی خراپ نەبن، نەخێر، مەبەستم بەخەبەربونەوەیە، کاتێک تۆ لە دەرگایەکەوە دەچیتە جیهانێکی تر، کاتێک تۆ هەموو ڕۆژێک هەمان ئەکسیۆن دەکەیت، هەمان شکڵ دەبینیت، هەمان دەنگت بەرگوێ دەکەوێت، کوتووپڕ ڕۆژێک بە نامۆ دێنە بەرچاوانت، دێنە بەرگوێت. وەک ئارتوور ڕامبۆ دەڵێت:

"ڕۆژێک کوتووپڕ جوانیم بە تاڵی هاتە پێش چاو .........."

پێ دەچێت گەورەترین تاوان بکەیت، بۆ نمونە کەسێک بکوژیت، بەڵام هەر بەخەبەر نەبیتەوە، لە ئێسپاسێکی تردا بژیت، دوور لە واقیع، دوور لە ئاگامەندیی، بەڵام ئەو کاتەی کە تۆ بەبێ هۆکار دەتەوێت ئەو چەقۆیەی بەسەر دیواری موبەقەکەتا هەڵواسراوە

بچەقێنیتە ورگی ئەوەی کە بەرامبەرت وەستاوە، ئەوسا کوتووپڕ بەهۆش خۆتا دێیتەوە و لە خەوێکی قوڵ بەخەبەر دەبیتەوە. ئەوە یەکەم جارە کە تۆ دەستت بردووە بۆ پشکۆیەک بە خۆڕسکانە، وەک چۆن چوکت ڕەپ بووە بە بێ هۆکار.


دایکم زۆر لە چەقۆ دەترسا، هەمیشە چەقۆکانی دەشاردەوە لە ماڵەکەیدا، لە موبەقەکەیدا، لەبەر ئەوەی کە حەوت کوڕی هەبوون، هەرهەموویان چوکیان بە بێ هۆکار ڕەپ دەبوون. دایکم دەیگووت: چەقۆ شەیتانە، دایکم باوەڕی بەخودا و شەیاتنیش نەبوو، بەڵام دەیزانی کە پیاوان چوکیان ڕەپ دەبێت بە بێ هۆکار. هەردایکم بۆی دەگێرامەوە کاتێک دووگیان دەبوو؛ پیش ئەوەی منداڵی ببێت ئەگەر کەسێک لە خەویدا بەرچەقۆی دابێت، ئەوا سەد دەرسەد دڵنیا بووە لەوەی کە کوڕی دەبێت، واتە چەقۆ هێمای چوکی ڕەپە، هێمای دژوارییە لە شیکاری دەروونیدا، واتە دایکم حەوت جاران لە خەویدا بەر چەقۆ دراوە، لەبەر ئەوەی کە حەوت کوڕی هەبووە، بۆیەکا کاتێک شەوێک بە پەلە پەل گەیاندمە خەستەخانە، لەبەر ئەوەی کە خوێنێکی زۆری لێ دەڕۆشت، لەناو ئەمبولانسەکەدا بووین پێکەوە هەردووکمان. ئەو دەمە گەنج بووم، بەڵام دایکم هەمیشە باسی ڕوداوەکانی بۆ دەکردم و هیچی لێ نەدەشاردمەوە، ڕوی تێ کردم و گووتی، بۆیە هێندە خوێنی لێ دەڕوات، لەبەرئەوەی کە شەوی ڕابوردوو هەتا بەرەبەیان کەلوپەلی قورسی هەڵگرتووە، بە ویست و بە مەبەست هەتاوەکو منداڵەکەی لەبار ببات. لەبەر ئەوەی کە زانیویەتی دووگیانە بە نێرینەیەکی چوک ڕەپ؛ نێرینەی هەشتەم، لەبەر ئەوەی شەوێک پێش ئەو کارەساتە لەخەویدا بەرچەقۆیان دابوو وەک هەمیشە. دایکم ئیتر نەی دەویست جارێکی تر چوکی ڕەپ، وەک چەقۆی سەردیواری موبەقەکەی، بچەقێت بە هەناویدا.

وەک زۆر لە مرۆڤی نێرینە، منیش وەک سانتۆگوستین چوکم ڕەپ دەبیت بە بێ هۆکار، وەک زۆر لە نێرینە منیش حەزم بە شکڵی چەقۆیە، هەمیشە حەزدەکەم بە دیواری موبەقەکەمداهەڵیان واسم، نازانم بۆ؟ هەرچۆنێک بێت من حەزم پێیانە،، بەڵام هاوسەرەکەم وەک دایکم دەیانشارێتەوە، حەزی بە بینینیان نیە بە دیواری ئاشبەزخانەکەوە، هاوسەرەکەم هەرگیز خەو نابینێت، یان باشتر بڵێم: بیری خەوەکانی نایەتەوە. ئەو هەرچەندە ئاگامەند نیە بە خەوەکانی، بەڵام لە نەستیدا دەزانێت کە چەقۆ هێمای چوکی ڕەپە، هەرچەندە هاوسەرەکەم و دایکم لە دوو شارستانیەتی جیاوازدان، لە دوو کەڵچەری جیاوازن، بەڵام هەردووکیان یەک تێڕوانینیان هەیە بۆ چەقۆ؛ لە نەستی هەردووکیاندا چەقۆ هێمای چوکی ڕەپە بە بێ هۆکار. کاتێکیش خەزورم لە فەرەنسا وەک دیاری چەقۆیەکی پێ دام، تەبەدۆرێکی شەرابی بۆردۆی بە نووکی چەقۆکەوە کردبوو، پاشان داوای ئۆرۆیەکی لێ کردم، وامدەزانی شۆخی دەکات، بەڵام نەخێر، لەبەر ئەوەی کە هەرگیز نابێت چەقۆ وەک دیاری بدرێت بە کەسێک، نەوەکا بە ڕێکەوت بە بێ هۆکار

وەک چوکی ڕەپ بچەقێتە هەناوی مێینەیەک،  شەوانە بچەقێتە پشتی ئافرەتێکی دوو گیان، نەوەکا ئەو کەسەی کە چەقۆکەی  بە دیاری بۆ هێناویت خەتابار بێت بەو هۆیەوە. بە کورتیی نەی دەویست کە چەقۆکە بکەم بە هاناوی کچەکەیدا بە بێ هۆکار وە ک چوکی ڕەپم.

خۆ ئەگەر ئێمە وەک ئاژەڵان بوینایە ئەوا هەرگیز بە بێ هۆکار چوکمان ڕەپ نەدەبوو، تەنها لە وەرزی زاوزێدا نەبێت، واتە تەنها لە وەرزی بەهاراندا چوکمان ڕەپ دەبوو، ئەوەش بە بێ هۆکار نیە. خۆ ئەگەر نا هەرگیز سانتۆگوستین نەی دەگووت و داوای لە ئێزدان نەدەکرد کە وازی لێ بهێنێت هەتاوەکو چوکی ڕەپی بخزێنێتە ناوگەڵی کچانی شۆخ و شەنگ، چوکی ڕەپی بخاتە سەرلێوی کچێکی لێو گۆشتن و کەمەر پانوپۆڕ، تەنها بۆ لەزەت و خۆشی، بە بێ ئەوەی مەبەستی لە نانەوەی نەوەیەکی نوێ بێت، لەبەر ئەوەی کە چوکی ڕەپ بووە و دەبێت بیخزێنێتە کەلێنێکەوە هەتاوەکو دابمرکێتەوە. هەرگیز سانتۆگوستین دژی ئەوە نەدەبوو کە ئێمە بەهاران بە شۆق بەرببینە یەکتری بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین مێینە وەک ئاژەلان. سانتۆگوستین هەرگیز تاکی ئەورووپای مەسیحی خەتابر نەدەکرد.

ئارکیۆلۆژی ناتوانێت پێمان بلێت کە ئایا لە کەیەوە مرۆڤ بەبێ هۆکار چوکی ڕەپ بووە، ئایا هەر لەسەرەتاوە ئاژەڵێکی جیاواز بووە لەو ڕووەوە، یان کاتێک مێشکۆڵەی پەرەی سەندووە و قەبارەی گەورەتر بووە، چونکە بەپێی لێکۆڵینەوە ئەوەی کە ئاگامەندیی بە ئێمە بەخشیوە، گەورەبوونی قەبارەی مێشکە، کەسیش نازانێت هۆکاری چیە و بۆچی مێشکی ئۆمۆساپیان ملوێنەها ساڵ لەمەوبەر قەبارەی گەشەی سەندووە و  گەورەبووە، هەندێک لێکۆڵینەوە باسی جۆرێک لە خواردن دەکەن، وەک ماسی. هەر ئەم پەرەسەندنەشە کە بۆتە هەوێنی ئاگامەندیی، واتە مەرج نیە کە گەورەبوونی قەبارەی مێشک پەیوەست بێت بە لۆژیکێکی پێویستەوە بە مرۆڤ، ئایا پرۆگرامێکە و دەبوا ببێت یان ڕێکەوتە؟ پێ دەچێت کە گەورەبوونی قەبارەی مێشک ئەگەریش ئاگامەندیی و دیاردەی ژیریی بێ هاوتا بئافرێنێت لە هەمان کاتا کاری ناپەسەندیشی پێ ببەخشێت، واتە دەمانگەیەێتەوە بۆ سانتۆگوستین، بۆ دیاردەی خراپەو باشە. کەواتە ئێمە چۆن هەڵسوکەوت لە مەڕ ئەم دوو چەمکەدا بکەین کە لە یەکتری ئاڵاون وەک ماری ئاشقەو ماشقە؟  بۆیە سانتۆ گوستین دینی مانی جێ هیشت و بوو بە مەسیحی، لەبەر ئەوەی کە بە دوای چارەسەردا دەگەڕا، چارەسەری ڕادیکاڵانە.




**کتێبی میشێل فوکۆ Michel Foucault**

لە ڕێنیسناسەوە هەتا ئەمڕۆ، لە ئەوروپا دژی فکرەی سانتۆگوستین خەبات دەکەین، بە جۆرێک کە ئەوروپا سەرپەلیی لەو بوارەدا پەیڕەوی دەکات، کە پێی دەڵێن: لیبرالیسم. چەمکی لیبرالیسم ڕزگاربوونە لە فکری سانتۆگوستین. دواهەمین کتێبی میشێل فۆکۆ "Michel foucault " بە ناوی:

"گوناحی جەسەدی یان دانانن بە گوناحدا " Les aveux de la chair "

کتێبێکی ناتەواوە و بریتیە لە نۆتی فۆکۆ لەسەر فکرەی سانتۆگوستین و پیاوانی فەیلەسوفی مەسیحی و کۆڵەکەی مەسیحیی. بە داخەوە فۆکۆ نەیتوانی کتێبەکەی تەواو بکات، تەنها نۆتەکانی لە چاپدراون. لەم نوسینەمدا بە هیچ جۆرێک فکرەی فۆکۆم نەخستۆتە ڕوو.

..........................................................

-هەندێک لە زانیارییەکان لەسەر فکرەی سانتۆگوستین لە کتێبی فۆکۆوە وەرگیراون (دانان بە گوناحی جەسەدیدا).

- وێنەکەی سەرەوە نەخشێکی سەر دیوار پۆمپەیی (Pompei) یە.

**کۆتایی.**



# پیاوی کورد

## چەندەها خشتەکی لەسەر شیعری موفتی پێنجوێنی

بیرۆکەی ئەم شتە شیعرەم لە دیالۆگێکەوە بۆ هات دەگەڵ کچێکی کوردا. وەک کوردان ئێژن: وەک ئەو خۆرە جوان خاسە، خاوەنی ئەقڵ و جەستەیەکی نازدارە. وەکی خواوەندی ئیشتار لە توانیدایە سەدەها پیاو ماندو بکات، بەڵام گیرۆدەی ئەقڵی پیاوی کوردە؛ وەختەکی شەوێک حەزی کردووە بۆ مێردەکەی بمژێت، مێردەکەی ڕاچڵەکیەوە و پێی گوتووە:

لە کوێوە فێر بویت؟

لە کاتێکدا مێردەکەی دەگەڵ لەشفرۆشەکاندا شەوانە ڕای دەبوارد و بە مەستی و کێری فشۆڵەیەوە دەگەڕایەوە بۆ لای خانم.

لەدوای گێڕانەوەی هەندێک بەسەرهاتی لەگەڵت مێردەکەیدا، هێندە داخ چوو بە دڵما، شەو خەوم لێ زڕابوو، لە هەمان کاتا لێتان ناشارمەوە بەدەس خۆم نەبوو کێرم ڕەپ بوو بە بیستنی هەندەک باس.

****

لە دوای دووهەم دێڕەوە، ئەم شتە شیعرە لەسەر ریتمی مۆسیقای حەوتی بخوێنەرەوە، واتە:

تا تتەم تەم. تا تتەم تەم. تا تتەم تەم. تا تتەم تەم........دەتخاتە ئێکستازەوە

****

کە دەڵێم؛ پیاوی کورد، خۆ تەنها مەبەسم لە پیاوانی سەلەفی و ئەنتێگریست نیە، مەبەسم لە ئەقڵی ڕۆژهەلاتیە، مەبستم لە ڕۆشنبران و بەتایبەتی شۆڕشگێرانیشە.

مەبەسم لەو ئەقڵەیە کە توانای گۆڕانکاریی لە خۆیدا نیە، پیاوی کورد، کاتێک لە کن پیاوێکی ئیسلامیەوەیە، پیاوی کورد، بە تەنیشت سەلفیەکی ڕیشدارەوەیە پیاوی کورد، قسەی زل و ڕستەی فەلسەفیم بۆ باس دەکات پیاوی کورد، باسی ئازادی و زانستم بۆ دەکات پیاوی کورد، بەڵام خۆ ئاوەزی لە ئاوەزی مەلایەک خاستر نیە پیاوی کورد.

هەتا بۆی دەلوێت دەگەڵ پەتیارەکانی شاردا رادەبوێرێت پیاوی کورد، بەڵام کە دێتە سەر باسی ژن و ژن خوازی و بوکێنی پیاوی کورد، وەک خۆیان ئێژن دەبێت خانم پەردەی نەژاکاو بێت بۆ پیاوی کورد، چونکا کاتێک دەگەڵ کچێکدا سێکس دەکات پیاوی کورد، مەبەسی تەنها لە گایین و خیانەتە پیاوی کورد، وەک چۆن سواری مایین و ئاژەڵان دەبێت پیاوی کورد، نازانێت هەموو جوتبونێک خۆشەویستیە، پیاوی کورد، چونکا نەچۆتە بەردەم مەلایەکی سەلەفی بۆ مارەیی، یان مارەبەجاشی نەکردووە پیاوی کورد، بۆیە ئەو لەشە جەستەیەکی ژاکاوە و چوپەڵە بۆ پیاوی کورد.

کاتێکیش هاوسەرەکەی لە ژێر لێفەوە دەیەوێت دەستبازی بکات دەگەڵ پیاوی کورد، دەیەوێت بیمژێت بۆ پیاوی کورد، ڕادەچڵەکێت و پێی دەڵێت: چۆن فێر بویت؟ کێ هۆگری کردویت پیاوی کورد، چونکا دەزانێت هەموو ئازادیەک لە سێکسولیتێدا ئازادیە لە ئەقڵا، پیاوی کورد، بۆیە خەمیەتی هاوسەرەکەی ئازاد بێت و لە دەستی چێت پیاوی کورد، چونکا ئەو تەنها لەگەڵ پەتیارەکاندا دەزانێت ئازاد بێت پیاوی کورد، توانای نیە ئەقڵی ئازاد کات لەگەڵ خوشک و هاوسەریدا پیاوی کورد.

باسی ئازادی و ئازایەتی و شکۆداری خۆت مەکە ئەی پیاوی کورد، باسی ئازادی و رزگاری کوردساتنیشم بۆ مەکە ئەی پیاوی کورد، باسی گەندەڵی و ڕەخنەش لە حکومەت مەگرە ئەی پیاوی کورد، تۆ تەنها ئەقڵت بگۆڕە ئیدی هەموو شتێک دەگۆڕێت ئەی پیاوی کورد، تا قوزی خوشکت نەخەیتە ئاستی ئازادی نێرتکی خۆت ئەی پیاوی کورد، هیچ گۆڕانکاریەک ڕوونادات لە ژیوارتا ئەی پیاوی کورد.

وەختەکی باسی ئەشق و دڵداری و ئازادییت بۆ دەکەن پیاوانی کورد، کاتێکی هۆنراوەت بۆ دەهۆنێتەوە بە ئاوازی قەشەن پیاوانی کورد، بە دێری پڕ لە خۆشەوستی و دەستەواژەی رازاوە، پیاوانی کورد، باش بزانە تەنها چوکی ڕەپ بووە و هەوەسی ورووژاوە پیاوی کورد، ئارەزوی گان و سواربوونی هەستاوە پیاوی کورد، خۆ ئەگەر نا تێ دەگەشت بۆچی کچی پورەکەی پێی ئێژێت برۆ گوو بخۆ ئەی پیاوی کورد.

یان ئەو پەیکەرانەی کە دەیکەن لە کوردستان دژی دین و باسی خۆشەویستی دەکەن گوایە بۆ پیاوانی کورد، باسی ماچ و دەستبازی دەکەن بۆ پیاوانی کورد، باوەڕیان پێ مەکەن چونکا هەمویان ئەقڵی داعشن، بە ئەقڵی داعش کراون بۆ پیاوانی کورد.

ئەو ڕۆژە دەتوانیت ئاوەها بدوێیت کاتێکی کیژێکت مارە کرد ئەی پیاوی کورد، پێش ئەوەی بچیتە ژورەوە دەگەڵیا، پێی بڵی کە تۆ گەرەکت نیە خوێن ببینی ئەی پیاوی کورد، دەستەسڕی خوێناوی کوزی ئەو ناکەیت بەسەر چۆپی ئەی پیاوی کورد، ئەوسا دەڵێم بەراستی تۆ خاوەنی ئەقڵێکی ژیر و ئازادیت ئەی پیاوی کورد.

دەنا تۆ بودەڵەیت، تۆ پوچەڵەیت، تۆ حیزەڵەیت، ئەی پیاوی کورد.

چەندەها سالە لێم زویرە و و تێ ناگەم بۆچی قسەی ڵی دابڕیوم پیاوی کورد، چونکا داوای خویشکمی کردبوو منیش نەم دەزانی دەبێت وەک پیاوانی کورد، پێی ببێژم بەسەر چاوان

بۆت دەخەمە سەر سینی بۆ پیاوی کورد، گۆتم ئەوە کاری من نیە بڕۆ خۆت قوزی خوشکم بدوێنە ئەی پیاوی کورد.

ئای خوادیە چەندە من ساویلکەم، تێ ناگام لە ئەقڵی پیاوانی کورد.

کاتێکیش خویشکم گەشتە ئەوروپا بە ڕاشاکاوی پێم گۆت، بڕۆ ڕابوێرە بە ئازادی وەک ئێمەی پیاوانی کورد، گۆتی تۆ شێتیت، تۆ لە ئازادی لاتداوە ئەی پیاوی کورد. زۆر بە داخۆ کچانیش گیرۆدەی ئەقڵی تۆن ئەی پیاوی کورد.

سەرزەنشتی کیژانی کورد دەکەم دەگەڵ ئەورپایدا گان بکەن نەک پیاوی کورد، چونکا بە حیزیان دەزانن پیاوانی کورد، خۆ ئەگەر کێری ئەوروپی خەتەنە نەکراوە، وەک خەرتومی فیل وەهایە نەک وەکی کێری پیاوانی کورد، قەیدی ناکات، هەڵدەسێ و ڕەپ دەبێ و زۆر خاسترە لە کێری فشۆڵەی پیاوانی کورد.

لە دانشگای قانون لە کوردستان، مامۆستا داخوازی کرد بابەتێکی ئازاد هەلبژێرن بۆ پیاوانی کورد، کچێکی ناسک و نازادریش باسی پەردەی کچێنی هەڵبژارد بۆ پیاوانی کورد، بەڵام کاتێک باسەکەی کردەوە لە پۆلی دانشگای قانوندا بۆ پیاوانی کورد، سەری حیزی دانەوەند بوو لە شەرما پیاوی کورد، نەوەکا ئەو کیژەی دەی هاوردن پەردەی کچێنی لەدەستدابێت بۆ پیاوی کورد.

چەندەها ساڵە لە ئەورپا دەژی و ڕادەبوێرێت پیاوی کورد، نە ئیسلامە نە ئیماندارە پیاوی کورد، وەختەکی خوشکەکەی شوو دەکا بە کوڕێکی بێگانە پیاوی کورد، خەمی لێ دێت گەر کورەی ئەوروپی نەبۆتە موسڵمان پیاوی کورد. دەی داوەشێن و داڕزێن هەی پیاوانی کورد.

من هەرگیز وەک پیاوانی کورد نەبوم و نابم بە پیاوی کورد،

بشم مرم وەسیەت ئەکەم پێم بڵێن ئەی کوردە

هۆشت بێ لە جێی تەڵقینمە ئەی پیاوی کورد.

بمرێت مۆنتالیتێی پیاوی کورد

کۆتایی



## پێشمێژووی پیرۆز

بە شێوەیەکی گشتیی کاتێک باسی پێشمێژوو دەکەین؛ سەردەمی ڕاوچی میوەچن، وەک بەهەشت ئاماژەی پێ دەکەین، وەک ژیانێکی ئایدیال و بێ کێشە. بەڵام پێ دەچێت کە جیاوازی پێشمێژوو لەگەڵ مێژوودا تەنها نەبوونی زمان (شایەتحاڵی) بێت. بۆیەکا بە جۆرێکی ئایدیالانە و پیرۆز لێکۆڵینەوە بۆ شوێنەوار و نەخشەکانیان دەکەین. ڕاستە بە پێی دۆزینەوە شوێنەوارییەکان، دژواری و کوشتن زیاتر پەرەیان سەندووە لە سەردەمی کشتوکاڵیدا، بەهۆی خڕکردنەوەی بەروبووم و موڵکایەتییەوە.

تیمۆتی تایلۆر لە کتێبی "پێشمێژووی سێکس"دا دەی گێڕێتەوە کە شوێنەوارناسەکان کێردێکیان دۆزییەوە لە گۆڕێکدا بە تەنیشت ئێسکە پەیکەرێکەوە، دوای ئەوەی بە پشکنین دەرکەوت کە ئێسەکە پەیکەرەکە پیاوێک نییە و ژنێکە، ئیدی کێردەکە وەرچەرخا بۆ تەشی و هەتا ئەم ساتەش بەو شێوەیە ماوەتەوە. چونکا بە بیری ئەوان تەنها پیاوان کێردیان بەکار هێناوە و بەکاری دەهێنن.

ئێمە کاتێک سەیری ڕابردووی خۆمان دەکەین، یان  هەر کاتێک ڕۆمانێک دەخوێنینەوە، فۆتۆگرافییەک دەبینین، بە پێی سەردەمەکەمان و زانیاری و ویستی خۆمان ئەو ئۆبژەیە دەبینین، لەو ڕۆمانە تێ دەگەین. تێروانینمان بەستراوەتەوە بە ئاستی زانین و زانیاری و ژیریمانەوە،  بە سەردەمەکەمانەوە.

ئەو نێرتکەی دەیبینن بە دەست ئەو ژنەوە، لە ئەشکەوتێکدا لە ئەڵمانیا دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 28 هەزار ساڵ لەمەوبەر. درێژییەکەی نزیکەی بیست سانتیمەترەو و زۆر بە ساف و لوسی داتاشراوە. بەڵام لە ژێر ڕیسمەکەدا لە ڕۆژنامەیەکدا نوسراوە:

"سەرەڕای ئەو هەموو خۆشەویستییەی کە پێی دراوە هێشتا بە سافی ماوەتەوە. بەڵام وادیارە کە بە مەبەستی چێژ دروست نەکرابێت، بەڵکو وەک ئۆبژەی پەرستن بەکار هاتووە".

لە کاتێکدا ئەو ئۆبژەیە، بە وێنای نێرتکی دەستکردی مۆدێرنی سێکس شۆپەکانە. قەبارەی تەواو گونجاوە بۆ تێخستن، بۆ ناو زێ یان کۆم. بۆیە ڕێی تێ ناچێت ئۆبژەی پەرستن بووبێت، ئاشکرایە کە گاشە بەردە ستونییەکانی ئێۆکس و ناوچەی بەریتانیای فەرەنسا هێمای سێکسوێلن و بەو مەبەستە کراون (لە کوردستانیش ئەم گاشە بەردانە دۆزراونەتەوە لە شکڵی چووکی زەبەلاح و مەمکدا وەک کێل لەسەر گۆڕەکان دانراون)، بەڵام ئەم نێرتکە بچوکانە تەواو دەوری گۆدمیشێیان بینیوە لە پێشمێژوودا، قەبارەکەیان ئەوە دەسەلمێنێت.

بە هەمان شێوە کاتێک پەیکەری ئافرەتە گۆشتنەکانمان دۆزینەوە (لە وێنەکەدا لەدەستە چەپدا دانروە)، هەر خێرا ناویان لێ نان: ڤێنوس، هەرچەندە ڤێنووس دەستەواژەیەکی سەردەمی مۆدێرنە و من هەمیشە گاڵتەم بەو دەستەواژەیە هاتووە. بەڵام ئەم ڤێنوسانە وەک لە نەخشەکەدا دەیان بینین، لە روسیاوە هەتا بەڵکان و فەرەنسا دۆزراونەتەوە، بێ شک بە مەبەستی جیاواز کراون و بۆ مەبەسی جیاواز بەکار هێنراون. یەکێک لەو پەیکەرۆکانە بەڕای من باسی ئەشکەنجەی جەستەی مێینە دەکات (منداڵ بوون)، بەڵام بۆ زۆربەیان ناتوانین نەرێنی لە دەوری سێکسوێلیان بکەین، چونکا بە شێوەیەکی گشتیی گرنگی دراوە بەو بەشانەی کە جێگای هەوەسی سێکسوێلن؛ سمت و مەمک، لە کاتێکدا هیچیان دەمووچاویان نییە. هەندێک لەو پەیکەرۆکانە لەوانەیە وێنەی دووگیانیی بن. خۆ ئەگەر چالاکیش بوونایە بەڵام هیچکامیانمان نەبینیوە وەک خواوەندێک پیشاندرابێت لەکاتی زاییندا یان شیر بدات بە منداڵێک. هەرگیز نایان بینین خەریکی ڕاوکردن بن، خەریکی کوشتن بن، یان هەر خەریکی کردەیەک بن. زۆربەیان دەمووچاویان نییە، ئەمەش پێچەوانەی خەسڵەتی خواوەندییە.

قەبارەیان بچووکە، دە هەتا سیازدە سانتیمەترە. دوو سەد پەیکەرۆکە دۆزراونەتەوە هەتا ئەم ساتە. مێژوویان دەگەڕینەوە بۆ پانزە هەتا سی هەزار ساڵ لەمەوبەر. لە ئێستادا، هێشتا نازانین کێ ئەو پەیکەرۆکانەیان داتاشیوە و بە چ مەبەستێک!

بۆ سەلماندنی مەبەستی سێکسوێلی ئەو ئۆبژیە، دەبێت پرسیار لە خۆمان بکەین بۆچی ئەو نێرتکە دراوەتە دەست کچێک؟ هەرگیز ئۆبژەیەکی ئاوا نادەینە دەست پیاوێکی سمێڵدار، یەع !!! لەبەر ئەوەی ئێمە دەمانەوێت خەسڵەتی سێکسوێل خۆی بەو ئۆبژەیە بدەینەوە، لە هەمان کاتا دەڵێین ئەو ئۆبژەیە بە مەبستی پەرستن کراوە، ئەمەیە پارادۆکسی مرۆڤی سپاییان.

بە نمایشکردنی بە تەنیشت دەمووچاوی کچێکی جوانخاسەوە، بە تەنیشت لێویەوە، چونکا دەزانین دەم و لێو و نێرتک پێکەوە هەوەس دەورووژێنن؛ لێو نێرتک دەمژێت و دەیپەڕێنێت، پێ دەچێت کە خانم سپێرمەکەش بخواتەوە، هەموو ئەمانە هەوەس دەورووژێنن لە نەستماندا. ئەو هەوەسەی کە لەنستماندا خۆی حەشارداوە و لەهەمان کاتا بە پیچەوانەی هەوەس و ئارەزووەوکانمانەوە ڕوونکردنەوە لەسەر ئۆبژەکە دەدەین. چونکا ئەگەر بڵێین ئەو ئۆبژەیە بە مەبەسی تێخستن کراوە، بۆ ڕۆژی بەیانی خەڵکی سەرە دەگرن لە سێکس شۆپەکاندا. ئەمە ئەوە دەسەلێنێت ئێمە هەتا چەندە ئارەززوەکانمان دەچەپێنین، وەک چۆن ڕونکردنەوەکانمان.

پێناسەی مرۆڤ بە بایۆلۆژی: "بوونەوەرێکن هەریەکەیان بە دی ئای ئێنێکی کەمێک جیاواز لەوی تر دێتە ژیانەوە، هەموویان بە دوای چێژ و لەزەتا وێڵن."

ئەگەر ئێمەی ساپیان بە دوای لەزەتا ویڵین لەبەر ئەوەی ئێمە بوونەوەری بە ئاگاین، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەشکەنجەیە کە ئێمە بە دوای لەزەتا وێڵین. چێژی سێکسوێل پانتاییەکی فراوان لەو بوارەدا لە خۆ دەگرێت.

تێبینی:

نەخشەکەی دواوە، فۆتۆگرافی خۆمە لە پێشانگایەکدا لە پاریس مانگی شەشی2023.

زانیاری لەسەر ئەو نێرتکە لە سایتێکد بڵاوکریەوە و برادەرێکی ئازیز ناوی منی لە کۆمێنتێکدا نوسی بوو هەتا بچم بیخوێنمەوە، زۆر سپاسی دەکەم، بەڵام کاتێک ویستم جارێکی تر سەیری ناوەکەی بەکەم هەتا سپاسی بکەمەوە، سڕیبویەوە، نازانم بۆ؟ بەداخەوە نەمتوانی سپاسی بکەمەوە.

گۆدمیشێ: مانای نێرتکی دەستکرد.

## کۆتایی



## پێناسەی ڕەگەز و چێژی سێکسوێل

لەم سەردەمەدا لە فەرەنسا کوڕان دەبینین دێن و دەچن بە تەنورەوە، نینۆکیان ڕەنگاوڕەنگ دەکەن و هەندێکیشیان توکی بەر سنگیان لە ژێر کراسەکەیانەوە هاتۆتە دەرێ و شتی تریش. بە پێچەوانەشەوە کچان کەوشی پاژنە بەرزیان تورِ داوە و گوێ نادەن بە هەندێک کۆدی مێینە. بە داخەوە لە سەردەمی ئێمەدا هەروا ئاسان نەبوو، دەنا حەزم دەکرد منیش وەک باوانی کوردەواریمان تەنورەی گوڵدار و سەڵتەی ڕەنگاو ڕەنگ بپۆشم.

هەرچەندە نەچووە بچێ.

بەم کەسانەش دەوترێت: کوێر (Queer)، کوێر وشەیەکەی ئنگلیزییە بە مانای، سەیر، نا ئاسایی یان سەمەرە دێت. ئەم دەستەواژەیە، ئاماژەکردنە بە هەموو کەمینە سێکسیی و ڕەگەزییەکان کە ئاراستەیەکی سێکسوێلی جیاوازیان هەیە لە جیاڕەگەزخوازەکان.

پێ دەچێت کەسانی بیر تەسک، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا جزداشە دەپۆشن و شانازیش بە جلکەکانیانەوە دەکەن، ئەم پێشنیارەم بە نابەجێ و قێزەون وەرگبگرن، لەگەڵ ئەوەشدا جزداشە وەک کراسێکی ژنانەی کوردی وەهایە بە بێ گوڵ، یان تەنورەیەکی درێژی زۆر ناشیرین، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم جلکە: جزداشە، وەک تەنورەی پیاوانی ئێکۆس، پۆشاکێکە و لەلایەن کولتوورێکەوە بڕیاری لەسەر دراوە، بە ناپەسەند نایەتە پێش چاویان و دڵگیرە بەلایانەوە.

کەواتە ئەوەی ئێمە ناومان ناوە کولتوور و کاتێک دەڵێین: (ئەمە کولتووری من نییە)، جێگیر نییە و دەتوانرێت سەرەونوخوون بکرێتەوە، بێ گومان ئەگەر کەل-لە ڕەق نەبین و خاوەنی ئەقڵێکی ژیر بین. بەڵام ئەوەی ڕێگرە وادیارە ترسە، ترس لەوەی کە من کەسێکی کۆمەڵایەتی نەبم؛ خۆم جودا بکەمەوە لە ئێوە، غەریب لە نێو کۆمەڵگەدا. چونکا پۆشین و رەفتار وەک دەوروبەرەکەم بە مانای پەیوەندی کۆمەڵایەتی دێت  من خۆم لە تۆ جودا ناکەمەوەو وەک تۆش بیر دەکەمەوە کەواتە من و تۆ لەهەمان کۆمەڵگەداین. ئەم لۆژیکە زیاتر زەقە و زیاتر خۆی دەسەپێنێت لە سیستەمی نادیموکراسیدا.

ئەگەر لە ڕابوردوودا ئێمە کلیتۆریسی کچانمان بڕی و کوڕانمان خەتەنە دەکرد بە مەبەسی زەقکردنەوەی شکڵی مێینە و نێرینە بوو بە ڕووکەش، چونکا کلیتۆریسی زۆر لە ئافرەتان گەورە بوون بە وێنای نێرتک و لێوەکانیشی بە وێنای گوونی پیاوان بوون، بڕینی کلیتۆریس بە مەبەسی پێدانی شکڵێکی جیاواز لە نێرتک و گوون، خەتەنە کردنی کوڕانیش بە هەمان شێوە بۆ دەرخستنی پۆپەی نێرتک. بەم شێوەیە ئەوەی سروشت (خودا) بڕیاری نەدابوو، ئێمەی مرۆڤی ساپیان لەبری ئەو بڕیارماندا و زیاتر جیاوازییەکانمان زەقکردنەوە. بۆیەکا لای ئیسلمییەکان ئەگەر پیاوێک ڕیشی نەبێت جێگای قبوڵکردن نییە.

هەموو ئەم لۆژیکانە بەرهەمی ئەقڵی سەردەمی کشتوکاڵین، کاتێک پێویستمان بە زۆری ژمارەی دانیشتوان بوو بۆ کێڵان و بیاتنانی شارستانی. شۆڕشی کشتوکاڵی کە ئەقڵی گرتە چوارچێوە و سنورداری کرد؛ هۆمۆفۆبیا و رەگەزپەرستیی و شەڕ و دژواری بە دوای خۆیدا هێنا. ڕەفتای کۆمەڵایەتیی جێگیر کرد و کردی بە کۆد و دین و باوەڕە.

***

دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە تەنورە بۆ کوڕان لە ڕووی تەندروستی و هەوەسی سێکسوێلەوە زیاتر لەبارە، ئەمەش بە زانستیی سەلمێندراوە، جگە لەوەی کە زۆر پراتیکە بەوەی کە بە ئاسانی دەتوانیت هەڵیدەیتەوە و لەهەر شوێنێک هەوەست هەستا کاری خۆت بەڕی کەیت، بەڵام دەبێت نێرتکت وەک ئەسپان لەغاو بکەیت، دەنا لەکاتی ڕەپبووندا

شاردنەوەی هەروا ئاسان نییە. دەمێنێیەوە سەر ئەوەی ئایا کچان چۆن ڕەچاو لە کوڕێک دەکەن بە تەنورەوە؛ ئایا هەوەسیان دەورووژێنێت یان نە؟ بێ گومان ئەمەش پەیوەندی بە هزروە هەیە؛ چەندە ئێمە ئەقڵمان فراوانە بۆ قبوڵکردن! ڕاستە، وەک کچێکی کورد بۆی گێڕامەوە، نەی توانیبوو چوکی کوڕێک ئەوروپی بمژێت چونکا خەتەنە نەکرابوو، دەگیووت :

یەع، شۆڕببویەوە، وەک لووتی فیل !!!

## کۆتایی



**گەریلا و ئاپۆ و سێکسو عەشایەر.**

ئیسلامیەکان لە ووتارەکانیاندا وەهامان تێ دەگەیەنن کە ئەوان مرۆڤیان فێری مۆراڵی کردووو، وەک ئەوەی پێش ئیسلام مرۆڤ بێ مۆراڵ بووبێت، تەنانەت ئەوان بوون بێچووە مەیمون و ئاژەلانی تریان فێر کردووە دایکی خۆیان خۆش بوێت. وەک چۆن پڕوپاگەندەیان بۆ کۆمۆنیستەکان دەکرد کە گوایە سواری دایک و خوشکی خۆیان دەبن، ئەم جارە نۆرەی پەکەکەیە، گوایە کچانی گەریلا لەگەڵ کوڕاندا لە سەنگەرەکاندا سێکس دەکەن. گەنجانی برسی بە سێکسیش لە کوردستان، گوێیان سوکە بۆ ئەو جۆرە باسانە، بۆیە هەندێک لە گەنجانی باشور روویان کردۆتە شاخەکانی کوردوستان بەو هیوایەی لەگەڵ گەریلا نەشمیلانەکانی پەکەکە بە ئازادی لە سەنگەرەکاندا سێکس بکەن، کاتێک دەگەنە ئەوێ، بێ هیوا دەبن، پاشان بە خۆیان و کەڵاشنیکۆفەکانیانەوە هەڵدێن و دەگەڕێنەوە بۆ باشور و دەڵێن: پەکەکە دیکتاتۆرە. ئیسلامیەکانی کوردستانیش، بیانویان بۆ نامێنێتەوە، ئەوسا زوانی خۆیان دەگۆڕن و دەڵێن: پەکەکە هاو ڕەگەزبازە، لە بەر ئەوەی

که چوار گەریلای نازداریان نەخستوتە باوەشیان، ئەم وەڕە وەڕ و حەپە حەپەشیان به داخوازی ئۆردوغانی ئاغایانە.

لە دۆکیومەنتەریەکی فەرەنسیدا لەسەر کچە گەریلاکانی پەکەکە، کچەی ڕۆژنامەگەر پرسیار لە کچە گەریلاکان دەکات کە ئایا بێ تاقەت نین بۆ پیاو، هەموویان دەدەنە هاڕەی پێکەنین و ئیتر ئەوە کۆتایی دۆکیومەنتەرەکەیە.

کچە گەریلاکانی پەکەکە، کتێبی ژنولۆژی سەرۆک ئاپۆ دەخوێننەوە، بێ شک من لەسەر ئەو کتێبە نادوێم لە بەر ئەوەی نەم خوێندۆتەوە و زۆر چاوەڕوانی شتی گرنگیشی لێ ناکەم، بەڵام کاک کەمال ئاسۆ کتێبێکی ڕەخنەیی بەناوی ژنۆ فۆبیای لەسەر کتێبەکەی ئاپۆ نوسیوە، ئەویشم نەخوێدۆتەوە بەڵام کورتەیکیم خوێندەوە لە پەیجەکەیدا؛ فەرمون بۆ خوێندنەوەی لەم لینکەی خوارەوە.

https://www.facebook.com/asokamal/posts/10218847634520005

ڕخنەگرتن شێکی گرنگە و من هیچ شتێک بە پیرۆز نازانم کە جێگەی ڕەخنە نەبێت، بەلام دەبێت بزانین کە کچە گەریلاکانی پەکەکە، زۆربەیان کچانی لادێن، لە شوێنی خۆیاندا بۆیان نەبووە سەر بهێننە دەرەوە و ژیانێکی تر بژیێن، تەنها مافی کڵاو چنیان هەبووە بۆ پیاوانی خێڵەکەیان، لەسەر چاوداگرتنێک یان نامەیەکی دڵداریی، کوژاون، زیندە بەچاڵ کراوون. وەک زۆر لە کچانی دێهاتیی لە تەمەنێکی زوودا دەدرێن بە شوو و ئیتر ژیانیان مۆنۆتۆنە و هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بە سەردا نایەت؛ خەو و ئاواتیان دەچێتە گۆر. ئەگەر پەکەکە ئەو توانایەی هەبووە و ئەو شانسەی پێ داون لەو ژیانە بێ هیوایە بیان هێنێتە دەرەوە، ئەوە خۆی لە خۆیدا کارێک و هەنگاوێنی زۆر گەورەیە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا هیچ پارتێک و هیچ ئایدیۆلۆژیایەک ئەو توانایەی نەبووە، بێ شک بەشێکی زۆری لە ئەستۆی خەباتی ساکینە جانسازی مەزنە.

کاتێک باڵندەیەک هەموو ژیانی لە قەفەسێکدایە و تۆ بەرەلای دەکەیت، فڕین بۆلای ئەو کارێکی زۆر نامۆیەو ون دەبێت لە ئێسپاسدا، بۆیە هەوڵ دەدات بگەڕێتەوە ناو هێلانەکەی، هەر لەبەر ئەوو هۆکارەیە کە ناتوانین بە کچانی پەکەکە بڵێین: وەرن بۆ خۆتان لە سەنگەرەکاندا دڵداریی بکەن. بەڵام خەباتی چەکداری و ئازادی سێکس پێکەوە ناگونجێن، جگە لەوەی کە شۆڕشێکی چەکداریی پێویستی بە دیسپلینێکی ئاسنینە، لە هەمان کاتا کچێکی دێهاتی وەک مرۆڤێکی بەندکراو لە توانایدا نیە بازێکی وەها بدات، ئاپۆش وەک کەسێکی شۆڕشگێری ڕۆژهەلاتیی، پێویستی بە پەیرەوی کردنی ڕێبازێکە بۆ پاراستنیان لەناو ئەو گەلە گورگەدا.

ئەوەی ئاپۆ کردویەتی؛ دەرهێنانی ئەو کچانەیە لە چنگی کەڵچەری خێڵەکی، لە داهاتودا لە دوای شۆڕشی چەکداری شۆڕشێکی تریان پێویستە، بەڵام وەک سەرەتایەکی پتەو بۆ هەنگاونان بەرەو ئاسۆیەکی تر، باشترین هەنگاویان ناوە، لە قۆناغی کڵاو چنیەوە هێناونیەتە قۆناغی خەباتی چەکداریی و کتێب خوێندنەوە، گرنگ نیە چی دەخوێننەوە، گرنگ ئەوەیە فێری خوێندنەوە بوون، لە قۆناغێکی تردا؛ لە دوای شۆڕش، پێ دەچێت کتێبی سۆسیۆلۆژی سێکسۆلۆژی بخوێننەوە، هەرچۆنێک بێت ئەوان قۆناغێکی پتەویان دارشتووە کە ئێمە لە کوردستانی باشوور هیچ هەنگاوێکمان لەو ڕووەوە نە ناوە، ئەوە نەبێت کە کۆمەلە پێشمەرگەیەک بە سەرۆکایەتی سەرۆک خێڵێک دەیان ویست سیستەمێک بڕوخێنن بە یارمەتی هێزێکی دەرەکی، بە بێ ئەوەی خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەک بن و ئامانجیان گۆرانکاری بێت لەکۆمەڵگەدا. بۆیەکا دیاردەی کچانی بورقە لەبەر سەرهەڵدەداتەوە، هەر بۆیەش سەرۆک خێڵێک توانی حوکم بگرێتەوە دەست. ئێستاکەش ئەم خێڵەکیانە کە دەزانن مۆدێلەکەیان بڕ ناکات لەگەڵ سەردەمدا، پەنایان بردووە بۆ تورکیا وەک مۆدێل.

لە بەر ئەوەی کە ئافرەت جێی هەوەس و ئارەزوی پیاوە، ئەو ئارەزوەش لە ڕۆژهەلاتی ئیسلامیدا بە چەندەها قوفڵ داخراوە، بەندکراوە، نازانن چلۆن ئەو دەرگایە بشکێنین و لێوەی بچنە ژورەوە، یان دەیان کەن بە قەحەبە بۆ ئاسان کردنی کاریان، یان بە فریشتە بۆ بەپیرۆز کردنیان، بەڵام گەریلاکانی پەکەکە نە ئەو فریشتانەن کە لە خەوی ڕۆمانتیکیەکاندا وەک خواوەندێک بۆ گەیشتن پێیان مەحاڵ بیت، نە ئەو خواوەندانەشن کە هونەرمەندەکانی کوردستان دەیان چوێنن بە خواوەندی نایک بە دوو باڵەوە، دەست بۆ ئاسمان درێژ دەکەن وەک پەناگایان، پەناگای ئەوان سەنگەرو خەبات و باوەڕە بە ئایدۆلۆژیایەک. گەریلاکانی پەکەکە فریشتەنین، کچانێکن بونیان هەیە و پایان لەسەر زەویە، لەجیهانی خەو و خەیاڵدا نین، لە جیهانێکدا نین کە دەستمان پێیان نەگات و بە خەیاڵی ڕۆمانتیکی بازاڕی کۆنەفرۆشەکان هۆنراوەی قەڵب و قۆڕیان بە سەر قژی زەرد و چاوی بە خومار و پەرچەمی لولیاندا هەڵدەین، هۆنراوە و گۆرانی بۆ تەشی و گۆزەی سەر شانیان بهۆنینەوە، ئەو کچانەش نین قبوڵی شەقی پیاوێکی بیر تەسک بکەن، لە بەر ئەوەیی کە ئەو ئێوارەیە خانم هەوەسی ئاغای تێر نەکردووە، فریشتەکانی پەکەکە تەواو پایان لە سەر زەوی جێگیرە، تۆی پیاویش ئەگەر بتەویت پێیان بگەیت دەبێت واز لە نێرینەیی و باوک سالاریی خۆت بهێنیت، بۆیە پیاوان لە بەردەمیاندا خۆیان بە نامۆ و هێزی نێرینەیی خۆیان بە نامۆ دێتە پێش چاو.

***

ئەگەر بمانەوێت ئەسپێک رابکات دەێت خەستەی بکەین، کاتێک کابرایەکی جووی ئۆرتۆدۆکسیش دەیەوێت لە شەوی بوکێنیدا لەگەڵ ژنەکەیدا جوت ببێت، بە دەوری ژنەکەیدا دەسوڕێیتەوە و داوا لەخودا دەکات کە یارمەتی بدات هەتاوەکو بتوانێت لە گەڵیا جوت ببێت، بە جیابوونەوەی لە خودا بۆ ماوەیەک، لە بەر ئەوەی کە ناتوانێت لەگەڵ خوادا بێت و لە هەمان کاتا لەگەڵ ژنەکەی، یاریزانەکانی فوتبۆڵێن چەند هەفتەیەک لە ژنەکیان دادەبڕێن پێش یاری کردن، کچە گەریلاکانیش لە شۆڕش و حەماس دان، خۆ ڕۆژێک دێت ئەم قۆناغە تێ پەڕێنن.

شۆڕشی چەکداری و سێکس دوو چەمکن، ناگونجێن پێکەوە، لە بەر ئەوەی کە هەردووکیان دژ بە یەکن، بەڵام ئەوانەی کە لە سەنگەرەکانی لوبناندا سێکسیان کردووە، دەی گێڕنەوە کە گەشتونەتە ئەوپەڕی ئۆرگاسم، لە بەر ئەوەی کە دوو ترانسگرێسێۆن لەویادا بەیەک دەگەن، یەکەم؛ سەنگەر وەک شوێنێکی نامۆ بە سێکس خۆی لەخۆیدا ترانسگرێسیۆنە، دووهەم، شۆڕشی چەکدارییە، واتە حەماس، حەماس خۆی لە خۆیدا بە پێچەوانەی هەوەس و ئارەزوی سێکسەوە هانگاو دەنێت، ئەگەریش پاڵنەری میکانیزمەکەش بە پێی شیکاری دەروونی هەر سێکس بێت. شۆڕشی چەکداری و سێکس دوو چەمکی پێچەوانەی یەکترین.

**بژی پەکەکە**

**بژی ساکینە جانسز**

**بژی کچە گەریلاکان**

**بژی ئاپۆ.**

## کۆتایی



**پەیکەرۆکەی ئافرەتە گۆشتنەکانی پێشمێژوو**

**با خڕ بێ، با خڕ بێ**

**مەمکۆڵەی سوخمە دڕ بێ**

پیاوان بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو کەڵچەرێکدا حەزیان لە مێینەی خڕ و خەپان و گۆشتنە، سمتی پان و پۆڕ هەوەسیان دەورووژێنێت بە بێ ئاگایی لە هێزی پاڵنەری ڕاستەقینە. لە بەر ئەوەی لە دی ئای ئێنیاندا مێینەی لەو شێوەیە؛ کەمەر پان و پۆڕ، نەوەی باش دەخەنەوە، هەقیقەتی بوون و هێزی هەژێنیش بەردەوام بوونە، بۆیەکا لە شەقامەکاندا ئاوڕ لە مێینەی سمت خڕ دەدەینەوە، هەر بۆیەش کارداشیان بە سمتی پان و پۆڕی هەموو جیهانی ورووژاندووە و بژێوی ژیانی لە سەر سمتیەتی.

بیرم دێت هەر کاتێک ئافرەتان لە کوردستان باسی جوانی کچێکیان دەکرد، دەیان گووت:

"ئا ئەمە تەختی دەموچاویەتی! سمتی هێندە پان و پۆڕە بەو دەرگایەدا ناچێت!"

ئیدی ناچار کچانیش هێندەی تر سمتیان پان و پۆڕ دەکردن. قوڕ بە سەر ئەو کچەی سمتی نەبوایە، دەیان گووت

"ناشیرینە، وەک تانجی گەڕە."

لەسەردەمی مۆدێرندا، زۆر جار قەڵەویی لای ئەو گەلانەی کە زیاتر هەژارن و گۆشت دەگمەن و گرانە بۆ کڕین، ئاواتیان گۆشت خواردن بووە و ئافرەتی خڕوخەپان ئایدیالیان بووە، خڕوخەپانیی نیشانەی زۆری خواردن و تەندروستی باش بووە، هەتا ئەم سەردەمەش وەک لە کوردستان، لای خێڵەکانی ئەفریقاش باس باسی خروخەپانی ئافرەتە وەک باری تەندروستی باش و دڵگیر، ئەمەش زۆرجار هۆکاری کەمیی خواردنە، هەر بۆیەش کابرای عارەب دەی گووت:

"مەمکی زل بۆ دەستبازی ئێمەی پیاوان باشە و لە هەمان کاتا بەسودە بۆ زارۆکەکانمان بە شیری زۆر"

بەڵام ئاغای عارەب باسی سمتی پان و پۆڕی خانمی نەدەکرد، چونکا ئەگەر سودی مەمکزلیی بۆ زۆریی شیر دەگەڕاندەوە، ئەوا نەی زانیوە چۆن بەڵگەی سودبەخشیی بۆ سمتی پان و پۆڕ بهێنێتەوە.

ئەوەی لە مێژەوە جێێ سەرنج و لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆگەکانە، پەیکەری ئەو ژنە سمت پان و پۆڕانەی سەردەمی کۆکەرەوەی دانەوێلەو ڕاون، هەندێکیان مێژوویان بۆ بیست هەتا چل هەزار ساڵ لە مەو بەر دەگەڕێتەوە، واتە قۆناغی یەکەمی گەشتنی ئۆمۆسپیان لە ئەفریقاوە بۆ ئەوروپا، ئەو کاتەی پلەی گەرما لە هاویناندا نۆ پلە بووە، لە زستاناناندا بیست و پێنج پلە لەژێر سفرەوە بووە. چۆن ڕێی تێ دەچێت کەسانێک ئەگەر مێینەی دووگیانیش

بن، لەو سەردەمەدا هێندە گۆشتن بووبن، چونکا ئەوان ژیانیان هەمیشە لە جوڵە و لە کۆچکردندا بووە، ئەو جۆرە ژیانەش ڕێگەی بە کەڵەکەکردنی هێندەی چەوری نەداوە، جگە لەوەی ئاژەڵانی ڕاو چەوریان زۆر کەمە، بە پێچەوانەی ئاژەڵانی ماڵیی سەردەمی کشتوکاڵییەوە، ئەی کەواتە پەیکەری ئەو هەموو سمت خڕ و مەمک زلانە چۆن و بۆچی کراون؟ بە پێی لێکۆڵینەوەی ئێسک، سەلمێندراوە کە ئەوان کەمییان لە خواردن نەبووە و خراپ خواردنیان نەخواردووە، لە هەمان کاتا خواردنی زۆریشیان نەبووە هەتا بەو جۆرە قەڵەو بن وەک مرۆڤی سەردەمی مۆدێرن بە چەوری ماکدۆنالد و سۆدا و کەمی جوڵە.

چەندەها ساڵ لە مەوبەر کاتێک گوێم لە مامۆستاکەم بوو دەربارەی پەیکەرۆکەی ئەم ژنە گۆشتنانە، دەستەواژەی خواوەند و ڤێنۆسی بەکار دەهێنا، تۆزێک بە نامۆ دەهاتە بەرگوێم، بە بێ ئەوەی بتوانم دژی بۆچوونەکانی بوەستمەوە.


ئەم پەیکەرۆکانە کە ناونراوون ڤێنوس و خواوەند، وەک سەرنج دەدەین، سەریان نیە، دەست و قاچیان بە هەمان شێوە گرنگییان پێ نەدراوە، ئەوەی گرنگی پێ دراوە و خراوەتە پێش چاو، مەمک و سمتە. ئەم نیشانانە چەند سەرەداوێکمان پێ دەدەن، بەڵام ئێمە ناتوانین بە دروستیی لە ژیانی ئۆمۆساپییانی چل و پێنج هەزار ساڵ لەمەو بەر تێ بگەین.

بێ شک هەر گروپە و بە جۆرێک ژیاون، ئەوان مرۆڤی دڕندە و پیس و پۆخڵیش نەبوون، پیاوان و ژنانانیان زۆر گرنگیان بە جوانیی و خۆ نمایشکردن داوە بە بازنگ و گوارەی دانی ورچ و شاخی ئاسک و کاکڵەی ئاژەڵی دەریایی بۆ پاوانە و دروستکردنی ملوانکە. ڕەنگا و ڕەنگ کردنی جل و بەرگ لە پێست نزیکەی حەفتا هەزار ساڵ لە مەو بەر، بەڵام نیشاندانی وێنەی ئافرەتی قەڵەو مەبەست لە ئافرەتی زاڵ نەبووە.

چەندەها بۆچوون و لێکدانەوە هەنە لە سەر ئەم پەیکەرانە و بۆچونەکانیش بە پێی سەردەم دەگۆڕێن. کاتێک ئێمە لە ئۆبژەیەک دەڕوانین ئەوە دەبینین کە هزرمان توانای هەیە بیبنێت، یان دەیەوێت بیبینێت، بەو هەقیقەتەی پێی گەیشتووە، نەک جەوهەری ئۆبژەکە خۆی، کاتێکیش دەمانەوێت لە چۆنایەتی ژیانی خۆمان تێ بگەین لە ئەشکەوتەکاندا، ئەگەر لە ژێر ڕۆشنایی دۆزینەوە ئارکیۆژیەکانیشدا بێت، ئەوا بە پێی هزر و بۆچوونی سەردەمەکەمان لێکدانەوەی بۆ دەکەین؛ سەیستەمێکی باوک سالاری یارمەتیمان نادات بۆ ناساندنی خانمی ساپیان وەک کەسایەتییەکی ئازاد و بڕیاردەر، بە پێچەوانەشەوە سیستەمێکی فەمینیستی وەک ئەمڕۆ، زیادەڕۆیی دەکات و بە لاڕێدا دەمان بات لە دەوری مێینە لە ئەشکەوتەکاناد.

دوای شەڕی جیهانی دووهەم، لە ئەوروپا، لە میدیا و لە ناو خەڵکیدا هەردەم مێینەی دووگیان پیشان دەدران و بایەخیان پێ دەدران لە بەر ئەوەی ڕێژەی دانیشتوان و نێرینە بە شێوەیەکی رادیکاڵ کەمی کردبوو، هانی مێینەیان دەدا بۆ زایین، پێ دەچێت لەو سەردەمەشدا ئەو پەیکەرانە هەمان دەوریان بینیبێت و بە هەمان مەبەست دروستکرابن. یان خستنەڕوی هێزی دایک و ئازاری زایین بۆ نیشاندانی شوناسی مێینە و و ڕۆڵیان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

بەڵام بە پێی زانیاری، ئەوان هێندە گۆشتن نەبوون لەو سەردەمەدا، نیشاندانیان بەو شێوەیە، خستنەڕوی شۆخ و شەنگیانە وەک مێینەی پێوسیت، پێ دەچێت گرنگیدان و هاندان بووبێت بە زایین کە لەو سەردەمەدا پێویستیەکی بنەڕەتی بووە بۆ کۆمەڵگەکەیان.



**پەیکەری ڤینوسی (Hohle-fel)**

یەکێک لەو پەیکەرانە، پەیکەری ڤینوسی (Hohle-fel) یە، مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 35 هەزار ساڵ لەمەوبەر، وەک سەرنج دەدەین مێینەیەکە بە جەستەیەکی ئێجگار خۆسەپێنەرە بە ڕووکەش. خۆمان لە بەردەم لەشێکی بە توانا و پان و پۆردا دەبینینەوە، داتاشینی قەڵافەتێکی مێینە بەو جۆرە، هێزی مێینەیی و هێزی زایینی ئەومان نیشان دەدات، بەڵام جەستەی ڕوشاوە و شێواوە بە خەت و چاڵ و چۆڵیی، هەستیش ناکەین ئەو خەتانە کاری ڕێکەوت بن، واتە لە گەڵ زەمەن و بە هۆی ڕووداوی مێژوییەوە دروست بووبن لە سەر پەیکەرەکە. وا دەبینرێت کە خەتەکان و شێواندنی شکڵەکە لە لایەن هونەرمەندەوە بڕیاردرابن بە ویست بۆ گوزارشتکردن لە ئازار و ئەشکەنجەی جەستەی مێینە بە هۆی

زایینەوە، گوزارشتە لە ئازار و ئەشکەنجەی مێینە بە هۆی زایینەوە، گوزارشتە لە باری گرانیی ئەوان وەک مێینە بە بەردەوامی، وەک عیسا بە سەر خاچا، چونکێ بە پێی سەرنجدان لە نەخشی سەر دیواری ئەشکەوتەکان، دەتوانین بڵێین کە ئەوان لە ڕووی گوزارشتەوە توانایان لە مرۆڤی مۆدێرن ئەگەر زیاتر نەبووبێت ئەوا کەمتر نەبووە، بێ شک باسی بزوتنەوەی کوبیست و سوریالیست ناکەین، بەڵام زۆر لە نەخشەکانیان ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن، لەو سەردەمەشدا هونەری ئەپستراکت بە تەک هونەری فیوگوراتیڤەوە بوونی هەبووە.

هەروەها دەتوانین ئەو پەیکەرانە وەک مۆدێلێکی جوانیی و ئێرۆتیزمی ئەو سەردەمە ڕەچاوی لێ بکەین، ئەگەر هەندێک کەس ناوی خواوەندی مێینەیان لێ ناون بە هۆی مێژووەکەیەوەیە، نەک وەک خواوەندی ڕاستەقینە بۆ پەرستن، چونکا ڕێی تێ ناچێت ئەو پەیکەرانە چەندەها هەزار ساڵ بە مەبستی خواوەند دروستکربن و لە سەردەمی نوسیندا ئەم زانیاریانە نەگواسترابنەوە. خۆ ئەگەر بە خواوەند ناچوێنرێن، لە بەر ئەوەی هێزی جەستەییان خراوەتە ڕوو نەک هێزی سپیریتوێڵ، هەروەها زۆر دەستکاری کراون، واتە لە شوێنێکدا دانەنراون بۆ پەرستن. ئایا بۆ وروژاندنی هەوەسی نێرینە بووە؟ ڕێی تێ دەچێت دەوری فیلمی ڕووت و وێنەی ئافرەتی ڕووتیان بینبێت بۆ وروژاندنی هەوەس. دووگیانیی ئەو هەوەسەی زیاتر زەق کردبێتەوە.

هەندێک لەم پەیکەرانە کە مێژوویان بۆ یەکەم سەردەمی مرۆڤی ساپیان دەگەڕێنەوە، بە مەبەست خراونەتە ژێر گڵەوە، ئەم کارەش لە جێگای تر و لە کۆمەڵگەی تردا بە هەمان شێوە دووبارە بۆتەوە، بۆیەکا وەک ڕیتوێلێک یان وەک کارێکی جادوگەریی و شامانیسم و ئیمانیش ڕەچاوی لێ دەکرێت.

بەڵام ئێمە ناتوانین باری ژیانی مێینە و ژیانی ئۆمۆساپیان تەنها بە باری ژیانی کۆمەڵگەیەکەوە ببەستینەوە لە ئەشکەوتێکدا، ئۆمۆساپیان لە شوێنی جیاواز و بە شێوەی جیاواز ژیاون، وەک ئەمڕۆ لە ژیانی مۆدێرندا لەگەڵ هەموو ئەو سیستەمە پەیوەندییە خێرا و مۆدێرنانەدا، دەبینین و سەرنج دەدەین لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، سیستەمی جیاواز و کۆمەڵگەی زۆر جیاواز بوونی هەیە، هەرچەندە خاڵی هاوبەشمان هەیە لە هەوەس و لەدی ئای ئێنەکانماندا.

وەک دەزانین لەکاتی دووگیانیدا مێینە گۆشتنترە و ئەمەش زیاتر هەوەسی پیاوانیان وروژاندووە، پەیکەرۆکەی مێینەی خڕوخەپان دەوری وروژاندنی هەوەسی پیاوانیان بینیوە، لە هەمان کاتا هاندانی مێینە بووە بۆ نانەوەی نەوەی نوێ کە بنەچەی کۆمەڵگە و

بەردەوامی بووە لەو سەردەمەدا، بۆیە ئەو پەیکەرانە هەرگیز خواوەند نەبوون، بەڵکو مۆدێلێکی پەیڕەوی و هاندان بوون، سەلماندنیش ئەوەیە کە پەیکەرەکان سەریان نیە، بە پێچەوانەی پەیکەری خواوەندەکانەوە هێزی جەستەییان پیشان دراوە، ئینانا و ئیشتار هێزی جەستەییان نەبووە، واتە سمتی خڕ و مەمکۆڵەی سوخمە دڕ، لە بەر ئەوەی ئەوان خاوەنی هێزی سۆپیریتوێل بوون نەک هێزی جەستەیی، بۆیە مێینە خڕوخەپانەکان خەو و ئاواتی نێرینە بوون، ڕەنگدانەوەی هەوەسی ئەوانە لە جەستەی مێینەدا بۆ هەوەسی سێکسوێل و نانەوەی نەوەی نوێ و هێزی سروشت و لە هەمان کاتا ئەشکەنجەی مێینە لە زایین، نەک توانای سپیریتوێڵی خواوەند.

پەیکەری ئەو ژنە گۆشتنانە بچوک بوون، هەندێکیان چەند سانتیمەترێکن کە توانراوە لەگەڵ باری کۆچەریی سەردەمەکەدا بگونجێن و بتوانن بیانگوێزنەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، ئەوان کەسانی نیشەجێ نەبوون هەتاوەکو پەیکەرەکانیان هێندەی قەبارەی پەیکەری ئینانا بێت.

ئەوەی ڕوونە، ئەوەیە کە لەم پەیکەرانەدا، هەردوو رەمزی سێکسوالیتێ و هەوەس و لە هەمان کاتا دەوری هێزی مێینە بە زایین و هێزی سروشتی ئەوان نیشان دراون، هەروەها ئازار و ئەشکەنجەی ئەوان بە هۆکاری کردەی زایینەوە.

..............................................

هەندێک لە زانیاریەکان لە کتێبی Lady Sapiens ەوە وەرگیراوە.



**چیرۆکی فەنتازمی مامەحەمە و ورچەکە.**

**تێڕوانینی مەسیحیەت بۆ ورچ و چۆن ورچ پاشایەتی لە دەستدا؟**

لە سەدەی ناوەڕاستا، مەسیحیەت باسی هەموو گیانداریکی کردووە بە پێی هەڵس و کەوتیان؛ جۆری جوتبوونیان، خەریکبوون بە بێچوەکانیانەوە، پەیوەندیان بە مرۆڤەوە. بە پێێ ئەم خەسڵەتانە حوکم دراون بەسەریاندا. هەندێک ئاژەڵ بە تەواوی نەفرەتیان لێ کراوە.

پێش ئەوەی شێر ببێتە پاشای دارستان، ورچ پاشای دارستان بووە. پەرستن و بەپیرۆز ناساندنی ورچ هەتا ساڵی هەزاری پاش زایینی بەردەوام بووە لە هەموو ئەوروپادا. بەڵام لە بەر هەندێک سیفاتی خراپی ورچ لە دیدی مەسیحیەتەوە، کەنیسە بە هەموو شێوەیەک دەیویست وێنەی ورچ لە بەرچاوی مەسیحیەکان بە خراپ نیشان بدات هەتاوەکو نەبێتە نمونەیەک بۆ مرۆڤ.

لە سەردەمی پالێۆلۆتیکەوە ورچ وەک ئاژەڵیکی بەناوبانگ ناوی دەهێنرا، میتۆلۆژی ورچ هەتا سەدەی ناوەراست بەردەوام بوو، لە زۆر دێریندا ناوی هێنراوە، چیرۆکی ورچ چیرۆکی گێرانەوەی دەماودەمە، هەروەها وەک ئاژەڵێک کە هەڵسوکەوتی وەک مرۆڤ

وەهایە؛ بە پێوە دەوەستێت، لەگەل ئافرەتاندا پەیوەندیەکی سۆز و خۆشەویستی هەیە، لە هەمان کاتا ئاژەڵێکی دڕندە و بەهێزە.
دژایەتی و چواندنی لایەنی ئاژەڵیی ورچ و جوانی ئافرەت باسێکی کۆنە. ورچ وەک خزمی مرۆڤی کێوی و دەروێشی ئەشکەوتەکان ناسراوە، بە تایبەتیی وەک پاشای دارستان و ئاژەڵان، بەڵام لە کەلچەری ئەوروپای باکوردا ئەم دەورەی خۆی گووم دەکات. لە سەدەی دوانزەوە بە چەند چیرۆکێک باسی پاشا یان هەندێک سەرۆک دەکەن گوایە نەوەی ورچ بووبن، واتە ژنێک لە لایەن ورچێکەوە رەدوکراوە و لاقە کراوە، بۆیە لە سەدەی ناوەراستا ئاژەلێکی وەک ورچ دژی تیروانین و بۆچوونی مەسیحیەت بووە.

گووتویانە ورچ نەک تەنها خاوەنی هێزێکی بێ هاوتایە، لە هەمان کاتا ئەگریسیڤە و حەزی بە لوکسە، وەک مرۆڤ بە پێوە دەوەستێت و هەروەها جۆری سێکسکردنی شازە، لەبەر ئەوەی کە تیکستێکی ئەریستۆیان بە هەڵە لێکداوەتەوە گوایە وەک ئاژەڵ جووت نابێت، ورچ بە پێوە و بەرامبەر بەیەک سێکس دەکەن وەک مرۆڤ، بۆیە ورچ وەک خزمێکی خەتەرناکی مرۆڤ ناسراوە.

ئیدی ئەوەبوو لە سەدەی هەشتەوە تا سەدەی دوازدە، کەنیسە بە ویست دژی ورچ دەوەستێتەوە و دەوری ورچی کەم کردەوە، لە سەر کورسی پاشایەتی دایگرت بە هێنانە کایەی شێر وەک پاشای دارستان، ئیدی لە هەموو شوێنێکدا شێر دژی ورچ دەبێتەوە، بەلگەکانیان بنیات دەنێن لەسەر نوسراوی بایبل کە گوایە بە خراپ باسی ورچی کردووە، رستەیەکی سانتۆگوستین بە نمونە دەهێننەوە کە دەڵێت:

"با ورچ بڕوات بۆ لای شەیتان."

گوایە لەو سەردەمەدا ورچ لە بەرەی شەیتان بووە. کارەکتەرە خراپەکانی دەخەنە پێش چاو، وەک درندەیی و تورەیی و پیس و پۆخلی و تەمبەلی...تاد، لە ئەدەبا دەبێتە حەوت خراپەکارەکانی مرۆڤ وەک تەمبەلی و زۆرخۆری و بەتایبەت هەوەس و ئارەزوی سێکسیی مێینەکانیان کە بە بێ وچان سێکس دەکەن و خۆیان پێ ناگیرێت. ئەگەر بەچکەی ورچ بە ناتەواوی لەدایک دەبێت لە بەر ئەوەیە کە مێینەکە پەلەیەتی ڕزگاری بێت و بچێت جارێکی تر سێکس بکات، ئەگەر نا نێرە ورچێک لەگەڵیدا جووت نابێت هەتا ئاوسابێت. کەواتە هەوەسی سێکس لای ئەو گرنگترە لە چێژی دایکایەتی. بەڵام لەو سەردەمەدا هەندێک نوسەر دژی ئەم بیرۆکانە وەستاونەتەوە بە هێنانەوەی هەندێک وتەی ئەریستۆ یان لە بایبلدا کە دەڵێت:

"وەک ورچێک مندالەکانی دەپارێزێت."

یان کاتێک بۆ ماوەیەکی زۆر بەچکەکانی دەلێسێتەوە. بەڵام بەرەی دژە ورچ بەردەوام دەبن و دەڵێن:

زستانان ورچ دەچێ بۆ کوێ؟ کاتێک بۆ ماوەی چەند مانگێک نایەتە دەرەوە، دەچێت بۆ لای شەیتان، چی دەکات سێ مانگ بە تەنها؟ هەموو ئەمانە وەهایان کرد کە ورچ کورسی پاشایەتی لەدەست بدات.

کاتێک لاوبوم لە کوردوستان چیرۆکێکم خوێندەوە کە باش بە وردی بیری ڕووداوەکانیم نایەت، بەڵام بە گشتی چیرۆکەکە ئاوەهایە:

کابریەکی دێهاتی، لە کاتێکد لە ژێر دارگوێزێکدا خەوتووە. لە بەر ئەوەی دارگوێز دارێکی تایبەتە و خەو قورسە لە ژێریدا، کابرا لە پرخەی خەودا دەبێت کاتێک مێچکە ورچێک دێت و دەیدا بە سەرشانیدا و دەیباتە ناو کولانەکەی لەسەر شاخێکی بەرز، پاشان ورچە زۆرزانەکە، ژێر پێی کابرا دەلێسێتەوە بەو مەبەستەی کە پێستی پای تەنک بێتەوە و نەتوانێت لەسەر پا بوەستێت و خۆی ڕزگار بکات. ئینجا دەچێت لە قاپڵۆغێ کیسەڵدا نان و میوەی بۆ دەهێنێت، کاتێکیش ورچەکە کولانەکەی جێ دەهێڵێت، تاشەبەردێکی هێندە گەورە دەخاتە بەردەم کولانەکەی کە لەتوانای پیاوەکەدا نیە لای بدات.

مێچکە ورچەکە بەو مەبەستە ئەو کابرایەی بردووە، لە بەر ئەوەی حەزی لە سێکسە و هەموو ڕۆژێك کابرا دەدات بەسەر خۆیدا.

- یانی بە زۆر؟

- ئەرێ وەڵا بەزۆر (ئەختەرخانو شتی تریش. فەرهاد پیربال)

پاش ئەوەی مانگی هەنگوین دەبەنە سەر پێکەوە، ڕۆژێک کە خاتو ورچ ڕۆشتووە بۆ ڕاو، مامە حەمە گوێێ لە کاروانێک دەبێت بە تەنیشت ئەشکەوتەکەدا تێ دەپەڕن، هاواریان لێ دەکات، ئەوانیش دێن بە دەمیەوە و مامە حەمە ڕزگار دەکەن لەو ئەشکەنجە خۆشە.

هەمو ئەمانە بە چ مەبەستێک ؟

وەک لەم چیرۆکەدا هەستی پێ دەکەین، هەموو کەرەسەیک بە مەبەستێکی لێزانیی نوسراون هەتاوەکو کابرا بێ تاوان بێت؛ دارگوێزەکە بۆتە هۆکاری خەو قورسیی کابرا، لێستنەوەی پای لەلایەن ورچەکەوە هەتا نەتوانێت خۆی ڕزگار بکات، تاشە بەردێکی گەورە لە بەردەم کولانەکەیدا. هەموو ئەم کەرەسانە بە وردی بیری لێ کراوەتەوە

هەتاوەکو کابرا بە هیچ شێوەیەک بڕیاردەر نەبێت؛  ئەوە ورچەکەیە کە حەشەریە و ئارەزووی سێکسی هەیە نەک مامە حەمە، بەڵام  خۆ لە پشت ئەم چیرۆکەوە ورچێک بە چاویلەکیەکەوە دانەنیشتوە فەنتازمی خۆی بنوسێتەوە، ئەوە کابرایەکی کوردە، چیرۆکی فەنتازمی کابرایەکی ڕۆژهەڵاتی دەگێڕێتەوە بۆ سمتی پانوپۆڕی ورچێک. ئەمەش مێتافۆری هەوەس و فەنتازمی چەپێنراوی نێرینەیەکە کە خۆی لە ئەشکەوتێکدا دەبینێتەوە لەگەڵ ورچێکدا. چونکا هەوەسی بە جۆرێک کپکراوە، بە جۆرێک ترسێنراوە، کە ناتوانێت باسی جوتبوونی خۆی لەگەڵ مێینەیەکیشدا بکات بە ئازادیی، بۆیە هەوەسی کپکراوی خۆی لە ئاژەڵێکی کەمەر پانوپۆڕدا دەبینێتەوە لە ئەشکەوتێکدا.

**کۆتایی.**



خورپە...

بۆچی ئەم فۆتۆگرافیە هێندە سەرنجمان ڕادەکێشێت؟ بە جۆرێک کە بیرۆکەی شەیتانی (ئێرۆتیزم) دەورژێنێت لە نەستماندا !!!

یەکەم تێڕوانینمان دەچێتە سەر سمتی خانم، کە لە ژێر ڕۆبێی ئێجگار سورەوە تەواو بەدیارە و دەتوانین بە هاسانی شکڵەکەی بهێنینە پێش چاوی خۆمان. ئەگەر ئەو سمتە سەرنجمان هێندە ڕادەکێشێ لەبەر ئەوەی کە جێگای نانەوەی نەوەیەکی نوێیە. بێگومان ئەوە بە ویستی فۆتۆگرافەر بووە. پاشان نیگات دەڕوات بۆ ئەو جێگە تاریکەی کە خانم بە فرتە باز دەداتە نێوی...ئاها !!!!

چی لەو ژورە تاریکەدا چاوەڕوانی خانم دەکا؟ یان لە چی دەیەوێت خۆی دەرباز بکا، بەرەو جیهانێکی تاریک؟ خانم پەلەیەتی. خانم وەک تەنێکی غەریب دەبینرێت لەو دیمەنەدا وەک ئەوەی لە جیهانێکی ترەوە، وەک باڵندەیەکی غەریب و گووم، ڕووی لەو جێگایە کردبێ و بیەوێت خۆی حەشار بدا. لە چی؟ لە مەترسی کەسێک کە پێ دەچێت

وەدوی کەوتبێت؟ یان ژوانی لەگەڵ کەسێکدا هەیە بۆ کاری ئێرۆتیزم؛ دوو جەستە بگەوزێن لەو ژورە تاریکە پڕ لە پوش و پەڵاش و خەوشوخۆڵدا!

لە کاتێکدا ئەم پرسیارانە بە هزرتا گوزەر دەکەن و سمت و ڕۆبە سورەکەی بە تەواوی لە هزرتا بونەتە جێگای چەندەها پرسیاری شەیتانی، ئەوجا نیگات دەکەوێتە سەر چواردەوری خانم. لە یەکەم تێڕوانیندا وا هەست دەکەیت کە فۆتۆشۆپە و باقی فۆتۆگرافیەکە ڕەش و سپین. بەڵام دوای سەرنجدان تێ دەگەین کە نەخێر ئەوە ڕۆبە سورەکەیەتی ئەو بۆچوونەی لە هزرتا ئافراندوە.


نا، نا، کۆڵانەکانی غەزە و تونێلەکانی حەماس نینە.

هەر لێی وردەبمەوە؛ جلکەکانی ئێجگار تازەن، کەوشەکانی دەبریسکێنەوە، ڕەنگی سوری درزی نێوان هەردوو سمتی تۆخترن، پرسیار لە خۆمان دەکەین داخۆ دەرپێی لە پێدا بێت! وادیارە کە نەخێر، چونکا خانم پەلەیەتی و کاتی کەمە دەیەوێت بە بێ جلکداکەندن یاریەکی ئیرۆریزم بژیێ لەگەڵ کوڕێکی فۆتۆگرافەردا. چونکا ئەوە ڕونە کە فۆتۆگرافەرێکی گەنجی شەیتان لە پشتیەوە چاوەڕاونی دەکا، وەک زۆر لە هونەرمەندان ئەو هەلە دەقۆزێتەوە بۆ گەمەیەکی ئێرۆرتیزمی بەتین لە کارەکەیان، وەک چۆن منیش هەرجارێ خانمێکم دەهێنا بۆ ماڵ بە مەبەسی فۆتۆگرافی، گوایە پێویستم پێیەتی بۆ کاری هونەریی. لە کاتێکدا کچیکی ئێجگار جوانخاسم خستبووە باری کەسێک کە نێرتکی کەرێک دەمژێ، بێگومان کەرم لە کوێ دەستکەوێ؟ تەنێکم هێنا و خستمە سەروی خانم و داوام لێکرد لەو بارەدا بوەستێ، وەک چۆن لە ژێریا نێرتکی کەرێک دەمژێ. خانم دایە قاقای پێکەنین، گوتم بۆچی پێدەکەنیت؟ گووتی بابەتەکە ڕوونە خۆ نای دۆشم؟ گوتم بیدۆشیت و بیمژیت هەردوکیان وەکی یەکن. دایە قاقای پێکەنین و ناچار خۆم چومە جێگای کەرەکە.

لە زۆر هێڵکاریەکانی پیکاسۆدا، دەبینین کە پیکاسۆ ڕەسمی مۆدێلێک دەکات و لە پشتیەوە ئافرەتیك سەرنجی دەدا، بێگومان ئافرەتەکە هاوسەرەکەیەتی و سەرپەرشتی مێردەکەی دەکا و ئێرەیی پێ دەبا، چونکا دەزانێ کە پیکاسۆ هەردەم فلچەکەی نێو ڕانی ئامادە بوو بۆ نەخشکردن لە نێو ڕانی کچاندا.

لە خوێندنگای هونەری جوان هەنێ جار دەچووم بەسەر مامۆستاکەما ڕەسمی سنگی کچانی دەگرت بە ڕووتی. ئیدی ئاوەهایە هونەر و زۆر بواری تر بەهانەن بۆ کاری ئێرۆتیزم، دەبێ بوترێ کە لەگەل ئەو مامۆستایەدا دانمان نە دەکولا پێکەوە، هەمیشە شەرمان بوو لەسەر کچان و هەردەم ئێرەیی پێ دەبردم.

کۆتایی



**نەهێنی خەندەی لێوی مۆنالیزا و خەندەی کوزی تابلۆکەی گوستاڤ کوغبێ؛(سەرچاوەی ژیان).**

وەک چۆن ئیمانداران کاتێک دەچن بۆ حەج دەبێت سەردانی بەردە ڕەشەکە بکەن، بە هەمان شێوە توریستەکانیش کاتێک دێنە پاریس دەبێت سەردانی لۆڤەر بکەن. هەر کە دەچنە ژورەوە، لەسەرەخۆ سەیری یەکەم تابلۆ دەکەن و لێی ورد دەبنەوە، پاشان دووەم، سێهەم و چوارەم و سەدهەم و تاد.. دەبینن کە تابلۆکان ئێجگار زۆرن و کۆتاییا نایەت. ئیدی ڕاکە ڕاکە بە کۆڵان و ساڵۆنی کۆشکەکەدا. دواجار پاداشتیان بە خەندەی مۆنایزا دەدرێتەوە. خۆ هەر لە سەرەتاوە دەمانزانی کە ئەوان هەر بۆ لای خەندەی ئەو خانمە هاتوونە. یادی بەخێر لە سەردەمی خۆیدا، پیاوان لەم کۆشکە شاهانەیەدا، بە مەبەستی گەمە و دەستبازی، بە قامچی بە دوای سمتی سپی ژناندا ڕایان دەکرد، کۆتایی دەکەوتن بەسەر ڕۆبە فشۆڵەکانیاندا لە شکڵی قەفەز و کوزیشیان وەک باڵندە داخراو لەناویدا؛ بێ

دەرپێ. رۆبەکانیان هەڵدەدانەوە و کاری خۆیان دەکرد و ئاوا وەک توریستەکان ئەوانیش ماندویەتییان دەشکا...

بە هۆکاری ئەوەی کە لیۆناردۆ بە تەکنیکی (زەردێنەی هێلکە و ڕۆنی گوێز) بۆیەکاری دەکرد (هەست بە شتێکی ئێرۆتیک دەکرێت لەو دوو تێکەڵەدا) بۆیەکا لەگەڵ زەمەندا تابلۆکانی ڕەش دەبنەوە و ڕووی مۆنالیزاش بەهەمان شێوە. بە مەبەسی پاراستنی لە ڕەشبوونەوە، مۆنالیزا لە ژورێکی تاریکدا بە ڕوناکییەکی تایبەت ڕۆشن کراوەتەوە، سەدەها توریست بە دەوریدا کامێراکانیان دەچرکێنن، بە تایبەتی ژاپانیەکان. چرکەی کامێراکانیان وەک جریوەی چۆلەکە دێتە بەر گوێ.

بۆ هەر کارێکی هونەریی دەبێت تیکەیەک بکەین بە دەمی توریستی داماو و بێ ددانداا، بۆیە خەندەی مۆنالیزامان کردە باسێکی گرنگ بۆ توریستان. دەنا ئەگەر مۆنالیزا گرنگە و لیۆناردۆ بە پشتی کەر لە ئیتالیاوە هاوردی بۆ فەرەنسا بۆ لای فرانسوای یەکەم، ئەوا گرنگییەکەی لەوەدایە کە بۆ یەکەم جار لە پشت پۆرترێی مۆنالیزاوە سروشت دەبینین، بۆ یەکەم جار سروشتێکیش زیاتر نزیک لە ڕاستییەوە، پاشان بە هۆی ئەوەی کە داڤنچی ئێجگار شارەزا بوو لە ئەناتۆمی مرۆڤدا، شکڵی دەموچاوی مۆنالیزا کۆی هەموو شکڵە جیاوازەکانی ئەناتۆمی لە خۆیدا حەشارداوە، جگە لەوەی کە لیۆناردۆ خۆی گەنجێکی جوانخاسی هاورەرەگەزخواز بوو، بۆیە جوانیی مۆنالیزا زیاتر نێرینەیە هەتا مێینە، هەر بۆیەش مارسێل دوشا مۆنالیزای بە جوتێک سمێڵەوە کردەوە. بێگومان خەندە شاراوە و پڕ لە نەهێنییەکەشی گرنگە، لەبەر ئەوەی پیشاندانی خەندەی ئافرەتان لەو سەردەمەدا هێشا نەشیاو بووە.

بەوبەری لۆڤەرەوە، کاتێک لە ڕوباری سین دەپەڕینەوە، مۆزەخانەی ئۆرسایە. ئۆرسای بە پێچەوانەی لۆڤەرەوە ئێجگار ڕۆشنە بە وێنای سەردەمەکەیەتی. جیهانێکی ترە و سەردەمێکی ترە، ئەو دەمەی خەڵکی لە کۆشکە نسرم و تاریکەکانیان هاتنە دەروە و ڕاستەو خۆ لەبەر ڕۆشنایی خۆردا وێنەی هەقیقەتی سروشتیان دەکێشا. ڕاستەوخۆ پیاوان و ژنان لە ناو گژ و گیای سەوزی بەهاردا ئاموغیان دەکرد و دەیان کێشا بە سمتی سور و سپی ئافرەتاندا و هێندەی تر سورتریان دەکردنەوە، جلکەکانیان لە بەردا دەدەدڕین و ئەوەی بە شاراوەیی لە پشت دیوارەکانی کۆشکی لۆڤەرەوە دەکران بە ئاشکرا دەیان کرد لە سروشتا، ئیدی بە ئاشکرا و بە بەرچاوی هەموان و بە بێ شەرم دەکران. ژنانیان بە ڕووتی لە پێشەوەی تابلۆکانیاندا دادەنان وەک خستنە ڕووی هەقیقەت. لەبەر ئەوەی جەستەی مێینە لە شارستانیەتا شاراوە بووە بە وێنای هەقیقەت، روتکردنەوەیان جۆرێک بووە لە هەڵماڵینی هەقیقەت، واتە خستەن ڕووی ئەوەی شاراوەیە.

له ئۆرسای، ئەو سروشتەی کە لە پشتی پۆرترێی مۆنالیزاوە لێۆناردۆ بە شەرمنی نیشانی داوە، بە ڕوونیی و بە زەقی لەبەر تیشکی خۆردا لە ناو سروشتا نیشان دراوە لە تابلۆکاندا، مۆزەخانەکەش بە شێوازی تابلۆی ئەمپرێسیۆنیستەکان ئێجگار ڕۆشنە. لێرەدا، تابلۆ بەناوبانگەکەیی گوستاڤ کوربێی لێیە، بە ناوی "سەرچاوەی ژییان". بریتییە لە خەندەی لێوی خوارەوەی ژنان، بەڵام بە پێچەوانەی مۆنالیزاوە گوێمان لە چرکەی کامێرا نییە و بە توریست دەورە نەدراوە. بە تایبەتی کچان زۆر شەرم دەکەن بەبینینی ناوگەڵی خۆیان وەک ئەوەی خۆیان بەرامبەر بە ئاوێنەیەک ببیننەوە. ئەوە نەبێت جارە جارە کچێک لەبەردەمیا کوزی واڵا دەکات، وەک ئەوەی کە بڵێت: ئەها، سەیرکەن!!! خەندەی لێوەکانی کوزی من زۆر جوانترە، یان بۆ ئەوەی دەمووچوێک بدات بەو کوزە بێ دەموچاوە.



**تابلۆکەی گوستاڤ کوغبێ بە ناوی (سەرچاوەی ژیان) 1860.**

خەڵکی بە بەردەمیا تێپەڕ دەبن و بە شەرمەوە بە لاچاو سەیرێکی دەکەن، وەک چۆن کاتیک شەرم داتدەگرێت نازانیت وەڵامی ئەو کچە چۆن بدەیتەوە کە لە جادەیەکی پاریسدا بانگت دەکات و بەدەنگی بەرز پێت دەڵێت:

<<کوزم وا خەریکە ئاگری تێ بەردەبێت. دەوەرە نیرتکت ڕەپ بکەو بیکە بە کوزما >>.

دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە لێو بە خەندەی مێینە و کوزی مێینە هەمان دەوریان هەیە لە سێکسوالیتێدا، هەردووکیان ورووژێنەرن، هەردووکیان لینجن، بەشی ناوەوەی جەستەن و دەکرێنەوە بە ڕووی ئەو تەنەی کە ئارەووزی چونە ژورەوەی هەیە، هەردووکیان بە خەندەی جیاواز وەلامی تەنی ڕەپ و وورووژاو دەدەنەوە. هەر بۆیەش کاتێک کچە دێهاتییەکانی کوردستان پێ دەکەنن، فەقیانە سورەکانیان دەگرن بە دەمیانەوە، چونکا کردنەوەی دەم وەک پیشاندانی کوز وەهایە، هەر بۆیەش لە سەدەی ناوەڕاستا، کەنیسە ڕێنمایی دانابوو بە مەبەسی رونکردنەوەی شێوازی پێکەنین بۆ ئافرەتان، نەوەکا نێرتکی پیاوان ڕەپ بکەن.

دوابەدوای خەندەکەی مۆنالیزا، یەکەم پێکەنین لە مێژووی بۆیەکاریدا لە لایەن هونەرمەندی ئیسپانی؛ "فرانسیس گۆیا"وە کراوە، مۆنالیز هێشتا شەرمنە و کوزی واڵا نەکردووە، واتە نەیداوەتە قاقای پێکەنین و لە پەیوەندی سێکسوێلدا هێشتا سنووردارکراوە. بۆیەکا چەندە ئافرەتێک بداتە قاقای پێکەنین هێندەش کراوەیە لە پەیوەندی سێکسوێلدا هەر بۆیەش دینی مەسیحی خەندەی مێینەی دەشاردەوە، لەبەر ئەوەی لە نەستی هەموو مرۆڤێکی ساپیاندا خەندە بەدەم ژیانەوە بە مانای هەوەسی ئێرۆتیزم دێت، ئێرۆتیزمیش شوناسی شەیتانی پێ دراوە، چونکا ئێرۆتیزم کاری سەرپێچیکردنی لە خۆیدا حەشارداوە. پێکەنینیش داوا و سۆز و هەوەسی ئێرۆتیزمی هەیە.

***

خۆ ئەگەر خەندەی کوزی تابلۆکەی گیوستاڤ کوربێ ڕوون و ئاشکرایە و نەهێنی نییە وەک مۆنالیزا، ئەوا بە هەمان شێوە نەهێنیەکی تێدا حەشاردراوە. کاتێک لە تابلۆکەی گیوستاڤ کوغبێ وورد دەبیتەوە وەک لە خەندەی مۆنالیزا بە هەمان شێوە تێر نابیت و زیاتر سەرنجی دەدەیت، وەک ئەوەی نەهێنیەکی لە خۆیدا حەشار دابیت، وەک چۆن ناڵی دەڵێت:

وەک خەیمە بە پەردێکی دوو ئەستوونە بە پا بێ
سەر تیلەکی نەختێ بە نەزاکەت قڵەشابێ

........

نەختێکی لەبەر توندیو سفتی قڵەشابێ؟!

.......

نەختێکی لەبەر حوسن و حەلاوەت قڵەشابێ؟!

ساڵی 1985 گوستاڤ کوربێ گۆرانی بێژێکی ئیرلەندی دەناسێت بە ناوی ژوانا ( Joanna)، وێنەکەی لە فۆتۆگرافیەکەی سەرەوەدایە بە ڕۆبێکی سپییەوە)، چەند ساڵێک پێکەوە بەسەر دەبەن و کاریگەرییەکی گرنگی دەبێت لەسەر شێوازی تابلۆکانی کوربێ، تەنانەت دەبێتە ئیلهامی هۆنراوەیەکی بۆدلێریش. ئەوو کوزەی سەر تابلۆکەی گوستاڤ کوربێ؛ "سەرچاوەی ژیان" کوزی ئەو خانمەیە، گیوستاڤ خۆی سەرسام دەبێت بە تابلۆکەی و دەڵێت هەرگیز نای فرۆشێت و ڕۆژێک جیهان سەرسام دەکات.

<< سەرچاوەی ژیان هەموو شەرم و قانونێک دەشکێنێت، هەموو مێتافۆرێکیش، بۆیەکا کاتێک خۆت بەرامبەری دەبینیتەوە هەست بە هێزی هەڵلوشینی دەکەیت، ئەقڵ نوقم دەکات و بەخەبەرمان دەکاتەوە وەک لە غەرقبوونی پاپۆڕێکدا >>.

چەند ساڵێک لە مۆزەخانەی ئۆرسای لێی ورد دەبوومەوە و نەم دەزانی نەهێنی سەرنجڕاکێشیی ئەو تابلۆیە لە چیدایە؛ لەهەمان کاتا پڕە لە هەوەسی وروژێنەر و ناسک، پریشە لە دژوارییی و توڕە بوون، لێوەکانی هەڵماسیوون وەک ئەوەی لە شتێک نارازی بێت. دەبێت بوترێت ئەگەر هونەرمەندان کەسانی ئیشکەر بوون و هەردەم فڵچەکانیان لەسەر تابلۆکانیان بووە و شەو و ڕۆژ کاریان کردووە، ئەوا فڵچەی نێوان ڕانیشیان هەمیشە لە نێو کوزی خانمێکدا بووە. هەموو ئەم نهێنییە لەوەدایە کە گوستاڤ کوغبێ پێش ئەوەی وێنەی خانمی ژوانا بکێشێت، سێکسی لەگەڵدا کردووە، چۆتە ژورەوەی، وەک بە فەرەنسی ئێژن:

<< Il l’a consommé >>

بەڵام هەر خێرا خۆی کێشاوەتەوە دواوە، پێش ئەوەی خانم ڕەحەت بێت و لێوەکانی پڕ لە هەوەسی بنیشێنەوە. فڵچە و بۆیە بە دەستەوە و وێنەی کێشاوە لەو حاڵەتەدا کە ناڕازییە و لەهەمان کاتا پڕە لە هەوەس و ئارەزوو. بۆیە هێندە سەرنج ڕاکێشە بە وێنای مۆنالیزای داڤنچی.

وەک داڤنچی دەڵێت :

<< تابلۆ مۆسیقایەکی کەڕە و مۆسیقا تابلۆیەکی کوێر>>

****

تێبینی:

لەم لاو لەولا دەیخوێننەوە گوایە ئەم تابلۆیە لەسەر داوی دیبلۆماتێکی تورک کراوە لە پاریس، کە ئارەزوی کۆکردنەوەی تابلۆی ئێرۆتیکی هەبووە، راستە کە ئەو تابلۆکەی کڕیوە بەڵام لەسەر داوای ئەو نەکراوە.

## کۆتایی



# دەستپەڕکردن

بەڕێز خاتوون دکتۆر نەگین جەفەر، بابەتێکی لەسەر دەستپەڕکردن بڵاوکردۆتەوە، لەخوارەوە وەک خۆی دایدەنێمەوە. چەند زانیاریەکی پێ داوین لەسەر ڕاپرسیەکان لە ئەوروپا دەربارەی ژمارەی دەستپەڕچییە مێینە و نێرینەکان، پاشان پرسیار دەکات ئەگەر ڕاپرسیەکی لەو جۆرە لە ڕۆژهەڵات بکرێت ئاخۆ دەرئەنجامەکەی چی دەبێت !!!

***

لە توێژینەوەیەکدا کە لە دانیمارک دەربارەی سێکس و کێشە سێکسیەکان
لە ساڵی ٢٠١٧ بۆ ٢٠١٨ ئەنجامدراوە، تێدا ٦٥٠٠ کەس بەشداریان کردووە و بە یەکێ لە گەورەترین توێژینەوە جیهانیەکان لە پرسی سێکسدا دەناسرێ.
تەمەنی بەشداربووان لە نێوان ١٥ تا ٨٩ ساڵیدا بووە.
لەو توێژینەوەیەدا پرسیارێکیان لە بارەی دەستپەڕەوە بووە، ئەنجامەکەی بەو شێوەیەی خوارەوە بووە:
لە ٪٩٨ ی پیاوان و لە ٪٨٧ ژنان دانیان بەوەدا ناوە، کە دەستپەڕیان کردووە.
بەڕێزان شەرمەزار مەبن کاتێک ئێوە دەستپەڕ دەکەن، دەستپەڕ شتێکی زۆر سروشتیە و بەشێکە لە پێویستیەکی سەرەتایی مرۆڤ هەروەکو نان و ئاو و هەناسەدان.
ئەمە لە کاتێکدایە، کە ئێمە لە ژیان و کولتوری کوردیدا کردوومانە بە باسێکی بڤە و

تابوو!
ناوەرۆکی ڕاپرسی توێژینەوەکە ئاوا بووە:
تۆ بۆ دەستپەڕ دەکەیت؟
بەگشتی بەشداربووان وتویانە:
بەڵێ، چونکە خۆشە و ئارامبەخشە.
لە بارەی چۆنیەتی ئۆرگازمی دەستپەڕەوە:
لە ٪١١ی پیاوان پێیان وابووە کە تەنانەت ڕەحەتبوونی دەستپەڕ قوڵتر و خۆشترە لە ڕەحەتبوونێکی تر.
لە ٪٣٦ ی ژنانیش هەمان وەڵامیان هەبووە.
ئەو وەڵامانە لە توێژەوەکەدا ئەوە نێشان دەدا، کە ژنان زیاتر لە پیاوان چێژ لە دەستپەڕکردن دەبینن.
کەواتە نەک هەر ژنان دەسپەڕ دەکەن، بەڵکو چێژی زیاتریشی لێ دەبینن!
ئەمە بەشێکە لە خۆناسین و وا دەکات، کە مرۆڤ حەزەکانی خۆی بناسێ و بزانێ چی لە کەسی بەرانبەر دەوێ و داوای بکات!
هەر لە توێژینەوەکەدا ئەو پرسیارە کراوە، کە داخۆ بەشداربووان لەکات و دوای دەستپەڕکردن هەستی شەرمەزاریان هەیە؟
لە ٪٨ ی پیاوان و لە ٪١٠ ی ژنانیش هەستی شەرمەزاریان بۆ دەستپەڕکردن درکاندووە.
لە هەمان توێژینەوەدا ڕونکراوەتە داخۆ ئەو کەسانەی کە لە ژیانی هاوسەریدان چۆن لەو باسە دەڕوانن:
لە ٣١٪ ی پیاوان و لە ٪٢٣ی ژنان پێیان خۆش نییە کە هاوسەر و خۆشەویستەکانیان بزانن کە دەستپەڕ دەکەن!
لێرەدا پرسیار لەخۆم دەکەم داخۆ لە ناو ئێمەی کوردا ئەم پرسیارە بکرێت وەڵامەکەی چۆن دەبێت و خەڵکی تا چەندێک ڕاشکاوانە و بێ شەرم وەڵام دەدەنەوە و ئەوجا هۆکارەکانی نەکردن و کردنی دەستپەڕ دەبێ بۆچی بگەڕێننەوە؟

Dr Negin Jaafar

## دەستپەڕ، بە هۆرامی "مشتەگانێ"

جێی دەستخۆشیە خانمی بەڕێزمان دەستەواژەی "خووە نهێنی" بەکار نەهێناوە وەک لە ڕابوردودا خەڵکی گوایە ئەکادیمی بەکاریان دەهێنا، لە زمانی کوردیدا دەستەواژەی "دەستپەڕ" و "مشتەگانێ" بەکار هاتووە، دەستەواژەی "خووە نهێنی" کە زۆر لە

موسڵمانانی کورد بەکاری دەهێنن بۆ داپۆشینی دەستەواژەی دەستپەڕ لەبەر ئەوەی هەر ووشە و دەستەواژەیەک کە بە زمانی خۆت گوزارشتی لەسەر کرابێت جێگای شەرمە، بەڵام دەستەواژەی بێگانە هەردەم جێگای قبوڵ کردنە. بۆیە دەڵێین ، زینا، نیکاح، عەورەت...تاد، بۆ دەستپەڕکردنیش دەڵێن: خووە نهێنی کە تەرجومەی "عادە سریە" ی عەرەبییە.

دەست پەڕ بە مانای پەڕاندنی ئاو دێت بە دەست، یان خۆ ڕەحەتکردن دێت بە دەست. مشتەگانێش دەسەتەواژەیەکی پڕبە پێستی خۆیەتی و هۆرامیەو هەمان مانا دەدات، واتە لە بری ئەوەی بیخەیتە زێوە یان شوێنێکی تری جەستەوە وەک دەم و ...تاد.، دەیخەیتە مشتەوە، بێ شک لێرەدا میتکە بێ بەشکراوە و باس نەکراوە، دەستەواژەکە تایبەتە بە نێرینە و گوزارشت لە ئاکتی مێینە ناکات، چونکێ مێینە بە پەنجە کاراترن لەو ڕووەوە، بۆ دەستپەڕکردن پەنجە دەکەن بە زێیاندا یان بە پەنجە میتکە دەورووژێنن، خۆ ئەگەر ئەم دەستەواژەیە خاوەنکەی نێرینە بوایە ئەوا دەگیووت: "پەنجە گانێ" نەک مشتە گانێ، بە پێی ڕاپرسیەک کچان پەنجەگانێ زیاتر دەکەن لەبەر ئەوەی لە سەدا شەشی مێینە هەست بە لەزەت دەکات بە چونە ژورەوەوە، دەبێت ئەو ڕاستیە بڵێین کە لەسەدا دەی مێینەو کەمتریش هەست بە لەزەت دەکەن بە چوونە ژورەوەی ناو زێ، بەڵام لە سەدا سەدی نێرینە هەست بە لەزەت و دەگەنە ئۆرگاسم بە چوونە ژورەوەی ناو زێ، ئەمە دەیسەلێنێت کە خودایەک بوونی نیە لە بنەچەدا. چونکە ئەگەر خودایەک بوونی هەبوایە بە لۆژیک هەموو بڕیارێکی دەدا، مەگەر خواد نێرینەیەکی چوک زەبەلاح بێت وەک مرۆڤێکی پڕ لە هەوەس و ئارەزوی بێ سنور.

بە لاتینی بۆ دەستەواژەی دەستپەڕ دەوترێت: ماستیورباسیۆن (Masturbation) بە مانای خۆ پیسکردن دێت بە دەست، وەک سەرنج دەدەین لەم دەستەوژەیەدا شێوەیەک لە خەتاباریی تێدایە، لەبەر ئەوەی باسی خۆ پیسکردن دەکات نەک خۆ ڕەحەتکردن. بە هەمان شێوە لە عارەبیدا کاتێک دەڵێن: خووە نهێنی، وشەیەکی پڕ بە پێستی خۆی نیە، لەبەر ئەوەی خوو بە مانای ئاکتێک دێت بە بێ ویست، بە پێچەوانەوە دەستپەڕکردن خویەک نیەو بە ویست و بە ئارەزوو دەکرێت.

گەنجان بە تایبەتی کوڕان کاتێک دەگەنە تەمەنی هەرزەکاریی و فێری دەستپەڕکردن دەبن ئیدی ڕۆژ تا ئێوارێ ڕای دەوەشێنن، گەنجێک بۆی دەگێڕامەوە هێندە دەستپەڕی کردبوو کە لە کۆتاییدا لە بری سپێرم خوێن دەهاتە دەرەوە چوونکا سپێرمی پێ نەمابوو.

**کۆتایی**



Williams




شەرڤانێکی ڕۆژاڤا



خانمێکی باڵاپۆش

## ژنانی پڵاو (TradWives)

## گەڕانەوەی ژنی ماڵ (ژنی پڵاو)

دوای بزوتنەوەی فەمینیستی؛ می توو(MeToo) لە ئەمەریکا، دوای بزوتنەوەی؛ دەنگ هەڵبڕە بەرامبە بە بەرازەکەت (Balance Ton Porc) لە فەرەنسا دژی لاقە کردنی کچان و ئازادی ژنان. بۆ دژایەتیکردنی ئەم دەنگانە، بۆ بەرپەرچدانەوەی ژنان و کچانی فەمینیست، ساڵی 2017 لە سەرەتای دەستبەکارکردنی دۆنالد ترەمپ لە ئەمەریکا، بۆ بەگژداچوونەوەی ماریا سامی و بەگژداچوونەوەی بزوتنەوەی ژن ژیان ئازادی، بزوتنەوەی  هاوژینی تارادیسیۆنێل(TradWives) سەری هەڵدا لە ئەمەریکا. بە کوردییە ڕەمەکییەکەی دەبێتە؛ هاوژینی پڵاو.

خانمی ئیست ولیام (Este Williams) دەڵێت:

**<< ئەگەریش لە ماڵەوە بمێنمەوە ئەوا هەر بە جوانیی جلکم دەپۆشم و خۆم دەڕازێنمەوە و قژم دادەهێنم وەک چۆن مێردەکەم پێی خۆشە. ئەو چێشتەی بۆ لێ دەنێم کە پێی خۆشە و هەوەس و چێژی مێردەکەم پێش هەوەس و ئارەزووەکانی منن، من هەوەسی مێردەکەم تێردەکەم.>>**

- یانی چۆن چۆنی خانم؟

- خانمان دەبێت هەمیشە بێ دەرپێ بن لە ژێر ڕۆبەکانیانەوە. بۆ نمونە کاتێک لەسەر تەباخەکەم خەریکی فریت سورەوەکردنەوەم، بەرکۆشێک دەپۆشم بە بی دەرپێ و سمتم لە پشتەوە ڕووتە. کاتێک مێردەکەم لە کار دێتەوە، بە بینینی ئەو دیمەنە هەوەسی دەورووژێت و کێری ڕەپ دەبێت، هەرخێرا لە داووە بۆم تێ دەخات و بە تەکان هەڵم دەتەکێنێت. لەهەمان کاتا کە دڵی مێردەکەم ڕازی دەکەم بەوەی خۆی خاڵی دەکاتەوە لە پشتمەوە، یارمەتیشم دەدات بەدەم تەکانی مێردەکەمەوە فریتەکان باش هەڵگێڕمەوە و سوریان بکەمەوە لەناو ڕۆندا.

- ئاخر خانمی ئیست ولیام لای ئێمە وەک خۆت دەزانیت ژنانی کورد بە چیچکانەوە خواردان ئامادە دەکەن، بۆ نمونە کاتێک یاپراخ دەپێچنەوە.

- جا ئەوە کەی کێشەیە ؟ لەو کاتەدا کە خانم یاپراخەکە دەپێچێتەوە، دەتوانێت تۆزێک سمتی بەرزەوە کاتەوە، وەک لای خۆتان دەڵێن قەلانی کات، ئەوسا مێردەکەی بە ئاسانی لە دواوە بۆی دەچێە ژورەوە. هەر کە پیاوەکەش ڕەحەتبوو، سەری ژنەکەی دەخاتە ناو مەنجەڵە یاپراخەکەوە هەتاوەکو یاپراخەکان هەڵنەوەشێنەوە.

- ئاهە !!! ئێساتاکە تێگەیشتم بۆچی خاوەنی بیست و دوو ملوێن ئەدمینیت لەسەر سایتە کۆمەڵایەتیەکان. لەبەر ئەوەی ئێوە مۆدێلێکی باش بۆ ڕەپبوونی چوکی پیاوان پێشنیار دەکەن.

***

خانمی ئێست ولیام (Este Williams ) خاوەنی 22،4000 هەوادارە لەسەر سایتە کۆمەڵایتییەکان، لە بەردەم کامێرادا بە جوانی خۆی نمایش دەکات، هەمیشە بە جلکی سێکسییەوە جوان خۆی پۆشیوە و خۆی ماکیاج دەکات، بە ڕۆبێکی کورت و هێلەکێکی کورت و مەمکۆڵەی سوخمەدڕی بە گژ هەموو ئافرەتانی فەمینیستا دەچێتەوە، جەستەی بە شێوازی ماریلین مۆنرۆیە؛ وەک ئەو بە خەندەیە و ورووژێنەرە. هیچ شتێک بە ڕێکەوت ناکات و هەموو شتێک حساباتی پێشوەختەی بۆ کراوە، تەمەنی 25 ساڵەو خەڵکی ڤێرژینیایە لە ئەمەریکا. خانم وەک خۆی دەڵێت لە ژێر داخوازی مێردەکەیدایە، ئیش ناکات لە دەرەوەی ماڵ، کاری خۆی تەرخان دەکات بە ئیشی ماڵەوە، ئەمەش بە هەڵبژادەیە و گوایە حەزی پێیەتی.

ئەم دیاردەدەیە بەهۆی سایتە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەرەی سەندووە (وەک چۆن هەندێک لەو کچانەی کە کاریان دەست ناکەوێت و بازاڕیان کز بووە بە بازرگانی وەک کەسانی کاریگەر لەسەر ئەنتەرنێت، ناچارن ڕێگای تر بگرنە بەر، وەک کاری خۆ ڕووتکردنەوە و پەنا بردنە بەر فۆتوگرافی و فیلمی پۆرنوگرافی). ئەم دیاردەیەش هەتا دێت لە زیادبووندایە لەبەر ئەوە کە وادیارە چووکی پیاوان باش ڕەپ دەکات. بەڵام هەموویان جوانخاس نین وەک ئەم خانمە؛ شێوازی ڕووکەشیان وەک پینک ئەپ (Pin up) نینە، چونکا هەموو ئافرەتێک وەک ئەم خانمە خڕوخەپان نییە و مەمکی هەڵئاوساو نییە بۆ ڕەپکردنی چوکی پیاوان، بۆیەکا لە فەرەنسا هەندێکیان بە ڕۆبی درێژەوە خۆیان نمایش دەکەن، بە جۆرێک کە هیچ شوێنێکی پێستیان نەبینرێت؛ مۆدێلێکی شەرمنانەیە و هەرگیز جلکەکانیان تەسک نین و جەستەیان پیشان نادەن، پانتۆڵ ناکەنە بەریان. بۆ ژیانی خێزانییان پێشنیاری ژیانێکی سادە دەکەن لەم جیهانە جەنجاڵییەدا، بە خۆخەریکردن بە باخەوانی و خوێندنەوە و خواردن دروستکردن.

ژیانی ئەم ژنە نافەمینیستانە بریتییە لە مارەکردن و هاوسەرگیریی، یەکێکە لە کۆڵەکەی سەرەکی ژیانیان. وەک خۆیان دەڵێن: بۆ ئەوەی ژیان بە باشی بەڕێوە بچێت، دەبێت وەک ژن، ژنایەیی خۆت بپارێزێت. بۆ ئەوەی ژنێک سەرنجی پیاوێک ڕابکێشێتت دەبێت جوان بێت، ژنانی بێت، ژێردەستە بێت، ژنێکی باش بێت. کاری تەنها ڕێکخستنی جێگای نوستن و پاکردنەوەی تەپوتۆزبێت. قەدی باریک، لێوی سور، سنگی بەدەروە بێت لە ژێر ڕۆبەکەیەوە بۆ وورووژاندنی هەوەسی پیاوەکەی هەردەم جلکی سێکسی بپۆشیت:

به بڕوای ژنانی پڵاو، فەمینیستیی مۆدێرن، ژنانی زیاتر بێ دەسەڵات و داماو کردووە بە زیادکردنی زیاتر کار و لە هەمان کاتا خزمەتکردن بە منداڵانەکانیان، بە ئیش و کاری ناوماڵ، جگە لەوەش دەبێت هەوڵی ئەوە بدەن پۆستێکی گرنگ بەدەست بخەن لە شەریکەیەکدا. زیاد لەوەش لەوەتەی کە بزوتنەوەی فەمینیستی لە دوای شەڕی جیهانی دووهەمەوە لە پەرەسەندندایە پێگەی ژنان (ژنی ماڵ) یان زیاتر ڕیسوا کردووە.

بەرەی دژ بەم دیاردەیە؛

چی پاڵ بەم ژنانەوە دەنێت خۆیان بخەنە قەفەزی چێشتخانەکانینەوە. بە پێچەوانەی ئەو شەپۆلەوە بجوڵێنەوە  کە لە سەردەمێکدا ژنان باسی ئازادی و ڕزگار بوونیان دەکرد و دەیکەن؟ گوایە وتراوە کە  ئێمە وەک ژنی پڵاو لە دایک نابین بەڵام دەبین بە ژنی پڵاو ( وتەی سیمۆن دوبوڤارد بە گۆڕانکارییەوە). خانمیش وەڵام دەداتەوە دەڵێت کە ئەو لە خێزانێکی ترادیسیۆنێل نەهاتوتە ژیانەوە، دایک و باوکیی لە یەکتری جیابوونەتەوە:

**" هەر لە تەمەنێکی گەنجیدا بینیم دایکم چەندەها کاری دەکرد بۆ بەخێوکردنمان."**

خانمی ئێست ولیام (Este Williams) کە لە چەند فیلمێکی ساڵانی نەوەدا دەوری بینیوە و ئەوە دەخاتە ڕوو کە گوایە ژن دەبێت هەوڵ بدات لە ڕووی سێکسوێلەوە ئازاد بێت و لە هەمان کاتدا بەردەوامیی بدات بە بەناوبانگیی خۆی. کەواتە چی وای لەم خانمە کردووە ئاوا بە سەد و هەشتا پلە وەرچەرخێت؟ بێ شک باری ئابوری، چونکا سیاسەت شتیکی تر نییە جگە لە ئابوری نەبێت. ئەوان وەک کەرەسەیەکی دڵگیر خۆیان دەخەن بازاڕەوە. بێ گومان سەردەمەکەشمان یارمەتییان دەدات، دەنا هەرگیز نەیان دەتوانی پێشنیاری مۆدێلێکی لەو شێوەیە بکەن لە ساڵانی شەست و هەشتا.

ژنانی پڵاو ئەو ژنانەن کە کار ناکەن، لە ماڵەوە دادەنیشن و منداڵ بەخێودەکەن و  بازاڕ دەکەن، چێشت لێ دەنێن و ئێواران کە مێردەکانیان دێنەوە، گۆرەوییەکان لە پایان دادەکەنن و خواردنیان بۆ دادەنێن، پاشان خۆیان جوان دەکەن و شەوانە لنگیان بۆ مێرەدکانیان واڵا دەکەن و هەرگیز ناڵێن نا. هەمیشە لەسەر هەوەسن بۆ ڕازیکردنی چووکی ڕەپی مێردەکانیان. کاتێک نەخۆشەو تای هەیە، مێردەکەی تەرمۆمەترەکەی لە دواوە بۆ تێ دەخات. شەوانەش لە کاتێکدا بەرازەکەی مێردی بەسەریەوەتی و نیخە نیخیەتی، ئەویش بە هاواری ئێرۆتیکی وەڵامی دەداتەوە هەتاوەکو چوکی نەنیشێتەوە.  هەرگیز ناراڕای نییە لە

ژیانی ژێردەستەیی و داخوازی مێردەکەی قبوڵ دەکات. بە واتایەکی تر گەڕانەوە بۆ ساڵانی سی، سەردەمی کریزی ئابووری.

هەرجارێک لە مێژوودا کریزی ئابوری لە ئارادەیە، کریزی ئابوریش بە شێوەیەکی گشتی نیشانەی گۆڕانکارییە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەهۆی هاتنە کایەی تەکنەلۆژیای مۆدێرن، کە دەبنە فاکتەری گۆڕانکاری ڕیشەیی لە کۆمەڵگەدا، وەرچەرخاندنی مۆدێلەکەمان، ئازادییەکان و پێگەی ئافرەتان دەدەنەوە بەر پرسیار؛ ڕۆبەکەی چەندە درێژ بێت؟ تاڵەمووی سەری چۆن داپۆشراو بێت؟.وەک چۆن سیمۆن دوبوڤار ئاماژەی پێ دەکرد:

"هیچ کاتێک مافەکانی ژن سەقامگیر نین".

بێ شک ئەم دیاردەیە بە ڕوونیی دەبینین لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بە جۆرێکی تر بێگومان بەڵام هەر هەمان کێشە و هەمان بابەتە. ئەو ئافرەتەی کە باشتر چووکی پیاوێک ڕەپ دەکات ئافرەتێکی کۆیلەیە بۆیە ئەو ژنانەی کە کەخاوەن دەسەلاتن؛ خاوەن شەریکە و پلەیەکی بەرزیان هەیە لە کۆمەڵگەدا، زۆر بەگران پیاویان دەستدەکەوێت بۆ هاوسەرگیری و ژیان، مەگەر گەنجێک بە پارە ڕازیبکەن، بەڵام دەبێت گەنجەکەش توانای چوک ڕەپبوونی هەبێت لەگەڵ ژنێکی گەورەساڵاندا، دەبێت دان بەو ڕاستیەشدا بنێنن کە فیزیۆلۆژی مێینە بەجۆرێکە کە پێویستی بە ڕەپبوون نییە بۆ زایەندە وەک پیاوان، ئەم خەسڵەتەش یارمەتیدەرە و هەر ئەمەشە توانای کاری لەشفرۆشی پێ داون.

خۆ ئەگەر هەوومان شانازی بە ژنانی ڕۆژاڤاوە دەکەین، ئەوا کەم پیاو ڕازی دەبێت هاوسەرگیریان لەگەڵدا بکەن، چونکا بە شێوەیەکەی گشتی پیاوان، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتییەکان حەزیان بە ئافرەتێکی قەحبەیە بۆ سێکسکردن و بۆ هاوسەرگیریش ئافرەتێکی کۆیلە.

هەموو ئەمان بە هۆکاری چی ؟

هەموو ئەمان بۆ خزمەتکردنە بە چووکی ڕەپ، جیهان لەسەر مۆدێلی باوکسالاریە و هەوو شت بۆ خزمەتکردن بە چوکی ڕەپ کراوە، نەوەکا بنیشێتەوە، چونکا ئەگەر نیشتەوە ئەوا تاوەرە زەبەلاحەکانی شارستانییەتەکەمان دادەڕمێن، لەبەرئەوەی هەر هەموویان بە هێزی چووکی ڕەپ دروستکراون، تاوەرە هەوربڕەکان کە باپیرە هەرە دێرینیان گاشەبەردەکانی سەردەمی میزۆلیتیکن. بورسە هارە دەکات، جەنگ دروست دەبێت.

بۆیەکا هاوارمان لێ هەڵدەسێت و دەڵێین: ئەی هاوار ژنان ! خۆتان داپۆشن، دەنا نێرتک ڕەپ نابێت و دینامیسم کەم دەبێتەوە. دینامیسمیش کۆڵەکەی ژیانە.

ڕاستە هەرکاتێک جووتە گونی پیاوان پڕ دەبن، ئەوا گەنجان ئامادەن لە کوزی ماینێکیشدا خاڵی بکەنەوە، ئەگەر نا کەتنێک دەنێنەوە. خۆ من باسی تۆ ناکەم کە تەمەنت لە شەست لای داوە و جارە جارە بە ڤیاگرا نێرتکت ڕەپ دەکەیت، من باسی ئەو گەنجە دەکەم کە هەر لە مەلابانگانەوە، کاتێک لە جێگەکەیدا چاوی دەکاتەوە، نێرتکی ڕەپ بوە و ئاسۆی لێ کردووە بە دووکەرتەوە، ئەو گەنجەی کە ناتوانێت کتێبێک بخوێنێتەوە و ناچێتە مێشکی ئەگەر پێش ئەوە دەستپەڕیک نەکات، ئەو گەنجەی کە دەی گووت:

"هێندە دەستەڕم کردووە، دەترسم ڕۆژێک سەرەکەی وەک چاقۆ بپەڕێت و هەر کلکەکەی بمێنێتەوە لە دەستما"

بەڵام پرادۆکس ئەوەیە، هارکاتێک ئەم گەنجەمان تێرکرد، ئیدی نێرتکی بە ئاسانی ڕەپ نابێت، ئەوسا پەڵپ دەگرێت؛ دەبێت بە بێ وچان یارییەکەی بۆ نوێ بکەیتەوە. ئیشتاری بۆ دابپۆشینەوە، چونکا وەک لە کوردەواریدا وتراوە:

" کوزی گوێ ئاگردان بەهای نییە "

جا بۆ ئەوەی چووکی نەنیشێتەوە، دەبێت خانمان هەر سەردەمە و هونەرێکی تری نوێ بئافرێنن بۆ ڕەپکردنەوەی چوکی پیاون و هەمیشە بڵێت؛

ئۆی کە زلە، هەموویم بۆ مەبە، ئۆی کە خۆشە، نانا، بەم بارەدا نا، بە خوا تەسکە پێوەی ناچیت، دە هەموویم بۆ تێخە دەی... تاد، ئینجا بە قیژە قیژی ئێرۆتیک وەڵامی تەکانی مێردەکەی دەداتەوە. پاشان خانام قاپێک ئاو دەهێنێت و نێرتکی مێردەکەی تێدا دەشوات و وشکی دەکاتەوە و شەو تا بەیان لایلایەی بۆ دەکات...

ئەم دۆخە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە باری ئابوورییەوە هەس؛ هەرکاتێک بەرهەم زۆر دەبن و هەموو شت لە بەردەستایە، بازاڕی خاو دەبێتەوە، خاوبونەوە بە مانای کەمی دینامیسم دێت، ئەمەیە هۆکاری سەرەکی کریز؛ چوک نیشتنەوە. بۆ خولقاندنەوەی ئەو دینامیسمە چەندەها جۆری هونەر پێشنیار دەکرێت.

......................

زانیارییەکان دەربارەی دیاردەی ژنانی پڵا (Trad wives)، لە گۆڤاری فیگارۆی خانمان (Figaro Madame) ی فەرەنسییەوە وەرگیراون.

ڕاستە کاتێک مافی کۆمەڵایەتی لە مرۆڤ دەسێندرێتەوە، دەبێتە مرۆڤێکی دڕندە و کوشندە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئافراندنی دینامیسم لە کۆمەڵگەدا، بەڵام لەهەمان کاتا، هەرکاتێک بەروبووم بە لێشاوە ژیان هاسانە و خەڵکی بێزارن و هەوەس خاو دەبێتەوە. هەوەسیش بە واتای دینامیسمە، بەڵام ئافراندن و داهێنان پێوستیان بە سیستەمێکی ئازادە کە تێیدا هزر دەتوانێت ئەوپەڕی توانای خۆی بخاتە گەڕ، لە سیستەمێکی وەک ئەوەی کوردستان جگە لەوەی کە بەرهەمی ئابوری لەسەر نەوتە، لە هەمان کاتا ئازادی بەرتەسکە و داهێنان و بیرکرنەوە لە خاڵی نزمدان، بۆیە ئابوری پێوسیتی بە ئازادی تەواوە، بەڵام دەڵێن گوایە چین دەتوانێت ئابورییەکی لیبراڵ پەیڕەوی بکات بە بی ئازاردییەکی کۆمەڵایەتی، بێگومان لەبەر ئەوەی بۆ چیننەیەکان کۆپیکردن داهێنان و هونەرە.....

# کۆتایی



## ساتیر و دیۆنیزۆس و ڕونکردنەوەیەک

هەموو جارێک ئەبێت من ڕونکردنەوە بدەم، چونکا خەڵکی لە زمانی ساتیریک تێ ناگەن کە جۆرێکە لە گێڕانەوە و ڕەخنەیە بە شێوازی گاڵتەوگەپ و بە بوغز و ڕقەوە نەنوسراون، دژی کەسایەتیەک نیە.

ساتیر ئەو بونەوەرەیە بە تەنیشت دیۆنیزۆسەوەیە، دیۆنیزۆس خوداوەندێکی ڕۆژهەڵاتی بوو، وەک ئەبراهام، وەک من کۆچی کرد بەرەو ڕۆژئاوا چونکا لە ڕۆژهەڵات جێگای نەدەبویەوە، دیۆنیزۆس هێزی بەگوڕی مرۆڤە، ئەو هێزەی کە هیچ هێزێک تواناى نیە سەرکووتی بکات. ئەگەر لەسەرەتای شارستانیەتەوە هەتا ئایدیۆلۆژی مارکسیزم هێزێک گەرەکیەتی مرۆڤێکی نمونەیی بئافرێنیت بە بێ ڕەچاوکردن لە سروستی ئەو، ئەوا هەڵە بوون، چونکا مێژووی شارستانیەت تەنها دوازدە هەزار ساڵە، بەڵام مێژوی ئۆمۆساپیان نزیکەی سێ سەد هەزار ساڵە، ناتوانین مرۆڤ بخەینە چوارچێوەیەکەوە و ئازادی بزاوتن و گوزارشتی لێ زەوت بکەین، لەبەر ئەوەی ئەو خاوەنی هێزێکی بەگوڕی ئەزەلیە، بە گژ مردندا دەچێتەوە، دژی قانونە و بەگژ بەهاکاندا دەچێتەوە. بەهاکانیش بەرهەمی شارستانین و سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم بوکەڵەی مێینە بە مەبەستی شامانیزم، هەر ئەو بوکەڵانە بوون دوایی بوونە تەوتێم و ئینجا خواوەند و پاشان پیاوانی سیاسی سوڵتەیان لە خواوەندەکان وەرگرتەوە و خۆیان وەک خودا ناساند لەسەر زەوی بە مەبەستی زەوتکردنی ئێرۆتیزم و لەزەت تەنها بۆ خۆیان، بۆیە هەوەسی دیۆنیزۆسیی هەردەم سەرهەڵدەداتەوە بە بەگژداچونەوەی ئەو باهایانە و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی هەوەس و دژی سوڵتە و دین دەوەستێتەوە، هەر بۆیەش هەرکاتێک باسی سێکسوالیتێ و ئیرۆتیزم دەوروژێنین، بە خۆڕسکانە روبەڕوی سوڵتە و دین دەبینەوە .

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوانەشی بەگژ ئەم جۆرە باسانەدا دەچنەوە، بەشان و باڵی نیچەدا هەڵدەدەن، ئەی نیچە لە بەرەی دیۆنیزۆس نەبوو؟ ئەوەیە تەنگژیەکە، بۆیە هەوڵدانی من ئەوەبوو هەندەک زانیاری بدەم بە تایبەتی لە بواری هونەرییدا، پاشان بە وروژاندنی فکرەی دیۆنیزۆسی ویستم ئەو ئازادیە بتەقێنمەوە لە هزری ئەواندا، بەڵام وەک کوڕێکی هونەرمەند ڕۆژێک پێی گووتم: برا تۆ هیچت پێ ناکرێت و ناتوایت شت بگۆڕیت. ڕاستی دەکرد لەبەر ئەوەی هونەر بە سنوردارکردن ناتوانێت بوونی هەبێت، بۆیە ڕۆژهەڵات بە بێ هونەر دەمێننەوە، هەربۆیەش ناویان ناون؛ قەومی بێ هونەر.

زۆر لە بابەت و زانیاریەکانم لەسەر سێکسوالیتێ لە ڕۆژنامەکانی وەک لومۆند و لیبراسیۆندا دەخوێنمەوە، ئەو ڕۆژنامانەی پیاوانی ئەکادیمی و فەیلەسوفان وتاری تێدا دەنوسن، بەشیکێش بۆ ئەم بابەتانە دانارون و هیچ تەنگژیەک نانێنەوە، لەبەر ئەوەی ئەم باسانە بەشیکی گرنگ و سەرەکی ژیانی مرۆڤن، بەڵام لە کوردستان لەبری ئەم باسانە، ڕۆژنامەکانی سوڵتە سمتی ژنانی پەتیارە پیشان دەدەن و لەڕۆژنامەکانی تردا ئەم باسانە جێگایان نابێتەوە.

## کۆتایی




ساية كوز ئالۆش بووبه ساية بالاپۆش

مێژووی چیرۆکی خۆداپۆشین، بڕگەیەک بوو لە قانونێکی بابیلۆن، کە گوایە ئینانا(ئیشتار) دەبێت بە پەچەیەک دابپۆشرێت لە کاتی دەرکەوتنیا، پاشان وتیان ئافرەتە لەشفرۆشەکانی وەک سایە کەریمیش واتە پەتیارەکان و لەشفرۆشەکان ئەگەر بیانەوێت بچنە ژێر ڕەحمەتی ئیشتارەوە ئەوا دەتوانن خۆیان داپبۆشن، ئینجا گووتیان ژنانی مێرددراریش بۆیان هەیە خۆیان داپبۆشن. بێ شک داپۆشین وەک باڵاپۆشی ئەم سەردەمە نەبووە. دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە ئەو سەردەمە جلکوبەرگ کەم بوون و گران بوون، تەنانەت لە سەردەمی ئیسلامیشدا کاتێک ژنان نوێژیان دەکرد و سوجدەیان دەبرد سمتیان بەدەوەروە بووە لەبەر کەمیی جڵک، پیاوان لە کاتی نوێژکردندا ڕویان وەردەگێڕا لە خودا و نیگایان لەسەر سمتی خانمانی بەردەمیان دەنیشتنەوە.

وەک سیمۆن دوبوڤار دەیگوت، هەرکاتێک سیستەم لە گۆڕانکاریدایە، دۆخی ژنان دەدەینەوە بەر پرسیار، بۆیەکا دەستکەوتەکانی ژنان هەرگیز بۆ هەتایە جێگیر نین، بە تایبەتی لە بارودۆخی نالەباری ئابوری و سیاسیدا. حاشا هەڵنەگەرە کە ئەو سەردەمەی ئیشتاریان داپۆشی وەک ئەمڕۆ کۆمەڵگە بە کریزێکی ئابوری و گۆڕانکاریەکی ڕادیکاڵدا تێ پەڕیوە. سایە کریمیش ئەگەر ئەمڕۆ باڵاپۆشە بە بێ هۆکار نییە؛ دەزانێت کە بازاڕی ئەو لە مۆدێلی خۆداپۆشیندا باشتر گەشە دەسێنێت.

هەرچەندە سایە کەریمم خۆشگەرەکە و کەسێکی سادەیە و هەڵسوکەوتی جوانە و نازونوز ناکات، لاسایی مۆدێلی سەردەم ناکەتەوە؛ لێو و سمتی بە سلیکۆن هەڵنائاوسانێت، تەنانەت کوزیشی ناتاشێت، وەک کوردان لنگی بڵاودەکاتەوە و بە کابرا دەڵێت بۆمتێخە. بەڵام پێم سەیرە کوتووپڕ باڵاپۆشی هەڵبژاردووە !!! ئایا بە مەبەسی شۆخیە؟ یان بۆ سینارۆیەکی پۆرنۆیە؟ ئەوی ڕاستی بێت هیچ زانیاریەکم لەو ڕووەوە نییە. بەڵام بەڕای من بۆ کەسێکی وەک سایە کەریم کارێکی خراپی کردووە و یارمەتی کچانی ڕۆژهەڵات نادات بە تایەتی لەم سەردەمەدا کە لە کوردستان باوک و برا بەزۆری زۆرداری دەسەپێنن بەسەر خوشکەکانیاندا باڵاپۆشی بکەن، ئێستاکە کە سایەش بووە بە باڵاپۆش بەدیلێکی ترە بۆ ئەوان بە سەپاندنی زیاتریی داواکارییەکانیان.

پێ دەچێت هەندێکتان سیناریۆی (عەزفی فلوت و سایە کەریم و بەختیار عەلی) تان خوێندبێتەوە. هەرچەندە چەند سیانریۆیەکی ترم نوسیبوو بۆسایە کەریم بەڵام هە زوو پێیان لابردم و گووتیان بقەیە. بەڵام بە بینینی دواهەمین وێنەی سایە کەریم بە جلکی ئیسلامیەوە، سینارپۆیەکی بقەی ترم هات بە بیردا. چۆن سایە کەریم بووە بە موسڵمان و شو دەکات بە گەنجێکی موسڵمان کە کاری مارە بەجاشە و جارە جارە سایە جێ دەهێڵێت بۆ سێکسکردن لەگەڵ ژنانی مێرداردا و ئەوەش بژێوی ژیانیانە. پاشان شەوان مێردەکەی


داوای ئانال لە سایە دەکات، سایەش دەڵێت کە ئەو بووە بە موسڵمان و ئیدی ئانال ناکات، بەڵام مێردە موسڵمانەکەی ئایەتی بۆ دەهێنێتەوە و رازی دەکات، پاشان داوی لێ دەکەت کە سپێرمەکەی بخواتەوە لە کاتی ڕەحەتبووندا، ئەویش لەسەرەتاوە قبوڵی ناکات بەڵام مێردەکەی ئایەتی قورئانی بۆ دەهێنێتەوە و ناچاری دەکات. دواجار لەسەر دەستوری ئیسلامی هەوڵ دەدەن مۆدێلێکی تری مارە بەجاش پێشنیار بکەن؛ لەکاتێکدا مێردەکەی لەگەڵ ژنانی مێرداردا دەخەوێت ئەویش لەگەڵ مێردی ژنەکەدا سێکس دەکات و چەند سێکسکردنێك لەسەر دەستوری ئیسلامی و ئێرۆتیکی ئیسلامی و شتی تریش.....

***

کۆتایی

## سۆدۆمی (ڵوتی) یان سێکس بە کۆم.




بە لاتینی بە کردەی سێکس کردن بە کۆم ئێژن "سۆدۆمی"، دەستەواژەی سۆدۆمی لە قەومی سۆدۆمەوە هاتووە واتە قەومی ڵوت، بۆیە باشتر وایە بە کوردی بێژین: ڵوتی لە بری سۆدۆمی.

ڵوتی:

هەرگیز مێینە داوا لە نێرینە ناکات بە لۆتی ڕابوێرن ئەگەر حەزیشی پێ بکات. دەبێت بوترێت کە تەنها لە سەدا سی (30) ئافرەتان حەزیان بە لۆتیە، بەڵام بە پێی زۆر لە ڕاپرسیەکان لە ئەوروپا، لە سەدا حەفتای کچان ئەو کارەیان ئەنجام داوە لەگەڵ خۆشەویستەکانیاندا، چونکا پیاوان لە سەدا حەفتایان حەزیان بە لۆتیە، هەروەها ئافرەتان ئەگەر خۆیان هەڵیان نەبژاردبێت، زۆرینەیان هەست بە ئیهانە و ژێردەستەیی دەکەن لە گەمەی سیکسیی لۆتیدا، بەڵام ئافرەتیکی ئازاد ئەو هەستەی نیە، هەندێک مێینە دەکەونە ئۆرگاسمەوە بەو بارەدا بەڵام زۆر کەمن، ئەو ئافرەتانەی کە پێیان دەڵێن "ئافرەتی ئاو پرژێن" (لە خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە)، زیاتر حەزیان بە لۆتیە، زۆر لە ئافرەتان وەهایان پێ باشە دوای چەند ساتێک لە سێکسی ئاسایی ئەوسا لۆتی بکەن، بەڵام نابێت فیلمە پۆرنۆکان ببنە نمونەی هەڵس و کەوت، چونکا زۆر لەو کچانەی لۆتی دەکەن دەرئەنجام قۆڵۆنیان دەدڕیت و نەشتەرگەری بۆ دەکەن، بۆیە دەبێت زۆرترین لوبریفیکاتەر بەکار بهێنرێت.

ئەگەر هەندێک کچ بە هۆی باری ژێردەستەیی یان لە دەستنەدانی پەردەی کچێنی قبوڵی دەکەن، ئەوا هەندێکیان بۆ ڕازی کردنی هەوەسی خۆشەویستەکەیانە بە پێدانی لەزەتێکی شاز، بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی لە وڵاتانی ئیسلامیدا کچان پێش مارەیی بە ناچاریی بۆ لەدەستنەدانی پەردەی کچێنی و دووگیانی سێکسی لۆتی دەکەن. بەمەش دەڵێن: لاقەکردنی ناڕاستەوخۆ یان لاقەکردنی پاسیڤ. ئەگەر دینەکان هەموویان دژی سێکسی لۆتین، هۆکاری نەزۆکیە نەک بەرگری کردن لە مێینە.

بۆچی پیاوان حەزیان بە لۆتییە؟

هۆکارەکان زۆرن؛ کارای سێکس کردن و چێژی ئێرۆتیزم بەندە لە سەر ترانسگریسیۆن، واتە؛ لادان لەوەی ڕێگەی پێ دراوە؛ سەرپێچیکردن. ئەگەر مێینە بە ئەنستان هەردەم دەڵێن؛ نا، بۆ زیاتر وروژاندنی هەوەسی ئاغای ڕاوکەرە، لە بەر ئەوەی مرۆڤی نێرینەی ساپیان لە دی ئێن ئەی ئێنیدا هەستی ڕاوکردنی تێدا جێگیرە، هەستی زاڵ بوونیش بە هەمان شێوە. بۆ فرۆید هەموو ئاکتێکی سێکسوێل ئامانجی خواردنی ئەوی ترە. نێرینە لە کاتی کردەی لۆتیدا لەگەڵ مێینەیەکدا ڕووبەڕوی (نا) دەبێتەوە و ئەمەش زیاتر دەی وروژێنێت، وروژاندن دیاردەی ترانسگرێسیۆنە، کارای لۆتی هەستی زاڵبوونە بە سەر مێینەیەکدا لە کاتێکدا ئەو ئارەزوی ئەو کارەی نیە، لە هەمان کاتا لۆتی لادانە لە یاسای کۆمەڵایەتی و نەزۆکە، جۆرێکە لە لاقەکردن چونکا خانم حەزی پێی نیە و چێژ وەرناگرێت، لادانە لەوەی ڕێگەی پێ دراوە و ئێرۆتیزم بەندە لە سەر لادان لە مۆراڵ و لە سنور، جگە لەوەی کە سروشت خەتابارە بەوەی کە کۆم بۆ پیاوان شوێنێکی زیاتر لەبارە

بۆ چێژ، بەهۆی ئەو میکۆزەی کە تێیدایە. پێش ئاکتی لۆتی پیاوان لەژێر هێزی هەژێنی سێکسیاندان، کوێر و کەڕ و گێلن، هیچ بیر ناکەنەوە بەڵام هەموو پیاوێک دوای لۆتی هەست بە خەتباری دەکات، لەبەر ئەوەی ئەو پیاوەی نێرتکی رەپە، بیرکردنەوەی وەک هەمان ئەو پیاوە نیە کاتێک نێرتکی نیشتۆتەوە. لۆتی کردەیەکی نەزۆکە، واتە بە ئەنستات مرۆڤ دەزانێت کە سپیرمەکە نەچۆتە ڕەحمەوە بەو بۆنەیەشەوە نابێتە هۆی نانەوەی نەوەیەکی نوێ، وەک چەسپاوە لە دی ئای ئێنەکانیدا، کەواتە نەزۆکە، بۆیەکا خۆی بە خەتابار دەزانێت.

خۆ خاڵی کردنەوە؛

دەستەواژەی؛ (خۆ خاڵی کردنەوە) لە پێغەمبەری موسڵمانانەوە بۆ مان ماوەتەوە، زۆر جار مەلاکان بە شانازیەوە باسی ئەوە دەکەن کە جارێکیان محەمەد لەکاتی کۆبەنەوەدا دەبێت، کتووپڕ هەوەسی هەڵدەسی و دەچێت خۆی خاڵی دەکاتەوە لەناو ئایشێدا، بێ گومان دەستەواژەیەکی زۆر ناشرین و بێ مانایە، وەک ئەوەی بڵێت: دەچێت بۆ تەوالێت و پیسایی دەکات. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەوەسی پیاوان زۆر فیزیکییە؛ کاتێک هێلکە گون پڕ دەبێت، وەک گوانی مانگا دەبێت بی دۆشیت، ئیتر ئاغا دەبێت خۆی خاڵی بکاتەوە بە هەر نرخێک بێت، چونکە هێلکە گونی ڕیگری لێ دەکات لە بیرکردنەوە. ئیتر ئەو خۆخاڵیکردنەوەیە لە قونی ماینێکدا بێت یان لە ناوگەڵی ئایشێدا، وەک یەکن بۆ پیاوان، گرنگ وروژاندن و بەتاڵکردنەوەیە بە هەر نرخێک بێت. برادەرێکمان لە کوردستان دەی گووت کە ئەو ناتوانێت لە مارکس تێ بگات ئەگەر دەستپەڕێک نەکات، برادەرێکی ترمان بە شۆخیەوە دەی گووت: هێندەم مشتەگانێم کردووە، دەترسم ڕۆژێک سەرەکەی وەک چاقۆ بپەڕێت و هەر دەسکەکەی بمێنێتەوە لە دەستما.

لە فیلمی هەزار و یەک شەوەی دەرهێنەر و نوسەری ئیتالی؛ پازۆلینی، لە شوێنێکدا کوڕەکە بە کچەکە دەڵێت: (نێرتکی پیاو وەک کەر بێ مێشکە، حەزی زۆر بە گەوڕە و هەمیشە لە گەوڕدا دەخەوێت) . لە ڕۆمانی "فەلسەفە لە دیوەخانی" مارکی دوسادا، کاتێک باوکەکە کچەکەی دەبات بۆ لای سێ پیاو و ژنێکی سی ساڵانە، هەتاوەکو پەروەردەی سێکسی بدەن، چونکە نایەوێت وەک ژنەکەی کلاسیک بێت لە سێکس کردندا. یەکەم جار هەر سێ پیاوەکە بە لۆتی بۆی دەچنە ژورەوە، لە کۆتاییدا کچە کۆمی خستۆتە سەر دەمی دایکی و بە تەقەل کۆمی دایکی دەدرووێتەوە، لە بەر ئەوەی ئەو کونەی زۆر بەکار نەهێناوە لەگەل باوکیا، لەگەڵ هەر تەقەڵێکدا کچە دەگاتە ئۆرگاسم. دەبێت ئەوە بوترێت وەک چۆن حامورابی پێداگریی لە قانونی سۆشیالدا دەکرد، مارکی دوسادیش لە ئاکتی سێکسوێلدا بە هەمان شێوە؛ لۆتی بۆ مارکی دوساد قانونی خۆی هەیە؛ ئەگەر توکە بەر

نەیدات لە تیرەی کۆم ئەوا بە لۆتی هەژمار ناکرێت، وەک چۆن حاجی کاتێک دەچێت بۆ حەج ئەگەر دەستی نەدات لە بەردە ڕەشەکە بە حەج بۆی هەژمار ناکرێت و نابێت بە حاجی، بە هەمان شێوە بۆ مارکی دوساد دەبێت توکەبەر بی دات لە تیرەی کونی چوپ. دەبێت ئەوە بوترێت کە لە زمانی فەرەنسیدا بە کۆم دەڵێن کونی توپ، هەرچەندە مارکی دوساد ئەو دەستەواژەیە بە کار ناهێنێت، پێ دەچێت لەو سەردەمەدا؛ لەسەدەی هەژدەدا توپ نەبوو بێت، بەڵام مارکی دووساد هەرگیز باسی لوبریفیاکتەر ناکات، دەڵێت نیوەی لەزەت دەکوژێت، ئەو هەر بە تف دەچێتە کونی چوپەوە، هەتا توکەبەر دەیدات لە تیرەی چوپ، هەروەها دەبێت لە کاتی ئۆرگاسمدا هەردەم جنێو بە خواد بدرێت.

هەرچۆنێک بێت، لۆتی بەشداری دەکات لە سێکس کردندا وەک مژین و هەموو جۆرەکانی تری سێکس کردن لە کتێبی کامەسوترا. بەش بەحاڵی خۆم، خودا دەیزانێت ئەو کچانەی کە ناسیومن لە ژیانمدا، ژمارەیان هێندەی گەڵای دارێکی سەرەتای پایزن، بەڵام تەنها دوو کچم ناسیوە لۆتیان قبوڵ بووە و پێیان خۆش بووە، دەبێت ئەو ڕاستیەش بلێم کە داوام لە هەموویان نەکردووە ئایا حەزاین پێیەتی یان نە، لە بەر ئەوەی سواڵکردنم پێ شیرمە.

کچانی ئاو پرژێن؛

ئەو کچانەن لە کاتی ئۆرگاسمدا، ئاوێکی زۆر دەپرژێنن، ئاوەکە میزە، بەڵام میزێکی زەرد باو نیە و بۆنی نیە چونکا نەچۆتە میزەڵدانەوە، هێندەش ئاوەکە زۆرە دەتوانیت دەم و چاوی پێ بشۆیت، یان لە کاتی بێ ئاویدا دەستنوێژی پێ بگریت، هەرچەندە پێغەمبەری موسڵمانان ئەم باسەی نە درووژاندووە لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی سەدەها ژن بووە. خۆ ڕێی تێ ناچێت یەکێک لەوانە ئاوپرژێنی نەکردبێت، بەڵا لەبەر ئەوەی ئەوان هەر لە ژێر لێفەوە نخە نخیان بووە، وادیارە هیچیان نەبینیوە و بێ ئاگا بوون، پێ دەچێت خوداش ئاگاداری نەبێت، دەنا لە سورەتێکدا هەر باسی دەکرد و دەیگووت: ئێمە کچانمان ئافراندووە وەک کوفارە ئاو دەپرژێنن.

وەک لە کوردەوریدا ئێژن: بانگی محەمەد بە ئاشکرا خۆشە.

## کۆتایی



**سێکس بە بێ خۆشەویستی و خۆشەویستیی بە بێ سێکس**

ودی ئالێن دەی گووت: سێکس ڕێگرە لە بەردەم خۆشەویستییدا.

وتەکەی ودی ئالێن بیری گۆرانییەکی فەرەنسی دەخستمەوە کە دەڵێت:

بەیانیان نێرتکم لە پێش خۆمەوە خەبەری بۆتەوە،

ڕەپ بووە...

ڕێگریم لێ دەکات ئاسۆ ببینم.

***

سەرنجی جیلی ئەم سەردەمە دەدەم لە ئەوروپا، کەمتر سێکسیان بەلاوە گرنگە هەتا سەردەمی ئێمە؛ لە سەردەمی ئێمەدا دەبووا بە شانازییەوە هەموو بارێک و مۆدێلێکت تاقی بکردایەتەوە؛ سێکسی کراوە؛ بە زیاتر لە دوان و سیان و بە کۆمەڵ. بە هەموو بارێکدا و لە هەموو شوێنێکدا؛ لە کەنیسە، لە باخچەی ئاژەڵان، لە دارستان...تاد. ئەگەر بە کچێکت بگووتایە خۆشم دەوێیت و هەموو ئەو بارانەت تاقی نەکردبایەتەوە، گاڵتەی پێ دەکردیت و دەیووت :

برۆ لاچۆ، لاولاو !!!

ئەم جیلەم ئەمڕۆ زیاتر گرنگیی بە خۆشەویستی دەدەن (بە گشتیی). سێکس دەورێکی گرنگی نییە. هەرچەندە ژیان دەوران دەورە و هیچ شتێک جێگیر نییە و هەمیشە لە گۆڕان و وەرچەرخاندایە، بەڵام بێ شک نەخۆشی ئایدز و گرانی باری ئابووری و جەنگ دەوریان زۆرە لەم وەرچارخانەدا، بەتایبەتی فیلمە پۆرنۆکان، بە توندیی تێڕوانینی گەنجانیان وەرگێڕاوە لە جۆری سێکوالیتێ. ئەو سەردەمەش بەسەرچوو، کاتێک دەچووومە ماڵی خێزانێکی ئەڵمانی، کچەکەیان بە سنگ و مەمکی ڕووتەوە دەهات و دەچوو لەبەردەم دایک و باوکیا.

کەواتە پێشبینییەکەی ئەندرێ برۆتۆنی سەرۆکی سوریالیستەکان ڕاست دەرچوو کە دەیگووت:

"سەدە بیست و یەک، یان سپیریتوێڵ دەبێت یان نابێت"

ئاگادار بە !!! خێرا هەڵمەبەزەوە، بڵێیت: کەواتە ئێمەی ئیسلامیی بردمانەوە. کە دەڵێین سپیریتوێل، مەبەستمان لە سەلەفیسم و ئیسلامیسم نییە، چونکا ئەوانە شێوازێکی قێزەونی سپیریتوێلن. وەک چۆن پۆرنۆ شێوازێکی قێزەونی سێکسوالیتێیە.

***

ئیدی لێرەوە مۆدێلی جیاواز هاتۆتە ئاراوە بۆ کەپڵ لە ئەوروپا، هەندێک کەپڵ پێکەوە دەژین بە بێ پەیوەندی سێکسوێل، هەرچەندە بۆ کچەکە ئاسان ترە، مەبەستم ئەوە نییە کە بڵێم کچان مەیلیان بە لای سێکسوالیتێدا کەمترە، نەخێر، لەبەر ئەوەی سێکس لای کوڕان زیاتر کردەیەکی میکانیکییە. سەرنج دراوە لای کەپڵی هاوڕەگەزخواز (نێر و نێر) سێکس زیاتر دەکەن هەتا لای کەپڵی هاوڕەگەزخوازی (کچ و کچ)، لەبەر ئەوەی کچان گرنگی بە چۆنایەتی دەدەن و نێرینە بە چەندایەتی.

چارەسەری ئەم هاوکێشەیە هەروا ئاسان نییە. کێشەکەش جیهانییە. بۆیەکا ئیسلامییەکان و مەلاکان لە مینبەرەکانەوە دەمیان وەک چوکیان ڕەپ بووە و هەڕەشە لەو ژنانە دەکەن کە سەرجێیی قبوڵ ناکەن. وادیارە لێرەدا کێشەیەک هەیە دەنا ئەگەر سێکس چێژە بۆچی قبوڵی ناکەن؟ لەبەر ئەوەی ئاغا گرنگی دەدات بە چەندایەتی نەک بە چۆنایەتی، وەک چۆن خاتوونی (هاوژین زیابا) دەی گووت گوایە لە کوردستان ژنان خۆشحاڵن کاتێک سوری مانگانەیان هەیە، چونکا ئاغا بێزاری ناکات. یان کاتێک سەرجێیی ڕەت دەکەنەوە، مێردەکانیان دەستیان بە گوریس دەبەستنەوە و لاقەیان دەکەن....ئم !!!! ئەمەش بیری سادۆ مازۆشیزمان دەخەنەوە، هەرچەندە لێرەدا سورین لە ناسینەوەی کەسایەتی سادیک کە پیاوەکەیە بەڵام نازانین داخۆ مازۆ (ژنەکە) ڕازییە یان نە؟ ئەمەش بەو لۆژیکەیە کە نێرە هەرگیز تێ ناگات لە مێ؛ کاتێک دەڵێت: نا، بۆ نێرەکەر، خانم مەبەستی لە ناز و نوزە و حەزی پێیە، بۆیەکا لەسەر دیوارەکانی کۆڵانەکانی پاریس نوسراوە:

" کاتێک دەڵێم : نا، مەبەستم لە (نا) یە"

ڕاستە، نایەک هەیە بە ناز و بە پێکەنینەوە بۆ وروژاندنی هەوەسی ئاغا، ئەوەیان جیاوازە.

کچێک دەیگێڕایەوە گوایە لە نیوە شەودا خەبەری بۆتەوە و هەستی کردووە نێرتکێک لە کوزیا دێت و دەچێ. توشی شۆک دەبێت و بە هاوڕێکەی دەڵێت: ئەوە چی دەکەیت؟ ئەویش لەسەرەخۆ وەک ئەوەی شتێکی وەها گرنگ ڕووی نەدابێت، وەڵامی داوەتەوە و گوتوویەتی:

"هیچ نییە، هێچ نییە. خەمت نەبێ، بێ خەم لێی بخەوە"

چونک ئاغا گوونی وەک گوانی مانگا پڕبووە و دەبێت خاڵی بکاتەوە. ئەم جیاوازییەیە لە هەوەسی سێکسوێلدا کە هانی خەڵکی داوە جۆرێکی تر لە پەیوەندی سێکسوێل و پەیوەندی کەپڵ بەڕی بکەن. ئیدی لێرەوە کچان پێوسیتیان بەوە نییە سێکس بکەن وەک ئەرکێکی خێزانیی و هەرکاتێک ئاغا چووکی ڕەپ بوو خانم لنگی بۆ واڵا بکات، هەر کاتێک ڕەحەتیش دەبێت ئیتر ڕووی لێ وەردەگێڕێت. دەبێت ئەوە بوترێت کە دەستەواژەی ڕەحەت بوون جیهانییە و لە هەموو زمانێکدا هەیە. ئەم دەستەواژەیەش تەواو لەبارە بۆ ئەم حاڵەتە، چونکا وادیارە لە حاڵەتێکی نالەباردا دەژییم و بۆیەکا دەبێت ڕەحەت بم، دەنا وەک کەڵەگا توڕە دەبم و دەیترشێنم.

ئاکتی سێکسوێل کردەیەکی ئاژەڵییە. ئەگەر جاران دژی فرۆید بووم کە دەیگووت: هەموو ئاکتێکی سێکسوێل مەبەستی لە خواردنی ئەوی ترە. ئەوا ئەمرۆ دژی نیم. ئێمەی مرۆڤی ساپیانیش هەتا دێت خۆمان جودا دەکەینەوە لە کارەکتەری ئاژەڵیی، ئەمەش پەیوەستە بە

پەرەسەندنەوە. ئیدی ئەو سەردەمە بەسەر چوو کاتێک ناپۆلیۆن لە میسرەوە نامەی بۆ ژۆزێفینی ژنی دەنوسی:

" خۆت مەشۆ بەم زووانە دەگەمە لات"

چوونکا دوو سەد ساڵ لەمەوبەر مرۆڤ وەک ناپۆلیۆن  بە بۆنی سروشتیی نێرتکی ڕەپ دەبوو، بە بۆنی ناوگەڵی سروشتیی ژۆزەفین. ئەمڕۆ ئێمە دەیەها بۆن و سابوون بەکار دەهێنین و دەمێکە بۆنی سروشتیی ئاژەڵیی خۆمان بێزارمان دەکات و نامان ورووژێنێت. بەڵام ئێمەی مرۆڤی ساپیان، سروشتێکی پارادۆکسالمان هەنە؛ لەهەمان کاتا کە حەزمان بە دورکەوتنەوە و دابڕانە، ئێمە بوونەوەری کۆمەڵایەتیشین، چونکا جینەکانمان ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنن. هەستی خۆ دوورخستنەوە لەوی تر(جەهەنەم ئەو دییە)، دیاردەیەکی شارستانیەت و ئەنجامی پەرەسەندنە. کەواتە ئێمە لە نێو ئەو دوو بەردە ئاشەدا تووشی ئاڵۆزیی دەروونیی دەبین و وەک هەموو مرۆڤێکی شارستانی لە چەپاندنداین.

من لەگەڵ کارین ( کارین ئەو کچەیە کە لەگەڵیا دەژیێم) وەک پاشاکانی فەرەنسا، لە هەمان ژوردا ناخەوین، تەنها لە بۆنەکاندا نەبێت، لەبەر ئەوەی  ئەگەر پاشاکانی فەرەنسا لەگەڵ ژنەکانیاندا نە دەخەوتن، ئەوان خۆیان بە میراتی خودایی دەزانی، وەک مرۆڤی ئاژەڵ هەڵس و کەوتیان نەدەکرد. بەڵام من کاتێک ڕادەکشیم، قۆڵم لێ دەبێت بە بەڵا، کەواتە چۆن بتوانم بە تەنیشت کچێکەوە بخەوم؟ هەرچەندە یەکەم شەو کە کارینم ناسی، وەک بۆی گێرامەوە زۆر دڵێ خۆش بوو کە کورێکی ناسیوە و نامرخێنێت. بێ گوومان من لەو تەمەنەدا نەماوم نیوە شەو بیخەمە نێو گەڵیەوە و کاری خۆم بکەم...

" لە پاش ترێ خەمشە بڕێ"

***

بە پێێ تێۆرییەک، ئەگەر لە پێشمێژوودا، مرۆڤی ڕاوچی میوەچن، گوایە سێکسی بەرامبەر بە خۆراک گۆڕیوەتەوە بە تایەتیی ئەو کاتانەی کە خانم دووگیان بووە و چاوەڕوانی دەستی ئاغا بووە بۆ خەزنکردنی چەوری و گەیاندنی دووگیانییەکەی بە کۆتایی، سیاسەتی (سێکس بەرامبەر بە خۆراک) ی پەیڕەوی کردووە. ئەمەش بووەتە هۆکاری سەرەتای دیاردەی لەشفرۆشیی. ئەمڕۆش لە کوردستان چەندەها سیاسەتی ژیرانە بەدی دەکرێت لەلایەن خانمانەوە، ئەگەر خانم بێزار بووە بەوەی کە هەموو شەوێک خەبەری بۆتەوە و  هەستی کردووە شتێک لە ناو کوزیا دێت و دەچێ، یان شەوانە ئاغا

هاتۆتەوە و دەستی بە گوریس بەستۆتەووە و لاقەی کردووە، ناچار ژنێک دەهێنێت بۆ نێرەکەرەکەی مێردی، کە جۆرێکە لە سێکس بەرامبەر بە (خۆشەویستیی). بە شێوازێکی جیاوزتر لە کەپڵە ئەوروپایەکانی سەردەمی مۆدێرن کە چارەسەرێکی تر پەیڕەوی دەکەن؛ هەموو شەوێک پێکەوە ناخەون و یەکتری بێزار ناکەن. وەک سەرنج دەدەین هەموو ئەم دیاردانە جیهانین و لە هەر شوێنە و بە جۆرێکی تر، بە پێی کولتووری ناوچەکە بە شێوازێکی تر چارەسەری بۆ دەدزۆینەوە دەنا لە بنەچەدا هەمان کێشەن.

چۆن بتوانین پێکەوە هەڵبکەین و نەبینە ژەهرێکی کوشندە بۆ ئەوی دی و خۆمان؟

نازانین داهاتوو بەرەو کوێمان دەبات !!! چونکا کەس نەیدەانی ئایفۆنێک ئاوا ژیانمان دەگۆڕێت، بەڵام پێ دەچێت لە داهاتوویەکی نزیکدا، سێکسکردن لەگەڵ مرۆڤێکی ئۆرگانیکدا ببێتە دیاردەیەکی دەگمەن؛

تۆ سێکسی ئۆرگانیک دەکەیت ؟ یەع.

بێ شک کەسانێک هەر دەمێننەوە وەک جاران سێکسی ئۆرگانیک پەیڕەوی بکەن، وەک چۆن هەتا ئەمڕۆش کۆمەڵە مرۆڤ ماوون لە ئەمازۆن سیستەمی ڕاوچی میوەچن دەژیێن.

********

ئەم ووتارەم لەسەر ڕوداوێک نوسی، گوایە ژنێک خۆی ژنێکی تری بۆ مێردەکەی دۆزیوەتەوە و بەتەنیشتیەوەیە بە خەندەوە لە ئاهەنگی بوکێنیدا وەستاوە. وێنەکە لەسەرەوە دانراوە. هیوادارم ئەو ئازیزانە دڵگران نەبن بەوەی کە وێنەی ئوانم داناوە بە بێ پرسکردن بەوان. هەرچۆنێک بێت هێچ بێ ڕێزییەکیان بەرامبەر نەکراوە لە تێکستەکەدا.

## کۆتایی



**فیلمی " دواهەمین تانگۆ لە پاریس" و سێکس و لاقەکردن.**

لە فیلمی " دواهەمین تانگۆ لە پاریس " ساڵی 1972، کە فلیمێکی زۆر بەناوبانگە لە مێژووی سینەمای جیهانیدا؛ مارلبرۆندۆ پیاوێکی بێ هیوایە لە ژیاندا، تەمەنی سەرو پەنجایە، لە هۆتێلێکی لاوەکی لە پاریسدا دەژی. لە دیمەنێکی فیلمەکەدا سێکس لەگەڵ کچێکی نۆزدە ساڵی فەرەنسیدا دەکات، کە چەند ڕۆژێک لەوەوبەر ناسیویەتی و خۆشی دەوێت. لە کاتی دەرهێنانی فیلمەکەدا، کچەکە ئاگاداری ئەو بڕیارە نەبووە کە دەرهێنەرەکە لەگەڵ مارلبرۆندۆدا پێکەوە ڕێککەوتوون کە کاتێک مارلنبرۆندۆ "کەرە " کە دەدات لە سمتی کچەکە، بەراستی کچەکە لاقە دەکات بە لۆتی(سێکسکردن بە کۆم) . هەست دەکەین کە کچەکە لەو کاتەدا بەراستی دەگری نەک بە کۆمێدی، بێ شک دەرهێنەوەرەکەش ئەوەی گەرەک بووە؛ کە کردەکە شکڵێکی هەقیقی پێوە دیاربێت، دەرهێنەر بۆ مەبەستی فلیمەکەی گوێی نەداوە بە ئارەزوو و مافی کچەکە. لە سەردەمی خۆیدا ئەم ڕوداوە نە لەلایەن کچەکەوە نە لە لایەن میدیاوە بە هیچ جۆرێک باسی لێوە نەکرا، بەڵام دوای ئەو فیلمە کە یەکەم فیلمی ئەو کچە بوو کە دەوری تێدا ببینێت، کچەکە هێندە تووشی شۆک بوو، ئیتر بووە کەسێکی ئاڵۆز و حاڵەتی نەفسی نا جێگیر بوو، بەوهۆیەوە لە تەمەنێکی

گەنجیدا  پەنای بردە بەر درەگ و ژیانێکی دژواری بەسەر برد کە بەشیکی زۆری هۆکاری ئەو لاقەکردنە بوو. هەرچەندە بە هۆی ئەو فیلمەوە کچەکە ناوبانگیەکی زۆری دەرکرد، بەڵام  لە کاتی دەوربینیندا لە فلیمێکی تردا دەرکراوە لەبەر ئەوەی کە رەتیکردۆتەوە کە خۆی روتبکاتەوە، لە فیلمێکی تردا بە هەمان شێوە دەرکراوە لەبەر ئەوەی کە بە دڵی دەرهێنەرەکە نەبووە. هەرچەندە وەک خۆی دەیووت دوای فیلمەکەش بە تەلەفۆن پەیوەندی هاوڕێیتەی بەردەوام بووە لەگەڵ مارلبرۆندۆدا، بەڵام ساندرۆمی پەیوەندی نێوان لاقەکەر و لاقەکراو ئاڵۆزە. ئیدی ئەوە بوو لە تەمەنی پەنجاو هەشت ساڵیدا بە شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد بە بێ ئەوەی لە سەردەمی خۆیدا شکات لە دەرهێنەر و مارلبرۆندۆ بکات. لەبەر ئەوەی کە سەردەمەکەی وەها بوو؛ مێینە فێرنەکرا بوو دژی ئەو دیاردەیە بوەستێتەوە، ئەم دیاردەیەش وەک یاریەک پەیڕەوی دەکرا لەلایەن نێرینەوە، سەردەمەکەش ئازادی بوو، بە تایبەتی ئازادی سێکس بوو لە ئەورووپا، هەرچەندە ئەمە بەدیل نیە بۆ کارێکی وەها، بەڵام ڕێگا خۆشنەکرابوو وەک ئەمڕۆ کە کچان  بتوانن ڕاپەڕن و بڵێن: نا قبوڵی ناکەم، ئەگەر بۆ فیلمێکیش بێت. لەو سەردەمەدا دیاردەی سێکسکردنیش لەگەڵ دەرهێنەردا گەشتبووە ئەو ئاستەی کە لە ئەورووپا خەڵکی بە پێکەنینەوە دەیان گووت:

" ئەگەر دەتەوێت کار بدۆزیتەوە بڕۆ لەگەڵ دەرهێنەرەکەدا سێکس بکە"

 بەڵام ئەمڕۆ دەرهێنەری فەرەنسی، پۆلانسکی کە لەلایەن کچێکی ئەمەریکیەوە تاوانبار کراوە بە لاقەکردنی لە سەردەمی گەنجیدا، فێمینیستەکان هێندە هاتنە سەرجادە دژی پۆڵانسکی، بە جۆرێک کە پۆڵانسکی نەیتوانی بچێتە سەرەمۆنی سێزار بۆ فلیمەکەی کە نۆ خەلاتی وەرگرتبوو. لە بەر ئەوەی کە میدیا و سیستەم ملکەچی داواکارییەکانی خەباتی مێینە و خەڵکی بوون، نەیانتوانی دژی بڕیاری فەمینیستەکان بووەستنەوە، ئەمەش وەک گۆڕانکاریەکی رادیکال بینرا، بەرهەمی ئەو خەباتە بوو کە لە ساڵانی حەفتاوە دەستی پێ کرد، ئەو کاتەی بۆ یەکەم جار کچانی فەمینیست تاجە گوڵینەیان دانا لە سەر گۆڕی سەربازی ونبوو لە کەوانەی سەرکەوتن لە پاریس بۆ ئەوەی بڵێن کە مێینەش بەشداربووە لە خەبەتدا لەگەڵ نێرینەدا.



**مارلبرۆندۆ لە کاتی لاقەکردنی کچەکەدا**

****

هەرچەندە لە شۆڕشی فەرەنسیەوە لاقەکردن ناسراوبوە بە قانون وەک تاوان، بەڵام هەرگیز تاوانبار نەدەبرایە بەردەم داداگا. بە پێچەوانەشەوە هەمیشە مێینە لەکاتی لاقەکردنیا تاوانبار کراوە بەوەی کە خەتای ئەو بووە نێرینەی ورووژاندوە بە هەڵسوکەوتی، یان وەک کارێکی ڕامکردن بینراوە، وەک هەڵسوکەوتێکی ئاژەڵی و سروشتی. تەنانەت کەسانی ئەنتەلکتوێلی بەرەی چەپیش دژی ئەوەبوون کە لاقەکەر حوکم بدرێت، گۆڤاری شارلی ئێبدۆش کە ئەمڕۆ بە گۆڤارێکی پێشکەوتوخواز دەناسرێت بەرگری لە مێینە نەدەکرد لەو سەردەمەدا. لە ساڵانی حەفتادا کە پرۆلیتار دژی کاپیتالیسم دەجەنگان، چەندەها کچی پرۆلیتار لە ڕێکخراو و سەندیکاکاندا لاقەدەکران بەڵام بۆ ئەوەی کە کاپیتالیست پێیان خۆش نەبێت کچان شکاتیان لێ نەدەکردن، بۆیەکا کوتووپڕ هەندێکیان ڕاپەڕین و گووتیان ئێمە بۆ دەبێت بە ناوی خەباتی پرۆلیتاریشەوە باجی لاقەکردنمان بدەین؟ ئەوە بوو لەساڵی 1976 بە خەباتی فێمینیستەکان توانرا چەند کەسێکی لاقەکەر ببرێنە بەردەم داداگا و پاشان حوکم دران، ئەوە یەکەم جاربووکارێکی وەها ڕوو بدات لە فەرەنسا، ئەویش بە تێکۆشانی زۆر لە ئافرەتی چاو نەترس و فەمینیستی چالاک، لەوانە دادیار "ژیزێل حەلیمی" کە بە ڕەچەڵەک تونسی بوو، دادوەری سارتەر و هاوەڵی نزیکی سیمۆن دوبوڤارد بوو.



**دادوەر ژیزێل حەلیمی لەگەڵ دوو کچدا لە ناو هۆڵی داداگا .**

لەگەڵ ئەوەشدا کە بە قانون لاقەکردن وەک تاوان دانی پێدا نرا و سەپێنرا بەڵام لە پراتیکدا هەروا ئاسان نەبوو بۆ مێینەیەک شکات بکات لای پۆلیس و پاشان بیبەن بۆ لای دکتۆر هەتا پشکنینی بۆبکەن دوای ئەوە بۆ بەردەم دادگا و... تاد، هەندیک جار ئەم زنجیرە کارانە دەبوونە لاقەکردنێکی مۆراڵی تر بۆ مێینە لەبەر ئەوەی کە لەلایەن دەزگا بیرۆکراسیەکانەوە بە پێی پێویست نە دەچوون بە دەمیانەوە. لەم سەردەمەشدا کە مێینە کاردەکات لە تەک پیاودا، لە هەموو جیهاندا مێینە لەسەر کار لەلایەن خاوەن ئێشەکەیەوە فشاری خراوەتە سەر بە تێرکردنی هەوەسی سێکسی کەسانی سەرووی خۆی، ئەگەر بەو داوایەش هەڵنەسن ئەوا ناتوانن لەسەر کارەکەیان بەردەوام بن. هەندێک جار مێینە لەبەر بژێوی ژیانی قبوڵی کردوە و بێ دەنگ بووە، بەڵام لەم دوایانەدا بەهۆی خەباتی فێمینیستەکان و سایتە کۆمەڵیەتیەکانەوە چەند دیاردەیەکی نوێ کە هاتنە کایەوە لە ئەوروپا و ئەمەریکا؛ لە ئەمەریکا کەمپینێک بەناوی " me too " لە فەرەنسا ش بە ناوی دەنگ هەڵبڕە بەرامبەر بە بەرازەکەت (balance ton porc)، کچان ڕاستە و خۆ لەسەر سایتە کۆمەڵایەتیەکان بە بێ ترس و شەرم باسی خۆیانیان دەکرد کە چۆن لە لایەن خاوەن ئێشەکەیانەوە لاقە کراون، کەسانی تاوانباراوکراویش کەسایەتی ئاسایی نەبوون، کەسایەتی ناسراو و بەناوبانگ بوون لە بواری کەڵچەریی، وەک فیلم سازی و شانۆ و ئۆپرا و ئێدیتەر و ڕۆژنامەوان و پیاوانی سیاسی کە هەندێک جار وەزیر و پیاوانی سیاسی بەو هۆیەوە ناچار بوون جگە لەوەی دەستیان لەکار دەکێشاوەتەوە خۆیان لە بەردەم دادگا بیننەوە و حوکم دراون، بەجۆرێک کە ئەمڕۆ دەبێت ئاگاداربیت چلۆن دەدوێیت لەگەڵ مێینەیەکدا. چەندەها ڕێکلام دەبینیت لەسەر جادەکان، نوسراوە:


"کاتێک دەڵێم نا، مانای نا". ئەمەش دروشمێکی ساڵانی حەفتا بوو.

***

ئەو سەردەمە بەسەر چوو  کە ژنان لە ماڵەوە دادەنیشتن بۆ ماوەی سێ ڕۆژ خەریکی گیپە لێنان بوون،  پێمان دەگووتن ژنانی پڵاو، ژنانی یاپراخ، ژنانی گیپە، ئەو پیاوەش مرد کە ئێواران دەهاتەوە ماڵەوە، ژنەکەی گۆرەویەکانی دادەکەند و نانەکەی دەخستە بەردەمی و خۆی جوان دەکرد و شەوان لەژێر لێفەوە لنگی بۆ واڵا دەکرد و دەی گووت: ئەرکی سەر شانم جێ بەجێ دەکەم. بۆیە دیالۆگیش گۆڕاوە و نێرینە سەری لێ تێک چووە و نۆتی دووان و هەڵسوکەوتی شکڵێکی جیاوازی وەرگرتووە.

ئەمڕۆ بەو جۆرەی کە جاران کوڕان لە دواوە فیکەیان بۆ کچان لێ دەدا و، توانجیان لێ دەدان، بە دیاردەیەکی جوان نابیرێن بە پێچەوانەوە وەک کارێکی دژوایی ڕەچاوی لێ دەکرێت بەرامبەر بە مێینە، ئەمەش بە هۆی خەبات و داوای ئافرەتان بووە کە بێزارییان دەربڕیوە لەو جۆرە هەڵسوکەوتە بەرامبەریان. ئیسپانیا کەوتۆتە ئاستێک ئەگەر زۆر پێداگری بکەیت لەگەل مێینەیەکدا ئەوا پۆلیست بۆ بانگ دەکات و دەچیتە بەندیخانە.
هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم دیاردە نوێیەدا هەروا ئاسان نیە، چۆن خاڵی ناوەڕاست بدۆزینەوە؟ بە تایبەتی هەمیشە نێرینە داواکەرە و چالاکە ( ئەکتیڤ)ە و بە پێچەوانەوە مێینە ناچالاکە ( پاسیڤ).  بۆیە لەم سەردەمەدا بە هۆی ئەم دیاردە نوێەوە، پەیوەندی شارمێل و سێدەکسیۆن لە نێوان نێر و مێدا بەرگێکی تری پۆشیوە، خەڵکی زیاتر پەنا دەبەنە بەر سایتی تایبەت بۆ بەیەک گەیشتن، بۆ سێکسکردن لەگەڵ کچاندا، لەم کەین و بەینەدا چەند ژنێکی بەناوبانگ لە فەرەنسا دەنگیان بەرزکردەوە و دژی ئەم دیاردەیە وەستانەوە کە کار بگاتە ئەو ئاستەی نێرینە نەزانێت چۆن هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ مێینەدا، نەوێرێت بەرەو مێینە هەنگاو بنێت.  گووتیان: کارەکتەری ئۆمۆساپییان هەروا بووە، نێرینە هەمیشە لە کردەدایە و داوا کەرە لەو بووارەدا، بۆیە نابێت نێرینە بترسێنین و تەگەرە و بەربەست بخەینە بەردەمیان، لەوانە بریژیت باردۆ، ووتی ئەو کاتێک گەنج بووە و پیاوان لەسەر جادە فیکەیان بۆ لێ داوە و وتوویانە کە سمتی جوانە، زۆری پێی خۆش بووە و بە خراپی وەرنەگرتووە، هەروەها کاترین ئێڵ کە بەڕێوەبەری گۆڤاری ئارت پرێس بوو و خاوەنی کتێبی " ژیانی سێکسوێلی کاترین ئێل" ە، گووتی ئەو زۆری پی خۆشە کاتێک لە ناو میترۆدا پیاوان خۆیانی پیوە دەنوسینن، ئەوە هیچ تەنگژیەک نیە بۆ ئەو، کاترین دونوڤیش کە ژنە ئەکتەرێکی بەناوبانگی جیهانیە، ووتی نابێت پیاوان بترسێننین ئەگەر نا ئیتر تەرە دەبن و نایەن بە لاماندا. بەجۆرێک دیبەیت دروست بوبوو لە فەرەنسا سەردەمێک لە هەموو شوێنێک باس باسی ئەم دیاردە نوێیە بوو، لە کۆلێژەکاندا مامۆستاکانیش زانیاریان دەدا  بە خوێندکارەکان بە ئامادەکردنی بەرهەمی شانۆیی و ئەدەبیی بە مەبەسی بەئاگاهێنانەوەی نێرینە لە ئەگەری ناڕازیبوونی مێینە. کە کچان نابێت ئەوەی بە دڵیان نیە قبوڵی بکەن بۆ

ڕاگرتنی دڵی نێرینە، کە کچانی ئەفریقای باکور ناچار نەبن وەک خۆیان دەڵێن بە دواوە لەگەڵ کوڕاندا بخەون هەتاوەک و هەوەسی نێرینە تێربکەن و پەردەی کچێنیان بپارێزن.




**جاران خەڵکی ئاوا کچانیان ڕام دەکرد لەسەر جادە**

باسکردنی ئەم دیاردەیە ئەگەر کاریگەریی ئەرێنی هەبێت بەوەی کە دەتوانێت گەنجان بەوهۆیەوە ئاگادار بکاتەوە کە مێینەی بەرامبەریان مرۆڤێکە و دەبێت بزانێت چۆن هەڵسوکەوتی لە گەڵدا دەکات، لە هەمان کاتا مێینەیەک بوێری ئەوەی هەبێت بەگژ بەرامبەرەکەیدا بچێتەوە کاتێک هەڵسوکەوتێکی بەدڵ نییە، بوێری ئەوەی هەبێت داوای مافی خۆی بکات، بەڵام لە هەمان کاتا کاریگەریی نەرێنیشی هەیە بەوەی کە پەیوەندی نێور و مێ لەسەر یاریەکی ڕامکردن وەستاوە، ئەگەر نێرینە مۆدێلێکی تری نەبێت، گشت هەڵس و کەوتی بخەنە چوارگۆشەوە، قانون دابنێن بۆ جۆری هەڵسوکەوتی لە کاتێکدا دەچێت بەرە و میینەیەک، ئەوا تەرە دەبێت و پەنا دەباتە بەر ڕێگای تر.

ئەگەر جاران ئێمە لەم ئەوروپایە خۆمان فێری هەموو جۆرە تەکنیکێک دەکرد هەتاوەک و مێینەیەک ڕام بکەین، هەروا ئەسان نەبوو، جاری واهەبوو ئارەزوی کۆمێدی و هۆنراوەت نەبوو، دەبوایە درۆ بکەیت چیرۆک هەڵبەستیت، ئەمەش بە سەروچاومانەوە دیار بوو، بۆیە هەندیک جار لە ڕاوکردندا شکستمان دەهێنا، ئەمڕۆ لە شارە گەورەکانی ئەوروپادا خەڵکی کاتی کۆمێکدی و گێڕانەوەی چیرۆکیان نەماوە، چەندەها سۆفتوەر هەنە بۆ بەیەک گەشتنی کوڕان و کچان کە زۆر بازاڕیان گەرمە، زۆریان بۆ سێکس کردنە بە بێ کۆمێدی و بە بێ پارە؛ تۆ بە چ بارێکدا ئارەزوت لێ یەتی؟ ئەم ئیوارەیە کاتت هەیە؟ سەعات چەند؟ لە کوێ؟ من حەزم لە مژینە، من ئارەزوی کوونی شەیتان دەکەم، نا من حەزم لە ئەشکەوتی حەڕایە......تاد . ئیدی دەتوانیت لە شەوێکدا هێندەی توانای کات و

جەستەی خۆت  بەبێ کۆمێدی و کات ونکردن یەکسەر بچیتە سەر مێزی هەقیقەت. وەک چۆن دەتەوێت بەبێ پێچ و پەنا و کۆمێدی خۆت بخزێنیتە ناو:

سەنتەری لەزەتی، ناو عەبیەکەی، بازاڕەکەی، قووتوی خشلە گرانبەهاکەی، گەراجەکەی، هەڵوژەکەی، پشیلەکەی، باخەکەی، هێلانەی عەشقی، کەنیسەکەی، مزگەوتەکەی، جێگای لەزەتی، کانیە خۆشەکەی، کونی ژمارە دووی، هۆتێلی ڤینوسەکەی، ژوری نوستنەکەی، پیازەکەی، ئاگردانەکەی، شتەکەی، کێکەکەی، شوێنی لەزەتی بێ هاوتای، کوونی میزەکەی، شوێنە کەفاویەکەی، تەیرەکەی، چەکمەجەی سمێڵەکەی، پەپولەکەی، قەفەزەکەی، مەککەو مەدینەکەی، ئەشکەوتی حەڕای، کونی شەیتانەکەی......... سەفەر سەلامات...........






**سایتە کۆمەڵیەتەیکان بۆ گەیشتن بەیەک**

ئەگەر ئەم سۆفتوەرانە بۆ سێکس هاتونەتە بازاڕەوە لە بەر کەمی کات و لەهەمان کاتا گەیشتن بە مەبەستی دیاریکراو بەبێ پێچ و پەنا، هۆکاری سەرەکی ئەوەیە، جگە لەوەی کە خەڵکی کاتیان نیە و لە یەکتری دابڕاون هەروەها پەیوەندی نێرینە و مێینە لە کۆمەڵگەدا گۆڕاوە، دەبێت دان بەو ڕاستیەشدا بنێین کە لە کاتی جوتبوونی نێر و مێدا بەو پێیەی کە هەر یەکەیان سروشتێکی بایۆلۆژی جیاوازییان هەیە، هەرگیز سێکسکردن کارێکی یەکسان نیە، سێکسکردنیش پەیوەندی نیە بە سیستەمی دیموکراسی و مافی مرۆڤەوە، فەرەنساش یەکێکە لەو ولاتانەی کە ئافرەت زۆر تێیدا ئازادە بە جۆرێک کە وڵاتانی تر ئێرەییان پێ دەبەن؛ کاتێک کچە ئەمریکیەکان دێن بۆ فەرەنسا پێیان سەیرە کە لەسەر جادە کوڕان فیکەیان بۆ لێ دەدەن، پێشیان خۆشە لەبەر ئەوەی کە لە ولاتی خۆیان

ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە باوی نەماوە، لەهەمان کاتا کچانی فەرەنسی لەسەر جێگە زۆر باسی ماف و فەمینیستی ناکەن و بارەکە ئاڵۆز ناکەن کاتێک بریتییە لە خۆشەویستی و سێکسکردن هەموو شتێک ڕێگە پێدراوە لە نێوان کەپڵدا.

دۆرکین، کچە فێمینیستێکی ئەمریکی( 1946-2005) کە وەك فەیلەسوفی ژوری خەوتن ناسراوە و هاوڕەگەزخواز بوو، جووتبوونی جیاڕەگەزخوازی بە ئاڵوگۆڕێکی ناڕەوا دەزانێت، هەرچەندە ئەم پەیوەندیەش سروشتی ترە لە هاوڕەگازخوازیی. دۆرکین باسی نایەکسانیەکی بێ هاوتا دەکا لە کاتی جووت بوونی پیاو و ژندا. بۆ ئەو لە جوتبوونی جیاڕەگەزخوازیدا زیاتر پیاو لەزەت وەردەگرێت هەتاوەکو ژن، ئەگەریش لە پەیوەندیەکی سەربەستیشدا بێت، سێکس زیاتر یارمەتی پیاو دەدات کە بجوڵیت و لەزەت وەرگریت. بۆ دۆرکین جوتبوون کارێکی سیاسییە وەك هەموو کارێکی سیاسی پیاو، وەك لە کۆلۆنیالیزمیدا بۆ زاڵبوون بەسەر ئەوی تردا. دورکین باوەڕی بەوە نەبوو کە چارەیەك بدۆزرێتەوە بەوەی کە پیاو هەوڵ بدات لەکاتی جووتبووندا ڕەحەت بوونی دوا بخات بەڵکو کچان بتوانن لەزەت وەرگرن، دۆرکین دەیەویست هەموو سیستەم پێچەوانە بکاتەوە؛




**Andrea Dokin**

>> ئەکسیۆنی گەمەی سێکسییە، کە ئافرەت بەشخوراو دەکات، کاتێك پیاوێك لەگەل ژنێکدا جووت دەبیت، تێیدا نیشتەجێ دەبیت، لە سەروی ئەوەوە، چووکی خستۆتە ناویەوە، جۆرێکە لە زاڵبوون بەسەر ئەودا هەتاوەك و ڕەحەت دەبیت، وەك ئەوەی کەسێکی بە دیل گرتبێت لە کاتی هەڵەتبرندا. لەوکاتەدا کە سواری بووە، حوکمی ئەو دەکات، دڕندەیی و زاڵی خۆی دەسەپێنێت بەسەریا <<. دۆرکین دەیویست جیاڕەگەزخوازەکان بباتە بەردەم دادگای تاوان دژی مرۆڤایەتی لەگەل پۆرنۆگرافەکاندا، دۆرکین باسی ڕقی پیاو دەکات بەرامبەر بە ژن لە سێکسکردندا ئەگەریش ئەو پیاوە کەسێکی هۆشمەند و بە بەزەیی بێت.

دۆركین دەڵیت كە ئەناتۆمی ژن وەهایە كە ژێردەستە بێت لەكاتی جوتبوون دا چونكە كونێكیان هەیە و خوا لەویادا دایناوە، لەسەرێكی ترەوە دەڵیت كە زاڵبوون و هێزی نێرینە وادەكات بەو بارەدا جووت بین، زاڵبونیش یارمەتی پیاو دەدات كە ڕەحەت بێت و ئاوی بێتەوە و لەزەت بچێژێت، هەرواش دەمێنێتەوە و چاوەڕوان ناكرێت كە رۆژێك بگوڕێت، مەگەر بوەستین لەسێكس كردن. تەنها چارسەر ئەوەیە كە كۆمەڵگایەك پێك بهێنین كە نێرینە زاڵ نەبن، لەكاتی جووتبووندا هەموو لەشی پیاو و ژن بەشداری بن نەك تەنها نێرتک. بەلام سروشتی سێكسكردن، جیهانیە، دیموكراسی و سیستەمی تر نای گۆڕیت.

دۆركین، لەو كەسانە نیە كە باسی سێكسوالیتێ وەك هۆنراوە بهونێتەوە و باسی ئێرۆتیزممان بۆ بكات، زیاتر بێزی لە جووتبوونی ژن و پیاو دێتەوە، تەنانەت باسی لەزەت ناكات و وای دەبینێت كە دەورووژێنرێت بە ئەگرێسیڤیتێی نێرینە، كە بۆتە مۆدێلێك بۆ جیاڕەگەزخوازەكان "چ ئافرەتێك دەتوانیت چێژ لەوە وەربگرێت؟ نێرینە هەرگیز ناتوانێت لەگەڵ مێینەیەكدا جوت بێت كە یەكسان بێت بەو، هەروەها حەوت لەسەر هەشتی مێینە ناگەن بە ئۆرگاسم. نێرینە لەكاتی ڕەحەت بووندا هەزارەها جنێو دەدات بە مێینە و لەزەتێكی خۆش دەچێژێت لەوە، هەندێك جار وەك گەمەیەكی ئێرۆتیكی، هەندێك جار لە ویست و كۆنترۆڵ دەچێتە دەرەوە"

***

## كۆتایی



## (هۆنراوەیەکی ئێرۆتیکی سۆمەری)

هۆنراوەیەکی ئێرۆتیکی سۆمەریە، لە لایەن کچێکەوە بۆ دەستگیرانەکەی. دەبینین چۆن داوا لە دەستگیرانەکەی دەکات بیشووات (ئاوپرژێن)ی بکات بە سپێرمەکەی... مێتافۆری ئاوپرژێنکردن یان شتن بە سپێرم، دەوری زاڵبوونی هەیە لە دەروناسیدا (داگیرکردنی جەسەت)، بۆیەکا هەندێک ئافرەت حەزیان پێی نییە و وەک کردەیەکی پیسکردن و بەکەمزانین ڕەچاوی لێ دەکەن. خۆ هەنێ پیاویش بە ئاسانی حەزیان بە خواردنەوەی میزی ژنانە، کاتێک بە خوشەیەکی دڵگیرەوە دێتە دەرێ لە نێو لێوی کوزیانەوە.

ده ساڵێک لەمەوبەر ئەم هۆنراوەیەم تەرجومە کرد و بڵاوم کردەوە بەڵام هەرچەندم کرد نەم دۆزیەوە هەتا بەراوردیان بکەمەوە ؛ چۆن لەگەڵ زەمەندا وەرگێران و بۆچوون بۆ زمان دەگۆڕێت، بۆیەکا جارێکی تر تەرجومەمە کردەوە بە خێرایی.

بەڵام هەر جارێک ئەم هۆنراوەیە دەخوێنمەوە بیری وتەی ژنێکی فەرەنسیم دەکەوێتەوە کە لە ڕۆژنامەی لیبێغاسیۆن (Liberation) ی فەرەنسیدا نوسیبووی :

<< من، کاتێک ئەو کەندۆمانە دەبینم لەسەر جادە تورِ دراون و پڕن لە سپێرم، دەڵێم حەیف ئەو هەموو سپێرمە بە خەسار چووە، چونکا من هەمووی دەخۆمەوە و دڵۆپێکی بە خەسار نادەم>>.

هەرچەندە کوڕان حەزیان بەوەیە، لەبەر ئەوەی چێژ زێدەتر دەکات، بەڵام کەم لە ئافرەتان ئارەزوی خواردنەوەی سپێرمیان هەیە، بۆیەکا چەندەها ڕێکلام دەکرێت گوایە سپێرم باشە بۆ پێست لەبەر ئەوەی مادەی سپێرمیدین (Spermidine) ی تێدایە. جا ئەگەر ئافرەتێکت بینی پێستی جوان بوو ئەوا مانای وایە دەیخواتەوە و نۆشی گیانی بێت. من دژی نیم. بەڵا دژی ئەوەم کاتێک دەگەیتە ئۆرگاسم خانم ملی کەڵە شێرەکە دەگرێت و لە قوقە قوقی دەبڕیت. هەموو جارێک پێیان دەڵێم:

بەری دە خانم، بەری دە. مەی خنکێنە،

ڕای وەشێنە، ڕای وەشێنە ئالای پیاو.

دەنا لەزەتەکەی دەکوژێت.

***

هەرچەندە لێکۆڵەرەوانی سۆمەری دەڵێن کە تێکستە سۆمەریەکان زۆربەیان باسی ژیانی خواوەند و حوکمڕانان دەکەن و نازانن خەڵکی ڕەمەکی چۆن ژیاون، بەڵام لەم هۆنراوەیەدا بە ڕونی گوێمان لە کچێکە چۆن بە ئازادی باسی سێکسوالیتیی خۆی دەکات لەگەڵ دەستگیرانەکەیدا.

یەکەم دەستگیرانی ئینانا پاشایەک بووە بە ناوی دموزیی بەڵام نازانین بۆچی ئەو وەک دەستگیرانی هەمیشەیی دەمێنێتەوە. ئینانا لە هەموو شارێکدا پەرستگایەکی هەبووە کە لە ڕۆژێکی تایبەتا پاشاکان دەهاتن سێکسیان دەکرد لە گەڵیا بۆ شەرعیەتدان بەخۆیان و خەڵکی بەهاران لەسەربانەکانیاندا سێکسیان دەکرد لەگەڵ هاوسەرەکەنیاندا بە خەیاڵی ئیناناوە. دەڵێن گوایە ئینانا لەگەڵ شەست پیاودا سێکسی کردووە، پیاوەکان هیلاک بوون بەڵام ئەو هیلاک نەبووە، بێگومان ئەم سایاسەتە هاندانی خەڵکی بووە بۆ زاوزێکردن کە

کۆمەڵگەی کشتوکاڵی پێوسیتی پێی بوە. بەڵام خواوەندی ئینانا پەیکەرێک بووە و ڕێی تێ ناچێت کە ئەو پادشایە لەگەڵ پەیکەرێکدا سێکسی کردبێت، بۆیە وای بۆدەچن کە کچێکی شاهانە جێگای ئینانای بە ڕەمزی گرتبێتەوە. بەڵام هەوو شت ڕوون نییە کە چۆن ڕویداوە. ئەم هۆنراوەیە باسی ئەو جووتبونە دەکات لە نێوان بوک و زاوەیەکدا. ئەوەی گرنگە کچەکە دەدوێت.

ئای خۆشەویستەکەم، گرانبەهای دڵەکە،

ئەو چێژەی کە تۆ پێم دەبەخشیت خۆش و شیرینە بە وێنای هەنگوین!

هۆ شێرەکەم، گرانبەهای دڵەکەم!

ئەو چێژەی کە تۆ پێم دەبەخشیت وەک هەنگوین شیرینە !

ببینە چۆن لە بەردەمتا هەڵدەلەرزم !

شێرەکەم، دەمەوێت بە باوەش بمبەیتە ژورەکەت !

شێرەکەم، ئازیزەکەم لێم گەڕێ با نازت پێ بدەم !

خۆشەویستە جوانەکەم، دەمەوێت بمشۆیت (؟) بە هەنگوینەکەت !

لە ژوری نوستەنەکەتا کە پڕە لە خۆشەویستی،

با چێژ وەرگرین لە قەشەنگیە ئێجگار سەرسوڕمێنەرەکەت!

شێرەکەم، لێم گەڕی با نازت پێ بدەم !

هۆ خۆشەویستە نەرمونیانەکەم، دەمەوێت بمشۆیت (؟) بە هەنگوینەکەت !

هۆ دڵەکەم، تۆ چێژی خۆتت لە من بینی:

کەواتە بۆ دایکتی باس بکە هەتا شیرینیت پێ بدات؛

هەروەها بۆ باوکت : هەتا دیاریت پێ بدات!

ڕۆحت : دەزانم چلۆن ڕۆحت گەشاوە بکەم :

لەماڵی ئێمە بخەوە ئازەکەیزم، هەتا بەرەبەیان، شێرەکەم!

دڵی تۆ : دەزانم چۆن گەشاوەی بکەم، دڵی تۆ :

لە ماڵی ئێمە بخەوە، شێرەکەم، هەتا بەرەبەیان!

تۆش، لەبەر ئەوەی منت خۆش گەرەکە،

لێت دەپاڕێم، شێرەکەم، دەست بێنە بە جەستەمدا !

سەروەری خواوەندم، بڵند و پارێزەرم،

(شو- سوێن) مکەم، ئەی ئەو کەسەی کە دڵی ئێنلیل ڕازی دەکەیت،

تکات لێ دەکەم، دەست بێنە بە جەستەما !

دەستت بخە سەر ئەو کونجوڕەی کە ناسکە وەک هەنگوین، تکات لێ دەکەم دەستت دانێ لە سەری !

تکایە دەستت لەسەری دابنێ وەک قوماشی گیشبان (؟)...

***

# کەنیسە و مزگەوت و کچی هەژدە ساڵ



هەموو فەرەنسیەک کاتێک بە شارێکدا گوزەر دەکات، دەبێت بچیتە مۆزەخانەیەک، یان کەنیسەیەک، مۆنیمۆنتێکی مێژوویی یان دەبێت هەر شتێکی تر بدۆزیتەوە و زیارەتی بکات، ئەمە شوناسی فەرەنسیە. کاتێک لەسەفەر دەگەڕێنەوە، باسی ئەو مۆزەخانانە دەکەن کە زیارەتیان کردوە و شانازی پێوە دەکەن، بە پێچەوانەی ڕۆژهەڵاتیی و پیاوانی عارەبی سعودیەوە، باسی بازاڕەکان ناکەن.

ئێمەش ئەو ڕۆژە بە شاری شاغتغ (Chartres)ی فەرەنسادا تێ پەڕین، شاری شاغتغ تەنها هەشتا کیلۆمەتر لە پاریسەوە دوورە. ڕۆژێکی هاوین بوو، کەش و هەوا گەرم بوون، لەو شارەشدا، کاتێدرالێکی گەورە و بەناوبانگی تێدایە. هەرخێرا ڕۆشتین بەرە و ڕووی و پاڵمان نا بەدەرگای کاتێدرالەکەوە. وەک زۆر لە کەنیسەکان، ژورەوە تاریک و فێنک و نسرم بوو، تیشکی خودایی بە پەنجەرەی ڕەنگا و رەنگی کەنیسەکەوە تێ

دەپەڕی و ناوگەڵی پەیکەری عیسای ڕۆشن دەکردەوە، ناوگەڵی عێسا کە داپۆشرا بوو بە پارچەیەک قوماشی ئێچگار سپی بەسەر خاچێکەوە. ئەوە یەکەم دیمەنە کە دەیبینیت بەرامبەرت لە کەنیسەیەکدا.

کە نیسەکە جمەی دەهات. هەر کە چوینە ژورەوە، لە دوورەوە نیگای کابرای قەشەم بینی بە تەنورە درێژە ڕەشەکەیەوە لە ناوەڕاستی کۆمەڵە کەسێکدا سەرقاڵ بوو بە ووتووێژەوە بۆ ئەوان، سەری بەرزکردەوە و ڕووی تێ کردین. لە هەمان کاتا کە ئەدوا، لە دوورەوە نیگای تێ بڕین وەک بروسکەیەکی کاریگەر، هەستم بە توڕەبونێک، ڕاچڵەکینێك دەکرد لە نیگایدا.

پاش ئەوەی مۆڵەتی لە کۆمەڵە کەسەکە وەرگرت، بە هەنگاوی بە پەلە بەرەو ڕوومان هات، وەختەکی گەشتە بەردەممان، لە بەردەم ئەو کچە هەژدەساڵەی کە بەتەیشتمەوە بوو، وەستاو سەری دانەواند نەوەکا تیشکی جوانی سمت و مەمکی لە دین و خودای وەرگێڕێت. داوای لێ کرد کە دەبێت بچێتە دەرەوە، لە بەر ئەوەی کە جلوبەرگەکەی شایەنی ئەو شوێنە نەبوون. دانی پێدا دەنێم کە ئەو کچە، مینی ژوپێکی زۆر کورت و تەنکی لەبەردا بوو، رانە ئەستورەکانی بە ئاستەم داپۆشی بوون، تەنورەکەی وەک باڵی پەپولەیەک دەهات و دەچوو لەسەر ڕانە قەشەنەکانی، بە ئەندازەیەک تەنوورەکەی کورت و تەنک بوو کە هەناسەی ساردی پڕ لەئارەزوی مرۆڤێک، دەیتوانی هەڵیبداتەوە و بازارەکەی واڵا بکات، نەک قەشەیەک بەڵک و بوداش وەخەبەر بکاتەوە لەژێر درەختەکەیدا، عیسای لەسەر خاچ بهێنێتە خوارەوە و لە دینی وەرگێڕێت، مەحەمدول مستەفای ڕاوەشێنێت.

من شانسم هەبوو، هەمیشە دەکەووتم بەسەر مریەمی عەزرادا، یان باشتر بڵێم؛ مریەمی عەزرا بەدوامدا وێڵ بوو چونکا لەبەرەی دیۆنیزۆس بووم. ئەگەر ئەم مریەمە هەرزەکارانە وەها خۆیان دەگۆڕن، مەبەستیان ئەوە نیە کە پیاوێکی وەک ئەو قەشەیە لە دین وەرگێڕن، تەنها لەبەر ئەوەی کە گەنجن و هەموو گەنجان ئارەزووی خۆ دەرخستنیان هەس، ئارەزوی خۆ نواندن، وەک چرۆی گوڵێک کاتێک دەگەشێتەوە، بە مەبەستی ورووژاندنی هەوەسی پیاوان ئەو کارە ناکەن.

ئیدی ئێمەش بە پێ کەنینەوە رووومان وەرگێرا و چوینە دەرەوە بە بێ تەنگژە.

چەند ساڵێک دوای ئەو رووداوە لە شاری عەفەز لە مەغریب لەگەڵ کوڕ و کچێکی مەغریبی، ویستمان زیارەتی مزگەوتێک بکەین، لەگەڵ هەمان خانمی هەژدە ساڵدا کە لە کەنیسەکە کردیانە دەرەوە، بەڵام ئەم جارە خانممان بە لەچک داپۆشی لە تەوقی سەریەوە هەتا بنی پێی، ووتمان مزگەوت کەنیسە نیە و دەبێت زیاتر ئاگاداری خۆمان بین، وەک

چۆن دەچیت بۆ شەر بەرامبەر بە دووژمن هەر ئەوە مابوو گوولەبەند بکەینە بە بەر سنگمانا.

مزگەوتێکی بەناوبانگ بوو لە ئەفەز، ناوی مزگەوتی دریسی بوو. کاتێک چوینە ناو مزگەتەکە دوای ئەوەی چەند شوێنێک گەڕاین و بە بەردەم پێغەمبەر و ئەڵلادا گوزەرمان کردم، هیچ تەنگژیمان بۆ نەنرایەوە و نارەزایی خۆیان دەرنەبڕی، بە پیێچەوانەوە. بەڵام پاش چەند ساتێک بینیمان چەند گەنجێک لە دوورەوە چپەچپیان بوو لەگەڵ یەکتری و بە لاچاو سەیری ئێمەیان دەکرد، هەستمان کرد کە گەنجەکان مەحرەمی ئەورووپی قبوڵ ناکەن و بەغەریبی دەزانن لە مزگەتەکەیاندا. هێندەی نەخایاندا گەنجەکان بوون بە دەکەس، ئینجا بیست، لە کۆتایدا بوون بە لەشکرێکی پەنجا کەس. تێ نەگەیشتم چۆن و لە کوێوە ئەو هەموو کەسە کووتوپڕ پەیدا بوون! بێ شک خەڵکی بێ کارن لەو ولاتە، بۆیەکا کاتیان هەس خۆیان لە کاروباری خەڵکی هەڵقورتێنن.

هەرچەندە مەغریب ئەفغانسان نیە، بەڵام هەستمان بە مەترسیی کرد، ووتمان دەبێت رێگە چارەیەک بدۆزینەوە و خۆمان دەرباز کەین، خۆم بۆ زۆر ئەگەر ئامادە کردبوو. چەند گەنجێکی منداڵکار هاتن بەرەو ڕوومان، بەبێ ئەوەی روو بکەنە کچەکەی هاوەڵم، ڕویان کردە ئێمە، وەک کەسانێک کە ئامادەبن روبەرومان ببنەوە بە نێرڤزی و ڕق و هەڕەشەوە سەیریان دەکردین، ئامادە بوون لە ئان و ساتێکدا هەڵکوتنە سەرمان، پرسیاریان لە ئێمە کرد کە ئایا ئەو کچەی کە لەگەڵمانە موسڵمانە؟ هەرچەندە بە لووتیا دیار بوو کە موسڵمان نەبوو، بەڵام بە دڵنیایەوە پێمان ووتن: بەڵی موسڵمانە. پاشان داوایان لێ کردین کە ئایا دەتوانێت شایەتومان بهێنێت. هەرچەندە فێری شایەتومانمان نەکردبوو، بەڵام پێمان ووتن بەڵی دەشزانێت شایەتوومانیش بهێنێت.

کووتوپڕ کابرایەکی ڕیشداری بەساڵا چوو، کە رووکەشی زیاتر لە سۆفیەکی نورانی دەچوو، لە دوورەوە هات بەرەوە ڕوومان، وەک فریادڕەسێک، خێرا گەنجەکان ڕیگایان بۆ کردەوە، دەروازەیەک کرایەوە وەک تولە ڕێگایەک، وەک دەریاکەی بەردەمی موسا شەقی برد، ئەملا و ئەو لای ئەو تولە ڕێگایە بە گەنجی منداڵکار تەنرابوو. کابرای نوارانی بەو تولە ڕێگایەدا گەشتە بەردەممان. منیش وازم لە برادەرە مەغریبیەکەم هێنا هەتاوەکو ئەو بەزمانی خۆیان لەگەڵیانا بدوێت. کابرای نوارانی، روووی نەکردە کچەی ئەورووپی وەک قەشەی کاتێدرالەکە، ڕووی کردە برادەرە مەغریبیەکەم و پرسیاری لێ کرد کە ئایا ئەو کچە ئەورووپیە چی دەکات لەو مزگەتەدا، برادەرە مەغریبیەکەشم لەوەڵامدا ووتی کە ئەو خۆی لە خێزانی دریسیە و ئەو مزگەتەش بەناوی خێزانی دریسیەوەیە (ڕاستیشی دەکرد)، ئەو کچەش خێزانی ئەوە.

هەر خێرا گەنجانی چوواردەورمان دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردەوە، کابرای نورانی بە بێ ئەوەی بۆی روون بکەینەوە، زانی کە ئەو کچە ئەوروپییە و موسڵمان نیەو خێزانی ئەویش نیە، هاتووە زیارەتی ئەو مزگەوتە بکات، کە چەند ڕۆژێک لەوە و بەر سەرۆکی فەرەنسا؛ ژاک شیراکیش زیارەتی کردبوو، بەر پەرچی قسەکانی برادەرەکەمی نەدایەوە و بە درۆی نەخستەوە، داوای لێ کردین بە زوویی دەورەیەک بە مزگەوتەکدا بکەین و خێرا بڕۆینە دەرەوە، نەوەکا منداڵانمان لێ بورووژێت، ئێمەش بە گوێمان کرد و چوینە دەرەوە بە پێکەنینەوە وەک چۆن لە کەنیسەکە هاتینە دەرەوە.

ئەم دو ڕووداوە هەردوکیان ئەگەر جیاواز بن؛ قەشەو مەلاکە بۆ مەبەستی جیاواز ئەو کچەیان کردە دەرەوە، بەڵام هەر دوو باسەکە لەوەدا یەکتری دەگرنەوە کە هەردوکیان؛ مەلاکەو قەشەکە، تێیان گەیاندین کە ئەو کچە لە کۆمەڵگەی ئەوان نینە، لەبەر ئەوەی کە قانون و ریتوێلی ئەوان جێ بەجێ ناکات، بۆیە جێگەمان نابێتەوە لای ئەوان. لە کەنیسەکەدا ئێمە وەک پیاوی ڕۆژهەلاتی، نامەسیحی، تەنگژیمان نەدەنایەوە، لەبەر ئەوەی کەنیسە بە پێی ڕینمایی عیسا، کراوەیە بۆ هەمو مرۆڤێک، بەڵام تەنگژیەکە کچەکە بوو، بە لەش و لاریەوە هەوەسی پیاوانی دەورووژاند، بەو هۆیەوە خەڵکی ڕویان لە عیسا وەردەگیرا، ئەمەش ناڕەوایە. لەبەر ئەوەی ئێرۆتیزم و دین دوو شتی دژ بەیەکن، ئەگەریش لەسەرتای مێژوەوە هاو ئامانج بوون.

لە مزگەوتەکەشدا ئێمەی پیاو ئەگەریش بێ ئیمان بوین ئەوا ڕووکەشمان ڕۆژهەلاتی بوو، بۆیە بۆ ئەوان بەڵگە نەویست بوو کە ئێمە موسڵمانین بە سەرو چاوماندا، بەڵام هەرچەندە کچەکە خۆشی داپۆشی بوو بۆ ڕێزگرتن لەوان، لەبەرئەوەی کە مزگەوت کراوە نیە بۆ غەیرە موسڵمان، ئەگەریش هەمو ڕۆژێک هاوار دەکەن کە گوایە ئیسلام دینی ئاشتی و تۆلێرەنسە، بۆ ئەوان بەس نەبوو.

دێینەوە سەر باسەکەمان، بەلام با بگەرێینەوە بۆ مێژوو بزانین بۆچی ئێمە لە کۆمەڵەی ئەوان نین و کۆمەڵەگەی ئەوان چین و چۆن دروست بوە و بۆچی و بە چ مەبەستێک.

کاتێک کۆمەڵێک مەیمونی شامپانزیا کە پێک هاتوون لە دوازدە کەسێک، ئەوەی هەموویانی پێکەوە گرێ داوە چەند هەڵس وکەوتێکی کۆمەلایەتیە لە نێوانیاندا ئەویش بوونی سەرۆکێکە کە ئاگادری هەموویان دەکات و بڕیار دەدات چ نێرینەیەک لەگەڵ چ مێینەیکدا جووت ببێت، یان کاتێک بە تەنیشت بەچکەکەیدا تێ پەڕ دەبێت دەست بە سەریا دەهێنێت. مەیمونەکان لە نێوان خۆیاندا یەکتری دەخورێنن یان ئەسپێ دەدۆزن لە پێستی یەکتریدا و کاتێکیش مێینەکان بە بەردەمیا دەڕۆن چەند مرخە مرخێک دەکەن وەک ئەوەی کە پێی بڵێن ئەوان لەژێر فەرمان ڕەوایی ئەودان، ئەمانەو چەند ماچ و موچ و دەستپیاهێنانێک دەبێتە پەیوەندیەکی پتەو لە نێوانیاندا، بەڵام ئەگەر ئەم کۆمەڵە شامپانزیایە

بخەیتە تەنیش کۆمەڵە شەمپانزیایەکی تر کە لەهەمان ڕەگەزن بەڵام یەکتری ناناسن، پێ دەچێت یەکتری بکوژن. ئەم ناتورە، لەلای ئۆمۆ ساپیانیش بوونی هەیە، هەتا ئەمڕۆش کەسێکی موسڵمانی سونە ئەوی تر دەکوژێت لەبەر ئەوەی شێعەیە، یان ئیسلام نیە، لە ئەورووپاش هەندێک لە ڕەگەزپەرستەکان لەبەر ئەوەی ئەو قژی لولە و پێستی ڕەشە بە جۆرێکی تر سەیری دەکەن لەبەر ئەوەی لە دوو کۆمەڵگەی جیاوازن.

ئۆمۆ ساپیان بەهۆی ئەو زمانە ئاڵۆزەی کە هەیانە دەتوانن بە ژمارەیەکی زۆرتر پێکەوە بژین لەوەی شەمپانزیا، لەبەر ئەوەی زمانەکەیان زیاتر پەرەی سەندووە لە زمانی شەمپانزیا، بۆ نمونە شەمپانزیایەک دەتوانێت بە هاوەڵەکانی بڵێت؛ ئاگادار بن شێر. واتە شێرێک لەو ناوەدایەو لەوانەیە بیان خوات، بەڵام زمانی ئۆمۆساپیان زانیاری زۆر لەوە زیاتر دەدات، دەتوانێت بڵێت: "ئاگاداربن ئەم بەیانیە شیرێکم بینی لەگەل کۆمەڵە شیرێکی تردا لە دارستانێکی تەنیشتمانەوە، پێ دەچێت بەم ناوەدا تێ پەڕن، یان دەتوانن وشەی شێر بۆ شتێکی گەورەتر بەکار بهێنن و بڵێن: شێر رەمزی خێلەکەیانە." (کتێبی ساپیان، نۆوا هەراری)

هۆکاری سەرەکی پێشکەوتن و ئاڵۆزکردنی زمانە ئەوەیە کە زۆرترین زانیاری بدات لەسەر ڕووداوەکان، ئەمەش لە پێناوی بەستنەوە کۆمەلە کەسێکی زۆرتر لەوەی شەمپانزیا کە پێکهاتوون لە دە هەتا دوانزە کەس. زمانی ئۆمۆساپیان لە رابوردودا توانای ئەوەی هەبوە نزیکەی پەنجا کەس پێکەوە گرە بدات ئەمڕۆ ئەو زمانەی کە ئۆمۆسپیان پەرەی پێ داوە و خاوەنیەتی، دەتوانێت هەتا 150 کەس پێکەوە گرە بدات، دوای تێ پەڕبوونی ئەم ژمارەیە، ئەو زمانە بەس نیە بۆ پێکەوە گرێدانی ئەو کۆمەڵە کەسە، بۆیە لەگەڵ دروست بوونی شار و زۆربوونی ژمارەی کۆمەڵگە ئۆمۆساپیان شتی نەبینراو و خەیاڵییان ئافراند، کە پێکهاتبوو لە ڕەمز یان تۆتێم، میتۆلۆژی، خودا پاشان قانون ئینجا پارە. بۆیە هەر لەکۆنەوە؛ 70 هەزار سال لەمەوبەر پیش داهێنانی میتۆلۆژی و خودا، ئۆمۆساپیان بە کۆمەڵی بچوک بچوک دەژیان، ئەمڕۆ کە ژمارەمان زیادی کردووە، دین، میتۆلۆژی قانون وەک پێویستییەک بۆ پێکەوە بستنەوەی تاکەکانی کۆمەلگە بەکاری دەهێنین.

هەفتەیەک پێش ئەوەی کە ئێمە سەردانی ئەو مزگەوتە بکەین ئەو گەنجانەی مزگەوتەکە هەموویان لە تەلەفزوێندا بینیان کە جاک شیراکیش سەردانی کردبوو، بەلام کەس داوای لە جاک شیراک نەکردبوو کە دەبێت شایەتومان بهێنێت، کەچی لەو کچەیان داواکرد وەک ئەوەی کە کەس بۆی نەبێت بچێتە مزگەتەکەیانەوە ئەگەر موسڵمان نەبێت، ئەمەش درۆیەکە و خۆشیان باش دەیزانن.

درۆکردنیش خاسیەتێکی ئۆمۆساپیانە و شامپانزیاش درۆ دەکات. سەرنج دراوە هەندێک شەمپانزیا بە هاوەڵەکانیان گوتووە، شێر هات، هەتاوەکو ئەوان رابکەن و خۆی مۆزەکە بخوات. بێ شک ئەوگەنجانەی مزگەوتەکە باش دەیانزانی کە جاک شیراک ئیسلام نیە و شایەتمانی نەهێناوە و نازانێت چیە، بەڵام مۆزی بۆ هێنابوون بە پێچەوانەی ئێمەوە کە مۆزمان پێ نەبوو.

بێ گومان کچە هەژدەساڵەکە بە رووکەش کۆدی ئەوانی قبوڵ کردبوو بە خۆداپۆشینی، بە پێچەوانەی کەنیسەکەوە، دەنا هەر لەویادا سەریان دەبڕی، ئێمەش لەگەڵ ئەوەشدا بێ دین بوین و باشیش دەیان زانی کە ئێمە باوەڕدار نین، بەڵام لەبەر ئەوەی کە سەروچاومان ڕۆژهەڵاتی بوو، کەواتە بۆ ئەوان ئێمە موسڵمانین، لەکۆمەڵگەی ئەوانین، هەرچەندە دەشیان زانی کە ئێمەش موسڵمان نین، کەواتە ئەمەش درۆیەکی تر لە پێناوی بەرژەوەندیدا. کەواتە ئەوەی هاندەری ئۆمۆساپیانە بۆ درۆکردن بەرژەوەندیە، ئەمەش پێغەمبەری موسڵانان بە بێ پێچ و پەنا دانی بەم جۆرە درۆیانەدا ناوە، وەک چۆن شەمپانزیا درۆ دەکەن ئێمەی مرۆڤیش بۆمان هەیە درۆ بکەین بۆ بەرژەوەندی خۆمان، بۆیە پێویست بەوە ناکات کە پێمان بڵێن گوایە ئیسلامیەکان کەسانی شارستانین گوایە وەک ئاژەڵان هەڵسوکەوت ناکەن لەبەر ئەوەی خودا پەیامێکی بۆ ناردون بە پێغەمبەرەکیاندا.

ئەگەر بێینەوە سەر قەشەکە کە پەیڕەوی دینی مەسیحی دەکات و خۆی لە هەموو جوتبونێک لەگەڵ مینەدا بێ بەش دەکات هەتاوەکو بگەڕێتەوە بۆ حالەتی فریشتەیی خۆی وەک ئادەم و حەوا پێش گوناحەکەیان.

بە گوێرەی تێۆری دکتۆرەکانی ڕۆحی مەسیحی، لەوانە سانتۆگوستین (Saint augustin)، یەکەم کەپڵ؛ ئادەم و حەوا کە خودا لە بەهەشت ئافراندنی، هەرگیز لەوەو بەر جووت نەبوون، واتە وەک ئێمەی مرۆڤ جووت نەبوون، بە بیری ئەو ئێمەی مرۆڤ ئێستاکە وەک ئاژەڵان جووت دەبین، لە کاتێکدا دەبوایە وەک حۆریەکانی بەهەشت جووت بیوینایە، وەک مریەم لەگەڵ ڕۆحی پیرۆزدا؛ بەبێ چونە ژورەوە جووت ببوینایە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئەی بۆچی خودا ئەندامی نێرینە و مێینەی بۆ ئادەم و حەوا دروستکردوە و بە چ مەبەستێک؟ سانتۆگوستین دەڵێت: لەبەر ئەوەی کە خودا دەیزانی کە ئادەم و حەوا بەڵێنی خودا جێ بەجێ ناکەن و شکست دەهێنن، بۆیە لەوە و بەر ئەو توانایەی پێداون کە بتوانن وەک ئاژەڵان جووت ببن.

کەواتە ئەم جوتبوونەی ئێمە لە پێناوی نانەوەی نەوەیەکی نوێ و بەردەوامیی، جوتبوونێکی ئاژەڵییە و لە سەرەتاوە وا بڕیار نەبووە. بەڵام دوای شکستی ئادەم و حەوا بەرامبەر بەوەی کە دەمرین و نەمریمان لەکیسدا، خودا توانای جووتبوونی پێداین بۆ بەردەوامیمان وەک ئاژەڵان، کەواتە هەر لەسەرەتاوە هەوەس پاڵنەر بووە لە کەوتن و

شکست، بۆیە سێکس کردن بەستراوەتەوە بە هەوەس، شکست، مردن. نانەوەی نەوەیەکی نوێ بە هیوای بردەوامیدان.

هەربۆیەش هەتا سەدەی چوار و پێنج، پێش ئەوەی دینی مەسیحی ببێتە دینی دەوڵەت، هەرگیز ژیانی خێزانی و مارە کردن وەک مۆدێلێک نەبینراوە بۆ ئەوان، هەمیشە پیاوانی دینی هەوڵی گەرانەوەیان داوە بۆ ئەو ڕۆحە بە خۆپاراستنیان لە ژیانی هاوسەریی، هەر بۆیەش گووتراوە باشتر وایە کە مرۆڤ نەچێت بەلای ژنا ئەگەر بیەوێت لە خودا نزیک بێتەوە، زیاتر هانی خەڵکیان دەدا بۆ پاکیژەیی و تۆبە کردن، بەڵام کاتێک مەسیحیەت بووە دینی دەوڵەت ئەوسا بە ناچاریی قانون و ڕێنمایەکانیان بۆ خێزان و ژن و پیاو دانا و ڕێپیشاندەریان بوون لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتیانا بەرامبەر بە یەکتری، بە تایبەتی لە کاتی جوتبوون و چۆنیەتی جوتبوونیان هەتاوەکو هەوەس و ئێرۆتیزم ئەو پەیوەندییە تێک نەدات.

هەندێک لە دکتۆرەکانی ڕۆحی مەسیحی زیاتر هێلی ناوەڕاست وەردەگرن و دەڵێن ڕۆژوگرتن و زۆر خواردن هەردووکیان وەک یەک وان؛ دوو کاری سەر پەڕین و یەکتری دەگرنەوە، واتە سەرپەلی لە هەر لایەنێکەوە بێت هەمان ئامانجی هەس.

بۆیە کابرای قەشە کە دژی جوتبوونە لەگەڵ میینەدا لەگەل ئەوەشدا جوانی کچێکی هەژدەسال هەوەسی دەورووژێنێت، کەواتە دژی ناتوری خۆی هەڵسوکەوت دەکات. هەرچەندە ئەم جۆرە هەلسوکەوتە؛ رەفزکردنی جوتبوون لەگەل مێینەدا، بەستراوەتەوە بە دینی مەسیحیەوە بەلام پێش دینی مەسیحی، فەیلەسوف و پیاوانی ڕۆحانی وەک ڕیگە چارەیەک بۆ ژیانێکی ئارام و ڕۆحێکی خامۆش، دورکەوتنەوەیان لە مێینە و جوتبوونیان لە گەڵیا وەک چارەسەرێک بینوە.

هەندێک لە زانیاریەکان لەم سەرچاوانەوە وەرگیراون:

کتێبی sapiens نوسەر yual Noah Harari

کتێبی le aveux de la chair نوسەر: Michel Foucault

**کۆتایی**




## "چەند زانیاریەکی گرنگ دەربارەی دەوری سێکسوالیتێ لە یاری ڕیوگبی"

دوێنێ کوپی جیهانی ریوگبی بوو لە پاریس. پاریس جمەی دەهات، نەک بە ئۆتۆمۆبیل بەڵکو بە پێش دەرنەدەچویت. یاری نێوان فەرەنسا و ئۆستراليا بوو. دوو تیپی بەهێز لە جیهانی روگبیدا. فەرەنسیەکان بردیانەوە.

وەک ڕیتوێڵێک دوای بردنەوەی کاسەکە، یاریزانەکان هەر شەوە و یەکێکیان کاسەکە لای خۆی دەهێڵێتەوە و بە تەنیشتیەوە لە جێگادا لەگەڵیا دەخەوێت، پاش ئەوەی یاریزانەکە دەستپەڕی پێوەکردوە و ئاوەکەی ڕۆکردۆتە ناو کاسەکەوە. ئەم زنیاریەم هەڵبەستراو نییە، لە روگبیمانێکی فەرەنسی لە خواروی فەرەنساوە پێ درا، بەڵام پرسیارم لێ نەکرد کە ئایا هاوسەرەکەی بەشداری تێدا کردوووە یان نە! ئایا لە دواوە گونی بۆ هەڵگلۆفیەوە و یارمەتی داوە!


ناوەڕاستی ڕۆژئاوای فەرەنسا بە تایبەتی ناوچەی تولوز زیاتر بەلای روگبیدا دەیشکێننەوە هەتا بەلای فوتبپلێندا. ڕوگبی یاریەکی پۆپیولەرە لای ئەوان. ڕوگبیمانەکان کەسانی کەتە و چوارشانەن بە وێنای ئەنکیدو. کاتێک دەچنە باڕەکان، پێنچ پێنج پێکی پاستیس (پاستیس کحولێکی فەرەنسیە زیاتر لە خواروی فەرەنسا دەخورێتەوە) ڕیزدەکەن کە ئەوان پێی دەڵێن: پاستەگا و بە قومێک هەڵی دەدەن.

ڕیتوێلی دەستپەڕکردن و ئاوهاتنەوە لەناو کاسەکەدا بۆ ئەوان گرنگە، بەڵام ئەو سەردەمە ڕیوگبی کچان زۆر باو نەبوو، پرسیارم لەو کوڕە نەکرد کە ئایا ڕیتوێلی کچان چۆنە لە دوای بردنەوەی کاسێک؟ خۆ میز ناکەنە ناو کاسەکەوە، چونکا میزکردن کردەیەکی بێ ڕێزیکردن و پیسکردنە، کەواتە داخۆ دەبێت ڕیتوێلی ئەوان چۆن بێت دوای بردنەوەی کاسێک؟ بێ شک دەبێت وەک پیاوەکان ئاکتێکی سێکوێل بێت، چونکا بردنەوە و سەرکەوتن هەوەس دەوروژێنێت بەو پێیەی ئەو کەسێکی بەهێزە کەواتە توانا و شەرعیەتی زیاترە بە نانەوەی نەوەیەک لە دوای خۆی وەک جینێکی بەهێز.

جیهانی ئێمە لەسەر شکڵی مێینە و نێرینە دروستکراوە؛ مەنارە و گومەز زەقترینی ئەو شکڵانەن، هەتا دەگاتە کاسە و کەرەسەی ناوماڵمان، ساروخ و ڕۆکێت و ...تاد. ئەوە لۆژیکی بوونە و ناتوانین خۆمانی لێ گێل بکەین، ئەم لۆژیکە لە هەموو گەردوندایە.

کاسییش وەک جامێک دەتوانێت شلە لەخۆیدا گلبداتەوە وەک زگی ئافرەتێک. خۆ کچان ئاویان نایەتەوە هەتاوەکو ئەوانیش ئاویان بڕژێننە کاسەکەوە، بۆیەکا دەبێت کاسێکی تایبەتیش دروستبکرێت بۆ کچان هەتاوەکو لە دوای بردنەوەی کاسەکە ئەوانیش ڕیتوێلێکی سێکوێل ئەنجام بدەن. گوتم باشتر وایە کە کاسەکەی ئەوان لە شێوەی شکڵی گۆدمیشێ بێت بەڵکو خانم بیخاتە ناوگەڵیەوە. بێگومان ئەوە پێشنیاری منە وەک نێرینەیەک، نازانم ئایا کچان ڕایان چییە لەو ڕووەوە !!!

## کۆتایی



**داروین و سێکوسوالیتیێ.**

داروین خۆی دانی بەو ڕاستیەدا نابوو کە تێۆریەکەی لەسەر هەڵبژاردەی سروشتی و گەشەسەندن هەموو شتێک ڕوون ناکەنەوە و ناسەلمێنن. بێگومان کاتێک دەڵێین هەڵبژاردەی سروشتی، مەبەست لە خۆ گونجاندنە لەگەڵ گۆڕینی کەش و هەواو دژواری دەروبەر بۆ بەردەوامیدان بە بوون. بۆ نمونە کلکی درێژی تاوس یارمەتیدەر نیە بۆ خۆ ڕزگارکردن لە ئاژەڵانی دڕندە، بەڵام بۆ ئەو جوانییەکە یارمەتی دەدات خۆی بنوێنێت بە مەبستی تاودانی مێینەیەک، ئەمەش بە پێچەوانەی تیۆری داروینەوەیە.

150 ملوێن ساڵ لەمەوبەر، مرۆڤی ساپیان ئەم شکڵەی ئێستای وەرگرت. نزیکەی ملوێنێک و شەش سەد هەزار ساڵ لەمەوبەر، مرۆڤ زوانی گرت، لێرەوە یەکەم جاڕنامەی خۆشەویستی لە نیوان نێر و مێدا سەری هەڵدا.

ئەو سەردەمە، سێکسوالیتێمان وەک شەمپانزێ و بۆنۆبۆ وەها بووە، بەسەر دارەکانەوە، هەندەک جار دەگەڵ مێینەدا و هەندەک جار دەگەڵ هەمان ڕەگەزدا و لەگەڵ هەمان ئەندامانی خێزانمان بوون. هەموو ئەم ئازادی و مۆدێلانە کۆتاییان پێ هات پێش چەند هەزار ساڵێک لەمەوبەر. ئەو سەردەمە موسڵمانان بوونیان نەبووهەتاوەکو پێمان بڵێن: تۆ بۆت نیە سواری دایک و خوشکی خۆت ببیت.

چل ملوێن ساڵ لەمەوبەر کۆمەڵێک مەیمون بڕیاریان دا ئیدی لەسەر چوارپا نەڕۆن، پاشەڵیان بەرز کردەوە و کەوتنە سەر دوو پا. بێگومان کەوتنەسەر دوو پا و ڕۆیشتن لەسەر دوو پا یارمەتیدەر بوو لە ئازادکردنی دەستەکانی بۆ بەکارهێنانی ئامێر و دروستکردنی ئامێر، بەڵام بە قازانجی ئەوان نەدەشکایەوە، چونکا بە گێرە گێر هەنگاویان دەناو بەو هۆیەوە نەیان دەتوانی بە هاسانی خۆیان ڕزگارکەن لە ئاژەڵانی دڕندە.
جەستەی ساپیان کە هەتا ئەو کاتە بە موو داپۆشرابوو، وردە وردە مووەکانیان ونکردن، ئەمەش بە قازانجی ئەو نەدەشکایەوە، چونکا کەش و هەوا زۆر سارد بوون. کەمەری مێینە بچوک بویەوە و زێی تەسک بویەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەوەوبەر کاسەی سەری مرۆڤ گەورە بوبوو، بەو هۆیەوە دژواری لە زایینداا، هەموو ئەمانە دژی تیۆری پەرەسەندن بوون، بەڵام ئەوەی یارمەتی دەربوو هەستی خۆ نواندن بوو، هەوەسی ئێرۆتیزم بوو، ئارەزووی تاودان و خۆ ناواندن بوو لە بەردەمی ڕەگەزی بەرامبەر، بە مەبەستی خۆ جوانکردن بوون، خۆ جیاکردنەوە لە ئاژەڵان، ویستێکی بەهێز بوو لە نەستی مرۆڤی ساپیاندا. بەو جۆرە لێوەکانی کوزی مێینە و کلیتۆریسی بچوکتر بوونەوە، بەڵام مەمکیان هەڵئاواسان بەرامبەر بە پیاوان بۆ دەستبازی، چونکا لەوەبەر مەمکیان نەبوو. ئۆبژەی جوانی وەهای کرد سنگ دەرپەڕێنین بەرامبەر بەوی دیکە، پیاوانیش کە تا ئەو ساتە نێرتکیان بە ئاستەم دەبینران، نێرتکیان گەورەبوون. هەتا ئەمڕۆش بە پیاوێک بڵێ: پیاوەکە چت گەرەکە؟

دەڵێت: کێرێکی زل. بە کناچێک بڵێ: چت گەرەکە ؟ دەڵێ سمتێکی جوان و مەمێکی خڕ.

دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە هێزی دژواریی هەردەم لە لایەن نێرینەوە بەکار هاتووە بۆ داگیرکردن و جوتبوون و لاقەکردنی مێینە. دەبێت دان بەو ڕاستیەشدا بنێین کە کەڵچەری مرۆڤایەتیمان لەلایەن مێینەوە ئافرێندراوە.


هەموو هەڵس و کەوتەکانمان بە مەبستی سەرنجڕاکیشانی ئەوی بەرامبەرمانە، بە مەستی هەوەسی سێکسی و تاودانی مێینە و نێررینە لە نێوان یەکتریدا. کاتێک ڕۆبەکەی ماریلین مۆنرۆ دەبینین بە هەوای گەرمی ژێر میترۆ بە حەوادا چووە و سمتی بۆ واڵاکردوین، مەبەستی خۆنواندنە بە ورووژاندنی هەوەسی ئێمەی نێرینە، چونکا دڵی ئێمەی پیاوان دادەخورپێنێت، کاتێکیش ژنێک بە بورقە خۆی دادەپۆشێت، خۆی باڵاپۆش دەکات، ئەویش بە جۆرێکی تر دەیەوێت ئارەزوی سێکسوێلی پیاوانی ناوچەیەک رازی بکات، کە حەزیان بە بوخچەی داخراوە، حەزیان بە کوزی نەژاکاوە، کوزی نەژاکاو نێرتکیان ڕەپ

دەکات، ئیدی مەڵێ: بورقەکەم ئازادیمە، بڵێ: بورقەکەم بۆ ڕازیکردنی نێرتکی پیاوانی ڕۆژهەلاتیە .

***

هەندەک لە زانیاریەکان لە کتێبەوە وەرگیراون

## کۆتایی



**(دایک و باوک و زارۆک و سێکسولیتێ)**

کاکە نەریمان ئاغا بابەتێکی جوان دەوروژێنێت لە پۆستێکیدا؛ بە چەند دێڕێک ڕەخنە لە کەسێک دەگرێت (بە بێ ئەوەی ناوی کەسەکە ببات) کە گوایە سەرزەنشتی ئەو دایکوباوکەی کردوە کە لە بەردەم زارۆکەکانیاندا دەستابزی دەکەن.

دەبێت ئەوە بوترێت کە باس و نیازی سێکسوالیتێ لای کوردان زۆر شتێکی ئاساییە و کولتتورێکی کۆنە، پێم وایە لە سۆمەریەکانەوە ئەو میراتەمان بۆ مابێتەوە. بیرم دێت کاتێک لە گەڕەکی بەرکێو لە پێنجوێن، مامە حەمە بە شەلەشەل بەو هەورازەدا سەردەکەوت، ئامینە خانی دراوسێیان لەسەر بان گسکی دەداو هاواری لێ کرد:

چۆنی مامە حەمە؟

بەخوا لاقم ئێشێ ئامینە خان.

دەی شەوانە بیخەرە نێو ڕانی ژنەکەو، بەخوا بەیانی عەلەمی تیا نمێنێ.

کوردان ئاوا دەدوان. ئێستاکە ئیسلامی ڕادیکاڵ دەیەوێت ئەو مەنتالیتێیە بگۆڕێت. بە تایبەتی ئەو ئیسلامیانەی کە بە چوار ژنان تێر نابن. بیرم دێ ساڵانی هەشتا لە سلێمانی ئەو دەمەی کە هۆنراوەکەی بەڕێز دڵشاد مەریوانی کرابوو بەگۆرانی و ڕۆژ تا ئێواری لە هەموو سەرسوچێکی شاردا دەنگی دەدایەوە، تەنانەت لە شارە عارەبەکانی خوارووی ئێراقیشدا. شارەکان ورووژابوون بەو گۆرانیە:

کەسەکەم بۆ من نازانم وەها باوە،

هەموو جۆرە دڵداریەکا کە کراوە،

یەکەم هەنگاو هی کوڕ بووە،

نازی کچی هەڵگرتوە،

تا نامەیەکی داوەتێ پەڕو باڵی دەرکردوە.

منیش شەوانە  چەندەها نامەی دڵداریم دەنوسی و زۆربەیان نەدەگەشتن بە جێ مەبەس. وەک کوردان ئێژن، ئێجگار دڵم تەڕ بووم. هێندە سەیری خۆمم دەکرد لە ئاوێنەدا، باوکم هەموو جارێک پێی دەگووتم:

 بڕۆ ئەو لاوە جیوەت لە ئاوێنەکە بڕی.

 لە ژورەکەمدا چەندەها ڕەسمی کەپڵی ئەوروپیم هەڵواسیبوو، هەندێکیان ئێجگار وروژێنەر بوون، خاڵم کە سەری دەچوو نوێژی نەدەچوو، شەوانە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەهاتنە ژورەکەم و سەیری ڕازاندنەوەی ژورەکەیان دەکرد و زۆر سەرسام بوون بە دیکۆرەکەی، کاتێک سەیری کارتپۆستالە ئێرۆتیکەکانی سەر دیوارەکانی دەکرد، بە هاوسەرەکەی دەگووت: توخوا ئامین، جارێک بەو بارەدا، جارێکی تر بەم بارەدا....تاد، ژنەکەشی دەیدایە قریوەی پێکەنین...

دەستبازی و نیشاندانی خۆشەویستی دایک و باوک لە بەردەم زارۆکێکدا کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر زارۆک، لەبری تورە بوون و ترشاندن و شەڕ و ئاژاوە، ئەو زارۆکەی لەو کەش و هەوایەدا دەژیێ زارۆکێکی ئاسودە دەبێت، ئەو پەیوەندیە دەبێتە پەیوەندیەکی نمونەی ئاشتی و هێمنی و کەسێکی هێمنیشی لێ دەردەچێ. خۆ مەبەسم ئەوە نیە کە بڵێم باوک دەست بکات بە لنگی ژنەکەیا لە بەردەم منداڵەکەیدا. یان شەوانە لە ژورەکەیاندا بە هاواری ئۆرگاسم زارۆکەکەیان وەخەبەر بکەنەوە. نا، تەنها دەستبازی ناسک و وشەی ناسک و دەربڕینی خۆشەویستی دایک و باوک لە بەردەم زارۆکەکانیاندا کارێکی باشە. لەبری ئەوەی وەک شامپانزیا بیترشێنین بە مۆرە مۆر و تورە بوون، باشتر وایە وەک مەیمونی بۆنۆبۆ ئێمە هەڵس و کەوت بکەین؛ سێکسوالیتێ و خۆشەویستی ببنە بنەمای بەختەوەریی، چونکا ئێرۆتیزم بەگژداچونەوەی مردنە و حەزی بە ژیانە.

 هەرچەندە ئێمەی مرۆڤی ساپیان هەردوو کارەکتەری شامپانزیا و بۆنۆبمان تێدایە، بەڵام ئێمە وەک مرۆڤ توانای هەڵبژاردنمان هەس، باشتر وایە بەلای کارەکتەری مەیمونی

بۆنۆبۆدا بیشکێنینەوە، چونکا بە قازانجی خۆمان دەشکێتەوە. بێ گومان هەنێ جار کاتێک لەگەڵ خانمدا دەگەینە ئۆرگاسم کارەکتەری شامپنزایا و بۆنۆبۆ تێکەڵ دەبن. چونکا شەمپانزیاکان بۆ وروژاندنی هەوەسی سێکسوێلیان، لە کاتی جووتبوندا مۆرە و مرخە مرخ لە یەکتری دەکەن. لای ئێمەی مرۆڤی ساپیان خانم بە دەنگێکی ناسکەوە دەڵێت:

- دە هەموویم بۆ تێخە کەرە دێز.

یان کوڕەکە، کاتێک چووکی لەو پەڕی ڕەپیدایە هەتا قوڵایی خانم چۆتە ژورێ و بە دەنگی زوڵاڵ هاوار دەکات:

- ئم...هم،هم،هم ... ئاوات پێ خۆشە خانم ؟ بەم بارەدا ؟ تۆزێ سمتت بەرزۆکە هەتا زیاترت بۆ بەرم، هێشتا هەموویم نەبرۆدتە ژورێ. دەی خێراکە، سمتت بەرزۆکە با هەمویت بۆ تێ برم....

ئینجا بە تەکان و هاوار و بە هەزرەها جنێو بە خوادا و پێغەمبەران ئاوی دێتەوە....

هارکاتيك پیاوان جوتە گونیان پڕ دەبێت و ناتوانن کاری خۆیان بکەن و ڕەحەت بن (وشەکە خۆی دەدوێت؛ ڕەحەتبوون)، ئیدی کارەکتەری شەمپانزیا بەسەریانەوە زاڵ دەبێت و دەست دەکەن بە بۆڵە بۆڵ و نەڕە نەڕ و نارازی بوون. هەر کاتێکیش جوتە گونیان خاڵی دەبێتەوە ئیدی دەبنەوە بە بۆنەبۆ و قسە و وتەی جوان دەچرپێنن بە گوێی خانمدا، وەک هەموو پیاوێک.

برادەرێکم دەیگوت کە باوەپیارەکەی هەموو بەیانیانێک وەک شەمپانزیا دەیترشاند و دەیکرد بە بۆڵە بۆڵ، دایکیشی ڕووی تێ دەکرد و پێی دەگووت:


"ئەوە دوێ شەو باشم بۆ نەمژیویت بۆیە وەها بۆڵە بۆڵ دەکەیت ؟"

جارێک ڕێم کەوتە ماڵیان، بینیم دایکی هێندە جوانخاس بوو وەک ئەو خۆرە دەسوتا، ئافرەتێکی ئێجگار سێکسیی بوو، تاکێکی زەردی تەقلەباز بوو، سەرباڵ سپی، لێوی ئەستور و هەڵئاوساو بوو. کاتێک لەگەڵمدا دەدوا نەم دەتوانی تەرکیز بخەمە سەر گووتەکانی، قسەی کوڕەکەی دەهاتەوە بە بیرمدا، سەیری هەردوو لێویم دەکردن، دەمهێنایە پێش چاوم چلۆن نێرتکێک دێت و دەچێت لە نێو ئەو لێوانەدا، لە دڵی خۆمدا دەمگووت:

دەگ سەگ بتخوا، عەمرت نەمێنێ باوەپیارە، کە وەک شەمپانزیا لەو ئافرەتە جوانخاسە تورە دەبی.

## کۆتایی





## دوو زانیاری گرنگ لە سەر هێڵکە گوون.

1- بۆچی هێلەکەگوون لە دەروەی بەدەنی مرۆڤە ؟

لە بەر ئەوەی پلەی گەرمیی لەشی مرۆڤ (37) پلەیە، بەڵام بۆ بەرهەمهێنانی سپێرم، پێویستمان بە 35 پلەیە، بۆیە هێلکە گوون لە دەرەوەیە، هەتاوەکو پلەی گەمای دوو پلە بێتە خوارەوە. وەک سەرنجیش دەدەین کاتێک کەش و هەوا گەرمە، هێلکە گوونت شۆڕ دەبێتەوە تا پلەی گەرمای گوون زیاتر بێتە خوارەوە، بە پێچەوانەشەوە کاتێک دنیا ساردە، دەچێتەوە ناو لەشەوە. کاتێک دەگەیتە خوارووی ئێراقیش ئەوا هێلکە گوون تەواو شۆڕ دەبێتەوە. چارەسەر ئەوەیە باوەشێنی کەیت، ئەگەر لێیان پرسیت چ دەکەیت، بڵێ باتریەکانت چارج دەکەیتەوە. هەندێک جار لە لادێکاندا دەروبەری هێلکە گونی بەران و ئاژەڵانی تر کە تووکیان زۆرە لە دەوری هێلکە گوون دەتاشن هەتاوەکو ئەژەڵەکە بتوانێت جوت بێت. مەسعودا بارزانی کاتێ جلکی کوردی دەپۆشێت، بە ڕێکوپێکی دەڕوات و هەنگاو دەنێ بەڵام کاتێک دەچێت بۆ بەغداد جلکی مۆدێرن دەپۆشیت بە گێرە گێڕ دەڕوات. هەموو ئەمانە پەیوەندی بە پلەی گەرمای هێلکە گونەوە هەیە.

2- بۆچی کاتێک کچێک شەقێک هەڵ دەدات لە هێلکە گوونت، ئازارەکە هێندە زۆرە کە ئارەزووی ڕشانەوە دەکەیت؟

لە بەر ئەوەی نازانین بۆچی، سێ ئۆرگان ( گەدە، گورچیلە، جگەر) لەگەڵ هێلکە گووندا بە یەک دەمار بەستراونەتەوە بە مێشکەوە، ئەم ئۆرگانانەش کە ناومان بردن، ئەو ئۆرگانەن کاتێك تۆ ژەهرێک دەخۆیت پێویستت بە ڕشانەوەیە، مێشک ئەو داوایە دەنێرێت بۆ ئۆرگانەکان، بەڵام هێلکە گوون پەیوەندی نیە بە ئەندامی هەرسەوە. ئەمەش هەڵەیەکی سروشتە و ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هەموو شتێک لەم ژیانەدا مەرج نیە لە جێی خۆیاندا بن و جێگای گفتوگۆ نەبن. بە جۆرێکی تر دەتوانین بڵێین کە خودا یاری بە زار دەکات . خۆ ئەگەر پێغەمبەری ئیسلام ئەم زانیاریانەی بزانیایە ئەوا دەیگووت: ئەی موسڵمانان، باوەشێنی گونتان بکەن.

## کۆتایی




**خوشەی دێ و خشەی دێ...**

ساڵانی هەشتا لە سلێمانی باوی گۆرانیەکی سەمەرە بوو، گۆرانیبێژەکە لەسەر ڕیتمی گۆرانی هەڵپەڕکێی و زەماوەند دەیگووت:

خشەی دێ، خشەی دێ

خشەی پاوانەکەی دێ

ئیدی ببوە باو و منداڵان لە بازاڕدا هاواریان دەکرد: خشەی دێ...یەکێکی تر لە دورەوە وەڵامی دەدایەوە: خوشەی دێ...

بەڵام دەستەواژەی (خوشە) جیاوازە لە (خشە)، "خشە" بریتییە لە لێکخشانی دوو ئۆبژە؛ دوو تەختە دوو پارچە قوماش، لێکخشانی دەست.....تاد. "خوشە" بریتیە لە دەنگی ئاو کە بە درزێک یان کەلەبەرێکدا چۆڕە چۆڕ دێتە خوارێ. وەک چۆن دەڵێین:

خوشەی ئاوی کانی.

کاتێک کچان میز دەکەن بە پێچەوانەی کوڕانەوە، میزکردنی ئەوان خوشەی دێ لەبەر ئەوەی بە نێوان چەند لێوێکدا دێتە خوارێ و تەنگەبەرە، دەنگی خوشەی مۆسیقاکەی دەتوانێت شکڵی کوزی کەسەکە دەستیشان بکات. بۆیەکا لە بری ئەوەی بڵێین: کچەکە میز دەکات، دەبوا بمان گوواتیە کچکە دەخوشێنێت.

بیرم دێت ڕۆژێک کوڕێک لە لادێ بە نارازیەوە دەیگووت:

"بە خوا کچێکی پورم هەیە هێندە ناسک و جوانە، کاتێک میز دەکات خوشەی کوزی دێت، بەڵام داویانە بە پیاوێکی پیر."

ئەو بۆیەکاریە کاری هونەرمەندی فەرەنسی فرانسوا بوشێ (Francois boucher) یە لە ساڵی1770 بەرجەستە کراوە، ئافرەتێکە جامێکی تایبەتی خستۆتە ژێر خۆیی و خوشە خوش میزی تێ دەکات (3)، لە فەرەنسا جاران باو بوو ئێستاکە نەماوە، هەروەها ئامێرێکی ترمان هەیە لە ژورەکاندا دادەنرێت پێی دەوترێت: بیدێ (1)، بیدێ بۆ ناوگەڵ شتن کراوە، کاتێک کەپڵ دوای ئاموغکردن(سێکسکردن) لە بری دوش وەرگرتن وەک ئەسپ سواری دەبن و ناوگەڵیان دەشۆن. هێشتا لە لادێکاندا و لەهەندێک هوتێلدا ماوە بەڵام لەسەردەمی مۆدێرندا بەکاری ناهێنین. هەروەها لە سەردەمی مۆدێرندا جۆرێک لە ڕەحەتی پلاستیک (2) دەفرۆشرێن لە سەیدەلیەکاندا بۆ کچان هەتاوەکو لە کۆنسێرت و ڕێڤ پارتیدا بتوانن بە پێوە میز بکەن و سەرە نەگرن.

چی لەو مۆسیقایە خۆشترە کاتێک گوێت لە کچێکە خوشەی میزی دێت، دڵت دادەخورپێ، خوشەی میزی کچان تەواو وروروژێنەرە، یەکەم جار کە سەیری کچێکم کرد دەیخوشاند سەرم سوڕایەوە هێندە وروروژابووم، تەواو گوێم بۆ شل کردبوو، هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم کە خوشەی میزی کچێک بتوانێت وەها بموروروژێنێت. دڵم کەوتە ترپە ترپ و شتێک بەرز بویەوە.

لە ئێرۆتیزمی هیندی و کامە ستوردا هەموو ئەمانە؛ میز و ماچ و...تاد گرنگیان پێ دراوە بە مەبەسی وروروژاندنی هەوەس و چێژی سێکسوێل و ئێرۆتیزم، ساڵانی حەفتا هیپیە فەرەنسیەکان زۆر لەم بابەتە ئیرۆتیزمانەیان لە هندساتنەوە هاورد بۆ فەرەنسا و دواجار بە بۆنەی فیلمەکانی هۆلیودەوە بوونە مۆدێلێکی جیهانی. بۆ نمونە ماچی ناودەم و لیک خواردنەوە لە بنەچەدا ماچی ئێرۆتیزمی هندیە کە ئێستاکە پێی دەڵێن ماچی فەرەنسی، تەنانەتی هندیەکان خۆشیان دەڵێن ماچی فەرەنسی دەکەن. بە هەمان شێوە میز خواردنەوەش وەک کارێکی ئێرۆتیک لای هندیەکان کراوە و فەرەنسیەکان بردویانە بۆ خۆیان و بۆتە کولتووری ئیرۆتیزمی فەرەنسی. کاتێک کچێک بەسەرتەوەیە بە ڕووتی، وەک فەرەنسیەکان دەڵێن سەیری مانگ دەکەیت و خوشە خوش میز دەکات بە سەروچاوتا چێژێکی تایبەتی ناوازەی هەیە، لە هەمان کاتدا کاتێک تۆش میز دەکەیت بەسەروچاوی کچێکدا ئێجگار وروروژێنەرە بە تابەتی کاتێک دەمی دەکاتە میزەڕۆ و تۆش پڕی دەکەیت و میز بە سەر سینە و مەمیکدا دێتە خوارێ ...بێ گومان ئەمانە هەموو رۆژێک و هەموو سەردەمێک نایکەیت، بەستراونەتەوە بە حاڵەتی دەروونیی سەردەمێکەوە کە پێویستی بەو جۆرە ڕابواردنە هەیە. بە تایبەتی لە بۆنەکاندا دەکرێن، بۆ نمونە لە جەژنی قوربان و ڕەمەزاناندا.

## کۆتایی



**"سێکسی ئازاد و پۆرنۆ و نەوشیروان مستەفاش "**

لەسەر پەیجی ئەفسانەی سیزیف، چاوپێکەوتنێکی نەوشیروان مستەفایان بڵاوکردۆتەوە ( ساڵی 1999)، لەسەر سێکسی ئازاد و پۆرنۆ، بە بێ ئەوەی ناوی ڕۆژنامەوانەکە بنووسن. لە خوارەوە دەقی چاوپێکەوتنەکە دادەنێمەوە. ئەوان بە ڕاشکاوانە ڕەخنە لە نوشیروان دەگرن.

پێش هەموو شتێک دەبێت جیاوازی لەگەڵ سێکسی ئازاد و پۆرنۆدا بکەین. سێکسی ئازاد بڕیاردانی جۆرێکە لە پەیوەندی سێکسوێل لە نێوان دوو هاوەڵی سێکسوێلدا یان "هاوڕەگەزخوازیی کوڕ کوڕ یان کچ و کچ، یان سێکسی کراوە کە بریتییە لە دوو کچ و کوڕێک یاخود دوو کوڕ و کچێک، یان سێکسی بەکۆمەڵ تێکەڵاوێکە لە کوڕ و کچ بە کۆمەڵ، بێ گومان بە بێ پارە، تەنها بە مەبسی چێژی سێکسوێل و خۆشەویستییە لە نێوان خەڵکیدا.

ئەوەی لەو پەیوەندیی سێکسوێلەدا گرنگە، وەک کوردان ئێژن: نێتە، واتە مەبەس. کاتێک کابرایەکی ڕیشداری ئیسلامیی بە تەبەقە هێلکەیەکەوە ڕەسمی خۆی دەگرێت لەگەڵ

خێزانێکی هەژاردا هەتاوەکو بڵاوی بکاتەوە لەسەر سایتە کۆمەڵایەتییەکان، گوایە یارمەتی هەژاران دەدات، لە چاوەڕوانیدا هێلکەکان لەبەر ئەو هەتاوەدا دەبن بە جوجەڵە. ئەوە خێر نیە، بەڵکو خۆ نواندنە، چونکا کرداری باشە بریتییە لەو کردارەی کە تەنها نێتێکی باشەی لە پشتەوەیە و هیچ مەبەستێکی تر. ئەمەیە کە پێی دەڵێین باشەی گشتگیر(ئونیڤێرسێل).
وەک چۆن بودا دەڵێت: کاتێک تۆ ڕاوچیەک دەبینیت بە تیرەکەی بریندار بووە، لێی مەپرسە بۆچی ئەو تیرەی بەرکەوتووە، چۆن و کێ ئەو تیرەی تێ گرتووە؟ چونکا هەتاوەکو وەڵامی پرسیارەکەت دەست دەکەوێت کابرا دەمرێت. کاری تۆ ئەوەیە ئەو کەسەر ڕزگار بکەیت لە مردن...

وا خەریکە باسەکە دەگۆڕین. هەهەهەهە.

بۆیەکا پێ دەچێت هەمان کرداری پۆرنۆ لەگەڵ هاوەڵە سێکسوێلەکەتا دووبارە بکەیتەوە، بەڵام بەهەمان مەبەس ئەو کارە ناکەیت. مەبەسی کەپڵێک چێژ وەرگرتن و خۆشەویستیە، ئەگەر خۆشەویستیەکی کاتیش بێت. بۆ نمونە تەنها لە سەدا سی کچان حەزیان بە لۆتی ( سێکس بەکۆم) ە بەڵام لەسەدا حەفتای کچان ئەو کارە بەمەبەسی خۆشەویستی لەگەڵ هاوەڵە سێکسوێلەکەیاندا دەکەن. بەڵام ئەو کچانەی کە کاری پۆرنۆ دەکەن لەبەر ئەوەی کە بە مەبەسی بازرگانیە، یەکەم کاریان دوای گەمەی سێکسوێل ئەوەیە کە هەر خێرا رادەکەن خۆیان دەشۆن، وەک ئەوەی جەستەیان پیس بووبێت. ئەوان ئەو کارە بە مەبەسی بازرگانی دەکەن. هەنێ لەو کچانە بۆ وەدەستخستنی پارەی زێدەتر قبوڵی چەند نێرتکێک دەکات لە کوز و لە کۆمیا بە مەبەسی ورووژاندنی هەوەسی بینەر. ئەگەر تۆش هەوەست دەوروژێت بەو دیمەنە ئەوا خۆت خەتابار مەکە، چونکا کاتێک تۆ لەسەر ئۆتۆبانەکە بە ئۆتۆمۆبیل دەڕۆیت و ڕوداوێکی زۆر دژوار دەبینیت، خاوی دەکەیتەوە و دەتەوێت ڕووداوەکە باش ببینیت، پۆلیسە ئەوروپاییەکانیش توڕەدەبن و ئیشارەتت لێ دەکەن هەتاوەکو بە خێرایی تێپەڕیت و بە کەسێکی چاوچنۆنکت ناو دەبەن. نا، خۆت خەتابار مەکە، چونکا تۆ چاوچنۆک نیت. تۆ وەک مرۆڤ پێوسیتت بەورروژاندنی هەستی بەزەییە بە باوەڕی بودیستەکان، بۆیەکا خاوی دەکەیتەوە و دەتەوێت بیبینت، چونکا هەموو مرۆڤێک لە ناخیدا مرۆڤدۆستە.

لێرەدا مەبەسم ئەوە نییە کە بڵێم بۆیەکا ئێمەش وەک نەوشیروان مستەفا سەیری فیلی پۆرنۆ دەکەین چونکا پێویستمان بە ورروژاندنی هەستی بەزەییە. چونکا نێرتک کە ڕەپ دەبێت

هەستی بەزەیی و شتی وا ناناسێت، دەبێتە مولازام موحسینێک کە چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت ئەو جەستەیە لەتوپەت بکات، وەک فرۆید دەڵێت:

"هەموو ئاکتێکی سێکسوێل مەبەسی خواردنی ئەوی ترە"

هەوەس بە شتێک دەوروژێت کە مرۆڤ خۆی بێ ئاگایە لێی. جا ئەگەر نەوشیروان مستەفا سەیری فیلمی پۆرنۆی کردوە و دژی سێکسی ئازاد و پۆرنۆش بووە ئەوا ئەمە نابێتە هۆکار بۆ ئەوەی کە بڵێین مادام نەوشیروان لە سێکسی ئازاد تێ نەگەشتووە کەواتە کەسێکی خراپ و دواکەوتوبووە. چونکا کاتێک هەنێ لە ڕۆشنبیران دژی پاپای ڤاتیکان وەستانەوە کە گوایە پاپای ڤاتیکان دژی بەکارهێنانی کۆندۆمە، ڕۆشنبیرێکی فەرەنسی گووتی ئاخر ئێوە چاوەڕوانی چی دەکەن لە پاپای ڤاتیاکان؟ خۆ نابێت چاوەڕوان لەو بکەین بە خەڵکی بڵێت بڕۆن بۆخۆتان سێکسی ئازاد بکەن. لەبەر ئەوەی بەرپرسیاریەتیەکەی ڕێگەی ئەوەی پێ نادات.

لێرەشدا ناڵێم کە بێگومان بۆ منێک کە لایەنگر و پیشەنگی سێکسی ئازادم بە هەموو شێوەیەک، بەرگری لە نەوشیروان بکەم، بە تایبەتی زۆر خراپ لەسەر ئەو دوو چەمکە دەدوێت و هەردووکیان تێکەڵ دەکات. بەڵام ئێوە چاوەڕوانی چیتان دەکرد لە نەوشیروان لەکاتێکدا پێش هەڵبژاردنەکان ئامۆژگاریان کرد کە دەبێت لە پشت سەرییەوە ئایەتێکی قورئان هەڵبواسێت. خۆ هەرچۆنێک بێت ئەو وەک فەرهاد پیربال کتێبەکانی نەسوتاند و بڵێت: هەر قورئان کتێبە. لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەوەی بگووتایە دەیتوانی دەنگێکی زۆرتر بەدەست بهێنێت. نەوشیروان مستەفا مرۆڤی سەردەمێکی ڕابوردووە و بە پێی سەردەمەکەی خۆی حوکم دەدەین بەسەریا.

دیالۆگی نەشیروان مستەفا لەگەڵ ڕۆژنامەوانێک:

ڕۆژنامەنـوس: سێکس چـیە ؟
نـەوشیروان مستەفا: سێکس چێژێکی خۆشە لە ژیاندا ، بەڵام لە چـوار چێوەی خـێزاندا.

ڕۆژنامەنـوس: کـەواتە تۆ سێکسی ئازاد ڕەد ئەکەیتـەوە ؟؟
نـەوشیروان مسـتەفا: بەڵێ بە هــەمــوو شێوەیەک دژی سێکســی ئازادم

ڕۆژنامەنوس ئەی بۆ لە کۆمەڵگای سویدی سێکس ئازادە و وڵاتێکی زۆر

پێشکەوتووشن، خۆ ئێمە لە ئەوان پێشکەوتوتر نین؟

نەوشیروان مستەفا: ئێمە لەو ڕووەوە زۆر لە کۆمەڵگای سویدی پێشکەوتوترین، گوێ بگرە کوڕی گەنج تۆ جارێ گەنجی تۆش گەر تەمەنی چل ساڵی تێپەڕێنی هەمان قسەی من دەکەیت، لات سەیر نەبێ لەم قسەیەی من دەیکەم، زۆرێک لە ژن و پیاوە پیرەکانی سویدیش دژی سێکسی ئازادن، گەنجێکی کورد ئەمڕۆ کە سەیری فیلمێکی سێکسی دەکات وا دەزانێ لە ئەوروپا هەموو بەو جۆرە دەژین، لە ڕاستیدا وانیە، مەگەر تەنها شوێنی سۆزانیەکان بەو شێوە بێت.

ڕۆژنامەنوس: چی ئەڵێی لە سەر سێکسی نێوان کچ و کچ و کوڕ و کوڕ (لێسبیان و گەی )؟؟

نەوشیروان مستەفا: کارێکی قێزەونەو سەد لە سەد لە دژی ئەو کارەم.

ڕۆژنامەنوس: هەرگیز سەیری فیلمی سێکست کردووە ؟؟ بۆ چی؟

نەوشیروان مستەفا: بەڵێ سەیرم کردووە و ویستومە بزانم سودی هەیە بۆ کۆمەڵ یاخوود زیان زۆر زیانی هەیە بۆ کۆمەڵگا و دژی ئەوەم.

بەشێکی کورت لە چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی نەوشیروان مستەفا ، ساڵی ١٩٩٩لە سلێمانی.

**کۆتایی**



**دەرکەوتنی کلیتۆریس وەک مژدەی ژیانێکی نوێ.**

لەم سەردەمەدا بە هۆی بازرگانی پۆرنۆگرافیەوە، نێرینە هەست بە بچوکی چوکی خۆی دەکات، کاتێک فیلمە پۆرنۆکان دەبینێت پیاوان بە چوکێکی زەبەلاحەوە سواری مێینەیەک دەبن، دڵی لە خۆی دادەمێنێت. لەبەر ئەوەی هەر لە مێژەوە ئارەزووی ڕەپبونی چوکێکی گەورە بەستراوەتەوە بە توانا و دەسەلاتی نێرینەوە. خۆ ئەگەر هەندێک کەس ئارەزووی چوکی گەورەن بۆ بەدەستهێنانی لەزەت ئەوا تەنها فەنتازمە و ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر لەزەت نیە. بەڵام چوک و ڕۆڵی چوک جۆرێک بووە لە چواندنی ئارەزوو بە هەستی زاڵبوون و سەرکەوتن بەسەر ژیاندا، بۆیە چەندە گەورەبێت هێندەش لە بیری

نێرینەدا وەک توانای سەرکەوتنی ئەو نیشان دراوە یان تاوانای نانەوەی زۆرترین وەچە. هەر لە مێژەوەش لە شارسیانیەتە کۆنەکاندا وەک پۆرنۆگرافی ئەمڕۆ، هەندێ هونەرمەند ئەو دیاردەیەیان بەشێوەیەکی هونەریی نیشانداوە، بەڵام لە زۆر پەیکەرەکانیاندا کاتێک جوانی نێرینەیان نیشان دراوە وەک خواوەندێک، چوک زۆر بە بچوکیی نیشاندراوە لەبەر ئەوەی وەک پێوەرێکی جوانیی بۆ لەشی خواوەندەکان دەبوایە قەبارەی چوک لەوە زیاتر نەبوایە بە گوێرەی قەبارەی لەشی.



**پەیکەرێکی وێنانی بە نێرتکێکی بچوکەوە**



**( Priape ) پریاپیَ خواوەندی فێرتیلیتی یۆنانی**


دکتۆر ( Dr.Negin Jaafar) لەسەر پەیجی فەیسبوکی خۆی بە شێوەیەکی زانستی باسی چوک و گەورەیی چوک دەکات، لەم لینکەی خوارەوە دەتوانیت بیخوێنیتەوە.

https://www.facebook.com/Dr.NeginJaafar78/posts/2733006420301912

لەم نێوەندەدا ئەندامی ئۆرگاسمی مێینە هەرگیز نیشان نەدراوە، چوکی پیاو بە جۆرێک خۆی نواندوە کە مێینە شەرمیان کردووە باسی کلیتۆریسی شاراوەی خۆیان بکەن. وەک سۆسیۆلۆگەکان دەڵێن هەر لە منداڵیەوە مێینە وەها بیردەکاتەوە کە بێ بەش بووە لەو ڕووەوە، واتە سێکسیان بڕیوەتەوە. ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر مێینە هەبووە،

له سەرێکەوە لە کۆمەڵگەیەکدایە کە هەموو شتێک لە لایەن نێرینەوە بڕیاری لە سەر دراوە و بۆ چێژی ئەوان کراوە، لەسەرێکیشەوە سروشت جۆرێک لە ئەناتۆمی شاراوەی پێ بەخشیوە، بۆیە مێینە خۆی وەک کەسێکی بە سروشتی ژێردەستە بینیوە، لە سێکسکردندا داوای بەشی لە زەتی خۆی نەکردوە و شەرمن بووە. ئەم شەرمنەیەشی ئەگەر بەشێکی بەهۆی ئەنەتۆمیەکی شاروەوە بێت ئەوا بەشی زۆری بەهۆی کەلچەری باوکسالاریەوەیە کە هەر لە مێژەوە پەیڕەوی کراوە لە هەمو کەڵچەرێکدا. هەر بۆیەش فەمینیستەکان چوکیان وەک ئاندامێکی ئەشکەنجە و ناویان ناوە ئالەتی ئەشکەنجە یان داری شەیتان.

پێ دەچێت لەم سەردەمەدا کە فەمینیستەکان واخەریکن خەبەریان دەبێتەوە، مێینە تازەبەتازە دوای چەندها سەدە، وێنەی ئۆرگانی لەزەتی خۆیانمان پیشان دەدەن و دەیانەوێت خەڵکی چاویان بکرێتەوە، بەڵکو ئاوڕێک لە بەشی لەزەتی ئەوانیش بدرێتەوە، بەڵام بەداخەوە وا خەریکە بەهۆی کۆرۆناوە دنیا کاول دەبێت و پی دەچێت کۆتایشی پێ بێت و فریای نەکەوین. یان دەتوانین بەجۆرێکی تر ئەم دیاردەیە لێک بدەینەوە: مژدەی ژیانێکی نوێ بێت کە مرۆڤ گۆڕانکاریەکی بنەڕەتیی بکات لە مۆدێلی ژیانی پەروەردە و ئابوری و کۆمەلایەتی و ئاڵوگۆڕی سێکسدا. دەرکەوتنی کلیتۆریس لەم چەند ساڵانەی دواییدا وەک تەنێکی سەربەست، وەک ئەستێرەیەکی غەریب دوای ئەوەی بۆ ماوەی چەندەها سەدە شاراوە بوە و بە مەرجێک بە تەیشتیەوە ژیاوین، مژدەی ئەو گۆڕانکاریە بێت.



وێنەی کلیتۆریس

وەنەبێت ئێمە نەمانزانیبێت کلیتۆریس چیە، خۆ ئەگەر نەمان زانیبێت ئەوا ئەو کەسانەی خەتەنەی کچانیان دەکرد لە ولاتانی ئەفریقا و ڕۆژهەلاتی ناوین، باش زانیویانە کە کلیتۆریس تەنها قیتکەیەک نیە، بەڵکو ئەندامێکی لەزەتی مێینەیە، بۆیە لە خەتەنەکردندا تەنها قیتکەیان نەبڕیوە، بەلکو ئەو دوو لێوەی تەنیشتیشیان بڕیوە هەتاوەکو بە تەواوی ئەو مێینەیە بێ بەش بکەن لە لەزەت و تەنها وەک مێینەیەک بۆ خستنەوەی نەوەیەکی نوێ بمێنێتەوە. بەڵام کاتێک شەوان لەگەل مێردەکەیدا دەخەوێت، مێردەکەشی لێی ناڕازیە کە ئارەزوی کەمە و بەو هۆیەوە هەوەسی ئەو ناورووژێنێت و چوکی ئەویش ڕەپ نابێت، ئەمەیە کە دەڵێن: خواشی گەرەکە و خورماش .

ووتەی دکتۆرێکی فەرەنسی لەسەر کلیتۆریس:

کلیتۆریس دەوری چیە ؟ بۆچی کەس نازانێت لە چی دەچێت؟

"هەمو کەسێک دەتوانێت رەسمی چوکی پیاوێک بکات بەڵام کەس نازانێت ڕەسمی کلیتۆریسێک بکات، بۆچی؟

کلیتۆریس تەنها ئۆرگانێکی لەشی مێینەیە کە بە تەنها بۆ لەزەت دروست بووە. کلیتۆریس بۆ ئەوەیە کە تۆی مێینە لەزەت وەرگریت. کلیتۆریس خاوەنی هەشت هەزار خانەی هەستیارە بەڵام چوک تەنها شەش هەزارە. بۆ ئەوەی باش لەمە تێ بگەیت لەسەر پەنجەی مرۆڤ تەنیا سێ هەزار خانەی هەستیار هەیە.

چوک، ئۆرگانێکە کە خوێنی تێ دەهەژێت کاتێک دەورووژێنرێت، درێژی لە نێوان سیانزە تا هەژدە سانتیمەترە لە کاتی ڕەپبوندا، کلیتۆریسیش ئۆرگانێکی لەزەتە، کاتێک دەورووژێرێت قەبارەی لە نێوان یانزە تا سیانزە سانتیمەترە. ئەو بەشەی سەرەوە پێی دەوترێت: گڵەند (بە کوردی پێی دەوترێت میتکە). ئەو بەشانەی تری لە ناو لەشی مێینەدایە، ئەوەی ئێمە دەیبینین لە دەرەوە ئەو گڵەندە پێی دەڵێن: کلیتۆریس، بەڵام کلیتۆریس بریتیە لە هەمووی.

جۆرێک لە باوەڕ هەیە کە گوایە دوو جۆر ئۆرگاسم هەس، یەکێکیان پێێ دەڵێن: کلیتۆریسی، ئەوی تریان زێیی (ڤاژینال)، بۆیەکا هەندێک جار کچان لە نێوان خۆیاندا دەڵێن: تۆ ڤاژینالیت یان کلیتۆریان، ئەمەش میتۆلۆژیە، چونکە هەموو ئۆرگازسمێک کلیتۆریانە، بەڵام ورووژاندنی دەرەوە و ناوەوەی هەیە، بۆیەکا خەڵکی بەو جۆرە

پێناسەی بۆ دەکەن، خۆ ئەگەر وەک مێینە ئۆرگاسمێکمان هەبێت، ئەوە بەهۆی کلیتۆریسەوەیە.

ئەو تەنگژیانەی کە هەمیشە مێینە توشی دەبێتەوە، ئەوەیە کە دەڵێن گوایە ناتوانن بگەنە ئۆرگاسم لەگەڵ هاوەڵە سێکسوێلەکەیاندا، کاتێک پرسیاریان لێ دەکەیت کە ئایا دەستەپڕ دەکەن، بە شێوەیەکی گشتی هەموویان وەلام دەدەنەوە: بەڵی. کاتێک پرسیاریان لێ دەکەین چلۆن دەستپەڕ دەکەن؟ دەڵین بە وروژاندنی بەشی دەرەوەی کلیتۆریس کە کورد پێی دەڵێت میتکە، کەواتە بڵێ بە هاوەڵەکەت کە سێکسی لە گەڵدا دەکەیت، ئەو بەشەت بۆ بورووژێنێت. جێگەی داخە کە ئەو هەستە لە لایەن مێینەوە ناوروژێنرێت یان باس ناکرێت، بە پیچەوانەی نێرینەوە کاتێک لەگەل کچێکدا سێکس دەکات، داوای لێ دەکات بۆی بمژێت یان بی وروژێنێت، هەتاوەکو چوکی ڕەپ بێت. کچان ئەو داوایەیان نیە ئەمەش خەتای کەڵچەرە و دەترسن ئەو داوایە لە نێرینە بکەن، چونکە دەورێکی گرنگی هەیە لەو ئالوگۆرە سێکسیەدا. لە بەر ئەوەی وروژاندنی کلیتۆریس وەک چوک فیزیایە و تۆش ناچار نیت هەمیشە بە چونە ژورەوە بگەیتە ئۆرگاسم، گرنگ ئەوەیە بە هەر ڕیگایەک بێت بگەیتە ئۆرگاسم، هیچ شەرمێکی تێدا نیە کە دەستپەڕ بۆ هاوڕێکەت بکەیت یان کلیتۆریسی بۆ بورووژێنیت یان بە هەر ڕێگایەک بێت بگاتە ئۆرگاسم.

زۆر لە پیاوان نازانن چۆن هاوڕێ مێینەکەیان بخەنە حالەتی ئۆرگاسمەوە، ئەمەش شتێکی زۆر ئاساییە داوا لەو کەسە بکەیت کە لەگەڵیدا سێکس دەکەیت حەزی بە چیە، چونکە هەندێک مێینە لە تەمەنیکی زۆر درەنگدا لە دەوری کلیتۆریس تێ دەگات، ئیتر بۆچی خەتا لە پیاوان بگرین کە نازانن کلیتۆریس چیە، لە کاتێکدا پیاوان هەر لە منداڵیەوە یاری بە چوکی خۆیان دەکەن، بۆیە ئەوە دەوری مێینەیە کە ئەو داوایە لە پیاوان بکەن، دەوری مێینە ئەوەیە کە هاوڕێکەی فێر بکات کلیتۆریس چیەو چۆن دەورووژێت.

دژی هەموو نەخۆشیەکی نەفسی، دەستەپەڕکردن چ بۆ پیاو بێت چ بۆ ژن، باشترین دژەخەمۆکێیە و کەسیش باسی ناکات، چونکە هیچ کات زیانی نیە و بە پێچەوانەوەش باشە بۆ تەندروستی، هەرچەندە ماستیورباسیۆن(دەستپەڕکردن) بە لاتینی بە مانای خۆ پیسکردن دێت بە دەست، بە خەتاباریی بینراوە لای مەسیحییەت، بەڵام کورێک یان کچێک دوای ئەوەی ژیانی کەپڵ پێک دەهێنن مەرج نیە دەستبەرداری دەستپەڕکردن ببن.

ئەگەر هەندێک کەس ملوانکەیەکی دەستی فاتیمە دەکەنە ملیان و هەندێکیان خاچی مەسیحی و دەڵێن من ئیسلامم یان مەسیحی، تۆ دەتوانیت بڵییت: من کلیتۆریسمیانم، ئەمەش وەک نوکتە و شۆخی.

بۆیە نیشاندانی زێ و حەوز و منداڵانی ئافرەت وەک بەشێکی مێینەی ئافرەت شتێکی باش نیە، چونکە ئەمە هەمیشە مێینە دەگەڕێنێتەوە بۆ ناچارکردنیان بەکاری نانەوەی منداڵ وەک ئەرکێکی سەرشانیان، بەڵام ئیمە بەسەرمانا نەسەپێنراوە وەک ئەرکێک ببینە دایک، بۆمان هەیە بڕیار بدەین، ئەمەش هیچ کاتێک ڕیز و توانای ئێمە لە کۆمەڵگەدا کەم ناکاتەوە ، باشتر وایە باسی کلیتۆریس بکەین."

## کۆتایی

****




سێکس و ئۆرگاسم و ماشین.

ئەم باسە پێشکەشە بە بەڕێز: Dr.Negin.Jaaf

جاران کاتێک فەقێکان لەسەر باسی سێکس دەدووان، دەیان گووت: شەرع شەرمی بڕیووە. بەڵام بۆ ئەوان شەرع تەنها بۆ پیاوان شەرمی بڕی بوو، بۆ تەنگژی نێرتک و هەوەسی بێ سنوریان، هەرگیز شەرع بۆ مێینە شەرمی نە بڕی بوو.

لە بەر ئەوەی من فەقێ نیم، بۆیەکا من هەموو شەرمێکم بڕیووە.

***

بە گوێرەی زانیاریەکان، پەیوەندی سێکسی کەپڵێک لە نێوان 33 چرکە و 45 خولەکدایە دوای چونە ژورەوە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بە گوێرەی ڕاپرسیەک، لە دوای چونە ژورەوە، ئەوانەی تەمەنیان لە هەژدەوە هەتا سی ساڵە، جوت بوون تەنها 4.3 خولەکە، لە سەرو ئەو تەمەنەشەوە، 6.5 خولەک دەخایەنێت، لێرەدا باسی کۆندۆم و چوکی خەتەنە کراو نەکراوە کە دەتوانێت کەریگەریی لەسەر کاتەکە هەبێت و بارەکە بگۆڕیت.

پیاوان هەوەسیان زوو دەورووژێت و هەر زووش دادەمرکێتەوە، کاتی ڕەحەت بونیشیان چەند چرکەیەک دەخایەنێت وەک چۆلەکە، ئەمڕۆش بە بۆنەی ڤیاگراوە زۆر لە پیاوانی بەساڵاچوو دەستیان کردۆتەوە بەکار، لە ڕابوردوشدا بە دوای چەندەها جۆری میوە و خواردنی دەگمەنی ئەفرۆدیزیاکدا گەڕاون بۆ زیاد کردنی هەوەسی سێکسییان. کاتێک ڤیاگرایەک دەخۆیت، نێرتکت دەبێت بە شۆفڵ دەتوانێت کیسە چیمەنتۆی پێ بەرزبکەیتەوە، دەبێتە بەڵێندەر و دەتوانێت کاری خۆی بە باشی ببات بەڕێوە و چوار ژنی شەریعەتی ئیسلامی لە شەوێکدا لە شیش بدات، ئیتر پێوست بەوە ناکات دادە عائێشە چاوەڕیی سەرەی خۆی بکات.

ئەمریکیەکان کتێک چون بۆ ئەفغانستان، سەرۆک خێلێکیان بینی؛ شیخێکی ڕیشداری بەساڵاچوو بوو، ئەم شێخانەش وەک زۆر لە پیاوانی ئەفغانی چەند ژنێکی گەنجیان هەس، ئەمریکییەکان سەرنج دەدەن کە ژنێکی زۆر گەنجی جوان خاسی هەس، دەزانن لەو تەمەنەدا نێرتکی ڕەپی درێژەخایەن نیە و بەکار نیە، توانای تێرکردنی چوار ژنی نیە. بۆیەکا حەبێکی ڤیاگرای بە دیاری دەدەنێ و پێی دەڵێن: شەو دوای نوێژی ئێواریێ، نیو کاتژمێر پێش چونە لای ژنەکەت، بیخۆ. بۆ ڕۆژی بەیانی دەچنەوە بۆ لای کابرا، کابرای تالیابان بریسکەی چاوی دێت و داوای ڤیاگرای تریان لێ دەکات، ئەوانیش پێی دەڵێن: یا

شێخ چەندت دەوێت دەت دەینێ بەڵام بەرامبەر بە زانیاری. ئیدی ئاوەها چەندەها سەرەک خێڵ دەکەن بە جاسوسی خۆیان.

***

با بێینەوە سەر باسە سەرەکییەکەمان؛ ئۆرگاسمی مێینە جیاوازە؛ ئەگەر پیاوان بیانزانیایە چلۆن مێینەیەک رەحەت دەبێت، ئیرەییان پێ دەبردن، چونکە رەحەتبوونی مێینە زۆر درێژە خایەن و بەهێزە، بەڵام ئەوەی تەنگژی دەنێتەوە بۆ مێینە وەک کچە فەمینیستی ئەمریکی؛ دۆرکین، دەیگووت؛ "خواد کونی ئافرەتی لەو شوێنەدا داناوە و مێینە ناچارە بەو جۆرە جووت ببێت، بۆیە زۆر زەحمەتە بۆ مێینە چێژ وەربگرێت لە سێکسکردندا لەگەڵ پیاواندا، جگە لەوەی کاتێک پیاوێک سێکس دەکات، لەو کاتەدا بەسەر مێینەیەکەوەیە، حوکمی دەکات وەک دیکتاتۆرێك. چ ئافرەتێک چێژ لەو جووتبوونە وەردەگرێت؟" دۆرکین دەیویست ئیتێرۆ سێکسوێلەکان و پۆرنۆگرافەکان بداتە بەردەم دادگای تاوان دژی مرۆڤایەتیی."

ئێمەی مرۆڤی ساپیانیش کارمان ڕاستکردنەوەی کارە ناڕەواکانی خواداکانن؛ ئەگەر هزرێکیان پێداوین هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە، کەواتە ئێمە بە بەردەوامیی خەریکی گۆڕانکارین لە هەموو بوارێکدا بۆ باشکردنی باری ژیانمان، باشکردنی ئەوەی کە خوداکان نەیانتوانیوە بیکەن.

مرۆڤی سپایانیش بە مانای مرۆڤی خاوەن کەل و پەل و ئامێر دێت، ئەوەی یارمەتی بەرسەندنی مرۆڤی داوە، ئامێرە، لە ڕمەوە هەتا ئایفۆن، بەشدارییان کردووە لە پرۆسەی پەرەسەندنی مرۆڤدا، بۆیە لەگەڵ تەکنەلۆژی نوێدا ئامێری نوێش بۆ سێکسوالیتێ هاتۆتە کایەوە، ئەگەر جاران لە سەدەکانی ناوەڕاستا یەکەم کۆندۆم بۆ سێکس کردن بە ڕیخۆڵەی ئاژەڵان کراوە، ئەوا ئەمڕۆ چەندەها ئامێریش بەکار دێت لە سێکسوالیتێدا بە تاک بێت یان بە جووت بۆ یارمەتی دانی کێڵان، لە بەر ئەوەی ئەگەر جاران بە پاچ و پاشان بە ئاژەڵ زەویمان دەکێڵا، ئەوا ئەمڕۆ ماشینی ئێجگار ئاڵۆز بۆ بەرهەم هێنان بەکار دەهێنین، بە هەمان شێوە لە سێکسوالیتێدا هەر لە کۆنەوە چەندەها کەل و پەل بەکار هاتوون، هەندێکیان بۆ زەوتکردن و ڕیگرتن لە سێکس کردن لە ئافرەتان کاتێک پیاوان دەچوون بۆ شەڕ و ژنەکانیان جێ دەهێشتن، زۆریشیان بۆ زیادکردن و وروژاندنی هەوەسی خۆیان بوون.

ئەگەر سێکستۆی هەر لە مێژەوە بوونی هەبووە و بۆ ئەوانەشی کە نەیان توانیوە لە بازاڕدا وەدستی بخەن، ئەوا میوەی وەک خەیار و مۆز توانیویەتی ئەو کەمیە پڕ بکەنەوە. هەرچەندە هەموو ئەو سێکستۆیانە لەلایەن پیاوانەوە و بۆ مەبەستی وروژاندنی زیاتر

خۆیان بووە هەتا مێینە، بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی چونە پێشەوەی تەکنەلۆژیای نویێ، ئامێری گرنگ پەیدا بوون، ئامێری زۆر کاریگەر بۆ ژنان، هەندێک جار ئەم ئامێرانە دەتوانرێت لە کاتی سێکس کردندا بە جووت بەکار بهێنرێن. یەکێک لەو ئامێرانە ناوی سێکستۆی کەروێشک (Sex Toy Rabbit ) وەک لە وێنەکدا دەیبینن دوو گوێچکەی هەیە و لە کەروێشک دەچێت، دەچێتە سەر میتکە و دەی ورووژێنێت، بەشەکەی تری لە شکڵی نێرتکدایە و دەچێتە ناو زێوە، بەڵام ئەو کچانەی بەکاریان هێناوە لێی ناڕازین، جگە لەوەی لە کاتی سێکسکردندا بە جووت، جێگە بۆ نێرتک نابێتەوە، مەگەر بچێتە کونی شەیتانەوە، ئەوەش کەوتۆتە سەر ئارەزووی کەپڵەکە بێ گومان، بەڵام زۆر ڕەوای نیە لای کچان، لەوە دەچێت داهێنەرەکەی پیاوێک بێت.

ئەو ئامێرەی کە ڕەوای زۆرە لای ئافرەتان و تازە هاتۆتە بازاڕەوە، ناوی سەتیسفایەر( Satisfaire)ە، ئامێرێکی ئەڵمانیە و زۆر کەریگەرە و ناوەکەی لە ئاستی کاریگەریی ئامێرەکەدایە. هەر کەسێک تاقی کردۆتەوە لێی ڕازیە، سەد دەرسەد ئافرەت دەورووژێنێت و دەگاتە ئۆرگاسمێکی بەهێز بە کاتێکی خێرا. پێ دەچێت داهێنەرەکەی ئافرەتێک بێت، هەرچەندە گەڕام نەمزانی کێ داهێنەریەتی.

چۆن بەکار دێت:

ئامێرەکە لەگەڵ جەڵێک (لوبریفیکاتەر) دا دەفرۆشرێت، ئەم جەڵە زۆر زۆر کاریگەرە و بۆ دەستپەڕ کردنیش لە تف و لە زۆر جەڵ باشترە. تۆزێک لەو وبریفیکاتەرە دەخرێتە سەر ئامێرەکە و لە هەمان کاتا سەر کوزی کچەکە. ئامێرەکە بچوکە و بە پیل ئیش دەکات لەسەر ڕیتمێکی خێرا تر لە لێدانی دڵ. لە بەر ئەوەی لەزەتی کچان دور و درێژە، دەبێت تۆی نێرینە چاوەڕی بکەیت هەتا خانم خۆی دەورووژێنێت، چاوەڕوان دەکەیت، لە جێمی دوەهەمدا دەچیتە ژورەوە. بەڵام دەسەتە و ئەژنۆ دانانیشیت بە بێ کار، وەک وتراوە: "بەتاڵی هەر بۆ خودا باشە"، لەبەر ئەوەی هەر کاتێک مێینە دەورووژێت، ئارەزوی مژینی هەیە، بۆیە تۆ لە چاوەڕوانیدا دەیخەیتە دەمی و دەستی، دەبێت ئاگادار بیت، لەبەر ئەوەی ئامێرەکە کچان زۆر دەورووژێنێت، پێ دەچێت کێرت بگەزێت، یان تۆزێک لە لوبریفایەرەکە دەخەیتە سەر دەستت و لەش و مەمکی بۆ دەشێلیت.


بە بینینی کەسێک کە زۆر ورووژاوە و لەزەت دەچێژێت، تۆش دە ئەوەندە هەوەست دەورووژێت، لە بەر ئەوەی دیاردەی ورووژاندان پەیوەندی بە سایکۆلۆژیەوە هەیە، بۆیە تۆ لەو کاتەدا زیاتر هەوەست دەورووژێت، کاتێک خانم یەکەم جار ڕەحەت دەبێت، ئەوسا دەتوانیت لە پشتەوە بچیە ژورەوە، لە کاتێکدا خانم خۆی دەورووژێنێت بە سەتیسفایەر شەپۆلی ئامێرەکە دەنێرێتە سەر نێرتکی تۆ و دەتورووژێنێت. دەبێت ئەو ڕاستیە بڵێم ئەمە

یەکە جارە ئامێرێک بەکار بهێنم بەڕاستی کاریگەر بێت. دەتوانن وەک دیاریەک بیبەن بۆ هاوڕێکانتان یان هاوسەرەکانتان، زۆر گرانبەها نیەو تەنها نرخی 35 یۆرۆیە.

سەفەر سەلامەت

وێنەکەی سەرەوە، فیلمی "رۆژێ رابیتە"؛ ئەو ژنە جوانە سێکسیەی کە ئاشقی ئەو کەروێشکە بچکۆلە ناشرینە بووە لە فیلمەکەدا. کاتێک کابرایەک لێی دەپرسێت: باشە تۆ بەو جوانیەتەوە چی دەکەیت لەگەڵ ئەو کەروێشکە ناشرینەدا؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: لە بەر ئەوەی دەمهێنێتە پێکەنین.

**کۆتایی**



**کچێکی کورد بە جلکی پیاوانەوە**



**سەردار حەمەڕەش بە جلکی ژنانەوە.**

## شانازی بە ژنایەتی خۆتەوە بکە نەک بە شەرواڵی پیاوەتی

هەرکاتێک تۆ جلکی پیاوانە دەپۆشیت و بە ئازادی سەرچۆپی دەگریت، سەما دەکەیت لە نێو شەقامەکانی شاردا، چەندەها پیاو لە دەوروبەرت، بە شانازییەوە تێت دەڕوانن. چونکا بەرگی کۆیلایەتی خۆتت داکەندووە، ئیدی بویتە مرۆڤێکی ئازاد و وەک ئەوان بۆت هەیە سەما بکەیت، شانازی بە جەستەتەوە بکەیت. کوڕان بە شازییەوە تێت دەڕوانن و پێت دەڵێن:

هەی ئافرەم شێرە ژن، هەی ئافەرم ژنی مەرد...!!!!!!

هەرگیز پیاوێکمان نەدیت جلکی تۆ بپۆشێت و شانازیت پێوە بکات، هەڵپەڕکێ و سەما بە جلکی تۆوە بکات، چونکا هەموو ئەو کارانەی کە تۆ دەیکەیت وەک جلکەکانت، کار و پیشە و مۆدێلی کۆیلەن لای کەڵە پیاوان. خۆ ئەگەر من جلکی تۆی کۆیلە بپۆشم، هەرخێرا پێم دەڵێن:

بێ شەرەفە، بێ غیرەتە، ژنانییە، حیزە، سەرشۆڕە ...!!!

ئەوانەشی وەها نالێن، شەرم دایان دەگرێت، چونکا بە دەست خۆیان نییە، مێژووی کۆیلایەتی تۆ لە نەسەتیاندا چێنراوە. چونکا تۆ هەرگیز یەکسان نەبوویت بەو، سەردەمێکی کورت نەبێت لە پێش مێژوودا هەندێک سەربەستیت وەدەست هێنا، بەڵام دەرێژە خایەن نەبوو؛ ئەو دەمەی کەش و هەوا گەرمبوونەوە و گژوگیا وەدەرکەوتن، توانیت منداڵەکەت بخەیتە کۆڵت و بەروبومی سورشتی بچنیتەوە و چاوەڕوانی دەستی ئاغا نەکەیت کاتێک دووگیانیت. خۆ ئەگەر کەسانی ڕۆمانتیک و فەمینیستەکان وایان باوەڕە کە گوایە لەسەردەمەنێکدا دایکسالاری هەبووە یان تۆ خواوەند بوویت و پەرستراویت، نەخێر، تۆ هەرگیز وەک خواوەند نە پەرستراویت. ئەگەریش وەک ئینانا خواوەند بوبیت لەسەرەتای شارستانییەتا، بە مەبەستی پێدانی مۆدێلێک بووە بە ژنان، بۆ ڕازیکردنی هەوەسی پیاوان، هەتا هەوەسی نێرتکی شەست پیاوان ڕازی بکەیت و هیلاک نەبیت وەک ئینانا، یان ببیتە ماتریکسی جینی خۆویستی کەڵە پیاوان و وەچەیەکی نێرینەیان بۆ بخەیتەوە.

شانازی بە ژنایەتی خۆتەوە بکە، نەک بە شەرواڵی پیاوەتی.

باوەڕ بە پیاوانی سەردەمی مۆدێرنیش مەکە، کاتێک دەڵێن دەتپەرستن، یان گوایە تۆ وەک حۆری و پەریت. نا، درۆزنن هەڵپەرستن. ئەگەر ڕاست ئێژن با بتخەنە ڕیزی خۆیان، چونکا ئەگەر خودا ئادەمی بە کارکردن سزادا و تۆی بە ئازاری زایین، ئەوا تۆ جگە لە ئازاری زایین، هەردەم لەو زیاتر کارت کردووە؛ زۆربەی داهێنانە بنەڕەتییەکانی پێش مێژوو هی تۆن، وەکماڵیکردنی ڕووەک و ئاژەڵان و دروستکردنی کوفە و ...تاد. کەڵە پیاوان کاتێک دەستیان کرد بە چاندن کە بینیان ئاژەڵان زەویەکەی بۆ دەکێڵین، دەنا تۆ لە پێشدا دەستت بە چاندن کرد و داهێنانی تۆیە. شووێنەوارناسیی هەڵتۆقیویی لەسەر ئێسکە پەیکەری کلاوە ئەژنۆت و بڕبڕەی پشت و پەنجەکانی قاچت، لەسەردەمی نێۆلیتیکدا دەیسەلمێنێت کە تۆ دانوێلەت لەسەر ئەژنۆ هاڕیوە. پێستت کەوڵ کردووە، ئاگرت کردۆتەوە، منداڵت بە خیو کردووە، ماڵت ڕازاندۆتەوە، جلک و کاسە و کەوچکت شوشتووە، درومانت کردووە، مانگات دۆشیوە، ماست و دۆشا و پەنیرت دروست

کردووە، فەرشت چنیوە، مەشکەت ژەنیوە، هەویرت شێلاوە نانت خستۆتە تەنورەوە. گشت پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان نانی دەستی تۆیان خواردووە. ڕۆژ تا ئێواری لەو دەشتودەرەش، بە دەستێکت باخەوانی و بەدەستەکەی ترت شیرت داوە بە منداڵەکەت. ئاغاش لە کونجوڕێکی مزگەوتا بەدەم بژاردنی دەنکە تەزبیح و خوێندنەوەی سورەتی ئەنفالەوە، تۆی بە ناقیس و لئەقڵ لە قەڵەم داوە. هەرکاتێکیش تۆ جێت هێشتووە، بە بێ تۆ نەیتوانیوە، هەنگاوێکی نەناوە. کاتێکیش لە ژێر پردێکدا خۆی بینوەتەوە، گری گری، تۆی خەتابار کردووە، گوایە تۆ جێت هێشتووە و خیانەتت لێ کردووە. یان کاتێک فیشەکێکی بە سەرتەوە ناوە، بە شانازییەوە گووتویەتی لەبەر ئەوەی خۆشی ویستویت و تۆ خیانەتت لێ کردووە.

شانازی بە ژنایەتی خۆتەوە بکە، نەک بە شەروالی پیاوەتی.

نەکەی شۆڕشەکەت بدەیتە دەست ئەو شەرواڵ لەبەرانە. خەبات بۆ کوردستانێکی ئازادیش مەکە ئەگەر مافەکانت تێیدا پشتگوێ خرابن، تەنانەت شۆڕشێکیش مەکە بۆ ئازادی. چونکا ئازادی بیرۆکەیەی هەڵبەستراوە، بوونی نییە. خۆ مەبەستم ئەوە نییە کە پێت بڵێم شۆڕشێک بکە دژی پیاوان، نا، تەنها داوای مافی خۆت بکە وەک پیاوان. چونکا زۆربەی ئەو تاوانانەی کە کراون لەسەر شەرەف بەو شەرواڵەوە ئەنجامدراون. یان کاتێک لەبەندیخانەکاندا لاقەیان کردویت، نەک نەتتوانیوە باسی ئازارەکانی جەستە و دەرونت بکەیت، بگرە هاوەڵە نێرنەکانی ڕێگای خەباتیشت ڕوویان لی وەرگێراویت. چونکا تۆی لاقەکراوی جەنگ جێگای شەرمیت، بویتە پەڵەیەکی ڕەش بەسەروچاوی کەڵە پیاوانەوە. تۆ تەنانەت دوای جەنگیش بۆت نەبووە باسی زامەکانت بکەیت وەک ئەوان، چونکا زامەکانی تۆ جیاوازن، سەرشۆڕین بۆ کەڵە پیاوان. ئیدی تێ دەگەیت بۆچی مۆنیومەنتی سەربازی ونبووت بۆ نەکراوە؟ چونکا تۆ هەمیشە قوربانی جەنگ بوویت و لاقەکراویت لەگەڵ ئەوەشدا پەیکەرێکت بۆ نەکراوە.

شانازی بە ژنایەتی خۆتەوە بکە، نەک بە شەروالی پیاوەتی.

ئەگەر تاڵەکانی قژی تۆ بونەتە کالایەکی سیاسی لە نێوان ئێران و سعودیەدا؛ ئەمیان دای دەپۆشێت و ئەوی تریان والای دەکات. مەبەست ئەوە نییە کە قژی تۆ نێرتکیان ڕەپ دەکات، نا نەخێر. لەبەر ئەوەی تاڵە قژی ئازاد بە دەم باوە، بە مانای سەربەستی دێت،

بۆیە دەبێت تۆ هەمیشە لە تەک کەڵە پیاواندا داپۆشرابیت، نەوەکا ژنایەتی تۆ ئەوان لە پیاوەتی بخات. ئایا دەزانیت کە هەموو سیستەمێکی سیاسی لەسەر جەستەی تۆ وەستاوە، هەرکاتێک سیستەمێکیش دەگۆڕین، دەبێت سەرلەنوێ بە جەستەی تۆدا تێپەڕن، جارێکی تر مافەکانت بدنەوە بەر پرسیار، چونکا جەستەی تۆ جێگای هەوەسە، جێگای هەقیقەتە، ئاستی واڵاکردنی جەستەت بەستراوەتەوە بە ئاستی ئاگایی و ژیری مرۆڤەوە، ئەو ولاتانەی کە تۆ تێیدا داپۆشراویت لەسەر زانیاری ئەوانە دەژین کە تۆ تێیدا زیاتر ئازادیت پی دراوە. گوێ بە قسەی ئەو کۆکلە ڕۆشنبیرانەش مەدە کە پێت دەڵێن: ئاممان با لە باشور لەچک نەسوتێنین چونکا لە باشور پەچە نەسەپێنراوە. ئەوانە کۆکلە ڕۆشنبیری گێلن، چونکا لە باشور ژێردەستەیی ژن بە ژیرییەکی وەها سەپێنراوە، کە کچان بە داوای خۆیان، خۆیان دادەپۆشن، لەبەر ئەوەی هەموو ڕۆژێک پیاوانی سەلەفی لە مینبەرەکانەوە بە پەتیارە و لەشفرۆش ناوت براوە.

شانازنی بە ژنایەتی خۆتەوە بکە. بڕۆ سەر جادە و بقیژێنە، بە بێ سەرپۆش، سوخمەی مەمک و دەرپێکەشت بسوتێنە.

ئاغا، بۆ هەر جێگایەک چووبێت، نێرتکی زەبەلاحی خۆی لەبەرد داتاشیوە، وەک مۆنمۆنتێکی پیرۆز و ڕەمزی دەسەڵات و هێز و توانای خۆی چەقاندویەتی، بەڵام کوزی تۆ هەمیشە جێگای شەرم بووە، شاراوە بووە، بە مەرجێک لە زێی تۆوە هاتۆتە ئەم جیهانە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەڵە پیاوە توانای نییە شانازیت پێوە بکات، خۆشی وەک فەیلەسوف و مرۆڤی بەئەگا ناودەبات. بڕۆ لە هەموو شەقامێکی شاردا پەیکەری کوزی خۆت دابنێ، با ئارەقی شەرمەزاری بیانگرێ.

شانازی بە ژنایەتی خۆتەوە بکە، نەک بە شەرواڵی پیاوەتی.

من ژان نیمە بەڵام دانی پێدا دەنێم کە حەزم بە کۆبونەوەی پیاوان نینە، ئەو شوێنەی تۆی لێ نەبیت گەرەکەم نییە. ئەگەر پیاوێک تەنها یەک پیاو، تەنها یەک پیاو، وەک من شانازای بە جلکی ئاڵا واڵای تۆوە کرد، ئەوسا تۆش دەتوانیت سەرچۆپی بگریت و سەما بکەیت بە شەرواڵی کەڵە پیاوانەوە.

شانازی بە ژنایەتی خۆتەوە بکە، نەک بە شەرواڵی پیاوانەوە خانم.

**کۆتایی**



## کچانی پۆرنۆ و سیاسەتی پۆرنۆ.

ئەو کچانەی فیلمی پۆرنۆ دەکەن و ئەوانەشی لاقە دەکرێن، یەکەم کاریان بە خۆڕسکانە ئەوەیە کە هەر خێرا دەچن خۆیان دەشۆن، جەستەیان خاوێن دەکەنەوە، چونکا ئاو بە غەریزە پاککردنەوەی پیسییە. خۆ ئەگەر کچەی لاقەکراو دەستدرێژی کراوەتە سەر و بە هەڵبژاردەی خۆی نەبووە، ئەوا خانمی پۆرنۆش هەڵبژاردەکەی سنوردارە و بە ڕوکەشە؛ باری ئابوری و ئەقڵێک پاڵنەرە کە کارێک هەڵبژێرێت دژ بە هست و خواستی خۆی. لەگەڵ ئەوەشدا دەلێت کە ئەو خۆی ئەو کارەی هەڵبژاردووە و زۆر بەختیارە.

دوای ئەوەی بە چوار نێرەکەر تێی دەکەون و یەکێکیان کێری زەبەلاحی هەتا قوڕقوڕاگەی دەبات و ئەوی تریان بەبێ ئەوەی کونی قونی بۆ چەور بکات ڕاستەو خۆ هەتا گەدەی بۆی دەبات، لە کاتێکدا سێهەمیان دەکیشێت بە مەمکیا و بە شەپازلە رومەت و سمتی سوردەکاتەوە و نێرەکەری چوارهەمیش دەیخاتە کونی کوزییەوە. بە هەر چواریان ئەو جەستەیە هەلاهەلا دەکەن، دەیهێنن و دەیبەن. خانم بە هەر دوو دەستیشیی گونی نێرەکەرەکان هەڵدەگلۆفێ و هەرکاتێک چوکی یەکێکیان نیشتەوە، بۆی دەمژێت و ڕەپی دەکاتەوە و دەیخزێنێتەوە کونێکی. جارە جارە یەکێک لە پیاوەکان کونی قونی دەخاتە سەردەمی خانم و دەبێت خانم زمان بخاتە قونی و بۆی بمژێت.

دوای ئەوە هەرچواریان سپێرمی خۆیان بە فیچقە دەڕێژنە سەر جەستە و سەر دەموچاوی، پاشان پێی دەڵێن دەبێت وەک سەگ بە چوار پا، دڵۆپ دڵۆپ سپێرمی نێرەکەرەکان بلێسێتەوە لەسەر کاشی هۆڵەکە. لە کۆتاییدا، کچە دێننە بەردەم کامێرا و پێی دەڵێن:

ئەزمونی خۆتمان بۆ باس بکە لەسەر ئەو کاتە خۆشەی بەسەرت برد لەگەڵ ئەو چوار نێرەکەرەدا.

کچەش وەک ئەم خانمی بێریڤانە، بە خەندەوە ڕودەکاتە کامێراکە و بە دەم لێستنەوەی دواهەمین دڵۆپە سپێرم لەسەر لێوەکانی، دەڵێت: پرۆسەکە بە شێوەیەکی گشتی زۆر باش بەڕیوە چوو، ئەو چوار پیاوە هێندە خزمەتیان کردم، هەموو جەستەیان کردم بە لافاویک لە سپێرم و لەزەت. جیاوازییەکە لەگەڵ جارەکانی تردا ئەوە بوو کە هیچیان پەنجەیان نەخستە قونمەوە بەڵام هەموو کونەکانیان بەکار هێنام، تەنانەت کونە گوێچکەشم.
بەڕاستی هەر چواریان بە بەخشندەییەوە خزمەتیان کردم و بە دەورمدا دەهاتن، بە ڕاستی کەسانی بەخشندەن، بە چوکیان جەستەیان دەشێلام. هیوادارم هەموو ئافرەتێک لەم خۆشی و شادییەی من بێ بەش نەبن. ئەمڕۆ توانیم هەموو توانای خۆم بخەمە گەڕ. پاش ئەوەی هەمویان ڕەحەت بوون سپێرمی هەموویانم لێستەوە، بەڕاستی سپێرمەکانیان شیرین و بەلەزەت بوون، وەک سەرنج دەدەن، هێشتا چەند دڵۆپێک لە سەر لێومدا ماوون ( بە خەندەوە). خواتان لەگەڵ هەتا جارێکی تر و هەڵبژاردنێکی تر.

***

ئەم نوسینە لە دەرئەنجامی چەند قسەیەکی ئەو خانمە نوسی، کە لەکاتی هەڵبژاردنەکانی تورکیادا بە سەروباڵای ئۆردوغاندا دەهۆنیەوە، گوایە ئۆردوگان هەمیشە خزمەتی بە کورد کردوە و...تاد. ئەو هەڵسو- و کەوتەشم ناوناوە سیاسەتی پۆرنۆ.

## کۆتایی



ئەم  چەند دێڕە سادە و خۆڕسکە،  پێشکەشە بە بە ماریا سامی یاخی و قەشەنگ. بە ساکینەی خاوەنی دروشمی ژن، ژییان، ئازادی. بە موفتی پێنجوێنی، ئەو تاکە هۆنیارەی کە بە بێ وچان بەرگریی لە مافی کچان دەکرد،. بە سەرۆک ئاپۆ کە تەنها پیاوی سیاسیی کوردە بە ئاشکرا بەرگری لە مافی کچان دەکات.

***

## << مۆتەکەی بوون بە کچ >>

زۆربەی شەوان، مۆتەکە سوارم دەبێت و تەنگە نەفەس دەبم ؛ چونکا لە خەومدا چومەتەوە بۆ کوردساتان، وەرچەخاوم بۆ کچێ ئێجگار قەشەن و جوان. خۆم دەبینمەوە دەمبەن بە بوکێنی بۆ کوڕێ. هەموو گیانم ڕازاوە، سەرتاپام بە جلکی بوکێنی، بە ملوانکەی ئاڵتون و خشڵی ڕەنگا و ڕەنگ داپۆشراوە، دەستم خەنەی تێگیراوە، ڕۆژێک لەوە و بەر ژنان لە حەمام، هەموو جەستەمیان شێلاوە؛ بنباڵ و توکەبەریان بۆ تاشیووم، بە ڕۆنی بۆندار هەموو جەستە و مەمکۆڵە و ناوگەڵمیان شێلاوە.

شاییە هەڵپەڕکێیە و ڕەشبەڵەکە، کەس بەکەس نییە، هەرا و هوریایە، تەنها من نەبێت خەمگین و ترس ڕوی داپۆشیووم، ئاگام لەخۆم نەماوە، دڵەڕاوکێ و نیگەرانم لەو ناوە. لە ژورێکدا بە تەنیا دانیشتوم، چەپکێ گوڵی ڕەنگاوڕەنگ بە دەستمەوە، دڵتەنگیی و ترس وەک ڕۆبەکەم هەموو هزری داپۆشییوم، ترسی ئەوەی کە ئاخۆ پەردەی کچێنیم نەژاکاوە !!! ؟ ئیدی بە خوێنی ناوگەڵم سمێڵ و ڕیشی پیاوان و کەمەڵگە سورنەکەم وەک باوە.

جەستەی خۆمە !!! کوزی خۆمە !!! بەڵام هەرلە تەمەنی شەش ساڵانەوە پێش باڵق بوون، پێیان گوتووم:

نەکەی کچێ !!! نەکەی کچێ !!! نەکەی کچێ !!!

ئاممان کچێ،!!! ئاممان کچی !!! ئاممان کچێ !!!

ئاممان کچێ، دەنا ئابڕومان دەچێ . چونکا شەرەفی خێزان و کۆمەڵگە و سوڵتە لەسەر کوزی تۆ وەستاوە، ئاگاداربە با شەرەفمان لەکەدار نەبێ، لەبەر کوزی ژاکاوی تۆ با شەرەفمان نەچێ. پێم دەڵێن ئەوە موڵکی تۆ نییە، موڵکی پیاوە. نەکەی بیژاکێنی، چونکا دنیا خەراوە. بۆیە هەرگیز پەنجەم نەکردووە بە کوزما و پارێزراوە، تەنانەت بە نەهێنیش، بە مەبەستی مشتەگانێش نەموێراوە. من تێ ناگەم !!! هەی پیاوانی سەلەفی و دیندار و کەڵەکچی، بۆچی ئێوە خۆتان کردووە بە خاوەنی کوزم، پێم بڵێن بۆچی؟ کوزی خۆمە، پرچی خۆمە، دای ناپۆشم، بە ئێوە چی؟ من خاوەنی جەستەی خۆم نیم، من خاوەنی کوزی خۆم نیم، من خاوەنی هزری خۆ، نیم، من کۆیلەیەکی شاراوەم و کەس نامبینێ، من کۆیلەیەکم بەڵام بە ڕوکەش ڕازوە.

ئیدی ئەمڕۆ گەشتم بە رۆژی حەشر و لە ژوڕێک دا بەتەنیا داینناوم، لەسەر جێگەیەکی ئێجگار ڕازاوە، لە ژورێکی ئێجگار سپیدا، بەتەنیا منیان داناوە. چەپکێ گوڵ بە دەستمەوە و چاوەڕوانم. جارە جارەش چەند ژنێکی بەتەمەن و بەئەزموون دێن و

سەردانم دەکەن. هێورم دەکەنەوە، بە چرپە چرپ و بە ووتی ووتی، دەملاوێننەوە، ئاگادارم دەکەنەوە، چونکا لە ئەگەری ئەوەی کە خوێنم لێ بەرنەبێ، شوشەیەک خوێنی کەڵەشیریان لە ناوگەڵمدا داناوە. هەتا بیکەم بەسەر کێری زاوادا، لە کاتیکدا ئەو دێت و دەچێ، لەناو کوزما، جا ئیتر وەرە، لەو حاڵەدا لە بری چێژ و ئۆرگاسم، گیانت دەرنەچێ !!! پێم دەڵێن، خەمت نەبێ، کیژێ خەمت نەبێ، زاوا سەرمخۆشەو بێ ئاگایە هیچ نابینێ، شەڵەژاوە. پاشان ژنان دەڕۆن و پاش کەمێ، کابرایەکی سمێڵ فش دەرگای ژورەکەم کتوپڕ بەسەرمدا دەکاتەوە و ڕۆحم دەچێ. پەلامارم دەداو دەڵی:

- دای کەنە و لنگت واڵاکە کچێ...

هاوار !!! هاوار !!! هاوار !!!

ئەی هاوار !!! ئەی هاوار !!! ئەی هاوار !!!


بەڕاستی کچانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بەجەرگن.

کوتوپڕ بەدەم هاوار و پانیکەوە خەبەرم دەبێتەوە. سەیرێکی ناوگەڵی خۆم دەکەم، دەبینم هێشتا نێرتکم ماوە. بەڵام لە ترسا هێندە بچوک بۆتەوە، نەماوە. دەڵێم بەڕاستی کچانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی ئێجگار بەجەرگن، لەهەموو ئانوساتێکدا، لەبەر تاڵیک قژی یاخی بووی لەچکەیان، لەبەر نامەیەکی دڵداری، لەبەر سیکسکردن بە ئازادی، دەیان کوژن. گوو بەشەرەفی ئەو پیاوەی شانازی بە خوێنی ناوگەڵی تۆوە دەکا، گوو بەشەرەفی ئەو مەلا دەمشڕە سەلەفیانەیی بەسەر ناوگەڵی تۆوە دەلەوەڕێن. گوو بەشەرەفی ئەو نوسەرانەی بێ دەنگن، گوو بەشەرەفی ئەو بەرپرسانەی سەری خۆیان داخستووە، وەک ئەوەی ئەوە کێشەی ئەوان نەبێ، سەریان شۆڕ و قونیان گاییراوە.

هەزارن ساڵە ئێمە باسی ئازادی و سەروەری دەکەین، باسی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ دەکەین، بەڵام گێل و نەفامین، بەتەنیشت ئەم تاوانلێکراوانەوە دەژین و نایان بینین، ئێمە گێلین، تاوانبارین، بۆیەکا ئامانجمان نەپێکاوە.

من کوردستانێکی ئازادم لۆ چییە کە ئەوان تێیدا بەندکراوبن !!!!

**کۆتایی**




**شانۆی ؛ مۆنۆلۆگی کووز**

(The Vagina Monologues)

مۆنۆلۆگی کوز، شانۆیەکە، ساڵی 1999 لەلایەن کچێکی فەمینیستی ئەمەریکی Eve Enslerە وە نوسراوە، هەتا ئێستاکە بۆ 46 زمان تەرجومە کراوە، بە داخەوە تەرجومە نەکراوە بۆ سەر زمانی کوردیی. باسی تەنگژیەکانی مێینە دەکات بە شێوەیەکی راستەو خۆ و بە کۆمێدی لە لایەن سێ کچەوە بەرامبەر بە بینەر. لە فەرەنسا 3500 جار ئەم

شانۆیە پێشەکش کراوە لە لایەن گرووپی جیاواز و دەرهێنەری جیاوازەوە. هەروەها بە بۆنەی ڕۆژی ئافرەتانی جیهانەوە، لە لایەن سێ ژنە وەزیر، کە هەر یەکێکیان لە بەرەیەکی جیاواز بوون؛ بەرەی چەپ و ڕاست، بەڵام خەباتی فەمینیستی کۆی کردبوونەوە، لە سەر شانۆ هەرسێکیان ئەو دەورەیان بینی. وەک ڕۆژنامەوانکە گووتی: خانمی وەزیری پەروەردە، لەو شانۆیەدا 123 جار ناوی کوزی هێناوە. لەکاتی پێشکەش کردنی شانۆکەشدا گووتی: هێندە هەست بە شەرم دەکین وەک پیاو، هەروا ئاسان نیە بۆ پیاوێک چوکی ڕەپ بێت لەم ساڵەدا.

مۆنۆلۆگی کوز، بریتیە لە تێکستی ڕاستەو خۆی کۆکراوەی ژنانی ئەمریکی و ئەوروپی لەسەر تەنگژی کوزیان بە دەست باوک سالاریەوە، بەڵام شانۆکە تەنها باسی تەنگژیەکانی کوزی ژنانی پێست سپی دەکات. بۆیە بڕیار درا بە هەمان شێوە لەگەڵ ژنانی جیهانی ئیسلامی ئەوروپادا؛ ئێرانی و تورکی و مەغریبی...تاد، کۆببەنەوە و تێکستەکش بگونجێنن لەگەڵ تەنگژیەکانی ئەوان. ئێستاکە ئەم شانۆیە لە زۆر ولاتانی جیهاندا بە پێی کەڵچەری وڵاتەکە و تەنگژی کوزی مێینە لەو وڵاتانەدا بە جۆرێکی تر دەنوسرێتەوە. لە چەند مەشهەدێکدا بینیم چۆن کچانی موسڵمان باسی ئەوە دەکەن، لە کاتی سێکسکردندا بیبەر دەخەنە کوزییانەوە بۆ ئەوەی لە کاتی جووت بووندا ئازار بچێژن و هاوار بکەن، هەتا کوڕەی ڕۆژ هەڵاتی وەها بزانێت کە ئەو کچە پاکیژەیە و لەگەڵ کوڕی تردا سێکسی نەکردووە لەوە و بەر، زۆر تەنگژی تر کە بەستراونەتەوە بە تەنگژکی دین و کەڵچەری ئیسلامیەوە بۆ چەمکی سێکسوالیتێی مێینە و کوز.

دیالۆگ، بریتیە لە وتووێژ لە نێوان دوو بەرەدا. بەڵام مۆنۆلۆگ، واتە؛ وتوو وێژ لەگەڵ خود، زۆر جاران مۆنۆلۆگ بریتیە لە لاواندنەوە و سکاڵا. لەم شانۆیەدا؛(مۆنۆلۆگی کوز ) ، کوز، سکاڵای خۆی دەکاتەوە. ئەگەر کوز مۆنۆلۆگ دەکات، لە بەر ئەوەیە کە چوک نازانێت دیالۆگ چیە، تەنها مۆنۆلۆگ دەزانێت، مۆنۆلۆگی چوکیش، سکاڵا نیە، بەڵکو بریتیە لە لوت بە یکدادان و مۆن بوون و شەڕان گێڕی، بە تایبەتی چوکی ڕەپ، چوکی ڕەپ؛ ئەو پارچە گۆشتەی کە فەمینستەکان ناویان ناوە؛ داری شەیتان، داری ئەشکەنجە. وەک هاوڕێیەکی فەرەنسیم بۆی دەگێڕامەوە : ( زۆر بەیانیان باوەپیارەم دەیکرد بە شەڕ و بۆلە بۆڵ و ئاژاوە، دایکیشم پێی دەگووت: ئەوە دوێ شەو بۆم نە مژیویت بۆیە وەها بۆڵە بۆ دەکەیت ؟ )

چوکی ڕەپ، زیاتر لە مولازم موحسین دەچێت، نازانێت دیالۆگ چیە، بێ مێشکە، گێلە، نەفامە، دەبێت پەروەردە بکرێت، بە دارێکی سیحراویش ناتوانین گۆڕانکاری لە هەڵس و کەوتیدا بکەین، وەک بەختیار عەلی، لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا؛ مولازم

موحسین (کابرای جەلاد) کە چاوی بەندکراوەکان بە بێ بەزەیی و بە زیندوویی هەڵ دەکۆڵێت، بە بیستنی عەزفی فلوتێک، کوتووپڕ دەبێتە کەسێکی مرۆڤ دۆست و دەیەوێت داداگایی بکرێت. ئەوە هەر کاکە بەختیارە ئەو توانایەی هەیە، بە دارێکی جادوگەریی، وەک لە چیرۆکی؛ پاشای بۆقدا، بۆقێکمان بۆ بکات بە شازادە. ڕاستە خاڵی وەرچەرخانی کوتووپڕ هەنە، کە دەبێتە هۆکاری تەقینەوە، وەک کاتێک دڵۆپێک ئاوی زێدە، وەها دەکات کە سوراحیەکە لێیَ بڕوات، بەڵام وەرچەرخان پێویستی بە زەمەنە، بە ڕاڤەکردن و تێپەڕبوونە بە ناکۆکیدا، پێویستی بە ئاگاییە بە نەست، پێویستی بە شانۆی لەم جۆرەیە.


ئەگەر کوز دەتوانێت، بدویت، گۆرانی خۆش بچڕێت و ئاوازی خۆش بژەنێت، لە بەر ئەوەیە کە خاوەنی چەندەها لێوە، خاوەنی پارچەیەک زمانی هەڵئاوساویشە، خاوەنی ڕوبارێکی خوڕی پڕ لە ئاوی سازگاریشە، دارستانێکی چڕەم ئاڵۆزە بە وێنای ژیان چونکا شوێنی ژینەوەیە. هەر کاتێکیش دەکەوێتە ووت و وێژ، ئیتر وەستانی هاسان نیە، بەڵام دەبێت بینەری هەبیێت، یانژی گوێ بیست، دەنا دەکەوێتە مۆنۆلۆگەوە، ساکاڵا دەکاتەوە، بۆیە کوزی کچانی کوورد، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی هەمیشە لە مۆنۆلۆگدان، لە بەر ئەوەی گوێ بیستیان نیە. هەرچەندە وەهام بیستوە کە کچانی کورد گۆرانی خۆش دەچڕن، مۆسیقای نایاب دەژەنن، ئامادەی دیالۆگن، بە هۆی کەڵچەرێکیانەوە کە پتر ئازاد ترە لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیی. من خۆم ناتوانم ئەو شایەتەیە بدەم، لەبەر ئەوەی کە هەر زوو کوردستانم جێ هێشتوە و دیالۆگم لە گەڵ کوزی کوردیدا نەکردووە. بۆیەکا هەرگیز گوێ بیستی ئاوازیان نەبووم. بەڵام ڕۆژێک بە ڕێکەوت، کەووتم بەسەر کچێکی کووردی ڕۆژهەڵاتا؛ بەنەفشە، هەرچەندە بە نەفشە کوردی نەدەزانی و لە تاران ژیا بوو، وەک شێخ رەزا دەڵێت: دایکی حیز بوو باوکی نەی دەزانی. بەڵام بەنەفشە کوورد بوو، بە هەلم زانی دیالۆگێک لە گەڵ کوزی بەنەفشەدا ڕێک بخەم، یانژی ئاوازی مۆسیقایەکی دڵ گیر.

لە کاتێکدا هەردووکمان لە ساڵۆنێکی گەورەدا دانیشتبووین، ویستم دەست بکەم بە ژەنینی، بە ئاستەم داری کەمانچەکەم دەرهێنا بوو، هێشتا نەم خستبوە سەر تەلی دەنگداری، و دەستم دەهێنا بە کەمانچەکەیدا، بەنەفشە کەوتە هاوار هاوار و گۆارنی ووتنێکی درۆ، ئاوازەکەی زۆر بە درۆ دەهاتە بەر گوێم، نەشاز بوو، ئازاوێک بوو وەک ئاوازی عەزفی فلوتی شاری مۆسیقارە سپیەکان، درۆزن بوو، بۆیەکا داری کەمانچەکەم خستەوە بن باخەڵم و گووتم: خوشکێ، من لەو پیاوانە نیم کە بتوانیت بە ئاوازی درۆ بە دارێکی سیحراوی هەوەسم بورووژێنیت، چووکم رەپ بکەیت، وەرم گێڕیت، من فێری ئاوازی ڕەسەنم. بەنەفشە وەستا لە گۆرانی چڕین و پرساری لێ کردم کە چ ئاوازێکم پێ خۆشە، لە بەر ئەوەی کە ئەو تەنها ئەو ئاوازە فێربووە بۆ هەڵخەڵتاندنی چووکی بێ مێشک، چووکی گێل و نەفام، ئەگەر من ئەو ئاوازەم بە درۆ دێتە بەرگوێ، ئەوا لە ولاتی

بەنەفشەدا هەمیشە کاریگەر بووە. بەنەفشە نێتی خراپ نەبوو، بەو مەبەسە هاواری دەکرد وەک کچێکی ڕۆژهەلاتی، هەتا بەو ئاوازەی تێم بگەیەنێت کە ئەو دیالۆگ دەکات، بەڵام بۆ من مۆنۆلۆگ بوو.

لەبەر ئەوەی چەند سەردەمێک لەوە و بەر، ئاشناییم لەگەڵ کچێکی گۆرانی بێژی ئۆپرادا هەبوو، چەند زانیاریەکم لە سەر ئاواز و جۆری گۆرانی ووتن هەبوون، هەرچەندە من لەوە و بەر هیچ جۆرە وانەیەکم لە گۆرانی ووتندا وەرنەگرتبوو، بەڵام بە ئەنستات هەندێک تەکنیکی گۆرانی و هەناسەدان فێر بوبووم؛ لەگەڵ سۆفی گەریدا هەناسەدان فێر بوبووم، هەروەها لەبەر ئەوەی کە بە گۆرانی حەمەساڵح دیلان سەرسام بووم، ئاوازەکانی ئەوم لەبەر کرد بوون، بۆیە من بە مێشک گۆرانیم دەووت وەک ئەو، نەک بە قوڕگ وەک حەسەن زیرەک و محەمەدی ماملێ. کاتێک ئەو کچەم ناسی هەندێک تەکنیکی گۆرانی ووتنی فێر کردم، کە چۆن سێ جۆر گۆرانی ووتن هەنە؛ بە قورگ، بە مێشک، بە سنگ. واتە هەوڵ دەدەیت دەنگت لە یەکێک لەو سێ شوێنانەدا دەنگ بداتەوە کە دەتەوێت. هەمان ئاواز، هەمان گۆرانی کاتێک شوێنی دەنگدانەوەی دەگۆڕیت، لە قوڕگەوە بۆ سنگ یان بۆ مێشک، ئەوا تەواوی جۆری ئاوازەکە دەگۆڕێت، بەڵام گۆرانی ووتن بە قوڕگ، جگە لەوەی گۆرانی بێژەکە ماندو دەکات لە هەمان کاتا گوێ بیستیش هیلاک دەکات. ئەو کچە گۆرانی بێژەش، بە سنگ گۆرانی دەگووت. دان بەوەدا دەنێم کە دەیتوانی بە سنگ گۆرانی بچڕیت، لەبەر ئەوەی خاوەنی سینە و مەمکێکی ئێجگار فراوان بوو. کاتێک بڕیارماندا پێکەوە ئاوازێک بچڕین، لە کاتێکدا داری کەمانچەکەم خستبووە سەر کەمانچەکەیی و ئەویش بەسەرمەوە دەهات و دەچوو، لەبەر ئەوەی کە بە سنگ گۆرانی دەووت، سنگ و مەمکۆڵەکانی بە سەر سەروچاومدا وەک شەپۆلی دەریایەکی دڵگیر دەهاتن و دەچوون، لە گەرمەی مۆسیقا ژەنیندا بووم لە کاتێکدا ئەو بە سەرمەوە بوو، داوام لێ کرد کە ئایا دەتونێت بە کووز گۆرانیم بۆ بچڕێت؟ بێ یەک و دوو دەستی کرد بە چرینی ئاوازێکی ئۆپرای قەشەنگ، دەنگی لە سینەیەوە وەک شەپۆلێکی بەتینی دەریای ئەتڵەنتیک بە کوزیا تێ پەڕ دەبوو و دەکەوتە سەر داری کەمانچەکەم، وەهای دەلەراندەوە کە ئاوازەکە بە هەموو گیانمدا تێ دەپەڕی و سەدای دەدایەوە، وەک ئەوەی لە ساڵێ ئۆپرای پاریسدا بم، دەنگی ئەو خانمە هەموو گیانمی گرتبووە خۆی و دەیە هەژاند.

**(داوا لە هاوسەرەکانتان بکەن، بە کووز گۆرانیتان بۆ بڵێن )**



## مۆنۆلۆگی کوزم خوێندەوە.

چەند دێڕێک لە کتێبی مۆنۆلۆگی کووز :

هەموو ساڵێک، هەشت سەد هەزار ملوێن، تا سەد هەزار ملوێن کیژۆڵە لە جیهاندا خەتەنە دەکرێن، ئەگەر ئەوە ناوبنێین خەتەنە! چونکێ ئەگەرئەو خەتەنەیە بچوێنین بە چوکی پیاویك، زۆر جۆریان، وەک ئەوە وایە هەموو چوک لە بنەوە بڕایبێتەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە بە پێستێک داپۆشرابێت.

لەساڵی 1948 لە ئەمەریکا، ئالەتێکیان لە سەر کیژۆڵەیەکی پێنج سڵانە تاقی کردەوە بە مەبەستی ڕیگریکردنی کچان لە دەستپەڕکردن.

شتێک لە ناو گەڵمدایە، نازانم چیە، نازانم لە کوێیە، دەستی بۆ نابەم، لەو سەردەمەوە، هەرگیز، بۆ هەتایە. ناتوانم بۆنی بۆگەنی ئاژەڵی مردووی سەربڕاووی لێ دابڕم، سەریان بڕیوە و ڕۆبی هاوینانم پیس دەکات. لەو ڕۆژەوەی ئەسکەرەکان تەفەنگێکی درێژیان خستە ناوگەڵمەوە، زۆر سارد، لولەی ئاسنەکەی دڵی دەگرتم، نەم دەزانی ئایا دەی تەقێنن یان لولەکەی هەتا مێشکم دەبەن. دڕندە، بە دەمامکی ڕەشەوە، بوتڵێشیان تێ دەبڕیم، پاشان کلکی گسک. ئیتر سەیری ناکەم لەوەتەی پێستیان دڕاندم ....هەرگیزا و هەرگیز، لە وەتەی پارچەیەک لە کوزم لە دەستما مایەوە، پارچەیەک لە لێوی کوزم کە ئێستاکە بەشیکی بە تەواوی نەماوە. هەرگیزا و هەرگیز، لەوەتەی بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ، هەر یەکێکیان بە نۆرە، بە بۆگەنی گۆشتی دوکەڵاویەوە، لە ناو مندا سپێرمی پیسی خۆیان جێ هێشت، بووم بە ڕوبارێکی بۆگەنی پڕ لە ماسی مردۆک، بۆگەنم لێ دەهات.

***

هەرکەسێک ئەو کتێبەی ( Eve Ensler ) بخوێنێتەوە، جارێکی تر بە هەمان جۆر ناڕوانێتە لەشی ئافرەت. ئەوەی ئەو تێکستە بخوێنێتەوە، جارێکی تر سێکس بەهەمان شێوە ناکات.

لە کتێبخانەی گەڕەک داوای کتێبەکەم کرد، کچەی کتێبخانە زۆری پێ خۆش بوو کە ئەو کتێبە داوادەکەم، خێرا دەستی برد بۆ کتێبەکە و دایە دەستم بە خەندەوە، نرخی تەنها 12.50 ئۆرۆیە. کتێبێکی بچووکە، بە زمانێکی ئەدەبی سەردەم نوسراوە، بە ڕۆژێک دەخوێندرێتەوە. کتێبێکی کاریگەرە، بۆ هەموو خوێندەرێکیش دەشێت، خزمەت زیاتر دەکات لەو کتێبانەی سەدەها پەڕەن و هەموو کەس لێیان تێ ناگەن. پێویستە هەموو گەنجێک ئەو کتێبە بخوێنێتەوە، هەتاوەکو تێ بگات لە ئازارەکانی کوز. تێکستێکی شانۆیی نیە بەڵام گونجێندراوە بۆ شانۆ. تێکستی ژنە فەمێنیستی ئەمریکی (Gloria Steinem)ە،

بریتیە لە نۆتی ئەو ژنانەی باسی تەگنژی کوزی خۆیان کردووە. دوای ئەوەی لە لایەن ئێدیتەرێکەوە پێشنیاری پارەیەکی زۆر بۆ نوسەرکە دەکرێت بۆ بڵاوکردنەوەی، بەلام پێی باشترە بیدات بە نوسەری فەمینیست؛ (Eve Ensler) بە مەرجێک وشەی کوزی لەبیر نەچێت لە تایتڵەکەیدا.

لە بەشی یەکەمدا لە بەر پێکەنەین نەم دەتوانی پەڕەگرافەکانی تەواو بکەم، پاشان وەک خەنجەرێک دەچێت بە هەناوتا و شەرم لە خۆت دەکەیت وەک پیاو، کە دوو هەزار ساڵە بە تەنیشت ئەو تاوانانەوە دەژیت، کەچی نەک بێ دەنگیت هەڵبژاردووە، تەنانەت نای بینیت. لە بەشی کۆتاییدا بە نۆت و ئاوازی ناسک ماڵئاوایت لێ دەکات، لەسەر ئاوازی ڕیتمی ئۆرگاسم. بە تەنها دێڕێکیش دژی پیاوان نادوێت.

تێ دەگەیت بۆچی بە ڕاستەو خۆ دەڵێت: کوز. بەشکو ئیتر ئەو بەشەی کە بریتیە لە شوێنی لەزەتی مێینە، وەک شەرمێك نەبینرێت، نەشارێتەوە، ئیتر نەوترێت: عەیبەکەم، شتەکەم، ئەوەی خوارەوەم، دەعباکەم، پشیلەکەم، قالۆنچەکەم...تاد. هەر بەو مۆنتالیتێیەش برادەرێکی ئازیز، رەتی کردەوە نوسینەکەم لە سەر مۆنۆلگی کوز بڵاوبکاتەوە لە سایتەکەیاندا، گووتی: بە مەرجێک بڵاوی دەکەینەوە ئەگەر تایتڵەکەی بگۆڕم، بۆ نمونە، بیکەم بە : بز.

لە سەرەتاوە، نوسەر کتێبەکەی پێشکەش دەکات بە هەموو ئافرەتانی جیهان، لە کۆتاییدا بە کچەکەی، باسی ئەو ژنەش دەکات کە هەتا تەمەنی حەفتا و دوو ساڵی، کوزی خۆی نەبینی بوو، نەی دەزانی ئۆرگاسم و لەزەت چییە.

***

نەهامەتیەکە ئەوەیە ئەو کەسانەشی کە بەرگری لە مێینە دەکەن، زۆر ڕێزیان لێ ناگیرێت لە کۆمەڵگەدا، موفتی پێنجوێنی، تەنها ڕۆشنبیر و شاعیرێکە کە بەرگری لە مێینە کردووە لە سەردەمەکەیدا، لەو سەردەمەدا کە خەڵکی بە شیعری درۆزن باسی قژی لول و چاوی بەخوماری کچانیان کردوە و هۆنراوەیان ڕازاندۆتەوە بۆ هەوەسی خەفەکراویان، هەرگیز ئازاری ئەوانیان نەبینیەوە و بە دێڕێکیش ئاماژەیان پێ نەداوە، بۆیەکا کووتوپڕ
هۆنراوەکانی مامۆستا گۆرانیشم لە بەرچاو کەوتن، ئەو هۆنراوانەی بە دەم ڕێگاوە کاتێک گەنج بووم دەم ووتنەوە:

قژ کاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگا کاڵ

ئەی کچە جواەکەی سەر گۆنا نەختێک ئاڵ.

بۆیەکا موفتی پێنجوێنیش ئەم هۆنروانەی خۆش گەرەک نەبوو، منیش وەک هەموو کەسێک دژی موفتی بووم.

وەک بینیمان، شار پڕ بوو لە پەیکەر، بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە ژیانیاندا ڕۆژێك قسەیەکیان کردبێت، پەیکەرێکیان بۆ کردوون، بەلام بۆ موفتی پێنجوێنی بڤە بوو، لە بەر ئەوەی ئەو پیاوە بەرگری لە کۆیلەکان دەکرد، ناچار کچەکەی پاڕایەوە لە شارەوانی بۆ پەیکەرێک. ئاپۆش بە هەمان شێوە؛ نزیکەی بیست ساڵە لە بەندیخانەیە و هیچ ڕۆشنبیرێکی کوردیش ناوی نابات، بەڵام بە خۆشحاڵیەوە وتار و وتەی ڕۆشنبیرانی ئەروپا دووبارە دەکەنەوە بە بێ ئەوەی لێشی تێ بگەن، لە بەر ئەوەی ئاپۆ تەنها پیاوی سیاسیە نەک لە کوردستان بەڵکو لە هەموو جیهاندا بە ڕاشکاوی بەرگری لە مێینە بکات، بۆیە کچانی گەریلا هێندە خۆشیان دەوێت. ئێمە تەنها ئەو دوو پیاوەمان هەیە کە بە ڕشکاوانە بەرگریان لە مێینە کردووە.

نا ئێمە مرۆڤی ژیری ژیر نین، بە پێچەوانەوە، مرۆڤی گێلی گێلین، خەڵکی بنی زمان و سەری زمانیان سیاسەتە، بە هیوای رزگارکردنی کۆمەڵگە لە چەوساندنەوە، باشتر وایە لە ماڵی خۆتەوە دەست پێ بکەیت؛ ئەوەی بە بەرچاوتەوە هەموو ڕۆژێك دەچەوسێنرێتەوە، بەڵام ئێمە گێلین، نەفامین.

هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە ئەو ڕۆژەی کچی پوورم ڕووی تێکردم و گووتی: تۆ شانست هەیە کە کوڕیت. هەگیز بیریشم ناچێتەوە دەیەها گەنجی خوێن گەرم و شۆڕشگێر ڕویان دەکردە ماڵمان و شەوانە لە بەردەم پێکە ئارەقەکانیاندا باسی خەبات و ڕزگاری کۆمەڵگەیان دەکرد لە چەوساندنەوە، بەڵام ژنێک نانی بۆ ئامادە دەکردن، جێگەی بۆ دادەخستن، تەپڵەکی جگەرەی بۆ پاک دەکرنەوە، جلکەکانی بۆ دەشۆردن. هەرگیز ڕۆژێک بە بیریاندا نە دەهات بچن کاسە و کەوچکی بۆ بشۆن و بڵێن با لێرەوە دەست پێ بکەین، لە بەر ئەوەی ئەو کارانە؛ دروومان و منداڵ بەخێوکردن و جلک شتن و ...تاد، هەمیشە وەک کاری کۆیلە بینراون.

بە ڕاستی ئێمە مرۆڤی گێلی گێلین، نەک ژیری ژیر. یان دەبێت گۆڕانکاریەکی ڕادیکاڵانە بکەین لە ژیانماندا یان دەبێت ئەم ژیانە کاول بکەین و کۆتایی بە هەموو شتێک بهێنین.

***

تابوو یان تابۆ (Tabou)، وشەیەکی پۆلۆنیزیایە، دوو ئەنترۆپۆلۆگی ئەمەریکی و ئنگلیزی ساڵی 1870 خستویانەتە ناو زمانی لاتینیەوە.لای ئەوان بەکارهاتووە بۆ ڕێ پێ نەدانی سێکس لە نێوان ئەندامانی خێزان و ڕێ پێ نەدانی نان خواردنی ژن و پیاو پێکەوە دێت.

هەموو ئەم باسانە تابۆن، خەڵکی ڕویان نایەت باسی بکەن، بەڵام ڕویان دێت باسی ئازادی و شۆڕشی درۆزنانە بکەن.

## کۆتایی



## "ماچ و ماچی فەرەنسی و کامەسوترا و دەستەواژەکانی کوز لە زمانی فەنسی و کوردیدا"

****

بێنە ماج،

بێنە ماچ پێ مەکەنە

شۆخی پەنجە بە خەنە

بە بیری جەمال نەبەز؛ ماچ بە مانایماڵینی جێگەیەک (ماشەدان، ماشە ماش) دێت، ماڵینی ڕومەت یان شوێنێکی دی.

***

وەک بینیمان کەمپینێک لەم دواییانەدا لە کوردستان دژی شکاندنی پەیکەری ماچ بەڕێوە چوو، سەرنجماندا چۆن کوڕان ماچی سەری خانمانیان دەکردن. ماچی سەر، خۆشەویستی باوک و دایکە بۆ کوڕ، یان کەسێکی لە تۆ گەورەتر، بە مەنای پاراستنی کەسی ماچ کراو دێت، لە بەر ئەوەی ئەوی دی سەر دادەنەوێنێت لە بەردەم ئاغادا. چاکتر وابوو لە ژێر پەردەوە ماچ بکەن،چونکا ماچی دەم ئەگەر لەسەردەمی

سۆمەرییەکانەوە بوونی هەیە بەڵام هەنووکە کەڵچەری ئەو ناوچەیە نیە، مۆدێلێکی سەردەمی نوێیە. باسی جۆرەکانی ماچ ناکەین بەڵام لە پیش مێژوودا، لە سەر دیواری ئەشکەوتەکان تەنها نەخشیک کە دۆزرابێتەوە گوزارشتی لە ماچ کردبێت، جێی باوەڕ نیە. لە سەردەمی مۆدێرندا دەیگێڕنەوە لە ئەفریقا ئەنترۆپۆلۆگێک بۆ دەستخۆشی کردن لە ئافرەتێکی ئەفریقی، لێێ دەچێە پێشەوە و دەیەوێت ماچی بکات، ئافرەتەکە دەسڵەمێتەوە و دەترسێت، وادەزانێت کابرا دەیەوێت بی خوات.

ئەو ماچەی کە پێی دەڵێن؛ ماچی فەرەنسی، کچ و کوڕ زمان دەسوڕیننەوە لە ناو دەمی یەکتریدا و لیکی یەکتری دەخۆنەوە، دەستوبرد هەوەس دەورووژێنێت؛ نێرتک ڕەپ دەبێت و لێوی کوز هەڵدەئاوسێت. فەرەسنیەکان بە زمانی ڕەشۆک پێی دەڵین پێچانەوەی یان هەڵدانەوەی خاکەناز (Rouler une pelle)، لە بنەڕەتا ماچی فەرەنسی نیە. ساڵانی شەست هیپیەکان لە هندستانەوە هاوردیان بۆ فەرەسا، لە کتێبی ئێرۆتیزمی کامەسوتراوە وەرگیراوە، ئێستاکە دەیفرۆشنەوە بە هندیەکان، هندیەکانیش بێ ئاگا، دەڵێن: ماچی فەرەنسی دەکەین. چونکا هیندیەکان لە ژێر پەردەوە بە شەرمەوە لە کاتی ئاهەنگی بوکێنیدا گوایە ماچ دەکەن. بێ گومان کە تۆ بەهای تابلۆ قوڕینەکانت نەزانی، بەهای شوێنەوارەکانت نەزانی و کردنت بە بەردە نوێژ، بەهای مێژووی خۆتت نەزانی، هەموو کەڵچەرەکەت، ڕشتەی مرواریەکەت، شێخ ڕەزاکەت لە مۆزەخانەنەکانی ئەورپادا دەنیشنەوە.

***

ئیتر ماچی دەم بە هۆکاری فیلمی سینەماییەوە بووە باو وەک ماچی فەرەنسی لە هەموو جیهاندا بڵاوبویەوە.

ئێمەش کاتێک گەشتینە فەرەنسا بە لێشاو ماچمان دەکرد و کچان دەڕشانەوە بە دەممانا بە شەراب و شەمپانیاوە، شەرابی بۆردۆ و شەمپانیامان دەخواردنەوە بە دەم و لێوی کچانەوە.

هیپیەکان زۆر شتی تریشیان هاورد......، بەڵام ئێمە ئەوسا نەمان دەزانی ئەمانە هەمووی لە کامەستراوە هاتوونە، کچانی فەرەنسی دەرسیان دادەداین. کاتێک بۆ یەکەم جار کچیک زمانی خستە گوێچکەم و سوڕاندیەوە لە کونی گوێچکەمدا، سەرم سوڕما و هەستم بە لە زەتێکی ئێجگار غەوارە کرد.

ئیتر بەیانیان کاتێک هەڵدەسام لە خەو، دەستەکانم نە دەشتن، یەک بەیەک پەنجەکانم دەهێنان بە بەر لوتما و بۆنیانم دەکردن؛ ئەمیان کوزی ئان، ئەوی دییان کوزی نادیەی مەغریبی، ئێلێۆنۆری ئەرجەنتینی، ئەوەکەی تریان بۆنی کوزی فرانسوازی پێست

پەمەیی. بەڵام پەنجە توتەم خۆی کارزان نەبوو، جێی باوەڕ نەبوو، بۆنی ئەنگوستەکانی دی دەگرت، هەرکاتێک دەم خستە کوزی کچانیشەوە هەردەم لە کن بوو، لە مۆسیقاشدا هەر چێ نەبوو، بەڵام ئەو ئەنگوستەی کە چەژە و و بۆنی لە هەموویان پەسەندتر بوو، دۆشاو مژە بوو، لە بەر ئەوەی هەمیشە لە قونی خانماندا بوو، ئەی خۆ بە بێ پەیجۆری کوردان ناڤداڤینیان نەکردوە بە دۆشاو مژە!

دۆشاو پیسە؟

نا، گوڵ برا لە ئێرۆتیزمدا دۆشاو پیس نیە، دۆشاو کۆمپۆستەرە، سەوزەوات و گۆشت و شەرابی پیشاوە، لە کوردستان تۆزێک گۆشتی قەل و یاپراخ و فاسۆلیای بۆ زیاد کراوە.

بۆیە منیش هەردەم دۆشاو مژەم لە قونی خانماندا بوو، بێ گومان وەختەکی ئەوان ئەنگوستی ناسکیان دەکرد بە قونما منیش وەڵامم دەدانەوە. یەکەم جار کاتێک خانمێک پەنجەی کرد بە قونما، هەڵبەزیمەوە، وتم من ڕۆژهەڵاتیم و هەموو ژیانم شەرەفم پاراستووە. هەرچەندە کچان ئەم مۆدەشیان لە کامەسوتراوە وەرگرتگبوو، بەڵام باش دەیان زانی کە کوڕان هەموویان حیزن، وەک شێخ ڕەزا دەیان زانی دەماری کێر بە قوندا گوزەر دەکات، بۆیە دەیان خورێت، بەڵام مۆراڵی بەئاسنکراوی حەوجۆشی بەندیخانەی ڕۆژهەلاتیی بەربەستە، وەک فرۆید دەڵێت: خود ساحێب ماڵ نیە لە ماڵی خۆیدا. خود ناتوانێت خۆی دەرباز کات لە (منی باڵا)، لە یاسا کۆمەڵایەتیەکان و مۆراڵ، بۆیەکا ڕۆژهەڵاتیەکان هێندە گرنگی دەدەن بە کوز و قونیان و دەی دەیپارێزن، وەک ئەوەی بەردەی ڕەشی کەعبە بێت و کافران بۆیان نەبێت ماچی کەن.

یان کاتێک کچانی فەرەنساوی زمانیان دەخستە قونتەوە، بۆیان دەمژیت. بۆیە شارۆخی شۆڕشگێڕی ئێرانی کە لە خۆپیشاندانەکانی بەرەی چەپی ساڵانی حەفتا، لە تاران لاقێکی زامار بوبوو، بە لەنگی و نارێکی هەنگاوی دەنا، بەڵام نێرتکی زۆر بەکارا بوو وەک زۆر لە ڕۆژهەڵاتیەکان. لە کاتێکدا لە ژورەکەی ئەو دیو دەگەڵ خانمێکی فەرەنسیدا ئاموغی دەکرد، کچەی فەرەنسی زمانی خستبووە قونە توکاویە ڕەشەکەیەوە، قونی هێندە بۆ لێیستبویەوە، هێندەی خوساندبوو، ئاغای شارۆخ هاواری لە برادەرەکەی دەکرد و دەی گووت:

بە خاتر خودا عەلی بیا، زوو بیا ! ئین خانم هێندە قونی بۆ مژیوم، ئاڵۆشم تێ کەوتگە، وەرە بۆم تەواوبکە.

ئیتر هەموو شۆڕشگێرە ڕۆژهەلاتیەکان لە فەرەنسا، بە تایبەتی شۆڕشگێڕەکانی بەرەی چەپ، هەوەسی شۆڕشگێڕیان، دەماری توڕەبون و توندڕەویان، وردە وردە وەک کێری ڕەپیان، دەنیشتنەوە.

سەفەر سەلامەت.

بەڵام لە هەموو ئەو بیرەوەریانەمدا، ئەو ناوەی هەردەم لە مێشکمدا دەزرنگێتەوە بۆ هەتایە، ناوی فرانسوازە، ئەو کچەی کە خودا لە بیری چوبوو تۆوی خراپەی تێدا بچێنێت، چونکا هەموومان وەک چێشتەکانمان بڕێک خوێی خراپەمان تێ کراوە، ئەمما وادیار بوو ئەو ڕۆژەی خودا فرانسوازی ئافراند، جیهان بەهەشتێکی پڕ لە کامەرانی بوو، پڕ لە قریوە و دەنگی بولبول و ئاوزی قەشەنگ و سەوزایی بوو! چونکا هەموو جەستە و هزری ئەو کچە، خۆشەویستی و جوانی و دڵ فراوانی بوو. خۆ هەر من بە تەنها ئاشقی فرناسواز نەبووم، دایکیشم ئاشقی فرانسواز بوبوو، نەک تەنها لەش و لاری، لێوی پەمەیی هەڵئاوسای، جرت و فرتی کاتێک سمتی با دەدا و دەهات و دەچوو بە دەم ڕێگاوە بە فیکە فیک لە سەر ئاوازی مۆسیقا. مرۆڤ دۆستیی و گەورەیی ئەو ڕۆحە، منی تەواو سەرسام کرد بوو.

ئەوی ڕاستی بێت وەک خوداوەندی بۆبۆ تێم دەڕوانی.

کاتێک بە ئۆتۆمۆبیلە دوو ئەسپە فەرەنسیە شەق و شڕەکەیەوە لە سەر ڕێگای دەریای ئەتلەنتیک، پێچی دەکردەوە بە دەستە ڕاستا، سەری دەکەوتە سەرسنگم، منیش وەک مانگا بە زمان مەمکەکانیم دەلێسانەوە، کاتێک بە چەپدا بای دەدا، سەرم دەکەوتە ناو سێ گۆشەی بەرمۆدەی، خۆم مەست دەکرد بە بۆنی بۆنداری ناوگەڵی. هەر کاتێکیش پەرداخێک شەمپانیای دەخواردەوە، پەنجە گەورەی دەخستە نێوان هەردوو لێوی پەمەیی وهەڵماسیوی و دەی گووت:

ئممممم، .....هێڤی مژین دەکەم.........هێڤی مژین دەکەم....... هێڤی مژین دەکەم........ ........

ئیدی دەبوا بە پەلە پەل شوونێک بدۆزینەوە. هەندەک جار لە سەرە ڕێگا، لەو دەشت و دەرە بە تەنیشت گاو مانگاوە.

ئەو ڕۆژەم هەرگیز لە بیر ناچێتەوە کاتێک لە گەرمەی ئاکتی تێخستنندا بووین و لە یەکتری ئاڵا بووین، کوتوپڕ فرانسواز دایە قریوەی پێکەنین. خوادایە قریوەی پێکەنینی فرانسواز چەندە ئاوزێکی دڵگیر و خۆش بوو !!!!!!!. لە بەر ئەوەی مانگایک بە تەنیشتمانەوە چاوی بڕیبووە سمتی فرانسواز، جا ناهەقی بوو؟ هەموو جیهان و خودا و

پێغەمبەران دەیان ڕوانیە جوانی فرانسواز. ماناگاکە دەیزانی چی دەکەین، چونکا یادی بەخێرا لە پێشمێژووە بە تەنیشت ئەوانەوە لەو دەشتەدا بە چوارپایی بە تەنیشت ئەوانەوە دەمانکرد. هێندەی پێ نە چوو گایەک هەڵی کوتایە سەرمان و ئێمەش بە ڕووتی بەو دەشتەدا بە دەم پێکەنین و بە قونی ڕوتی ........

کوز هەشتا هەشا

ها لەو دەشتا

هەر خانمی فرانسواز فێری کردم چۆن مشتەگانێ بۆ کچان بکەم، لە گەڵ ئەودا هەموو وردەکاری ئەنەتۆمی کوزم ناسی؛ لێوەکانی تەنیشت، میتکە، خاڵی ژی، چۆن پەنجەم دەسورێنمەوە و دەیهێنم بە کوزدا لەخوارەوە بۆ سەرەوە، چۆن و بە چ پەنجەیەک میتکە دەوروژێنم....... خۆهەر بە تەنها بۆنی پەنجەکانم نە دەکردن، گوێم لە دەنگی ئۆرگاسمی فەرنسوازیش دەگرت، دەنگی ئۆرگاسمیم تەسجیل کردبوو، ڕۆژانە بە دەم ڕێگاوە جارەجارە گوێم لێ دەگرت، دەنگی فرانسواز کاتێک نەرمە نەرمە، بە منجە منج و پاڕانەوە، هاواری دەکرد بە دەم ئۆرگاسمەوە !!!!

خۆ دەتوانم ڕۆمانێک لە سەر فرانسوز و کوزی فرانسواز بنوسم. دەبێت دان بەو ڕاستیەشدا بنێم کە کوزی هیچ کچێکم هێندەی کوزی فرانسواز نەمژیوە لە ژیانمدام، وەک کورە هەنگوین دەم لێسایەوە. بەڵام فرانسواز خۆشی زۆر حەزی لە مژین بوو، دەبێت بووترێت کە بە زمانی ڕەشۆکی فەرەنسی بە کێر مژین دەوترێت؛ سەبیل داتاشین( tailler une pipe)، یادی بەخێر بۆ کابرای جامەنە سوری ڕەحمەتی کە هەردەم خەریکی داتاشتنی سەبیل بوو!!! بەڵام بە زمانی ڕۆژانە، دەڵێین سیوسێ (sucer)، وەک سەرنج دەدەن کاتێک وشەکە گۆ دەکەین، لێومان باری ئاکتی مژین وەردەگرێت. هەی ئافەرین فەرەنسیەکان بۆخۆتان و زمانتان، بەڵام ئنگلیزەکان دەڵێین: بلۆوجۆب ( Blow job)، بۆیە تێ نە دەگەشتم کچەی ئنگلیز خەریکی چی بوو !! پاش ئەوەی لە مانای وشەکە کۆڵیمەوە، ئەواسا تێ گەشتم بۆچی فوی پێدا دەکات، هەر بۆیەش دانم دەگەڵ ئنگلیزدا نا کولێت. بەڵام کاتێک کەپڵە ئنگلیزەکان دەگەنە پاریس، هێشتا نەگەشتونەتە هۆتێلەکەیان، خانم بە چاوێکی پڕ لە ئەشق و هەوەسەوە، سەیری کوڕەی مێردی سورفلی نێرەکەری دەکات و دەست دەخاتە ناوگەڵی و بە گوێچکەیدا دەرچپێنێت:

زۆر سوپاس خۆشەویستەکەم  کە ئەم سەفەرەت ڕێک خست بۆ پاریس، هەر کە گەشتینە هۆتێلەکە لە سەر دەستوری فەرەنساوی بۆتی دەمژم و دەیخۆمەوە، دەتوانیت چۆن ئارەزو دەکەیت لە هەموو کونێکەوە بێیتە ناومەوە.

ئێتر پەلە پەلیانە زوو بگەنە هۆتێلەکە و بە هەموو بارێکدا سێکس بکەن، ئەوەی لە وڵاتی خۆیاندا ڕێگەیان بە خۆیان نەداوە بیکەن، ئەوەی جەڕباندنیان نەکردووە، لە پاریس دەیکەن و هەموو سنورێک دەشکێنن، لە بەر ئەوەی ناوبانگی ئەم وڵاتە، مێژووی ئەم وڵاتە، لە سەر پەڕەی زیڕینی ئێرۆتیزمی مارکی دوسدا بنیات نراوە.

ئافەرین ئەی فەرەنسیەکان بۆ خۆتان و زمانتان، بە دوای ئێتیمۆلۆژی وشەکەدا مەگەڕێن، لە جەوهەری ئاکتەکەدا ڕەگی داکوتاوە. خۆ بەناهەق نیە لە زمانی فەرەنسیدا نزیکەی چوار سەد دەستەواژە بۆ نێرتک و کوزمان هەنە:

بازاڕەکەی، قوتوی خشلە گرانبەهاکەی، گەراجی نێرتکەکەی، سەنتەری لەزەتی، هەڵوژەکەی، پشیلەکەی، باخەکەی، هێلانەی عەشقی، کەنیسەکەی، جێگای لەزەتی، کانیە خۆشەکەی، کونی ژمارە دووی، هۆتێلی ڤێنوسەکەی، ژوری نوستنەکەی، پیازەکەی، ئاگردانەکەی، شتەکەی، کێکەکەی، شوێنی لەزەتی بێ هاوتای، کونی میزەکەی، شوێنە کەفاویەکەی، تەیرەکەی، چەکمەجەی سمێڵەکەی، پەپولەکەی، قەفەزەکەی، دوکانەکەی.....تاد.

ئەم دەوڵەمەندیە لە دەستەواژەدا دەیسەلمێنێت چەندە ئێرۆتیزمی فەرەنسا دەوڵەمەندە، بەڵام بە زمانی کوردی بۆ کوز تەنها چەند دەستەواژەیەکی هەژارمان هەنە؛

دەعباکەی، قالۆنچەکەی، پشیلەکەی، عەیبەکەی....، ئەم دەستەواژانە بەس نین بۆ هەوەس ورووژاندن، بۆیە لێرەدا من چەند دەستەواژەیەک پێشنیار دەکەم بۆ کوز، بە هیوای زیادکردن و دەوڵەمەند کردنی زمانی کوردی و ئێرۆتیزمیش بەو بۆنەیەوە؛

مزگەوتەکەی، مەککەو مەدینەکەی، ئەشکەوتی حەڕاکەی، بەردە ڕەشەکەی، مەرقەدی گەیلانیکەی، گۆڕی کاک ئەحمەدی شیخانەکەی.....تاد، ئەتوانن ئێوەش زمانی کوردی دەوڵەمەند بکەن بەم زاراوانە.

بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێم کە بێ هیوا نیم، چونکا جوانترین دەستەواژە کە داهێنرابێت لە زمانی کوردیدا بۆ کوز، لە کوردستانەوە پێم گەیشتووە، لە لایەن خانمێکی زۆزان و نازداری سلێمانەیەوە.  نا هێشتا کوزیم نەمژیوە. ئەویش دەستەواژەی:

سێ گۆشەی بەرمود ( Bermudes) ە .

من لەلایەن خۆمەوە گەورەترین خەلاتی  زمانەوانی بەو خانمە پێشکەش دەکەم ، خۆ ئەگەر لە فەرەنسا بوایە لە لایەن کەسانی ئەکادیمی و زمانەوانیەوە خەلات دەکرا و دەست و برد دەستەواژەکەی دەچووە فەرهەنگی فەرەنسیەوە.

دەبێت بوترێت ئەم کریزەی ئەمڕۆ کە لە فەرەنسادا تێی کەوتوین و تێیدا چەقیوین، هۆکاری ئەوەیە کە بیانیەکان، بە تایبەتی کۆمەڵگەی ئیسلامی ئێرۆتیزمی فەرەنسی نوێ ناکەنەوە، هیچ پێشنیارێکیان نیە، بۆیە وەها چەقیوین، بەڵام وەک خاتوو کاترین ئێل کە خاوەنی کتێبی ؛(ژیانی سێکسوێلی کاترین ئێل )ە و تیاید باسی ئەوە دەکات کە زۆر حەزی لە باری ڵوتی (سۆدۆمی) بووە و بەو هۆیەوە پیاوانی بەختەوەر کردگە، لەو ڕووەوە دەڵێت ؛

(  وادیارە ئێمە پێویستیمان بە پشووە)

منیش لەوەڵامدا دەڵێم؛ نا وەڵا من هیلاک نەبووم و پێویستم بە پشوو نەبوو، ئامادەم سەرلەنوێ دەست پێ بکەینەوە وەک جاران.

جاران ئاژەل ڕوە و کۆچ بوون

شەوان کۆڕی شەو گەرمتر بوون بە فوی ( شمشاڵ )

جوڵەیی ئەدا بە دەماری هەست و خەیاڵ.

.........................................

من سیستەمی ئەنارشیست و بەرەڵایم پێ جوانترە هە تا سیستەمی پۆستاڵ.

بژی فەرەنسای ئەنارشیست و بەرەڵا، بڕوخێ خین جین پینی سەرۆکی چینی دیکتاتۆر.



## ئۆرگاسم و خەتەنەکردن و  فرت و فێل و کەڵچەر

لەزەت چەشتن << ئۆرگاسم >> دەرئەنجامی کرژبوونەوەی منداڵانی مێینەیە بۆ گلدانەوەی سپێرم لە خۆیدا بە مەبستی دووگیانیی، ئەم کرژبونەوەیە دەبێتە جۆرێک لە چێژ، وەک چۆن کاتێک ختوکەت دەدەن پێدەکەنیت یان دەتشێلن، هەست بە لەزەتە دەکەیت. بەڵام ئەندامی نێرینەی پیاوان پێویستیان بە خۆگرژکردنەوە نییە لە کاتی ڕەحەتبووندا، پیاوان دەیان توانی وەک چۆن میز دەکەن بە بێ کرژبوونەوە، سپیرمەکەیان ڕۆ بکەنە زێی خانم.

ئایا دەبێت سوپاسی خانمان بکەینەوە؟

لە ڕاستیدا ئەوە خەسڵەتی زیندەوەرە و ڕێکەوت بووە، هەر خەسڵەتێکیش لە ڕەگەزی مێینەدا بە جۆرێکی تر << بە داشکاوی >> لە نێرینەدا دوبارە دەبێتەوە و بە پێچەوانەوەشەوە. چونکا جەستەی نێر و مێ لە بنەچەدا یەک جەستەن، بە مەبەستی کارئاسانی بۆ جووتبون خەسڵەت و شکڵی جیاواز وەردەگرن، وەک کێردێک بۆ کیفەکەی. کەواتە چەشتنی لەزەت لە کاتی ئۆرگاسمدا، هاندانی سروشت نییە بە مەبستی وەچەنانەوە بە دینمایک کردنی نێر و مێ بۆ بەڕێکردنی کردەی زاوزێ، یان وەک پاداشتێک لە دەرئەنجامی گەیشتن بە ئامانجی بەردوامدان یا خود بە نانەوەی نەوەیەکی نوێ، وەک غەریزەیەک.

تیمۆتێ تایلۆر دەڵێت:

<< بەهۆکاری ئەوەی هاوچونییەکیەکی ئەناتۆمی زۆر هەیە لە نێوان پیاوان و ژناندا، زۆربەی زۆری کۆمەڵگەکان هەوڵیان داوە بە کولتووریی، زیاتر پێداگری لەو جیاوازییە جەستەییەدا بکەن لە نێوان هەردوو سێکسەکەدا بە کردەی تاتوو یان بە درێژکردنەوەی چووک و کورتکرنەوەی کلیتۆریس. ئاوا، لای خێڵەکانی ئیتیۆپیا، کچان دەبێت خەتەنە بکرێن بۆ بونیان بە ژن؛ ئەم ڕیتوێلەش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ژنانی بەساڵا چووەوە بەڕێ دەکرێت، بەشی بەدەرەوەبووی کلیتۆریس دەبڕن و لێوە گەورەکانیشییان (هەندەک جار لێوە بچوکەکانیش ) دەبڕن. لە ڕاستیدا، وەهایان باوەڕە کە ئەو ئۆرگانانە بیری هێلکە گونی پیاوان و نێرتکی پیاوانمان دەخەنەوە. ئەم جۆرە پراکتیزەکردنانە بۆمان ڕووندەکەنەوە کە ڕەگەز لە ڕووی بایۆلۆژییەوە نادرێت بەڵکو دەستکەوتێکی کۆمەڵایەتییە >>.

کەواتە تۆی نێرینە هێندە نێرینە نیت کە شانازی بە سمێڵتەوە بکەیت و بە پێچەوانەشەوە؛ کاتێك ئافرەتان دەگەنە تەمەنێک کە توانای دوگیانیی لەدەست دەدەن، هۆرمۆنی نێرینە بە سەریاندا زاڵ دەبێت؛ مودار دەبن...تاد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان هەر مێینەن، دەبوا وەک مێینە بمانایەتەوە. ئەو نێرینانەی کە ڕەگەزیان بە تەواوی دیاری نەکراوە << چوکیان بچووکە >> یان نێرە موکن، بە تەواوی دەبینرێت کە چووک جێگای میتکەی ژنان دەگرێتەوە و لێوەکانی کلیتۆریسیش جێگای هێلکە گوون، لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا لێوەکانی کوزی ژنان گەورەبوون و وێنای نێرینە بوون، بۆ جیاکردنەوەی مێینە لە نێرینە، خەتەنەیان دەکردن. ئیدی ئەمە بووە بنەما بۆ بوون بە خێڵی ئیبراهیم و بووە قسە و داوا

خواوەندەکان، بەم شێوەیە پیاوانیشمان خەتەنە دەکردن  هەتا پۆپەی نێرتک باش دیار بێت. ئەم فرت و فێڵانەشمان کردە کاری ئەفرێندەری مەزن نەوەکا مرۆڤ پەیڕەوی نەکات.

بۆ سەلماندنی ئەم خەسڵەتە، دەست بنێ بەسەر پۆپەی نێرتکی پیاوێکدا، بەبێ ئەوەی کەسەکە بیر لە سێکسیش بکاتەوە، بە میکانیکی نێرتک ڕەپ دەبێت، میتکەی ژننیش بەهەمان شیوە،  کەواتە میتکە و نێرتک هەمان ئەندامن، لێوەکانی دەوری کوزیش وەک هێلکە گوونن بە لێوی شێدارەوە لە کاتی هروژاندنی هەوەس.

ئەگەر جیاوازیی جەستەییمان زەقکردەوە  بە خەتەنەکردن و  هەروەها داهێنانی جل و بەرگیش بەهەمان شێوە هاندەرێکی سەرەکی بوو بۆ زەقکردنەوەی ئەو جیاوازییە، ئەوا جیاوازی نێوان خێڵێک و خێڵێکی تریش بەهەمان شێوە << جامانەی رەش، جامانەی سور، مشکی >> . وەک بینیمان سەرۆکی خێڵەکەی کوردوستان لەم ڕۆژنەی دواییدا پێداگریی لەسەر گرنگی بەستنی جامانەی سور کردەوە.  لە پێش مێژوودا کۆمەڵگەکان  بۆ خۆجیاکردنەوە لە یەکتری و ناسینەوە خۆیان لە نێو کۆمەڵگەیەکی تردا، بە تاتو یان بە ڕەنگ کردنی جەستەیان، یان بە جۆرێک جلک و بەرگی جیاواز خۆیان جودا دەکردەوە. ئەم نیشانانەش << جلک پۆشین، خەتەنە کردن، ڕیش، مافی چوار ژنە>>  لە کڵچەرەوە بە مەبستی وەدەستخستنی قازانج بۆ خود، گوێزرانەوە بە سەپاندنیان وەک قانون لە ناو کۆمەڵگەیەکدا. بەمەش دەڵێن؛ کولتور، کولتور بەمانای مارکێتین (فرت و فێڵ) دێت؛

" کۆمەڵگەکەی ئێمەی موسڵمانن، ڕێگە بە پیاوانمان دەدات، لەگەڵ کچی مام، کچی پور، کەنیزە و کچانی نۆ ساڵانیش جووت ببین، بۆیان هەیە بۆ دامرکاندنەوەی عەورەتیان چووار ژانان بخەنە جێگەیانەوە ، پیاوانمان ڕیشدارن و ژنانمان دەبێت خۆیان داپۆشن....تاد، ئەمانە داوای خوداکەمانە ".

وێنەی ئەم دوو کەسایەتیە ( ئەو کچە بیست و شەش ساڵە دەگەڵ ئەو پیاوە ئیسلامییە ڕیشدارەدا) پێکەوە، کە هەندەک گێل و نەفام دەڵێن بە زۆر ئەو کچەیان داوە بەو پیاوە ڕیشدارە،  لەبری ئەوەی بڵێن ئەو پیاوە ڕیشی بۆ ئەو مەبەستە هێشتۆتەوە و ئیمانداری بۆئەو مەبەسەت دەکات، ئەو کچەش بە هەمان شێوە بۆ مەبەستی بە دەستهێنانی پیاوێک، جلکی بەو جۆرە پۆشێوە. ئەگەر ئەم وێنەیە وەها دێتە پێش چاومان، کە هەریەکەیان لە پانتاییەکی جیاوازدابن، ئەوا فۆتۆشۆپ نییە، کەواتە چی کۆکردونەتەوە لەسەر هەمان فۆتوگرافی؟  کەڵچەر. کەڵچەریش بە مانای مارکێتین << فرت و فێڵ >> دێت.

لەوانەیە هەندەک کەس بڵێن: نا، ئەو کابرایە بە مەبەستی وەدەستخستنی چووار ژن نەبووە بە ئیسلام و کەسێکی ئیماندار بووە و لە ڕابوردودا ژیانی خۆی خستۆتە مەترسیەوە و

تێکۆشاوە. ڕاستە، بەڵام ئەوان لە ڕاستیدا وادەزانن درۆ ناکەن، بەڵام درۆزنترین بونەوەر، مرۆڤە، لە هەقیقەتێکدا دەژی کە سروشت و خوداکان لێی بێ ئاگان. ڕاستە مرۆڤ گێلە، بەڵام لەهەمان کاتا زۆرزان << سیاستمەندرا>> ترین بونەوەرە، بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانی.

بێ شک وەچەنانەوە و بەردەوام بوون غەریزیە بەڵام ئەگەرئەم چێژ << ئۆرگاسم>> ە بە ڕێکەوت نەبوایە، ئەوا کۆمەڵگەیەکی تەواو جیاوازمان پێک دەهێنا لە هەموو ڕوویەکەوە، حکومەتەکان هانیان دەداین بۆ چووت بوون و نانەوەی نەوەیەکی نوێ. کەواتە ڕێی تێ دەچیت کە ئێمە ژیانێکی تر و مۆدیلێکی تر بەڕی بکەین لە هەموو ڕوویەکەوە.


هەر ئەم خەسڵەتەیە کە هاندەرە بەوەی کە نیچە بڵێت:

"هەر کاتێک ئێمە هەقیقەتێک دەدۆزینەوە ئیدی هەقیقەت نییە"، چونکا سروشت بە پێویست << هەیقیقەت >> ێک، کارێک دەکات کە ئێمەی مرۆڤ لێی بێ ئاگایین و هەقیقەتێکی تری لەسەر بنیات دەنێین. هەر بەم شیوەیەش چەندەها هەقیقەتمان لە سەر بنەمای نەزانینەوە هەڵچنیوە، داماڵینی هەموو ئەو چینە هەقیقەتانە، پوچەڵکردنەوەی یەک بەیەکی هەقیقەتی هەڵبەستراوای مرۆڤن. تەنانەت خەتەنەکردنی مێینە وەک بینیمان بە مەبستی کەمکردنەوەی چێژی ئەوان نەهاتووە.

.......

وتارەکە بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی کتێبی پێشمێژووی سێکس نوسراوە.

**کۆتایی**



## ئۆرگانی سێکسوێل لە ناوگەڵدا چی دەسەلمێنێت ؟

لە سینت ئۆگیوستانیان پرسی: بۆچی خودا ئۆرگانی سێکسوێلی دابوو بە ئادەم و حەوا لە کاتێکدا ئەوان وەک فریشتەکان بە ڕۆح جووت دەبوون و پێوستییان بە تێخستن نەبوو؟ لە وەڵامدا گووتی لەبەر ئەوەی کە خودا دەیزانی ئەوان هەڵەیەک دەکەن؛ تامی میوەی گوناح دەکەن و ڕۆحی فریشتەیی و نەمری جێ دەهێڵین بۆ هەتایە و دەبن بە مرۆڤ. لە بەهەشتەوە دەچنە سەر زەوی؛ بە زانستیی، واتە لە دارستانەکانەوە بۆ شارستانییەت.

بەڵام سینت ئۆگوستین ناماقوڵی کرد، چونکا ئەگەر خودا ئۆرگانی سێکسوێلی لەناوگەڵدا داناوە ئەوا خودا نەزان بووە و نەیزانیوە جووت بون و تێخستن چییە**!** دەنا ئۆرگانی سێکسوێل لە ناو گەڵدا بۆ باری دوو پایی نەکراوە. ئۆرگانی سێکسوێل لە ناو گەڵدا بە مانای ئەوە دێت کە مرۆڤ سەردەمانێک لەسەر چوار پا ڕۆشتوون. بۆیەکا هەتا ئەم ساتە زۆرینەی پیاوان حەزیان بە باری مانگاییە بۆ تێخستن، واتە بە باری چوارپایی.

هیچ زانستێک هەتاوەکو ئەم ساتە نەی سلماندووە کە ئایا جینێکی پێشوەختە بەرپرس بووە، یان ئەوە بەرهەمی ڕێکەوت و پەرەسەندنی سروشتیی و پەرەسەندنی سێکسوێلیشە وەک

داروین باسی کردووه. بەڵام ساڵی 1978لە تەنزەنی لە ئەفریقا، شوێنەواری سێ جووت پا لە ناو قوڕدا دۆزرانەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سێ ملوێن و پێنج سەد هەزار ساڵ لەمەوبەر( بۆ زانیاری ئێسکە پەیکەری لوسی مۆدێرنترە و تەمەنی سێ ملوێن ساڵە).

شوێن پاکان هی جۆرێکن لە ئۆسترالۆپیتێک؛ باوانی ئێمە. هەردوای ڕۆشتنیان خۆڵی بورکان بەسەریاندا پرژاوە و پاریزراوە. واتە بەهۆکاری مەترسیی بورکانەکە ڕۆشتوون، چونکا مێژووی بورکانەکەش بۆ هەمان سەردەم دەگەڕێتەوە، بەڵام سەرنج دراوە ئەوان ڕایان نەکردووە، باشتر بڵێین: تواناى ڕاکردنیان نەبووە؛ بە گێرە گێڕ ڕۆشتوون.

ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە لەسەردەمانێکدا ئێمە بە گێرە گێڕ هەنگاومان ناوە، بەڵام نایسەلمێنێ کە جینێکی پێشوەختە نەبووە، واتە وەک سینت ئۆگوستان گووتی خودا دەیزانی کە گۆڕانکارییەک ڕوودەدات، هەرچەندە لای سینتۆگوستین ئەو گۆڕانکارییە لە ئاگاییدایە نەک لە جەستەیی، بەڵام کە دەڵێت خوادا دەیزانی بە مانای ئەوە دێت کە ڕۆحێک ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییە بووە. زانست ئەو ڕۆحە بە جینی پێشوەختە دەناسێنێت؛ پرۆگرامێکی پێشوەختە.

کەواتە ئێمە بە گێرە گێڕ هەنگاومان ناوە، خانم کە تا ئەو ساتە بە چوار پا دەڕۆشت و لە پشتەوە کوزی هەڵماسیوی نیشان دەداین هەتا تێمان بگەیەنێت کە ورووژاوە، ئیدی ئەو شانسەی نەما، بۆیەکا مووەکانی ونکردن و جوانییەکی دا بە سمتی، مەکۆڵەکانی هەڵئاوساندان بە مەبستی سەرنج ڕاکێشانی ئاغا ( پەرەسەندنی سێکسوێلی داروین).

خۆ ئەگەر جینێکی پێشوەختە بڕیاردەربوایە لەم گۆڕانکارییانەدا، یان وەک سیت ئۆگوستین گووتی: خودا دەیزانی. ئەوا چووک و کوز دەبوا لە شوێنێکی تر بونایە، بۆ نمونە کوز بە تەنیشت کونی قونەوە هیچ مانایەکی نییە، بەسەر هەمووماندا هاتووە هەڵە بکەن لە نیشانەگرتنەوەدا! بە تایبەتی لە تاریکیدا. یان چوک لەو شووێنەدا بارێکی گونجاو نارەخسێنێت بۆ جووت بوون؛ وەختەکی دەتەوێت بچیتە ژورەوەی خانم ئیدای ناتوانیت ماچی خانم بکەیت و دوردەکەویتەوە، یان کلیتۆریس ناخشێت لە نێرتک.

بە ڕای من چووک و کوز دەبوا لەسەر سینگ بونایە، بۆ نموونە کوز لە نێو هەردوو مەمکۆڵەدا، ئەوسا کاتێک دەتخستە خانمەوە دەتتوای لەهەمان کاتا ماچی خانم بکەیت و دەستیش بهێنیت بە سمتیدا و شتی تریش.

ئیدی مەڵێن خودا عالم و زانایە

نە عالمە نەزانا.

**کۆتایی**



**شەمپانزیاو یاری و هەوەس و هێز.**

کاتێک بێچووە شەمپانزیایەک گەمە دەکات لەگەڵ هاوەڵەکانی، دەبینێت چووکی بە بێ ویستی خۆی ڕەپ بووە، شەرم دایدەگرێت و دەیەوێت چوکی ڕەپی بشارێتەوە، چونکا ئەو مەبەسی یاری بوو؛ نەیدەزانی لەژێر ئەو دەستبازییەوە مەبەستێکی تر خۆی حەشارداوە. ئەمە هەموو ژیانی ئێمەیە؛ چی لە ژێر ڕەفتارەکانمدا خۆی حەشارداوە؟ ویستی هێز!

ویستی هێز چی گەرەکە ؟

هەموو یارییەک، لە ئافراندنی ئامێرێکی وەک ئایفۆنەوە هەتا دابەشکردنی تەبەقە هێلکەش بە سەر هەژاراندا، گوایە مرۆڤێکی خێرەومەندە و ئیماندارە، لە ڕاستیدا بە مەبەسی بەدەستهێنانی هێزە. ئاگاییەکیش بوونی هەیە بەو هەقیقەتەی کە هەموو ئەو یارییانەی ئێمە دەیکەین وەک ئەو بێچووە شەمپانزیایە، بە مەبەسی بەرپەرچدانەوەی بۆشاییە، بەرپەرچدانەوەی هیچە، چونکا ئێمە لە هیچەوە هاتوین و دەگەڕێینەوە بۆ هیچ. ئەمەش بەڕاستی سامناکە، بۆیە ڕووبەرووی هەقیقەتێکی تر دەبینەوە ؛هەقیقەتی ترس، بۆ بەرپەرچدانەوەی ترسە کە ئامانجمان بەدەستهێنانی هێزە. کەواتە ئەوە دەهێنێت کە ئێمە یارییەکە ئاڵۆزتر بکەین و چوکمان ڕەپتر و هێزمان بەو بۆنەیەوە، بۆ ڕووبەروبونەوەی بۆشایی.

کاتێک بۆبۆی ژنە خواوەندی یۆنانی لە هەمان کاتا خزمەتکار، ڕۆبەکەی هەڵدەداتەوە بەرامبەر بە ژنەخواوەندی کشتوکاڵ؛ دێمێتێر، ناوبراو کە تا ئەو ساتە بێزارە لە ژیان و سەری خۆی هەلگرتووە، نان و ئاوی پێ ناخورێت، بە بینینی ناوگەڵی بۆبۆ، دەداتە قاقای پێکەنین و دێتەوە ژیان و دەستدەکات بە نانخواردن. نیچە؛ پاشای هەقیقەت لەو ڕووەوە دەڵێت :

<< پێ دەچێت کە هەقیقەت لە ژێر ڕۆبەکەی بۆبۆدا بێت .>>

نیچە ناڵیت هەقیقەت لەژێر ڕۆبی بۆبۆدایە، دەڵێت: پێ دەچێت، چونکا ئەو دەزانێت هەرکاتێک دەستدەخەینە سەر هەقیقەتێک ئەوسا ڕووبەرووی هەیقەتێکی تر دەبینەوە؛ من دەمەوێت یاری بکەم، لەو یارییەدا هەقیقەتێکی تر وەدەردەکەوێت؛ هەقیقەتی چوکی ڕەپ، بۆشایی، هەوەس، هێز، زاڵبوون، ئاگایی...دەتوانین ئەم هاوکێشەیەش پێچەوانە بکەینەوە.

ئەگەر لەژێر ئەو یاریەوە چوکی ڕەپ خۆی حەشارداوە ئەوا هەقیقەتی چوکی ڕەپ هەوەسە، هەقیقەتی هەوەسیش زاڵبوونە، زال بوون بەسەر چیدا؟ زال بوون بە مەبەستی

بەردەوامیدان بە خود...، بوون دژ بە هیچ. !!! چونکا ئەم جیهان و گەردونە لە هیچەوە هاتون و دەگەڕێنەوە بۆ هیچ، بەڵام ئێمەی مرۆڤی ساپیان ئەو توانایەمان پێ نەدراوە لە هیچ تێبگەین؛ جیهانێک بە بێ کات و پانتای و ڕووناکی. بۆیە بەڕاستی سامناکە و ئەوە دەهێنێت خۆمان لە دەستی ڕزگار بکەین، خۆمان خەریک بکەین، یاری بکەین. هەموو شتەکان وەرچەرخێنین بە مەبەسی شاردنەوەی هەقیقەتی بۆشایی. لە هەمان کاتا بەدەستهێنانی هێزێکی باڵا.

چیرۆکی هیچ، بریتییە لە وەرچەرخانی هیچ بۆ ماتریاڵ و پاشان سەرهەڵدانی ئاگایی بە هیچ، ئێمەش کە بەرهەمی ئەو هیچەین خەسڵەتی وەرچەرخاندنمان پێ دراوە. ئەگەر لە مرۆڤی ساپیانی ڕاوچی میوەچینەوە بوینە مرۆڤی شارستانی، لە دارستانەوە بۆ شار و شارستانی؛ لە بەهەشتەوە بۆ سەرزەوی، ئەگەر شارستانیەتمان ئافراند ئەوا بە مەبەسی وەرچەخانی چوکی ڕەپە بۆ دۆخێکی تر، یان باشتر بڵیین بۆ باشتر گەرمکردنی ئەو یارییە بە مەبسی بەدەستهێنانی هێزێکی باڵاتر، بە مەبەسی زاڵبوون.

چیرۆکی وەرچەرخاندنی ئەو هێزەش لای مرۆڤی ساپیان کاتێک دەستی پێ کرد کە سێ ملوێن ساڵ لەمەوبەر ئۆسترالۆپیتێلێک بەردی بورکانێکی دۆزییەوە. بینی کە شکڵەکە شێوەی تۆزێک لە ئافرەتیک دەچێت؛ ئۆبژەی هەوەسی. ئافرەتێکی گۆشتن، تۆزێک دەستکاری کرد هەتاوەک و زیاتر ببێتە جێگای هەوەسی چووکی ڕەپی، ئینجا بە مەبەسی پێدانی هێز بەو شکڵە، قۆچی لێ ڕواند، سەری شێر، قاچی بەران، کەڵبە و...تاد، بەم شێوەیە؛ بە یاریکردن، مرۆڤێکی ئایبریدی ئافراند، کە لەسەرتاوە مەبەس لە تێرکردنی چووکی ڕەپی بوو، پاشان بە مەبەسی پێدانی هێزێک لە سەروی توانای خۆیەوە، ئاوا وێنای خۆی دیتەوە بە هێزێک جیاوازتر لەوەی کە سورشت پێی دابوو. ئەمەیە چەمکی وەرچەرخاندن.

ئەمڕۆ هەموومان بە هۆی زانیاری بێ شومار و سایتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ژیان و بوونمان پاشڕون (شەفاف)ن، تێ دەگەین ئەم جیهان و ژیانە، ئەم یارییە، چەندە خەراباتە! بێ مانایە ! هیچە؛ کەسانێک دەبینین وەک کەر دەزەڕێنن، وەک مەیمون هەڵدەپەڕێن، بێ ئاگا ! بەڵام ئەمەش بەشێکە لە یارییەکە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە دەهێنێت بەشداری بکەیت وەک داشیکی کارا. وەک سێنێک؛ فەیلەوسوفی ستۆسیسیزم ئێژێت:

<< ئیدی کاتی ئەوە هاتاووە بچیتە دەرەوە لەم یارییە هەتا کەسانێکی تر بێن و ئەوانیش سەیری ئەم یارییە بکەن و بەشداربن.>

بەڵام بۆ بوون بە داشێکی کارا لەم یارییەدا، بە مەبسی بەدەستهێنانی هێزێکی باڵاتر، دەبێت نەک تەنها خاوەنی ژیری و ئاگایی بیت، دەبێت خاوەنی زانین بیت، زانینی پێش


خۆت، زانینی چیرۆکی مرۆڤایەتی کە دواجار دەمانبات بەرەو ئاگایی، دەنا وەک کەر دەزەڕێنیت وەک مەیمون هەڵدەبەزیتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی وەک کەسێکی ژیر و دانا دێتە پێش چاو، ئەمەش بەرهەمی ترسە. وەک گووتمان ئەمەش بەشێکە لە یارییەکە، بەڵام کارەسات ئەوەیە کاتێک ئەم کەرانە دەبنە دەمڕاستت و بۆ تۆ و لە جێگای تۆ بڕیار دەدەن. وەک ڕیشدارە بێ مێشکەکانی کوردستان کە حوکمی ژیری ئێمە دەکەن و ئەمڕۆ بونەتە خاوەنی هەموو هیزێک لە کوردستان لەبەر ئەوەی پەروەردە و زانین پشتگوێ خروان، کەواتە کاتی ئەوەیە کەران بزەڕێنن. ئایا ڕۆژێک دادێ بیانخەینە تەنەکەی خۆڵی مێژووەوە، ؟ چونکا بەڕاستی یارییەکیان تەواو قێزەون کردووە.

بێ شک ئەو یارییە ئاوەهایە؛ لە نێوان هێزی ئاگایی و نائاگاییدایە، بەرامبەر بە هەقیقەتی ترس و ...تاد.

..........................................

پەیەکەرەکە ژنە خواوەندی بۆبۆی یۆنانییە، ئەو ژنەی ڕۆبەکەی هەڵدایەوە بۆ ژنە خواوەندی دێمێتێر. شکڵەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانی و بریتییە لە شکڵی کوزێکی ڕەپ بوو. ( کوزیش ڕەپ دەبێت و هەمان ئامانجی هەیە).

**کۆتایی**



**داروین و سپێرماتۆزۆید و پووتین**

ساڵی 1871 داروین لە کتێبەکەیدا بەناوی وەچەی مرۆڤ و هەڵبژاردەی سێکسوێل. ڕوونی دەکاتەوە کە هەڵبژاردەی سێکسوێل جیاواز لە هەلبژاردەی سروشتیی، هەندەک جار ئاژەڵان دەخەنە ناو گێژاوی ترسناکیەوە، بۆ نمونە ئاسکە گەورەکانی ئیرلەندا بە مەبەستی خۆ نواندنیان بەرامبەر بە نێرینەی تر بۆ وەدەستخستنی زۆرترین مێچکە، شاخەکانیان هێندە گەورە دەبوون ڕێگریان لێ دەکردن لە هاتوچۆ لە ناو دارستانەکاندا بۆیە لەناوچوون.

هەڵبژاردەی سێکسوێل بەندە لەسەر (پێشترایەتی هەندێک کەس لەسەر ئەوی تر لە هەمان سێکس و لەهەمان جۆر، لە ژێر پەیوەندی تەرخانکراوی وەچەخستنەوەدا). هەڵبژاردەی سروشتی بریتیە لە (پێشترایەتی کەسەیاتی هەردوو سێکسەکە لە هەموو تەمەنێکدا، لەژێر پەیوەندی تەرخانکراوی باری گشتی ژیاندا).

بە شێوەیەکی گشتی نێرینەی هەموو بونەوەرێک گەورەترن لە مێینە، بە مەبەسی خۆسەپاندنی بەرامبەر بە نێرینەیەکی تر بۆ وەدەستختنی زۆرتیرین مێینە بە شەڕ و خۆ نواندن بە قەڵافەتی گەورەوە، ئەمەیە کە پێێ دەڵێین هەڵبژاردەی سێکسوێل. بۆ نمونە کەڵبەی نێرینەی شەمپانزێ زۆر گەورەترە لە مێینە چونکا بەکاری هێناوە بۆ گازگرتن لە نێرینەی تر. ئەی مرۆڤ؟ دوای سەرنجدان لە ئێسکی ئۆستراڵۆپیتێکێک کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چوار ملوێن ساڵ لەمەوبە، دەبینن کەڵبەی نەماوە، ئەمەش گوایە ئەوە دەسەلمێنێت کە پێ دەچێت مرۆڤ هەر لە مێژەوە سیستەمی مۆنۆگامی پەیڕەوی کردبێت

له سکسولیتێدا و پێوسیتی به کەڵبە نەبووبێت بۆ شەڕکردن لەگەڵ نێرینەی تر بە مەبەسی وەدەستخستنی زۆرترین مێینە، چونکا دروستکردنی ئامێر زۆر له دوای ئەو مێژووەوە بەکار هێنراون لەلایەن باوانمانەوە، بەڵام بە ڕای من، باوانمان چ پێوستیان بە کەڵبە و بە ئامێر هەبووە؟ چونکا پێش ئەوەی مرۆڤ ئامێر دروست بکات لە توانایدا هەبووە بە بەرد و بە دار سەروگوێلاکی یەکتری بشکێنن بۆ مێینەیەک، بۆیە پێویستی بە کەڵبە نەبووە، هەر بۆیەش کەڵبەی گووم کردووە. جگە لەوەی کە سەرنجدراوە ئەو ئاژەڵە سەرەتاییانەی کە پەیوەندی ئێتێرۆسێکوێلیان لەگەڵ چەند مێینەیەکدا هەیە، نێرتک و گونیان زۆر گەورەیە، بۆ پێشبڕکێی نێرینەی تر؛ نێرتکی گەورە بۆ زیاتر چونە ناو ڕەحمی مێینە و پرژاندنیەتی نزیکتر لە هێلکە، هەروەها سپێرماتۆزۆیدەکانیان سێ جۆرن، هەندەکیان بۆ پیتاندنی تەنها هێلکەیە، ئەوی تریان بۆ ڕێگریکردنە لە سپێرماتوزۆیدی تر لە ڕەحمی مێینەدا، ئەوی دیان هێرش دەکاتە سەر سپێرماتۆزۆیدی تر ئەگەر سپێرمی پیاوێکی تر لە ڕەحمی خانمدا بێت بە ڕێکەوت، ئەمە ئەوە دەسەلمێێت کە مرۆڤ لە مێژەوە سیستەمی پۆلیگامی پەیڕەوی کردووە، خانم لەم پیاو بازی داوە بۆ لای پیاوێکی تر و کۆمەڵگە بە ئاشتی نەژیاوە. خۆ موسڵمانان هەتا ئەم دەمەش هەر پۆلیگامن، نا؟

کەواتە تەنانەت لە ناو ڕەحمی مێینەشدا شەڕە لەسەر توخمی خود و بەردەوامیدان بە ڕەگەزی خود بە ڕێگریکردن لە سپێرماتۆزۆیدی نێرینەی تر. لەسەردەمی مۆدێرندا خەڵکی بە سیاسەتی دی ئەو ئامانجە دەپێکن، بۆ نمونە دەبیتە کەسێکی ناودار یان خاوەن موڵک بۆ وەدەستخستنی زۆرترین مێینە، هەر ئەم غەریزەیە دەبێتە هۆکاری شەڕ و پێکدادان، بەمەش دەڵێن ژیان، سەرچاوەی هەموو هەڵسووکەوتەکانمان دەگەڕێنەوە بۆ هەوەس بە ئامانجی بەردەوامییدان و بوون، کە داروین ناوی ناوە هەڵبژاردەی سروشتی و هەڵبژاردەی سێکسوێل. ئەگەر لەزەتێکی ئۆرگاسم و جوتێ سمتی جوان سەرنجت ڕادەکێشن، بۆ هەڵخەڵەتاندنی تۆی نێرینەیە، ئەگەر ئافرەتان بە سمتی پانوپۆڕیان سەرنجی تۆی نێرینە ڕادەکێشن، چونکا لە دی ئێن ئەیی تۆدا بە مانای ئەوە دێت کە ئەو خانمە وەچەی باش دەخاتەوە، بۆیە ئافرەتان سمتیان پڕدەکەن لە سلیکۆن.

کەواتە ئێمە جیاوازیمان چیە دەگەڵ ئاژەڵێک ئەگەر ئاگاییمان نەتوانێت ڕێ لە هەوەس بگرێت، ڕێ لەم دژواریە بگرێت؟ چونکا گەیشتن بە کەماڵ وەرچەرخاندنی ئەو هەوەسە سێکسوێلە پوختەیە بۆ شکڵێلی تر.

لێرەوە دەتوانین ناکۆکیەکانی نێوان ڕوسیا و ئەوروپا بە چەندەها جۆر لێکبدەینەوە، هۆکاری ئابوری و شتی تر، ئەوروپا دەیەوێت توانای خۆی فراوان بکات، بەو هۆیەوە پووتین توانای کەمتر دەبێتەوە و قبوڵی ناکات، وەک دوو ئاژەڵ لەسەر داگیرکردن و فراونکردنی خاک شەڕیانە، بەڵام هەر دەگەڕێنەوە بۆ هەوەس و هەوەسی سێکسوێل.

کاتێک پووتین دەبینین بە سنگی ڕوتەوە سواری ئەسپێک بووە، خۆی دەنوێنێت وەک نێرینەیەکی زاڵ، زۆر ڕوونە کە ئەو هەوەسە لە بنەچەدا سێکسوێلە.

***

ستیڤ هۆکین بە هەڕەمەکی نەی دەگووت: "خودا یاری بە زار دەکات". بەڵکو بە فیزیا دەیسەلماند کە خودا یاری بە زار دەکات. بۆیە پرسیار لە خۆمان دەکەین ئایا ئێمە بەرێکەوتی زاری خودا دروستبووین و بە ئاگا هاتونینەتەوە، یان ئاگامەندیی و هێزی سروشت لە ئێمەدا سەری هەڵداوە بە پرۆگرامێکی پێش وەختە؟ کارێکمان پێ سپێردراوە وەک هەندەک کەس بۆ گرنگیدان بە مرۆڤ ئەو بۆچوونە دەخەنە ڕوو.

ئەو ئاسمانە شین و قەشەنگەی بە سەرومانەوە بۆتە ئیلهامی شاعیران، جەهەنمێکی پڕ لە ئاگرە، شوێنی پێکدادان و گڕ و بورکان و لەناوچون و هاتنەکایە و وەرچەرخانی بێ وچانە، ئێمەش بەشێکین لەو سروشتە، ئەوەی جودامان دەکاتەوە لە بونەوەرانی تر، ئاگاییمانە، گوایە ڕۆژێک دەمان گەیەنێت بە کەماڵ، هیگل پارتیزانی ئەو بیرۆکەیەیە، گوایە بە بەردەوام بوون و بە ئەزموون مرۆڤ لە کۆتاییدا دەگات بە چارەسەر و کەماڵ. بەڵام مرۆڤ تەنها بەتاک و بە دابڕانی لە گشت دەتوانێت بگات بە کەماڵ، تەنانەت بۆ سەمفۆنیایەکی ڤاگنەریش، دەبێت ڤاگنەر خۆی دابڕێت لەوانی تر، بۆیەکا هونەرمەندی ئەڵمانی؛ "ژۆزێف بۆیس"، لە کارێکی هونەرییدا، پیانۆکەی ئاڵاند لە لباوێکی ئەستورەوە، هەتا لە دابڕاندا ئاوازێکی قەشەنگمان بۆ بژەنێت، چونکا گردبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری مرۆڤ پێکەوە دەمان بەنەوە بۆ هەمان لۆژیکی ئەو ئاسمانە شین و جوانە، دەمان بەنەوە بۆ وروژاندنی هەوەسی ئەزەلی کە پێکدادان و تێکشانە.

پێدەچێت ئێمە رۆژێک لە ڕۆژان وەک ئاسکەکانی ئیرلەندا لەناو بچین بە هۆکاری شاخی گەورە و قەبەوە. گەیشتنمان بە کەماڵ مەحاڵە، کەماڵی گشت بە مانای مردنی هەوەس و ئارەزوو دێت، بە مانای مردنی هەوەسە ئاژەڵیەکانی مرۆڤ دێت، ئەمەش تەنها بە کۆنترۆڵکردنی تەواوی مرۆڤایەتی دێت بە هێزێک لەسەروی خۆیەوە. ئەمەیە کە پێی دەڵێین مردنی مرۆڤ.

***

هەندەک لە زانیاریەکان لە کتێبی ؛ la préhistoire du sex وەرگیراوە.



## کوزی شاژن

ساڵی2016 هونەرمەندی بەریتانی ئانیش کاپوور، لە باخچەی کۆشکی ڤێرسای چەند کارێکی هونەریی پیشاندا، بە پێی وتەی خۆی پەیوەندی بە کۆشکەکە و مێژووی کۆشکەکەوە هەیە. بەڵام هەرخێرا دەنگۆی ئەوە بڵاو بویەوە کە مەبەست لە یەکێک لە کارە هونەرییەکانی کوزی شاژنە ( کوزی ماری ئەنتوانێت)، بۆیە چەند رۆژێک دوای ئەوە خەڵکی بە دزییەوە، چەندەها تاگییان لەسەر کردبوو وەک ئاکتێکی ناڕەزایی، تاگەکانیش ئەنتیسێمیست بوون.

پەیوەندی ئەنتی سێمیست چییە بە کوزی شاژنەوە؟

هەر کاتێک شتێک بکرێت دژی بەها کۆنەکان، وەک کارێکی تێکدەر ناسراونەتەوە، کاری تێکدەرانیش لە مێژوودا هەردەم شوناسی ئەنتیسیمیستی و هاورەگەزخوازانیان پێ داراوە، چونکە ئەوان وەک کەسانی تێکدەر و دژی مۆراڵ ناسراون. هەرچەندە هونەرمەند بۆ ڕۆژی دوایی گووتی "وای زانیوە تەلەفۆنە". گووتی:

من هەرگیز نەموتووە ئەوە کوزی شاژنە، خەڵکی ئەوەیان هەڵبەستووە، من گووتوومە هەموو کارێکی هونەری لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، ئەگەر خەڵکی دەیانەوێت وەک کوزی شاژن ببینن، بۆچی نا !!

پاشان ڕوونکردنەوەی دا لەسەر مێژووی ئەو شوێنە، کە چۆن هەموو شتێک تێیدا لەسەر ژێۆمەتری (ئەندازەیی) بەندە، تەنانەت باخچەکەشی کە لە هەموو جیهاندا کۆپی کراوەتەوە، لەسەر ژێۆمەترییەک کراوە کە لە کۆنسێپتی باخچە خۆی چۆتە دەرەوە، بۆیە کارەکەی پەیوەندی بە ژێۆمەترییەوە هەیە.

" کارە هونەرییەکەم، نیوەی لە ژێر خاکدایە و نیوەکەی تری لە دەرەوە، وەک ئەوەی لە خاکەوە هەڵقوڵابێت، وەک تونێڵێک، ئێمە لێرەدا لەناو باخچەیەکی ڕۆشن و بریقەداردایین، کارەکەم بە پێچەوانەوە تاریکە، ناوجەرگێکی ڕەشی هەیە، ئەم شوێنە ئاراستەی گۆشە نیگای سوڵتەیە، ئێمە دەتوانین ڕێگە بە خۆمان بدەین دیالۆگ بکەین و قسە دانەبڕین لەگەڵ یەکتردا، ئێمە چیمان دەوێت؟ دەمانەوێت ڤێرسایی وەک خۆی بمێنێتەوە بە بێ قسە؟ بە ڕای من ئەمە یارمەتیمان دەدات، باشتر تێبگەین لە ڤێرسای ".

هونەرمەند، جگە لە کوزی شاژن چەند کارێکی تری هونەریی تێدا دانا بوو لەسەر هەمان کۆنسێپتی تێکشکاندنی ژێۆمەتری.

وەک چۆن لە ڕابوردودا فەرەنسا یەکەم هەنگاوی نا بە کردنەوەی شوێنە مێژوویەکان بە کاری هونەری هاوچەرخ، لە ئارشیتاکتوردا بە پیرامیدی لۆڤەر دەستیان پێکرد و لە کۆشکێکی تری شاهانە لە پاریس ئەنستالاسیۆنێکی هاوچەرخیان بۆ هەتایە تێدا دانا. بە هەمان شێوە لەسەر هەمان کۆنسێپت و مێژووی ئەڤانگاردی فەرەنسا ئەم پێشانگایە کراوە، هەر بۆیەش ئەم چەمکەش، چەمکی کردنەوەی مۆنیمۆنت و بەهای کۆن بە کاری هونەری هاوچەرخ، هونەرمەندانی جیهان ڕادەکێشن بۆ پاریس. ئەگەر هونەرمەندی بەریتانی نەیتوانی ئەو کارە لە کۆشکی شاهانەی بەریتانیا بکات، لەبەر ئەوەی هێشتا شاژن لە ژیاندا ماوە، ئەگەریش تەنها سوڵتەیەکی ڕەمزییان هەیە.

بێ شک کوزی شاژن دەیەوێت ئەو ژیۆمەتریە وەرچەرخێنێت، تێکبشکێنێت، چونکا خودا ئاگادارە ئەگەر هەموو شتێک لەو کۆشکەدا لەسەر کۆنسێپتی ژیۆمەترین، ئەوا شوێنێکی بێ سەروبەر بووە، ژیانێکی ئەنارشیستی تەواو جیاواز ژیاون لەوەی کە بە ڕووکەش نیشانیان داوە، شوێنی سێکسی بە کۆمەڵ و، قامچی لەسەر سمت و دەستبازی و گانگانۆکێ و چیرۆکی سەمەرە بووە. ئەرکی هونەرمەندیش هەڵماڵینی هەقیقەتە، شکاندی ژێۆمەتریە بە شێوازی جیاواز، نەک تەنها بە ئەنارشیستی، چونکا پیرامیدی لۆڤەر* هەر پیرامیدە و ژیۆمەتریە بەڵام پیرامیدێکی پاشروونە و هەموو شکڵەکان لە پشتییەوە دەبینین و هیچ شتێک شاراوە نییە. کاری ئێمە قسەکردنە لەسەر هەقیقەتی شاراوە، ڕوداوەکان، بە شێوازێکی تر.


***

پیرامیدی لۆڤەر، پرۆژەیەکی ئارشیتاکتوری مۆدێرن بوو لە سەردەمی فرانسوا میتراندا ئەنجامدرا، بریتی بوو لە پیرامیدێکی شوشە، وەک سەردەمەکەمان پاش ڕوون، بە مەبەسی ڕۆشنکردنەوەی کۆشکی لۆڤەر.

# کۆتایی



تابلۆی پیکاسۆ



دواهەمین ئۆتۆپۆرتریێ پیکاسۆ



لی ئەریستۆ، ژنێک بەسەریەوە

## مردنی بچوک و مردنی گەورە

## << وەختەکی دەچێت بۆ لای ئافرەتێک، قامچییەکەت لە بیر نەچێت >>

دەستەواژەی << مردنی بچوک>>، لە سەدەی شانزەوە لە فەرەنسا هاتە ناو زمانەوە. برتییە لەو هەستە ئێجگار نامۆیەی تێیدا دەژیت لە کاتی ئۆرگاسمدا. ئەم دەستەواژەیە زۆر لە ئەدەبدا و لە لایەن دەرونشیکارانەوە بەکار دەهێنرێرت، بە تایبەتی لای ژۆغژ باتای ئازیز، کە هەردەم چەمکی ئێرۆتیزم گرە دەدات بە مردن و ئارەزوی ئێرۆتیزم بە ڕۆحی شەیتانییەوە. دەستەواژەی << مردنی بچووک>>، ئەو دەمەیە کە لە ساتەوەختی ئۆرگاسمدا مرۆڤ دەکەوێتە حاڵەتێکی غەریبی و وون بوون و لەرزۆکییەوە وەک کاتی گەشتن بە مردن، لەبەر ئەوەی مردن خۆی بۆ خۆی شاگەشییەکی گەورەیە، بەڵام ئەمیان وەک شاگەشییەکی بچوک، وەک مردنێکی بچووک ناسراوە. وەختەکی دەگەیتە ئۆرگاسم و:

وەک مانگا دەبۆڕێنیت،
وەک کەر دەزەڕێنێت،
وەک ئەسپ دەحیلێنێت،
وەک بزن دەباعێنیت،
وەک شێر دەنەڕێنێت،
وەک پشیلە دەمیاوێنێت،
وەک ڕێوی دەواقێنیت،

وەک بەرخ دەباڕێنیت،
وەک کەڵەشێر دەقوقێنێت،
وەک قەل، قولی قولی بوویت،
وەک بول بول دەناڵێنێت،
وەک چۆلەکە دەجریوێنێت،
وەک سەگ دەحەپێنێت، دەقروسکێنێت، وەک گورگان
دەلورێنیت........

***

ئیدی پاڵ دەکەویت لەسەر پشت وەهەر چوار پەلت ڕادەخیت و دەکەویتە حاڵەتێکی دوو جاران ناهەمواری و بۆشایی؛ بۆشایی جەستەیی و لە هەمان کاتا مۆراڵیی. جەستەیی، لەبەر ئەوەی هێکلە گونەکانت بەتاڵ بوون و شەکەت و ماندوویت، وەک ئەو مرۆڤە هەڵمەتبەرەی پێش کردەی سێکسوێل، دڕندە و چاوچنۆک نەماویت، کە ئامادەکاریت تێدا بوو بۆ وەدەستختنی ئارەزووەکانت، بۆ خاڵی کردنەوەی پزدانت، هەوەست، وەک نێرەکەر لەسەر چوارپا، خانم سوارت بێت وەک " لێ ئەریستۆت" و پاشان هەتە هەتە، بە قامچییەکەی  بکێشێت بە هەموو جەستەتا. بۆیە نیچە دەڵێت:

<< قامچییەکەت لە بیر نەکەیت کاتێک دەچیتە لای خانمێک >>.

ئیدی پاش ئۆرگاسم، خانمیش بە تەنیشتەوە، ئەویش لنگی بڵاوە کردۆتەوە و لێوە هەڵاماسیوەکانی کوزی نیشتونەتەوە ئەگەر تۆی نێرەکەر بە زوویی ڕەحەت نەبووبی، هەر زوو ئاوت نەهاتبێتەوە. ئەو مستە سپێرمەشی کە ڕۆت کردۆتە زێیەوە دڵۆپ دڵۆپ لە دەروازەی کوزییەوە، بە لێوی کوزیا دێنە خوارێ، لەبەر ئەوەی خانم گەرەکی نییە دووگیان بێ، دەنا هەناوی گرژ دەکردەوە و سپێرمەکەی تێدا گلدەدایەوە بۆ خۆی، بە مەبەستی دووگیانیی.

دوابەدوای ئەو مردنە بچکۆلەیە، ئێستاکە تۆ بویتە مرۆڤێکی بێ هیوا، نیگەران، لەرزۆک لە بۆشاییەکی ئێجگار فراواندا، نازانیت چلۆن و بە چییەوە خۆت بگریتەوە، هەتا ئەو کاتەی جارێکی دی گوانت پڕدەبنەوە. رودەکەیتە خانم، هەتا ئەو بێ دەنگییە بشکێنیت، ئەو بۆشاییە بە هەرچییەک بێت خەریک بکەی:

- ئەم ئێوارەیە، ساوەر بخۆین یان برنج؟

***

بەڵام مردنی گەورە << هەتایی >>، ئێجگار بە هێزترە، هەزارن جار ئۆرگاسمەکەی زێدە ترە، بە تین ترە، بۆیە وەها دڵت دادەخورپێ، وەک چۆن پیکاسۆ لە دواهەمین ڕۆژەکانی ژیانیدا، بەو ئۆتۆپۆترێیەی گوزارشتی لەو حاڵەتە کردگە؛ ترس و خورپەی ڕوبەڕوبونەوەی دەگەڵ مردنی گەورەدا.

پانیک مەبە. نا، نا، پانیک مەبە، پانیک مەبە وەک کاتێک خۆت دەبینیتەوە لە ژورێکدا، لە نهۆمێکی بینایەکی بەرزی شارێکی گەورەی ئەوروپادا، دەگەڵ خانمێکی زۆرزان و ئێجگار قەشەندا. بە ڕۆبێکی تەنک وەک باڵی مێش، لەبەر پەنجەرەی ژورەکەیدا، بە مەبەستی ئاگر تێبەردانت، ورووژاندنی هەوەست، ڕەپکردنی عەورەتت، پشتی تێکردویت و سمتەکانی دەرپەڕاندوون بەرامبەرت لە بارێکی ئێجار گونجاودا، لەبارێک بۆ تێخستندا بە هاسنی، خۆی چەماندۆتەوە و پشتی تێکردویت.

ئەی هاوسێکەی بەر پەنجەرە،

تکات لێ کەم توخودا وەرە.

خانم سەیری مانگە شەو دەکات، گوایە بە ئەنقەست خۆی نەخستۆتە ئەو بارەوە، ئەویندار دەگەڵ مانگدا دەکا. تۆش دەتەوێت خۆت خەریک کەی، سەیری مانگە شەو بکەی، هەرچی دەکەی، نیگات هەر دەێتەوە سەر سمتی خانم، دەچەقێتە نێو سمتی ئەو لەبەردەم مانگەشەودا. سمتی دەرپەڕیوی خانم لە باری چونە وژورەوەی هاسان و پراتیکدا، لە دواوە. سەیری خانم دەکەیت، چلۆن رۆشنایی مانگ ڕۆبەکەی پاشڕوون کردووە، کارئاسانی بۆت کردووە، هەتا باشتر جەسەتەی لە ژێر ڕۆبەکەیەوە ببینت. مۆدێلی دەرپێکەی. خۆ ئەگەر بێ دەرپی بێت، هەزار و شەست سەد درهەم، چونکا شکڵی کوزی لە نێو هەردوو ڕانیا بە هاسانی وەدیارە. من حەزم بەو شکڵانەیە کە سپەیسێک لە نێوان هەردوو ڕانیاندایە، بەجۆرێک لێوەکان کوز دەبینیت چلۆن هەڵماسیون بە مشتێ تیسکی کەمێک لولەوە. دڵت دەکەوێتە ترپە ترپ و دەکەویتە حاڵەتێکی پانیکەوە، دادەخورپێت کاتێک دەیهێنیتە پێش چاوانت، چلۆن لە ئان و ساتێکدا ڕۆبەکەی هەڵدەدەیتەوە و مەمکۆلەکانی دەگریت و لە نێو هەردوو دەستا هەڵیان دەگلۆفی و بە وردە تەکان لە دواوە بۆی دەچیتە ژورەوە. دەزانیت کە چەند ساتێکی تر نێرتکت دێت و دەچێت لە نێو هەردوو ڕانیا، بە هەموو هێزو تاوانی خۆت تەکان دەدەیت، ئەو جەستە نەرم و ناسکە دێنی و دەبەی، دەی لەرێنیت، دەی هەژێنیت، دەی ژاکێنیت، دی دڕێنیت....بەسەریا وەک گایەکی زەبەلاح دەنەڕێنیت...

Je vais et je viens, entre tes reins

Et je me retiens….

دڵت دەکەوێتە ترپە و خورپە، چونکا دەزانیت مردنێکی بچوک چاوەڕوانت دەکات. خانم هەر لەو بارەیدایە، گوایە ئەویندار ی دەگەڵ ماناگ دەکات. بە پای بچوک لێی نزدیک دەبیتەوە و خۆت دەنوسێنیت بە سمتییەوە. دڵت دەکەوێت تەپە تەپ و نێرتکت ئێجگار ڕەپە، وەک داری شەیتان، کەوتۆتە ئەوپەڕی ئاستی ڕپبوونی...

نا، نا. ئەمە تەنها مردنێکی بچوکە. خورپەی مردنی گەورە ئێجگار بەهێزترە، وەک نیگای ئۆتۆپۆرترێکەی پیکاسۆیە، ئێجگار نامۆیە، بەتینترە. پانیک مەبە، هیچ مەترسە، خۆت مەشڵەژێنە، دەگەڵی برۆ وەک ئەوەی ڕوبەڕوی ئینانا ببیتەوە، خواوەندی ئیانانا لەباوەش بگری، وەک ئەوەی دەگەڵ خواوەندی ئیانادا سێکس بکەیت، وەهایە.

داخۆ کوزی ئینانا چلۆن بێت !!! ؟ دەڵێن گوایە شەست پیاوان ماندوو دەکات، بەڵام هێشتا ئەو ماندوو نەبووە و هەر گەرمکییەتی. دەڵێن گوایە کوزی ئینانا نێرتکی پیاوان هەڵدەلوشێ، لێوە هەڵماسیوەکانی کوزی، وەک خانمێکی شێلەرە، نێرتکت بۆ دەشێلێ. هەتا قوڵایی زێی نێرتکت هەڵدەلۆشێ. بۆیە دانیشتوانی شاری ئور، بەهاران لە وەرزی ژیانەوەی ئیاناناد لە سەربانان دەگەڵ ژنەکانیاندا سێکسیان دەکرد وەک ئەوەی سێکس دەگەڵ ئەودا بکەن، ژنانیش کۆمێدی ئینانایین بۆ هاوسەرکانیان دەکرد، وەکی ئینانا گانیان دەکرد.....

***

دەنگی ئاژەڵان، لە کاک بەکر ئەحمەدییەوە وەرگیراوە.

## کۆتایی



## لۆت چەورکەم ؟ بیلامانا.

ئەوروپییەکان زۆر بیر لە مانای دووری ووشە ناکەنەوە؛ مانای دووهەمی ووشە، لەبەر ئەوەی ئەوان نە عابایان هەیە نە پەچە و نە بورقە هەتاوەکو بزانن چی لە ژێرەوەی شاراوەیە. لای ئەوان فشاری نەست (نائاگایی) کەمترە و بەو هۆیەوە نیڤرۆزیش.

ئەو کوڕە داماوەی لەسەر دەستەواژەی؛ "لۆت چەورکەم" فیشەکێکیان پێوەنا. ئەگەر وەک ژنە بە نازو عەیارەکانی سلێمانی بە تایبەتیی ئەوانەی گەرەکی شۆڕش بیگووتایە: بیلامانا، ئەو کارەساتە دژوارەی بەسەردا نەدەهات.
ژنانی سلێمانی بەتایبەتی ژنە بۆرژوازیەکانی گەرەکی شۆڕش، ئاگاداری ئەو تەنگژەیەن، دەزانن کە پیاوان هەردەم بیر لە مانای دووەمی وشە دەکەنەوە، بۆیە لە دوای هەر وشەیەک کە نیازی شتی خراپی لە خۆیدا حەشار داوە، یان دەتوانێت نەست لێوەیەوە دەرباز بێت بە شیکاری فرۆیدیی، بە تایبەتی بۆ کۆمەڵگەی ئیسلامی کە هەموو بیرو هۆشیان لەسەر ئەو باسەیە، دەیان گووت: بیلامانا.

دایکەنە بیلامان، هەستاوە بیلامان، بیخە دەستمەوە بیالامان، زۆر زلە بیلامانا، ساف و لوسە بیلامان، زۆر تەسکە بیلامانا، پێیدا ناچێت بیلامانا، سەرەکەی بیلامانا، بڵاوی بکەمەوە بیلامان؟ بۆم تێخە بیلامانا، چۆن حەزت پێیە بیلامان؟ هەر بە پێوە بیلامان؟ پشتت تێکەم بیلامانا؟ بە تەکان بیلامانا، نا ئاوا خۆشترە بیلامانا، لێێ خشێنە بیلامانا، بی مژم

بیلامانا؟ بە پەنجە بیلامانا، لۆت چەورکەم بیلامان؟ تفی لێدە بیلامانا، بیلێسەرەوە بیلامانا؟ دە قەپاتی کە بیلامانا، هەمویت برد بیلامان؟ ئۆی کە خۆشە بیلامانا، بڕۆ لاچۆ بە خوا تۆ بە من تێرنابیت بیلامانا.

ئیدی کاتێک پیاوان گوێیان لە بیلامان دەبوو، دەیان زانی کە خانم مەبەستی خراپی نەبووە و فیشەکیان پێوە نەدەنا و نەیان دەکوشت.

هەروەها ئەم ژنانە، کاتێکیش دەدوان، بۆ ئەوەی مۆسیقایەکی بە نازومەکر بخەنە دوای هەندەک وشەوە، پاشگری (وە) یان دەگۆری بۆ (وانێ)؛ پێیدا ناچێتەوانێ، هەستایەوانێ؟ بڵاوی بکەمەوانێ؟ هاتمەوانێ، تێی خەرەوانێ، بیخۆمەوانێ ؟...تاد.

ئەو سەردەمە تەمەنم توانای مەبەستی بیلامانای نەدەزانی، بەڵام هەموو رۆژێک بەرگوێم دەکەوت. رۆژێک چەند ژنێکی زۆر لەو عەیارانە لە ماڵی ئێمە بوون، هەمویان لە هۆڵەکەماندا لەگەڵ چەند پیاوێکدا. مندالێکی بچوک لە هۆڵەکەدا هاروهاجی دەکرد. پورم سیستەر بوو لە خەستەخانەی سلێمانی کاری دەکرد، وا دیاربوو ئەو مامانی دایکی ئەو منداله بوو، بۆیە لێی تورەبوو گووتی: دانیشە هاروهاجی مەکە ئەگەر نا دەتخەمەوە ئەو شوێنەی لێیەوە دەرم هێناویت، دایکی بەو بەرەوە بە پێکەنین و ناز و مەکرەوە گووتی:

"بەخوا تازە پێوەی ناچێتەوانێ"

وەها خۆی بادا بە نازو مەکرەوە! وەها دەمی تەسک کردەوە بە وێنەی شوێنەکەی، هەموو پیاوانی هۆلەکەی بە خەبەر کردەوە، یەکێک لە پیاوەکان وەها ڕاچڵەکی شوتیەکەی لە لوتیەوە هاتە دەرێ.

جا منیش وەک ئەو کابرایەی کە فیشەکی نا بەو کوڕە گەنجەوە، ڕۆژێک کە تازە گەشتبومە فەرەنسا لە ئێستگەی شەمەندەفەر چوم داوای هۆت دۆگیکم کرد . کچێکی قژ زەردی جوان خاس، بە تەنورەیەکی سپی کورتەوە سەندویچی هۆتدۆگی دەفرۆشت، داوای هۆتدۆگێکم لێ کرد. خێرا لەتێک نانی درێژ« باگێت» ی فەرەنسی چەقاند بە ئاسنێکی گەرمدا لە شکلی نێرتکدا بۆ گەرم کردنی ناناکە و پاشان سۆسیسۆنەکەی هەڵکێشا لە خەردەلو کردی بە کونی نانەکەدا، خەریک بوو دڵم بوەستێ. سەیرێکی کردم ووتی خەردەلی زۆرت بۆ تێخەم ؟ وتم ؛ بەڵی خانم. دەری هێنایەوە و جارێکی تر هەڵیکێشا لە خەردەل و کردیەوە بە باگێتەکدا. هێندەی خەردەل تێ کردببو لوتم دەچوزایەوە، ئیتر لەو رۆژەوە هەر جارێک هۆتدۆگ دەخۆم بیری ئەو کچەم دەکەوێتەوە و هۆتدۆگ تامێکی تری هەس. بەڵام بە یرمدا نەهات کارێکی خراپ لەگەڵ ئەو کچەدا بکەم، خوانەخواستە فیشەکێکی پێوە بنێم.

ڕۆژێکیش لە فەرەنسا، کچێکی فەرەنسی؛ یاێل، دانیشتبوو لە ماڵی من مریشکی دەخوارد، بەرامبەر بە دوو کوڕی کورد. یاێل کچێکی فرە جوانخاس بوو، لە کاتێکدا ئێسقانی

مریشکەکەی بە چاقۆ دەبڕی، ڕووی تێ کردموو گووتی: سەردار دەتوانم بی مژم........بۆماوەیەکی زۆر وەساتا و پاشان بەردەوام بوو گووتی: ئێسکی مریشکەکە؟ راستە لە فەرەنسا جوان نیە لە بەردەم خەڵکیدا ئێسکی مریشک بلێسیتەوە، بەڵام دەتوانیت روخسەت لە خاوەن ماڵ وەرگریت، ئەوسا دەتوانیت بە ئارەزووی خۆت بیلێسیتەوە، بیمژیت...ئێسکی مریشک بێ گوومان. بەڵام لە بەر ئەوەی یاێل بۆشاییەکی زۆری دانا لە نێوان مژین و ئێسکدا، کاتی بۆ دەهێشتینەوە چەندەها وێنە بهێنینە پێش چاومان بۆ مژین، بۆ یەکا بە چاوی ئەبڵەقەوە چاوەڕوانی تەواوکردنی ڕستەکەی بووین، بە تایبەتی دوو کەڕە کوردەکەی بەرامبەری کە زۆر سەرنجی جوانییان ئەدا. بۆیە گووتم ؛ یاێل، دەتوانیت هەرچی ئێسکی مریشکە بمژیت بەڵام ڕۆحی ئەو کوڕانەت برد ماڵت ئاوا بێت.
دوای چەند ڕۆژێک پرسیارم لێ کرد کە ئایا ئەو جۆرە قسانە بە مەبەستی وررووژاندن دەکات یان نە؟ یاێل سەرسام بوو بەو پرسیارە و هیچ مەبەستێکی شاراوەیی بە ئاگایی خۆی لەو جۆرە دواندنەدا نەشاردبوەوە.
جەگە لەوە یاێل سمتێکی ئێجگار جوانی پێوە بوو، کاتێک دەچەمایەوە بۆ ماوەیەکی زۆر بە چەماوەیی دەمایەوە و سمتی دەردەپەڕاند لەو بارەدا بەرامەرمان هەتاوەکو کاتمان بداتێ بە ئارەزووی خۆمان چەندەها سیناریۆ و فەنتازیا بە مێشکماندا گوزەر بکات.

یاێل ئێستاکە خوێندنی شیکاری دەروونیی دەخوێنێت.

## کۆتایی



## مرەبای کوز و دەستەواژەی (گێلاس لەسەر گاتۆ).

فەرەنسیەکان کێکیان نیە، بەڵام کێکی ئنگلی (ئنگلیز) دەکەن و پێی ئێژن؛ کێکی ئنگلی. بە شیرینیەکانی خۆیان ئێژن؛ گاتۆ. گاتۆی فەرەنسی وشک نیە وەک کێکی ئنگلی، هەویرەکەی پڕیەتی لە کەرە، پاشان پڕی دەکەن لە میوەی هەمەجۆر. منیش کەسێکی زۆر چڵێس و نەوسنم، زۆر حەزم لە میوەیە، هەمیشە سێوێک، هەرمێیەک، مۆزێک لە گیرفانمدایە و حەزم بە ئاشبەزخانەیە و لە ئاشبەزخانەشدا ئاموغ دەکەم.

حەزم بە کچی بێ ئەزمون نیە، واتە پێش من پیاوێ تری نەناسیبێ، ناشتوانم ژنێک مارە بەکەم گەر لەوە و بەر چەند پیاوێکی ئاو نەدابێ، حەزم بە کچی تەقلەبازە. باوەڕم بە مارەبەجاشیش نیە، مارەبەجاش بۆ پیاوانی گێل و نەفامن، من هێندە گێل و نەفام نیمە.

رۆژێک خۆم دیتەوە لە ژورێکدا دەگەڵ کچێکی ئێجگار جوان خاسا، تەمەنی لە خوار هەژدە بوو، وەک کوردان ئێژن: دەدرەوشایەوە، وەک ئەو خۆرە بوو. پێی گۆتم ئەوە یەکەم جاریەتی و هێشتا پەردەی کچێنی نەژاکاوە، هەرچەندە لەوە و بەر کوڕێکی ناسیوە بەڵام لەبەر ئەوەی کێری فرە زل بووە، ترساوە، بۆیە نەی خستبووە ناوگەڵی، نەی خزاندبووە نێو لێوی کوزی، هەر بۆیەش کوزی نەژاکاوە.

کە گۆتی ئەوە یەکەم جاریەتی، ڕاچڵەکیم. پێم گۆت؛ خانم ئەو تاوانە بە من مەکە، تکایە، من لەو پیاوانە نیمە نێرتکم بە کوزی نەژاکاو ڕەپ ببێت، من لەو پیاوانە نیمە سەرچۆپی بە دەستەسڕی خوێناویەوە بگرم و هەڵپەڕم لە خۆشی و شاگەشیدا.

سەری سوڕما، وای دەزانی شاگەش دەبم، سەمادەکەم، هەڵدەپڕم بە چواردەوریا، لە خۆشیدا. گۆتی ئەی چارە ؟ گۆتم چ دەکەیت بیکە، بەڵام ئەو خوێنە بە من مەڕێژە، من مرۆڤێ ئاشتی خوازم، حەزم بە خوێن نینە. دەزانم ڕۆژهەڵاتیەکان ئەو کوزەیان ئێجگار خۆش گەرەکە، شانازی بەو کوزەوە دەکەن پیاوی تری لە پێش ئەو نەناسیبێ. بە تایبەتی پیاوانی موسڵمانی عارەبی، سەدەها ملوێن دۆلاری پێ دەدەن. گۆتم من پیاوی ڕۆژهەڵاتی نیمە، من دیۆنیزۆسم، من یاسا و ڕێسای خۆمم هەنە.

مۆزێکی لە سەبەتەی ئاشبەزخانەکە هێناو لەبەر چاومدا چەند جارێک هێنای بە ناوگەڵیا و پاشان بە ناو کوزیا، بۆ ماوەیەکی زۆر مۆزەکەی دەهێنا و دەبرد لە ناو کوزیا، بە توندی لە نێو ڕان و زێیدا دەیگووشی. سەرنجی ئەو دیمەنە دڵگیرەم دەدا، لە تواناما نەبوو بیچوێنم بە هیچ مێتافۆرێکی دی جگە لە وێنای خۆی نەبێت.

دەرگای باخچەی بەهەشتی لۆ کردمەوە. بەڵام کاتیک مۆزەکەی وەدەرخست، بینم مۆزەکە پیشا بوو، گەرمی کوزی و بۆنی کوزی پێوە دیار بوو، وەک میوە لە ناو سندوقی داربەڕو بۆ شەرابی بۆردۆ وەها بوو. وەختەکی خستمە دەقمەوە، تامێکی غەوارە و لەزەتێکی فرە خۆشی هەبوو، وەک لای خۆمان، کاتێک زستانان بەهێیان دەخستە ناو ئاگردان، دەیان پیشان. ئیدی لەو ڕۆژەوە دەگەڵ ئەو کچەدا میوەی پیشاو و مرەبای کوزم دەخواردن. دوانیوەڕوان دادەنیشتم بە دیار کوزیەوە، هەندەک جار گێلاسم دەخستە نێوان لێوی کوزی، بە وردی سەرنجی کوزیم دەدا و بە ئەسپایی دەنکە گێلاس، دەنکە ترێم دەخستە نێوان لێوی کوزی، پاشان بۆ ناو قوڵایی زێی، ئینجا بە زمان دەرم دەهێنان و دەمم خواردن. کێلۆیەک ترێ و گێلاس و مۆزم بەو جۆرە دەپیشاندن لە ناو کوزیا. خانمیش

ئێجگار حەزی بە نیوتێلا بوو، حەزی بە هەنگوین بوو. تم و تم کۆڵکە هەنگوین و نیوتێلام هەبوون لە ماڵ، هەردەم کێرم هەڵدەکێشا لە هەنگوین و لە نیوتێلا و خانم بۆی دەلێسامەوە. ئای چەندە حەزی بە لێسانەوەی نێرتک بوو بە هەنگوین و نیوتێلاوە.

خانم، کچێکی قژ زەرد بوو، وەرزشەوان بوو، ڕانەکانی ئەستور و سمتی ئێجگار توند و تۆڵ بوون. لەو کچانە بوو بە گوشین دەگەشتە ئۆرگاسم، لە نێوان هەردوو ڕانیدا دەیپیشاندم، هێندەی دەگوشیم دەی پڕوکاندم. دەساڵێک دوای ئەو خانمە، کچێ ترم ناسکرد بە هەمان شێوە بە گوشین دەگەیشت بە ئۆرگاسم. پێم سەمەرە بوو ، چوونکا لە شێوەدا وەکی یەکتر بوون، هەردوکیشیان بورجیان شێر بوون. کاتێک دەگەشتنە ئۆرگاسم بۆنێکی بەهێزیان دەردەهاوێشت، بۆنێک زیاتر بەلای سێبەر و شێدا دەشکایەوە، ئیتر لەو ڕۆژەوە زۆر هەستیارم بە کچانی بورجی شێر، دەتوانم کچێکی بورجی شێر لە پشتەوە بناسمەوە، نەک تەنها بە بۆنی کوزی، بە بادانی سمتی جوانی، بەڵکی بە شیوازی هەنگاونانی.

****

لە کتێبی ( چیرۆکی چاو) ی نوسەر و فەیلەسوفی فەرەنسی؛ ژۆرژ باتای، کچەکە حەزی بەوەیە هەردەم ڕۆبەکەی هەڵبەداتەوە و لەسەر هێکلە دادەنیشیت و بە سمتی هێلکە بشکێنێت و زەدێنە و سپێنەکەی بە نێو ڕانیدا بێتە خوارەوە.

لە فیلمی ***L'Empire des sens*** کە یەکێکە لە فیلمە بەناوبانگەکانی سینەمای ئێرۆتیزمی جیهانی، دەرهێنەری ژاپۆنی ؛**Nagisa Ōshima,**، لە ساڵی 1979 دا. وروژێنەرترین ساتی فیلمەکە ئەوەیە کاتێک پیاوەکە هێکلەیەکی سپی کوڵاو بە بێ کاکڵە دەخاتە کوزی کچەکەوە، کچەکە بە نازەوە بە کابرا دەڵێت؛ دەبێت بچیت دەری بهێنیتەوە لە کوزما، ئەویش پێی دەڵێت؛ خۆت بخەرە باری چیچکانەوە دێتە دەرێ. کچەکە بە چیچکانەوە دادەنیشێت ودەبینیت هێکەلەکە وردە رودە لە کوزیەوە دێتە دەرێ. جا کوزی کچانی ئاسیایی ئێجگار جوانن، خۆ ئەگەر هێکلەشی لێوە بێتە دەرێ، ئەوا هێندە وروژێنەرە دڵت دەکەوێتە ترپە ترپ و نێرتکت خێرا ڕەپ دەبێ. چونکا هێلکە لە قونی مریشکەوە دێتە دەرێ، بۆیە فۆرمێکی ئێرۆتیک و لە هەمان کاتا ئەێرۆنیتیکی هەیە. هەموو ئەو شکلانەی بە بزاوتن دروست دەبن، شکڵی بزاوتن وەردەگرن، شکڵی ئەێرۆنۆتیکن بۆیەکا شکڵێکی ئێرۆتیکیان هەس، وەک هێکلە و باڵندە و نێرتیکیش.

بەڵام خانم هێکلەی نە دەخستە کوزیەوە، ڕادەکشا لە سەر سک لە بەردەمما، چەند گۆشەیەکی دەخستە بەر سکی، سمتی دەخستە باری هاوسەنگی، بە جۆرێک کونی چوپی بەرامبەر بە ئاسمان بێت، بەرامبەر بە خودا و یەزدان بێت، ئینجا هێکەلەیەکم دەخستە نێوان درزی سمتی، سمتی دەگوشی و هێلکەکەی لە نێوان سمتیا دەتەقاند. جا من فرە

حەزم لە هێلکەیە، هێلکەش لەسەر سمت، بە فەرەنسی بەوە ئێژن؛ گێلاس لەسەر گاتۆ، لەبەر ئەوەی فەرەنسیەکان هەندەک جار گێلاسێک دەخەنە سەر گاتۆکەیان، ئەو گێلاسە بۆتە دەستەواژەیەک لە زمانی فەرەنسیدا و ئێژن: گێلاس لەسەر گاتۆ، بە مانای شتکی زیاد لە خۆش، چونکا سمت خۆی جوانە، ئەگەر هێلکەشی لەسەر بێت ئەوە زۆر جوانتر و ورووژێنەر ترە، زیاد لەوەی چاوەڕوانی دەکەیت، بۆیە دەتوانین بڵێین: هێلکە لەسەر سمت، لەبری گێلاس لەسەر گاتۆ.

بە خانمم دەگۆت وەهای بشکێنێت لە نێوان درزی سمتیا، بە مەرجێ زەردێنەکەی نە شکابێ، چونکا من حەزم بە هێکلە و ڕۆ ن نیە زەردێنەکەی تێکەڵ بە سپێنەکەی کرابێ، بۆیە سمتی دەکردەوە و هێکلەکەم دەخزاندە نێوان سمتی، بە هێواشی دەی گوشی و هێکلەکەی بۆ دەشکاندم، منیش بە بێ ئەوەی گۆمەکە بشڵەقێنم، کانیەکە لێڵ بکەم، بە نەزاکەت کاکڵەکانیم دەردەهێنان، پاشان زەردێنەکەیم هەڵدەلوشی و سپێنەکەییم بۆ گەمەی سێکسی بەکار دەهێنا.

سەیری ئەو دیمەنەم دەکرد؛ گۆمێکی پاشروون لە نێوان هەردوو سمتیا، جارە جارە دەی شڵەقان بە بێ ئەوەی چۆڕێکی لێ بڕژێنێت، کونی چوپی دادەخست و دەیکردەوە و یاری بە سپێنەی هڵێکەلەکە دەکرد، کانیەکەی دەشڵەقاند بە بێ ئەوەی پەرشوبڵای کاتەوە.

کانیەکی رونی بەر تریفەی مانەگە شەو

لە بنیا بلەرزێ مرواری و زیخ و چەو

جوانترە لە لای من لە دەریای بێ سنور

شەپۆلی باتە بەر تیشکی ڕۆژ بێ سنور

ئیتر دەگەڵ ئەو کچەدا هەموو شتێکم تاقی دەکردنەوە. یەکەمین جار کاتێک بینیم لە بەردەمما میزی دەکرد، گوێم لە خوشەی میزی دەگرت، خەریک بوو بگەمە ئۆرگاسم، ئیدی هەر کاتێک گوێم لە دەنگی خوشەی میزی دەبوو باش سەیری کوزیم دەکرد، گوێم بۆ ئاوازی خوشەی میزی ڕادەگرت، ئیدی هێندە، ئاشناییم بە دەنگی خوشەی میزی کچان هەبوو، خۆ ئەگەر چاوانم دابخەم، دەزانم نەخشی ئەو کوزە بکەم تەنها بە دەنگی خوشەی میزی.

خوشه خوشی میزی کچان مۆسیقایەکی ئێجگار دڵگیره و زۆر جاوازه لەدەنگی ناسازی میزی پیاوان، دەنگی چەشنی ئاوازی میزی پیاوان نینه. دەنگی ئاوازی میزی پیاوان به وێنای خۆیانن، وەک دەنگی تکەی بارانی شەوانی بێزاریی بەسەر تەنەکەیەکی شکاودا، خەوت لێ دەزڕێنێت و بێزارت دەکا. نا، نا، کاتێک ئافرەتێک میز دەکات، باش گوێ بۆ شل بکە، ئێژی خوڕەی کانیاوه، چونکا لێوەکانی وەک درزێکی کراوه، به قەدپاڵی شاخێکۆ. بۆیه هەردەم داوام لەو خانمه دەکرد به تەنیشتمەوه میز بکات، کاتێک به چیچکانەوه دادەنیشت جوان له درزی کوزیم دەڕوانی، لێی ورد دەبومەوه، چۆن ئاو بەخوڕ دەهاته خوار لەنێوان درز و لێوەکانی کوزیا، به تایبەتی لەکۆتاییدا کاتێک دواهەمین چۆڕه دەهاته خوار، مشتم دەخسته بەر کوزی و تۆزێکم دەکرد به سەروچاوما، وەک موسڵمانان ، پێش نوێژکردن بۆ دەستنوێژی، پێش ئەوەی بچمه ژورێ بۆ ناو مزگەوتی ناوگەڵی.


جاره جارەش به چیچکانەوه لەسەر سنگم دادەنیشت، سمتی دەخسته سەر سنگم، ئینجا چۆڕه چۆڕ میزی دەکرد بەسەر سنگ و شان و ملما، وێنەی درزی کوزی، خوڕەی میز و گەرمایی لەسەر سنگم، خێرا نێرتکم ڕەپ دەبوو. بەڵام حەزم نەدەکرد بیکات بەسەر و چاوما چونکا فیلمەکه لەبەرچاوانما لێڵ دەبوو.

******

هیوادارم نرخی هێلکه بەرزنەبێتەوه له کوردستان. بۆ ئاگاداری نابێت زیاتر له دوو هێلکه بخۆیت له ڕۆژێکدا.

## کۆتایی





## لاقەی کچۆڵە و "موزەفەر نەواب" و مێتا فۆری

## "قودس بوکی عروبەیە"

"قودس بوکی عروبەیە "

شیعرێکی بە ناوبانگی موزەفەر نەوابە، لە ساڵانی هەشتادا کاکە دڵشاد مەریوانی تەرجومەی کردبوو بۆ سەر زمانی کوردی، شیعرەکەم وەک خۆی لە بەر نیە، بەڵام دەڵێت:

**قودس بوکی عروبەیە و شەوانە بوکی عروبەتان دەخستە ژورێکەوە بۆ پیاوانی لاقەکەر و دەرگاتان لەسەریان دادەخستن و گوێتان لە قیژە و هاواری بوکی عروبە دەگرت...**

لێرەدا موزەفەر نەواب قودس دەچوینێت بە بوکێکی ڕازاوە و سەرۆکی وڵاتانی عارەبیش بە خیانەتکار و لاقەکەری بوکی عروبە، واتە فەلەستین. ئەم مێتا فۆرە؛ بوکی عروبە، لە کێوە هاتگە؟


مێتافۆرەکان زۆرن، هەندەکیان گشتگیرەن، وەک چاوی شینی دەریا و فرمێسکی باران و هەوری غەم، بەڵام هەندەکیان وەک بوکی عروبە لە قوڵایی کەڵچەرێکدا خۆیان حەشارداوە و لە زمانی نوسەران و شاعێرانەوە باڵ دەگرن و خۆیان دەنوێنن، لە بەر ئەوەی ئەوان دەتوانن دەروازەیەک بۆ دەروون بکەنەوە هەتا لێوەیەوە ئازارەکا بتوانن نهێنی خۆیان بدرکێنن. یان دەبێت لەسەر کورسییەکەی فرۆید دابنیشێت و بە بیرەوەرییەکانتا بچیتەوە لە دەرونتا بۆ هەڵماڵینی هەقیقەت.

موزەفەر نەواب شاعیرێکی ئێراقی بە ناوبانگی بەرەی چەپ بوو، دژی سەدام بوو، کەسایەتیەکی ڕۆح سوک بوو، خۆشەویست بوو لای هەموان، لە دوای ئەوەی ئێراقی سەدام حسەینی جێ هێشت، لە لیبیای قەزافی گریسایەوە، چونکە ئاسان نیە لە ژێر کۆڵی کار و شەونخونی و هیلاکیدا شیعر و ڕۆمان بنوسیت، بۆیە موزەفەر نەوابیش بندیواریی هەڵبژاردبوو وە ک زۆر لە نوسەران و خۆشیان ناونابوو: بەرەی ئۆپۆزیسیۆن.

موزەفەر، لەم وڵات بۆ ئەو وڵاتی ئەوروپا، لای گەنجە ئیراقیە عارەبەکان دەنیشتەوە و دەحەوایەوە، ئەوانیش بە ڕێزەوە پێشوازیان لێ دەکرد وەک گەورەیەکی خۆیان، وەک چۆن ڕەعیە پێشوازی لە ئاغاکەی دەکات پێشوازیان لێ دەکرد، بەڵکو ڕۆژێک موزەفەر ببێتە بەرپرسێک و بەو هۆیەوە بتوانێت ئەوانیش لە دەردەسەری ڕزگار بکات. وەک خۆیان ناویان لێ نابوو: ئەبوو ئەمەل. ئەبوو ئەمەل هەردەم بە خۆیی و جانتا دیبلۆماسیەکەیەوە دەهات و دەچوو، جانتا دیبلۆماسیەکەی کە پڕ بوو لە دۆکیومەنتی گرنگ و نهێنی ئەو سەردەمە. ئەو جانتایە بژێوی ژیانی بوو، ژیانی خۆیی و چارەنوسی چەندەها کەسی تێدا بوو. ڕۆژێک کە بە میترۆی بەربێسی پاریسدا تێ پەڕ دەبێت، ئەو میترۆیەی کە تێیدا گەنجە عارەبەکان کەل و پەلی توریستی تێدا دەفرێنن، گەنجێک پەلاماری

جانتاکەی موزەفەر دەدات بە نیازی دزینی زێڕ و دۆلار، بەڵام دواجار گەنجەکە دەکەوێت بە زەویدا و ناتوانێت جانتاکە لە مەچەکی موزەفەر ڕاپسکێنێت، لەبەر ئەوەی موزەفەر لەو زۆرزانتر بوو؛ هەردەم جاناتاکەی بە کەلەپچەیەکەوە دەبەستەوە بە مەچەکیەوە.

ئەو ئێوارەیەی کە بۆ یەکەم جار موزەفەرم دیت، لە ماڵی کوڕێکی خوێندکاری ئێراقی ڕیزدار بووم، لە بەر ئەوەی ژورێکم لای ئەو بە کرێ گرتبوو، لەو بینایانەدا کە فەرەنسیەکان ناویان لێ نابوون: هێلانەی کەروێشک، لە بەر ئەوەی تاوەری بەرز بوون و بینای مۆدێلی ساڵانی شەست بوون، بە خێرایی دروست دەکران لە بەر زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان لە فەرەنسا بە تایبەتی کۆچی کرێکارانی بیانی بۆ فەرەنسا. دیوارەکانی هێندەی کارتۆنێک ئەستوور بوون، شەوانە گوێمان لە دیبەیت و قسەو قسەلۆگی دراوسێکان دەبوون، بە تایبەتی کاتێک سێکسیان دەکرد، بە دەم هاواری ئۆرگاسم و جیکە جیکی جێگای نوستن لە گەڵ ڕیتمی تەکان و گوتی بە تەوژمی پڕ لە هەوەس و ئارەزووی ژن و مێردان. هەر کاتێک گوێمان لە نەڕەی کابرا دەبوو دەمان کێشا بە ئاسنی شۆفاشەکدا و ڕیتمەکەمان خاو دەکردەوە، بەڵام کاتێک خانم دەی قیژاند هەتا دوا هەناسەی ئۆرگاسمی گوێمان بۆ شل دەکرد. دەبێت ئەوە بڵێم کە من هەردەم قینم لە نەڕە نەڕی پیاوان بووە.



**سەردار حەمەڕەش بە تەنیش موزەفەر نەوابەوە**

ئیدی زۆر ئێواران، ئێراقیەکان، لای ئەو برادەرە ڕیزدارە بەخشندە و دڵ فراوانە کۆدەبوونەوە، ناوی عەلی بوو وەک زۆر لە شێعەکان، عەلی جەواهیری. برنج و فاسۆلیا و بامێیان لێ دەنا و گۆرانی عارەبی "دادە دادە" یان دەگووتەوە بە دەم ئاوازی نۆستالژیا و ئاواتی گەڕانەوەیان ڕۆژێک بۆ نیشتمانی لاقەکراویان وەک بوکی عروبە. هەر لەگەڵ ئەو برادەرە ڕیزدارانەی بەرەی چەپدا، بە هازە، هازە، منیش عارەبیەکەم دەمەزەرد کردبویەوە. باوکی ئەو کوڕە ڕێزدارەش، بە بیانووی نەخۆشیەوە هاتبوو بۆ فەرەنسا لە بەر مەترسی ئەو سەردەمە لە سەر شێعەکان؛ سەدام کەوتبووە ئەشکەنجەدان و ڕاونانیان. مامە جاجی هەردەم لە ژورەکەیدا قورئانی دەخوێند و جارە جارەش چاوی هەڵدەبڕی و مژی ئەدا لە سمتی کچە گەنج و جوانخاسە نیمچە رووتە فەرەنسیەکان کە دەهاتن بۆ لامان، شەوانەش داوامان لە کچەکان دەکرد زیاتر بقیژێنن بە دەم هاواری ئۆرگاسمەوە، هەتا مام حاجی لەو دیو بتوانێت مشتەگانێیان پێوە بکات، لە بەر ئەوەی زۆر جاران مام حاجی دەستی دەهێنا بە ڕیشە سپیەکەیدا و بە زەردەخەنەیەکەوە دەی گووت: ئوم عەلیم لە لا نیە، بێ تاقەتی ئوم عەلیم. مەبەستی لە ئوم عەلی خێزانی بوو، بۆیە ئێمەش جارە جارە گۆڤارێکی پۆرنۆمان دەخستە ژورەکەیەوە و لە سەر قورئانەکەی بۆمان دادەنا و مانگی جارێک بۆمان دەگۆڕی.

خۆ گەنجە ئێراقیەکانیش لەو باشتر نەبوون، وەک کوردان ئێژن: بێ تووتن بوون، مشتەگانێیان دەکرد، وەک زۆر لە ڕۆژهەڵاتیەکان "خۆشەویستیان لە پەنجەرەوە دەنارد"، زۆر کلاسیک بوون لە پەیوەندی سێکسوێلدا و هەرکاتێک سەیری کچێکیان دەکرد، پێش ئەوەی کچەکە بزانێت ئیتر ئەوان لە نێوان خۆیاندا هەموو شتێکیان بڕیبویەوە وەک بوکی عروبە؛ ئەو کچە هی منە، تۆ بۆت نیە سەیری بکەیت. بە مەرجێک کچە ئاگاداری ئەوەش نەبوو کە کوڕێکی ئێراقی نیازی خوازبێنیەتی. بەڵام ئەو ئێوارەیەی کە ئەبوو ئەمەل گەشتە لای ئەوان، نازانم چۆن و بە چ سیحرێک، وەختێکم زانی کۆمەڵە کوڕێک خۆیان کرد بە ژوردا و کچێکی فەرەنسیشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. کچەکەم دەناسی و لە دورەوە بینی بووم، تاکێکی قەیرە بوو، کچێک بوو وەک لای کوردان ئێأن، خراپ نەبوو، گۆشتی دەخورا، تەقلەباز بوو.

کچە دانیشت لە گەڵمان و هەموومان بە چواردەوری مێزێکدا و دەستکرا بە شەراب خواردنەوە و هۆنراوە خوێندنەوە و گۆرانی گووتن. ئەبوو ئەمەل دەنگێکی رەسەنی ئێراقی ئەهوارەکانی پێوە بوو، بە سنگ گۆرانی دەووت، واتە ئاوازەکە لە سنگیدا دەنگی دەدایەوە، هەموو بیناکەی دەلەراندەوە. ئەبو ئەمەل تیسک درێژ و چوار شانە بوو، هەر دوو قۆچی کەم بوو لە سەر کەلەی سەری، هەتا ببێتە میناتۆرێکی زەبەلاح. ئەبوو ئەمەل قسە خۆش بوو، کوردانی زۆر خۆش گەرەک بوو، وەک زۆر لە عارەبە شێعەکان ئارەزووی زیاتر بە کوردان دەهات هەتا دانیشتن لەگەڵ عارەبێکی سونە مەزهەبدا،

هەرچەندە هەرگیز کورد و کودستان تەنگژی نەبوون بۆ ئەوان و لە بەرنامەیاندا نەبوون، کوردستانیان نە دەخستە ئاستی تەنگژی قودسی عروبە، کوردساتان بۆ ئەوان تەنگژیەکی هێندە گەورە نەبوو، بەڵام ئەوان وەک بەرەی چەپ ئامادە بوون هەموو تەنگژیەکانیان لە گەڵ سەدام حسەیندا بوەستێنن ئەگەر سەدام بکەوێتە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل، بەڵام بۆ کوردان هیچ پشنیارێکیان نەبوو، ئەوەش خەتای خۆیان نەبوو، لە بە ئەوەی بەرەی چەپی کوردان لەو سەردەمەدا بەسترابویەوە بە بەرەی چەپی ئیراقیەوە و لەژێر فەرمانی ئەواندا بوون، بەرەیەکی چەپی کۆمۆنیستی کوردی وەک پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بوونی نەبوو، بۆیە خەباتی کوردان ببووە قوربانی شیعاری ئەنتەرناسیۆنال، بەڵام ئەوان قودسیان نەدەکرد بە قوربانیی خەباتی ئەنتەرنسایۆنال و نەشیان دەویست ببێتە بوکی لاقەکراوی عروبە.

وەک کوردان ئێژن: ئەو چراندی و منیش چراندم بە دوایدا؛ کاکە موزەفەر بە عارەبی و منیش بە کوردی هەتا شەو درەنگانێ گۆرانی و قسەی خۆش. بەڵا ئەوەی سەرنجم دا کاتێک نزیک بوینەوە لە کۆتایی ئاهەنگەکە و شەرابی بۆردۆ پێڵوەکانی قورس کردبووین، بینیم بە چواردەورمدا برادەران بە تەنیشتەوە هەندێکیان ڕۆشتن و هەندێکیان کەوتنە منجە منج بە بێ ئەوەی شتێک تێ بگەم، وەختێکم زانی کچەی فەرەنسی و ئەبوو ئەمەلیان لە ژورێکدا بە جیا خەواندا، بەڵام نەمزانی چۆن ئەو ڕیکەوتنە پێش وەختەیان کردبوو**!** چۆن ئەو کچەیان رازی کردبوو بچێت لەگەل ئەبوو ئەمەلدا بخەوێت، خۆ کچانی ئەوروپی قەحبەیی ناکەن و ئەگەر ئارەزویان لە کەسێک نەبێت هەروا لەگەڵیا ناخەون. ڕاستە کچانی فەرەنسی حەزیان بە خواردنی هەمە جۆر و ڕەگەزی جیاوازە بۆسێکس کردن، ئەبو ئەمەلیش ڕەگەزێکی جیاواز و شاز بوو، بەڵام ئێستاکەش تێ نەگەشتم چۆن و بە چ سیحر و جادویەک ئەو کجە چووە ژورەوە لە گەل ئەبوو ئەمەل؟ دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەوە تەنها لە ڕۆژ هەڵاتیەکان دەوەشیتەوە، ئەوە هونەری ئەوانە بۆ خزمەتکردن بە ئاغا و سەرۆکی خۆیان، ئەوە کولتوری سەرۆکە لە ڕۆحی ڕۆژهەلاتیدا.

من ئەو شەوە ئەوێم جێ هێشت و ڕۆشتم، هەرچەندە زۆر حەزم دەکرد لە پشت دەرگاوە گوێ لە هاوار و قیژەی ئۆرگاسمی ئەو کچە بگرم لە ژێر نەڕە نەڕ و جەستەی میناتۆری موزەفەردا، جەستەی بەقەڵافەت و چوارشانە و تیسک درێژی وەک گای کێوی، هێزی پوختی چاونەترسی شۆڕشگێرانەی ببینم، چۆن بە سەر ئەو لەشە نازادرەوە تەکان دەدات بە بێ وچان، چوکی رەپی دەخاتە نیوەی جەستەی بە هیوای دۆینەوەی هەقیقەتێک. یان چۆن بە کە لەپچکەی دەستی کچەی دەبەستەوە بۆ گەمەی ئێرۆتیک بەتەنیشت جانتا پط لە نهێنیەکەیەوە **!!!** نا هیچ لەوانە نەدیت و نەبیست، بەڵام وەک بیرم دێت بۆ ڕۆژی بەیانی لە بەردەم مێزی نانخواردندا، کچە بزەی لێوی دەهات و ئەبو ئەمەلیش بە هەمان شێوە.

مێتافۆری قودسی عروبە چی دەکات لەم چیرۆکەدا؟

کچێکی دادایاری فەرەنسی، دەی گێڕایەوە کاتێک منداڵ بووە، جارە جارە بەرپرسێکی نازی دەهات بۆماڵیان، باوک و دایکی کچەکە داواین لە کچە پێنج ساڵانەکەیان دەکرد کە شەو بچێت لە تەنیشت ئەو پیاوەوە بخەوێت، کچەش هەرچەندە ناڕازی بووە، بەڵام لەو تەمەنەدا وەک زۆر لە کیژۆڵە و زارۆکی کەم تەمەن توانای ئەوەیان نیە دژی داواکاریەکانی باوک و دایکیان بوەستنەوە، هەرچەندە پرسیاری لە باوک و دایکی کردووە بۆچی دەبێت بچێت لە تەنیشت ئەو کابرایەوە شەوانە بخەوێت؟ وەڵامی باوکی دایکی ئەوە بووە کە پیاوەکە پیاوێکی خاسە. هەرچەندە ئەم وەڵامە ڕازی نەکردووە بەڵام بە ناچاری قبوڵی کردووە. وەک خۆی دەیگێڕێتەوە کابرای نازی دەستردرێژی سێکسی نەکردۆتە سەری، تەنها لە تەنیشتەوە دەخەوت، ئیتر خودا دەیزانێت نیوە شەو چی کردبێت، چونکا منداڵان خەویان قورسە. بێ شک خۆی تێ هەڵسووە و خۆی لێ خشاندووە نێرتکی خستۆتە نیو ڕانە بچکۆلەکانیەوە. نا، نا وەک ئاغای ئەشکەوتەکە نە چۆتە ژورەوەی لە تەمەنی نۆساڵاندا. بەڵام کاتێك کچەکە تەمەنی دەگاتە شانزە ساڵیی، ڕۆژێک لە ئاهەنگێکدا کابرای نازی دەیەوێت لاقەی بکات، کچە دژی دوەستێتەوە و بەرگری لە خۆی دەکات و ڕێگری لێ دەکات، ئیدی نەیتوانیوە لاقەی بکات.

هەرچۆنێک بێت ئەو باوک و دایکە بۆ مەبەستی بژێوی خۆیان دوایان لە کچەکەیان کردووە بچێت لە گەڵ ئەو کابرا نازیە بەرپرسەدا بخەوێت، بە تایبەتی لە جەنگی جیهانیی دووهەمدا باری ئابووری گران بوو لە فەرەنسا ئەگەر لەبەرەی نازی نەبووبیت. وەک چۆن باو بووە لای شێعەکان، کاتێک ئایەتوڵایەک یان پیاوێکی بەرپرسی دینیی باڵای شێعە ڕووی دەکەوتە ماڵی خزمەتکارەکانیان، بە تایبەتی پیاوە ئاینیەکان، ئەو ماڵانەیان هەڵدەبژارد کە دەیان زانی دایک و باوکەکە خاوەنی کچێکی پێنج ساڵانە و خنجیلانەن لە هەمان کاتا هەژارن. هەر بە گەیشتنیان بۆ ماڵی ئەوان، وەک کولتور و ئەرکی سەرشانیان، وەک کاری ڕەعیە لە بەردەم ئاغاکانیان، باوک و دایک دەستوبرد کچە بچکۆلەکانیان وەک بوک دەڕاندنەوە و شەوانە دەیان خستنە باخەڵی ئایەتوڵاکانەوە، خۆشیان شەو تابەیانی لە پشت دەرگاوە گوێیان شل دەکرد بۆ قیژە و هاواری کچۆڵەکانیان، قیژە و هاواری بوکی عروبەیان. بێ شک ئایەتوڵا خومەینی سەرۆکی شێعەکان، پشکی شیری بەر کەتووە لەم خزمەتەدا، هەربۆیە کاتێک دەسەڵاتی گرتە دەست، بە قانونێک ئەم کارەی خستە چوارچیوەوە:

**"ئه کچۆڵانەی بە هۆی عەورەتی زەبەلاحی پیاویکەوە، زێیان دەدڕیت، وەک بوکە شوشەیەک ناوگەڵیان دادەدڕێت، زێیان هەڵدەتەکێت، هەموو هەناویان لە ژێر هێزی عەورەتی پیاوانی دینداردا تێکدەشکێت، ئیتر ناتوانن وەک مێینەیەک ژیانی ئاسایی سێکسیی خۆیا بژیێن. بکەر، واتە کابرای لاقەکەر، دەبێت ژیانی ئەو کچۆڵەیە بگرێتە ئەستۆی خۆی هەتا کۆتایی ژیانی."**

وەک بینیمان کابارای بەرپرسی نازی، بە هەموو فکری نازی خۆیەوە، ئەو کیژۆڵەیەی لاقە نەدەکرد لە جێگەکەیدا، چاوەڕوانی کرد هەتا تەمەنی دەگاتە شازدە و بۆشی نەکرا، بەڵام پیاوانی دینی کە باسی مۆراڵ و بەخشندەیی خودا دەکەن، سنوری نازی و مۆراڵیشیان پەڕاندووە، هەرچەندە وەک سەرنج دەدەین، لە بەربەریەتیشدا تۆزێک ڕەحم و بەزەیی هەر هەیە و لاقەکەرەکە ژیانی کیژۆڵەکە هەتا کۆتایی ژیانی دەگرێتە ئەستۆ.

ئەم کەڵچەرەش هەر لە چیرۆکی ئایشێ و پێغەمبەرەوە ڕەگی داکوتاوە و بۆتە نەریتێکی ئاسایی لای ئەوان، کاتێک ئایشێ تەمەنی پێنج ساڵان دەبێت، دایکی دەینێرێت بۆ ماڵی محەمەد و دەیخاتە باوەشی پیاوێکی چل ساڵەوە، هەرچەندە وەک ئایشێ خۆی دەڵێت: مەحەمەد لە شەش ساڵیدا عەورەتی نە خزاندۆتە ناوگەڵیەوە لە نۆساڵیدا بۆی چۆتە ژوڕێ. لێرەشدا دەبینین کە هێشتا ڕەحم و بەزەیی هەر ماوە لای ئەو پیاوانە. بەلام کاباری نازی چاوەڕوانی شانزە ساڵی کردووە.

کاتێکیش لە سەر سایتە کۆمەڵایەتیەکان بینیمان، سەربازە هەرزەکارەکانی حەماس، کچۆڵەیەکیان وەک دیاری لە لایەن باوکان و دایکانەوە بۆ رازندبوونەوە وەک بوکی عروبە و هەریەکەیان وەک نێرەکەرێک بە زەدەخەنەوە دەستیان گرتبوون بۆ ژوری قیژە و هاوار و ئەشکەنجە، هەر هەمان مێتافۆری شیعرەکەی ئەبو ئەمەلە:

**قودس بوکی عروبەیە و شەوانە بوکی عروبەتان دەڕازاندەوە و.... گوێتان لە قیژە و هاواری بوکی عروبە دەگرت.....**

کەواتە مێتافۆری "قودس بوکی عروبەیە" میتافۆرێکە لە دەروونی هەموو تاکێکی حەربدا بوونی هەیە و بە نا ئاگاییەوە دەیبەستنەوە بە فەلەستینیەوە. بۆیەکا دەڵێین:

بقیژێنە، بقیژێنە، هەتا دەتوانیت بقیژێنە

ئەی بوکی عروبەی نازدار

ئێمەش لە پشت دەرگاوە گوێ بۆ هاوار و ئازارەکانت شل دەکەین

بەو بۆنەیەوە

هەوەسمان دەوروژێت

مەگری مەگری بوکی عروبە

چونکا داهاتوی تۆ بە قانونێک پارێزراوە.

کۆتایی

**ناکۆکیەکانی نێوان خێڵی بارزانی بە ستایلی ئەدەبی ساتیریک.**



ڕۆژهەڵاتیەکان حەزیان بە وورووژاندنی باس نیە، وەک نەعامە سەردەکەن بەناو خۆڵدا، ئەوان زیاتر حەزیان بە شاردنەوەیەتی، وادەزانن بە باس نەکردنی تەنگژیەک، دەتوانن خۆیانی لێ بپارێزن. ڕۆژهەلاتیەکان هێشتا ترسیان لە دەرکەوتنی هەمو شکڵ و بیرۆکەیەکە، تەنانەت ڕۆشنبیرەکانیش لە گوزارشتکردن لە زۆر باس دەترسن، بۆ نمونە کاتێک سایا کەریم گووتی دەبێتە یەکەم پۆرنۆ ستاری کورد، خێرا نامەی ئامۆژگاری باوکانی ڕۆشبیری بۆ نێردرا، بەلام کەس نامەی ئامۆژگاری نەنارد بۆ کچە بورقە لەبەرەکە، چونکە هەرچۆنێک بێت لە نەستی ئەواندا بورقە جۆرێکە لە شاردنەوەی نهێنیەکان. کاتێکیش سیاسەت دەکەن وەک ئەوەی کە میراتێک دابەش بکەن لە نێوان خۆیاندا وەها هەڵسو کەوت دەکەن.

برا بچوک دەڵێت بە برا گەورە: کاکی برا تۆ برا گەورەیت و خۆت وەکیل بە. کاتێک ئاوڕ دەداتەوە دەبینێت برا گەورە هەمووی بردوە بۆ خۆی، پاشان دەیکات بە شەڕ و هەرا. سیاسەتی مەسعود بارزانی و هەموو ئەوانی تریش بە گۆڕانیشیەوە هەر لەسەر ئەم بنەمایە بووە؛ تۆ برا گەورەیت و خۆت وەکیلیت.



ناکۆکیەکانی نێوان مەسعود بارزانی و مەسرور و نێچیرڤانیش هەر لەسەر ئەوەیە کە شتەکان بە ئاشکرا باس ناکرێن و دەیشارنەوە. چەند ساڵیک لەمەوبەر لە کۆنفرانسی ساڵانەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کاتێک هەزاران پیاوی عەشیرەتەکەی بارزانی

دەچن بۆ کۆنفرانس، ژنانی عەشیرەتیش پێکەوە کۆ دەبنەوە. ئەو ساڵە ژنی نێچیر کە کچێکی زۆرزان و بەنازە و لە خەسویەوە کە خەڵکی سلێمانیە فێری ئەوە بووە چۆن دڵی مێردەکەی بەلای خۆیدا ڕاکێشێت، بە **پورەی** نەوت لێو و مەمک و کوزی نەشتەر گەری کردووە لۆ نێچیری مێردی، لە کۆبونەوەکەیاندا بە دەم یاپراخ پێچانەوەوە، بۆ ژنانی عەشیرەتی بارزانی بەیان دەکات کە شەو کوزی خۆی پیشانی نێچیر داوە، هەتاوەکو بیبینێت کە پورەکەی بەخەسار سەرف نەکردوە لە نەشتەرگەریدا، نێچیریش هێندە سەرسام بوە بە کوزی هەڵئاوساوی وەک گونک، دەمی تێ خستوە و بۆی لێساوەتەوە، بەڵام سمێڵی بە قیتکەی هەڵئاوساویدا چەقیوە، بە لێوی کوزیدا چەقیوە، بە قاشی کوزی پەمەیدا چەقیوە و ئازاری داوە، وەیش!. وەک دەزانین سمێڵی ئەم عەشایەرانەش وەک کەلەیان ڕەقن، موەکانیان ئەستورن، بۆیە کوزی خانم وەک ئەوەی ژیشکێکی پێدا چوبێتە ژوورەوە سور دەبێتەوە، نێچیریش دەست و برد بۆ ڕازیکردنی دڵی ژنەکەی دەچێت سمێڵی دەتاشێت، پەیمانیشی پێ دەدات کە بیبات لەگەڵ خۆی کاتێک سەردانی ولاتان دەکات وەک سەرۆک کۆمارە مۆدێرنەکان. ژنانی عەشیرەتی هەزار پیاویش کە گوێیان لەم باسە دەبێت ئەوانیش بۆ پیاوەکانیان دەگێڕنەوە و پەڵپیان لێ دەفرن کە ئەوانیش دەیانەوێت نەشتەرگەری بۆ کوزیان بکەن و پیاوانیش سمێڵیان بتاشن و بۆشیان بمژن، لەگەڵ خۆشیانا بیان بەن بۆ سەفەری دیپلۆماسی بۆلای ژنەکانی ترەمپ و ماکرۆن، بەتایبەتی ژنی مەسرور زۆر پێ داگری لەوە دەکات و داوا لە مەسرور دەکات کە ئەویش دەبێت سمێڵی بتاشێت، مەسرور هەر خێرا سمێڵی دەتاشێت بۆ ڕکابەریی کردنی نێچیر، هەرچەندە مەسرور هەتاوەک و ئەم ساتە کوزی ژنەکەی نەمژیوە، بەڵام بە ژنەکەی گووتوە کە دەبێت وا بیگێڕێتەوە بۆ ژنی نێچیر کە ئەویش کوزی بۆ مژیوە. ئەم باسەش بەخێرایی دەکەوێتە بەر گوێی سەرۆک، سەرۆکی بێ توتنیش کە لەژێر لێفەوە نخەنخیەتی و لەسەر دەستوری کۆن سوار دەبێت، بە پەلە داوای کۆبەنویەکی بە پەلەی پیاوانی عەشیرەت دەکات، بۆیە دەستبەجێ کۆبونەوەیەکی زۆر خێرا لەلایەن سەرۆکەوە بڕیار دراو، لە روداویشدا ئەم روداوە پەردەپۆشی بۆ کراو بەجۆرێکی تر باسی لێوە کرا.

لە کۆبونەوەکەدا مەسعود راستەو خۆ بە نێچیر دەڵێت:

- من هەتاوەکو ئێستاکە شەرەفی عەشیرەتەکەم پاراستوە، خۆم و باوک و باپیرانم هەرگیز ڕێگەمان بە خۆمان نەداوە نەک تانها کوزی ژنەکانمان بمژین بەڵکو هەر سەیری کوزی ژنەکانیشمان ناکەین، کەس نازانێت کوزی ژنەکانمان شکڵیا چۆنە. بەش بە حاڵی خۆم هەرگیز کوزی ژنەکەی خۆمم نەدیوە و نەم مژیوە، وەهام بیستوە کە تۆ نەک سەیری کوزی ژنەکەت کردوە، بۆشت مژیوە، سەرباری ئەمانەش سمێڵت تاشیوە بەو نیازە. هەرچیەک بوە بوە، بەڵام نامەوێت جارێکی تر ژنەکەت دەرکەوێت بە تەنیشتەوە لە مێدیاکاندا و نابێت جارێکی تر ئەو باسە بورووژێنێت، ئەگەر کارێکی وەها بکەیت ئەوا لە

عەشیرەتی بارزانی دەتانکەینە دەرەوە. لە ئەمڕۆش بەدواوە ژنەکەت نابێت دەرکەوێت لە میدیاکاندا.

ئیتر دوای ئەم ڕوداوە ژنی نێچیرمان نەبینیەوە جارێکی تر دەرکەوێتەوە لە میدیاکاندا. ئەوەبو لە کۆفرانسی پارتی دیموکراتی کوردوستانیشدا وەک هەمومان بینیمان نێچیریان ناچار کرد دەستی مەسعودی ماچ بکات و سەردانەوێت بۆ یاساکانی عەشیرەت، ئیتر ئاو کرا بە کوزاو ئاگرەکە بە ڕواڵەت کوژایەوە. بەڵام ئێستاکە ڕکابەریەکە لەوەدایە کە کێ یەکەم جار دوای مژینی کوزی ژنەکەی، ژنەکەی لەگەل خۆیدا دەبات بۆ سەفەری دیبلۆماسی، وابزانین هەتا مەسعود بارزانی مابێت لە ژیانا ئەوە مەحاڵە. ڕاستە نێچیر سمێڵی تاشیوە، بەداخەوە کە ناتوانێت مێشکی خۆی بتاشێتو توێژی عەشایەری بن بڕ بکات. سمێڵ تاشین کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر میشک، یان بەجۆرێکی تر؛ کاتێک کەسێک بگاتە ئەوەی کە سمێڵی بتاشیت واتە جۆری بیرکردنەوەی گۆڕاوە.

سێکسو سیاسەت دوو چەمکی گرەدروا و لێکدانەبڕاون. هیچ تەنێک و باسێک ناتوانێت تا هەتایە داخراو و شاراوە بێت ئەگەر تەنێکی فیزیای بێت یان بیرۆکەیەک.

## کۆتایی

# مزگەوتی پاریس و ئۆپرا بۆ ناتوریستەکان و فکری فاشیستیی.



شوێنی تایبەت بۆ ناتوریستەکان زۆرن لە فەرەنسا؛ لە سەر دەریا، لە هەندێک کامپینگ، یان هەر لە خوارووی فەرەنسا جەزیرەی ( ile du levant )، هەس هەموو خەڵک ڕووتن، لەسەر دەریا، لە چێشتخانە، لە کۆڵانەکاندا بە ڕووتی خەڵکی دێن و دەچن. کاتێک کابرای بەریدم دەبینی؛ کابرایەکی ڕەشی ئەفریقی، نامەکانی دەخستە سندوقی بەریدەوە، گونی شۆڕ بوبوەوە بە سەر پاسکیلەکەیدا، بە بینینی دەترسام گونی بترنجێتە ناو زنجیرەکەوە. لە دارستانی ڤانسێنیش لە ڕۆژهەڵاتی پاریس، شوێنێکی تایبەتیش بۆ ئەوان تەرخان کراوە، لەم دوایانەشدا لە پالاسی تۆکیۆ لە پاریس، هەروەها لە ساڵۆنی ئۆپرا لە پاریس مانگی جارێک کراوەیە بۆ ئەوان بە قوونی رووتیەوە.

کاتێک ئەمە بۆ خەڵکی باس دەکەم، یەکەم کاردانەوەیان ئەوەیە دەڵێن: ئەی چۆن قوونم بخورێنم؟ یان دەڵێن: پیسە. ئەم جۆرە روداوانە لە سەر داوای کەسانێک دەکرێن و بە مەبەستی تایبەتی و بۆ کردنەوەی دەرگا لە بەردەم هەوەس و ئارەزوەکانی تاک هەتاوەک و ئارەزوی کپ کراو، چەپێنراو، هەوەسی ڕێگە لێ گیراو، نەبێتە مارێک و بە کۆمەڵگەوە بدات، نەبێتە بیرۆکەی دیکتاتۆری و فاشیستی.

له فلیمی "سەت و بیست ڕۆژی سەدۆم"، دەرهێنەری ئیتالی؛ پییێر پاۆلۆ پازۆلینی ( pasolini pierre paolo)، ڕۆمانی مارکی دوساد دەچوێنێت بە ژیانی  فاشیستەکان، کە چۆن بە رووکەش باسی ئۆردەر و قانوون دەکەن و لەناو کۆشکەکانیاندا وەک قەومی لۆت ( سۆدۆم)  دەگوزەرێنن.

گەنجێکی جیهادسیت دەیگێڕێتەوە، ڕۆژێک لە شاری ڕەقە، کووتو پڕ ئۆتۆمۆبیلی ئەمیرێک دەوەستێت لە بەردەمیا و ئەمیرێکی داعش دادەبەزێت لە پیکابەکە و دەکەوێتە پشکنینی،  هەتاوەکو بزانێت کە ئایا جگەرەی پێ نیە، وەک گەنجەکە دەیگێڕایەوە پشکنینەکەی تۆزێک جیاواز بووە، دەستی بە جۆرێکی تایبەت دەهێنا بە لەشیا و بە نا و گەڵیا، پاشان داوای لێ دەکات کە بچێتە ناو پیکابەکەی هەتاوەک و باشتر بی پشکنێت، لەناو پیکابەکەدا ئەمیرەکە کوڕە گەنجەکە لاقە دەکات. ئەم کوڕە جیهادیستە لە جەیشێکی تایبەتی دەوڵەتی ئیسلامیە و کاتێک دەچن بۆ ئۆپەراسیۆن، هەمیشە دەموو چاویان شاراوەیە، ئەو ئەمیرەش کە لاقەی دەکات سەرۆکیانە. کوڕە جیهادیستەکە  بەدەست لەرزین و خەمباریەوە دەی گێڕیتەوە کە چۆن ئەو ڕۆژە چەکی پێ نەبوە هەتاوەکو بەرگری لە خۆی بکات.  بۆ ڕۆژی دوایی دەچنەوە بۆ تەمرین و کۆبونەوە، بەدەم و چاوی هەڵبەستراوەوە، وەک هەموو ڕۆژێکی تر. گەنجەکە، دەڵیت: هەر چاومان  دیار بوو، بەڵام ئەمیرەکە سەیری کردم و ناسیمیەوە و منیش ئەوم ناسیەوە. پاشان دەڵیت: ئەوەی کە خەوم لێ دەزڕێنێت و پێوەی ئەتلێمەوە هەموو شەوێک و هەموو ژیانم بۆ هەتایە،  ئەوەیە کە دوو  هەفتە لەوە و بەر، خەبەرم  لە  هاوڕێیەکەم دا لای بەرپرسانی دەولەتی ئیسلامی کە گوایە هاوڕێکەم هاوڕەگەزخوازە، بۆیە هەر خێرا قۆلبەستیان کرد و خۆشم لەگەڵیانا ڕۆشتم و لە بینایەکی گەورەوە فڕێماندایە خوارەوە بە زیندوویی. ئیتر لەو ڕۆژوە ژیان بۆ من ئەشکەنجەیە.

لە ڕۆژهەلاتی پاریسدا، پێنج کیلۆمەترێک لە بینای ئۆپرای پاریسەوە، مزگەوتێک هەیە، کاتێک ئێوارەیەکی ڕەمەزان بە بەردەمیا تێ پەڕیم، سەرم سوڕما لەو هەموو ژن وپیاو و گەنجانەی پەیتا پەیتا دەچوون بەرە و مزگەوتەکە.  وەک یاپراخ خۆیان پێچابوەوە. کەسانی گەنج،  پەڕۆی سوریان بە قۆڵیانەوە بەستبوو وەک  فاشیستەکانی ئیتالیای سەردەمی مۆسۆلینی، بۆ ڕێکخستنی هاتوچۆی ئۆتۆمۆبیل و پیادە، وەک جەیشێکی ڕێکخراو، هەتاوەک و پیشانی بدەن کە هەڵسوکەوتیان وەک بیرکردنەوەیان خاوەنی ئۆردەرە. بە بینینی ئەو دیمەنە بیرم بۆ داهاتویەکی مەترسیدار دەڕۆشت. گەنجانی فەرەنسیش بە ناوی ئازادی و مافی مرۆڤەوە بەرگریان لێ دەکەن.

چەند ساڵیک لە مەوبەر، پێش ئەوەی کە بورقە قەدەغە بکرێت، کچ و کورێکی موسڵمانی توریست، کچەکە بە بورقەوە، دەچنە ئۆپرای باستیڵ لە پاریس. کاتێک کچە گۆرانی بێژەکە و مۆسیقارەکان ئەوە دەبینن، دەوەستن لە گۆرانی و دەڵێن یان دەبێت ئەو کچە بورقەکەی لابدات، یان دەبێت بچێتە دەرەوە. دوا جار کەپڵەکە بڕیار دەدەن بچنە دەرەوە، خۆ ئەگەر قون روتێکی ناتوریست، بچێتە مزگەوتێکەوە، ئەوا مەلاکە ناوەستێت لە نوێژکردن و بڵێت؛ ئەو قوون ڕووتە یان دەبێت بچێتە دەرەوە یان خۆی داپۆشێت. هەر لەویادا موسڵمانەکان ملی دەپەڕێنن و دەبێت بە درام. بەمە دەڵێن شۆکی شارستانی.

ئافرەتێکی قون رووت دەڵێت: باش نەمتوانی زۆر تەرکیز بکەمە سەر کارە هونەرییەکان لە پالاسی تۆکیۆ، لەبەر قونی رووتم. بەڵام موسلمانانیش لە مزگەوتا بۆ ئەوەی ڕویان لەخودا وەرنەگێڕن، ئافرەت جودا دەکەنەوە، بەجیا لە پیاو بۆ نوێژکردن.

ئەم دوو ئێسپاسە؛ ئێسپاسی مزگەوت و قون رووتەکان، چەند کیلۆمەترێک دوورن لە یەکەوە، بەڵام بە فکر و بە جۆگرافیا نزیکن لە یەکتری؛ هەر دووکیان بۆ مەبەستی کۆبنەوە لە دەوری شتێک، باسێک کە سروشتی مرۆڤ گەرەکیەتی وەک پێویستییەک بۆ خڕبوونەوە لە دەوری یەکتری. لەبەر ئەوەی کە جۆرێک لە ئاسودەییان پێ دەبەخشێت؛ لە دەرئەنجامی هەموو کۆبونەوەیەک کە کۆمەڵە کەسێک یەک ئامانجیان هەس، مێشکی مرۆڤ مادەیەک بەرهەم دێنێت وەک ئۆپیۆم، کاریگەری لەسەرئاسودەیی دەروون هەیە، تاک ئاسودە دەکات بە پێچەوانەی تەنیایەوە.

ئەم دوو ئێسپاسە، ئێسپاسی قون رووتەکان و ئێسپاسی مزگەوت، دابڕاوون لە یەکتری لەبەر ئەوەی کە هەردووکیان دوو ئامانجی تەواو جیاوازیان هەیە و بە یەکتری ناگەنەوە.

ئەگەر قون رووتکردن جۆرێک بێت لە دروستکردنی رواد و بە مەبەستی ڕزگارکردنی ئارەزووەکان هەتاوەکو نەبن بە مۆتەکە و دژی کۆمەڵگە نەوەستنەوە، ئەوا ئێسپاسی مزگەوت هەموو ئارەزووەکان دەچەپێنێت، بە مەستی وروژاندنی ئارەزوو، کە تاکی موسڵمان بە هۆشمەندی ئەم مۆدێلەی هەڵنەبژاردوە، بەڵکو لە کەڵچەرێکەوە بۆی ماوەتەوە و سەپێنراوە بەسەریا، هۆشمەند نیە بە مەبەستە سەرەکیەکەی. بە پێچەوانەی قون رووتەکانەوە هۆشمەندن بە هەڵبژاردەکەیان، دەزانن بۆچی و بە چ مەبەستێک ئەو کارە دەکەن.

## کۆتایی



**هاوڕەگەزخوازی و دەوری ئاژەڵان وەک مۆدێل بۆ مرۆڤ.**

لە سەرەتای شارستانیەتا، ئەو دەمەی مرۆڤ دەستی کرد بەماڵیکردنی ئاژەڵان، کاتێک دەیان بینی نێرەیەکی ئاژەڵ سواری نێرەیەکی تر دەبوو، خەمیان لێ دەهات و دەستوبرد ئاژەڵەکەیان دەکوشت و گۆشتەکەشیان حەرام دەکرد، لەبەر ئەوەی بژێوی ئەوان لەسەر زوازێی ئاژەڵان بوو لەو سەردەمەدا، بۆیەکا بە هەمان شێوە هاوڕەگەزخوازیش وەک کارێکی بەد بینراوە بە تایبەتی لەو سەردەمەدا کە پێویستییان بە زۆریی ژمارە بوو بۆ کشتوکاڵکردن.

ئاژەڵان نمونەی هەڵس و کەوتی مرۆڤ بوون، تەنانەتی خێرا ئاوهاتنەوەی پیاوانیش وەک گای بەهێز و بوون بە خاوەنی چەندەها مێینە، مۆدێلی ئاژەڵانە بە مەبەستی پێویستی تایبەتی سەردەم بووە.

لە بیابانی خواروی لیبیاو جەزائیر، پێنج هەزار ساڵ پێش زایین، لە نێوان ناوچەی مێساک و تاسلین ناژێر، کە نێوانیان تەنها شەست کیلۆمەترە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا پەڕینەوە گران بووە، هاتوچۆ لە نێوانیاندا نەبووە. دوو کۆمەڵگەی جیاواز پێک هات لەسەر هەڵبژاردنی مۆدێلیی ژیانی دوو ئاژەڵی جیاواز، کۆمەڵگەی (مێساك) سەگە بچوکە دەمپانەکانیان هەڵبژارد کە بە کۆمەڵ راویان دەکرد، هەرچەندە قەبارەیان زۆر بچووک بوو بەڵام دەیان توانی گایەکی گەورە ڕاوبکەن و بە زیندووی بیخۆن، تەکنیکی ڕاوکردنیان خەڵکی بە تەواوی سەرسام کردووە، بە تایبەتی کاتێک گەڕاونەتەوە بۆ کولانەکانیان، بەشێکی خواردنەکەیان هەڵهێنجاوەتەوە بۆ مێینە و بێچووەکانیان. بەڵام کۆمەڵگەی (تاسلین ناژێر) بە پێچەوانەوە چەقەڵیان هەڵبژارد کە تەواو کارەکتەری پێچەوانەی سەگەکان بوو، بە تەنها دەژییا، بەتەنها ڕاوی دەکرد بە شەو دەژیا و بە کەپڵ، بە پێچەوانەی سەگەکانەوە کە دەمیان پانە و گوێچکەیان خرە ئەمان دەمیان درێژە و گوێچکەیان قووت، چەقەڵ تەنها بە چەند دەنگێکی سنوردار پەیوەندی دەکات بەڵام سەگەکان ژمارەی دەنگی پەیوەندیکردنیان ئێجگار زۆر و جیاوازن، ئەمیان خۆویستە و ئەوی تریان خواردن بەش دەکات لە نێو خۆیاندا..تاد. کارەکتەری ئەم دوو ئاژەڵە ناسنامەیەکی داوە بەهەر یەکێک لەو دوو کۆمەڵگەیەو ڕەفتار و خەسلەتی ئەوان بونەتە نمونەی ژیانیان، لەسەر دیواری ئەشکەتەکان بونەتە ئەفسانە و سەری مرۆڤیان بەوان چوواندووە.

هەموو ئەمانە دەیسەلمێنن کە ئەگەر ئێمەی مرۆڤ خاوەنی هەوەس و ئارەزووین و لە هەمان کاتا ئاگاییمان هەیە بە دەوروبەرمان، ئەوا کارەکتەرێکی تایبەتمان نییە بەخۆمان، چونکا ئێمە بونەوەری وەرچەرخاوین، ئەگەر بە دوای مۆدێلێکی تایبەت بەخۆمان بگەڕێین، مۆدێلێکی ڕەسەن، ئەوا ناچارین بگەڕێینەوە بۆ حالەتی کێویمان، واتە ملوێنەها ساڵ لەمەوبەر، پێش ئەوەی بکەوینە سەر دووپا.

کەواتە مۆدێلێکی سێکسوێلی تایبەت بە خۆمان نییە. ئازادیت کامیان هەڵدەبژێریت. هیچ هێزێکیش ناتوانێت ئەو ئازادییەت لێ زەوت بکات. ئەگەر پەرلەمان و تەڕلەمان خۆیان خەریک کردووە بەو بابەتەوە، ئەوە پەیوەندی بە سیاسەتی جیهانیەوە هەیە و شتی تریش کە کاتم نییە بۆتانی ڕوونبکەمەوە.

## کۆتایی




**(سەردارانی ئەنگوستیلە و ئەنگوستیلەی سەرداران)**

نازانم ژیان لای ئێوە چۆنە؟  لای ئێمە لە پاریس هەر ڕاکە ڕاکەیە، هەرچەندە بەهۆی کۆرۆناوە تۆزێک هێور بۆتەوە، بەڵام هەر جەنجاڵیە، دەگەڵ ئەوەشدا زۆر شتمان بۆ دێتە ماڵ و بازاڕ کەم دەکەین. هەر بەوەدا ڕادەگەم دەرگای ماڵ بۆ کابرای بەرید بکەمەوە؛ ئەمەیان بۆ کچەکەم، ئەوی دیان بۆ کوڕەکەم، ئەوەکەی تریان بۆ هاوسەرەکەم، بۆ پشیلەکەم....تیا، تیا، تیا، ئەمڕۆ ئەم پاکەتەیان بۆ منە !!!!!!

هەر کە پاکەتەکەم کردەوە بیرم فڕێ بۆ فیلمی سەردارانی ئەنگوستیلە.  سەردارانی ئەنگوستیلە فیلێکی ئەمەریکیە بە سێ ئەڵقەیە، لە ساڵانی 2001 – 2003 دا کراوە، ئەنگوستیلەیەکە موڵکی پاشایەکی زۆردار و خراپەکار بووە، هەرکەسێکێش بیکاتە پەنجەی، توانایەکی لەسەرو تواناوە پێ دەدات و دەبێتە کەسێکی خراپەکار و دەچێتە بەرەی خراپەوە، بۆیە سەردارانی ئەنگوستیلە دەبێت ئەنگوستیلەکە ببەنەوە بۆ شوێنی مەبەست، هەتا خراپە لەسەر زەویدا بنبڕ بکەن.

بەڵام ئەنگوستیلەی سەرداران کاری نانەوەی خراپە نیە، بە پێچەوانەوە، کاری بەختەوەری سەردارانە، دوور لە شەڕ و خراپە. ئەگوستیلەی سەرداران دەچێتە نێرتکەوە، نێرتک دەلەرێنێتەوە و لەزەتێکی ترت پێ دەدات، هەرچەندە بۆ تەنگژی ڕەپبوونی نێرتک نەکراوە بەڵام نێرتک بێ مێشکە، هەرکاتێک ڕایدەوەشێنیت هەڵدەسێ.

جا بۆ ئەو خانمانەی کە مێردەکانیان بۆڵە بۆڵ دەکەن، دەتوانن دانەیەک لەم ئەنگوستیلانە بۆ هاوسەرەکانیان بکەن بە دیاری، وەک مەمکە مژەی منداڵان ژێریان دەکاتەوە.

ئەنگوستیلەی سەرداران ئامێرێکی نوێیە، دەیکەیتە نێرتکتەوە، هەتا بنی نێرتکت بیلامانا. چوار پلەی لەرینەوەی هەیە، بێگومان تۆ دەیخەیتە سەر چوارهەمینیان، وەهای دەلەرێنێتەوە دەی فرێنێت، وەک ئاڵای وڵاتەکەت بەدەم باوە.

دابلەری دابلەی، دابلەری کورد

ڕاییوەشێنە ڕایوەشێنە، ئاڵای کورد

لە بەشی پێشەوەی ئەنگوستیلەکەدا دوگمەیەکی هەڵئاوساوی تێدایە دەچێتە سەر میتکەی خانم و ئەویش دەلەرێنێتەوە. بێگومان کاتێک دەیکەیتە نێرتکتەوە تۆزێک لە درێژی نێرتکت دەبات، بەو بۆنەیەوە لە زێی خانمدا تۆزێک کەمتر هاتوچۆ دەکات، بەلام وەک وتراوە لە کوردەواریدا:

" کەمی تێکەو زۆری بجاوە لەزەتەکەی ها لەدواوە"

چونکا قازانج لە ئۆرگاسمەکەدا دەکەیت، ئۆرگاسمەکەت دە هێندە زێدەتر دەکات و درێژەخایەنی دەکات، بۆ دەستپەڕکردنیش زۆر خۆشە و زیاتر ئۆرگاسمت دورودرێژ دەکات.

ئەنگوستیلەی سەداران بە کلیلی "یو ئێس بی" چارج دەکرێتەوە و زۆر دەخایەنێت، دەتوانیت بیبەستیت بە کۆمپیوتەرەکەتەوە و بیخەیەتە نێرتکتەوە لەکاتی نوسینی وتارێک یان ڕۆمانێک، ئەوسا بە ڕق و بوغزەوە باسەکانت نانوسیت، دەچیتە سەر هەقیقەتی بنەڕەتی.

ئەم ئەنگوستیلەیە بۆ پیاوان کراوە و سەری خانمانیش رەحەت دەکات لە بۆڵەبۆڵ. نازانم بۆچی پیوان هێندە بۆڵە بۆڵ دەکەن؟ بۆڵە بۆڵی پێ ناوێت، هەموو جارێک لە بۆنەکاندا گوڵێک، دیاریەک بدە بە هاوسەرەکەت، هەرکاتێک بەتەنیشتەوە تێبپەڕ دەبیت، وەک مەیمونی بۆنۆبۆ گوتێکی پێوە بدە، پشت ملی ماچ بکە و بە گوێچکەیدا بچرپێنە:

"چەندە جوانیت، ماڵت ئاوابێت هەر گەنج دەبیتەوە، ئەو ڕۆبەت لێ هاتووە."

دەستێک بهێنە بە سمتیا، بە ناوگەڵیا و ماچێکی بکە، ئیتر ئاوا ئاوێک دەکەیت بەو ئاگرودا و بەختەوەری دەکەوێتە مەڵتەوە.

بۆ نمونە کاتێک خواردن دروستدەکەن لە ئاشبەزخانەکەدا، مریشکێک ئامادە دەکەن بۆ فڕن، ئەو بەرکۆشە سێکسیانە بکەن بەرتان بە بێ دەرپێ بە قونی روتیەوە، دەست بکەن بە ئامادەکردنی مریشکەکە پێکەوە، پەرداخێک شەمپانیا یان شەراب بە تەنیشتەوە جارە جارە قومێکی لێدە و جارە جارە لە پشتەوە خۆت بنوسێنە بە خانمەوە، بەڵام ئاگادار بە، لێت تێکنەچێت، لەبری ملەقۆچەی مریشکەکە نێرتکت نەبڕیت، چەقۆکان دورخەرەوە هەتا نەچن بە قونتا. پاشان مریشکەکە بخەنە فڕنەوە، نزیکەی سەعاتێک کاتتان هەیە بۆ ئاموغکردن هەر لە ئاشبەزخانەکەدا، خۆ ئەگەر مریشکی کوردی بێت ئەوا سەعات و نیوێک دەخایەنێت، دەتوانن بەهەموو بارێکدا بیکەن.

ئەنگوستیەی سەرداران، چەندەها جۆری هەیە، هەندێکیان گونیش هەڵدەگلۆفێ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئامێرکی باشە، بە تەنیا یان بە جووت بەکار دێت. بۆ ئێوەم تاقیکردە.

پێشنیان باشیان گوتووە :

نێرتک ڕەحەت بێت سەر سەلامەتە.

**کۆتایی**



## شۆڕش دژی چوکی پیاو.

سێکسکردن هەوەسێکی ئاژەڵیە و سنوری نیە، نێرینەی مرۆڤ وەک ئاژەڵان شەڕدەکەن و شۆق لە یەکتری دەدەن لەسەر مێینەیەک. ئەگەر سێکس هاندەری سەرەکی بەیەک گەیشتنی نێرو مێیە، ئەوا لە هەمان کاتا ڕیگریە لە بەردەم عەشقا، سەرنج دەدەین کاتێک ژن ومێردێک دەگەنە تەمەنێکی کامڵی، دەتوانن باشتر لەگەڵ یەکتریدا هەڵکەن. پیاو هەمیشە بۆڵەبۆڵیەتی لەبەر ئەوەی ناوگەڵی دەخورێت و چوکی هەستاوە. خۆ ئەگەرچوکی نێرینەکانی سەرزەوی ببڕینەوە، ئەوا دنیا دەبێتە ماستی مەیو. بەڵام کەس حەزی بە ماستی مەیو نیە.

ویستم بەو بۆنەیەوە، بەراوردێک لە نێوان دوو کاری هونەرییدا بکەم؛ یەکەمیان ئەو هێڵکارییەی سەلڤادۆر دالیە و دوهەمیان کارێکی هونەریی نیاز عەبدوالا وەک ژنە هونەرمەندێکی کورد.





**هێڵکاریی سەلڤادۆر دالی (وێنەی01)**

**کاری هونەریی "نیاز عەبدوڵا"**

(وێتەی02)

لێرەدا زۆر لێکۆڵینەوە لە  جۆری تەکنیکی کارە هونەریەکە ناکەین، واتە گوزارشتکردن لە فکرەیەک بە شکڵی مۆدێرن و سەردەم، بە زمانی هونەر، کە کۆڵەکەی هونەرە، هەڵسەنگاندن بۆ کارێکی هونەری ناکەین، تەنها باسی مانای ئەم دوو کارە دەکەین و پەیوەندیان بە سێکس و دەوریان لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا.

له ڕەسمەکەی دالیدا (وێنەی 01)، کە هونەری سوریالیست یارمەتی دەرە بۆ گوزارشتکردن لە باسەکەی، چونکە ئەگەر سوریالسیت نە بوایە ئەوا وەک چۆن سەلڤادۆر دالی کە خۆی ناو نابوو "میستەر سوریالیست"، هەرگیز نەی دەتوانی چوکێکی وەها زەبەلاح بۆ نێرینەیەک درووست بکات، نەی دەتوان شانی ئافرەتێک بکات بە دارێک هەتاوەک و چوکی پیاوێکی لەسەر بنیشێتەوە، نەی دەتوانی گوزارشت لە باسێکی وەها بکات، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کاتێک پەنا دەبەینە بەر بزوتنەوەیەکی هونەریی مەبەس ئەوەیە کە یارمەتیمان بدات لە گوزارشتکردن لە باسەکە، بەڵکو زیاتر ئازادبین لە دەربڕینی ئەوەی لە ناخماندایە، دەنا سوریالیسم هیچ سودی نیە.

وەک دەبیینین ئەو کچ وکوڕە بەرامبەر بەیەک وەستاون، کچەکە بە هەوەسەوە بەرەو ڕووی نێرینەکەیە، دەیەوێت ماچی بکات، کچەکە داواکارە و کوڕەش پاسیڤە، بەڵام پیش ئەوە، چوکی زەبەلاحی نێرینەکەی قبوڵ کردوە لەسەر شانی خۆی، هەتاوەکو ئاغا بتوانێت لەسەر شانی خانم هەوەسی خۆی خاڵی بکاتەوە، خاڵیش بۆتەوە چونکە وای دەبینین کە چوکی کوڕەکە بە ڕەپی نەماوەتەوە، بەڵام خانم گرتویەتیە خۆی و لە حالەتی ڕەپیدا هێشتویێتیەوە بە ڕووکەشیی، بەشکو میستەر هەست بەکەمی نەکات و لێی زویر نەبێت. نا نا، مسیۆ ماچی ناداتێ، ئەو ماچی بۆ چیە، دەیەوێت پێش ئەوەی ماچی بکات، خانم چوکی فشۆڵەی بۆ ڕەپ بکاتەوە، بۆیەکا بەرامبەری وەستاوە بە بێ ئەکسیۆن ! هەر بۆیەش ئەو خانمە داوای ماچی لێ دەکات لەبەر ئەوەی چوکی ڕەپی لەسەرشانی مێینەیەکی تردایە و ئەمەش هەوەسی خانم دەورووژێنێت و نێرینەکەش دەخاتە بارێکی زاڵەوە. خۆ ئەگەر خانمیش بۆی نەمژێت، ئەوا ئەو داوایە لەو دوو کچەی تر دەکات کە لە دورەوە خۆیان بۆ ئەو نمایش دەکەن، ئەوان ئامادەن ئەو کارە بگرنە ئەستۆی خۆیان، بۆیە میستەر بە فیزەوە وەستاوە لەبەر ئەوەی کە لە حاڵەتێکی زاڵدایە. هەموو ئەم هەڵبژاردانەی بەو نێرینەیە دراون لە پێناوی چوکی ڕەپدایە و پۆز لێدانی ئەویش شانازییە بە باری چوکی ڕەپیەوە. چوکی ڕەپی هەوەس و ئارەزوو کە سروشت بە نێرینەی مرۆڤی داوە، هەمیشە وەک هیمای هێز و توانا بینراوە لە هەموو کەڵچەرێکدا. لە پێناوی خاڵیکردنەوەی ئەو دوو تورەکە سپێرمەدا چەندەها شەڕو ئاژاوە و تراژیدیا ڕوویان داوە. ئەم توانایەشی کە بە چوکی ڕەپ دراوە، هەر لە مێژەوە خۆی داکوتاوە لە هزر و لە کەڵچەری ئۆمۆساپیاندا، لەو کاتەوەی کە هێز بوە هاندەری سەرەکی بۆ بنیاتنانی شارستانیەت، ئەو هێزەش هێزی ماسولکەی نێرینە بوو کە خۆی لە چوکی ڕەپی پیاودا دەبینیەوە، لەبەر ئەوەی کە چوکی ڕەپ پەیوەستە بە توانای مرۆڤەوە؛ هەرکاتێک مرۆڤێک چوکی نیشتەوە بە مانای پیری و کەم توانایی و نەبوونی هەوەس و ئارەزوو دێت، چوکی ڕەپ واتە ویست و دینامیک و ماسولکە.

چوکی ڕەپ بە جۆرێک خۆی سەپاندوە، بە جۆرێک جێگەی خۆی کردۆتەوە لە ناو کەڵچەری هەموو کۆمەڵگەیەکدا، کە بۆتە هیمای شۆخ و شەنگیی و هیزو توانا و مەردایتەیش. ئەمەش پاڵنەر بووە بەوەی کە مێینە لە بەردەم چوکی ڕەپدا هەست بە کەمیی، نەبوونی بکات هەر لە تەمەنێکی لاویەوە، هێندە چوکی ڕەپ جێگای داگیرکردوە لە هزرماندا.



**کاری هونەریی نیاز عەبدوڵا وێەەی (03)**

کارە هونەریەکەی تر، کاری نیازخانە (وێنەی03). سەگێک دەبینین، ڕوالەتی ئافرەتێکی پۆشیوە، یان باشتر بلێین ئافرەتێکە دەوری سەگێک دەبینێت و وەک سەگێک بەستراوەتەوە بەرامبەر بە ئێسقانێک کە شکڵێ چوکی پیاوێکی گرتۆتە خۆی. سەگێکی بە ڕواڵەت دڕندە نیە، سەگێکی گوێ رایەڵ و دەسەمۆ دیارە. سەگێکی ترساوە چونکا ترسێک لە بینایدا بەدی دەکرێت. بەرە و چوکێکی ئێسقان دەڕوات بە ناچاری، چارەشی نیە لەبەر ئەوەی بەستراوەتەوە بە تەنیشتیەوە بۆ یاریکردن پێێ، یان وەک ئێسقانێک بۆ بژێوی ژیانی. نا،نا کەس زۆری لێ نەکردوە بەڵام لەبەر ئەوەی بەستراوەتەوە ناچارە بەرە و ڕوی ئەو تەنها ئێسقانە بڕوات کە بە تەنیشتیەوەیەتی. لێرەدا کەسی دووەم نادیارە، کەسی دووەم تەنها بە چوکێک چوێندراوە، نەخراوەتە ناو پەیوەندیەکی کۆمەڵایتەیەوە، هۆکاری سەرەکی ئەمەش ئەوەیە، هەرچەندە ڕۆژهەلاتیەکان پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی پتەو پێکەوە دەیان بەستێتەوە، بەڵام ناتوانن گوزارشت لەو پەیوەندیە بکەن لە چوارچێوەی تابلۆیەکدا، نازانن دوو

فیگور بە تەنیشت یەکەوە دابنێین لە پەیوەندیەکی دیالکتیکیدا وەک ئەوەی دالی. پێ دەچێت نیازخان هۆشمەند بێت بە کارەکەی، نەیوستبێت کەسی دووەممان نیشان بدات، جگە لە چواندنیی بە چوکێکی ڕەپ. بەڵام بۆچی سەگێک؟ لەبەر ئەوەی کە سەگ گوێ رایەڵە و دژی باری ژیانی خۆی ناوەستێتەوە. پێ دەچێت نیاز خان نەیویستبێت ئەوە دەربڕێت بەڵام ئەوە لە نەستیدایە و لە کارەکەیدا دەیبینین بە ڕوونی، کە ئەو مێینەیە وەک سەگێک دژی ئەو بارەی کە تێی کەوتووە ناوەستێتەوە. دەرئەنجام؛ سەگێکی مێینەیە و رازیە بەو دەورەی کە پێی دراوە.

جێگەی داخە کە نیاز خان نەیتوانی یان نەیویست بەردەوامیی بدات بەو باسە، هەتاوەکو بزانین بەرەو کوێ دەمان بات، چونکە تەنها بە یەک کاری هونەریی ناتوانین گوزارشت لەو باسە بکەین، هونەر بریتیە لە بەردەوامییدان بە بیرۆکە و بەرەو پێشبردنی لەگەڵ زەمەندا، بەڵکو بتوانین لەو بەردەوامیەدا تێ بگەین چۆن نیازخان حوکم دەدات بەسەر ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەدا کە جێگایەکی گرنگی گرتوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئۆمۆساپییاندا، بە تایبەتی لە سەردەمەکەماندا، هەتاوەکو بزانین ئەو وەک مێینەیەکی ڕۆژهەڵاتی چۆن ئەو چەمکە لێک دەداتەوە. بەڵام وەک سەرنج دەدەین لای زۆر لە هونەرمەندەکانی ڕۆژهەڵات بەردەوامیی نادەن بە کارەکانیان لەسەر باسێک، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە خۆیان هۆشمەند نین بە کارەکەیان و نازانن چیان کردووە، تەنها بیرۆکەیەک بە هزریاندا تێ پەڕدەبێت لەکاتێکی دیاریکراودا بە بێ قوڵبوونەوە. هونەر بە مانای قوڵبونەوە و بەردەوامیدان دێت. دالی چەندەها کاری لەسەر ئەو باسە کردوە و لە کارەکانی تریدا تەواو لە مەبستی دالی تێ دەگەین بۆ ئەو چەمکە.






**کاری هونەریی سەلڤادۆر دالی وێنەی (04)**

**کاری هونەریی سەلڤادۆر(وێنەی05)**


لەو دوو کارە هونەریەدا (وێنەی 04.05)، دەبینین چۆن بە لەشی چەند مێینەیەک، ئێسکێکی کەلەسەری بەرجەستە کردووە، دەستنیشانی لەزەتی سێکسوێل دەکات وەک چەمکێکی ترسناک، وە ک چەمکێکی دژ بە خۆ، دژ بە بەختەوەری. لە کارەکەی تردا(وێنەی05) مێینەیەکی کردووە بە مێزێک و مێینەیەکی تر لە پشتیەوە وەک دیکۆر، دالیش وەک کەسێکی بەرپرس و بە توانا، ئەمەش گوزارشت لە پەیوەندی دەسەڵات و سێکس دەکات. لە وێنەی (ەێنەی 06) دا کچێک دەبینین لەبەردەم پەنجەرەیەکدا دەڕووانێتە ئاسمانێکی شین، هەوەس و ئارەز و شکڵێ بۆمبی کاریگەر و شکڵی نێرینەیان پۆشیوە و ڕووبەڕووی سمت و ناوگەڵی ئافرەتەکە دەبنەوە.



**وێنەی (06) سەلڤادۆر دالی**

## کۆتایی





## شێخ مەحمودی نەمر و ئۆرگاسم

ساڵی 1624 ئەو سەردەمەی شێخ مەحمودی نەمر حکومەتەکەی لە سلێمانی دامەزراند، شازادە؛ ماری بۆناپارت، سێ جاران نەشتەرگەری بۆ کوزی کرد، لە بەر ئەوەی نە دەگەشتە ئۆرگاسم بە چونە ژورەوەی ناو زێ. بە پێی تیۆری فرۆید؛ نەبونی ئۆرگاسمی ڤاژینال دەتوانرێت ڕاستبکرێتەوە بە وەی میتکە نزیک بکرێتەوە لە زێ (خودا بیری لەوە نەکردبویەوە)، واتە بهێنرێتە خواروترەوە هەتا لە کاتی چونە ژورەوەدا بخشێت لە نێرتک. بەڵام خانمی بۆ ناپارت هەر نەگەشتە ئۆرگاسم و بەو داخەوە سەری نایەوە.

دەبێت ئەوە بوترێت کە نەشتەرگەری بۆ کوز لەو سەردەمەدا بوێری دەویست، بەڵام خانمی شازادە نەوەی ناپۆلیۆن بوو، ناپۆلیۆن؛ ئەو پیاوەی پێش ئەوەی لە شەڕ بگەڕێتەوە، نامەی دەنارد بۆ ژۆزفینی ژنی و دەیگووت:

( خۆت مەشۆ خۆشەویستەکەم بە زوترین کات دەگەمە لات)

مارکی دوسادیش لە شۆڕشی فەرەنسیدا، پێش ئەوەی لە بەندیخانە بیتە دەرەوە، بۆ ژنەکەی نووسیبوو:

( پاش چەند رۆژێکی تر دێمەوە بۆلات، خۆت ئامەدە بکە، بە هەموو بارێکدا دەتگێم )

بەڵام ئێمەی کورد، هیچ لە بارەی سەرکردەکانمانەوە نازانین لەو ڕووەوە؛ ئارەزووی چیان کردوە و چۆن چۆنی؟ شێخ مەحمود شەوانی زستانان لە ژێر لێفەی ڕەنگا و کەوای سورمە و دەرپێی ئاڵ و واڵا، لە ژێرخانەکاندا، چۆن و چی کردووە؟ ئایا لە دەرەوەی جێگە شتێکیان کردووە؟ نەبوونی ئەم زانیاریانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی جگە لەوەی خوێندەواریی نەبووە لای خەڵکی و سەرکردەکان، بەو بۆنەیەوە نەیان توانیوە نامە بنێرن بۆ خەجێ و حەبێی ژنیان و تێیدا باسی هەوەس و ئارەزوەکانی خۆیان بکەن، لە ژێر لێفەشەوە باس نەکراوە، هەر نیخە نیخ و بۆرە بۆڕ بووە، جگە لە پێغەمبەری موسڵمانان نەبێت، بەڵا ئەویش ناچیتە ناو وردەکاری باسەکانەوە و نازانین چۆن چۆنی کردویەتی و چۆن حەزی پێ بووە! بە سەر حوشترەوە؟ لە بیاباندا؟ ئایا ئایشی ڕەحەت بووە؟ چۆن توانیویەتی حەوت ژن ڕازی بکات بە بێ ڤیاگرا لە تەمەنی شەست ساڵیدا؟ ئەمانە هەمووی گرنگن لە گەمە و پەیوەندی سێکسیدا. من کە چومەوە بۆ کوردستان بە هاوژینەکەم گووت: بۆ خاتری خودا جلکی کوردی بکەرە بەرت هەرگیز بەو جلکانەوە نەم کردووە. زۆرم پێ سەیر بوو! لە زەتێک ناوازەی هەبوو بە دەرپێی کوردیەوە، ئەوە یەکەم جارم بوو ئەو ئەزموونە بژیێم.

ئەگەر سروشت ئەو ناهەقیەی کردووە بەرامبەر بە کچان لە بەر ئەوەی چونە ژورەوە بۆ ناو زێ، تەنها بە مەبستی زایین کراوە لە لایەن سروشتەوە و ئێمە هەڵخەڵەتێنراوین، وادەزانین بۆ لەزەت کراوە، بۆیە دوو لە سەر سێی کچان هەست بە لەزەت ناکەن بە سێکسکردن بە زێ. چونکا ئەگەر زێ وەک میتکە هەستیار بوایە ئەوا دووگیانی و زایین هێندە بە ئازار دەبوو کە کچان نەوەی نوێیان نە دەخستەوە و مرۆڤایەتی لە ناو دەچوو، هەر بۆیەش کوزمان ناوناوە: سەرچاوەی ژیان. بەڵام ئەوەی تێ ناگەم ئەوەیە، ئەو سەردەمەی مرۆڤ بە چوارپا دەڕۆشت، هەر بەیەک باردا چوت دەبوو، واتە بە باری نێرەکەری، هەرچەندە شامپانزێ کە جارە جارە لە سەر دوپا دەڕوات، بەرامبەر بە یەکتری سێکس دەکەن.

تەنها چارەسەر هەندەک باری کامە سوترایە لە سێکسکردندا، وەها دەکات میتکە بخشێت لە نێرتک، بەڵام زۆربەی زۆری مرۆڤی ئەم سەرزەویە ئاشناییان پێ نیە و هەندەکیان

ناشزانن میتکە چیە و زێ چیە و لەزەتی مێینە چیە، هەموومان وەک شێخ مەحمود سواردەبین و ئیتر چێژی مێینە تەنگژی ئێمە نین. بۆیە کچان حەزیان بە باری ئاژەڵی نیە بۆسێکس، واتە بە باری چوارپا و ئاغا لە دواوە وەک نێرەکەر، چونکا لەو بارەدا نێرتک زۆر دوورە لە میتکە، چونە ژورەوەش کۆتایی دێت کاتێک ئاغا دەگاتە ئۆرگاسم، وەک دەزانین ئاغاکانی ڕۆژهەڵاتیش وەک چۆلەکە هەر زوو ئاویان دێتەوە. خۆ ناشتوانێت بە نێرتکی فشەوە بێت و بچێت. کەپڵی کلاسیکیش کەڵچەری دەستبازی و باری کامەسوترا و کاتی ئەوەش بە خۆیان نادەن و خۆیان خەریک ناکەن بەو تەنگژیەوە، بۆیە جیابوونەوەی کەپڵ لە دوای دوو ساڵ بەربڵاوە لە هەموو جیهاندا. خۆ ناشتوانین هەموو ژیانمان وەک دەروێشەکانی جەلالەدینی ڕۆمی بسوڕیینەوە و بڵێین:

خەتابارم گوناح بارم .

ئێمە کاتێک باسی سێکس دەکەین، واتە چوونە ژورەوەی ناو زێ، ئەوەش ڕاستیەکە وەک چۆن کابرا دەچێت بۆ حەج دەبێت دەستی بدات لە بەردە ڕەشەکە دەنا حساب ناکرێت، بەڵام کچانی لیسبیان چونە ژورەوە پراتیک ناکەن و لەباری (W ) دا بە لێ خشاندن و بە دەستبازی دەگەنە ئۆرگاسم و پێوستیان بە نێرتکیش نیە.

بۆیە هەرتەکنیک و تەکنەلۆژی دەتوانێت کاری بەدی خوداکان ڕاست بکەنەوە. جارێکی تریش باسی ئەو ئامێرەم بۆ کردن بە ناوی سەتیسفایەرەوە (satisfayer )، ئامێرێکی زۆر کاریگەرە و نرخی زۆر هەرزانە و ئاشتی دەخاتە نێوان کەپڵەوە، وەک ئامێرە کۆنەکان نین بەناوی: (vibrator)، کچان دەتوانن هەتا بیست خولەک ئۆرگاسمیان هەبێت. دانەیەک بە دیاری بدەن بە هاوسەرەکەتان بۆ تاقیکردنەوە. لە ناو دەستشۆرەکەدا دای مەنێن بە تەنیشت فڵچەی دانەوە، بیخەنە ناو کەنتۆرەکەتان بە تەنیشت سوخمەی مەک و دەرپێی کورتی دانتیلەوە. بێ شک ئەمەش ڕێەگەتان لێ ناگرێت شۆڕش بکەن، دەتوانن شیعر و ڕۆمان و باسی زمان و مێژووش بکەن، بڕوا بکەن باشتریش دەیکەن. ڕیگەش لە کوردستانێکی سەربەخۆ ناگرێت، وابزانم شێخ ئەگەر دانەیەکی وەهای بە دیاری بدایە بە هاوسەرەکەی، کوردستانی گەورەی بۆ دەهاتە دی.

## کۆتایی



## فەمینیستیی و تیۆری مانگرتن لە سێکس

تیۆری مانگرتن لە سێکس، ئەو تیۆرییەیە کە باس لە باری ژیانی مێینە دەکات بەهۆی دووگیانییانەوە لە پێش مێژوودا، بە هۆکاری ئەوەی کە ئەوان لە کاتی دووگیانیدا توانای بزاوتنیان نەبووە و چاوەڕوانی پیاوان بوون بچن بۆ ڕاو بۆ بژێوی خۆیان و کۆرپلەکانیان. بە تایبەتی ئەوان پێویستییان بە چەوری زیاتر هەبووە لە کاتی دووگیانی و دوای زایین. بۆیە ژنان لە نێوان خۆیاندا جۆرێک لە هاوپەیمانییان پێکهێناوە هەتا پیاوان ڕازی بکەن بچن بۆ ڕاو لە هەمان کاتا خەریکبن بەوانەوە. بەکار هێنانی سێکس ڕێگەچارەیەک بووە بۆ بەدەستهێنانی داواکارییەکانیان.

تیۆری مانگرتن لە سێکس، کە پەرەی پێ دراوە لە لایەن مارکسییە شۆڕشگێڕەکانەوە، خوێندنەوەیەکی تایبەتە بۆ تیۆری " جینی خۆوسیت"، گوایە ناکۆکی لەسەر زاوزێکردن لە ناوجەرگەی پەیوەندی کۆمەڵاتی مرۆڤایەتیدایە. مارکس و ئنگلس وایان باوەڕ بوو کە کۆمەڵگەی پێشمێژوو لە حاڵەتی کۆمۆنیسمی سەرەتاییدا ژیاون و کورتە خایەن بووە،

لەگەڵ پەیدابوونی شارنشین و نوسیندا چینایەتی هاتە کایەوە، بە جۆرێک پەیوەندی دیالکتیکی ناکۆکی و دژایەتیکردنیان ڕێکخستووە کە چارەسەری حەتمی کۆمۆنیسمە. باڵام بە پێچەوانەوە سەردەمی پیشمێژوو زۆر درێژەخایەن بووە. مانگرتن لە سێکس هەوڵدانێکی ئاڵۆز بووە هەتا لە جینی پیاوان و ژناندا ناکۆکی نێوان چینەکان ببینین کە هانی هەڵگیرساندنی "شۆڕشی ڕەمزی " دا بێت، ئەو سەردەمەی کە هونەر هاتە کایەوە. (سەرچاوە؛ کتێبی پێش مێژووی سێکس ).

هەندێک جار ئاڵوگۆڕی سێکس بەرامبەر بە خۆراک، ژنێک ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە نێرینەیەک بەکاری هێناوە، بەڵام کاتێک بە کۆمەڵ ژیاوون، لە ئەگەری ئەوەی نێرینەکە بچێت لەگەڵ ژنێکی تردا سێکس بکات و جێی بهێڵێت، سیاسەتی تریان بەکار هێناوە، بۆ نمونە ژنان سوڕی مانگانەیان لە نێوان خۆیاندا هاوکات کردووە، هەتا پیاوان ژنێک بەجێ نەهێڵن و بچن بۆلای ژنێکی تر کە سوڕی مانگانەی نییە. لەبەر ئەوەی کە ئەم پەیوەندییانە ملوێنەها ساڵیان خایاندووە، لە دی ئای ئێنی مێینەدان. بە هاوکاتکردنی سوڕی مانگانەش مەحاڵ و ئەفسانە نیە، چونکا لە کچەکەمم پرسی، لە وەڵامدا گووتی ئەوە شتێکی ناسراوە. وام دەزانی خوێندویەتییەوە، بەڵام نەخێر، تەنها بە ئەزموونی خۆی لەگەڵ کچانی هاوڕێیدا ئەو سەرنجەی داوە کە کاتێک پێکەوەن یەکێکیان سوری مانگانەی دەبێت سوڕی مانگانەی هاوڕێکەی دەورووژێنێت.


بۆیە ژنان لە نێو خۆیاندا هەمیشە خەریکی " گووتی، گووتی" ن و باسەکانیان بۆ پیاوان ئاشکرا ناکەن، خۆ دەبێت ئەوەش بڵێین کە پیاوان هەر سوار دەبن و بیر لەو شتانە ناکەنەوە، ئەوان هەوەس کوێر و کەڕی کردوون و بە دوای خاڵی کردنەوەی هێلکە گونیاندا وێڵن، وەک ئەوەی کە ئەوە کێشەی ئەوان نەبێت، بەڵام نازانن چ تەڵەیەکیان بۆ دەنێنەوە.

" تۆ بڕۆ بۆ ڕاو و ئاسکێکمان بۆ بێنە ئەوسا قسەیەکی لێ دەکەین"

دیاردەی مانگرتن لە سێکس لە لادێکانی کوردستان، شەوانە لە ژێر لێفەوە ڕوویان داوە، وەک بۆیان دەگێرانینەوە ژن بە پیاوەکەی دەگووت بە مەرجێک سێکسی لەگەڵ دەکات ئەگەر بەیانی کەوایەکی بۆ بکڕیت، یان سەفەرێکی بۆ ڕێک بخەیت، دەنا دەبێ بچێت مشتەگانێ بکات....

سەفەر سەلامەت...

## کۆتایی



**باری لنگ لەسەر شان.**

ئەم بارە بۆ زایەندی* هەروا ئاسان نییە، بێگومان بە پێوە ئاسان نییە دەنا بە ڕاکشانەوە زۆر ئاسان و لەبارە، کچان زۆرتر حەزیان بەم بارەیە، لەبەر ئەوەی نێرتک هەتا قوڵایی زێ دەڕوات، لە هەمان کاتا بارێکی زیاتر شارستانی ترە لە باری چوار پایی وەک ئاژەڵان. یەکێکە لە بارەکانی زایەندەکردنی کامەسوترایە. بەڵام بە شێوازی کامەسوترا* کچەکە ڕانی دەخاتە سەر شانی نێرەکەر، بەمەش دەڵێن: لنگ لەسەر شان. ئەوسا بارەکە لەبارتر دەبێت بە تایبەتی بۆ تەکاندان. کورەکە دەتوانێت دەست بخاتە ملی خانم و ڕای کێشێت بەلای خۆیدا هەتا دەیخاتە باری کۆرپەلەوە، وەک ئەوەی جارێکی تر دێتەوە ژیان. بێ گوومان لە هەمان کاتا کە تەکان دەدەیت، گوێت لە دەنگی تەمبورە، چونکا لەگەڵ هەر تەکانێکدا هەردوو هێلکە گوون بە توندی خۆیان دەکێشن بە سمتی خانمدا بە بێ وەستان. دەتوانیت ڕیتمی پی دروستبکەیت؛ لەسەرەتاوە بە ڕیتمی پا، ئینجا بە هەروڵ پاشان بە

غارغارێن. من هەمیشە ڕیتم دەخەمە هەموو کارەکانمەوە لە ژیانمدا، تەنانەت لە نوسیندا، سەرنجم داوە کاتێک ڕیتم دەخەمە نوسینەکانمەوە زیاتر بە دڵی خوێندەرن.

بەڵام وەک دەبینن هونەرمەندی سۆمەری لەسەر جێگە دوو فیگورەکەی کردووە، هەرچەندە وادەردەکەوێت کە هەردوکیان بە پێوە ڕاوەستاتابن، لەبەر ئەوەی سەکۆیەکی داناوە بۆ ڕاوێستان. شێوازی جێگەکە لە دار و حەسیرە کە هەتا ئەم سەردەمەش لە زۆر شوێنی جیهاندا دروست دەکرێت. هەتا ئەم سەردەمەش؛ دوای پێنج هەزار ساڵ ئێمە بەو بارەدا هەر دێین و دەچین و تەکان دەدەین و بێزار نابین. وابزانم تەنها ئەوانەی کە خاوەنی چوار ژنانن ئەم جۆرە زایەندانە نازانن.

جێگایەکی لەو سستایلەم کڕی بوو بە نرخێکی زۆر گران، لە وڵاتی تبتەوە هاتبوو، بە تەواوی لەو جێگەیە دەچوو، بەڵام عەیبەکەی ئەوە بوو جیکە جیکی زۆر دەکرد و ڕیتمەکەی لێ تێکدەدام، بە تایبەتی لە کاتی غارغارێندا.

........................

زایەندی : وشەیەکە لە کتێبی ژنەلۆژی سەرۆک ئاپۆدا خوێندمەوە. بە مانای گانکردن دێت.

کامەسوترا : کتێبی ئێرۆتیزمی هندییەکانە.

## کۆتایی



**سایە کەریم و بنەماڵەی بارزانی**

دەیگێڕنەوە لە سالانی حەفتادا پیاوەکانی پارتی ژنێکی لەش فرۆشی کوردیان گرت بوو، نەک لەبەر ئەوەی کە لەش فرۆش بووە، لە بەر ئەوەی کە ئەو کارەی لەگەڵ پیاوە عەرەبەکاندا کردبوو، پێ یان وتبوو کە ئەو بۆی هەیە کاری لەش فرۆشی بکات، بەڵام نابێت لەگەڵ پیاوانی عەرەبدا ئەو کارە بکات لەبەر ئەوەی کە کورد ئابڕوی دەچێت. ژنەی لەش فرۆشیش تەنها مەبەستی لەو کارە ئەوە بووە کە بژێوی ژیان دابین بکات، ئیتر عەرەب بێت یان کورد ئەوە کەی تەنگژیە بۆ ئەو.

سایە کەریمیش کە وادیارە بە ئەکسانتەکەیدا خەڵکی کوردوستانی ڕۆژئاوایە و دەڵێت گوایە دەبێتە یەکەم پۆرنۆستاری کورد، ئەم باسە بوو بە هەڵا لە کوردوستان، وەک ئەوەی شتێکی زۆر گرنگ رووی دابێت و حەیای کورد چووبێت، بەلام تەنگژیەکە تەنها ئەوەیە کە سەری قابلەمەکەمان لاداوە و ئیتر بۆنی پلاوەکە دەکەین؛ ماسکەکان دەکەون و راستی مرۆڤەکانمان بۆ دەردەکەوێت کاتێک خێزان و کۆمەڵگە ناتوانن یاسای خۆیان بسەپێنن بەسەر نەوەکانیاندا.

بەڵام پارتی و پیاوانی پارتی کە وەک سەگ پێش جەیشی تورکی کەوتوون و بە داخوازی جاش ئۆغلۆ سروودی ئەی رەقیبیان کپ کرد لە پەرلەمان، هەرگیز پێویستیان بەوە نەبووە وەک سایە کەریم وڵات جی بهێڵن و بچنە هەندەران هەتاوەکو ئازاد بن لە هەڵسوکەوتیانا، ئەوان هەمیشە ئەوە پیشەیان بووە، خۆ ئەگەر ئەو ژنە لەش فرۆشەش بۆ بژێوی ژیانی لەگەڵ پیاوێکی عەرەبدا سێکسی کردووە ئەوا بنەماڵەی بارزانی تەنها بە مەبستی خیانەتکردن و جاشایەتیە کە پیشەی باوانیانە.

## کۆتایی



( به بۆنەی هەشتی مارسەوە)

## کچانی وڵاتانی ئیسلامی بە ئاشتیانە لاقەدەکرێن

کاتێک مامۆستاکانی فەرەنسا لە وانەی پەروەردەی سێکسوالیتێدا لە خوێندکارەکانی باکوری ئەفریقا دەپرسن، چۆن ڕادەبوێرن دەگەڵ کوڕاندا، هەندێکیان بە قریوە وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن: بە دواوە. مامۆستاکان پێیان دەڵێن: خوشکێ بەدواوە هیچ مانایەک نابەخشێت، چونکا بە دواوە دەتوانین بچینە زێوە، دەبێت بڵێیت بە لۆتی (سۆدۆمی). هەموو ئاکتێکی سکسوێلیش ڕێگە پێدراوە بە مەرجێک ڕازیبوون هەبێت لە نێوان هەردوو کەسەکەدا، بۆیە ناچار نیت کونی چوپت بخەیتە خزمەتی ئاغا. بێگومان کوڕان بە ڕاستەوخۆ زۆر لە کچان ناکەن، بەڵام لە ڕاستیدا ناچارن، بۆ ڕازیکردنی هەوەسی پیاوی نێرتکڕەپە، چونکا خانم بە پێێ شەریعەتی ئیسلامیی چارەسەری تری نیە، بۆیەکا ئەم ئاکتە بە لاقەکردنی پاسیڤ هەژمار دەکرێت.

دەبێت ئەوە بوترێت کە کچان بە سرووشتیی کەسانی جیاوازن لە پیاوان، حەزیان بە لەزەتدانە بە خۆشەویستەکانیان و ئەوەش جۆرێکە لە ئاسودەبوون بۆ ئەوان، جۆرێکە لە ڕامکردن و ڕازیکردنی پیاوان، ئەم ڕۆحەش خۆی لەخۆیدا ڕۆحێکی سۆفیگەریە، میستیکە، واتە کاتێک دەگەڵ خۆماندا هەست بە بەختەوەریی دەکەین، دەگەین بە ئاستێکی ڕەهای سپیریتوێڵ، ئەوسا ئارەزوی پێدانی لەزەت و خۆشی دەکەین بۆ کەسانی بەرامبەرمان. بەڵام ئێمەی پیاوان لەگەڵ تەمەن و بە فەلسەفە و بە کامڵبوون دەبینە خاوەنی ئەو ڕۆحە، خانمان بە سروشتیی خاوەنی ئەو ڕۆحەن، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئیتر ئێمە هەرکاتێک نێرتکمان ڕەپ بوو وەک کەڵەگا تەنها بیر لە خاڵیکردنەوەی هێلکە گونمان بکەینەوە و بیر لە لەزەتی خانم نەکەینەوە.

ئەگەر زۆر لە کچانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بە ناچاری هەتا کاتی بوکێنی کونی چوپیان بەکاردەهێنن بۆ ڕابواردن، کوزیان دەخەنە بوخچەوە بۆ ئاغا، بۆ شەوی بوکێنی، لەبەر ئەوەی ئاغا حەزی بە دەستەسڕی خوێناویە بۆ سەرچۆپی، حەزی بە کوزی نەڕاکاوە. بۆیە دەڵێم : کچانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بەڕاستی جەرگ قایمن، چاو نەترسن، چونکا هەندەک جار لە نێوەی شەوا بەدەم هاوارەوە ڕادەچەڵەکێم و خەبەرم دەبێتەوە، لەخەومدا بومەتە کچێکی ڕۆژهەڵاتی و دەمبەن بە بوکێنی. شاییە، ڕەشبەڵەکە، بەزمە، هاژە و هەڵای مۆسیقایە، سەمایە، هەموو کەس دڵخۆشن تەنها من نەبێت لە ترس و دڵراوەکێدام و بێ هۆشم، چونکا دەترسم بە نێرتکی ئاغا خوێنم لێ بەرنەبێت. ماکیاجی سەرگۆنام خورخوڕ وەک فرمێسک بە ڕومەتما دێنە خوار، چونکا نازانم چۆن دەستەسڕەکەی کە بە خوێنی کەڵەشێر سورم کردووە، بە دزی ئاغاوە بخزێنمە ناوگەڵمەوە، هەتا ئاغا سەرچۆپی پێ بکات.

سەپاندن و داهێنانی ئەم مۆدێلانە بەسەر مێینەدا، تەنگژی نێرینەن، دەنا تەنگژیەک نیە بەناوی تەنگژی مێینەوە لەو ڕوەوە. وەک سیمۆن دبوڤار دەڵێت: تەنگژی ژنان هەمیشە تەنگژی پیاوان بووە، وەک چۆن لەئەمەریکا تەنگژی پێست ڕەشەکان تەنگژی پیاوی سپی خۆی بووە، جووەکانیش گرفتیان نەبوو، ئەوە گرفتی ئێمە بوون.

بۆیە تەنگژی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا تەنگژی پیاوانی موسڵمانن بە سەپاندنی ئەم قانونانە. موسڵمانان سەری خۆیان داخستووە ودەڵێن گوایە خوادا وەهای گەرەکە. ئافراندنی هێزێک لەسەروی خودەوە( بیرۆکەی خودا)، ئەگەر ئامانجی ئافراندنی ڕواناگەیەکی هاوبەشە بۆ پێکەوە گرێدانی تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەوا لەڕوویەکی ترەوە بۆ

بەدەستهێنانی چەکێکی کاریگەرە بە مەبەسی چەوساندنەوەی چینێکی تر، بە تایبەتی هێزی نێرینە بەسەر مێینەدا، لەهەمان کاتا خۆ دەربازکردن لە خۆخەتابارکردن، گوایە ئەوە خودا وەهای گەرەک بووە.

بەڵام مەبەس تەنها بەردەوامیدانە بە سیستەمی کۆیلایەتی و مانەوەیانە لەسەر تەختی پاشایەتی، وەک ئاغا و کەڵەگا. چونکا ئێمە تێ دەگەین کاتێک دایە حەوا کوزی بە گەڵایەک دادەپۆشیت، بەڵام بورقە و کوزی نەژاکاو، نەدەبوا بوونی هەبوایە، مۆدێلی هەسارەیەکی ترن. دەنا چۆن ڕیی تێ دەچێت پیاوان بۆیان هەیە هەر ڕۆژەوە لەگەڵ پەتیارەیەکدا ڕابوێرن و تەنانەت سواری کەر و مایینیش بن، بەڵام خانمان دەبێت کوزیان نەژاکاو بێت؟ تەنانەتی نەتوانن مشتەگانێش بکەن، چونکا هەموو ئافرەتێک لە کاتی دەستپەڕکردندا ناتوانن بە وروژاندنی میتکە بگەنە ئۆرگاسم، وەک چۆن پیاو بە ئارەزووی خۆی نێرتکی ڕادەوەشێنێت، کچانیش بۆیان هەیە پەنجە بخەنە کوزیانەوە، بەڵام بۆ ئەوان ئەو شوێنە مەنتیقەی موحەڕەمەیە. ئەمەیە نا دادپەروەری.

بۆیەکا کچانی ڕۆژهەڵاتیی بە بەردەوای لە ئازاری جەستەیی و دەرونیدا دەژین، ئێمەش بە تەنیشتیانەوە باسی خەبات و گەندەڵی و ڕزگاری کوردستان دەکەین، خۆ هەموو ئەم خەباتانە لە بنەڕەتا و بە بێ ئاگایی بە مەبەسی کەمرکردنەوەی ئەشکەنجەیە، نا؟ ئەی کەواتە بۆچی چاومان داخستووە و گێلین لەبەردەم ئەم تاوانانەدا کە سەدەها ساڵە بە تەنیشتیانەوە دەژین. بۆیە کچی پورم بە خەمبارییەوە تێی دەڕوانیم و دەیگووت:

- تۆشانست هەیە کە کوڕیت.

ئەو سەرەمە زۆر لاوبووم لەو قسەیە تێ نەدەگەشتم.

****

قانونی فەرەنسی ساڵی 1992 پەیوەست بە لاقەکردنەوە دەڵێت: هەموو ئاکتێکی سێکسوێل (چونە ژورەوە) بەهەر جۆرێک بێت، بەرامبەر بەکسێک، لەژێر زەختی دژواری و ناچارکردن، هەڕەشە یان کووتوپڕ، لاقەکردنە. هەروەها دەستبازی و دەستپەڕکردن بەزۆر و تەنانەت گرتنی فۆتۆگرافییەکیش، ئەگەر کەسی بەرامبەر ڕازی نەبووبێت، بە لاقەکردن هەژمار دەکریت.

بێ گومان هەموو ئاکتێکی سێکسوێل ڕێگە پێدراوە لە نێوان دووکەسی هەرزەکاردا ئەگەر ڕازیبوون هەبێت، بۆیە جاران کاتێک کچێک شکاتی دەکرد، کابرای لاقەکەر دەیگووت کچەکە ڕازی بووە. ناچار ساڵی 2021 پەرلەمانی فەرەنسا بڕیاریدا هەرکەسێک لەگەڵ کچێکی خوار تەمەن پانزە سێکس بکات، ڕازیبوبێت یان نە، بە لاقەکردن هەژمار دەکرێت ئەگەر کچەکە شکات بکات، تەنانەت لە نێوان ژن و مێردێکیشدا، هەرچەندە سەلماندنی ئەوکارە لە نێوان ژن و مێردا هەروا ئاسان نیە.

بۆیە سێکسکردن بەلۆتی (بە کۆم) و بە ناچاری، بە لاقەکردنی ئاشتیانە هەژمار دەکرێت. بەڵام ئەگەر تەنها لەسەدا سی کچان حەزیان بە لۆتیە، ئەوا بە گوێرەی ڕاپرسیەک لەسەدا حەفتای کچان لە ئەوروپا ئەو کارەیان لەگەڵ خۆشەویستەکانیان ئەنجامداوە، جیاوازییەکە ئەوەیە کە لێرەدا بە هەڵبژاردەیە نەک بە ناچاری، بۆیە تەواو جیاوازە لە باری کچانی وڵاتانی ئیسلامیی، دەگەڵ ئەوەشدا دینەکان بە تایبەتی دینی ئیسلام، قەومی لۆت بە بەرەڵا و بە بێ مۆراڵ هەژمار دەکەن لەبەر ئەوەی بە لۆتی لەگەڵ ژنەکانیاندا جووت دەبوون، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان خۆیان هاندەری ئەو مۆدێلەن.

****

دەستەواژەی (لۆتی)م بەکار هێناوە لەبری  سێکسکردن بە کۆم، لەبەر ئەوەی لە لاتینیدا دەوترێت سۆدۆمی، وشەی سۆدۆمی لە قەومی لۆتەوە هاتووە، ئێمە بە قەومی سۆدۆم ئێژین: قەومی لۆت، بۆیە بە باشم زانی لۆتی لە بری سۆدۆمی بەکار بهێنم.

## کۆتایی




## هەڵگەڕانەوە و ڕوو وەرگێران

لەسەر فۆتۆشۆپ توانیم دەمووچاوێک بۆ ئەو کچە دروستبکەم و ڕووی وەرگێڕم.

وەک دەبینین فۆتۆگرافی (ژمارە 01) سەرنج ڕاکیشە، لە دیدی نێرینەیەکەوە بێگومان ئێجگار سێکسوێلە، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە ڕوی وەرنەگێڕاوە و پشتی تێ کردوین و سمتی بەرزۆ کردووە، وەک ئەوەی سمتی بخاتە ڕوو و پێشنیاری کردەیەکی سێکسوێلمان بۆ بکات بە بێ کێشە. بێگومان هەموو ئەم پێشنیارانەی بە (زمانی) وشە ڕوننەکردۆتەوە، بەڵکو بە (زوانی) هەڵس و کەوت، خۆ خانم ناڵێت:"

"ئەوە من ڕوم وەرگێڕاوە و سمتم دەرپەڕاندوە بۆ تۆ، دەی فەرموو تۆش دەتوانیت لە پشتەوە ڕۆبەکەم هەڵبدەیتەوە و دەرپێکەم لەسەرەخۆ داکەنیت و بە ئەسپایی نێرتکت بخزێنیتە نێو رانم"

چونکا لە کردەی ئێرۆتیکدا ڕوبکردنەوە نادەین، دەتوانین جارە جارە وشەیەک بدرکێنین و بەس، ئەگەر نا ئەوسا هیچ سیحرێکی ئێرۆتیکی تێدا نامێنێتەوە. لێرەدا خانم شک دەئافرێنێت. تۆش دەمت وشک دەبێت و دڵت دەکەوێتە ترپەو سەرت دادەنەوێنیت و

دەرپێکەی دادەکەنیت و دەمو لوتت دەخەیتە ناوگەڵی وەک ئاسکە نێرینەیەکە، هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژیت و ئیدی هێندەی تر نێرکت ڕەپ دەبێت و جێگای نابێتەوە لە پانتۆڵەکتا.

ئەگەر ڕووی وەرگێڕاوە، واتە خۆی ڕاستەوخۆ بە مەبەسی گەمەی سێکسوێل (وەک یاریەکی ئێرۆتیک بێگومان) بەشداری ناکات تێیدا و تۆ دەبێتە بڕیاردەری سەرەکی بۆیەکا هێندە ورووژێنەرە. ئەگەر پاڵ بەم بیرۆکەیەوە بنێنن و بیگەیەنین لوتکە، دەمان بات بەرەو بیرۆکەی سێکسکردن لەگەڵ مردوودا، یان لەگەڵ ئاژەڵاندا، موسڵمانان زۆر باسی ئەم جۆرە سێکسکردنە دەکەن و هەنێ لە زانایان (هههههە)ی ئەزهەر بە ڕەوای دەزانن. لە کوردەواریدا وتراوە شوکور بە کفن دز، چونکا کابرای یەکەم تەنها کفنەکەی دەدزی بەڵام ئەوی دووهەم سواری مردوەکەش دەبوو.

لە فیلمە پۆرنۆکاندا کاتێک کچە خەریکی مژینە یان نێرتکێک دێت و دەچێت لە ناو گەڵیا، دەرهێنەرەکە بە کچەکە دەڵێت کە دەبێت ڕوو بکاتە بینەر، هەتاوەکو دەموچاوێک بدات بە سێکسی کچەکە و کچەکە ڕازیبوونیی خۆی دەربڕێت یان شاگەشی و ئۆرگاسم (ئەگەر بە درۆش بێت گرنگ نیە چونکا نێرتک بێ مێشکە)هەتاوەکو زیاتر بینەر بورووژێنێت، دەمووچاوێکی بێگومان کۆیلایەتی و ڕازی بەکارەکەی نەک ناڕازی و ڕاپەڕیوو کە هەوەسی تۆ سنوردار بکات. بێگومان یاریەکە دەتوانێت ڕەهەندێکی تر بگرێتە خۆی وەک کاتێک مێچکەی شەمپانزیا لە کاتی سێکسکردندا مۆرە لە نێرەکە دەکات بە مەبەسی وروژاندنی هەوەسی (شیمپانزیاکان تەنها ئاژەڵی پریماتن کە ڕووبەرووی یەکتری سێکس دەکەن)، لێرەدا کردەکە خۆی لە قەرەی سادۆ مازۆ دەدات.

لە کردەی هەڵگەڕانەوە و خستنە ڕووی سمت دەمان باتەوە بۆ خواوەندی ئاناسیرما Anasyrma (وێنەی 3)، کە لەلاین فرۆید و لاکانەوە بە تیۆری کراوە وەک ترس لە برینەوە. ئانا سیرما پیاو دەترسێنێت. (لە وتارێکی تردا بە دورودرێژی ئەم بابەتە باسکراوە بە ناوی دەسەڵاتی کوز چی گەرەکە).

بەڵام هەڵگەڕانەوەی دەمووچاو ئەگەر ناڕازی بێت و بە مەبەسی یاری نەبێت ئەوا پیاوان خەستە دەکەن، بۆیەکا پیاوان هەردەم حەزیان بە مێینەی مردووە، پاسیڤە، هەنێ جار وەک یاریەکی ئێرۆتیک پەتێک دەخەیتە ملی خانم و ڕای دەکێشیت. هەڵگەڕانەوەی ئەو کچە لە فۆتۆگرافی دووهەمدا وەک دەبینن لە هەموو ڕویەکەوە هەوەس دادەکشێنێت ئەگەر بە مەبسی گەمەی سێکسوێل نەبێت بێگومان.

ڕۆژێک کچێک لەماڵەکەمدا چووە بەر پەنجەرەکە و وەک ئەو کچە سمتی دەرپەڕاند و ڕووی وەرگێڕا. ڕۆژێکی گەرمی هاوین بوو، ڕۆبێکی تەنکی لەبەردا بوو، ئێجگار چوانخاس بوو، هەر کە دیتم، دەستبەجێ چووم بەدەم پێشنیارەکەیەوە. کچە دایە قاقای پێکەنین، وتم بۆچی پێدەکەنیت؟ وتی پێش ئەوەی بێم بۆ ماڵت، برادەرەکانت پێیان گووتم نەکەی پشت بکەیتە سەردار. ووتم باشە ئەگەر دەزانیت بۆچی پشتت تێکردم؟

- ئاخر ویستم بە چاوی خۆم ببینم.

***

کاتێک دەموو چاوی ئەو کچەم هەڵگەڕاندەوە پێم سەیر بوو چونکا بیرم چوو بۆ کەسایەتیەکی مێژوویی گرنگ ئەویش (ژیل دوغێ) یە، ژیل دوغێ کەسایەتیەکی بەناوبانگی فەرەنسیە، گاردی ژاندارک بوو، ئەو ڕۆژەی ژاندارک دەستگیر کرا، ژیل دوغێی بە تەینشتەوە نەبوو. ژیل دوغێ ببوە ئەفسانە، دەڵێن کاتێک بە شوێنێکدا تێ دەپەڕی گژوگیاش بۆ ماوەیەکی زۆر سەریان دەرنەدەهێنایەوە.

ژیل دوغێ خۆی بۆ خۆی حکومەتێک بوو، خاوەنی چەندەها کۆشکی گەورە و خزمتکار و تیپی مۆسیقا و تتپی سەربازیی خۆی بوو، بەڵام کاتێک شەڕ و کوشتار کەمبوونەوە و توانای دارایی داکشا، هەنێ جار کۆشکێکی دەفرۆشت و هەر بە هێزی چەکدارەکانی کۆشکەکەی خۆی داگیردەکردەوە. ئیدی کەمی پارە وەهای کرد کە پەنای دەبردە بەر جادوگەریی بۆ دۆزینەوەی پارە و خشڵی شاراوە. ئەو سەردەمە ئیتالیەکان بە توانا بوون لەو کارەدا، بەڵام جادوگەرە ئیتالیەکان پێیان دەوت دەبێت دڵی منداڵێکی شەش مانگی کە هێشتا لە لێدان نەکەوتووە پێشکەش بە شەیتان بکات هەتاوەکو شەیتان ئەو شوێنانەیان بۆ دەستنیشان بکات کە پارە و زیڕی تێدایە. ئیدی بەم شیوەیە سەدەها منداڵ و گەنج دەدزارن و لە کۆشکەکەی ژیل دوغێدا سەردەبڕان، هەنێ جار ژیل دوغێ شەوانە لەگەڵ گەنجی بێ سەردا سێکسی دەکرد، لەناو خوێندا دەگەوزا و بۆ ڕۆژی بەیانی خزمەتکارەکانی ماڵیان پاکدەکردەوە و لاشەکانیان لە ئاگردانەکەدا دەستوتاندن. خەڵکی لادێکە بیزار بوبوون بە بۆنێکی غەریب لە ئاگردانەکەی ژیل دوغێوە، بەڵام کەنیسە هەرگیز گوێی نەدەدا بە سکاڵای باوکان و بە ژیانی منداڵانی هەژاران کاتێک وون دەبوون لە ماڵی ژیل دوغێ، کاتێک کەوتنە نیگەرانی کە بیستیان ژیل دوغێ کاری جادوگەریی دەکات، چونکا لەو سەردەمەدا کەنیسە ڕاوی جادوگەرەکانی دەکرد پێیان دەگووت: سەردەمی ئەنکئزیسیۆن. ئیدی ژیل دوغێیان گرت و چووە داداگ و حوکم درا بە کوشتن. بەڵام

ئەوەی ژیل دوغێی نیگەران کردبوو مردن نەبوو بەڵکو کەنیسە لە کۆمەڵگەی مەسیحیەتی بەدەر کردبوو، واتە تەرمەکەی بۆی نەبوو لە دەرگای گۆڕستانەوە بچێتە ژوورەوە، دەبوا بەسەر دیوارەکەدا بچێتە ژورەوە، بۆیەکا ژیل دوغێ گریابوو هەتاوەک ئەو سزایەی لەسەر لابەرن. بەڵام دواجار بە دیوارەکەدا چووە ژورێ و گۆڕەکەی بووە مەزارگەیەکی پیرۆز بۆ ئەو ژنانەی کە منداڵیان نەدەبوو، چوونکا بە پێی بەڵگە گوایە نزیکەی هەشتا منداڵی سەربڕیبوو لە کۆشکەکەیدا دوای ئەوەی بە مردووی و بەبێ سەر لاقەی کردبوون.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر باسەکەمان؛ ئایا سێکس چۆن چۆنی خۆشە؟ ئەوا وەک ئەو پرسیارە وایە کاتێک برادەرێکی کوردی بەریتانیا دەهات بۆ فەرەنسا و دەچوین شەراب بکڕین پرسیاری لێ دەکردم کە ئایا کامیان خۆشە، منیش پێم سەیر بوو و پێکەنینم دەهات بە پرسیارەکری. بێ گومان شەرابی هەرزانبەها هەنە تامیان وەک سرکەیە و ناخۆشن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی شەرابی خۆش بەندە لەسەر ئەو پارەیەی کە دەتەوێت پێی بدەیت، ئەو خواردنەی دەتەوێت لەگەڵیا بیخۆیت بۆ نمونە ماسی و گۆشتی سور جۆری شەرابی تایبەت بە خۆیان هەنە و ....تاد. بە هەمان شێوە سێکسولتێش بەندە لەسەر تەمەن و کات و کە سایەتیەکان و شوێن و پەیوەندی. هەموو جۆرێک لە سێکسوالیتێ چێژدارە بە مەرجێک هەردوو ڕەگەزەکە ڕازی بن. لە کەیسی مردووەکەدا یان ئاژەڵەکەدا نە ئەمیان نە ئەویان ئاگادارە و بەشدارە، بۆیەکا زانایانی ئەزهەر زانا نین بەڵکو مێشک پووت و نەخۆشن وەک ژیل دوغێ و کفن دز.

## کۆتایی

# گوێم لەدەنگی پای دیکتاتۆرە.



پێش گرتنی ڕەقە لە لایەن شەرڤانانەوە، ئەوروپا، بەتایبەتی پاریس، لەسەر ڕیتمی ڕوداوەکانی دوڵەتی ئیسلامی دەڕۆشت بەڕێوە، دوای گرتنی ڕەقە، بارەکە تەواو گۆرا؛ هەستمان بە گۆڕانکاریەکی ڕادیکاڵانە دەکرد، ئیسلامیەکان باڵیان ڕانەدەوەشاند لە جادەکانی پاریسدا، بە تایبەتی ئەو ڕۆژەی رەقە کەوت بە هێزی شیرەڤانانی ڕۆژاڤا. ئەم نوسینەی خوارەوەم لەسەر ئەو ڕوداوە نوسی؛ کە دوای گرتنی ڕەقە ڕووی دا لە پاریس.

***

چەند رۆژێک دوای گرتنی ڕەقە بوو، بە ئۆتۆمۆبیل بە جادەی بێلڤیلدا لە پاریس دەهاتمە خوارێ، جادەی بێلڤیل، یەکێکە لەو جادانەی کە زۆر سەرەولێژە و لەوێوە، بەو بەرزایەوە، لە دورەوە بورجی ئیڤڵت لێ دیارە. بورجی ئیڤل؛ قیبلە نوومای پارسیسیەکانە، مەککەو مەدینەیانە، لە هەر جێیەک بیت، دەبێت بزانیت ئەو لە کوێ یە. ئێمە ئاوەها خۆمان دەدۆزینەوە.

لە بەردەم ترافیک لایتەکەدا وەستابووم، بەرامبەرم کچێکی سەرتاپا داپۆشراو بە بورقە، بەو هەورازەی جادەی بێلڤیلدا بەناز و لەنجە سەر دەکەوت، خۆی رادەوەشاند و سەیری چواردەوری خۆی دەکرد، وەک ئەوەی خۆی نمایش بکات، هەورازەکەش هێندەی تر یارمەتی دەدا هەتاوەکو سمتی بە هەموو بارێکدا لە ناو بورقە ڕەشەکەیدا بادا، بەڵکو شنە بایەک بڕەخسێنێت و فێنکیی بخاتە ناوگەڵی، بەو قرچە قرچی هەتاوە.

کچەی بورقە لەبەر چاویلکەیەکی مارکەی گرانبەهای لە چاودا بوو، وادیاربوو مارکەی شانێڵ بوو، ئەو مارکانایە کە لە توانای گیرفانی هەموو کەسێکدا نیە. بورقەکەی تازە بوو، دەبریسکایەوە، بێ شک بەو مەبەست لەبەری کرد بوو؛ بۆ وروژاندنی هەوەس، یانژی بۆ خۆ جێاکرنەوەی، بەشکو بەو بۆنەیەوە سەرنجی پیاوان بەلای خۆیدا ڕاکێشێت. هەرچەندە تەنها چاوی دەبینرا لەژێر چاویلکەکەیەوە بەڵام وای بۆ دەچووم کە کچێکی سێکسی و زۆر عەیار و بە ناز بێت؛ لە ژێر بورقەکەیەوە جلکی سێکسیی و وروژێنەریشی لەبەر کردبێت؛ پۆرتوژارتێل و سوخمەی جوان و دەرپێی سیترنگی لە ناو بەینی هەردوو سمتی ترنجاندبێت، چونکێ کاتێک هەنگاوی دەنا سمتیم دەبینی بە هەموو بارێکدا سەمای دەکرد لەناو عابا ڕەشەکەیدا.

منیش لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەمدا، لەبەردەم ترافیک لایتەکەدا، دەمەویست سەیری ئاسمانی شین بکەم، بەڵام نیگام دەکەوتەوە سەر ئەو پەڵە ڕەشە، دەمەویست ڕوو لە ئاسمانی شین بکەم، چاوم دەکەوتەوە سەر ئەو ڕیقنە رەشە، بردبوومی بۆ خۆی، نەم دەتوانی نیگام وەرگێرم بەلایەکی تردا.

جۆری هەڵسوکەوتی و خۆ بادانی، یارمەتی دەدام کە بیهێنمە پێش چاوانم چلۆن گولەی ڕیشداری مێردی بەسەریەوە خەریکی کێلانیەتی بەهەموو بارێکدا، لەسەر ڕینمایی شەریعەت و قورئان و پێغەمبەری موسڵمانان، سەڵەڵاهو عەلەیهی وەسەلەم. خۆ لە سورەتی بەقەرەدا هاتگە؛

(( ژنانو کێڵگەی خۆتانن؛ لە هەرکوێوە دەتانەوێ، بچنە کێڵگەی خۆتانەوە؛ تۆشەیەکیش وەپێش خۆخەن. دەبێ لە خوادش بترسن، بیشیزانن لەگەڵ خودا ڕووبەڕوو دەبن. مژدەش بدەن بەوانەی خاوەن باوەڕن)).

ئەمانە بە پارەی سۆشیال، هەردەم کاتی ڕابوردنیان لە ئێمە زۆرترە، بەخۆمم دەگووت. بۆیە دەمهێنایە بەرچاوی خۆم؛ چلۆن لەناو جێگەکەیدا، شەوانە گولەی ڕیشداری مێردی نیخە نیخیەتی بەسەریەوە، بۆی تێ دەخات، ئەویش بۆی دەلێسێتەوە، بەهەموو بارێکدا قبولّیەتی، لەبەر ئەوەی کە دین و شەریعەت وەهای بۆ نوسیوە، خۆ بڕوا ناکەم ئەوان دژی دین و شەریعەت بن لەو ڕووەوە. لە دڵی خۆمدا دەم گووت: چش، خۆ ئەگەر ئەو تاکسەی دەیدەم، بەختیاریی بڕەخسێنێت بۆ دوو بوونەوەر، کەواتە دەبێت منیش بەختیار بم، ئەمەیە مرۆڤ دۆستی ، نا؟

لە کاتێکدا لەو خەیاڵانەدا بووم، کووتووپڕ خۆی ڕاپسکاند و نیگای تێ بڕیم وەک تیرێکی کاریگەر. پەنجەی باڵابەرزەی کە تا ئەو ساتە لە ناو کۆمی گولەی مێردیا بوو بۆ کێلانی، دەری هێناو خستیە نێوان لێوەکانیەوە و چەندجارێک هێنای و بردی، پاشان وەک چوکی مێردەکەی بۆی ڕەپ کردم و پیشانی دام، وەک ئەوەی کە پیم بڵێت، دەیەوێت باڵابەرزەیم تێ بڕێت. ئەوی ڕاستی بێت وەهام هەست کرد کە لە دواوە پەنجەی کردوە پیاما، بۆیە ڕاچلەکایم و بە ئاگا هاتمەوە. سەرم سوڕما، چونکە چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد.

گڵۆپی ترافیک لایتەکە هەر سور بوو، وام دەزانی خەو دەبینم. نانا، بە خۆمم گووت: ئەوە ڕاستیە و خەو نابینم، پێ دەچێت ڕەقە لە ناوگەڵیدا ڕەق بوو بێت، بۆیە هەر خێرا گووتم دەبێت فریای خۆم بکەوم، وەک فەرەنسیەکان بێ دەنگ نەبم؛ کاتێک بەلای ئەمانەدا تێ پەڕ دەبن، رووی خۆیان وەردەگێڕن، من ڕووی خۆم وەرناگێڕم، بڵێم: ئەوە کاری حکومەتە چارەسەر بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە. من کوردم، من شەرەڤانم، بە خۆمم گووت. دەبێت خەباتی ناو شار بکەم. چی پێ بڵێم؟ چۆن وەڵامێکی جەرگبڕی بدەمەوە؟ هەرچەندە من دژی ئەو کچانە نیم و سۆزم بۆیان هەیە، لەبەر ئەوەی بە لێکۆڵینەوە باس لەوە دەکرێت کە زۆر لەو کچانەی چونەتە ڕیزەکانی داعش، لەلایەن خزم و کەس و کاریانەوە لاقە کراون، بەڵام نەم دەویست بە بێ وەڵامدانەوە جێی هێڵم.

کووتوپڕ گوێم لە تەقەی جامی سەیارەکەم بوو لە دەسەتە ڕاستمەوە، ئاوڕم دایەوە، بینم فریشتەیەک بە حەواوە نامەیەکی بە دەستەوەیە، دەستوو برد پەنجەرەکەم کردەوە و نامەکەم لێ وەرگرت. زەرفەکە نەخشی خاچێکی ڕەشی لەسەر بوو، لە جێی ئەدرەسەکدا نووسرا بوو:

بۆ هەموو مرۆڤی ڕووی ئەم زەمینە.

خێرا زەرفەکەم کردەوە و بینم بە خەتی زڕکەفی ئاڵتونی لەسەری نوسرابوو:

(( لێیان ببورە خودایە، چونکە نازانن چی دەکەن)).

نامەکەم دایەوە دەست فریشتەکە و پێم گووت کە من بیانیم  و دوو کتێبخانە لە مێشکمدایە، خاوەنی دوو  هزرم، یەکیان ڕۆژهەلاتی، ئەوی تریان ڕۆژاوایی. داوام لێ کرد کە دەبێت بچێت لە کتێبخانەی بەشی ڕۆژهەلاتیا پەندێکی ترم بۆ بدۆزێتەوە، پێشنیارێکی تر، هەتاوەکو وەڵامێکی دروستی ئەو ڕیقنەیە بدەمەوە. هەر وەهام گووت، فریشتەکە وەک بروسکە بۆی دەرچوو، چووە  حەوت تەبەقەی ئاسمانێ و  هاتە خوارێ، دەستوو برد، نامەیەکی تری دایە دەستم، لەسەر زەرفەکەی نەخشی تاوسێکی لەسەر بوو، لە جێێ ئەدرەسەکدا نوسرابوو: بۆ مرۆڤە خاوەن هەقەکان.  زەرفەکەم کردەوە، بە خەتی پرتەقاڵی زەردباو لێی نوسرابوو:

(( هەمیشە دڵ فراوان بە لە گەڵ خەڵکی دی، خۆت بە بچووکی ئەوان بزانە، بەڵام کاتێک کەسێک، ئەم هەڵسو کەوتەی تۆی بە لاوازی لێکدایەوە، ئەوا تێی بگەیەنە )).

نامەکەم جارێکی تر دایەوە دەست خانمی فریشتە و پێم گووت:

فریشتە خان، کاتی سۆفی گەری و بیرکردنەوەم نیە، من پێوسیتم بە تیرێکی کاریگەرە، هەر جەنگە و چەکی خۆی گەرەکە، ئەگەر بتوانیت لە پشتی کتێبخانەکەوە، کتێبێکی زەردباوی کۆنم هەس، بڕۆ لەو کتێبەدا پەندێکی کاریگەرم بۆ بدۆزەرەوە. هێشتا قسەکەم تەواو نەکردبوو، خانمی فریشتەکەم بە نامەیەکی ترەوە بینی لە بەردەمما، دەست و برد لێم وەرگرت و بینیم لەسەر زەرفەکە، نەخشی گوڵە نێرگسێکی تێدایە، لە شوێنی ئەدرەسەکدا نوسرابوو:

بۆ ڕۆژهەڵاتیەکان. زەرفەکەم کردەوە و بینم بەخەتی خوێناوی نوسراوە:

(( کەسێک شێتانە بەردم تێ بگرێت، من بەرقی تێ دەگرم ))

وتم: زۆر خاسە، ئەمە پەندە زۆر کاریەگەرە. گڵۆپەکە بووە سەوز و لە جامی پەنجەرەکەوە سەرم دەرهیناو بە دەم لێخوڕینەوە، هاوارم لێ کرد:

چاکتان دۆراند لە ڕەقە، مێردەکەت لەوێ تۆپی؟

بە دەم  وڕەی ئۆتۆمبیلەوە، لە دورەوە وەلامێکی دامەوە بەڵام تێ نەگەشتم چی گووت، وادیار بوو کە ئەویش چاوەڕوانی ئەو وەڵامەی نەدەکرد.  دەنگی ناسک بوو، هاوارەکەی وەک ئۆرگاسمێکی دڵگیر دەهاتە بەرگوێم، بیری دەنگی فرانسوازی دەخستمەوە، یادی بەخێر، وەختێک بێزار دەبووم لە گوێ بیستی مۆسیقای کلاسیک، گوێم لەدەنگی ئەو دەگرت، کاتێک لە جێگەدا هاواری دەکرد بەدەم ئۆرگاسمەوە.

***

کەتێک لە ئیتالیا بووم، ئێوارەیەک سەتەها گەنجم دەبینی لە شوێنێکدا وەستابوون، وەک کۆبونەوەیەکی گەنجان، بە هێمنی و جەوێکی دڵخۆشکەری ئەدا بە بینەر، کووتوپڕ بە بیرما هات، بۆچی لە فەرەنسا هەر کاتێک کۆمەڵە گەنجێک ئاوا کۆدەبنەوە، بە بینینی هەست بە ترسێک دەکەیت، دەترسیت لە هەموو ئانو ساتێکدا بتەقێتەوە؟ جیاوازیەکە ئەوەیە کە لە فەرەنسا لەو گەڕەکانەدا کە مێینە بوونی نیە، بۆنی شەڕو شەڕانگێڕی لێ دێت، ئەو دیمەنە لە چاوی ئەوروپیەکەوە نامۆیە پێی، فێر نەبوە کە مێینە لەگەڵ نێرینەدا تێکەڵ نەبێت، تەنانەت لە یاری فوتبۆڵێنیشدا.

وەک وڵاتانی مەغریب، کاتێک روداوێکی بچوک رودەدات هەر خێرا سەتەها کەس کۆ دەبنەوە لەبەر ئەوەی کە کەسانی بێکارن و بە دوای روداودا دەگەڕێن، وەک خۆیان دەڵێن هێندە وەستاون لەسەر ئەو شۆستەیە، چیمەنتۆ گەرم دەکەنەوە یان دیوار رادەگرن. لەو لاشەوە لەناو پاریسدا چەندەها دێهات سەریان هەڵداوە، ڕێکخراوەکان خێمەیان بەسەردا دابەش دەکەن، دێهاتی سوریەکان بە خۆیان و ماڵ و منداڵینانەوە، دێهاتی گەنجە ئەفریقیەکان، دێهاتی خێزانە رۆمانیەکان، هەر یەکەیان نزیکەی سەد خێمەیەک دەبن، شارەوانی پاریس تەوالێت و لەهەندێک شوێندا خێمەی بۆ داناون، بەمەرجێک نەیەنە ئەو شوێنانەی کە توریستی پێدا دەڕوات بەڵام هێندە زۆر بوون، گەشتونەتە سەر ئۆتۆبانی ژمارە یەک کە دەچێت بەرەو فرۆکەخانە، شەوان دەیان بینیت ئاگریان کردۆتەوە و خۆیان گەرم دەکەنەوە، کاتێک لەبەر ئەو بارانە حاڵیان شڕە. خۆ ئەم بورکە بەسەرانەش هەرگیز بە بیریاندا نایەت بچن یارمەتیان بدەن، چونکا ئەوە کاری ئەوان نیە.

بارەکە گەشتۆتە تەقینەوە و خەریکە لە کۆنترۆڵ لەدەست دەچێت، نەک لەبەر ڕیقنەیەکی وەک ئەو کچە بورقە لەبەرە، لەبەر ئەوەی کە شەڕانگێری گەشتۆتە ئاستێک کە مەکتەب و پەروەردە ناتوانن چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، قوتابیەکانی کۆلێژ بە مامۆستاکانیان دەڵێن: خوێندن بە کەڵکی چی دێت ئەگەر ئێمەش بچین لە بێ کاریدا جادە و شۆستە گەرم بکەینەوە و دیوار راگرین؟ خەڵکی ئێتر بەرگەی ئەم تەنگژیە ناگرن، تەنگژی ئابوریە کە چەندەها لق و پۆپی لێ بۆتەوە.

ماکرۆن دوای ئەوەی لە سۆسیالیستەوە بازی دایە راستی هەرە لیبێراڵ و فەرشی سوری بۆ مولتی ناسیۆنال راخستوە، ئێستاکە ڕەخنە لە کاپیتالیست دەگرێت کە گوایە ئەوان کۆمەڵگەیەکی نایەکسانیان ڕەخساندوە. سارکۆزی وای نیازە بێتەوە. سارکۆزی کاتێک

سەرۆک کۆمار بوو دەیگووت کە ئەو بە کارشێر(ئامێری پاکردنەوەی چەوری و پیسی) پاکی دەکاتەوە بەلام نەی توانی چارەسەر بدۆزێتەوە، ئێستا دەیەوێت پارتی راستەکان سەرلەنوێ دروست بکاتەوە و خەڵکی بەلای مارین لوپێندا نەڕۆن، وەک کابرایەک دەیگووت: من خەمم نیە بۆ سەدەی بیستەم چونکە پێتان دەڵێن دەبێت بۆ کێ دەنگ بدەن. بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو خەڵکی چاوەڕوانی سوپەرایز دەکەن، بەڵام پێیان دەڵێن دەبێت بۆ کێ دەنگ بدەن.

ئەهریمەنی ئەوروپا لە ئەڵمانیا دەمبەست کراوە، لەکار خراوە، خەتابار کراوە، خنکاوە، بەلام بە پێی یاسای ئەرخەمێدس، وەک بیرم بێت کاتێک شلەیەک دەکەوێتە بەر پاڵە پەستۆ لەهەمو کونێکی دەربازبونەوە هەمان پالەپەستۆی لەسەرە، کەواتە ئەگەر کونی ئەڵمانیا داخرابێت، لەکونی فەرەنساوە دێتە دەرێ. ئامۆژگاری پۆلیسیان کردوە کە وازیان لێ بهێنن، زۆر بۆگەناوەکە نە شڵقێنن، هەتا ڕۆژی حەشر. ئێستاکە کەسانێک بیر لەوە دەکەنەوە کە چلۆن بتوانن جارێکی تر شەڕێکی تر هەڵگیرسێنن و بەبێ ئەوەی ماشینەکە لەکار بخەن، چلۆن جارێکی تر ئەوروپا پاک بکەنەوە لە بیانی نەخوازراو و بەبێ ئەوەی باسی جینۆساید بکەن، چلۆن سیستەمێکی دیکتاتۆری بهێننەوە و بەبێ ئەوەی گوێمان لەدەنگی پۆستال بێت؟

هەفتەیەک لەمەوبەر چوم ئۆتۆمۆبیلێک بکڕم بە قیست، یەکێک لەو پرسیارانەی کابرای فرۆشیار لێی کردم ئەوەبو کە ئایا من سیاسەت دەکەم، بە بیستنی ئەو پرسیارە پێکەنینم هات، گووتم چۆن ئەو پرسیارە لە وڵاتێکی دیموکراسیدا دەکرێت؟ داوای لێبوردنی کرد و ووتی، ناچارە ئەو پرسیارانەم لێ بکات کە لەسەر پرۆگرامەکەدا نوسراوە لە لایەن شەریەکەکەوە.

# کۆتایی




هەی بێ قیمەت

دوێ شەو ماریا، دوێ شەو ماریا، دوێ شەو ماریا،

هاتە خەوم دوێ شەو ماریا.

قژی سور و لێو ی سور و جلکی سور

لێم هاتە ژورو، دوێ شەو ماریا

گوتی؛ << هەی بێ قیمەت >>، وام بیستووە،

تۆ ڕەخنەت لە من گرتووە،

تۆ بە خراپ، باسی منت کردووە !!!

دوێ شەو ماریا.

گوتم ؛ خۆت بێ قیقمەت،

ئەو جگەرەیەت هێندە لێ دەهاتبوو

ترسم هەبوو، ئیدی کچان

بە ئەشق و بە خەیاڵی جوانی تۆوە

نەزانن  وەک تۆ یاخی بن، ئیدی هەر جگەرە بکێشن،

دوێ شەو ماریا، دوێ شەو ماریا

بە نازەوە پاڵێکی پێوە نام و خستمی بە زەویدا، دوێ شەو ماریا.

پایەکانی بە ئاستەم خستە سەر سنگم و لنگی بڵاو کردەوە و

ڕۆبەکەی هەڵدایەوە، دوێ شەو ماریا،

کاتێک سەرم هەڵبڕی، بینم ماریا بێ دەرپێیە.

خوش خوش میزی کرد بەسەر هەموو جەستەما، دوێ شەو ماریا.

چۆڕێکم لە میزەکەی خواردەوە،

تام و بۆنی سێوی ئەدا.

دوێ شەو ماریا، دوێ شەو ماریا، دوێ شەو ماریا

خوش خوش میزی کرد بە شان و ملما دوێ شەو ماریا،

چۆڕێ لە میزەکەیم خواردەوە

تام و بۆنی سێوی ئەدا،


ئیدی منیش وەک پیاونی شێعە مەسەب

لە خۆم ئەدا، لە خۆم ئەدا، لە خۆم ئەدا.

..............................

ئەم هۆنراوەیەم نوسی دوای ئەوەی بابەتێکی ڕەخنەییم لەسەر جگەرەکەی ماریا نوسیبوو کە چۆن نمونەیەکی جوانی ئازادی و ڕاپەڕین نەبوو. بەڵام دوای بڵاوبونەوەی وتارەکە بەر ڕەخنە کەوتم و تۆزێک خۆم بە خەتابار زانی، بۆیەکا بەم هۆنراوەیە قەرەبووم کردەوە.

**کۆتایی**



**هاوسەرگیری میسیار چارەسەرە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی**

لە هەردوو کەیسی هاوسەرگیری میسیار و مارە بەجاشدا ژنان وەک کەرەسەی بازرگانی بەکار هێنراون، بۆ نمونە لە کەیسی مارەبەجاشدا کابرا ناچارە ژنەکەی ببات بۆ مەلایەک هەتا شەوێک سواری ببێت بە ئارەزووی خۆی، بەشکو بتوانێت جارێکی تر لە گڵیا جووت ببێتەوە، ئەگەر هەندیک مەلا دژی ئەم دیاردەیەن ئەوا هیچ چارەیەکی تر بۆ ئەو ژن و مێردە پێشنیار ناکەن جگە لە بەگاندانی ژنەکەی نەبێت لەگەڵ کەسێکدا کە نایناسێت و خۆشەویستی لە نێوانیاندا نییە، بەمەش دەڵێن گاندان. ئەم چارەسەرەش تەنها بۆ خەڵکی ڕەش و رووتن کە توانای لادانیان لە قانونی دینی نییە بە هۆی کەمی زانیارییانەوە، دەنا کێ بیستویەتی ژنی بەرپرسێک یان کابرایەکی زەنگین یان سەرۆکی هەرێم بچێت ژنەکەی ببات بۆ لای مەلایەک هەتا شەوێک سواری بێت؟

هاوسەرگیر میسیاریش بە هەمان شێوە بەڵام بە پێچەوانەوە بۆ خزمەتی بەرپرس و چینی سەرەوەی کۆمەڵگەیە؛ وەک کاتێک بەرپرسەکان دەچن بۆ ئیران، لەبری ئەوەی بڵێن قەحبەیان بۆ هێناون، ژنێکیان لێ مارەدەکەن ئیدی بە ئارەزووی خۆیان بە << فەرمی >> گانی خۆیان دەکەن و گوایە لە دین لایان نەداوە ولەگەڵ لەشفرۆشدا سێکسیان نەکردووە، چونکا هاوسەرگیریی میسیاریان کردووە بە پێی شەرع و دین. بە هەمان شێوە ژنان بەکار دەهێنرێن بە جۆرێکی تایبەت لە لەشفرۆشی ڕێگەپێدراو و فەرمی.

خۆ ئەگەر کچێک یان کوریک، بەیانی بچێتە دەرەوە و بە دایک و باوکی بڵێت کە ئەو دەچێت ئەو ڕۆژە هاوسەرگیری لەگەڵ هاوەڵەکەیدا دەکات کە خۆشی دەوێت، بۆ ڕۆژێک

یان بۆ چەند شەوێک، ئەوا ئێمە دژی ئەوو مۆدێلە نین و بە پێچەوانەشەوە هانییان دەدەین و چەپڵەیان بۆ لیدەدەین، چونکا ئەگەر لە ئەوروپا کوڕ و کچێک یەکتری دەناسن بۆ ماوەی هەفتەیەک، مانگێک یان ساڵێک و پاشان بەهۆی ڕێکنەکەوتنیانەوە جیا دەبنەوە ئەوا پەیوەندییەکی خۆشەویستی هەبووە لە نێوانیاندا، ئەم پەیوەندیەش بە خراپ وەرناگیرێت و شاراوە نییە لە کەڵچەری ئەروپادا چونکە لەشفرۆشی تێدا نیەو مارەبەجاشیش نییە، بۆیە هێچ کێشەیەک نانێتەوە بۆ کوڕەکە یان کچەکە لەگەڵ کەسێکی تردا هاوسەرگیری بکات، لە کتێکدا لە رۆژهەلات ئەگەر ئەم پەیوەندییە بە هاوسەرگیریی یان مارە بەجاش نەبوبیت جێگای بێ ڕێزییە. بۆیە هاوسەرگیری میسیار دەتوانێت ئەو پەیوەندییە سێکسوێلەی نێوان دوو کەس بخاتە قاڵبێکی فەرمییەوە لە ڕۆژهەلات و کێشەکە چارەسەر بکات. بەلام بە داخەوە هاوسەرگیری میسیار وەک مەلاکان دەڵێن تەنها لەچەند حالەتێکدا دەبێت، بێگومان تێدەگەین ئەو حالەتانە چین، وەک باسمان کرد هەمیشە بۆ چینی سەرەوەی کۆمەڵگەن، بۆ بەرپرس و پیاوانی زەنگینن.

ئەگەر مەلاکان بە دەنگی بەرز بانگەشە بۆ هاوسەرگیری میسیار ناکەن و نایکەن بە مۆدێلێک بۆ گشت، لەبەر ئەوەی ئەگەر گەنجان تەنگژی سێکسوێل تێپەڕینن ئەوسا ئیدی دەچن بەلای زانست و زنیاریدا و لەدین وەردەگەڕێن.

## کۆتایی




**یاپراخەکەی دکتۆر Negin Jaafar**

دایکم چیرۆکی زۆر خۆشی بۆ دەگێڕاینەوە. یەکێ لەو چیرۆکانە، چیرۆکی تازەبوکێکە، دەچێت بۆ لای دراوسێکەی هەتاوەکو فێری یاپراخی بکات. ژنەی دراوسێش بۆی ڕوون دەکاتەوە:

بڕۆ کەرەسەکانت ئامادەبکە، لەتکە برنج، شویت، گۆشت و ماست و...تاد. هەرچییەکی پێ دەڵێت تازەبوک دەڵێت: ئەوە دەزانم، ئەوەش دەزانم.

گەڵامێوەکە بهێنەوە بیشۆرەوە و یەکە یەکە برنجیان تێکەو بیانپێچەوە. ئەوەش دەزانم. ژنەی دراوسێ کاتێک دەگاتە کۆتایی و ئیدی یاپرراخەکە تەواو بووە و قابلەمەکە پڕ بووە، لە دڵی خۆیدا دەڵێت، باشە ئەم کچەتیووە بۆچی هاتووە بۆ لای من ئەگەر هەموو شتێک دەزانێت؟ مادام وایە با شتێکی فێربکەم کە نایزانێت.

- ئیدی کاتێک قابلەمەکەت پڕ بوو لە یاپراخ، ئاوی تێکە و پاشان بۆ ئەوەی یاپراخەکە هەڵنەوەشێتەوە دوو تەپاڵەی گەورەی بخەرە سەر و داپپۆشە.

بوکێش دەڵێت: ئەوەش دەزانم.

***

کاتێک یاپراخەکەی دکتۆر نگینم بینی بە مۆزێکەوە لە بری تەپاڵەیەک، ئەم چیرۆکەم هاتەوە یاد. گوایە هاوڕێیەکی هەولێری فێری یاپراخدروسکردنی کردووە، داهێنانی کردووە بە مۆزەوە. ئەویش بە گوێی کردووە و مۆزێکی خستۆتە سەر یاپراخەکەی.

بێ گومان دکتۆر نەگین لەو کەسانە نییە کە بڵێت: دەزانم، دەزانم. چونکا کەسێکی خۆبەکەمزانە، لەهەمان کاتا خۆشباوەڕە. کەسانی خۆشباوەڕیش ئەو کەسانەن کە دەرونیان پاکە و هەرچییەکیان پێ بڵێت باوەڕت پێ دەکەن، چونکا بۆ ئەوان هیچ مرۆڤێک خراپ نییە و نێتی خراپ نییە. بۆیەکا باوەڕی بەو ژنە کردووە و بێ یەک و دوو مۆزێکی خسۆتە ناو یاپراخەکەی.

دەنا یاپراخ و مۆز کوجا مەرحەبا نگین خان !!!!!

نەگین خانیش دەڵێت: خەمتان نەبێت، پێش ئەوە مۆزەکەم باش شتۆتەوە.

ئم !!!! مەبەسی چییە کە دەڵێت مۆزەکەم باش شتۆتەوە؟ چونکا ئەگەر تۆ بە بێ مەبەس ئەم قاسنەمان بۆ دەکەیت، ئەوا پیاوان کاتێک مۆزێک دەبینین لەسەر مەنجەڵێک یاپراخ بیرۆکەی سەمەر بە بیریاندا گوزەر دەکات، بەتایبەتی بۆ تۆیەک کە هەردەم باسی سێکسوالیتیمان دەکەیت و ئێستاکە مۆزێکت خستۆتە سەر مەنجەڵێک یاپراخ !

ئایا ڕێکلامە فەرەنسییەکت بینیوە، کچێکی ئێجگار سێکسییە و بەنازەوە دەڵێت:

"مۆز، مادام، ئێچگار خۆشە !!! "

هێندە خۆشە کە پیاوانی دینی لە هەندێک وڵاتی ئیسلامیدا قەدەغەیان کردووە لە ژنان مۆز بخۆن لەبەردەمیاندا چونکا وەک خۆیان دەڵێن عەورەتیان ڕەپدەبێت. جا بیهێنە پێشچاوی خۆت، سینییەک یاپراخت بە دەستەوەیە و مۆزێک بەسەریەوە و دەیگێڕیت بۆ پیاوان !!!!

وادیارە کە ژنەی هەولێری بە تەنزەوە ئەو پێشنیارەی بۆ کردوویت نەگین خان. لە دڵی خۆیدا گووتویەتی:

ئم ! تۆ کە هەردەم باسی سێکسولیتێمان بۆ دەکەیت؛ چ کۆمەڵگەیەک چوکیان گەورەیە و کامیان بچوکە، ئێستا دەتەوێت ببیتە ژنی ماڵ و خۆت فێری یاپراخلێنان بکەیت؟ مادام وایە با شتێکت فێربکەم کە نایزانیت، بڕۆ مۆزێک لە بری تەپاڵەکە بخەرە ناو یاپراخەکەت.

جا ئاممان نگین خان، نەکەیت بڕۆیت داوا لە کەباب چییەکانی سلێمان بکەیت فێری کەباب دروستکردنت بکەن، چونکا ئەوان بە پێی جۆری کارەکەیان، بە دەستەڕچی ناسراون، بەتایبەتی کەبابچییەکانی سلێمانی. ئەوسا کابرای کەبابچی پێشنیارت بۆ دەکات کە بچیتە ماڵەوە لەگەڵی، هەتا ڕاهێنانت لەسەر شتی تر پێ بکات. تۆش خۆشباوەڕ! بێ یەک و دوو دەچیت لەگەڵی. کاتێک دەگەیتە پێشماڵی کابرای کەباب چی، ژنەی کەبابچی خێرا دەتناسێتەوە و بە گەرمی پێشوازیت لێ دەکا. پرسیار لە مێردەکەی دەکات ئەوە خێرە دکتۆر نەگینی هێناوە؟ کابرای کەبابچیش بە ژنەکەی دەڵێت: دەییەمە ژورەوە فێری کەباب دروستکردنی دەکەم. ژنەش دەڵێت دەستخۆش، تۆ بڕۆ فێری کەبابی بکە، ئەوسا بیهێنە بۆ لای من فێری کفتەلێنانی دەکەم؛ چۆن خڕیکا.


****

ئاخر من چیم داوە لەم باسانە ؟ تەنانەت کاتیشم نییە وەک نگین خان یاپراخ دروستبکەم..

تێبینی :

لەسەر ئەم بابەتە دکتۆر نەگین لێم تۆراو ئیدی قسەم لەگەڵ ناکات. هەرچەندە لەم بابەتەدا بە هیچ جۆرێک نە بێ ڕێزیی نە گاڵتە بە نگین خان نەکراوە. بەداخەوە هەرچەندە داوائ لێبوردنم لێ کرد. بەڵام مەحاڵ بوو.

## کۆتایی



ئاپۆ و فوکۆ

سەرۆک ئاپۆ لە کتێبی مانیفێست بۆ شارستانیەتێکی دیموکراسیدا، دەربارەی ئەو دیاردەیەی کە لە شارستانیەتی یۆنانیدا باو بوە؛ مامۆستا، وەستاتا، سواری شاگرد بووە، ( ئەم مۆدێلەش زۆر لە رۆژهەڵاتا بەربڵاو بووە، زیاتر بەلای هەتیو بازیدا دەچێت هەتاوەکو هاوڕەگەزخوازیی)، دەڵێت ئەوە جۆرێک بوە لە سیستەمێک بۆ بەژێردەستەکردنی چینێک هەتاوەک و ئەو چینە گویرایەڵی سیستەمەکە بێت. بەلام فۆکۆ لە کتێبی مێژووی سێکسوالیتێدا دەڵێت: ئەو ئالوگۆڕەی جەستە بە جەستە لە یۆنان، جۆرێک بووە لە ئاڵوگۆڕی زانستیی کە خۆی نواندوە لە پەیوەندی گەمەی سێکسیدا.

هەروەها فوکۆ دەڵێت: بەڵام لە ئەوروپا، سێکس، بەردەوامیی ئەو ریتوێڵەیە کە گوناحبارە مەسیحیەکان دانیان پێدا ناوە لە بەردەم پیاوانی دینیدا هەتا سەدەی هەژدە، ئەم مۆدێلی دانپیادانانە (اعتراف) ی تاک لە سەدەی نۆزدەهەدا، بووە بنەمایەک بۆ زانست. لای ئیمە بە اعترافکردن، سێکس و هەقیقەت دەبەستین بەیەکەوە.

لەو سەردەمەدا کە سێکس لە لایەن مەسیحیەتەوە قەدەغەکرا بوو، کاتێک سانتۆگوستین دە یگووت: ژن و پیاو بۆیان نیە لە دەرەوەی جێگەی نوستن سێکس بکەن، کەنیسە دەستی گرتبوو بە سەر پەروەردەی خێزاندا و ڕێنمای دەکردن چۆن هەڵس و کەوت بکەن، هەموو ئەم ڕێنمایانەش راستە و خۆ پەیوەندی بە گەمەی سێکسیەوە هەبوو.... ئەم باسانە و دانپیانانی تاک لە بەردەم پیاوانی دینی، باسکردنی گەمەی سێکسیان وەک گوناحێک، کەش و هەوایەکی ئێرۆتیکی رەخساند، واتە قەدەغەکردنی سێکس بووە هۆی باسکردنی.

ئەگەر لە سەدەی نۆزدەهەمدا سێکس بەجۆرێک تر دانی بە ئارەزوەکانیدا نا، بە هەموو جۆرێکیەوە، بوە هۆی لێکۆڵینەوەی زانستی، شیکاری دەرونیی، قانوونیی و کۆمەڵایەتی.....تاد، ئەم دیاردەیە بوو کە ئەوروپای کردە ئەوروپای زانست، بە گووتنی هەقیقەتی ئارەزووی تاک لە بواری ئەدەبی و زانستی و فەلسەفی...تاد، ئەوەی لە ناخمایە بەیانی دەکەم. واتە دانپیانان (اعترافکردن) بووە کەرەسەی سەرەکی لە هەموو زانستێکا.

بەڵام نازانین بۆچی فەیلەسوفەکان هەرگیز خۆیان لە قەرەی سێکس نەداوە. وەک ئەوەی مارکس سێکسی نەبوبێت.

تێبینی:

دانپیانان(Confession) ئەو کردەیە کە مەسیحییەکان بەلایەنی کەمەوە ساڵی جارێک دەچنە بەردەم قەشەیەک و بەبێ تابۆ باسی گوناحەکانیان دەکەن.

## کۆتایی




**ئاپۆ و کلیتۆریس**

ئاپۆ، لە دایکێکی پڕکارێکتێری کوردە ، کاتێک ئاپۆ منداڵ بوە، دایکی پێی گووتووە:

"هەرگیز  لای من سکاڵا مەکەرەوە، کاتێک منداڵانی گەرەک بە گژتا دەچنەوە، بڕۆ خۆت هەقی خۆت بسێنەوە."

پاشان لە باوکێکی لاواز کە ئاپۆ پەشیمان و شەرمەزارە؛ کاتێک کۆچی دوایی دەکات، ناچێت بۆ تەعزێی ماتەمینی، لەبەر ئەوەی وەک خۆی دەڵێت، ژیانی مۆدێرن وەهای تێ گەیاندبوو کە ئەو کۆمەڵگە و ژیانە، جیهانێکی بەسەرچوون. ئەوئەزمونەیە کە وەهای لە

ئاپۆ کردوە کە بە توندی دژی کاپیتالیسم و ژیانی مۆدێرن تێ بکۆشیت و خواوەندی مێینە وەک چارەسەرێک ببینێت. کاتێکیش ئیکۆلۆژی دەکاتە باسێکی گرنگ، وەک خۆی دەڵێت، هۆکاری ئەو باڵندەیەیە کە بە منداڵی سەری بڕیوە. بە ئاگاهاتنەوە لە ئازاردانی باڵندە، لەسەردەمی منداڵیدا، یەکەم قۆناغی هۆشمەندی مرۆڤە.

***

زۆر لە بیرمەندەکان، سەردەمی بەختەوەریی مرۆڤ، دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی مرۆڤی کۆکەرەوەی دانەوێڵە و ڕاو، لە دارستانەکاندا، لە سەردەمێکدا کە چینایەتی و کۆیلایەتی و چەوساندنەوە بوونی نەبووە. لەوانە نۆوا هەراری لە کتێبی ساپیاندا، سەردەمی کشتوکاڵی بە سەرەتای هەموو نەهامەتیەکانی مرۆڤ دائەنێت، هەروەها بۆ نۆوا، مرۆڤ لە مێژوودا لە هەموو ئانو ساتێکدا دەیتوانی ژیانێکی تر هەڵبژێرێت، لە هەموو بوارێکدا، واتە ئەم ژیانەی کە ئێمە ئەمڕۆ پێکمان هێناوە، ئەم مۆدێلەی پەیڕەوی دەکەین، ڕیی تێ دەچوو بە جۆرێکی تر بووایە. بەڵام هەر نۆوا هەراری دەکەوێتە هەڵەوە چونکا کاتێک دێتە سەر باسی مرۆڤ، وەک بونەوەرێک کە توانوی هەڵبژاردەی هەیە، دەڵێت: کام هەڵبژاردە؟

ئاپۆ، پیش نۆوا هەریری زۆر لەو باسانە دەورووژێنێت، لە بەرگی یەکەمی کتێبی: مانیفێست بۆ شارستانیەتی دیموکراسیدا. بەڵام بە زمانێکی ئالۆزتر، کە خوێندەر پێویستی بە شارەزایی زیاترە لە بواری کۆمەڵناسی و فەلسەفی و ئابوریدا. جیاوازی ئاپۆ ئەوەیە کە پێ داگریی لەسەر سەردەمی سەرەتای شارستانیەتی میسۆپۆتامیا دەکات (سۆمەری لە ئەناتۆڵی و زاگرۆس) ئەو کاتەی کا خواوەندی مێینە دەورێکی گرنگی هەبووە، بەڵام بەهۆ چەند هۆکارێکەوە، لەوانە ژیۆلۆژی، ئەم کۆمەڵگەیە نەی توانی ببێتە شارستانیەت و تەشەنەی نەسەند، ئەوەبوو لە خواروی میسۆپۆتامیا بە جۆرێکی تر ئەم شارستانیەتە پەرەی سەند، بەڵام خواوەندی نێرینە دەسەلاتی گرتە دەست. لێرەوە ناکۆکی دەکەوێتە نێوان خواوەندی ئیانان کە خواوەندی مێینەیە لەگەڵ خواوەندی ئێنکی کە خواوەندێکی نێرینەیە. شارستانیەت و مۆدێلی سۆمەریەکان لە قۆناغی دووەمدا بەسەرەتای چەکەرەکردنی مۆدێلی کاپیتالیسم دەناسێنێت و مۆدێلەکەی زاگرۆسیش وەک مۆدێلێکی بەختیاری.

هەرچەندە ئاپۆ وێنەیەکی جوانی ئەو سەردەمەمان پیشان دەدات بە بۆچونی خۆی، کە خوێندەر باش تێ دەگات لە پەرەسەندنی روداوەکان لە بواری سیاسی و چەوساندنەوە، کە چۆن لە سەرەتاوە لە خواروی میسۆپۆتامیا لەبەر ئەوەی کە کۆیلایەتی نەبووە، شارستانیەت پێوستی بە بنیاتنانی کۆشک و ئاو و ئاوەڕۆ هەبووە، پیاوانی دینی بۆ ئەم

مەبەسەت داخوازیان لە خواوەندەکانەوە وەرگرتووە و سەپاندویانە بەسەر دانیشتواندا، پاشان لە سەردەمێکی تردا، پیاوانی بەتوانا، جێگەی ئەم خواوەندانەیان گرتوتەوە و حوکم ڕانیان کردوە. بە پێی ووتەی ئاپۆ هەمان ئەو گەنجە نێرینانە دەسەلاتیان گرتە دەست کە لە سەردەمی ڕاوکەریدا دەورێکی باڵایان هەبووە. بەڵام ئەوەی کە جێگای پرسیارە ئەوەیە کە ئاپۆ پشت دەبەستێت بە هەندێک بۆچون لەسەر ئارکیۆلۆژی، کە ئارکیۆلۆژی خۆی شکی لە بۆچونەکانیەتی و زۆر ڕووداو ناتوانێت ڕوون بکاتەوە، پێش داهێنانی نوسین، دۆکیومەنتی نوسراو نیە لەسەر جۆری ژیانی خەڵکی، دوای داهێنانی نوسینیش دۆکیمونتەکان باسی دارودەستەی دەسەلات و خواوەندەکان دەکەن، هەرچەندە ژیانی خەڵکی دەچوێنن بە ژیانی خواوەندەکان ،بەڵام راستە و خۆ باسی ژیانی خەڵکە ڕەش و ڕوتەکە نەکراوە. بۆ نمونە ئاپۆ دەڵێت:

" لەو سەردەمەدا کە خواوەندی مێینە حوکمرانی دەکرد، مێینە بۆ لەزەتی سێکسی جووت نە دەبوو، بەڵکو بۆ نانەوەی نەوەیەکی نوێ. نێرینەش دەوری سەرەکی نەبووە و وەلا خراوە"

ئێمە ناتوانین ئەم بۆچونە بسەلمێنین، لەبەر ئەوەی کە مرۆڤی ساپیان تەنها بونەوەرێکە کە وەرزی جوتبوونی نیە، ئەمەش پەیوەندی نیە بە جۆری ژیانمانەوە. پێ دەچێت سەردەمی شەڕو ترس و تەنگژی مرۆڤ سێکس لەبیر بباتەوە و گرنگی پێ نەدات، بەڵام نێرینە هەمیشە هەڵمەتبەرەوە مێینەش بێ هەوەس نیە، بە تایبەتی لە ناوچەیەکدا کە تەنگژی کەمی بەروبووم و خواردنیان نەبووە. ڕاستە لەو سەردەمەدا تارنسگرێسیۆن (Transgression) نەبوە، واتە قانونێکی مۆراڵ ڕێگەی لە سێکسکردن نەگرتووە، هەتاوەک و هەوەسی سێکسی زیاتر بورووژێنێت. وەک لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا بە نمونە، کاتێک عەلی باپیر دەڵێت: کچ و کوڕ وەک بەنزین و ئاگر وەهان، یان کاتێک کچێکی ئەوروپی پێی گووتم:

"ئەگەر دەتەوێت کوڕێک بدۆزیتەوە بۆ سێکس، ڕۆژهەلاتی باشترینیانن، هەمیشە چوکیان ڕەپە"

یان وەک ئەو کوڕە یەمەنیە گووتی:

" من لەبەر ئەوەی کە زوو رەحەت دەبم، نایەمە دەرەوە، دەیکەم بە دووجار."

هەروەها ئەگەر ئیشتارو ئینانا خواوەند بووبن، ئەوا ئەو پەیکەرە بچوکانەی مێینە کە دۆزرابونەوە: شکڵی مێینە بە مەمکی پانوپۆرو سمتی فراوان. بە پێی پشکنین دەرکەوتوە کە دەستکاریان زۆر کراون، کەواتە خواوەند نەبوون و دەوری ورووژاندنی هەوەسی نێرینەیان بینیوە وەک ئەمڕۆ بە وێنە و فیلمی پۆرنۆ.

هەرچەندە وەک خۆی دەڵێت هەندێک دۆکیومەنت دۆزراونەتەوە کە گوزارشت لە قانون دەکەن، بەلام تەنها بە سەرنجدان لە مەیمونە بێ کلکەکەکان (مەیمونە گەورەکان) کە لە ئێمەوە زۆر نزیکن، بۆ نمونە شەمپانزێ و بۆنۆبۆ، کە هەردووکیان لەیەک توخمن بوون، ملوێنەها ساڵ لەمەو بەر ڕوبارێک لە یەکتری جیای کردونەتەوە، هەر یەکەیان بە ئاراستەیەکی پەرەسەندنی جیوازدا تێ پەڕیوە. شامپانزێ زۆر ئەگرێسیڤن، لەلایەن نێرینەوە سەرۆکایەتیان دەکرێت، بەلام بۆنۆبۆ کە لە لایەن مێینەوە سەرکردایەتیان دەکرێت، ئاشتی خوازن. دوو هۆکار باس دەکرێت بە بێ سەلماندن:

لەبەر ئەوەی کە ناوچەکەیان بە پیچەوانەی شامپانزێوە، وەک ناوچەی زاگرۆس بەوروبوم و میوە بە لێشاو هەبوون، بۆیە بۆنۆبۆ لێرەدا لەگەڵ تیۆریەکەی ئاپۆدایە، بەڵام سێکس دەورێکی سەرەکی دەبینێت لای بۆنۆبۆ، تەنها بۆ جووت بوون نایکەن، زۆربەی جار بۆ نانەوەی ئاشتی لە نێواینناندا. خۆ ئەگەر کچە گەریلاکانی پەکەکە، کاتێک دەستێکیان دەخەنە سەر سنگیان و دەستێکی تریان لەسەر پۆرترێی ئاپۆ، پاکیژەییان وەک ژنە نۆنەنەکانی دینی مەسیحی هەڵگرتوە بۆ بەهەشت لەگەڵ عیسادا، ئەوا سەردەمی حەماس و شۆڕشگێڕی ژیانی ڕاستەقینە نیەو ناتوانین ئەمە بکەین بە مۆدێلێک بۆ مرۆڤایەتی.

***

**کۆتایی**



**ئەندرۆپۆز و مۆنۆپۆز و گلگامێش**

زۆربەتان دەزانن مۆنۆپۆز چیە، مۆنۆپۆز پەیوەستە بە ئافرەتانەوە، بەڵام ئەندرپۆزتان نەبیستوە کە پەیوەستە بە پیاوانەوە.

مۆنۆپۆز: لە دوای تەمەنی پەنجاوە، ئیدی سوڕی مانگانەی خانمان دەوەستێت، باری دەرونی هەنێ ئافرەت دەشێوێت، سترێس و خەمۆکێ و ئارەقدەردان و بێزاری...تاد، ئافرەتان مویان زیاد دەکات، دیاردەی نێرینەیی بەسەریاندا زاڵدەبێت، وەک ئەوەی سروشت پێیان بڵێت ئیدی پێویستان بە خەسڵەتی مێینەیی تۆ نەماوە (بۆیەکا ئافرەت لە ڕووی بایۆلۆژیاوە بونەوەرێکی تەواوە).بێگومان چوکیان لێ ناڕوێت بەڵام هەموو ئەم گۆرانکاریانە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئافرەتان هەس. ڕێژەی سیرۆتۆنین (sérotonine ) کەم دەبێتەوە.

سیرۆتۆنین:
هۆرمۆنی بەختەوەریە، کاریگەری لەسەر ڕێکخستنی باری دەرونی هەس. هەروەها بە جیگۆڕکێکرنی کاتی نوستن و بەخەبەربوونەوە، ئارەزووی خواردن، هەستکردن بە ڕەنگەکان، پلەی گەرمی لەش و هەوەسی سێکسوێل و وریایی..تاد، هۆرمۆنی سێرۆتنین لە نێر و مێدا هەنە بەڵام لای پیاوان ڕێژەکەی زۆرترە.

بەڵام ئەوەی زۆر باسی ناکرێت ئەندرۆپۆزە، لەبەر ئەوەی ئەم قۆناغە وەک ئافرەتان بە دیاردەیەکی فیزیکی دەست پێ ناکات وەک وەستانی سوڕی مانگانەی ژنان، بۆیەکا کەمتر باس دەکرێت. ئەندرۆپۆز لە دوای تەمەنی شەستەوە دەست پێ دەکات. پیاوانیش بە جۆرێکی تر هەست بە بێزاریی و خەمۆکێ و بێ هیوایی و خەوزڕان و ...تاد، دەکەن.

من کە وەهام دەزانی خواوەندێکم و هەرگیز نامرم، بەڵام کوتوپڕ ئەم سەردەمە بیر لە مردن دەکەمەوە، وەک چۆن کوردان ئێژن:

"مردو لە گۆرەکەیدا کاتێک سەری بەرزۆ دەکاتەوە، سەری دەکیشێت بە بەردی ئەلحەدا، ئەوسا وەبیری دێتەوە کە ئەو کەسێکی مردووە"

منیش ئاوام بەسەر هاتووە و کوتووپڕ بەخەبەر هاتومەتەوە. خۆ ناچم منیش وەک گیلگامێش ڕێگایەکی دورودرێژ بگرمە بەر بۆ لای ئوتانەپشتیم و بە دوای نەمریدا بگەڕێم. چونکا هۆکاری ڕاستەقینەی سەفەرەکەی گیلگامێش ئەندرۆپۆز بوو، راستە مردنی ئەنکیدو ئەو هەستەی تێدا وەخەبەر کردەوە، (چونکا ئەنکیدو یەکەم باری خەمۆکێیی مرۆڤایەتییە کە باس کرابێت) بەڵام گیلگامێش سەردەمی ئەندرۆپۆزی بوو؛ ڕووبەڕوی مردن دەبویەوە و دەبووا قبوڵی بکردایە. دواجار پەی بەوە برد کە ئەو مرۆڤە و خواوەند نیە و دەبێت مردن قبوڵ بکات. بچێتە ژێر گڵ و "تۆز و خۆڵ بخوات".

بێ شک کاتێک تۆ تەمەنت سیساڵانە و هێشتا لە هەڕەتی لاویدایت، ئارەزوی مردن ناکەیت، حەزت بە ژیانە و دەتەوێت هەتایی بیت، وەک ئارتیو ڕامبۆ لە کاتێکدا بە ئەشکەنجەوە دەتلایەوە لە خەستەخانە، بە خوشکەکەی دەگووت:

"من دەچمە ژێر گڵ و تۆش لە ژێر ئەو خۆرەدا دێیت و دەچیت."

بەڵام لەگەڵ تەمەندا ئەشکەنجەی دەروونیی و هەنێ جار جەستەیی، ئاواتی مردن دەخوازێت. نا ، من هێشتا ئارەزوی ژیانم هەس لەبەر ئەوەی کاری نوسینم ماوە. بەڵام کاتک بێزار دەبیت و ئیدی هیچ شتێک ناتبەستێتەوە بەم ژیانەوە، حەز دەکەیت بە زوترین

کات ئەم ژیانە جێ بهێڵیت. چونکا ژیان خۆی پانتاییەکی ئەشکەنجەیە، هەنێ کەس کە هیچ ئاراستەیەک و گرنگیەک نابینن لەم ژیانە و ژیان وەک ئەشکەنجەیەکی هەمیشەیی دەبینن، دەیانەوێت بە زوترین کات بۆ هەتایە ئەم ژیانە جێ بهێڵن و هەرگیز جارێکی تر ڕۆحیان لە جەستەیەکی تردا نەژیێتەوە، وەک چۆن ڕۆژێک ژنێک بە هەڵپە هەڵپ دچێت بۆ لای لاکان ( دەروناسی فەرەنسی) و پێی دەڵێت:

بیستومە گوایە دوای مردن دەژیینەوە لە بەرگێکی تردا، پێم بڵێ کە راست نیە تکات لێ دەکەم، چونکا من نامەوێت جارێکی تر بژیێمەوە.

لاکانیش دەڵیت :

ئەگەر ئێمە وەک هەنگ هەنگوینمان بەرهەم بهێنایە، حاڵمان بە حالی ئەو ژنە نەدەبوو.

سەفەر سەلامەت

## کۆتایی




**ئەمە جەستەی منە**

**"من مانگا نینم شیر بدەم بە منداڵەکەم"**

سەرنج دەدەین ئەمڕۆ لە جیهاندا فکرەی فاشستی تەشەنە دەکات، ئەو فکرەیەش هەردەم لە جەستەی مێینەوە خۆی نیشان دەدات، لەسەر جەستەی ئەو خۆی بنیات دەنێت، خۆی تاقی دەکاتەوە. وەک دادە سیمۆن دوبوڤار گووتی:

"مافەکانی مێینە هەرگیز جێگیر نین، لەهەر گۆڕانکارییەکی سیاسیدا دەدرێنەوە بەر پرسیار."

دوای ئەوەی لە ئەمەریکا ساڵی 1973 مافی لەباربردن بەدەست هێنرا، ئەمڕۆ دەدرێتەوە بەرپرسیار لە هەندەک ناوچەی فیدراڵدا. بەو بۆنەیەوە لە فەرەنسا بوو بە هەڵا و هەندەک کەس داوای ئەوە دەکەن کە مافی لەباربردن لە قانونەوە بخرێتە ناو دەستور، نەوەکا بە بۆنەی گەڕانەوەی فکرەی فاشیتسییەوە جارێکی دی بدرێتەوە بەرپرسیار وەک لە ئەمەریکا. هەرچەندە هەندەک کەسی تر بە دووری دەزانن و دەڵێن فەرەنسا جیاوازە لە ئەمەریکا، بەڵام هەموو شتێک ڕێی تێ چووە، چونکا هەندەک لە پەرلەمنتارەکانی بەرەی مارین لوپێن لە ڕابووردوودا بە ئاشکرا دژی لەباربردن بوون.

لەسەر بەرگی ئەو ڕۆژنامەیەی فەرەنسا بۆ وتارێکی "خاتو کارۆلین فۆرێستی شەرەڤان"، لەبەرگی گۆڤارەکەدا وەک دەیبینن لەسەر تابلۆکەی گوستاڤ کوربێ نوسراوە:

" ئەمە جەستەی منە "

کەس بۆی نییە حوکمی جەستەی ئافرەتێک بکات. من ڕام لەگەڵ ئەو کچەشدایە کە لە کوردستان دەیگووت:

"من مانگا نیم شیر بدەم بە منداڵەکەم "

مەبەستم ئەوە نییە هانی ژنان بدەم شیر نەدەن بە کۆرپەلەکانیان، بەڵا مافی خۆیەتی شیر نەدات بە منداڵەکەی. ئەم وتانە وەک ئابڕوچوون باسیان لێوە دەکرێن، خۆ ئەگەر ئەو کچە بە مەبەستی ئازارنەدان و نەڕاکاندنی جەستەی بێت ئەوا ترەمپی مێشک پووت تەنها بۆ دەستبازی بە مەمکۆڵەی ژنەکەی، پێی ڕاگەیاندبوو کە ڕازییە دووگیان بێت بە مەرجێک مەمکۆڵەکانی قوت بنەوە وەک جاران بۆ دەستبازی.

ئێوەی پیاوان هەتا بۆتان کرا گۆرانیتان بەسەر مەکۆڵەی کچاندا هەڵدا:

با خڕ بێ، باخڕ بێ

مەکۆڵەی سوخمە دڕ بێ

کاتێکیش سوخمە دڕ نییەو و فشۆڵە دەبێتەوە، وەکی کابرای ڕیشداری موسڵمان دەچیت کچێکی مەمک قوتی بیست ساڵان لە خۆت مارە دەکەیت و دەڵێت:

"من شەرعی خودا جێ بەجێ دەکەم"

باشتر وایە بڵێیت : عەورەتم ڕەپ بووە و هەوەسم هەستاوە، ئارەزوی عەورەتی ڕەپم جێ بە جێ دەکەم.

## کۆتایی



## کۆیلایەتی یان ژنە خواوەند و دایک سالاری.

پەیکەرۆکەکانەی سەردەمی سەهۆڵبەندان کە بە ناڕەواییەوە ناویان لێ ناون: ڤینۆس، لە سی و حەوت هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە بونیان هەیە، هەر هەوویان هی سەردەمی سەهۆڵبەندانن. لە شوێنەوارەکانی سیبریا و ئەناتۆلی هەتا ئەوروپای ڕۆژهەڵات دۆزراونەتەوە. دەتوانین وەک دایە گەورەی ئینانا بیان ناسینەوە ئەگەریش هەمان دەوریان نەبووە لە سەردەمی خۆیاندا. لەبەر نەبوونی دۆکیومەنتی نوسراو بونەتە جێی مشتومڕێکی زۆر بۆ پێش مێژوو نوسان و بۆ فەمینیستەکانیش. پەیکەرۆکەکان قەبارەیان بچوکە، هەندێکیان نزیکەی سی سانتیمەترێکن، بۆیەکا بە ئاسانی گوێزاونەتەوە و دەستاو دەستییان پێ کراوە. بە پێی لێکۆلینەوە بۆ مەبەستی جیاواز بەکار هێنراون، بەڵام نازانرێت کێ کردوونی؛ منداڵ، پیاو، یان ژن.

هەر هەموویان لە چەند خاسیەتێکی هاوبەشدا یەک دەگرنەوە ئەویش، نەبوونی دەمووچاو، نەبوونی دەست و قاچ، هەروەها ئەو شوێنانەی کە جێی هەوەسی نێرینەن وەک مەمک و سمت، بە شیوەیەکی ئێجگار زەق خراونەتە ڕوو، مەمکۆڵە و سمتیان دەرپەڕیون و ئێجگار زیادەڕۆیی لە قەبارەیاندا کراون. ئەگەریش پێ دەچێت کە ژنانی ئەو سەردەمە کەتە و بەخۆوە بووبن. بەڵام ناتوانرێت وەک خواوەند ڕەچاویان لێ بکرێت، چونکا خواوەندە مێینەکان بە هەمان شێوەی نێرینەکانیش خاوەنی دەموچاوون، گرنگیی بە

ئۆرگانی سێکسوێلیان نەدراون، باسی خواوەندەکانی یۆنان ناکەین کە خاوەنی ماسولکەن و بارێکی تەواو شازە. بەڵام ئەگەر سەرنجی ئینانا بدەین، ئەوا دەبینین کە گرنگی بەو بەشانەی نەدراون کە شوێنی هەوەسن، زیدەڕۆیی لە شکڵی مەمک و سمتیدا نەکراوە، جەستەی باریەکە، هێز و توانای ئەو زیاتر سپیریتوێڵن هەتا جەستەیی؛ دەموچاو و باڵ و قاچی وەک باڵندە و چەندەها خشڵ و بازنگ توانایەکی لەسەروی سروشتەوە پێ دەدەن. هیچ شوێنێکی جەستەی بە مەبەستی وروژاندنی هەوەسی پیاوان نەکراون، بۆیە دەتوانین وەک خواوەندی مێینە ڕەچاوی لێ بکەین. ئەگەریش گووتراوە کە ئینانا توانیویەتی هەوەسی شەست پیاوان ڕازی بکات. بۆتە مۆدێلێک بۆ ژنانی سەردەمەکەی، بە پێی سیاسەت و ڕێنمایی سیستەمەکە.

ئەو دوو پەیکەرۆکانەی کە لە سەرەوە دامناون، جێگای پرسیارن، یەکێک لە پەیکەرۆکەکان دەستی لە پشتەوەیە، هەرچەندە نازانرێت دەستەکانی لە پشتەوە بەستراونەتەوە یان نە، بەڵام سەری بە گونییەک داپۆشراوە. ئەوی تریان دەستی لەسەر سکیەتی و بە گوریسێک بەستراونەتەوە. ئایا ئەمانە کۆیلەی شەڕن؟ یان سزادانی ئافرەتانن؟ یاخود شانۆی سادۆمازۆشیستن؟ ڕاستە کە بیر و بۆچونی ئێمە بەسەردەمەکەمانەوە بەندە، بەڵام پێ دچێت بۆ مەبەستی ئێرۆتیزم بەکار هاتبن، وەک دەیان بینین مەمکۆڵە و سمتیان بە زەقی خراونەتە ڕوو. ئەم پەیکەرۆکانە تەواو بیرۆکەی ژن وەک خواوەندی مەزن یان دایک سالاریی هەڵدەوەشیننەوە.

بێ شک وروژێنترین ئافرەت بۆ پیاوان، ئافرەتی کۆیلەیە، هەر لە مێژەوە پیاوان بە مەبەسەتی وروژاندنی هەوەس، گەرەکیان بووە ئافرەتان وەک کۆیلە و بە ژێردەستەیی بمێنێتەوە، هەتا ئەمڕۆش بە شێوازی جیاواز و لە ژێر شکلێ جیاوازدا ئەو کۆیلایەتییە بەدی دەکرێت لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە هەموو کەڵچەرێکدا. شیوازی کۆیلایەتی گەشتۆتە ئاستێکی هێندە ئاڵۆز، کە هەندێک جار پێ دەچێت ئێمە بارێک یان شێوازی ئافرەت بە جۆرێک لە ئازادی و سەربەستی بزانین، بەڵام لە بنەچەدا شێوازێکی تری کۆیلایەتییە. ئیشتار بە هەمان مەبەست لەسەردەمی بابیلۆندا داپۆشرا، بۆ وروژاندنی هەوەس بە جۆرێکی تر بە مەبستی ئافراندنی دینامیک.

بورقە و هەڵئاوسانی سمت و مەمکیش یەکتری دەگرنەوە لە وروژاندنی هەوەسی سێکسوێل. یان تەنها سورکردنی لێو، بە مەبستی ڕاکێشانی هەوەسی نێرینەی بەرامبەرە، لەبەر ئەوەی ئێمە بونەوەری وەرچەرخاوین؛ لە ڕابوردودا، لە باری چوار پاییدا، مێینە بە کلیتۆریسی هەڵئاوساوی لە دواوە توانیویەتی سەرنجی نێرینە ڕاکێشیت بەلای خۆیدا، لەگەڵ پەرەسەندندا و لەباری دوو پاییدا ئەو بەشەی ئافرەت شاردرایەوە، ئیدی لێرەوە

کولتور هاتە کایەوە، کولتور بەمانای فرت و فێڵ دێت؛ چۆن بتوانم سەرنجی ئەوی تر بەلای خۆمدا ڕابکێشم ئەگەر سروشت توانا و جەستەیەکی دڵگیری پێ نەداوم.

ئەم يارييە، واتە کولتوور، هێندە وەرچەرخاوە کە نايناسينەوە. بەڵام ئەوەی زاڵە و دەمانەوێت زاڵ بێت، چونکا هەوەسی سێکسوێلی پیاوان دەورووژێنێت، کۆیلایەتی ژنانە، بەو بۆنەیەوە دیوالیتییەکی زەق، دیولیتێش دینامیک دەئافرێنێت. سەرۆک ئاپۆ لە کتێبی ژنۆلۆژیدا ئەم ڕەوشە؛ کۆیلایەتی ژنان، بە کۆیلایەتی کردنی پیاوانیش دەزانێت، بۆ ئەو ڕزگارکردنی ئافرەت لە کۆیلایەتی، بە مانای ڕزگارکردنی پیاوانیش دێت. هەرچەندە ئاپۆ لاینگری تیۆری خواوەندی مەزن و دایک سالارییە لە سەردەمی میزۆلیتیکدا، بەڵام لێکۆلینەوەی شێوێنەوارناسان لەسەر پیکەرۆکە و پاشماوەی تر ئەو تیۆرییە هەڵدەوەشێنێتەوە. ڕاستە کە لەسەردەمێکدا، واتە دوای گەرم بوونەوەی کەش و هەوا، کە ناونراوە سەردەمی میزۆلیتیک، ژنان هەندێک لەسەربەستی ئابورییان بەدەست هێناوە بەڵام درێژەخایەن نەبووە.

***

ئابوری هیچی تر نییە جگە لە دینامیک نەبێت، دینامیک کۆڵەکەی ئابورییە، هەموو سیاسەتی جیهانیش بریتییە لە جۆری ئەفراندنی دینامیک، کە لە ساڵانی هەشتاوە لەترسی ئەوەی نەوەکا ڕۆژئاواش بکەوێتە هەمان کێشەی یەکێتی سۆڤیەتەوە بە ئابورییەکی مردوو و دینامیکێکی خاو کە بووە هۆی ڕوخاندنی یەکێتی سۆڤیەت، هەموو ئازادییەکیان دا بە مولتی ناسیۆنال، بە کەمکردنەوەی تاکس.

ئەگەر بە بپێی لێکۆڵینەوە، ئەو سەردەمە بە سەردەمێکی زێرین دادەنێین بۆ مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوەی شەڕ و کوشتار ڕویان نەداوە و ژیانیان بە گشتی بێ کێشە بووە جگە لە کێشەی سەرماو سۆڵە و نەخۆشی. بەڵام بە تەواوی شارەزای ژیانی کۆیلایەتیان نین. نەخشی سەر دیواری ئەشکەوتەکانیان جێگەی سەرسوڕمانن، بە شێوەیەکی کارامەیی ئێجگار نایاب کراون ئەمەش ئاستی ژیریی ئەوان دەسەلمێنێت بەڵام ناشزانرێت ئەو نەخشانە بۆ چ مەبەستێکی کۆمەڵایەتی بەکارهاتوون. هەموو ئەمان جێگەی پرسیارن.


**تێبینی:**

ئەم وتارەم تەواو نەکردبوو، هەر بە ناتەواوی وازم لێ هێنا.

سەرچاوە: کتێبی پێشمێژووی سێکس.

## کۆتایی

## سایا کەریم و بەختیار عەلی و عەزفی فلوت



پێشەکی:

<<داپۆشین و وەدەرنان >>

وەک پەندێکی فەرەنسی دەڵێت: بە پشیلەیەک دەڵێین پشیلە.

واتە بە بێ پێچوپەنا دەچینە سەر باسەکە؛ پێویست بەوە ناکات کە بڵێین: پشیلە ئاژەڵێکی چوار پایە و مشک ڕاو دەکات و چاوی لە تاریکیدا دەبریسکێتەوە و...تاد.، هەرچەندە لە هەندێک زماندا لەبەر نەبوونی وشەیەک بۆ شتێک، ڕوونکردنەوە دەدەن، بۆ نمونە بە چاقۆ دەڵێن: ئەو ئاسنە پانەی تیژکراوە بۆ بڕین. بەڵام کە ئێمە وشەی چاقۆمان هەبێت چ پێویست بە ڕوونکردنەوە دەکات؟

بۆچی ئەم باسە دەوروژێنم ؟

ڕەخنەم لێگیراوە گوایە لە نوسینەکانمدا ڕاستەوخۆ دەنوسم: کوز، نێرتک، قون.. دەبێت

ئەو ڕاستیەش بدرکێنم کە لەوەتەی کتێبی دیالۆگی کوزم خوێندۆتەوە زیاتر سورم لە بەکارهێنانی کوز بە کوز و نەک بە پشیلە، چونکا ئەو ژینیکۆلۆگەی بەسەرهات و کێشە و ناهەمواریيەکانی کوزی کۆکردەوە لای ژنان، بەو مەرجە دابووی بە نوسەرێکی فەمینیست کە وشەی کوز (ڤاژین)ی لەبیر نەچێ، هەتاوەکو هێندە وەک شتێکی نەهێنی نەمێنێتەوە و ئاوێک بکەین بەو ئاگرەدا و بیکوژێنینەوە. بۆیەکا من هیچ دەستەواژەیەکی تری وەک فەرج یان ئەندامی نێرینە بەکار ناهێنم! خۆ کوز پەرلەمانتار نیە هەتاوەکو بیکەم بە ئەندام !!! بۆیەکا چوک و نێرتک و هەندێ جار کێریش بەکار دەهێنم وەک خۆی. مشتەگانێ و دەستپەڕیش دوو دەستەواژەی کوردی زۆر جوانن، ئیدی بۆچی وەک مەلاکان بڵێم: عەورەت و فەرج و خوە نهێنی و شتی تر؟

بۆچی ئەم باسە دەورووژێنم؟

بە مەبسی پاراستنی هەنێ نوسینم لە بواری ڕەخنەی هونەریی و بابەتی ئەدەبیی، کاکە مانو بەرزنجی ئەرکێکی زۆری کێشاوە بە کردنەوەی گۆشەیەک بۆ بابەتەکانم لە ( **Kurd collect**) دا، دوای ئەوەی بابەتەکەی سایەکەریم و بەختیار عەلی خوێندەوە هەنێ ڕەخنەی لێ گرتم لە بارەی ئەوەی وشەی کوز و چوکم بە زەقی وەک خۆیان بەکار هێناوە، لە هەمان کاتا بێڕێزیکردنە بە بەختیار و ڕەخنە نییە. جگە لەوەی کە دەیگووت ئەو ناتوانێت ڕەسمی بەختیار عەلی بڵاو بکاتەوە چونکا پێ دەچێت بەختیار عەلی کێشەیان بۆ دروست بکات.

دەربارەی ڕەسمدانان، وابزانم بۆمان هەیە ڕەسمی کەسایەتی ناسراو بڵاو بکەینەوە، دەربارەی بابەتیش، ڕۆشنبیرێکی وەک بەختیار وابزانم دورە لە هەڵسوکەوتی دعشانە و زیاتر بۆ ئازادی ڕادەربڕینە. وەک ڕۆسۆ دەڵێت:

( ئازادییەک پەسەندترە لەلام کە مەترسیی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێ وەک لە ئاشتی و ئارامییەک کە کۆیلایەتی هەلگرتبێت).

بابەتەکەی سایەکەریم و بەختیار عەلیش کە لە خوارەوە دەیخوێننەوە، سەردەمێک لەمەوبەر نوسیم، دەچێتە خانەی ئازادی و ئەدەبی ساتیریکەوە، بەتایبەتیی ئەم بابەتە بە مەبەسی بێڕێزی کردن نەنوسراوە. ئەدەبی ساتیریک جێگایەکی هەیە لە وێژەدا. ڕاستە لە وڵاتانی نادیموکراسیدا جێگەی نابێتەوە. بەڵام وەها دیارە کە ئەمڕۆ بۆمان نییە وەک سەردەمی سۆمەریەکان بدوێین، کاتێک کچێک بە دەستگیرانەکەی دەگووت:

هەناوی دڵم، خۆشەویستەکەم
ئاوپرژێنم کە بە سپێرمەکەت.

**مێژووی شاردنەوەی جەستە و بابەت:**

دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین ئەگەر ئێمە موسڵمانیش بین ئەوا لە بنەڕەتا لەژێر کاریگەریی کولتوری مەسیحیداین. چونکا چیرۆکی داپۆشینی جەستە و شاردنەوەی بابەت، مەسیحییەکان وەک کولتوورێک سەپاندیان بەسەر جیهاندا. کاتێک دەچوون بۆ لای خێلە سەرەتانشینەکان، ژنان و پیاوان بە رووتی پێشوازیان لێ دەکردن چونکا ئەوان پەیوەندی سێکسوێلیان بە ئاشکرابوون، تابۆیان نەبوو. ئەوە بوو دەستوبرد جلکیان لەبەرکردن و سەریان بە ئاوی پیرۆز شتن، وەک خۆیان دەیانگووت گوناحەکانیان پاککردنەوە و پاشان بردنیان بۆ کەنیسە. وەک ڕامبۆ لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

پێست سپییەکان گەیشتن
ئیدی دەبێت خۆت پۆشتەکەیت،
بچیت بۆ کار،
پاشان بۆ کەنیسە.

مەسیحییەت کە لە دینی جوەکانەوە لەدایک بوو، جوەکانیش ئەو سەردەمەی بایبڵیان نوسیەوە بە دیل گیرابوون لە بابیلۆن و چیرۆکی ئادەم و حەواو نوح و زۆر شتی تری مێژوویی سۆمەرییەکانیان تێکەڵ بە چیرۆکی یاڤێ و بایبڵ کردن. بەڵام بابلییەکان دەمێک بوو ئیشتاریان داپۆشیبوو، ڕۆبێکیان کردبوو بە بەریا.
ئەگەر لەسەردەمی سۆمەرییەکاندا ئینانا (ئیشتار) لەگەڵ شەست پیاوان سێکسی دەکرد و پیاوان هیلاک دەبوون بەڵام ئەو هێشتا کوزی بە ئاڵۆش بوو، بە مەبەسی ورووژاندنی هەوەسی پیاوان بوو. ئەمەش بنەمای ئابوری بوو، بە تایبەتی لە سەردەمی کشتوکاڵیدا کە کۆمەڵگە پێویستی بە هێزی بازوو منداڵی زۆر بوو. ئەگەر هاوینان پیاوان لەسەربانان سێکسیان دەکرد دەگەڵ هاوسەرەکانیاندا و زوگورتییەکان دەستپەڕیان دەکرد بە ئیناناوە، لەو شەوەدا کە پاشاکان بۆ شەرعییەتدان بە خۆیان لەگەڵ ئینانادا سێکسیان دەکرد، پیاوان لە هەمان کاتا کە سێکسیان دەکرد لەگەڵ ژنەکانیان، چاویان دادەخست وبیریان لە ئینانا دەکردەوە، بەو شێوەیە هێندەی تر هەوەسیان دەورووژا. بەڵام دەگەڵ زەمەندا هەوەس نیشتەوە و بەو بۆنەیەوە نێرتک و ئینجا دینمایکی کۆمەڵگە، بۆیەکا بۆ نوێکردنەوەی هەوەس ئەوەبوو ئیشتارمان داپۆشی لەسەردەمی بابلییەکاندا. ئەم وەرچەرخانە گەورەترین وەرچەرخان بوو لە مێژوی مرۆڤایەتیدا و بە خشپایی ڕوویدا. هەتا گەیاندینییە بورقە بە داپۆشینی یەکجارەکەی جەستەی ئینانا لە جیهانی ئیسلامیدا.

ئیدی لەو دەمەوە هەوڵ دەدەین جارێکی تر ڕۆبەکەی ئینانادا دادڕینەوە. ئەوە بوولە سەردەمی ڕێنیساسدا داڤنچی بە خەندەیەکی شەرماوی مۆنالیزای نەخشاند، لیۆناردۆ

دەیزانی کە مۆنالیزا ناتوانێت پێ بکەنێ، چونکا پێکەنینی ژنان ڕێگە پێنەدراو بوو بە بیری مەسیحیەت. پێکەنین و دەمکردنەوە لەلایەن ئافرەتێکەوە وەک ئەوە وایە کوزی واڵا بکات، بۆیەکا کچانی لادێ لە کوردستان کاتێک پێ دەکەنن بە فەقیانە سورەکەیان دەمیان دادەپۆشن، چونکا دەم وەک کوز بەشی ناوەی جەستەیە و پیاو دەوروژێنێت وەک کوز.

ئەوەبوو دوای مۆنالیزا یەکەم پێکەنینی ئافرەت لە لایەن هونەرمەندی ئیسپانی فرانسیس گۆیاوە کرا. ئیدی وەک دیتمان بە تابلۆکەی مانێ بە ناوی (خوان لە سروشتا)، ئافرەتمان بە تەواوی رووت کردەوە و ڕۆبەکەی ئینانامان بە یەکەجارەکی تورِ دا. هەتاوەکو بگەینە سەر ئەو هەقیقەتە شاراوەی لە دوای سێکسوالیتێیوە دێت، واتە گەیشتن بە حاڵەتی سوبلیمینالسیۆن بە بیری فرۆید. واتە بازدان بە سەر سێکسوالیتێدا بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی پیرۆزتر، چونکا ڕۆبەکەی ئینانا شاردنەوەی هەقیقەتە، بۆیەکا نیچەش دەیووت :

<< پێدەچێت هەقیقەت لە ژێر ڕۆبەکەی خواوەندی بۆبۆوە بێت.>>

لە ڕاستیدا هەموو ئەم گەردوونە بەرەو ساردبوونەوە دەڕوات ( وەک ماتریاڵ)، هەرچەندە بە گوێرەی زانستی نوێ گوایە کونی ڕەش گەردون چارچ دەکاتە بە وزە. بەڵام ئەم ساردبونەوەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا خۆی دەبینێتەوە، لە باری ئابوریشدا بە کریزی ئابوری، بۆیەکا بە هەموو جۆرێک هەوڵ دەدەین دینامیک بئافرێنین، لە ئابوریدا بە ئافراندنی گرانیی و برسیەتی، بە داپۆشینی ڕۆبەکەی ئینانا جارێکی تر. خۆ ئەگەر حکومەتی فەرەنسا لە ساڵانی هەشتاوە کتێبەکانی مارکی دووساد و تابلۆکەی گوستاف کوربێ (سەرچاوەی ژیان) لە ژێر ڕەقابەدا دەرهێناوە ئەوا لەسەردەمەکەماندا گوگڵ و فەیسبووک و میکرۆسۆفت تابلۆکەی گوستاف کوربێ (سەرچاوەی ژیان) جارێکی تر قەدەغە دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی کە بە قازانجی ئەوان دەشکێتەوە. چونکا ئەوەی مرۆڤی ساپیان دەورووژێنێت، شتی شاراوەیە، ئیدی لێرەوە شەڕ و کوشتار و نەهامەتی دەڕەخسێت. چونکا هەر شتێک شاراوە بێت هەستی پرسنیی و هەوەس دەوروژێنێت لە هزری ئۆمۆساپیاندا.
ئەم نوسینەی منیش (بەختیار عەلی و سایا کەریم و عەزفی فلوت) کە لەخوارەوە دای دەنێم، بە مەبسی دادڕینی ڕۆبەکەی ئینانا نوسراوە، بە مەبەسی واڵاکردنی ئەوەی شاراوەیە، بە مەبەسی گەیشتن بە هەقیقەت چونکا بۆ گەیشتن بە ئەدەبی ڕەسەن و وێژەی ڕەسەن دەبێت ڕۆبەکە لەبەری ئیاناناد دادڕین. هەرگیز بە مەبەسی بێ ڕێزی کردن نەنوسراوە، کە ئەوە ڕەوشتی من نییە.

کێشەکە لە منەوە نییە، کێشەکە خوێندەرە، چونکا من کێشەم لەگەڵ ئەو باسەدا نیە بۆیەکا شتەکان ناشارمەوە، شاردنەوە و شەرم کردن بۆچی؟ شاردنەوەی بابەت بە مەبەسی وروژاندنی زیاتری هەوەسە. ئەگەر موسڵمانەکان ئێژن کچ و کوڕ وەک بەنزین وەهان نابێت لە یەکتریان نزیک بکەونەوە، ئەوە ئەوانن ئەو بارە دەئافرێنن و بە مەبەسی

ورووژاندنی هەوەس، چونکا لەسەر دەریاکانی فەرەنسا کچان و کوڕان بە رووتی دەسورێنەوە و نەمان بینی گڕ بەربێتە ئەو دەریایە.



**سایا کەریم و بەختیار عەلی و عەزفی فلوت**

*****

یەکێک لە دروشمە جوانەکانی شۆڕشی فەرەنسی ئەوەیە کە دەڵێت: "بەهێزیی وڵاتێک بەند نیە لەسەر سپایەکی زەبەلاح، بەڵکو لەسەر داداگایەکی دادپەروەرانە...........".
بۆیەکا بوارەکانی تری وەک هونەر، زمان، گۆرانی، ئەدەب و هونەی چێشتلێنان و....تاد، دەتوانن ببن بە هێز بۆ کۆمەڵگەیەک، بە هەمان شێوە پۆرنۆیەکی کوردیش. هەر بۆیەش من لەو کەسانە نەبووم خەمبار بم بەوەی کە سایە کەریم وەک پۆرنۆستارێکی کورد خۆی

ناساند. من وەک ڕۆشنبیرانی کورد نامەی سەرزەنشتیم بۆ نە نارد و پێی بڵێم: ئامان سایە خان کوزت پیشانی کافران مەدە، با ئابڕوی کوردان نەچێت. بەڵام بەداخەوە نە سایەکەریم پۆرنۆی کوردیمان بۆ بەرجەستە دەکات نە بەختیار عەلی ڕۆمانی کوردی، هەرچەندە هەردووکیان بە کوردی دەدوێنن.

سەردەمێک باس باسی بەختیار عەلی بوو، منیش حەزم دەکرد ڕۆمانێکی بخوێنمەوە هەتاوەکو بزانم چ دەڵێت کاکە بەختیار. ڕەوان شاد دایکم، بە دیاری لە کوردستانەوە کتێبەکەی بەختیار عەلی ( شاری مۆسیقارە سپیەکان) ی بۆ هاوردم، گۆتی:

"بە خودا سەردارگاین ئەم ساڵ لەبەر خاتری تۆ ترخێنەم نەهێنا، کتێبەکە ئێچگار قەبە بوو، جێگەی زۆر گرتم."

گۆتم: خەجاڵەت بم دایە گیان.

دەست و برد دەستم کرد بە خوێندنەوەی کتاوەکە. سەرنجمدا جارەجارە چەند لاپەڕەیەکی سپی بوون؛ بە بێ نوسین. گۆتم ئەمە داهێنانێکی جوانە، پێ دەچێت بە مەبەسی نوسینی سەرنجی خوێندەر بێت لەسەر ڕۆمانەکە. نەخێر هەڵەی چاپەمەنی بوو، بەڵام دەگەڵ خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەکدا، منیش جارە جارە دە لاپەڕەم لێ دەپەراند و هیچی لە باسەکە نە دەگۆڕی، هەر عەزفی فلوت بوون، دەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانێکی فەرەنسیدا دێڕێک بپەڕێنم دێمەوە سەری. هەرچۆنێک بێت تەواوم کرد.

ماڵت ئاوا بێ بەختیار عەلی !!!!

پاشان کاتێك بەختیار هات بۆ پاریس بە بۆنەی وەرگێرانی کتێبێکی بۆ سەر زمانی فەرەنسی بە ناوی: (دواهەمین دەنکە هەناری بۆگەنی دونیا....). ویستم لە نزیکەوە بیبینم و بزانم چ دەڵیت کاکە بەختیار، بەڵام بە داخەوە ئەو ڕۆژە بەهۆی خۆپیشاندانەوە، پاریس بوبوو بە دوو کەرتەوە، بەری چەپ دابڕا بوو لە بەری ڕاست. بە ماتۆڕەکەم فڕیم، لەم سەری پاریسەوە بۆ ئەوسەری پاریس، هەتا پردێکم دۆزییەوە بۆ پەڕینەوە و فریای کۆتایی دیبەیتەکە کەوتم. لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا خەڵکی ڕایان چیە لەسەر ڕۆمانەکانی. کاکە بەختیار گۆتی:

- ئەوان هیشتا نەگەشتونەتە ئەو ئاستەی ڕەخنە لە ڕۆمانەکانم بگرن.

ماڵت ئاوا بێ بەختیار عەلی !!!

دەستم کرد بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بە فەرەنسی. دوای هەفتەیەک توشی دێپرێشن بووم، نەک لەبەر ئەوەی ڕۆمانێکی خەمگین بوو، نا نەخێر، هێندە قسەی سادە و ساکاری هزری

سەرەتای ئاگایی تێدا بوو، هێندە ڕستەی بێ مانای تێدا بوو، بە تایبەتی درێژەدانی بێ سود، ئارەزووی خوێندنەوەیم نەدەکرد و زۆرم لە خۆم دەکرد. هەندەک جار بەخوێندنەوەی پەرەگرافێکی لەشەرمەزاریدا لەژێر بەتانیەکەمەوە خۆم دەشاردەوە، هێندە لە ئاستێکی نزمدا بوو. هاوسەرەکەم هەستی پێ کرد، گۆتی چیە بێتاقەتیت! گۆتم ڕۆمانەکەی بەختیار عەلیم بۆ تەواو ناکرێت. گۆتی ئەوە کەی گرفتە وازی لێ بێنە، گووتم ئاخر دەمەوێت بزانم چ دەڵێت. وەک عارەب دەڵێن:

اشوف شنو القظیە.

بەڵام دواجار توانای خوێندنەوەیم نەماو تورم دا. پەرداخێک شەرابی بۆردۆم خواردەوە و هێور بوومەوە. دەرئەنجام بۆم دەرکەوت کە بەختیارعەلی ڕۆمان نوسێکی زۆر (خراپ)ە نەکە ڕۆما نوسێکی (خراپە) وەک ژۆرژ باتای باسی لێوە دەکات. بەڵام هەرچۆنێک بێت بەختیار عەلی دەستەواژەیەکی بۆ زمانی کورد زێدە کرد، ئەویش عەزفی فلوتە، هەر کاتێک شتێکت چواند بە عەزفی فلوت، بە مانای باسێکی گرنگ دێت بە ژاوەژاو و قسەی قەڵب و قۆڕ. بەختیار عەلی خۆی لە قەرەی باسی گرنگ دەدات، وەهامان تێ دەگەیەنێت کە گوایە بەگژ بەهاکاندا دەچێتەوە. بەڵام نەخێر، تەنانەت ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی کوردیش نزمتر دەکاتەوە و هێندەی تر دەیکات بە قوڕا. ئەوەی بێزاری کردبووم جگە لە درێژەدانی بێ سود و دووبارەبونەوەی هەمان بیرۆکە و هەمان ڕستە دە جار و سەد جار، ئەوە بوو کە هزری بەختیار و نوسینەکانی لە قۆناغی یەکەمی ئاگاییدان، واتە پرسیارکردن و ناڕازی بوون و سەرخوراندن و سوڕانەوە بە دەوری باسەکاندا. گۆتم ئیتر جارێکی تر کاتی خۆم بە فیڕۆ نادەم بە خوێندنەوەی شتی وەها قەڵب و قۆڕ. پاشان چومە سەر یوتوب و چاوێکم خشاند بە ڤیدۆکانی سایا کەریمدا، دەمەویست بزانم ئەم کچە دەیەوێت چی بورووژێنێت وەک پۆرنۆ ستار و چی کوردیە. وەختەکی سەیری ڤیدۆکەیم کرد، وەک پەڕەی مۆسیقارە سپیەکانی بەختیار بە کرتە تێم دەپەڕاند، هیچی وەهای تێدا نەبوو هەوەسم بورووژێنێت، نێرتکم ڕەپ بکات:

- دەوەرە بمگێ.... کێرت زۆر زلە..... من زۆر حەزم بە ئاناڵە..... حەزم لە کێری هەولێریە..... دەی بۆم تێخە.... زۆر خۆشە.......بۆت بمژم؟

خاو و خلیچک و گێژە گێژ! جەستە و کوز و سێکسیشم لەبەرچاو کەوت. گۆتم:

بەختیار عەلی بە قوزت سایا کەریم ، پێشی ئەوت داوەتەوە........

چومه سەر جێگا و ڕاکشام بە تەنیشت خاتو کارینەوە. گۆتی چیە! تۆ هەمیشە نێرتکت بە حەواوە بوو، سەردەمێکە فشۆڵەیە، بێ تاقەتیت، چی ڕویداوە؟ دووبارە بەختیار عەلیە؟ گۆتم نا، نەخێر، نێرتکم ترساوە، خۆ ئەگەر قورقوشمی بەسەردا بتوێنیتەوە سایەکەریم دەردەچیت بە قەڵادۆشکانی بەختیار عەلیەوە. بۆیەکا لە دڵی خۆمدا گۆتم: تازە بەختیارمان لە دەست چوو، ناتوانین لەو تەمەنەیدا فێری ڕۆمان نوسینی بکەین، سایە کەریم گەنجە و دەتوانین پۆرنۆیەکی لەسەر شێوازی کوردی و کەڵچەری کوردەواری بۆ پێشنیار بکەین. بێ گومان دەبێت خۆم بە تەنیشتیەوە بم بۆ دەرهێنانی لە ڕوی تەکنیکی و گۆشەنیاگی کامێرا و دەوربینین. دەبێت کوزی باش بخەمە چوارچێوەوە. ئەوسا فێری دەکەم چلۆن نێرتک ڕەپ بکات.

چەند سیناریۆیەکم بۆ ئامەدە کرد، بەڵام بە باشم زانی لێرەدا تەنها سیناریۆی بەیەک گەییشتنی سایا و بەختیار بخەمە ڕوو، وەک خاڵی دەستپێک، چونکا ئەگەر سایە کەریم گەرەکی بێت پۆرنۆیەکی کوردیمان لەسەر شێوازێکی هونەری هاوچەرخ بۆ بەرجەستە بکات، دەبێت پێش هەموو شتێک سنوری بەختیار بپەزێنێت، بۆیە بە باشم زانی لە ڕوی سێکسوالیتێوە ئەو تێپەڕاندنە ئەنجام بدەم، چونکا ئاکتی سێکسوێل بە مەبەستی داگیرکردن و تێپەڕاندن دێت، یان خواردنی ئەوی ترە بە بیری فرۆیدا. کارێکی باوبووە بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵات و لە یۆنان؛ لە سەردەمی ئەنتیکیتێدا ئۆستادەکانی زانست و فەلسەفە، شاگردەکانی خۆیانیان لۆتی (سۆدۆمی) دەکردن، ئەو کارەش بە چەند جۆرێک ڕوونکردنەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. بە بیری سەرۆک ئاپۆ جۆرێک بووە لە ڕازیکردنی ئەو جیلە بە سەردانەواندنیان بۆ سیستەمەکە. بە بیری هەندەکی تر، گوایە زانست بەو شێوەیە دەتوانێت بگوازرێتەوە لە ئۆستادەوە بۆ شاگرد. بەڵام بە ڕای من ئەو ئاکتە ئاڵۆزیی دەروونیی و خۆ بەکەمزانی لای تاک کەم دەکاتەوە، بۆیەکا ئەگەر سایا بتوانێت سواری بەختیار ببێت، ڕازی بکات بە سێکسکردن لەگەڵیا، ئەوا دەتوانێت زیاتر ئازاد بێت لە بڕیاردانی لە شێوازی فیلمە پۆرنۆکانی، چونکا بەختیار عەلی ڕێگرە، ڕێگرە لە بەردەم سایا و گەنجاندا بۆ گوزارشتکردن لە خۆیان، چونکا بەختیار مۆدێلێکی فرە خراپە.

سیناریۆی یەکەم: بەیەک گەیشتنی سایە و بەختیار.

بەختیار عەلی دانیشتووە لەسەر کۆمەڵێک کتێب، بە چواردەوریا کتێب هەڵچنراون لە دیکۆرێکی مینیمالیستا، لە چۆڵاییەکی ئێجگار فراوانی تێکڕا سپی، بە بێ هیچ ئۆبژەیەک

له دەوروبەریا جگە لە کتێب و جگە لە پەیکەرێکی گەورەی خۆی نەبێت لە پشتیەوە. بەختیار دانیشتووە لە بارێکی شانۆییدا بە جلوبەرگێکی سادەوە؛ دەستی خستۆتە سەر ناوچەوانی بە شێوەیکی کۆمێدی وەک پەیکەرەکەی ڕۆدا بیر دەکاتەوە و دەنوسێت. سایە کەریم بە ڕووتی بە بێ هیچ جلوبەرگێک بە ئەسپایی لە پشتیەوە دێت و لێی نزیک دەبێتەوە و دەڵێت:

- تۆ کێیت؟

بەختیار عەلی سەربەرز دەکاتەوە و دەڵێت:

- من بەختیار عەلیم خانم، یەکەم ڕۆمانوسی کوردم. ئەی بەڕیزتان؟

- من سایا کەریمم یەکەم پۆرنۆستاری کورد.

- پێ خۆشحاڵبووم بە ناسینت ئەی فریشتەی خەونەکانم.

- تۆ هەولێریت؟ کێرت زلە ؟ من حەزم لە ئاناڵە.

بەختیار عەلی: خانم، من دەزانم تۆ لە جیهانێکی ترەوە لەگەڵ مندا دەدوێیت و منیش لە جیهانێکی جیاوازەوە لەگەڵ تۆی فریشتەدا دەدوێم، بەڵام لێت تێ دەگەم چونکا هەردووکمان لە هەمان جیهانداین. ژیان بەختەوەریە، بەڵام کاتێک دەیکەیتەوە پڕە لە ئەشکەنجە، ژیان وەک قوتویەک وەهایە، کاتێک دەیکەیتەوە ناوەکەی بۆشە، بۆیە تۆی فریشتە وەها بێ هیوا بویت، بە بێ خەون. دەزانم تۆ یەکێکیت لە کەسایەتی ڕۆمانەکانم، تۆ لاولاو سپیت و تۆراویت، ناتەوێت شوو بکەیت بە محەمەدی دڵ شوشە. من تێت دەگەم، باش لە خەونە شکستەکانت تێ دەگەم، تۆ دەتەوێت بە بێدەنگی وەک دڵ بشکێیت. من کلیکی بەهەشتت دەدەمێ و دەتوانیت هەموو دەرگاکانی پێ بکەیتەوە، بە مەرجێک بچیت لەژێر دارهەنارەکەدا دڵی مەحەمدی دڵشوشەم بۆ ڕازی بکەیتەوە. ئاخر کاتێک دڵ شوشە هات بۆ لات، خوێن لە درزی دڵیەوە دەهات، تۆ خەتابار بوویت بەو خوێنەی لە دڵی دڵشوشەوە دەهات. دڵ شوشە پەیامی تۆی لە ژێر دارهەنارەکەدا خوێندەوە بۆیە گیانی لەدەستدا .تکا دەکەم ئەمجارەیان پەیامی ژیانێکی بەختیاری پێ بدەوە، دڵی پڕبکە لە بۆنی عەتروگوڵاو، هەتا لە ئەم ڕۆوە لە بری سایا کەریم ناوت بنێم سایەی سوبحدەم. نا، نا ببورە خانم، ناوت دەنێم سایەی سەمەرقەند، لە ئەمڕۆوە تۆ یەکێکیت لە کاسایەتی ڕۆمانی داهاتوم ئەی خانمی سەمەرقەند.

سایە کەریم:

- کاکە بەختیار ئەم ناوە حیزانە چیە لە منت ناوە؟ من سایا کەریمم، یەکەم پۆرنۆ ستاری کوردم. باشتر وایە ناوم بنێیت سایا کوزئاڵۆش. من حەزم بە ئاناڵە، وەرە با بۆت بمژم و کێرت ڕەپ بکەم، ئەوسا سوارمبە و بمگێ، بۆ تێخە بە هەموو بارێکدا کاکە بەختیار گیان، وەرە کێرت بخەرە قوڵایی کونی قونمەوە.

بەختیرا عەلی:

- نانا خانم، ناو گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە من ڕۆحێکی ترت دەکەم بە بەردا، ژیان وەک هێلکەیەک وەهایە، کاتێک دەیشکێنێت هەندەک جار دوو زەردێنەی تێدایە، یەکیان گەورە، ئەوی دیان گچکەیە، ئەمیان سۆزو خۆشەویستی، ئەوەکەی تریان ئەشکەنجە. دەزانم تۆ شۆڕشێکت بەرپا کردووە. بەڵام من دەزانم کە شۆرش درۆزنییەکی گەورەیە، تۆ شانست هەیە، بە بێ ئەوەی شۆرشگێڕ بیت، تەنها بە قوزت شۆڕشێکت بەرپا کردووە. ئێمە بڕیارمانداوە ئیتر درۆ لەگەڵ یەکتر نەکەین. مرۆڤ ئەستێرەیەکە و نابێت ئێمە وازی لێ بهێنین بکەوێت، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بە تەنها ناکەوێت. من مرۆڤێک نیم دەموو چاوم هەبێت، ڕاستە مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە خاوەنی نهێنی بێت. دەریا وەرە بە دەم سۆزمەوە، سۆز وەرە بەدەم هاوارمەوە، دەزانم ڕۆژنامەوانەکان باسی جوانی شار دەکەن، باسی پاکوتەمیزی شۆستەکان دەکەن، باسی ئاسانکاری بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمۆبیلەکان دەکەن، بەڵام تۆ باسی جوانی ونبووت، جوانی وشکەوەبووت دەکەیت بۆ ئێمە، ئەی خانمی سەمەرقەند.

کوتووپڕ لە پشتی ئەوانەوە جەلادەتی کۆتر بە ئەسپایی بە خۆیی و فلوتەکەیەوە بە پای لەسەرەخۆ بەرەو ڕوویان دێت. بەختیارا عەلی ئاوڕ دەداتەوە بۆ دواوە و جەلادەتی کۆتر بانگ دەکات.

- وەرە جەلادەتی کۆتر وەرە، عەزفی فلوت بۆ سایا بکە، هەتا بەرگێکی نوێ بکەیەن بە بەری سایا کەریمدا و وەریچەرخێنین بۆ سایای سەمەرقەند، ڕۆحێکی نوێ بکەین بە بەریا، چوونکا سایە هەرگیز گوێی لە عەزفی فلوتی ئێمە نەبووە. وەرە جەلادەتی کۆتر وەرە، عەزفی فلوتمان بۆ بکە، تکایە جەلادەتی کۆتر، تکایە عەزفی فلوت بۆ سایا بکە...

جەلادەتی کۆتر بە خۆیی و فلوتەکەیەوە دێت بەرەو ڕوویان و سیا کەریم پێی دەڵێت:

- جەلادەتی کۆتر هەولێریە؟ کێری زلە؟ من حەزم لە ئاناڵە. وەرە جەلادەتی کۆتر دەی، فلوتەکە بکە بە کونی چوپما.

- نا خانم، من مۆسیقاره بەناوبانگەکەی کاکه بەختیارم، من عەزفی فلوت دەکەم. پێ دەچێت ناوی منت نەبیستبێت، بەڵام هەرکاتێک گوێت لە عەزفی فلوتی من دەبێت، دەبیتە مرۆڤێکی میهرەبان، ڕۆحێکی ترت دەکەم بە بەرتا؛ دەتکەم بە سایەی سەمەرقەند.......

- دە بیژەنە، بیژەنە جەلادەتی قەلەباچکە، بزانم ئەم فلوتە چیە کاکە بەخە هێندە باسی دەکات. ئەگەر دەتوانیت قوزم بورووژێنیت بە عەزفی فلوتەکەت ئەوا باوەڕت پێ دەکەم.

بەختیا عەلی:

- نا، خانم، ئێمە فلوت ناژەنین، فلوت عەزف دەکەین، ئێمە ڕەبابەژەن نین، ئێمە مانگا ناژەنین، ئێمە خاوەنی فلوتین، ئێمە عەزف دەکەین، عەزفی فلوت دەکەین خانم. تۆ هەرگیز گوێت لە عەزفی فلوتی جەلادەتی کۆتر نەبووە....

سایا کەریم:

- ئۆی کە چەنەبازیت! دە بی بڕەوە کاکە بەخە، با گوێمان لە عەزفی فلوتی جەلادەتی قەلەباچکە بێت، بزانم قوزم دەورووژێنێت یا نە؟

جەلادەتی کۆتر دەست دەکات بە عەزفی فلوت و سایا کەریم، پاڵ دەکەوێت بە تەنیشت بەختیار عەلیەوە. کتێبەکان بە چواردەوریدا پەرژوبڵاو بونەتەوە و دەست دەهێنێت بەناو گەڵیا وەک ئەوەی مشتەگانێ بکا و بە دەنگێکی ناسکەوە دەڵێت:

- وەڵا کاکە بەختیار فلوتەکەی جەلادەت کاریگەریی هەس، قوزم کەوتۆتە ئالۆش. دەوەرە بمگێ بەساقەوبم من حەزم بە ئاناله، ئەی تۆ حەزت بە چیە؟ حەزت بەوەیە پەنجە بکەم بە قونتا، چونکا زۆر لە پیاوان بەو جۆرە هەوەسیان دەورووژێت و کێریان ڕەپ دەبێ. ئەی تۆ جەلادەتی کۆتر حەزت بە ئاناله؟ تۆ هەولێریت؟ کێرت زلە؟

جەلادەتی کۆتر دەوەستێت لە عەزفی فلوت و بە بەختیار دەڵێت:

- بەخودا کاکە بەختیار ئێمە دەتوانین بە عەزفی فلوت ئەو خەڵکەی کوردستان هەڵبخەڵەتێنین، بەڵام ناتوانین بە عەزفی فلوت سایە کەریم بکەین بە سایەی سەمەرقەند، ئەم کچە ئێجگار زۆرزانە، چونکا لە ئەوروپا دەژی، لە سەدەها ڕوباری داوە و قوزی تەڕ نەبووە.

سایا کەریم بە ناڕازیبوونەوە ڕوو دەکاتە بەختیار و دەڵێت:

- ئاخر کاکە بەخە تۆ دۆشەکەڵەیکیشت دانەناوە بۆ میوانەکانت، من قون و قوزم بخمە سەر چی؟ بیخەمە سەر کتێبەکانت؟ ئەگەر دۆشەکەڵە نەبێت، ئەوا دەبێت پیاوێک بکەم بە دۆشەکەڵە بۆ سمت و قوزم، دەنا میز دەکەم بەسەر کتێبەکانتا. من حەزم بە ئاناڵە، پێم بڵێن ئایا ئێوە هەولێرین؟ کێرتان زلە یان نە؟ وەرن بمگێن بە هەردووکتان. ئایا هەرگیز سێکسی بە کۆڵمەتان کردووە؟ گەلە سێکسی؟ وەرن بافێڕتان بکەم.

بەختیار عەلی:

- نا خانم، دەۆشەلەکەڵە گرنگ نیە، چوونکا کتێب بۆ ئێمە دۆشەکەڵەیە، ئێمە بە ووشە و بە ڕستە دژی قرشەکانی دەریا دەوەستینەوە، دژی شەپۆل، دژی باران، دژی جەلادەکان...

سایا کەریم:

- دەوەرە کاکە بەختیار لەگەڵ جەلادەتی کۆتر بمگێن، من حەزم لە ئاناڵە، قونم بۆ تۆ و قوزم بۆ جەلادەتی کۆتر.

بەختیا عەلی:

- نا خانم، من دەمەوێت بتکەم بە ئەستێرەی خەونەکانم، بتکەم بە دارهەنارێک هەتا هەموان لە ژێر سێبەری تۆی مەزندا خەونی مزگێنی ببینین، ڕۆح بکەین بە بەری محەمەدی دڵشوشەدا، بۆیە دەبێت ئەم ژیانە پڕ بکەین لە دار هەناری وەک تۆ. وەرە جەلادەتی کۆتر وەرە خۆت بکە بە دۆشەکەڵە بۆ سایای سەمەرقەند، بڕۆ پاڵکەوە هەتا جەستەی ئەشکەنجەی وەک نانی تەنوری نانەواخانەکانی کوردوستان لەوە زیاتر نەسوتێ، جەلادەتی کۆتر تکات لێ دەکەم خۆت بکە بە دۆشەکەڵە بۆ سایەی سەمەرقەند...

جەلادەتی کۆتر جلکەکانی دادەکەنێت، پاشان پاڵدەکەوێت و سایە لەسەری ڕادەکشێ و کێری دەخاتە قوزیەوە و سمتی قەلان دەکات بەرامبەر بە بەختیار. جەلادەت فلوتەکەی هێشتا بەدەستەوەیە و بەختیار لە جیهانێکی تردا بە دەوریانادا دەسوڕێتەوە و ڕستەی کتێبەکانی دوبارەدەکاتەوە.....

سایا کەریم:

- کاکە بەختیار من حەزم لە ئاناڵە، وەرە جێگایەک بۆتۆ ماوە لە دواوە. ئادەی جەلادەتی کۆتر، لەهەمان کاتا کە تەکان دەدەیت فلوتەکەت بکە بە قونما با منیش عەزفی فلوت بۆ کاکە بەختیار بکەم، بزانین فلوتی کاممان هەوەس زیاتر دەورووژێنێت و نێرتک باشتر ڕەپ دەکات. دەی جەلادەتی قەلەباچکە تکات لێ دەکەم فلوتەکەت بکە بە قونما، ئێستاکە

کە کێرت لە قوزمایە، قونم ئاڵۆشی تێ کەوتووە. چونکا من دەزانم هەرکاتێک قوزو و قونم ئاڵۆشیان تێ دەکەوێت زۆر  لە ئێوە باشتر عەزفی فلوت دەکەن، دەتوانم بە چوار نۆت نێرتکتان ڕەپ بکەم.

جەلادەتی کۆتر لەژێر سایە کەریمەوە فلوتەکە بە دەمی تەڕ دەکات و وردە وردە بە دەم تەکاندانەوە دەیخاتە کونی چوپی سایاوە و دەیهێنێت و دەیبات. گوێمان لە دەنگی ئاوازی فلوتی قونی سایا کەریمە. ئاوازێکی زۆر دڵفڕێنە، هێندە دڵفڕێنە بە ختیار گوێی بۆ شل دەکات و لە سوڕاندنەوە دەوەستێت.

سایە کەریم:

- عەزفی فلوتی قونم چۆنە کاکە بەختیار؟  بە دڵتە؟

- خانم، من باش تێ دەگەم لە پەیامی عەزفی فلوتی سایەی سەمەرقەند، عەزفی فلوتی سایەی سەمەر قەند باسی ئەشکەنجەمان بۆ دەکات، ئەشکەنجەی ئەو پیاوانەی لە قونی تۆدا بە هاواری ئۆرگاسمەوە ناهەمواری ئەم ژیانە بێ بەهایەیان تێ خزاندووە، قونت پڕە لە ئاوازی ئەشکەنجە بۆیە وەها کاریگەرە. ئەی سایەی سەمەرقەند...

سایا کەریم:

- دەوەرە کاکە بەختیار من حەزم بە ئانالە، ئێستاکە، کە بە عەزفی فلوتی قونم ورووژاویت، کێرت ڕەپ بووە، وەرە ئەو هەلە بقۆزەرەوە بۆخۆت، بیخەرە قونمەوە، بەشکو ئیلهامی ڕۆمانێکی ترت پێ بدات.

بەختیار عەلی دێتە بەردەم سایا کەریم و پانتۆڵەکەی دادەکەنێت و دەڵێت:

- دان بەوەدا دەنێم کە عەزفی فلوتی سایەی قوز ئاڵۆش، نا ببورە، سایەی سەمەرقەند بەراستی کاریگەرە، وەهای لە من کرد پانتۆڵەکەم دابکەنم. ئەی سایای سەمەرقەند من شانازای دەکەم کە پانتۆڵەکەم دادەکەنم لەبەردەم خانمێکی مەزنی وەک تۆدا، ئیتر لە ئێستاوە تۆ دەبێتە عازفی فلوتی ڕۆمانەکەنم، ئیدی پێویستمان بە جەلادەتی کۆتر نەماوە.

جەلادەتی کۆتر وردە وردە فلوتەکە لە قونی سایەدا دەردەهێنێت و جێگا بۆ بەختیار چۆڵ دەکات. بەختیار کێری ڕەپ بووە بە عەزفی قونی سایە و ڕاستەوخۆ دەچێتە قونیەوە،

سارا بە ئاخو ئۆف وەڵام دەداتەوە و جەلادەتی کۆتر بە دەم تەکان و ئۆرگاسمەوە هاوا دەکات و دەڵێت:

- کاکە بەختیارا قەیدی ناکا، چونکا من قوزێکم دۆزیەوە لە بری عەزفی فلوت بۆ کەسایەتی ڕۆمانەکانت، بەڵام زۆر شەرمەزاریە بۆ ئانالێك وازت لە من هێنا.......

سایە کەریم:

- وازی لێبێنە جەلادەتی کۆتر با ڕەحەت بێت لە قونما، ئەوسا ئیتر پێوسیتی بە عەزفی فلوت نابێت و دەبێتە ڕۆمانوسێکی زۆر باش و منیش پۆرنۆستارێکی فرە خاس. دەی کاکە بەختیار تەکان بدە، تەکان بدە، هەتا هێزت تێدایە تەکان بدە، بیخەرە قولایی کونی چوپمەوە هەتا دەگاتە گەدەم، هەڵم تەکێنە بە قوربان چرچ لە تیرەی قونما مەهێڵە. ئایا ڕۆمانی مارکی دوسادت خوێندۆتەوە، بە ناوی فەلسەفە لە دیوەخاندا؟ لە کاتێکدا هەموویان گانی بە کۆمەڵ دەکەن، یەکێک لە پیاوەکان هاوار دەکات و دەڵێت: دەی فەرەنسییەکان، تەکانێکی تر، گووتێکی تر، هەتا زیاتر نزیک ببینەوە لە کۆمارییەکان. جا بۆیە منیش داوات لێ دەکەم و دەڵێم دەی کاکە بەختیار، تەکانێکی تر، گووتێکی تر هەتا لە ڕۆمانەکانتا بگەیتە قۆناغێکی تر و هێندە چەنەبازی نەکەیت. چونکا ئەگەر تۆزێک زیاتر ئەزمونی سێکسکردنت هەبوایە ئەوا لەو باوەڕەدام هێندە چەنەباز نەدەبویت و ڕاستەوخۆ دەچویتە ناو هەقیقەتی باسەکانەوە و بە دەوری بابەتا نەدەسوڕایتەوە. بەڵام ئێستاکە کە کێرت ڕەپ بووە و لە کونی قونمایە، بە تەکان هەڵم دەتەکێنیت، لەو باوەڕەدام کە ڕۆمانی داهاتووت باشتر دەبێت و دەچیتە سەر جەوهەر و هەقیقەت. ئەگەر ئارەزو دەکەیت پێکەوە دەینوسین. هەتاوەکو لە پۆست مۆدێرنەوە بگەیتە ڕۆماننوسێکی هاوچەرخ.

جەلادەتی کۆتر بەدەم تەکان دان و ئاخ و ئۆفەوە لەژێر سایە کەریمەوە دەڵێت:

- بە خودای کاکە بەختیار ئەم کچە شت زۆر دەزانێت، من وام دەزانی هەر قوزی بەکارە، بەڵام وادیارە کە هزریشی لە ئێمە بەکارا ترە، ئەم شتانە لە کوێوە فێر بووە؟

سایا کەریم:

- جەلادەتی قەلە باچکە، ئەوە دوو فەرەنسی فێریان کردم، لە کاتێکدا هەردوکیان وەک ئێوە بەسەرمەوە بوون، یەکێکیان نێرتکی هێندە زل بوو، بە گیان کاکە بەخە چرچی لە کونی چوپما نەهێشتبوو، ئەوی تریان وەک تۆی قەلە باچکە لە ژێرەوە هاواری دەکرد و بە برادەرەکەی دەگووت: دەی فەرەنسییەکان تەکانێکی تر، گوتێکی تر هەتا زیاتر نزیک ببینەوە لە هزری هاوچەرخ و دیموکراسی ڕاستەوخۆ. گۆتم ئەرێ برا قوزی من پەیوەندی

چییه به هزری هاوچرخ و دیموکراسی ڕاستەخۆوە؟ ئەرێ کاکە بەخە، تۆ لەو شتانە باش دەزانیت دیموکراسی ڕاستەوخۆ و هزری هاوچەرخ چییە؟

بەختیار عەلی بە دەم هاواری ئۆرگاسم و ئاخ و ئۆفەوە هاوار دەکات و دەڵێت:

- ئێستا تێ گەیشتم، بەراستی فەرەنسییەکان ڕاست دەکەن، لەم دەرگایەوە دەگەینە هەقیقەت، دانی پێدا دەنێم کە تا ئەم ساتە من کەسێکی هاوچەرخ نەبووم. مادام وایە، سایەی سەمەر قەند، نایەمە دەرەوە و لە کونی چوپتا دەمێنمەوە، ئەگەر ڕێگام پێ بدەیت جارێکی تر هەر بەم بارەدا هەتاوەکو ببمە ڕۆمانوسێکی هاوچەر...

سایا کەریم:

- بووەستە، بوەستە کاکە بەختیار، شتێکت فێر دەکەم کە فەرەنسییەکان فێریان کردم. جەلادەتی کۆتر فلوتەکەتم بدەرێ با بیکەم بە قونی کاکە بەختیاردا هەتا بازێک بدات و ڕاستەوخۆ بگاتە قۆناغی دووهەمی ئاگایی و هزری وەک کونی چووپی بە باشی بکرێتەوە.

جەلادەتی کۆتر بەدەم تەکاندانەوە لە ژێر سایا کەریمدا فلوتەکەی دەداتێ و سایا فلوتەکەی بەدەم تەڕ دەکات و دەیخاتە قونی بەختیارەوە. لەسەرەخۆ دەیهێنێت و دەیبات. گوێمان لە بەختیارە بەدەم هاواری ئۆرگاسم و ڕەحەتبوونەوە بەسەر سایاوەی هاوار دەکات و دەڵێت:

- ئاه....ئاه....ئاه....سایای سەمەرقەند، سایای سەمەرقەند، تۆ ژیانێکی نوێت بە من بەخشی، هزرێکی نوێت پێ بەخشیم، بەخەبەرتکردمەوە، بازت پێدامە قۆناغێکی تری ئاگاییەوە کە تا ئەم ساتەوەختە ئاگاییم پێی نەبوو. ڕۆمانێکی نوێت پێ بەخشیم، دانی پێدا دەنێم کە تۆ سایەی سەمەرقەندیت......

سایە کەریم بەدەم هاواری ئۆرگاسمەوە دەڵێت:

- نا، نا، کاکە بەختیار، من سایەی سەمەر قەند نیم، ئەگەر دەتەوێت بچیتە قۆناغێکی تری ئاگییەوە دەبێت بمکەیت بە سایەی قوزئالۆش.

هەرسێکیان لەو بارەدا ڕەحەت دەبن و لە ناو کتێبەکاندا ڕادەکشێن بەدەم هەناسە بڕکێوە. سایا کەریم پەڕەیەک لە کتێبی مۆسیقارە سپییەکان دەدڕێنێت و ناوگەڵی پێ پاک دەکاتەوە و دەهێنێت بەبەر لوتی بەختیار عەلیدا و ئەویش تێر بۆنی دەکات بە دەم هەناسە بڕکێوە. جەلادەتی کۆتر فلوتەکە دەگرێت بە لێوەیەوە و چەند نۆتێک دەژەنێت و پاشان دەڵێت:

کاکە بەختار ئاگات لێیە؟ ئاوازی فلوتەکە تەواو گۆڕاوە، نەک ئاوازەکەی، تەنانەت تامەکەی خۆشترە لەدەمما. وەک بۆنی دارچینی وەهایە!

پاشان جەلادەتی کۆتر لە ژێر سایاکەریمەوە فلوتەکەی دەداتە بەر لوتی بەختیار و دەڵێت:

- کاکە بەختیار بۆنی فلوتەکەت بکە، بزانە چۆن بۆندار بووە بە قونی سایا، وادیارە ئێستاکە بەجۆرێکی تر عەزف دەکات و ئاوازێکی تر دەژەنێت.

******

تێبینی :

1- (ڕۆمانی خراپ)، بریتییە لە ڕۆمانێکی خراپ لە ڕووی بابەت و شێوازی نوسین وەک ئەوەی بەختیار عەلی، بەڵام ڕۆمانی (خراپە)، بە بیری نوسەری فەرەنسی ژۆغژ باتای ئەو ڕۆمانەیە کە بابەتی خراپە دەوروژێنێت. بە ڕای ئەو بۆدلێر و مارکی دووساد ئەدەبی (خراپە)ن و ئەدەب دەبێت هەردەم خراپە بێت، واتە بابەتی خراپە بورووژێنێت و خوێنەر ئاگادار بکاتەوە لەوەی کە ئەو لەبەردەم بابەتی خراپەدایە وەک ئەم نوسینەی من بە نمونە.

2- ئەگەر خێرەومەندێک لە کوردستانەوە سەلکێک ترخێنەم بۆ بنێریت، چونکا وا خەریکە سوێم دەبێتەوە بۆ سەلکێک ترخێنە، نزیکەی چل ساڵە ترخێنەم نەخواردووە. وەک بیرم بێت تۆزێک سوێر بوو، نۆکی تێدا بوو. نا؟

## کۆتایی



تابلۆی پیکاسۆ

## ئەگەر ئافرەت بوومایە

### ئەم بابەتە ساڵی 1990 لە بلۆگی خۆم"هەورامان" دا بڵاو کردۆتەوە.

ئەگەر ئافرەت بوومایە بۆ تەنها بۆ ساتێکیش هەرگیز لە وولاتانی ڕۆژهەڵات و وڵاتانی ئیسلامیدا نە دەژیام.

ئەگەر ئافرەت بوومایە هەرگیز پەچەم نەدەدا بە سەرما.

جوانترین جل و بەرگم بە ئارەزووی خۆم لەبەر دەکرد و هەرگیز سوراو و سپیاوم نەدەکرد.

نە سوخمەی مەمك، نە سترینگ (دەرپێی ئەم سەردەمەی کچان) م لەبەر دەکرد.

ئەگەر براکەم لە ئاهەنگی بوکێنیمدا پێی شەرمەزار بوو هەڵپەڕێ، حاشام لێ دەکرد.

ئەگەر باوکم یان دایکم ڕێگەی خوێندنیان لێ بگرتمایە، پێم دەگووتن: بڕۆن بیخولێننەوە.

ئەگەر ژنی سەرکردەی وڵاتەکەم نەبینیایە هەرگیز دەنگم بۆ نەدەدا لە هەڵبژاردنەکاندا و بەسەرکردەی خۆمم نەدەزانی.

هەموو ڕۆژێك قورعانێکم دەکڕی و ئەو پەڕانەم دەدڕاند کە مافی منیان  تێیدا پێشێل کراوە.

هەموو ڕۆژێك دەهاتمە سەرجادە دژی ئەو وڵاتانەی کە بە ناووی شەرەفەوە ئافرەتان بەرد باران دەکەن.

هەرگیز شووم نەدەکرد و بە ئارەزووی خۆم لەگەڵ ئەو پیاوانەدا ڕام دەبوارد کە ڕێز لە ئافرەت دەگرن.

هەرگیز لە گەڵ پیاوێکدا ڕام نەدەبوارد ئەگەر کوزی بۆ نەمژیمایە.

وەکوو مرۆڤێك، وەکو کەسێك داوای مافی خۆمم دەکرد نەوەك وەك ئافرەتێك.

ساڵی جارێك قوربانم دەدا؛ لەگەڵ پیاوێکدا ڕام دەبوارد وەکو خێرکردن، لەگەڵ پیاوێك کە ئافرەتی دەست ناکەوێت، لەبەر ئەوەی ناشرینە یان کەم ئەندامە.

هەرگیز دڵ گران نەدەبووم لە تێڕوانینی پیاوێك چونکە خۆم بە جوان دەزانم.

سەرگوزوشتەی ئادەم و حەوام دەگۆڕی لەبەر ئەوەی پیاو نوسیویەتی و تێیدا منی ئافرەت خەتابار کراوە.

سەرم بەرز و سنگم قوت دەکردەوە و خشڵی هەمەجۆرم دەکردە گەردنم و لەرەم بە مەمکانم دەکرد، ئەگەر پیاوێك سەیری مەمکی بکردمایە پێم دەگووت: وەرە بیمژە.

هەر لە تەمەنی کچێنیمەوە پەردەی کچێنیی خۆمم بە پەنجە دەژاکاند، هەموو وزەی خۆشم دەخستەکار بۆ خەباتکردن دژی پەردەی کچێنی.

میزم دەکرد بەسەرو چاوی ئەوپیاوەدا کە ڕۆژ تا ئێوارێ بە ناهەق دەبوڵێنێ، شەوانیش لە جێگەی خەودا دەیەوێت دەرپێی بۆ داکەنم.

ئەو پیاوەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بیر نەکاتەوە چەپکێ گوڵم پێشکەش بکات، لەماڵێ مندا جێگەی نابێتەوە.

**کۆتایی**



سیمۆن دوبووڤار و ئاپۆ و کچانی نێرینەپۆش و مام جەلالیش.

کاتێک گەلەگورگ ڕاوی نێچیرێک دەکەن، تەنها سەرۆکی گورگەکان بۆی هەیە جەگەر و دڵی ئاژەڵەکە بخوات، لەبەر ئەوەی خۆشترین بەشیەتی.

هەرچەندە لای ئاژەڵان شکڵ و ڕەنگی نێرینە و مێینە جیاوازن لە یەکتری، بەڵام هەندێک لێکۆڵینەوەی باس لەوە دەکەن، ئەگەر مێینەی مرۆڤ لەشی گچکە ترە و ئێسکی باریکترە لە نێرینە، هۆکاری ئەوەیە لە سەردەمێکدا مێینە بێ بەشکراوە لە پرۆتۆیین لە کاتی خواردنی ئاژەڵی ڕاوکراودا. ئەم نەریتە بە جۆرێکی تر لای هەندێک گەلی باکوری

ئەفریقا هەتا ئەم سەردەمە پەیڕەوی دەکرێت؛ لە کاتی گۆشت خواردندا یان میوە خواردندا، ژنان بێ بەش دەکرێن لە هەندێک بەشی خۆشی خواردنەکە.

وەک مێژوونوسان و کۆمەڵناسەکان باسی لێ دەکەن، لە سەردەمێکی دێریندا؛ لەسەرەتای شارستانیەتا، پێش داهێنانی نوسین دژایەتیەکی بەرچاوی مێینە کراوە، کۆدێتایەکیان بەسەردا کراوە، بۆیە هەموو ئەو کارانەی مێینە دەیکەن لەگەڵ ئەوەشدا کاری پێویستن، بە کارێکی ناشرین دەبینرێن کاتێک پیاوان پێی هەڵدەستن.

ئاپۆ لە کتێبی مانیفێست بۆ شارستانیەتێکی مۆدێرن، هەمان رای سیمۆن دوبوڤار دوبارەدەکاتەوە، بە بێ ئەوەی ناوی سیمۆن بهێنێت، ڕێشێ تێ دەچێت، خۆی گەیشتبێتە ئە و ڕاستیە:

( خۆ ئەگەر پیاو پێی شەرم بێت هەندێک کاری ژنانە بکات، وەک؛ دورومان و خزمەتکردنی منداڵ، لەبەر ئەوەی کە پیاو وەک کۆیلە سەیری ژنی کردوە، بە بونەوەرێکی لەخۆی بە کەمتری زانیوە).

بە پێچەوانەشەوە کاتێک مێینەیەک جلکی پیاوێک دەپۆشیت، نەک تەنها خۆی هەست بە ئازادی دەکات، ئەوا دەور و پشتەکەشی وەک کچێکی مەردو ئازا ڕەچاوی لێ دەکەن، خۆ ئەگەر پیاوێک جلکی ژنانە بپۆشێت، ئەوا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتا ئابڕوی دەچێت و لەوڵاتانی ڕۆژاوادا چەندەها شیکاری دەرونی بۆ دەکەن. وەک بینیمان کاتێک هەڵمەتێک کرا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دژی ڕێـژیمی ئێران، گوایە جلکی ژنانەیان کردۆتە بەری پیاوان بۆ گاڵتەپێکردنیان، هەندێک لە کوڕانی ئەنتەلەکتوێل بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو کارە جلکی ژنانەیان پۆشی لەسەر سایتە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ پشتیوانی کردن لە جلکی ژنانە و مێینە، بەڵام وەک سەرنجمان دا لە فۆتۆگرافیەکاندا جلەکەکان لکابوون بە پیاوەکانەوە، نە بوبوون بە بەشێک لەوان و هەستیان بە شکۆمەندی نەدەکرد لەگەڵیا، خۆیان نەخستبوە جێگای مێینەیەک، جلەکەکان ناکۆک بوون لەگەڵ دەم و چاوەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کوڕانە بە ویست و بە ئارەزووی خۆیان ئەوەیان کردبوو، لەبەر ئەوەی کەسەکە خۆی لە ناخەوە نەیدەتوانی قبوڵی بکات، هەرچەندە منی ئێگۆ دەیسویت خۆی بسەپێنێت دژی هەموو، بەڵا یاسا کۆمەڵایەتیەکان لە هزری مرۆڤدا سەپێنراون، جێگیربوون، هەروا بە ئاسانی ناتوانینن دەستبەرداریان ببین، دەبێت بە ڕاستی شۆڕشگێڕ بین.

باسی ئەو ژنانە ناکەم کە لە کێڵگەکانی کوردستاندا شەرواڵێک هەڵدەکێشن لە بەریان بەسەر جلکە ژنانەیانەوە، لەبەر ئەوەی شەرواڵی پیاوان باشتر ئەشێت بۆ کارکردن، یان جلکی کچە گەریلاکانی پەکەکە، باسی ئەو کچانە دەکەم کە وەک لە فۆتۆگرافیەکەدا

دەبینرێن بۆ ئاهەنگ و بۆنە، دەیان بینین چۆن خۆیان بە ئازادتر دەبینن لەبەردەم کچانی تردا، وەک ئەوەی بەو جلکانەوە بۆیان هەبێت هەمو پەلەیەکی ئازادی تێپەڕینن، ماف بەدەست بێنن. شەرم و هەڵس و کەتیان تەواو گۆڕاوە.



پاشان سیمۆن خان دەڵێت:

هەمو مێژووی ژنان لەلایەن پیاوانەوە دروستکراوە، تەنانەت لە ئەمەریکا تەنگژی ڕەش بونی نەبوو ئەوە تەنگژی مرۆڤی سپی بوو، بە هەمان شێوە ئەنتیسێمیتیزم گرفتی جولەکە نەبوو گرفتی ئێمەبوو، بۆیە گرفتی ژنان هەمیشە کێشەی پیاو بوە، وەک بینیمان لەسەرەتاوە بە هۆکاری توانای ماسولکەیانەوە بوو، پاشان بە جوانی مۆراڵ، کە بەهایان پێکهێنا، پاشان خووڕەوشت ، ئینجا دین، هەرگیز ژنان دژی ئەو ئیمپراتۆرەیان نەوەستاونەتەوە. کاتێکیش سوجدەیان دەبرد بۆ خواوەندی مێینە، لەبەر ئەوە بو کە لە سروشت ئەترسان، بەڵام کاتێک توانیان برۆنز بەرهەم بێنن، خواوەندەکانیان تێکشکاندن و دژی وەستانەوە، سیستەمی باوکسالاریان دامەزراند، بۆیە ململانێی نێوان خێزان و حکومەتەکان بڕیاردەربوون لەسەر مافی ژنان، هەڵسوکەوتی مەسیحیەکان بوو بەرامبەر بە خودا، نێوان جیهان و خۆی، کە ڕەنگی دەدایەوە لەو بارەی کە بۆی دیاریکرابوو، بەمەش دەڵێین سەدەی ناوەڕاست (شەڕی نێوان ئافرەتان) شەڕێک بوو لەنێوان پیاوانی دینی و سیکۆلارەکاندا بەبۆنەی مارەکردن و زگورتی بونەوە، ڕێژیمێکی سۆشیال بوو کە دامەزرابوو لەسەر موڵکایەتی تایبەت و پاشان پیاوی خاوەن خێزانی کرد بە سەرپەرشتیار. شۆڕشی تەکنیک کە لەلایەن پیاوەوە بەرهەمهێنرا بوو، ژنانی گەیاند بەم

ڕۆژە. شۆڕشی تەکنەلۆژی نێرینە بوو بەتایبەتی کۆنترۆڵکردنی دووگیانی مێینە، بەرێگریکردن لە دووگیانی ئافرەتان، وەهای کرد ژنان هەمو ژیانیان بۆ ئەو کارە تەرخان نەکەن.

فێمینیزم خۆی لەخۆیداهەرگیز بزوتنەوەیەکی سەربەست نەبوە، بەشیکی هەمیشە وەک چەکێک لە ژێر کۆنترۆلی پیاوانی سیاسیدا بوە، ڕەنگدانەوەی دیاردەیەکی زۆر لەوە قوڵتر بوو. هەرگیز ژنان چینێکی جیاوازیان لەوان پێک نەهێناوە، لە ڕاستیشدا هەرگیز هەوڵیان نەداوە وەک سێکسێک ڕۆڵێک ببینن لە مێژوودا. ئەو دۆکترینەی کە داوایان دەکرد، ئەوەی کە ژنان پێشوازیان لێ دەکرد وەک خۆی، لەشێک، ژیان، ململانێ، کە ئەو کەسێکی تر بێت، جیاواز بێت، ئەوە ئایدیۆلۆژی پیاوە و هەرگیز باوەڕ و داوای ئەو نەبوە. زۆربەی ئافرەتان دوای ملکەچی ئەو دیاردەیە بوون، بەبێ ئەوەی هیچ بەرگریەک بکەن، ئەوانەشی کە هەوڵیان داوە بیگۆڕن وایان دەرخستوە کە نەک خۆیان دابخەن لە شازیان و سەرکەوتنیان، بەڵکو بازدان بەسەریا. کاتێک ئەوان هەڵیاندایە ناو ڕەورەوەی ژیانەوە، بە ڕازیبوون لەگەڵ ئەودا و بۆهەمان ئامانجی نێرینە بوو.

ئەم بەشداریکردنە بە گشتی بە سەردەم و بە بەش بەش بوە، لەو چینانەدا کە ژنان هەندێک لەسەربەستی ئابوریان هەبوە و بەشداریان لە بەرهەمهێناندا کردوە، لە چینی ژێردەستەدا بوە، لەو کاتەدا ئەو وەک کرێکارێکیش زیاتر کۆیلە بوە، زۆر کۆیلەتر بوە لە کرێکارێکی نێرینە، لەچینی بەڕێوەبەرەکاندا ژنان وەک مشەخۆر وابوون بە جێبەجێکردنی قانونی پیاوان، لە هەردوو بارەکەدا ئەکسیۆن بۆئەو مەحاڵ بوە. قانون و ئەخلاق هەردوکیان پێکەوە هەڵناکەن: لە نێوان هەردوکیاندا هاوسەنگیەک دائەمەزرا بە شیوەیەک کە هەرگیز ژنان نەتوانن ئازاد بن .......



به گوێرەی ئەم قسە جوانانەی سیمۆن خان تێ دەگەین بۆچی کاتێک پیاوێک جلکی ژنان دەپۆشیت، وەک ئەوە وایە خۆی لە دۆخی کۆیلەدا ببینێتەوە وەهایە، بە پێچەوانەشەوە کاتێک مێینەیەک جلکی پیاوان دەپۆشیت وەک ئەوەی لە کۆیلایەتی ڕزگاری بوو‌بێت.

لە ژیانی مۆدێرندا، بەهۆی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی فەمینیستەوە و بەئاگادارکردنەوەی مرۆڤ لەو دیاردەیە، پیاوان لە کەڵچەرێکەوە بۆ کەڵچەرێکی تر بە جۆری جیاواز لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا هەڵسوکەوت دەکەن؛ کە بریتیە لە تێکەڵاوێک لە هەڵس و کەوتی خۆ خەتابارکردن و هەڵسوکەوتی شاز، بەجۆرێک کە هەڵس و کەوتیان دەبێتە کۆمێدیەکی پێکەنیناوی. لەبەر ئەوەی کە نازانن و لەتوانایاندا نیە مێینەیەک وەک کاسێکی ئاسایی ببینن، بۆیە لەم پارادۆکسەدا، دەبنە ئەکتەرێکی کلاون و پێکەنیناوی کە هەندێک جار بەبینینی ئەو دیمەنە ئارەقی شەرمەزاری دەردەدەین.

لێرەدا باسی ئاپۆ ناکەم، هەرچەندە دەچێتە ناو هەمان بابەتەوە، بەڵام شیکار و لێکۆڵینەوەی قوڵتری پێوسیتە، بۆیە تەنها باسی سەفەرەکی جەلال تالەبانی دەکەم کاتێک سەردانی فەرەنسای کرد و خۆی بینیەوە لەبەردەم ژنی سارکۆزیدا، وەک لە وێنەکەدا دەیبینن.

کاتێک جەلا تاڵەبانیم بینی بەو قەڵافەتیەوە لە بەردەم ژنی سارکۆزیدا خۆی چەماندەوە و کاتێکی زۆری خایاند، پرسیارم لە خۆم دەکرد کە ئایا کەی ئەم پیاوە خۆی دەخاتەوە ئاستی ستوونی خۆی! لە چاوەڕوانیدا بە بێ زیادەڕۆیی، ئارەقی شەمزاری بە ناوچەوانمەوە دەهاتە خوارێ. کارلای ژنی سارکۆزیش دەستی کرد بە پێکەنین لەبەردەم ئەو دیمەنە سەیر و سەمەرەدا، وەک ئەوەی خۆی لەبەردەم بونەوەرێکی دەرەکیدا ببینێتەوە، لەبەردەم کلاونێکدا، نەی دەزانی چی ڕویداوە! بۆچی ئەو پیاوە زل و زەبەلاحە بەو قەلافەتەیەوە لەبەردەمیا خۆی چەماندۆتەوە و نایەوێت خۆی بخاتەوە باری ستونی خۆی؟ هەرگیز پیاوێکی نەبینیبو بەو شێوەیە لە بەردەمیا بچەمێتەوە. بێ گومان لەبەر ڕێز بۆ کوردان، تەلەفزوێنی فەرەنسی زۆر لەسەر ئەم وێنەیە نەوەستا و کۆمێنتیان نەدا، بە خێرایی تێیان پەراند، لە هەمان کاتا میدیا و پیاوانی ئەنتەلەکتوێل ڕێزێکی زۆریان نەبوو بۆ کارلا. خۆ ئەگەر جەلال تاڵەبانی لەبەردەم دانیلە میتراندا بەو جۆرە بچەمایەتەوە، ئەوا میدیا بە شێوەیکی تر لێکۆڵینەوەی بۆ دەکرد و گرنگیان پێ ئەدا، دەیان بەستەوە بەو یارمەتیەی کە دانیەل میتران بەرامبەر بە کوردان کردویەتی لە ڕابوردودا، بەڵام ئەمانە هەرگیز ئەوەیان لەدەست ناوەشێتەوە و نەوەشاوەتەوە لەبەردەم دانیەل میتراندا خۆیان بچەمێننەوە، بۆچی؟

لەبەر ئەوەی دانیلە میتران ژنێکی ئازاد بوو، ( کارلا) ئافرەتێکە بە وێنەو ئارەزو و هەوەسی پیاوان؛ کاتێک ئەدوێت تەنها مەبەستی وروژاندنی هەوەسی بەرامبەریەتی، بۆیە پیاوان وەها لەبەردەمیا دەچەمێنەوە.

بۆچی جەلال تاڵەبانی نەیتوانی وەک کەسێکی ئاسایی لەبەردەم کارلادا هەڵسو کەوت بکات بە بێ کۆمێدی؟

جەلال تالەبانی وەک کەسێکی خوێندەوار و سەرەک کۆمار، پێش هەموو شتێک بە کۆدی وڵاتێکی تر هەلسوکەوتی کرد، لەهەمان کاتا وەک گووتم ئەو کۆدەی بۆ ژنێکی ئەنفال و بۆ دانیلە میتران بەکار نەهێنا، لەبەر ئەوەی دانیەل ژنێکی ئازاد بوو، ژنانی ئەنفالیش بۆ جەلا تاڵەبانی گرنگیەکی ئەوتۆیان نیە. لەهەمان کاتا هۆشمەند نیە بەوەی کە ئەو کارە دەتوانێت شکۆمەندیەکی گەورە بدات بەو لە جیهاندا و لەکوردستان، نەبوونی ئەو هۆشمەندیەش ئاستی ڕۆشنبیری و ئاگامەندی ئەومان بۆ دەردەخات، کە هێشتا ئەو ئەقڵی خێڵایەتی حوکمی دەکات، بەڵام لە هەمان کاتا ناکۆکی ناوەوەی خۆی بە پێێ ئەوەی گوایە کەسیکی ئەنتەلەکتوێلە و ئاگاداری ئازادی ئافرەتە بە ڕووکەش، لەویادا بەشێوەیەکی پێکەنیناوی، بە هەڵسوکەوتێکی نەگونجاو، دەیویست بەو ژنە بلێت کە ئەو هەرچەندە ڕۆژهەلاتیە بەڵام ئامادەیە خۆی بچەمێنێتەوە لەبەردەم مێینەیەکدا، نەی دەزانی کە ئەو خۆچەماندنەوە مانای ئەوە دەدات کە ئەو وەک کەسایەتیەکی یەکسان لە کارلای مێینە ناڕوانێت. ئەگەر ئەم هەڵس و کەوتە لە نەزانینەوە هاتبێت، ئەوا ڕاستی ناخی ئەو کەسەمان بۆ دەردەخات کە چۆن ناتونێت وەک بونەوەرێکی ئاسایی و یەکسان بڕوانێتە مێینەیەکی سەردەمی مۆدێرن.

**کۆتایی**



Pomlazka , Martine

**ماختینێ و پۆلمازکە**

جاران، هەتا ساڵانی هەشتا، زۆر ماڵ لە فەرەنسا ، لە کەنتۆرەکانیاندا جۆرێک لە قامچیان هەبوو، پێی دەوترا ماختینێ (Martinet)، ماختینێ لە بنەچەدا داهێنانێکی فەرەنسیە. چەند تیۆریەک هەیە بۆ ناوەکەی یەکێک لەوانەئەوەیە کە بە ناوی ژەنەراڵ ژۆن ماختینێ ( Jean Martinet)ە لە جەیشی لویسی چواردە، داهێنەری قامچیەکە بووە، لە بری ئەو تێلایەی کە هەندێک جار دەبووە هۆی مردنی کەسەکە بە باشتری زانیوە ئالەتێکی باشتر و کاریگەرتر و بەبێ تەنگژی بەکار بهێنرێت، وەک چۆن لە بری سەربڕین بە شمشێر و تەور فەرەنسیەکان ئالەتی گیۆتینیان داهێنا. یان گوایە لە ناوی پەڕەسێلکەوە هاتووە وەک کلکی پەڕەسێڵکە. مێژووی مرۆڤیش بە مانای مێژووی داهێنانی ئالەت (outil) دێت.

ماغتینێ لە چەرم دروستکراوە بە چەند ڕیشاڵیکی چەرمیش، هەر لە مێژەوە بۆ تەمێ کردنی مندالانیش بە کار هاتووە. دەبێتت ئەوە بوترێت کە لە فەرەنسا و بە شێوەیەکی گشتی لە ئەوروپاش، هەمیشە بۆ تەمێ کردنی منداڵان لە سمتیان داون، نەوەکا ڕوداوی نەخوازرای لێ بکەوێتەوە. لێدانیش لە کەڵچەری کۆندا پەیوەست بووە بە سیستەمی پەروەردەوە، بۆ خستنە سەر ڕێی ڕاستی مندالەکانیان.

لە فەرەنسا زۆر جار منداڵان دەچوون بە دزی باوک و دایکیانەوە ڕیشالەکانیان دەبڕیەوە، یان کورتیان دەکردنەوە، هەتا ئازار کەمتر بکێشن لەکاتێکدا باوک و دایکیان لێیان دەدەن. ماختینێ ئالەتێکە چۆتە مێژووی فەرەنساوە، هەندێک لە جیلی ئەم سەردەمە کە تەمەنیان پەنجا ساڵە، هەموویان جێگای ئازاری ماختینێ لە سەر سمت و لە بیرەوەریاندا هێشتا ماوە. هەندێک جاریش کاتێک کورێک باسی سمتی جوانی کچێکی دەکات، بۆ ئەوەی کە بلێت سمتی جوان و توند و تۆڵە، بە پێکەنینەوە دەڵێت:

دایکی بە منداڵی ماختنیێی باشی لێ داوە.

ساڵی 1984 بە قانون وەک ئالەتێکی ڕێپێنەدراو ناوی هێنرا و وەربەستکرا. بەڵام هەر لە کۆنەوە ئەم ئالەتە ئەگەر باوک و دایکی بیر تەسک، بۆ لێدانی منداڵەکانیان بەکاریان هێناوە، ئەوا بۆ کەسانی بیر فراوانیش بۆ مەبەستی ئێرۆتیک بە کاریان هێناوە، واتە بۆ وروژاندنی هەوەسی سێکسی؛ پیاوەکە یان ژنەکە بە کاری هێناوە و ئێستاکەش بەکار دێت لە گەمەی سێکسیدا و بازاڕی گەرمە لە سێکس شۆپەکان، لە فیلمە ئێرۆتیکەکانی سادۆمزۆشیستا هەمیشە دەبینین کچەکە یان کوڕەکە قامچیەکی چەرمی بەدەستەوەیە و دەکێشیت بە سمتی هاوگەمەکەیدا، ئەویش بە هاوارێکی ناسک وەڵامی دەداتەوە گوایە ئازار دەچیژێت. بێ گومان کاریگەری ئەم لێدانە لە سمتی منداڵان چەندەها شیکاری دەروونی بۆکراوە، بۆیە لەو تابلۆیەی هونەرمەندی فەرەنسی ماکس ئێرنست ( /1891 Max Ernest 1976 ) مریەمی دایکی عێسا دەبینین دەکێشیت بە سمتی عیسادا، ئیتر خۆت شیکاری بۆ بکە.

**<u>. Pomlazka</u>**

پۆملاکاز، ئاهەنگێکی پۆپولەری وڵاتانی ئەروپای رۆژهەڵاتە؛ چیکسلۆڤاکی و سلۆڤاکی. لە ڕۆژی ئاهەنگی ( پاک) دا، واتە ڕۆژی ژیانەوەی عیسا، لە دەمەو بەهاراندا، کچان بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەسن و خۆیان دەگۆڕن، گوایە خۆیان دەشارنەوە و کورانیش بە دوایاندا دەگەڕین بە قامجیەکەوە کە ڕۆژێک لەوەوبەر ئامادەیان کردووە لە لقی داری سۆلی تەڕ، سەرەکەی بە قردێلەی ڕەنگا و ڕەنگ رازاوەتەوە، کوڕان بە دوایاندا رادەکەن و دەکێشن بە سمتیانا. وشەی پۆلمازکا، بە مانای گەنج دێت، گوایە بە لێدان لە سمتی کچان لە لایەن کوڕانەوە، گەنج دەبنەوە.

جا ئیتر نازانین چ پیاوێکی زۆرزان ئەم ئاهەنگەی داناوە، بێ شک وەچەی عەلائەدینی سوجادیە و مەبەستی تەنها گۆڕینی ژیانە لە کۆمێدیایەکی تراژیدیەوە بۆ یاریەکی سوک و پڕ لە رەمزی خۆشی و لەزەت لەو بەهارە وروژێنەرە پڕ لە ئاواتەدا. شەڕە ئاویش لە هاویناندا لە کوردستان کە واخەریکە جێگای خۆی دەکاتەوە لە کەڵچەری سلێمانیدا، لە جیگای خۆیدایە و پێوسیتە لەسەر خەڵکی سلێمانی زیاتر گرنگی بەم ئاهەنگە بدەن هەتا ببێتە ئاهەنگێکی گەورە و بۆنەیەکی پڕ لە خۆشی بۆ گەنجان لە ڕۆژانی گەرمادا.

**کۆتایی**



سیمۆن دوبوڤارو مێینە و شەرەڤان.

کلاونێکی فەرەنسی دەی گووت: ( پاش ئەوەی ئێزدان ئادەم و حەوای لە بەهەشت دوور خستنەوە، بە ئادەمی گووت: دبێت ئیتر بە هێزی بازو و ئارەقی ناوچەوانی بژێوی ژیانی بەدەست بهێنێت، بە حەواشی گووت: دەبێت بە ئازارەوە بزێت. بەڵام دوای دوو هەزار ساڵ، حەوا نەک هەر بەئازارەوە ئەزێت بەڵکو کاریش دەکات وەک پیاو).

ئەو وێنەیەی سەرەوە کاری هونەرمەندێکی رۆژهەلاتی کوردستانە بۆ یادی ساڵانەی ئافرەتان. بەهۆی ئەوەی کە کوردانی ڕۆژهەلات لە فارسەوە نزیکن، لە بواری هونەری سینەما و شێوەکارییدا، لە ئێمەی کوردستانی باشور لە پێشترن. ئەو کارە هونەریە پێمان دەڵێت کە مێینە بە شێوەیەکی کارا بەشدارە لەگەڵ پیاودا لە ژیانی ڕۆژانەدا. ئەم کارە

هونەریە، کتێبی سێکسی دووەمی سیمۆن دوبوڤاری وەبیر هێنامەوە. سیمۆندوبوڤار وەک مێینەیەک تێڕوانینێکی زۆر دروستی هەیە لەسەر باری ژیانی مێینە.

سیمۆن خان دەڵێت، دەڵێت: (( لەو کاتەوەی کە خاوەندارێتی درووست بووە، بە پێی مێژووی کۆمەڵایەتی، کاتێک پیاو کەلوپەل و چەکی ڕاوی دروست کرد، بوو بە کەسێکی بەتوانا و لە مرۆڤە سروشتیەکەی خۆی لایدا، هەرچەندە مێینە بە ڕاستەوخۆ بەشداری لەو کارەدا نەکردووە بەڵام خەو و ئاواتی ئەویش بووە. مێینە بە هۆی باری بیۆلۆژی زایینەوە لەو سەردەمەدا بە بێ وچان لە هەموو وەرزێکدا دووگیان بوە و شیری داوە، ڕێگری لێ کردووە، ڕاستەوخۆ لەو خەباتەدا بەشدار بێت، بەڵام بە ناراستەوخۆ بەشداری کردووە، لە هەندێک سەردەمدا بۆتە یەکەیەکی پێویستیش. هەر بۆیەش مێینە وەک پرۆلیتارێک یان کۆیلەیەکی پێست ڕەش ڕانەپەڕیوە بۆ خۆڕزگارکردنی لە باری ژیانی خۆی، ئەگەر لە هەندێک سەردەمی مۆدێرندا داوای مافی خۆی کردوە وەک مافی لە باربردن یان یەکسانی مووچە، بەڵام هەرگیز شۆڕشیکی نەکردووە، خۆ ئەگر بی کردایە دەبوایە وەک کۆیلەیەک یان پرۆلیتارێک نمونەیەکی خۆی بهێنایەتەوە لە ڕابوردوودا بۆ گەڕانەوەی بۆ ئەو دۆخە، لە کاتێکدا ئەو وەک مێینەیەک هەر دەوری لەو پرۆسەیەدا بینووە، لە بەرئەوەی کە باری بیۆلۆژی، ئەو هەلەی بۆ نەڕەخساندوە وەک پیاو بتوانێت ئەویش لەو خەباتەدا ڕاستەوخۆ بەشدار بێت، وە ئەگەر سروشتیش وەهای ویستووە لە کاتی جوتبووندا پیاو بەسەر ژنەوە بێت، بەڵام وەک دەبینین لە ژیانی مۆدێرندا کە ماسولکە ئەو دەورە سەرەکیەی نیە لە کارکردندا، مێینە وەک پیاو لە زۆر بواردا لەو بەکارا ترە.

خۆ دەتوانرا هەر لە سەرەتاوە ئەو پەیوەندیەی پیاو و ژن وەک هاوڕێی ژیان و خەبات ببینرایە، بەڵام خاوەندارێتی کارێکتەری ئیمپریالیزمی لە پیاودا خولقاند، خۆ ئەگەر مرۆڤ ئەو کارەکتەری ئیمپریالیزمەی نەبووایە، هەرگیز خاوەندارێتی نەی دەتوانی ئەو کارەکتەرە بە پیاو ببەخێشیت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە هەرگیز ڕاستە و خۆ داوا لە مێینە نەکراوە مندال بخاتەوە، بەڵام بە زۆر شوویان پێ کراوە، یان بە پارە و سەروەت یان کاتێک یەکێتی سۆڤیەت داوای لە ژنان کرد کە خۆیان زیاتر جوان بکەن هەتاوەکو مێردەکانیان زیاتر بچن بەلایاندا، ئەمەش دەیسەلمێنێت بۆ پیاو، ژنان هاوڕێیەکی سێکسوێلن. بۆ پیاو، لەش، ژیانی سێکسوێل، تەکنیک، بونیان بەستراوەتەوە بە کۆی ئاامانجی بوونی، نەک وەک فرۆید، مێینە وەک لەشێکی جنسی و ئنگلس وەک لەشێکی ئابوری تێیان دەڕوانێت.

ئەو جیهانەی کە هەمیشە پیاو خاوەنی بووە، کاتێک دوو تاک بەرامبەر بەیەک دەوەستنەوە، ئەگەریش هەردووکیان نێرینەش بن و بۆ هەمان ئامانج بڕوانن هەر دەکەونە ملاملانێوە، خۆ ئەگەر یەکێکیان باری گونجاو تر بێت، ئەوا دەتوانێت خۆی بسەپێنێت

بەسەر ئەوی تردا، بۆیە پیاو توانی بەسەر ژندا زاڵ بێت، بەڵام ئەم سەرکەوتنە چ خاسیەتێکی پێ بەخشی؟ نازانرێت کە ئایا پێش شۆڕشی کشتوکاڵی ژن هێزی ماسولکەی وەک پیاو بووە! هەرچەندە پیاو زیاتر بەشداربووە لە بەگژداچوونەوەی دوژمن و ئاژەڵان و مەترسی تر، بە گوێرەی هەندێک گێڕانەوەی مێژوویی ژن بەشداری کردووە لە شەڕ و کوشتاریشدا، بەڵام کاتێک دوو گیان بووە نەی توانیوە لە کارەکەی بەردەوام بێت، بۆیە لە هەندێک گیرانەوەی مێژوویی زۆر لە مێینەکان مەمکی خۆیان بڕیوەتەوە هەتاوەکو بتوانن بەشداری بکەن، بەڵام پیاو هەرهێزی بازوی زیاتر بووە بۆیە براوە بووە، ئەو کاتێک دووگیان بووە بەبێ ووچان شیری داوە بە مندالەکانی، وەک ئەوەی کە بەرچاو دەکەوێت لە منداڵاندا؛ ژن وەک هێلکە دەوری پاسیڤ بووە و پیاویش وەک سپێرماتۆزۆید هەڵمەتبەر. بەڵام بۆچی لەو سەردەمانەدا کە نانەوەی نەوەی نوێ وەک پێویستیەکی سەرەکی بینراوە، هێشتا دەوری سەرەکی نەدراوە بە ئافرەت؟ راستیەکەی ئەوەیە کە مرۆڤایەتی جۆرێکی سادەی بونەوەر نیە، نایەوێت وەک ئەوەی کە هەیە بمێنێتەوە، پرۆژەی ئەو تاساندن نیە، پرۆژەی ئەو جێهێشتن و بازدانە بەسەر باری ژیانی خۆیدا. مرۆڤی کۆکەوەرەوە و ڕاوکەر، نە زەوی هەبووە نە نیشتمان نە هیچ، تەنانەت منداڵیش بۆ ئەو بارێکی گران بووە، ڕێگر بووە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی، بۆیە وای بینیوە کە ژنبوون و زایین کارێکی شکۆدار نەبووە، لەبەر ئەوەی کە ڕێگر بووە لە بەردەم خەونەکانی، هەر بۆیەش کوشتنی مندال لەو سەردەمەدا باو بووە.

لە چاوەڕوانیاد کە ژن وەک پێوەیستیەکی زیند و بە زاین و شیردانەوە خەریک بووە بە بێ ووچان، بە بێ گۆران، پیاو بە داهێنان و بە وەدەستخستنی خواردنەوە خەریک بووە، ئەمەش نەک وەک هەنگێکی کرێکار بەڵکو جیاواز. پیاو لە باری ئاژەڵیەوە بووە بونەوەرێکی داهێنەر کە هەر لەسەرەتاوە بە تەنی قورس بەرگری لە خۆی کردووە، بە هێزی ماسولکەکانی، پاشان بە داهێنان، بۆیەش ئەم کارانەی شکڵی پیرۆزیان پێ دراوە و سەرەمۆنی بۆ کراوە، لەبەر ئەوەی کە ئەو کارانە ئەوی کرد بە بونەوەرێکی تر، ئەمەش جۆرێکە لە پێشوازیکردن لە سەرکەوتنەکانی، لێرەوە خۆی بە بونەوەرێکی خۆ بەزلزان و بە توانا بینی، هەر لێرەشەوە دەبێتە بونەوەرێکی دڕندە و ترسناک، پیاو لێرەدا خۆی لە ئاژەڵ بەزیاتر زانی، کە ژن لەو کارەدا بێ بەش بوو، بۆیە ئێستاکەش کەسانی باڵادەست ئەو پیاوانە نین کە کە بە سێکسیان ئەزێن، بەڵکو ئەوانەن کە خەڵکی دەکوژن، خۆ ئافرەت دژی ئەو کارانەی پیاو نەبووە، چونکە ئەوە جۆرێک بووە لە خەون و ئاواتی ئەو، هەر بۆیەش لە ڕابوردودا باری ژێردەستەیی خۆی قبول کردووە، ئەمڕۆش ئەوەی ئەو داوای دەکات ئەوەیە کە دەیەوێت بناسرێتەوە وەک کەسێکی بەشدار لەو پرۆسەیەدا. تەنها داواکاریەکانیشیان، گۆڕینی قانون و یەکسانی موچە و هەندێک ڕێفۆرمی ترن، بۆیە

خەباتی مێینە ئەوە نیە کە شۆڕشێک بکات وەک کۆیلەیەک، داوای ئەو ئەوەیە بناسرێتەوە وەک کەسێک بەتەنیشت نێرینەوە دەوری هەبووە لەو پرۆسەیەدا )).

ئەم ووتانەی سیمۆن گەلەک بەنرخن. بۆیە ئێمەش ئەمڕۆ کاتێک شەرەڤانان دەبینین، منداڵەکانیان بەباوەشیانەوە، بە مەمکێکیان شیر دەدەن و بە بەدەستێکیان کەڵاشنیکۆفێک، ئەوە دەسەلمێنێت کە مێینە هیچیان لە ئێمە کەمتر نیە و بە چڕی بەشدارن لەو پرۆسەیەی کە مرۆڤایەتی بەرەو ڕووی دەڕوات، کە پیاوان خۆیان کردبووە خاوەنی و مێینەیان بێ بەش کردبوو، هەر بەو پێ یەش بێ بەشیان کردن لە مافیان، هەرگیز ئەوان وەک مێینە جۆرێکی تری خەبات و فەلسەفەیان نیە کە جیایان بکاتەوە لە ئێمەی نێرینە. بەڵام بۆچی بۆ ئێمەی پیاو ئەو دیمەنە نامۆیە؟ ئێمەی پیاو ئەگەریش هەندێکمان وەک خوێندەوارو ڕۆشنبیر بە تیۆری قبولْمان کردبێت، بەڵام بە پراتیک نەمان سەلماندووە؟ لە بەر ئەوەی کە بە دیدی ئێمە وازیان لە مێینەیی خۆیان هێناوە، کە بۆ ئێمەی پیاو ئەوان هەر کاریان زایین و شیردان بووە لە رابوردوودا، پێ دچێت خۆڕاهێنان لەگەل ئەم بارە نوێیەدا هەروا ئاسان نەبێت. خۆ ئەگەری مرۆڤێکی مۆدێرنیش بین، بەڵام هێشتا باری ئاژەڵیی زاڵە بەسەرماندا و کاریگەری هەیە لە سەر بیرکردنەوەمان، جگە لەوەی کە ئەو ململانێ و کێبڕکێیە هەر ماوە لە نێوانماندا. بەسەرنجدان لە چواردەوری خۆمان، لە ئەوروپا دەبینین، هەموو ئەو ئافرەتانەی کە ئاستێکی بەرزیان هەیە لە شەریەکەکاندا بە تەنیا خۆیان دەبیننەوە، ژیانی هاوسەریان نیە، وەک ئەوەی کە بڵێین: من ئاغاو تۆ ئاغا ئەی کێ فەرشمان بۆ ڕاخا؟ یان وەک چۆن بینومانە ژن لە هێلکەداندا دەوری پاسیڤە و پیاو وەک سپێرماتۆزۆید هەڵەمەتبەرە، کوتوپڕ بارەکە پێچەوانە بۆتەوە، بەڵام خۆ کاتێک سپێرماتۆزۆیدا دەچێتە هێلکەوە دەبێت واز لەکلکی خۆی بهێنێت، ئەوسا هێلکە قبوڵی دەکات.

لە داهاتودا، مێینەیەک قبوڵی ناکات ئەو وەک مێینە، حەوت مانگ دووگیان بێت. ئەم پرۆسەیەش وردە وردە دەستی پێ کردووە، وەک دەبینین لە ژیانی مۆدێرندا؛ لە ئەوروپا ئافرەتان کەمیان شیر دەدەن بە منداڵەکانیان، لە بەرئەوەی نەیانەوێت لەشیان بکەنە قوربانی لە زاییندا، هەتاوەکو بیخەنە گەڕ لە خەونی مرۆڤایەتیدا و خۆیان دوور بەخەنەوە لە باری ئاژەڵی.

## کۆتایی

ناسندنی ناوگەڵی مێینە وەک شەرەف و مۆراڵ لە لایەن نێرینەوە، سیاسەتێکی ژیرانە و چاوچنۆکییە بە مەبەستی پێشبڕکێکردنە بۆ خستنەوەی وەچەی خۆیان، دەنا شەرەف و



**بۆچی مۆراڵ و شەرەف لە ناوگەڵی ژناندایە؟**

ناسندنی ناوگەڵی مێینە وەک شەرەف و مۆراڵ لە لایەن نێرینەوە، سیاسەتێکی ژیرانە و چاوچنۆکییە بە مەبەستی پێشبڕکێکردنە بۆ خستنەوەی وەچەی خۆیان، دەنا شەرەف و

مۆراڵ تەنها بەهانە و درۆزنی و گێلین. خۆ ئەگەر مرۆڤایەتی ئاشنایی بە سروشتی خۆی هەبوایە، ئەوا گاڵتەی بە شەرەفی ناوگەڵ دەهات.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوە ئەگەر رۆژێک هەتا ئێوارێ بە تەنیشت هاوسەرەکەتەوە بیت، لە کاتی جووتبوندا سپێرمت کەمترە، لەبەر ئەوەی مێشک دەزانێت کە خانم دەگەڵ پیاوی تردا ڕای نەبواردووە، بۆیە تۆ پێویستت بە بەرهەمهێنانی سپێرم کەمترە. چونکا لە کاتی ڕەحەتبووندا پیاوێک نزیکەی 2.5 ملوێن سپێرماتۆزۆید ڕۆ دەکاتە رەحمی خانمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستمان تەنها بە یەک سپێماتۆزۆیدە بۆ پیتاندن. ئەم زۆریی چەندایەتیەی سپێرم بە مەبەستی کێبڕکێکردنە لەگەڵ سپێرمی نێرینەی تر. چونکا تەنها یەک لەسەر سێی ئەو سپرماتۆزۆیدانە بۆ پیتاندنن، ئەوانی تر بۆ بەگژداچونەوەی سپێرماتۆزۆیدی ترن لە رەحمی خانمدا، ئەگەر بەڕێکەوت خانم لەگەڵ پیاوێکی تردا سێکسی کردبێت لە پێش تۆ. ئەم سروشتە ملوێنەها ساڵ لەمەوبەر، لەسەردەمی پالیۆلیتیکدا لە ئای دی ئێنی مرۆڤدا چەسپاوە. لێرەوە تێ دەگەین بۆچی کوردان دەڵێن:

"کوزی گوێ ئاگردان بێ بەهایە".

چونکا کاتێک ژن و مێردێک هەمیشە پێکەوەن و یەکتری جێ ناهێڵن، هەوەس و ئارەزو کەمتر دەبێتەوە، لەبەرئەوەی پیاوەکە دەزانێت کە هاوسەرەکەی دەگەڵ پیاوی تردا ڕاینەبواردووە، بۆیە گونی پڕ نابێت لە سپێرم، هەر بۆیەش هەندێک کەپڵ لە کوردستان دەڵێن:

وەک خوشک و برامان لێ هاتووە (ئارەزووی سێکسکردنمان نەماوە)

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەوەسی کێبڕکێیان نەماوە، لەبەر ئەوەی هەمیشە پێکەوەن.

ئەگەر ژنێک هەوەسی تۆ دەورووژێنێت کاتێک خۆی جوان دەکات و بۆنی خۆش دەدات لە جەستەی، عەتر و جوانی نیە کە تۆ دەورووژێنێت، بەڵکو هەوەسی پێشبڕکێیە کە تۆ دەورووژێنێت، لەبەر ئەوەی دەزانیت کە ئەو کچە توانا و شانسی زۆرتر هەیە دەگەڵ پیاوی تردا سێکس بکات، بۆیە هەوەسی پشبڕکێ ناوگەڵت دەخاتە ئاڵۆش. کاتێکیش بە تەنیا دەژیت زیاتر مشتەگانێ دەکەیت، چونکا هەمیشە گوونت وەک مەخزەنی کەلاشنیکۆف پڕە لە سپێرم، لەبەر ئەوەی دەزانیت هەر خانمێک کە پێێ دەگەیت، پێ دەچێت لەوەو بەر دەگەڵ پیاوێکی تردا سێکسی کردبێت، بۆیە گوونت پڕە لە سپێرم بۆ دەستڕێژکردن و کێبڕکێی سپێرمی تر لە رەحمی ئەو خانمی کە لەهەر ئانو ساتێکدا پێی دەگەیت.

پێشبڕکێی نێوان نێرینه و خاوەنداریەتی بۆ نانەوەی توخمی خود، بۆته سیاسەتێک لای پیاوان. ئەم هەستەیە وەرچەرخاوە بۆ مۆراڵ و شەرەف به قازانجی نێرینه، هەتا وەچەی خۆی زاڵ بکات بەسەر نێرینەیەکی تردا. ئەگەر دینه یەکتاپەرستەکان به خێرایی پەرەیان سەند، لەبەر ئەوەی هەر هەموویان بەلای هەوەسی پێشبڕکێی نێرینەدا دەیان شکاندەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئافرێندراون، ئەو هەوەسەی که ژنێکی پەردە نەژاکاویان بۆ ئاغا ئامادەکردووە، واته له پێش تۆ پیاوی تری نەناسیوە، لەماڵەوەیه بۆ پێداویستی و نانەوەی وەچه و ئاغاش به ئارەزووی خۆی ڕاودەکات. ئایینی ئیسلام گەورەترین دەسەڵاتی داوە به نێرینه لەو ڕووەوە. خۆ ئەگەر کەسانێک دەڵێن ئەوە کەڵچەری ئێمه نیه و له شوێنی ترەوە بۆمان هاتگه، ئەوا هەڵسوکەوتی مرۆڤ زگماکی نین وەک ئاژەڵان، بەرهەمی کۆمەڵایەتی و کەڵچەرین، کامەیان لەبار و گونجاو بێت به پێی سەردەم بۆ پیاوی نێرتک ڕەپ، بۆ پێشبڕکێ، ئەوەیان پەیڕەوی دەکرێت. وەک دەبینین له باکوری کوردستان ڕەشبەڵەک کەمترە وەک له باشور، بەڵام سەرنج دەدەین که وا خەریکه ئەم مۆدێله زیاتر تەشەنه دەکات، لەبەر ئەوەی به قازانجی نێرینه دەشکێتەوە، به قازانجی ئەو سیستەمه دەشکێتەوە لەم سەردەمەدا و هانی دەدرێت لەلایەن ئیسلامیەکانەوە که له خزمەتی ئەو سیستەمەدان.

بەڵام هەتا ئەم ساته زانست نەیسەلماندووە ئایا ئەم هەڵسوکەوت و گۆرانکاریانه بەرهەمی کۆدێکی پێش وەختەن، یاخود بەهۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتیەکانەوە پەرە دەسێنن.

تەنها ئاگایی و پەروەردە و بەهۆشهاتنەوەمان زیاتر هەقیقەتی سەپاندنی توخمی خود و کەلەرەقی دەرەوێنێتەوە. لەبەر ئەوەی به تەنیا شانسم کەمترە لەو پێشبڕکێیەدا، بۆیەکا پەنا دەبەمه بەر سیاسەتی بەکۆمەڵ، خەباتی بەکۆمەڵ. سیاسەتی به کۆمەڵیش خاسڵەتێکی تایبەته به ئۆمۆساپیان. ئەگەر ماریا سامی دەکوژێن، لەبەر ئەوەی ماریا له هزری پیاوانی ئەو ناوچەیەدا که هێشتا پەروەردەیان له ئاستی حوجرەکاندایه، موڵکی کۆمەڵگەیەک بوو به ناوی کۆمەڵگەی ئیسلامی، بۆی نەبوو خۆی بەجۆرێکی تر نمایش بکات، بەو هۆیەوە سەرنجی پیاوانی دەرەوەی کۆمەڵگەی ئەوان ڕاکێشێت بەلای خۆیدا و ڕێژەی توخمی موسڵمانان کەمتر بکاتەوە لەم پێشبڕکێیەدا.

ئەو موسڵمانانەی که شانازی به مۆراڵی خۆیانەوە دەکەن گوایه ئەوان وەک ئاژەڵان هەڵسوکەوت ناکەن و خاوەنی مۆراڵن، بەڵام ئەفسوس ئەم هەڵسوکەوته تەواو ئاژەڵیه.

لێرەوەیه که هەستی کۆمەڵگه و خێلایەتی دروست دەبێت، شەڕ و پێکادان هەتا دەگاته شەڕی جیهانی. بەجۆرێک هەقیقەت خۆی دەشارێتەوە لێمان که خاڵی دەستپێک گووم دەکەین. خۆمان وون دەکەین، تەنانەت ماریاش که دەیگووت:

" دەبێت دەوری مامۆستا ئەوە بێت پێش ئەوەی وانەی کوردی بە مندالان بڵێتەوە، با بەئاگایان بهێنێتەوە لە جۆری هەڵس و کەوتیان دەگەڵ دەوروبەرەکەیاندا". ماریا ڕای دەگۆڕێت و دەڵێت: "دەبێت ئەم کۆمەڵگەیە بە شەق فێربکەین دەنا فێر نابن". بۆیەکا کاتێک تەنگژیەکان لە پەرەسەندندان، دەگەینە هەقیقەتی دژواری.

خۆ ئەگەر هەشتی مارسمان داهێنا بە ئامانجی بەئاگاهتنەوەی کۆمەڵگە لەم دژواریانە. بەڵام ئەوەی دەیبینم لەسەر سایتە کۆمەڵایەتیەکان، جێگای پێکەنین، خەڵکی پیرۆزبایی جەژنی ئافرەتان لە یەکتری دەکەن، یان لافیتەیەک هەڵواسراوە لە شەقامێکیی کوردستاندا و لێی نوسراوە:

"ژنانی کابان، بە خواردنی کوردەواری بۆن و چێژی جاران زیندوو دەکەنەوە"

یان ڕۆشنبیرێک دەڵیت: "ماریا سامی بەهۆی ڕێکخراوە فەمینیستەکانەوە کوژرا"

هەشتی مارس ئەو ڕۆژەیە کە تەرخان دەکرێت بۆ باسکردنی تەنگژیەکانی مێینە لە هەموو جیهاندا، بۆ بەخەبەرکردنەوەی کۆمەڵگەیە لە چەوساندنەوە و کۆیلایەتی ژنان، بەتایبەتی لەم هەشتی مارسەدا کا ماریای تێدا کوژرا.

لەم ڕۆژەدا، لە فەرەنسا و لە ئەوروپا زۆرترین وتار دەنوسرێن لەسەر مافی ئافرەتان و مێژووی چەوساندنەوەی ئافرەتان و بزوتنەوەی فەمینیست لە جیهاندا، لە خوێندنگاکانادا مامۆستایان باسی تەنگژی مێینە دەکەن. بەڵام لە کوردستان هەموو شتێک بە پێچەوانەوەیە.

بۆیە ئەگەر ئەم تەنگژیانە ئاوا بەردەوام بن و گۆڕانکاری نەکرێت، ئەوا دەگەینە هەیقەتی دژواری و ژنان خۆیان ڕێکدەخەن بۆ تیرۆرکردنی پیاوانی ئایینی، پاشان پیاوانی سیاسی یەک بە یەکیان لە زۆنی زەرد و سەوز و سورور و نیلی. چونکا وەک ماریا گووتی:

"ئەم کۆمەڵگەیە بەشەق نەبێت تێ ناگەن."

لەسەرەتاوە دەبێت هێرش بکرێتە سەر ماڵی مەلاکان، لەوانە مەلا مەزهەر، مەلا کاروان، مەلا هەڵۆ و دکتۆر تەڕەماش و هەموو مەلاکانی تر، کە هەموو ڕۆژێک پیاوانی سیاسی بانگهێشتیان دەکەنە سەر تەلەفزوێنەکانیان و خەریکی قسەی قۆڕ و بێ مانا و هەڕەشەکردنن لە خەڵکی، هانی خەڵکی دەدەن بە کوشتنی ئەوانەی باوەڕیان بە دینی ئەوان نیە و نوێژ و ڕۆژو ناگرن. موچەی بەلاش وەردەگرن بە وتاری قەڵب و قۆڕ بۆ گەنجان.

دەبێت ئەمانە قۆلبەست و دەمبەست بکرێن لە ماڵی خۆیاندا، پاشان بەنەخوێنی شەرواڵەکانیان بە مەقەست ببڕن و بیهێننە سەر ئەژنۆیان، ئینجا تێلایەک ببڕڕنە قونیانەوە، پاشان نێرتکیان ببڕنەوە لەبندا هەتاوەکو وەک ماناگا بباعێنن بۆ نێرتکی بڕاو و گونی هەڵئاوساویان. پاشان هەڵبکوتنە سەر ماڵی پیاوانی سیاسی، لەوانە قوباد تالەبانی، پاڤێل، مەلا بەختیار، مەسرور بارزانی، نێچیرڤان و مەسعود بارزانی، دارێک ببڕنە قونی هەریەک لەمانە و گونیان ببڕن و نێرتکی فشۆڵەیان بەجێ هێڵن. دەنا ئەمانە هەرگیز بەخەبەر نابنەوە، لە چاوەڕوانیدا سەدەها ماریای تر دەکوژرێن.

## کۆتایی



## گیلگامێش و سەتەلایتی ڕۆزێتا (Rosetta)

**پێشەکی:**

**کاتێک دیکۆر سازکراوە؛ ئەکتەرەکان، کارمەندەکان، بێ بزوان، هەر یەکەیان لە جێی خۆیان هەڵوەستاون. دەرهێنەرەکە لە شاشەیەکەوە چاوی لەسەر ئەو دیمەنەیە، کامێرامانەکە دەستی لەسەر پەلەپیتکەی کامێراکەیە. کوتوپڕ، بە دەنگێکی بڵند،**

دەرهێنەر ئێژێت: ئەکسیۆن. ئیدی گشتیان دەکەونە کار بە گوێرەی وێنای ئەوەی پێشنیاری بۆ کراوە لەوە بەر، بە پێی سیناریۆیەکی بڕیاردراو.

شەوانە، وەختەکی خەوم لێ دەزڕێت، دێمە ناو ساڵۆنەکەم، خۆم ئاڵاندەکەم بە کارێکەوە؛ کتێبێک، گۆڤارێک دەگرم بە دەستمەوە، یانژی بابەتێک دەنووسم. ئەو شەوە بەبێ ئەوەی پێش وەختە بڕیارم دابێت، سیناریۆیەکی بەر وەختەم سازکردبێت، وەها دڵخوازیم دەکرد بە وشەیەک هەر پێ بکەم، وەک جۆرج لاکان؛ لاکان، بەراوەژوی وتار و تێکستی ئامادەکراو و نەبزاوکراو بوو، وەک خۆی نڤی لێ نابوو؛ وتاری سەرۆک. هەندێک جار لە بەردم خوێندکارەکانیدا نەیدەزانی بە چ باسێک دەست پێ بکات، داوای لە خوێندکارێک دەکرد، پرسیارێکی ئاراستە بکات، یانژی وشەیەک بدرکێنێت، ئێدن، لەو وشەیەوە باسەکەی درێژە پێ دەدا.

یان وەک کەسێکی بوودیست، وەهام ئارەزووم دەکرد بە جیهانی هزر و هۆشمدا گەشت بکەم؛ بودیستەکان، لەسەر کورسییەک دادەنیشن و چاوانیان دادەخەن، بە ناخی خۆیاندا دەچنە خوارەوە، ئینجا بە پای کورسییەکەدا، پاشان لەوێوە بۆ ژوورەکە و، لە ژوورەکەوە بۆ باخچەکە و ئێدن بە هەموو جیهاندا گەشت دەکەن. بۆ ئەوەی کە پێمان بێژن؛ هەموو تەنەکان دەگەڵ یەکتری گرە دراون؛ هەر تەنێک بکەین بە نوختەی دەستپێک، دەتوانین بە گشت جیهاندا گەشت بکەین.

بۆیە بەبێ بیرکردنەوە، خۆڕسکانە، وشەی؛ ئەکسیۆنم کرد بە خاڵی بنەچە. ئێدن لەو وشەیەوە، ڕستە پێک هات، پاشان پەرەگراف، ئینجا چیرۆکێک. هەرگیز نەمدەزانی وشەی ئەکسیۆن ئەم سەرگوزشتە بە دوای خۆیدا دێنێت. هەمو ئەو باسانەی، ئەو کتێبانەی دەمخوێندنەوە لەو سەردەمەدا و لە ڕابوردوودا، دەگەڵ کەرەسەی ماڵ و مێزی ساڵۆنەکەم وەک دیکۆر، یەک بە دوای یەک نۆرەیان دەگرت و جێگای خۆیان دەکردەوە لە باسەکەمدا، وەکی ئەکتەری شانۆکان؛ هەریەکەیان دەوری خۆی دەبینی، بەڵام بەراوەژوی شانۆوە چیرۆکەکە لەوەبەر  بڕیاری لەسەر نەدرابوو. خۆم لە تخوونی ئەو باسەش نەدا، کە کێ ئەو وێژەیەی چرپاند بە گوێما، وەکی چۆن هەرگیز بە گوریسی ئەو باسەدا ناچمە خوارەوە؛ کێ و چۆن یەکەم ئەکسیۆنی ڕاو دا، گرنگ ئەوەیە ئێمە لە جیهانێکداین پڕە لە چیرۆکی هەمە جۆر، ئەم چیرۆکەش یەکێکە لەو چیرۆکانە. گرنگیی چیرۆک و ئەدەب و فەلسەفەش جگە لە شکڵە ئەدەبییەکەی، گەواهی ڕۆژگارێکە. ئەم چیرۆکە شایەتی گەشتی مرۆڤێکی ساپیانە، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، لە کەڵچەرێکەوە بۆ کەڵچەرێکی تر، وەک تەنەکان چۆن لە گەردووندا بە یەکدا دەکێشن لە ژێر هێزێکی نادیاردا بۆ پێکهانینی تەنێکی تر، جیهانێکی تر.

سەفەر سەلامەت.

**ئەم نووسراوە بۆ تەمەنی سەروو هەژدە ساڵ دەشێت.**

باوکم؛ عەلادین ســـوجادی، دایکم؛ نینســـۆن. ئەم کورتە چیرۆکە لەژێر کاریگەری ئەدەبی ئیرۆتیزمی فەرەنسیدایە، هیوادارم کەس دڵگران نەکات.

نووسینی: سەردار حەمەڕەش

پێداچوونەوە؛ بەکر ئەحمەدی

هەرتەنێک بکەم بە خاڵی دەســـتپێک، دەتوانم بە ناخیا بچمە خوارەوە و بە هەموو گەردوونـدا گەشـــــت بکەم، لە هەر بـاســـێکەوە دەتوانم بچمە نـاخی هەموو تەنگژەکانەوە، لە هەر وشـــەیەکەوە دەتوانم چیرۆکێك بنووســـم. بۆ نموونە دەڵێم: ئەکسیۆن[1]

هەمو تەنێک لە گەردووندا لە ئەکســیۆندان، بەبێ وچان لە ســوراندنەوەدان، لەژێر هێزێکی نادیاردان، باشـــتر وایە پرســـیار نەکەین، پرســـینی کێ و بۆچی ئەو تەنە هەمیشە لە ئەکسیۆندایە، "بودا"[2] دەڵێت:-

((بە گوریســـــی هە ند ێک پرســـــیاردا مەچۆرە خوارێ، لەبەر ئەوەی بە هیـچت ناگەیەنێت و پێدەچێت کاریگەری خراپیشی لەسەر باری دەروونیت هەبێت)).

ئەگەرچی زانســـــت چەندەها نهێنی هەڵماڵیوە، بەڵام ئێمە لە کۆتاییدا ڕووبەڕووی دیوارێک دەبینەوە، ئەویش یەکەم هۆکارە کە ئەکسیۆنی دروستکرد؛ چی و چۆن و کێ یەکەم ئەکسیۆنی کرد؟ چی پاڵنەربوو؟ چۆن مادده لە هیچەوە دروستبوو؟

هەموو ڕووداوێــک، هەموو ئەکســـیۆنێــک، هۆکـارێکی لە پشـــــتە، ئەگەر دوای هۆ کارە کان بکەوین، دەرەنجـام دەچینەوە  ناو ئەتۆم، تەنۆلکەیەک لە ناو ئەتۆ مدا دەلەرێتەوە کە بارســـتایی نزیکە لە ســـفر، بۆ دۆزینەوەی ســـەرچاوەی ئەو هێزەی بەرپرسە لە لەرینەوەی، دەبێت پرۆینە دەرەوەی گەردوون، درەوەی ئەم هەسارەیە کە لە شـێوەی دیســکێکدایە و بە دەوری کونێکی ڕەشــدا دەســورێتەوە، دەرەوەی گەردوون واتە: هیچ، واتە: بۆشــایی، دەرەوەی گەردوون بوونی نییە، هزری ئێمەی مرۆڤی ساپیان ناتوانێت بۆشایی قبوڵ بکات، هەرچەندە ئێمەش خۆمان بەرهەمی بۆشـــــایین و "بۆزۆنی هیگس" بەرگی ماتریاڵی پێ پۆشـــــیوین. وادیارە کاتێک ئەو تەنۆلکەیە بە جۆرێــک دەلەرێتەوە، ژیـان بە بەختەوەریی دێتە بەرچـاومـان، بە لەرینەوەیەکی تر، ئاوازێکی تر دێتە بەرگوێمان، دنیا دەبێتە ئەشکەنجە بۆ ئێمە.

"ڕامبۆ"دەیگوت:

---

[1] (جوڵەو چالاکیی، ڕووداو)Action

[2] Gautama Buddha

((ئەکسـیۆن ژیـان نییە، ژیـان جۆرێکە لە بە فیرۆدانی هێزێـک، یـان توڕەبوونێک))[3].

ئەمە وتەی کەسـێکی ئەشـکەنجەدراو یان چەوسـێندراو نییە، وتەی کەسـێکی لەخۆبـاییە، وتەی مرۆڤێکە کە ئـاڕاسـتە و مـانـای ژیـانی گومکردووە، کـاتێـک جەمسـەری باشـە و خراپە یەکدەگرنەوە و بازنەیەکی داخراو پێکدێنن، ئەمیان ئەوی تریان بە ئاگا دێنێتەوە. وادیارە هەموو مرۆڤێک لە ئاستێکی سپیریتوێل[4]ــدا دەگاتە هەمان لۆژیک: کاتێک هەموو ئەکسـیۆنەکان، بە خراپ و باشـیانەوە بەرەو هەمان ئامانج دەڕۆن، ئازار و خۆشـی هەمان بەهایان دەبێت. بەڵام لەبەر ئەوەی کە (جەلالەدینی ڕۆمی[5]) ئیماندار بوو، بڕوای بە ئەکسـیۆنەکانی خودا هەبوو، ئەو دەسـوڕایەوە لەگەڵ مانگ و ئەسـتێرە و گەردووندا. بۆ ڕۆمی، سـوڕاندنەوە لەگەڵ ئەو هێزەدا دەمانبات بەرەو بەختەوەری و هارمۆنی. ڕۆمی لایەنگری (پۆزەتیڤیسم[6]) بوو، بۆ ئەو ژیان ئاڕاسـتەیەکی دیاریکراو و پڕ یاردانی هەبوو، بۆیە بە ێبا کانە دەیتوانی لەگەڵیا بسووڕێتەوە.

خۆ ئەگەر ڕۆمی و ڕامبۆ، دژ بەیەکیش بن ئەوا هەر یەکدەگرنەوە، دەچنەوە سـەر هەمان مەدار و دەخولێنەوە، هەردووکیان گێل و نەفام بوون! وەک هەموو مرۆڤێکی ساپیان، وەک بودا دەڵێت: (مرۆڤ بە گێلی حوکمدراوە). لەبەر ئەوەی هۆشمەندی سنووردارە.

هەتاکو هەسـتی ئاگامەندیت تێدا بەخەبەر نەیەتەوە، ئەکسـیۆنەکانت جۆرێکن لە بەفیرۆدانی هێزێـک، کە پێتـدراون لە ئەزەلەوە، وەک چۆن بە خواوەنـدێـک دراوە، هێزێکی خودایـت تێـدایە، ئەو هێزە ئـامـانجی گۆڕانکـارییە، لەبەر ئەوەی کە تۆ بەرهەمی گۆڕانکاریت، بۆیە هەمیشە بەردەوامیت لە گۆڕانکاریدا، ئەوە ناخی تۆیە، جەوهەری هەموو بوونێکە. بەڵام کاتێک ئاگامەندیی وەدەست دەخەیت، دەکەویتە شـک و گومانەوە، لێکدانەوە بۆ ئەکسـیۆن دەکەیت، شـەرم داتدەگرێت و لە ئەکسـیۆنەکانی ڕابوردووت پەشـیمانیت. بە گژ خودادا دەچیتەوە، بەگژ ڕۆمیدا دەچیتەوە، بەگژ ڕامبۆدا دەچیتەوە. دەتەوێت بڕیار و ئاراسـتەی خوداکان بگۆڕیت، مانایەک بدەیت بە ئەکسیۆن. لە ئەگامەندییەکی ڕەهادا، وەها ئارەزوو دەکەیت لە ئەکسـیۆن بوەسـتیت، چونکە هەموو ئەکسـیۆنێک دەمانباتەوە بۆ بانە. بۆیە ڕامبۆ دەیگوت:

- وابزانم هەموو مرۆڤێک، قەدەرێکی بەختەوەری هەیە.

ڕامبۆ بە نەفرەت بێت.

---

[3] Arthur Rimbaud

[4] Spiritual

[5] جلال‌الدین محەمەد بەڵخی(<u>١٢٠٧</u>-١٢٧٣م) لە دایکبووی خۆراسان، ناسراو بە مەولانا، مەولەوی و ڕۆمی. شاعیر و عارفی ئیسلامیی.

[6] Positivism

پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر، من خۆم یەکێک بووم لە پیرانی ئەنجومەنی شاری ئوروک[7] باش بیرم دێ ئەو ڕۆژەی کە گیلگامێش[8] کتوپڕ دەرگای ئەنجومەنی کردەوە و هاتە ژوورێ، کوڕێکی جوانخاس، کەڵەگەت و چوار شانە. خۆی گۆڕی بوو، چاوی بە کل ڕشتبوو، ماوسولکەکانی بە هەتوانی زەیتون چەورکردبوون، بازنگ و خشڵی لە خۆی دابوون، بۆنی مێخەک و ڕێحانە! بەر سنگ و مەچەکی بە تیسکی درێژی وەک بەران داپۆشرابوون، دوو پرچی ڕەشی قەترانی بە لاشانیدا هاتبوونە خوارەوە، بە چەرمێکی ئاسک باڵای هەتا سەر ئەژنۆی داپۆشیبوو، ڕانە ئەستوورەکانی شەقی بە چەرمەکە بردبوو، گەڵوگونی لەژێر چەرمەکەوە هەڵتۆقیبوون، هێندەی تر هێز و توانای پێ بەخشیبوو. هەرچەندە لەوەوبەر سەردانەکەی پێراگەیاندبووین و چاوەڕوانمان دەکرد، بەڵام کوتوپڕ کە دەرگاکەی کردەوە و خۆی هەڵدایە ناوەڕاستی ئەنجومەنەکەوە، هەمووومانی ڕاچڵەکاند.

لەبەردەم جمهورێکدا لەناوەڕاستی هۆڵەکەدا وەک ئەوەی خۆی لەسەر شانۆیەکدا ببینێتەوە؛ ئێمە بە چواردەوریدا، ئەو بە پێوە و (ئەنکیدۆ)[9] لە پشتییەوە، خانمی شۆخ و شەنگ و ڕووخۆشیش بە تەنیشتیەوە. بەرسنگ و ناوگەڵی بە پارچەیەک چەرم داپۆشیبون، مەمکۆڵەکانی وەک گەڵوگونی گیلگامێش هەڵتۆقیبوون، بە وردی سەرنجی گیلگامێشی دەدا. گیلگامێش ماخۆلانی تێکەوتبوو، دەخولایەوە وەک شێرێک لە قەفەزێکدا، جێگای نەدەبوەوە لەو پانتاییەدا.

گیلگامێش، هەموو دیالۆگ و بڕیارەکانی لەوەوبەر ئامادەکردبوون، وەڵامەکانی، وتەکانی، بڕیارەکانی، قسەکانی، بەسترابوونەوە بە هێزێکی نادیار و ئەزەلییەوە. بۆیە هەر وتەیەکی وەک تیرێکی کاریگەر بەر هزری لێکدانەوەی ئێمە دەکەوتن و ڕێگای پێ نەدەداین ئاراستەکەی بە لایەکی تردا بەرین. هێندە ئەو هێزە بڕیاردەر بوو، کاریگەر بوو، جادووگەر بوو، نەماندەتوانی ڕێڕەوی بگۆڕین، بە لاڕێیدا بەرین، ئاراستەکەی بگۆڕین. خۆ ئەگەر ئەو هێزەی لە وتەکانیدا هەستی پێ دەکرا، ئەوا بە لەشی کەڵەگەت و ماسولکەی بەهێز و گەڵوگونی هەڵئاوساوی، پێداگری زیاتری تێدا دەکرد.

نەهاتبوو، بۆچوونی ئێمە بزانێت، پرسمان پێ بکات لە ئەگەر و نەگەری ئەکسێۆنەکەی، هاتبوو لەبەر ئەوەی ئێمە لەسەر ڕێڕەوی سەفەرەکەی بووین، دەبوایە بە ئێمەدا تێپەڕیبایە. لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی بە لۆژیک بەرەو خاڵێکی دیاریکراو هەنگاو دەنێن، گشت بیر و هۆشیان دەخەنە ناو ئەو ئاراستەیە، ئیتر هەموو ڕووداو و دەنگوباسەکان دەچنەوە سەر لۆژیکی ئەو، باوەڕی وەهایە کە ئەو

---

[7] **Uruk ئوروک**، بە سۆمەریی؛ اونوگ. لە ئینجیلدا بە: ئارپاخ(ܐܘܪܘܟ).بە یۆنانی: اورخویە(Ὀρχόη). بە عیبری: إيريتش (אֶרֶךְ ). بە عەرەبی: وركة يا أورک، ناسراوە. یەکێکە لە شارە دێرینەکانی شارستانیەتی سۆمەر و نزیکە لە شاری بابل، لە باشووری ئێراقی ئێستا.

[8] Gilgamesh داستانی گلگامێش، سەرچاوەیەکی پێویست پێکدێنێ لەسەر زانیاریی لەبارەی سەردەمەکانی هەرە پێشووی میزۆپۆتامیادا. ئەم داستانە کۆنترین دەقی نووسراوی وێژەییە لە جیهاندا و بە هەموو ڕۆژهەڵاتی پێشیندا بڵاوبۆتەوە. لێکۆلینەوەکان دەریانخستووە، کە (تەورات، ئەلیادە و ئۆدیسێ، هەزارویەک شەوە، ئینجیل و قورئان) کاریگەریی داستانی گلگامێشیان پێوەدیارە.

[9] ئێنکیدو، مرۆڤی ئافرێندراو لە قوڕ، کە لەلایەن خودای ژیرییەوە بڕیاری دروستبوونی دراوە. بڕوانە داستانی گیلگامێش، وەرگێڕی کوردیی: شاسوار هەرشەمی- ناوەندی جەمال عیرفان.

پڕیاری خولاندنەوەی گەردوون دەدات. دەبێتە تەنێک، دەبێتە کۆمێتێکی کلکدار لەسەر مەدارێک[10].

گیلگامێش، نیگای فڕیبوو، لەمێژ بوو ئێمەی جێهێشتبوو، تەنها لاشەی لای ئێمە بوو، دەنا دەمێک بوو ڕێگای گرتبووەبەرو "هاواوا"ی لە گۆڕ نابوو. هەرچەندە دەمزانی هەرچییەک بڵێم، هیچ لە باسەکە ناگۆڕێت، لە پڕیاری سەفەرەکەی، لەبەر ئەوەی هەموو نەهامەتییەکانی ژیانی خستبووە ئەستۆی هاواوا، وای دەزانی بە کوشتنی هاواوا ئەو دەبێتە مرۆڤێکی بەختەوەر، وای دەزانی ئەوە چارەسەرە، ئەوە دەبێتە سەرەتای ژیانێکی نوێ بۆ ئەو، دەبێتە سەرەتای بەختەوەری بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگەکەی. نا، نەمدەویست ڕێگری لێبکەم، بەرپەرچی قسەکانیم نەدایەوە، لەبەر ئەوەی دەمزانی هەموو مرۆڤێک لە سەردەمێکی لاویدا دەبێت ئەکسپۆنێکی گرنگ ئەنجامبدات، دەبێ ئەسپی ژیانی شەکەت بکات، هێزی بازوو و ماسولکە و چوکی بەفیڕۆ بدات. هەموو مرۆڤێک لە تەمەنێکیدا دەبێت هاواوایەک بکوژێت، دەنا هەرگیز بەهۆش خۆیدا نایەتەوە، دەنا هەرگیز سەفەرێکی تر ناگرێتە بەر بۆ پاککردنەوەی گوناهەکانی، دەنا هەرگیز پرسیار لە بوونی خۆی ناکات، ناتوانێت ئاراستەیەک بدات بە ژیانی، بەهایەک، وەڵامێک بە بوونی....

سەفەر سەلامەت

پێنج هەزار ساڵ دوای ئەو بەسەرهاتە، ساڵی (٢٠٠٠) تەمەنم سی ساڵانێک دەبوو، کاری بزوێنەری سەتەلایتێکم پێ سپێردرابوو بە ناوی ڕۆزێتاوە. ڕۆزێتا بریتی بوو لە سێ تەن ئاسن و تەنکەلۆژیا[11]. دەبوایە ڕۆزێتام بگەیەندایەتە سەر بەردێکی کلکدار، کە حەوت میلیۆن کیلۆمەتر دوور بوو لە زەوییەوە. گوایە ئەو کلکدارە نهێنی بوونی منی مرۆڤی لەناو خۆیدا حەشارداوە، نهێنی سەرەتای دروستبوونی گەردوونی لە خۆیدا حەشارداوە. دەبوایە بە تواناى زانستیم ئەو سەتەلایتە بگەیەنمە سەر ئەو کلکدارە، هەتاوەکو بیسەلمێنم کە من لەوم. نزیکەی پانزە ساڵی ژیانم تەرخان کرد بۆ ئەو پرۆژەیە، لە چاوەڕوانیدا کوڕێکی بچکۆلەم بوو لەگەڵ هاوسەرەکەمدا و بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ناوم نا: گیلگامێش. هەموو ڕۆژێک گیلگامێشم دەبرد لەگەڵ خۆم بۆ ژووری سەرپەرشتیاری و سەرپەرشتی سەتەلایتەکەم دەکرد، بە جۆرێک کە ئەو پرۆژەیە ببووە پرۆژەی گیلگامێشی کوریشم، هێندە ئاشقی ڕۆزێتا بووبوو، وازی لە ورچە خورییەکەی هێنابوو،

---

[11] ڕۆزیتا)بە ئینگلیزی(Rosetta) یان ڕەشید، کەشتییەکی ئاسمانی دەزگای بۆشایی ئەورووپی بوو، لە ٢ ئازاری ساڵی ٢٠٠٤ ڕەوانەی دەرەوەی زەوی کرا، بۆ ئەستێرەی کلکداری (CometChuryumov–Gerasimenko) کەشتی ئاسمانی ڕۆزیتا گەیشتە نزیکی ئەستێرەی کلکدارەکە لە نزیکی مانگی ئابی ٢٠١٤دا. لە تشرینی دووەمی ٢٠١٤ کەشتی فیل کە بەشێک بوو لە کەشتی ئاسمانی ڕۆزیتا، ئەو بەشە لە کەشتییەکە جیا بوویەوە و چووە سەر ئەستێرە کلکدارەکە، هەتا چەندین لێکۆڵینەوە بکات و زانیاری تەواو و ورد بگەیێنێتەوە سەر زەوی. ئەو کەشتییە نزیکی ١٠ ساڵ بە ڕێگەوە بوو تا گەیشتە ئەو ئەستێرە کلکدارە. ناوی کەشتی ڕۆزیتا لە ناوی بەردێکی میسری وەرگیراوە بە ناوی (بەردی ڕەشید). لە ویکیسۆرانییەوە وەرگیراوە.

بەوپەڕی پەرۆشــییەوە چاوەڕوانی کاتی نیشــتنەوەی ڕۆزێتای دەکرد لەســەر ئەو کلکدارە.[12]

پاش هەوڵدانێکی زۆر و نزیککردنەوەی ڕۆزێتا لەو بەردە، لە ســـاڵی ٢٠١٠دا ســەتەلایتەکەم وزەی پێنەما، بە ناچاری خستمانە خەڵوەتەوە بۆ ماوەی ٣١ مانگ هەتا بتوانێت لە خۆر نزیک بێتەوە و باترییەکانی جارێکی تر چارج بکاتەوە. پاش ئەوەی بەخەبەر بووەوە، ئەوەبوو پاش نزیکەی پازدەســاڵ، ســاڵی ٢٠١٤، ســەتەلایتەکەم گەیاندە ســەر هەمان خولگەی کلکدارەکە، لە دووری ســەد کیلۆمەترەوە لەسەر هەمان خولگە دەسوڕایەوە، ئەوە گەورەترین سەرکەوتن بوو بۆ من. لەو دوورییەوە بڕیارماندا ڕۆبۆتێک بنێرین بەناوی: (فیلاێ)وە بۆ ســەر ئەو بەردە کلکدارەی کە ناومان نابوو: (چوری[13]). چوری پانتایی تەنها سێ هەزار مەتر چوارگۆشــە بوو، بەردێکی ئاڵۆز بوو، چاڵوچۆلی و کون و کەلەبەری زۆری تێدابوو، نیشتنەوە لە سەری کارێکی هەروا ئاسان نەبوو، دەبوایە شوێنێکی جێگیر دیاری بکەین هەتاوەکو ڕۆبۆتەکە بتوانێت لەسەری بنیشێتەوە.

دەستی گیلگامێشم گرتبوو، دڵم ترپەترپی دەکرد، پازدەساڵی هەوڵ و تێکۆشانم بەســترابۆوە بە چەند چرکەیەکەوە؛ ئەو کاتەی پێچەکەی ڕۆبۆتەکە دەگاتە ســەر چوری و جێگیر دەبێت. بە هێزێکی مامناوەندی، بە پێوەری دووری و کێشــی ڕۆبۆتەکە، فیلایم هاویشت بەرەو کلکدارەکە و دوای چەند خولەکێک گەیشتە سەر بەردی چوری، پاش چەند هەڵبەزینەوەیەک، توانی جێگیر ببێت. هەر کە کۆمپیوتەری ســەر ڕۆبۆتەکە، ڕاپۆرتی خۆی نارد و هەواڵی گەیشــتنی خۆی پێ ڕاگەیاندین، هەموو هاوڕێکانی پرۆژەکەم، هەموو ئەوانەی پازدەســاڵە هاوڕێی پرۆژەکەم بوون، لە چواردەورمدا کردیان بە چەپڵەڕێزان و هەندێکیان وەک من فرمێسک بە چاوانیاندا دەهاتە خوارەوە.

دەســتم لە دەســتی گیلگامێشــدا بوو، توند گوشــیبووم، ئەو بە پەرۆشــتر لە من، چاوی بڕیبووە"ڕۆزێتا و چوری" و چەپڵەی لێئەدا.[14]

لێرەدا کاری من تەواو بوو، سەفەرەکەی من کۆتایی پێهات. دوای ئەوەی ڕۆبۆتەکە دەســتی کرد بە هەڵکۆڵین و ناردنی ڕاپۆرت لەســەر ئەو مادانەی لەســەر چوری بون، بە ڕاپۆتێک دوای دوو ڕۆژ پێمانگەیشــت، چاوەڕوانی شــیکاری ئەو مادانەمان دەکرد لەلایەن خانمێکی بایۆلۆژیکی ئەڵمانی، کە هەموو ژیانی لە بایۆلۆژیدا تەرخان کردبوو. پاش لێکۆڵینەوە، لە کۆنفرانســێکدا هەموومان چاوەڕوانی دەرئەنجامەکانیمان دەکرد.

خانمی بایۆلۆژیست گووتی:

- ئەو بەردە: ((چوری)) یەکێکە لەو مادە ســەرتاپیانەی کە گەردوونی لێوە دروســتبووە، دوای پشــکنین دەتوانین ئەوە بڵێین، کە هەموو ئەو مادانەی لەســەر ئەو بەردە دۆزراونەتەوە، لە ئێمە و لە ئاژەڵان و لە

[12] Comet
[13] Tchouri
[14] http://www.esa.int/Enabling_Support/Operations/Rosetta

ڕووەکەکانی سـەر زەویدا هەنە! ئەم دۆزینەوەیە ئەوەمان بۆ دەسـەلمێنێت، کە پێش ئەوەی ئێمەی مرۆڤ بونمان هەبێت، ئەو مادانە بوونیان هەبووە و ئێمە لەوانین. ئەمەش مژدەیەکی باشـە و ئیتر پێویسـت بەوەناکات ئێمەی مرۆڤی سـاپیان[15] خۆمان بە سـەنتەری گەردوون بزانین. پاشـان گووتی: بێگومـان ئەوە ڕای منە، لەبەر ئەوەی ئەم بـاسـە تیۆرییە، ڕای جیـاواز و مشتومڕ و دیبەیتی لەسەرە.

هەمو هەوڵ و کۆششی پانزە ساڵی ژیانم، بە چەند ڕستەیەک لە دەمی خانمی بایۆلۆژیسـتدا کۆتایی پێ هات، کە گوایە ئێمەی مرۆڤی سـاپیان لەو بەردەین. دڵخۆشـبووم بە سـەرکەوتنی پرۆژەکەم، کە پانزە سـاڵی ژیانم بۆ تەرخانکردبوو، بەڵام من چاوەڕوانی زیاترم دەکرد. پرسـیارێک بۆ من هێشـتا بێ وەڵام دەمایەوە، ئەویش ئەوە بوو: بۆچی هەسـتی سـۆز و بەزەیی و ئەشـکەنجە لە ناخی مندا سـەریان هەڵداوە؟ بۆچی من هەڵبژێردراوم؟ بۆچی ئاگامەندیی لە مندا خەبەری بۆتەوە؟ ئایا ئەگەر ویسـتی گەردوون لە منی مرۆڤی سـاپیاندا سـەری هەڵداوە؟ لەبەرئەوەیە کە کارێکی گەورەی بە من سپاردووە؟ بە منی مرۆڤێکی بچکۆلە؟ یان ئەوەیە من مێشـولەیەکم لە ناو گێژەڵوکەیەکدا فڕەی باڵم دێت و بەرەو هەمان ئاراسـتەی گێژەلوکەکە دەڕۆم؟ من هیچ بڕیاردەر نیم و ناتوانم ڕێڕەوی بگۆڕم، تەنانەت بڕیار لەسـەر ئایندەم نادەم. من بەندکراوێکم لە بەندیخانەیەکی گەورەدا کە پێی دەڵین: گەردوون. بۆیە هەموو ئەو وتانەی خـانمی بـایۆلۆژیسـت وتی دەربـارەی (چوری)، وەڵامی پرسـیـارەکـانی نەئەدامەوە، بۆ من بەس نەبوون، هەستی پرسنیی منیان دانەدەمرکاندەوە.

سـاڵۆنەکەم جێهێشـت و چوومە ژووری سـەرپەرشـتیار و لەسـەر شـاشـەی کۆمپیوتەرەکە ڕۆزێتام بەرامبەر بە چوری دەبینی، هەردووکیان لەسەر یەک خولگە بەرامبەر بەیەک، لە دووری حەوت سەد میلیۆن کیلۆمەترەوە، بوبوونە موڵکی منی مرۆڤی سـاپیان. هیچم بۆ نەمایەوە، لە ناچاریدا بە کۆدێک[16] پەیوەندیم کرد بە ڕۆزێتاوە، کە دەیتوانی تێکسـتەکە لەو بۆشـاییە چۆڵەدا وەربگێڕێت بۆ دەنگ، لە دووری حەوت سـەد میلیۆن کیلۆمەترەوە، لەگەڵ بەردێکـدا دەدوام، وەک چۆن کاتێک لاوبووین بەرامبەر بە شـاخەکانی هەورامان هاوارمان دەکرد و پرسـیارمان لێ دەکردن:

- شاخەکە
- ها، ها، ها
- کێ ئاگامەندە، من یان تۆ؟
- تۆ...تۆ.....تۆ...
- کێ بڕیاردەرە؟ من یان تۆ؟
- تۆ...تۆ .......تۆ...
- کێ سەنتەرە؟ من یان تۆ؟

---

[15] Homosapiens
[16] Text Code

- تۆ....تۆ .....تۆ...

پاش چەند ساتێک بەئەگا هاتمەوە و خۆم لەو بۆشاییە چۆڵەدا بینیەوە، لە دووری حەوت سەد میلیۆن کیلۆمەترەوە لەگەڵ بەردێکدا دەدوێم، بە دیمەنێکی بێ مانا و نامۆ دەهاتە پێشچاووم، خۆم نەدەناسیەوە، هێندەی تر تووشی پەشۆکی هاتم و دەروونی شێواندم، خۆم وەک بوونەوەرێکی نامۆ، ئاژەڵێکی نامۆ دەهاتە پێشچاو، وەک ڤایرۆسێک: دوای ئەوەی زەویم داگیرکردووە و وێرانم کردوە، تەنگم بە ئاژەڵان هەڵچنیوە. ئێستاکە دەمەوێت بە گەردووندا بڵاوببمەوە وەک هەموو زیندەوەرێکی تر، پانتایی خۆم وەک هەموو لەشێکی زیندوو، وەک قەوزەیەک، وەک ڤایرۆسێک فراوانتر بکەم. هەموو ئەم چیرۆکانەشی کە گوایە من ئاگامەندم و خاوەنی هەست و سۆز و بەزەییم، هیچ مانایەکی ئەوتۆیان نییە لە ئەزەلییدا، منیش وەک هەموو زیندوویەکی تر لەژێر کاریگەری هێزێکدام و توانای بڕیاردانم نییە.

دیمەنی خۆم دەبینییەوە لە بەردەم ئاوێنەکەی بەرامبەرم لە ژوورەکەدا و سەرنجی دەموچاوی خۆم دەدا بە وردیی، سەرنجی چاو و برۆ و قژی ماشوبرنجی خۆمم دەدا، پێش پرۆژەی ڕۆزیتا، تاڵی سپی لەسەرمدا نەبوو، هەنوکە خۆم بە مرۆڤێکی تەواو جیاواز دەهاتە بەرچاو؛ لەگەڵ زەمەندا شێوەی دەموچاوم بە جۆرێکی دیار و سەرسوڕمێنەر گۆڕابوو؛ پێڵوی چاوەکانم زیاتر هەڵئاواسابوون، چەند چرچێکی تەمەن، لە دەوری چاو و دەمم دەرکەوتبوون. سەرنجی زیپکەیەکی سەر گۆنام دەدا، بیرم دەکردەوە کە چۆن لەناو ئەو زیپکەیەدا ملیارەها میکرۆبی زیندوو هەنە، پێ دەچێت منیش زیپکەیەک بم لەناو گەردووندا و هیچی تر. ئیتر چ پێویست دەکات من خۆم بە چەقی گەردوون بزانم؟ لە هەمان کاتدا بەرپەرچی خۆمم دەدایەوە: نا، نا، بەو جۆرە نییە، من سەتەلایتێکم ناردووە بۆ سەر بەردێک لە دووری حەوت سەد میلیۆن کیلۆمەترەوە و پەیوەندی پێوە دەکەم، هیچ بوونەوەرێکی تر لەسەر زەوی ئەو توانایەی منی نییە. من خاوەنی شارستانیم، من شێرم خستۆتە قەفەزەوە، مەیمون هەڵدەپەرێنم، خاوەنی سەمفۆنیای مۆزارتم، خاوەنی مۆزەخانە و بورجی ئیفلم، خاوەنی چەندەها جۆری زانستم، من باسی کات و پانتایی دەکەم، باسی هێزی ڕاکێشان دەکەم، زۆر نهێنی گەردوونم دۆزیوەتەوە، من پەیوەندی دەکەم بە مانگ و ئەستێرە و ڕۆژەوە، ئەوان باکیان بە من نییە، هیچ هێزێک لەگەردووندا پەیوەندیم پێوە نەکات، ئاگایان لە بوونی من نییە، ئاگامەندی نازانن چییە، ئەوە نەبێت تەنەکان بە یاسای فیزیایی لە گەردووندا دەکێشن بەیەکدا و ڕکابەری بوون و نەبوون دەکەن بەبێ هۆشمەندی. نا، نا من میکرۆب نیم، من ڤایرۆس نیم، من مرۆڤێکی ئاگامەندم و هەوڵ دەدەم نهێنی بوون و گەردوون بدۆزمەوە، لەبەر خۆمەوە بەخۆمم دەگووت: من پوشوپەڵاش نیم بەدەم باوە، من بڕیاردەرم.

من مرۆڤی ساپیانم، مێژوویەکی دێرینم هەیە. پێدەچێت ئەم هەستە غەریبەم لە ئاکامی کۆتایی هەوڵ و کۆششی پانزە ساڵم بێت، وەک چۆن دوای هەموو پرۆژەیەک هەست بە بۆشایی و نائومێدی دەکەین. دەستم دەهێنا و دەمبرد بە بەدەنما، هەتاوەکو هەست بە بوونی خۆم بکەم، لەبەر ئەوەی وام هەست دەکرد کە سێ تەن ئاسن و تەکنەلۆژیا، نزیکەی پازدە ساڵە لەمندا ژیاون و کتوپڕ جێیان

هێشتووم. نزیکەی پازدە ساڵی ڕەبەق شەوانە لەگەڵ ڕۆزێتادا دەخەوتم و لەگەڵ ئەودا خەبەرم دەبۆوە، لەگەڵ ئەودا نانم دەخوارد، خەوم بە ڕۆزێتاوە دەبینی، بە جۆرێک کە هاوسەرەکەم ئێرەیی بە ڕۆزێتا دەبرد، هەندێک جار بە شۆخییەوە پێی دەگووتم: من هاوسەرتم یان ڕۆزێتا؟ ڕۆزێتا ببووە ئۆرگانێکی زیندوو، ئەندامێکی گرنگی لەشی من، گشت هزری داگیرکردبووم. ئێستاکە کتوپڕ کەم ئەندامیی ڕۆزێتام پێوە دیارە، ئەم پرسیارانەش کە ڕووبەڕووی خۆمی دەکەمەوە، هۆکاری ئەو بۆشاییەیە کە ڕۆزێتا تێیدا دروستکردووم. هەستم دەکرد تەنانەت کاتێک لە ژوورەکەدا هەنگاوم دەنا، هاوسەنگی لە دەست دەدەم و بەلادا دەکەوم، وەک ئەوەی کاتێک کەسێک لە خۆشەویستەکەی جودا دەبێتەوە، خۆی بە نامۆ دەزانێ لە بۆشاییدا، نازانێت چۆن لەگەڵ ژیانی نوێیدا هەڵسوکەوت بکات، پرسیاری بوونی خۆی دەکات، پێ دەچێت هۆکار ئەوە بێت. ڕۆزێتا هاوسەنگیی ژیانی پازدە ساڵم بوو.

دەرگای ژووری سەرپەشتیارەکەم داخستوو، چووم بە دوای گیلگامێشدا لە ساڵۆنی کۆنفرانسەکە، دەستم گرتوو سواری ئۆتۆمۆبیلەکە بووین پێکەوە، بەرەو ماڵەوە ڕێککەوتین. ئێوارە درەنگانێکی وەرزی زستان بوو، کەشوهەوا سارد بوو، بەدەم لێخورینی ئۆتۆمۆبیلەکەمەوە جارێکی تر بیرەوەرییەکانم بۆ پێنج هەزار ساڵ لەوەوبەر فڕین، ئەو ڕۆژەی گیلگامێشم بینی، بە پێوە لەناو ئەنجومەنی پیرانی شاری ئوروک، تەرمی ئەنکیدو لە باوەشیدا، جارە جارە کرمێک لە لاشەی ئەنکیدۆ هەڵدەوەری و دەکەوتە سەر زەوی، وەک من خۆی بە نامۆ دەزانی، لەو نێوەدا دەسوڕایەوە، بەدوای ئاراستەیەکدا دەگەڕا لەو بۆشاییەدا. گیلگامێش وەک ئەوەی پێستی مردووی پۆشیبێت! سەروچاوی ماندوو، بینایی تاریک، ماسولکەکانی فشۆڵە، هیلاکی و شەونوخونی چەندەها شەو، نیگای تەواو شێواندبوو، ئەو مرۆڤەی جاران نەمابوو؛ کاتێک دەدوا، ئەپاڕایەوە بۆ ژیانی، ئەنکیدۆی دەلاواندەوە، ئەپاڕایەوە بۆ ئەنکیدوی گەشمەردەی. خانمی ڕووخۆشیش لە پشتییەوە دەستی خستبووە سەرشانی گیلگامێش و بەکوڵ دەگریا، فرمێسک بە گۆنایدا دەهاتە خوارێ، سەرنجم دەدا کە جوانخاسییەکەی جارانی نەمابوو، سنگ و مەمکی وەک جاران دەرنەدەپەڕاند، لە توانایدا نەبوو جارێکی تر بوونەوەرێکی کێوی وەک ئەنکیدۆ بە شارمی سنگ و سمتی دەستەمۆ بکاتەوە. خۆی هەڵواسیبوو بە دواهەمین هەناسەی گیلگامێشەوە، بەڵکو لەدوای سەفەرەکەی، هەردووکیان پێکەوە ژیانێکی بەختەوەری بەسەربەرن هەتا دوا ساتەکانی ژیانیان.

لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەمدا ئاورێکم لە گیلگامێشی کورم دایەوە کە تەمەنی گەشتبووە دە ساڵانێک، وام هەست دەکرد کە دەیەویست وەک جاران باسی ڕۆزێتای بۆ بکەم، بە لاچاوێک سەیری دەکردم وەک ئەوەی پرسیارم لێبکات و پێم بڵێت؛ چییە؟ چی ڕوویداوە؟ لێمدەڕاما، دەیزانی کە ئەو باوکەی جاران نەماوم بۆ ئەو، وەک جاران نایدوێنم و باسی ڕۆزێتای بۆ ناکەم، بۆیە ئەو کەوتە پرسیار و پێی گووتم:

- ڕۆزێتا کەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی؟
- ڕۆزێتا ناگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی کە ناتوانین بیهێنەنەوە سەرزەوی.
- ئەی چی بەسەر دێت؟

- پاش چەند ڕۆژێکی تر وەک دیارییەک دەیدەین بە چوری و بۆ هەتایە بە تێکشکاوی لەسەری دەمێنێتەوە.
- کە گەورە بووم، منیش وەک پاپا سەتەلایتێک دەنێرم بۆ سەر هەسارەیەکی تر، لە ڕێگادا سەر لە ڕۆژێتا دەدەم، بزانم هەر لەوێ ماوە.
- زۆرباشە، ئەگەر سەفەرت کرد، بیرم چوو ئەو پرسیارە لە چوری بکەم، پێی بڵێ ئەگەر ئێمە پڕیاردەرین، بۆچی ناتوانین لە بەختەوەرییەکی هەمیشەییدا بژین.
- بەختەوەریی چییە؟
- بەختەوەریی! بە واتای مرۆڤی دڵخۆش دێت، کاتێک نە ئەشکەنجە نە چەوساندنەوە نە هاوار بوونی دەبێت.
- من زۆر بەختەوەرم، هەمیشە لەگەڵ هاورێکانمدا ئاهەنگ دەکەین و پێدەکەنین.
- بە ڕاست؟ من هەمیشە خەمی تۆمە، ئەو سەفەرەشم هەر بۆ تۆ کرد، هەتاوەکو تۆ بەختەوەر بیت.
- من ئەگەر چوومە سەر هەسارەیەکی تر، لەگەڵ هاورێکانمدا، شارێکی یاری دروست دەکەین، پری دەکەین لە یاری چەرخ و فەلەک و مەلەوانگە و قونە خلیسکێ.
- ئەی دوایی؟
- هەر لەوێ دەمێنینەوە و بۆ خۆمان هەر یاری دەکەین.

گەشتینە بەردەم گڵۆپی سووری هاتوچۆ، لەناکاو خۆرتێکی ڕەشپێستی ئەفریقی باڵابەرز و چوارشانە خۆی کێشا بە ئۆتۆمۆبیلەکەمدا و ڕای چڵەکاندم! پاشان هاتە بەردەم جامی ئۆتۆمبیلەکەم و خۆی خستە سەر ئەژنۆ، وەک کەسێکی ئیماندار لەبەردەم تەوتەمێکدا، لێم دەپاڕایەوە، لەسەرما هەڵدەلەرزی و فوی لە دەستەکانی دەکرد. لیک و چڵم بە دەمولوتی‌دا دەهاتە خوارێ، جارجارە فوی لە هەردوو دەستی دەکرد، هەڵمی هەناسەی لەو تارماییەدا، لەو سەرمایەدا وەک جەگەرەکێشێک دەبینرا.

پەنجەرەی ئۆتۆمۆبیلەکەم بە ئاستەم کردەوە. بینیم کوڕەی ئەفریقی بەکوڵ دەگریا و، فرمێسکەکانی کۆمێدی نەبوون، بە جۆرێک لێم دەپاڕایەوە و سکاڵای دەکرد، وەک ئەوەی ژیانی لە مەترسیدا بێت، وەک ئەوەی کە چەند ڕۆژێک بێت نانی نەخواردبێت. پێداگری دەکرد کە دەبێت بە هەر شێوەیەک بێت یارمەتی بدەم. خۆی خستبووە سەر ئەژنۆ، وەک ئەوەی لەبەردەم خواوەندێکا نزا بکات.

وێنەیەکی ئاساییە کاتێک دەگەیتە بەردەم گڵۆپێکی سووری هاتوچۆ لە شاری پاریس، پەناهێندەکان داوای پارەت لێ دەکەن، بەڵام بەو شێوەیە پێداگری ناکەن، وەک ئەو کوڕەی کە بینیم لەبەردەمما، وەها لێم دەپارایەوە کە هەڵبژاردەی تری نەدەدامێ، جگە لە یارمەتیدانی.

سەرنجم دا بوو هەر یەکێک لەو پەناهێندە ئەفریقییانەی لەسەر جادەکان داوای یارمەتیان لە خەڵکی دەکرد، تەکنیکێکی جیاوازی بەکاردەهێنا، کاریگەرترینیان ئەو کەسانە بوون کە دەگریان و دەپاڕانەوە، سەرت بۆ دادەنەوێنن و خۆیان دەکێشن بە

ئۆتۆمۆبیلەکەتا، وەک ئەوەی ژیانیان لە مەترسیدابێت و تۆ فریادڕەسیان بیت. وادیارە کاتێک ئەشکەنجە دەگاتە لوتکە، ئیتر ئەوسا تاکی ئەشکەنجەدراو دەرگا دەشکێنێت، مۆراڵ و شەرم دەخاتە ژێر پێیەوە، تەنها شتێک کە گرنگە بۆ ئەو، ڕزگاربوونییەتی. تاکی ئەشکەنجەدراو، یان ئەوەیە واز لەخۆی دەهێنێت و خۆی دەدات بەدەم مردنەوە، یان ئەوەیە هێندە پەلەقاژێ دەکات، کە کاریگەری دەبێت لەسەر تەنەکانی دەوروبەری و بەسەریاندا باز دەدات و خۆی ڕزگار دەکات. کارەکتەری مرۆڤی ساپیان[17] هەمیشە پەلەقاژێ و هەوڵدان بووە لە مێژوودا، بازدان بووە بەسەر لاشەی مردوواندا. ئێمەی ساپیان بە پەلەقاژێ بەسەر زیندەوەرانی تردا زاڵ بووین و شارستانیەتمان پێکهێناوە، کۆدێتامان بەسەر هەموو زیندەوەراندا کردووە.

ئێستاکەش کە مرۆڤی ساپیان مەترسی زیندەوەری دەرەکی و ژیانی دژواری دارستانی لەسەر نەماوە، بە سیستەمێك ئەو هەستە لە تاکەکانیدا دەهروژێنێتەوە، بە دروستکردنی هێزێکی دژ بە خۆی، کە جۆرێکە لە؛ بە ماتریالکردنی هزری خۆی. هەتاوەکو لە ئەشکەنجەیەکی هەمیشەییدا بژی، لەبەر ئەوەی تاکی ئەشکەنجەکێش دەتوانێت چارەسەرێک بدۆزێتەوە، بەدەم داواکارییەکانییەوە بڕوات. ئەشکەنجە، داهێنەرە و دینامیک دەدات بە تاک و دەتوانێت داهێنان بکات، داهێنانیش مرۆڤایەتی دەبات بەرەوئامانجە ئەزەلییەکەی، کە پێی سپێردراوە و تیایدا چێنراوە. ئەشکەنجە، ماتۆڕە، ئەشکەنجە مرۆڤ دەخاتە ئەکسیۆنەوە، مرۆڤ کارا دەکات هەتا بە چالاکتر بەدەم ئارەزووەکانییەوە بڕوات.

ئەو بونەوەرەی پەلەقاژە دەکات و دەیەوێت لە ژیاندا بەردەوام بێت، بە شێوەیەکی گشتیی ئامانجێک و هیوایەکی بە ژیان هەیە، ڕۆحێکی هەرە زیندووە، دەیەوێت بگاتە خاڵی مەبەست، ئاراستەیەکی هەیە لە ژیاندا، تروسکایی هیوایەک لە بیناییدا بەدی دەکرێت. ئەو کەسانە وەک کەسانی جادووگەر بە مانا ئەرێنییەکەی کاریگەرییان لەسەرت دەبێت، ئەگەر ئەو کورە ئەفریقییە هێندە پێداگری دەکرد، بۆ ئەوەیە کە بگات بە کۆتایی سەفەرەکەی، کە وەک پەیمانێک بە خۆیی دابوو. پرسیارم لە خۆم دەکرد: ئایا بۆچی هەندێک مرۆڤ ئەو ویستەیان تێدا نەچێندراوە و هەندێکی تر بە پێچەوانەوە؛ هێزێکی هروژێنەریان تێدا چێنراوە، هەردەم بەبێ وچان لە هەڵپەهەڵپە و ڕاکەڕاک دان؟ لە هەمان کاتدا، کە پێنج ئۆرۆم لە گیرفانم دەردەهێنا و دەمدا بە کورە ئەفریقییەکە، پرسیارم لە خۆم دەکرد: بۆچی نایدەم بەو پەناهێندەیەی بە شێوەیەکی شەرمنانە داوای یارمەتیم لێ دەکات؟ هەندێکیان زۆر جار بە خەندەوە هیوای ڕۆژێکی خۆشم بۆ دەخوازن، بە چەند ڕستەیەک باسی ژیانم دەکەن؛ ئایا دڵم خۆشە یان ڕۆژێکی خۆشم بردۆتە سەر. بۆچی نایدەم بەوان؟ بۆچی دەیدەم بەم کورە ئەفریقییەی بەردەمم؟ بۆیە هەڵسوکەوتی ئەو کورە ئەفریقییەم لابووە باسێکی گرنگ، وەک ئەوەی ئەو کورە بەشدار بووبێت لە پرۆژەکەمدا، لە پرۆژەی ڕۆژێتادا.

خێرا پێنج ئۆرۆم لە گیرفانم دەرهێنا و پێمدا. کاتێک ئەو پێنج ئۆرۆیەم دەدا بەو کورە، شیکاریم نەدەکرد بۆچی و بە چ لۆژیکێك یارمەتی دەدەم، دوای ئەکسیۆنی پێدانی

[17] Homosapien مرۆڤی ژیر/ ئێمەی مرۆڤ:

پێنج ئۆرۆکە بوو، کە من هەموو ئەو وێنـانە و کـاردانەوەی خۆمم دەخســـتە ژێر پرسـیارەوە! لەکاتی ڕووداوەکەدا هزرم شیکاری بۆ هاوکێشـە و ڕووداو و ئەگەرەکان نەدەکرد، نەمدەزانی چ هێزێک ئەو پڕیارەی ســـەپاند بە ســـەرمدا، کە پێنج ئۆرۆ لە گیرفانم دەربهێنم!

لەژێر لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتووە، کە گریانی زارۆکێـک هەمان پەیامی تێـدایە لای هەموو شـــیردەرەکان، بۆیە کاتێک ئاژەڵێکی مێچکە گوێبیســـتی گریانی منداڵێک دەبێت، بەرەو ڕووی دەڕوات بە مەبەســـتی یارمەتیدانی! پەنابردنە بەر گریان وەک نەریەتێکی منداڵی بۆ بەدەســـتهێنانی خواســـتێك، ســـیاســـەتێکە لای مرۆڤی بەتەمەن. ئایا گریانی ئەو کورە ئەفریقییە پەیامێکی نهێنی تێدایە بۆیە کاریگەریی لەســـەر نەســـتی من هەیە؟ بۆیە من پێنج ئۆرۆی دەدەمێ؟ پێدەچێت ئەو گریانە گوزارشـــت لەســـەر گوزشـــتەی ژیانی ئەو بکات، پەیامێک لەناو ئەو گریانەدا حەشـاردرابێت؛ چۆن ئەفریقای جێهێشـتووە، چەندە پارەی داوە بە قاچاغچییەکان، هەڵەی کردووە کە هاتووە بۆ ئەورووپا، بەڵام تازە چاری تری نییە و دەبێت بەردەوام بێت، ئەگەر من یارمەتی نەدەم ئەوا ناتوانێت جارێکی تر ماڵ و منداڵی ببینێتەوە لە ئەفریقا.

لە گلۆپە ســـوورەکە تێپەڕین، گیلگامێشـــی کورم ســـەری ســـوڕما بە بینینی ئەو دیمەنە، بۆیە پرسیاری لێکردم و گوتی:

- بۆچی ئەو کورە دەگریا؟
- لەبەر ئەوەی پارەی نییە نان بخوات.
- ماڵی نییە تێیدا بژی؟
- ئەو کورە خەڵکی ئێرە نییە، ســـێ هەزار کیلۆمەتری بڕیووە، وەک ڕۆژێتا بۆ سەر چوری، هەتا گەیشتۆتە فەرەنسا، بە هیوای بەختەوەری.
- بۆچی لە ئەفریقا بەختەوەری نییە؟
- لە ئەفریقا، خەڵکی لە برســـا نامرن، ئەوە لە ئەوروپایە کە خەڵکی لە تەنیـایی و لە نێزدا دەمرن، خەڵکی ئەفریقـا زۆر بەختەوەرترن لە ئێمەی ئەوروپی، بەڵام هۆشـــمەند نین بە باری ژیانی خۆیان. کۆچ دەکەن بەرەو ئەوروپا بە هیوای وەدەســـتخســـتنی بەختەوەری. کاتێک دەگەنە ئەوروپا، ئەوســـا تێدەگەن کە لە ڕابوردوودا؛ لە وڵاتی خۆیاندا زۆر بەختەوەرتر بوون، بەڵام بێئاگا بوون. بۆیە ئەرکی ئێمە دۆزینەوەی زانســـتێکە بۆ مرۆڤایەتی هەتاوەکو مرۆڤایەتی هۆشـــمەند بکەین بەحاڵی خۆیان بەبێ ئەوەی بە خراپتردا گوزەر بکەن. بەڵام لەسـەرێکی ترەوە دەتوانین بڵێین: ئەو کورە لەژێر هێزێکی گەردوونیدایە، کە هەمیشـــە لە ســـورانەوەدایە و ئەویش لەژێر کاریگەری ئەو هێزەدا کۆچ دەکات، کۆچ دەکات وەک پەپوولە و باڵندە، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە، ئەو وەک مرۆڤی ســـاپیان خاوەنی ئاگاییە، ئاگاییەکەی پەژنێکی تر دەدات بە سـەفەرەکەی. ئەو کورە ئەفریقییە ئەگەر ژیانی دەخاتە مەترسییەوە، بێشـک بە مەبەستی وەدەستهێنانی ژیانێکی بەختەوەرییە، بەڵام گێل و نەفامە، نازانێت ئەویش وەک پەپوولە و باڵندە لەژێر کاریگەری هەمان هێزدا و بۆ هەمان مەبەست کۆچ دەکات. ئەگەر ژیانی خۆی خسۆتە

مەترســـییەوە و وادەزانێـت بڕیـاری داوە، بەڵام بڕیـاردەر نییە و کۆچەکەی هەمـان قـانونی کۆچی بـاڵـدارانە. خۆ ئەگەر مرۆڤ شـــیکـاریش بۆ ئەکسـیۆنەکانی بکات (واتە هۆشــمەند بێت) بە ژیان و بە ئەکســیۆنەکانی، ئەوا هەر هەمان ڕێگا دەگرێتەبەر کە تێیدا چێندراوە، بە جۆرێکی تر بێگومان، واتە مێتۆدەکەی دەگۆڕێت، وەک باوکت چۆن ڕۆژێتا دەنێرێت بۆ ســـەر چوری لە دووری حەوت ســـەد ملیۆن کیلۆمەترەوە. بۆیە ناتوانین ڕەخنە لەو کورە ئەفریقییە بگرین، کە ڕێگای سەفەرێکی پڕ لە ئەشکەنجەی گرتۆتە بەر.
دەزانم تێگەیشـتن لەم باسانە بۆ تۆ لەم تەمەنەدا هەروا ئاسان نییە، بەڵام ژیـان مەتەڵێکە هەموو ڕۆژێـک درک بە نهێنییەک دەکەین و دەمـانگەیەنێتە ئاســـتێکی تری هۆشـــمەندیی و ڕابوردوومان بە ناهۆشـــمەند لەقەڵەم دەدەین. تۆش دەتەوێت بچیتە ســـەر هەســـــارەیەکی تر لە گەردووندا و یاریگایەک دروســـت بکەیت بۆ خۆت و هاوڕێکانت، بەڵام خۆ تۆ باش دەزانیت کە لەســـەر زەوی جێگا هەیە، بۆچی دەچیت یاریگایەک لە دووری حەوت سەد میلیۆن کیلۆمەتر دوور لە زەوی دروست دەکەیت؟!

- لەبەر ئەوەی لەســـەر هەســـارەکانی تر دەتوانین قەڵمبازیی گەورە بدەین، هێزی ڕاکێشـان کەمترە وەک خۆت پێتوتم.
- ڕاستە.

گیلگامێش بیری لە پرۆژەی شاری یاریەکەی دەکردەوە لەسەر هەسارەیەکی تر، ئەویش وەک ڤایرۆســـێک دەیەوێت بڵاوبێتەوە بە گەردووندا. بۆ ئەو لەو تەمەنەدا قسەکانی باوکی هیچ مانایەکیان نەبوو.

هەرچەنـدە دەمهێنـا و دەمبرد، وەهـام بـاوەڕ بوو کە ئێمەی مرۆڤی ســـــاپیـان ڤـایرۆســـێکین و دەمـانەوێـت بە گەردوونـدا وەک هەموو تەنێکی زینـدووی تر بڵاوببینەوە، ژینگەی خۆمان فراوان بکەین، بڕیاردەر نین و لەژێر کاریگەری هێزێکی نادیاردا دەجوڵێینەوە، بەڵام هەســـتی ســـۆز و بەزەیی و ئەشـــکەنجە دەبوونە ڕێگر لەبەردەم بۆچوونمدا، یان پێدەچێت هەســـتی ســـۆز و ئەشـــکەنجە، بەگژ لۆژیکی گەردووندا بچنەوە، بەگژ ناڕاســـتەی ژیاندا بچنەوە، بەگژ قەدەردا بچنەوە، بەگژ ناڕاستە کاولکارییەکەیدا!

کەواتە: ئاگامەندیی سوودی نییە، ئەگەر مرۆڤی ئاگامەند ناڕاستەیەک نەدۆزێتەوە لە ژیانیدا دژ بە بڕیاری خوداکان، دژ بە ئەشکەنجە، دژ بەو قەدەرەی کە بۆی دیاری کراوە، پارادۆکس ئەوەیە بەبێ بوونی ئەشکەنجە، مرۆڤ وەنەوز دەیباتەوە، تەنێکی مردووە و دینامیکی کەم دەبێتەوە، درک بە ڕاســـتی نابات. هەموو ئەم لۆژیکانە لە بـازنەیەکـدا دەخولێنەوە، پێکەوە گرێـدراون و نـاتوانین چەمکێـک لەوی تر جودا بکەینەوە، وەک چۆن هەموو تەنەکان؛ بورج و ئەستێرە و هەسارە و کونی ڕەش و گالەکســی، لەم گەردونەدا پێکەوە گرێدراون، هەر ئەکســیۆنێک کاریگەری لەســەر ئەوی تر هەیە و هیچ تەنێک ســـەربەخۆ نییە، گەردوون یەک لەشـــە، یەک هێزە و یەک ویستە، هەناسەیەکە، چۆتە هەموو تەنێکەوە، جەوهەری هەموو تەنێکە، لە بۆشـــایشـــدا بوونی هەیە، واتە لە ماتریالی ڕەش و وزەی ڕەشـــدا کە لەســـەدا نەوەدوپێنجی(95٪) گەردوون پێک دەهێنێنن.

گەیشتینە بەردەرگای ماڵەوە، دەمزانی کە ڕۆزێتای هاوسەرم چاوەڕوانمان دەکات. نزیکەی پانزە ساڵە کاتێک ئێواران دەگەڕێمەوە بۆ لای هاوسەرەکەم، باسی ڕۆزێتای ئاسن و تەکنەلۆژی بۆ ڕۆزێتای هاوسەرم دەکەم. ئەم ئێوارەیە دواهەمین ئێوارەم بوو لەگەڵ ڕۆزێتای تەکنەلۆژی و بە جۆرێکی تر ڕۆزێتای هاوسەرم دەدۆزمەوە. هەر کە بە ئۆتۆمۆبیلەکە گەیشتینە بەردەم گەراجی ماڵ، بینیم لە دورەوە ڕۆزێتای هاوسەرم بە خەندەوە لەبەردەم دەرگاکەدا چاوەڕێی دەکردین. ڕۆزێتای هاوسەرم هەمیشە دەم بە خەندە بوو، خەندەی ڕۆزێتای هاوسەرم دیاردەیەکی سەرسورهێنەر بوو بۆ من. تێنەدەگەشتم بۆچی ئەو مێینەیە هەمیشە وەها بە خەندە بوو، بە تایبەتی کە خۆم وەک مرۆڤێکی هەمیشە مۆن دەهاتە بەرچاو و سەروچاوم بە بەردەوامی سیمای بێزاریی پۆشی بوو، بەڵام ئەو بەبێ مەبەست بە خەندە بوو. خەندەی ئەو، وەک پەنجەرەیەکی کامەرانی وەهابوو بۆ من، خەندەی ئەو، دڵنیاکەرەوە بوو، ئومێدێکی پێ دەدام لە ژیاندا.

ئەو جیاوازییەی کارەکتەرەی نێوانمان وەهای کردبوو، کە هەردووکمان وەک جوتێک نێر و مێ، پێکەوە بە هاوسەنگی بژین. هەرچەندە هەریەکەمان لەمپەڕ و ئەوپەڕی جیهانەوە دوور لە یەکتر دەژیاین و یەکتریمان نەدەناسی، کتوپڕ دوانیوەڕۆیەکی وەرزی بەهار، بە هۆی بارانێکی بەلێزمەوە، هەردووکمان لە هەمان کاتدا خۆمان کرد بە باڕێکی پاریسیدا و یەکتریمان لەو باڕە پاریسییەدا دۆزییەوە. من باوەڕم وەها بوو کە دەبوایە بە یەکتری بگەیشتینایە، وەک ئەوەی هێزێک بڕیاردەر بوو‌بێت لە بەیەک گەیشتنمان، لە هەمان کاتیشدا باوەڕم بە قەدەر نەبوو، بەڵام نەمدەتوانی ژیانێکی تر بهێنمە پێشچاوم بەبێ ڕۆزێتای هاوسەرم. هەندێکجار بە بیرمدا دەهات ئەگەر ئەو بارانە نەبارایە، ئایا ژیانم چۆن دەبوو! ئەم لۆژیکەش: لۆژیکی بەیەک گەیشتنی دوو تەن، دوو مرۆڤ، هەمیشە دەیخستمە بیرکردنەوەیەکی قوڵەوە. باوەڕم نە بە ڕێککەوت هەبوو نە بە زەرووره، باوەڕم وەها بوو کە تەنەکان بە لۆژیکی ماتماتیکی لە کاتێکی دیاریکراودا بەیەک دەگەن.

لە خۆمم دەپرسی: ئەگەر ئەو بارانە نەبارایە، ئایا من لەگەڵ ڕۆزێتایەکی تردا چۆن ژیانم بەسەر دەبرد؟ ئایا لەگەڵ کێ و چۆن دەژیام؟ بۆیە ئاواتەخوازبووم ئەو ژیانە لە پەنجەرەیەکەوە ببینم کە بوونی نەبووە و نابێت. هەرچەندە بە پێی بیردۆزێکی زانستی کە بە (تیۆری گوریس)[18] ناسراوە، چەندەها جیهانی تەریب هەن، یەک بەتەنیشت یەکەوە، بەڵام نایان بینین، لەبەر ئەوەی کە لە ئێسپاسێکی تردان، وەک چۆن کاتێک دەڕوانینە دەریایەک نابینین چی لەناو ئەو دەریایەدایە، بە هەمان شێوە بە تەنیشتمانەوە گەردوونی تر هەن، ژیانێکی تری ئێمەی تێدایە.

باوەڕم بەو تیۆریەش نەبوو، بەڵام ئاواتەخواز بووم بەوەی ژیانێکی تری خۆم ببینمەوە بەبێ ڕۆزێتای هاوسەرم. ئەم جۆرە بیرکردنەوانە سەلماندنی ئاڵۆزیی هزری ئێمەی ئۆمۆساپیان دەسەلمێنێت؛ چەندە ئێمە بیر و بۆچوون و لێکدانەوەمان

---

18 https://www.space.com/17594-string-theory.html

بۆ ژیان ئاڵۆزە! ئەمەش بەرهەمی ئاگامەندییە[19] تێگەشـــتنیش لەم دیاردانە بە بەڵگەی ڕاسیۆنێل ڕووناکرێنەوە.

ئــاگــامەنــدیی ئەو ئــاڵوگۆڕەیە لەنێوان من و دەرەوەی منــدا، پەیوەنــدیکردن و بەســتنەوەی ملیارەها ڕووداون بە یەکەوە، لە منەوە دەردەچێت، بە هەســتکردن و لێکــدانەوەی ڕووداوەکــانی دەرەوەی خود. پەیوەنــدیکردنی ملیــارەهــا نۆرۆنن لە سەرنجدانی شکلێک، با سێک، بەبێ ئەو هە ستکردنە، ئاگامەندیی بوونی نییە. ئاگامەندیی، هەســـتکردنی منە بە ڕووداوەکانی دەرەوەی من، منیش بەرهەمی گەردیلەم، ئەتۆم، مۆلوکول، بوومەتە ئۆرگانیســـمێکی ئاڵۆز. ئاگامەندیی بینین و لێکدانەوەی ئاڵۆزی ئێمەیە بۆ جیهانی دەرەوە، ئایا بە لەناوچوونی منی مرۆڤ، ئەو ئاگامەندییە لە تەنێکی تردا ســـەر هەڵدەداتەوە؟ یان ئەمانە هەمووی خەو و خەیاڵن! نە ئاگامەندی بوونی هەیە، نە هەموو ئەو باســـانە! بەڵام ئەو خەیاڵانەی کە بە هزرمدا تێدەپەڕین، ئەوەبوو کە ئایا گەردوون خاوەنی هەمان ئاگامەندی منە، واتە ئاگامەندە بە ئەکسیۆنەکانی؟ یان ئەو ئاگامەندییە تەنها لە مندا بوونی هەیە، ئاگامەندییەکی تر لە دەرەوەی من بوونی نییە.

لەگەڵ گیلگامێشـــدا چووینە ژوورەوە، لەبەر ئەوەی کە گیلگامێش ماندووبوو، لە تاقیگەکەدا رۆژێکی دورودرێژی بەســـەربردبوو، بەپەلە نانی خوارد و لەگەڵ ڕۆزێتادا چوونە ســـەرەوە بۆ خەوتن لە ژوورەکەی خۆی. پاش چەند ســـاتێک ڕۆزێتا هاتە خوارێ و هەردووکمان لە هۆڵەکەدا پێکەوە، پاشـــان رۆزێتا ڕووی تێکردم و بە لێوی پڕ لەخەندەوە گووتی:

- لە ئۆفیسەکەم، هەموو هاورێیانی کارەکەم دەستخۆشیان لێکردم بە بۆنەی ســەرکەوتنی پرۆژەکەت. منیش پێموتن: ئیتر ئەم شــەو بۆ یەکەمجار لەگەڵ هـاوســـەرەکەم دەخەوم بەبێ ڕۆزێتـای ئـاســـن و تەکنەلۆژیـا لە نێوانماندا.

پـاشـــان ڕۆزێتـا گووتی: بە بۆنەی کۆتـایی پرۆژەکەتەوە، خواردنێکی تـایبەتم بۆ ئامادەکردوویت، پاشان سوپەرایزێک، کە باوەڕم وایە پێتخۆش دەبێت.

ئینجا بە پێکەنینەوە گووتی: تۆ پانزە ساڵت ویست هەتاوەکو فیلاێت لەسەر چوری نیشـــانداوە، من بە یەک شـــەو فیلاێکەت لەســـەر چوری بۆ دەنیشـــێنمەوە. من باشـــترین ئەندازیاری بزوێنەری فیلاێیم. تۆ تەنها بڵێ: ئەکســـیۆن، هەموو شـــتێک ئەمشەو بۆ تۆ دەکەوێتە کار.

ڕۆزێتا ســـەری دانەواندبوو بەســـەرما و قژی شـــۆڕبوویەوە بەســـەروچاومدا، لێوی خســـتبووە ســـەر لێوم و چاوەڕوانی وەڵامی دەکرد. منیش بە هەناســـەیەک بەدەم مژینی لێویەوە، لەسەر خۆ وتم: ئەکسیۆن.

ڕۆزێتا، هەتا ئەو ساتە ڕۆبێکی گەورەی خوری ئەستوری لەبەردا بوو، هەموو باڵای داپۆشـــیبوو. هەســـتایە ســـەرپێ و ڕۆبەکەی فڕیدا و کتوپڕ بینیمەوە بە جوانترین

[19] Conscious

جلوبەرگی نیمچەڕووتەوە. خۆی بە جۆرێکی سەرسوڕهێنەر ڕازاندبۆوە، کراسێکی درێژی ئاوریشمی پاشرونی بەبێ دوگمەی بەباڵایدا پۆشیبوو، کرابووەوە بە سەر سنگ ومەمک و ناوگەڵیدا. چووریەکەی لە نێوان هەردوو ڕانیا هەڵئاوسابوو. جۆرێک لەو گۆرەوییە درێژانەی لەبەر کردبوو، کە پێی دەڵێن (پۆرتوژارتێل)[20]. لەو گۆرەویانەی کە ژنانی پاکیزەی مەسیحی لەبەری دەکەن، کاتێک دەچنە بەهەشت بۆ لای عیسا. هەتاوەکو هەوەسی تۆراوی عیسا بورووژێننەوە. ئەو گۆرەویانە هەتا سەرو ڕان دەچن و بە چۆلەکە بەستراونەتەوە بە قایشێکەوە بەناو قەدا. پاشان ڕۆزێتا سوڕێکی دا بە دەوری خۆیدا و کراسە ئاوریشمەکەی وەک باڵی پەپوولە بە چواردەوریدا دەفڕین، جارجارە سمتە خڕەکانی دەبینران. ئەوجا ڕووی تێکردم گووتی: سەرنجتدا؟ سترینگم نەکردۆتە بەرم لەبەر ئەوەی کە تۆ حەزت پێی نیە. بە پێکەنینەوە ڕوەی تێکردم و گووتی: ئەمشەو هەموویان بە دڵی تۆ دەبن، بە بۆنەی کۆتایی پرۆژەکەتەوە. ئەمشەو من بڕیاردەردەبم و تۆ جێبەجێی دەکەیت! من کاری بزوێنەری فیلاێ دەگرمە ئەستۆ. بزانە چۆن فیلاێکەت بۆ دەنیشێنەمەوە لەسەر چوری، بە چ هونەرێک!

ڕۆزێتا چوو بوتڵێک شەمپانیای لە بەفرگرەکە هێنا، لەگەڵ دوو پەرداخدا و، دوو پێک شامپانیای تێکرد و پێکەوە بەدەم ماچ وموچ و دەسبازییەوە قومێك شەمپانیامان خواردەوە، پاشان ڕۆزێتا گووتی:

- پانزە ساڵە قبوڵم کردووە لەگەڵ پیاوێکدا بژیم، کە هاوسەرێکی تری هەیە، هاوسەرێکی ئاسن و تەکنەلۆژیا، ئەمشەو بۆ یەکەمین جار هەردووکمان پێکەوەین، بۆیە ئەمشەو بڕیارمداوە بتخۆم.

بەخەندەوە قومی دەدا لە پەرداخە شەمپانیاکە و دەیکردەوە بە ناو دەمما وەک دوو کۆتر کاتێک بەدەمی یەکتریدا دەڕشێنەوە. پاشان گووتی:

- تۆ هیچ مەکە من بڕیار دەدەم، دەزانم بە دڵت دەبێت، بە جۆرێک دەتخۆمەوە کە بڕوا ناکەم هەرگیزا و هەرگیز بیر لە ڕۆزێتای ئاسن و تەکنەلۆژیا بکەیتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش، هەندێک خواردنی دەریایم بۆ ئامادەکردوویت، کە زۆر قورس نین، لەبەر ئەوەی کە تۆ حەزی پێناکەیت کاتێک ورگت پڕە. هەردوای پەرداخە شەمپانیاکە سوپەرایزەکەت بۆ دەکەم.

ڕۆزێتا چوو لە بەفرگرەکەدا سینییەک خواردنی هێنا، کە پڕبوون لە گیانەوەری دەریایی، وەک: کرۆڤێت و هێلکەشەیتانۆکە و سەدەفی دەریا و ڕۆبیان و هەندێک جۆری تر، لەسەر مێزەکە بە ڕازاوەیی داینا.

پاشان دەستێکی هێنا بەناوگەڵما و گووتی:

- خۆم ئامادەم نەکردوون، لەبەر ئەوەی کاتم نەبوو، هەموویم لای چێشتخانەی گەڕەک داواکردووە، دەزانم کە تۆ حەزت لەو جۆرە خوادنانەیە و هەمووشیان هەوەس بزوێنن، چونکە ئەم ئێوارەیە وابزانم تۆ پێویستت بە

[20] Lace Stocking

خواردنی (ئەفرۆدیزیاک)[21]ـــــــە، هەتاوەکو چۆکت باش ڕەپبکەم و بیخەمە قولایی قوڕگمەوە! بیخەمە قوڵایی هەموو ئەو شـــوێنانەی لە لەشـــی مندا دەتوانن فیلاێکەت بگرنە خۆ.

کە ئەو ڕســـتەیەی درکاند؛ ((قوڵایی قوڕگم))، کتوپڕ تووشـــی دڵەکوتە بووم، وەک ئەو کاتەی فیلاێی لە سەر چوری نیشتەوە! پاشان ڕۆزێتای هاوسەرم هەستایە ســـەرپێ و مەقەســـتێکی دایە دەســـتم و وگوتی: بیبڕە. منیش بە مەقەســـتەکە دەرپێ کورتەکەیم بڕی و کەوتە خوارەوە، ئەوسا پشیلە هەڵئاوساوەکەی لە نێوان ڕانیدا، کە لەسەر مۆدێلی تکتی میترۆی پاریسی تاشیبوی، وەدەرکەوت. مۆدێلی تکتی میترۆ، مۆدێلێکی دڵگیری تاشـــینی توکەبەری کچانی پاریســـییە، کە زۆر نـاوازەیە لای کوڕان و کچـانیش، بریتییە لە هێشـــتنەوەی خەتێکی تۆزێـک پـان لەناوەڕاستی پشیلەدا و دەروبەری بە سفتولوسی تاشراوە، یان هەڵگیراوە، بە جۆرێک کە ئارەزووی مژینی دەکەیت.

پاشان ڕۆزێتا قومێک شەمپانیای خواردەوە و بەدەمما ڕشایەوە و وگوتی:

- ســـەرنجتدا، ســـۆســـم بۆ کرۆڤێتەکە نەهێناوە؟ ئەمشـــەو ســـۆســـێکی تایبەتت دەرخوارد دەدەم.

دەستی خستە سەر چورییەکەی و بە دوو پەنجە کوزی بۆ واڵاکردم. سەرنجی ئەو قاش قاشـــــانەی دەوری کوزی ڕۆزێتام دەدا، کە چەندە جوان بە تەریبی بە ئاراستەی زێ دەڕۆشتن، یەک بە تەنیشت یەکەوە جۆگەلەیەکیان دروستکردبوو، بە جۆرێک هەر دڵۆپە ســـپێرمێک بکەوێتە ســـەر هەر شـــوێنێک، بە ئۆتۆماتیکیی دەچۆڕێتە ناو زێوە...

زێ: جێگای دووبارەبوونەوەی ژیان. هەتاوەکو دوای من کەسێکی تر بەردەوامی بە پرۆژەی ڕۆزێتا بدات! لە دڵی خۆمدا دەمگوت: ئەم شکڵە میلیۆنەها ساڵی ویستوە هەتا گەشـــتووە بەم چورییە خنجیلانەیە، بە جۆرێک کاتێک تۆ فیلاێکەت دەخەیتە ســـەری، پێش ئەوە شـــلەمەنییەکی لینج دەڕێژێت، کارئاســـانی دەکات هەتاوەکو ڕاستەوخۆ بچێتە زێوە، بچێتە شـوێنی مەبەسـت، شـوێنی بەردەوامبوون بە ژیان. بە خۆمم دەگوت: خۆ ئەگەر چوری جۆگەلەی ئاوای تێدابوایە، هەرگیز نەمدەتوانی بە ئاســـانی لەســـەری بنیشـــێمەوە، بەڵام لەیەک خاڵدا لە چوری بەرد دەچوو؛ بەشی سەرەوەی چووری سافولوس بوو وەک کوزی ڕۆزێتای هاوسەرم.

ڕۆزێتـا کرۆڤێتەکـانی پـاک دەکرد و دەیهێنـا بە نـاو زێی لینجـاویـدا و یەکە یەکە دەیخستە ناو دەممەوە و پاشان بە چۆڕێک شەمپانیا دەیڕشایەوە بەدەمما. تامێکی تایبەت و لەزەتێکی دڵگیری هەبوو، زۆر لە مایۆنیز بەتامتر بوو. ئەم فەرەنســـیانە، هۆشـــمەندییان بە لەزەت هەیە و دەزانن چۆن بەردەوامیی بدەن بە لەزەت و چۆن هەوەس نوێ بکەنەوە، هەتاوەکو هەوەس نەمرێت، لەژیان بێزار نەبین، نەکەوینە ڕۆتینەوە. هەر جـارە و بە جۆرێـک ئەو گەمەیە نوێ دەکەنەوە، تـانوپۆیـان نییە و سنووریان نییە، گوێ بە پیس و پۆخڵی نادەن.

[21] aphrodisiac foods

پاشــان ڕۆزێتا بە تەنیشــتمەوە لەســەر قەنەفەکە دانیشــت و جارجارە کرۆڤێتێکی دەهێنـا بەنـاو گەڵیـا و دەرخواردی دەدام و بە چۆڕێـک شـــامپـانیـاوە بەدەممـا دەڕشـــایەوە، ڕۆبیانەکانی دەخســـتنە ناو زێی و چەند جارێک دەیهێنا و دەیبرد و پاشان دەیکرد بە دەمما، یان کرۆڤێتێکی دەکردە زێی و تەنها سەری کرۆڤێتەکە لە چورییەکەیەوە وەدەردەکەوت و دەبوایە بچم بە زمــان بەدوایــدا بگەڕێم. ئینجــا هەســتایە ســەرپێ و گووتی: ســەرنجتدا لیمۆم نەهێناوە بۆ ســەدەفەکان، بەڵام تەکنیکێکی نوێم دۆزیوەتەوە لە بری لیمۆ. سەدەفەکەی خستە ناوگەڵی و بە دوو پەنجە چورییەکەی واڵادەکرد و چۆڕێــک میزی لە بری ئــاوی لیمۆ دەکردە نــاو ســـەدەفکەوە و دەرخواردی دەدام، بە بینی ئەو دیمەنە و تامی میزی ڕۆزێتا تەواو هەوەســـم وروژابوو. نازانم بۆچی بە بینینی ژنێک کاتێک میز دەکات، هەوەســـی پیـاو هێنـدە دەوروژ ێت! فێلایەکەم بێئە ندازە ڕەپ بوو، جێگەی نەدەبووەوە لە ناو پانتۆڵەکەمدا. ڕۆزێتا هاتە تەنیشـــتمەوە و دەســـتێکی هێنا بەناو گەڵمدا و پێی گووتم: وابزانم فیلاێیەکەت ئامادەیە بۆ فڕینە ســەر چوری، بەڵام من ئەمشـــەو بە جۆرێکی تر دەینیـشێنمەوە، بەو جۆرەی کە تۆ چەندەها ساڵە ئارەزووی دەکەیت و من زۆر ئارەزووی ناکەم. وەک گووتم ئەمشـــەو بۆ تۆی دەکەم، هەتاوەکو فیلاێکەت بە باشـــی بنیشـــێتەوە، باشـــتر وایە ئەو هەلە بۆ خۆت بقۆزیتەوە. هەرکاتێکیش نیشتەوە، دەبێت ڕاپۆرتی خۆت بنێریت.

ڕۆزێتا ســـەرکەوتە ســـەر قەنەفەکە، هەر لنگێکی خســـتە ئەملاولای ســـەرمەوە، ڕانەکانی وەک دوو گۆشـــەی خوری بەملاولای ســـەرمەوە ترنجاندن، هەتاوەکو ناوگەڵی باش بگاتە ئاســـتی دەمم، چورییەکەی تەواو لەئاســـتی دەمما بوو، گۆشـــەیەکی گەورەی خســـتە ژێر ســـەرمەوە، هەتاوەکو نەکەوم بە پشـــتا کاتێک چورییەکەی دەخاتە ســـەر زمانم. جارجارە کۆرۆڤێتیکم دەهێنا بەناو زێیدا و دەمهێنا و دەمبرد و پا شان دەمخوارد بە قومێک شـەمپانیاوە، ئەنجا قاچی ڕۆبیانەکانم یەک بە یەک دەخســـتە ناو زێیەوە و بە دەم دەرم دەهێنایەوە و زمانم دەخســـتە قولایی زێی رۆزێتاوە. هەرجارێک دەمم دەبرد بۆ کروۆڤێتێک، ڕۆزێتا بەســـەرمەوە دەســـتی دەخســـتە ســـەرم، هەتاوەکو زۆرترین کات زمانم لە قوڵایی کوزیا بمێنێتەوە. پاشــان ســـەدەفێکم هێنا و ویســـتم جارێکی تر بیخەمە بەردەم چوری و بە چۆڕێک میزەوە بیخۆم، بەڵام ڕۆزێتا ڕانەکانی دەلەرزین و گووتی: لە ئێ ستادا کە هەوەسم وروژاوە نـاتوانم میز بکەم، دەب ێت بیخەیتە دەمتەوە و هەمووی بکەیتە زێمەوە و پاشان بیخۆیتەوە. هەستم کرد کە چورییەکەی تەواو هەڵئاوساوە و میتکەی ڕۆزێتا هەتا دەهات هەڵدەئاوســـا، بە جۆرێک کە دەمتوانی بە ئاســـانی بیمژم، بە زمان بیوروژێنم. دەمولوتم نوقم ببوون لە چوریدا، لەگەڵ بۆن و بەرامەی میوەی دەریایی و شـەمپانیا تەواو مەست ببوم.

ڕۆزێتا، لەو مێینانە بوو کە پێیان دەوترێت: ((مێینەی کوفارە))، لەبەر ئەوەی کاتێک ڕەحەت دەبن، ئاویان دوو ئەوەندەی ســـپێرمی پیاوە، وەک فوارە دەپرژێت. وەک کونی ڕەش لە گەردووندا کاتێک بە خێراییەکی بێ هاوتا گاز و تیشــک فڕێ دەداتە ناو بۆشـــایی گەردوونەوە و هەموو ماددەکان بە ڕێژەیەکی جێگیر بڵاودەکاتەوە بە گەردووندا. وێنەیەکی ســـەرســـوڕهێنەر و ناوازەیە کاتێک کچێک ڕەحەت دەبێت و وەک فوارە ئاو فڕێ دەدات. ئەگەر هەندێک پیاو بەو دیمەنە هەســـت بە کەمی دەکەن و هەوەسیان دادەمرکێتەوە، ئەوا بۆ من زۆر وروژێنەرە! بۆیەکا کاتێک پەنجە

گەورەم خستبووە زێی ڕۆزێتاوە، ئەو ماسولکەیەم دەهروژاند و دەشێلا، کە لە بەشی ناوەوەی سەرووی زێوە دەئاوسێت، کاتێک مێینە هەوەسی ورووژێنراوە. بەدەم مژینەوە و زمانم هەتا قولایی زێیی ڕۆزێتا بردبوو. ڕۆزێتا ڕانەکانی دەلەرزین و دەستی گرتبوو بەسەرمەوە لوت و دەممی لە چوریدا ترنجاندبووم.

بە پێچەوانەی کچەهاوڕێکانی ڕابوردوومەوە، ڕۆزێتا مێینەیەکی ئاڵۆز نەبوو لە ڕەحەتبووندا، بە ناوەوە و بە دەرەوەی کلیتۆریس هەوەسی دەورووژا. چێژێکی زۆرم دەبینی کاتێک دەستپەڕم بۆ دەکرد و هەوەسیم دەورووژاند بە سێ پەنجە، ئەم تەکنیکەش ڕۆزێتا خۆی فێری کردبووم؛ دۆشاومژە و باڵابەرزە و برای توتەم دەنوساند بەیەکەوە و بە ئاستەم باڵابەرزەم دەبردە پێشەوە و دەمخشاند لە میتکەی ڕۆزێتا. وردە وردە لەژێر پەنجەکانمەوە هەستم بە هەڵئاوسانی میتکەی دەکرد و زێی ئاودار دەبوو، ئەویش چاوی دادەخست و بەدەم لەزەتەوە بە ئاوازێکی نایاب دەیخوێند. جارەجارە پەنجەکانم لە زێیدا تەڕدەکردن و دەهاتمەوە سەر میتکە. ئەوسا پەنجەیەک، پاشان دوو پەنجەم دەخزاندە ناو کوزیەوە. وەها بارەکەم ڕێکخستبوو کە چوکم هەردەم نزیک بێت لە دەمی ڕۆزێتاوە، کاتێک بە چیچکانەوە بەسەریەوە بووم و ئەو ڕادەکشا لەسەر پشت. لەبەر ئەوەی هەستم دەکرد هەر کاتێک کە ڕۆزێتا کوزی ئاودار دەبوو و هەوەسی دەورووژا، لەو کاتەدا حەزی بە مژین بوو، ئیدی کوتوپڕ پەلاماری فێلاێکەمی دەدا و دەیخستە قولایی گەرویەوە. ڕۆزێتا وەهابوو؛ دەبوایە تەنێک بخاتە دەمیەوە ئەگەر پەنجە گەورەی نەبوایە. جۆری مژینی ڕۆزێتا زۆر جیاوازبوو لەو کاتانەی کە هەوەسی نەورووژێنرابوو، هێندە بە پێزەوە دەیمژی دەیبردمە جیهانێکی ترەوە. سەرنجی چوکی خۆمم دەدا لەنێو لێوەکانیدا، چۆن بە زمان فێلاێکەمی دەیهێنا و دەیبرد لەناو دەمیا. بۆیە هەمیشە هەوەسیم دەورووژاند، هەتاوەکو باشتر کێرم بۆ بمژێت، ئەوەش فەلەسەفەی (مارکی دۆ ساد)[22]ە لە گەمەی سێکسیدا؛ وەڵامی ئەوە بدەرەوە کە پێتی دەدەن.

ڕۆزێتا بەسەرمەوە بوو، سەرم لەناو گەڵیا بوو، ئەویش دەستی بەسەرمەوە گرتبوو هەتا زیاتر توندی بکات لە چورییەکەی، زمانم هەتا قولایی زێی چووبوو. کوتوپڕ ڕانەکانی کەوتنە لەرزین و بەدەم هاوارەوە ئاوپرژێنی کردم و ئەنجا پشیلەکەی خستە سەر دەمم و چەند ساتێک لەسەر دەموچاوم دانیشت و هەردووکمان چەند ساتێک لەو بارەدا ماینەوە.

پەرداخەکانمان پڕکردەوە لە شامپانیا و دوو چۆری تر شامپانیامان خواردەوە و پاشان ڕۆزێتا گووتی: ئێستاکە چوری ڕەحەت بووە، خەریکی فێلاێکەت دەبم، بزانە چۆن فێلاێکەت بۆ دەنیشێنمەوە، پڕواناکەم هیچ ئەندازیارێک ئەو توانایەی هەبێت. هەر تۆ ئەندازیار نیت، منیش ئەندازیارم. ڕۆزێتا بە چیچکانەوە لەسەر ئەژنۆ دانیشت لەنێو هەردوو ڕانمدا و فێلاێکەمی دەرهێنا و قومێک شەمپانیای خستە ناو دەمیەوە و فیلاێکەمی خستە ناو قولایی دەمیەوە و دەیهێنا و دەیبرد لەگەڵ شەمپانیاکەدا. ئینجا پێکێک شەمپانیای ڕشت بەسەر فیلاێدا و هەردوو گونمی خستە ناو دەمیەوە، وەک دوو نوقڵ. هەردوو گوپی پڕکردبوو لە شەمپانیا و هێلکەگونمی لەناو شەمپانیای دەمیا دەیهێنان و دەیبردن. دەستی ناسک و خرپنیشی دەهێنا بەسەر فیلاێکەمدا و جارجارە کرۆڤیتێکی دەهێنا بە ناوگەڵیدا و

[22] Marquis de Sade( 2 June 1740 – 2 December 1814)

دەرخواردی دەدام. پاش ئەوەی هەردوو هێلکە گونمی لەناو دەمیدا گەرم کردبوو، ئنجا فیلاێکەی هەتا قوڵایی قورگی دەیهێنا و دەیبرد، پاشان ڕوی تێکردم و گووتی: ئەمشـــەو فیلاێکەت دەتوانێت لەناو قورگما بنیشـــێتەوە، ئەمەش تەنها بە بۆنەی کۆتایی هاتنی پرۆژەکەتەوە بۆ دەکەم، دە نا وەک خۆت دەزانیت زۆر حەزم بە تامی ســـپێرم نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی مـایۆنێز مان نییە، ئەمشـــەو مـایۆنێزەکەی تۆ دەخۆمەوە، دەزانم کە تۆ حەزت بەوەیە، باشتر وایە ئەو هەلە بۆ خۆت بقۆزیتەوە.

کەم لە ئافرەتان حەزیان بە خواردنەوەی سپێرمە، ئەگەر مۆراڵێکی توندڕەوی نەبێتە بەربەســت ئەوا پیاوان داواکارن، لەبەر ئەوەی ئۆرگاســم دە هێندە بەهێزتر دەکات لای نێرینە. بۆیە هەر لە کۆنەوە پیاوان چەندەها پاســـاو یان هێناوەتەوە گوایە ســـپێرمی پیاو بۆ پێســـت باشـــە یان بۆ خەمۆکی، لەبەر ئەوەی مادەی پرۆزاکی تێدایە و یارمەتی هێورکردنەوەی ناخی مرۆڤ دەدات، چەندەها خاســـیەتی تری سپێرم باسکراون بۆ هاندانی مێینە.

ســـێکس، وەک مرۆڤ خۆی، گێلە، دەتوانرێت هەڵخەڵەتێنرێت؛ بە شـــێوەیەکی گشـــتیی نێرینە کەمتر هەســـت بە لەزەت دەکات کاتێک لە دەرەوەی زێ ئاوی دێتەوە. هۆکاری ئەوەیە لە نەســتی مرۆڤی ســاپیاندا ئەگەر لە ناوەوەی لەشـــی مێینەدا ئـاوی بێتەوە، دەبێتە هۆی نـانەوەی نەوەیەکی نوێ و بەردەوام بوون بە ژیان، بەردەوامی و نوێبوونەوەش جەوهەری هەموو بوونەوەرێکە لەم گەردوونەدا، جەوهەری ماتریاڵە و لە دی ئای ئێنی ئێمەی ســـاپیاندا، لە هزرماندا جێگایەکی گرنگی گرتووە. بەڵام ئەگەر ســـپێرمەکەش نەچێتە زێوە، لە بری زێ بچێتە نـاو دەمەوە، لە هۆشـــی نێرینەدا گرنگ ئەوەیە کە چۆتە لەشـــێکەوە، ڕۆنەکراوەتە دەرەوەی لەش، بۆیە هەست بە هەمان لەزەت دەکات کاتێک نێرینە سپێرمەکەی لەدەمی خانمدا ڕۆدەکات. لە نەستی نێرینەدا گرنگ ئەوەیە سپێرمەکەی ئەو، ئەو لەشـــەی داگیرکردووە، نەک بە نـانەوەی نەوەیەکی نوێ بۆ بەردەوامیـدان بە مرۆڤایەتی، نەخێر، تەنها بەردەوامی بە خۆی وەک بوونەوەرێک و بەس، بەردەوام بوون بە خاوەن ســـپێرمەکە. ئەگەر لە هەمان کاتا؛ لە ســـاتی ڕەحەتبووندا کاتێک مێینە بە قوم ســـپێرمەکەت هەڵدەمژێت، تەوژمێک و دینامیکێکی زێدەتر دەدات بە ئەکسیۆنی ڕۆکردنی سپێرم و دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی دە هێندە زیاتری پلەی لەزەت، لەبەر ئەوەی کە دینامیک کۆڵەکەیەکی گرنگە لە سیستەمی مرۆڤایەتیدا، چەندە دینامیک لە زیادبووندا بێت هێندەش لەزەت، دینامیک ماتۆری گەیاندنی مرۆڤە بە ئامانجە ئەزەلییەکەی کە تێیدا چێنراوە.

کۆبوونەوەی مرۆڤی ســاپیانیش لەدەوری یەکتری، بە ســرووشــتی بەبێ هۆکاری دەرەکی دەبێتە هۆی ئەفراندنی دینامیک، خڕوبنەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی لەم ســـەردەمی مۆدێرنەدا، لە شـــارە گەورەکاندا بە ئامانجی بە خێراکردنی دینامیکە و دەبێتە هۆی هەڵئاوسانی ئابووری کە سیستەمی ئابووری لەسەری بەندە و پەیڕەوی دەکات، بە پێچەوانەوە؛ خاوبوونەوەی دینامیک دەبێتە هۆکاری کریز، ســـیســـتمەکەشـــمان کە ئاوێنەی هزرمانە، بە ماتریاڵکردنیەتی، لەســـەر

نەســـــت و ئارەزووی مرۆڤ بنیاتنراوە. ســـێکســـــکردنیش دەچێتە هەمان گەمە و لۆژیکەوە.

دەمزانی ڕۆزێتا حەزی بە خواردنەوەی ســـــپێرم نەبوو وەک زۆرێک لە مێییەنەکان، وەک خۆی دەیگووت: دەبێت تەنها لە بۆنەکاندا بکرێت، بۆیە ئەمشـــــەو بۆ منێک لەدوای پرۆژەیەک، کە بە تەواوی بێهیوای کردبووم، بۆ مـاوەی چەنـد ســــاتێـک خەمەکانی لەبیر دەبردمەوە، ململانێی دەروونیی، هزری جێهێشـــــتبووم و لەزەت هەموو گیانمی گرتبووە خۆی.

ڕۆزێتا، یاری بە هێلکەگونی دەکردم لەناو دەمیا و پاشـــــان فیلاێیکەمی دەخســـــتە قوڵایی دەمیەوە و جارجارە تەنها ســـــەرەکەی لەناو دەمیدا دەمایەوە و بە زمان چواردەوری دەلێســـــتەوە و بە هەردوو دەســـــتی هێلکە گونمی بۆ هەڵدەگلۆفیم، وەک دوو تۆپی ئاســـــنی ژاپۆنیی کاتێک بودیســـــتەکان دەیهێنن و دەیبەن لەناو دەســـتیاندا بۆ هێمن کردنەوەی دەروونیان، دەروونی منیان تەواو هێـــــمن و ئارام دەکردەوە، وەک کەسێکی بودیست لە هەنوکەدا دەژیام، نە بیرم لە ڕابوردوو نە لە داهاتوو دەکردەوە.

کاتێک مێیینەیەک فیلاێکەت بۆ دەمژێت، نابێت تۆ هەرگیز دەســـــتەوەســـــتان[23] بمێنیتەوە، دەبێت دینامیک بیت، خۆت بخەیتە بارێکەوە کە بتوانیت یان مەمکی بمژیت یان دەســـتبهێنیت بە ســـمت و بە پشـــیلەکەیدا. من هەمیشـــە حەز دەکەم پەنجەیەکم لە کوزدا بێت یان بە پەنجەی دۆشـــــاومژە و باڵابەرزەم، کلیتۆریس بورووژێنم. خۆشـــــترین بار ئەوەیە کاتێک دەتوانم مەمک بمژم لە کاتێکدا کێرم لەناو دەمی خـانمـدایە، بەڵام لەو بـارەی کە ڕۆزێتـا بڕیـاری دابوو؛ بە چیچکـانەوە لە ناوگەڵمدا دانیشـــــتبوو، وەک خانمێکی کورد لەکاتی ئامادەکردنی یاپراخدا، تەنها دەمتوانی هەردوو مەمکی هەڵگلۆفم بە هەردوو دە ستم، واتە مەمکیم ڕادەکێشا و تەکانم بەدەمی رۆزێتاوە دەدا. مەمکی ڕۆزێتا خڕ و بچوک بوون وەک شـــــەمامە، دەبێت دانیەوەدا بنێم هەرچەندە من حەزم بە مەمکی تۆزێک گەورەیە وەک زۆر لە نێرینە، بەڵام هەمیشـــە تووشـــم بووە بە تووشـــی خانمی مەمک بچوک و ســـمت بەخۆوە، سەرنجیشم داوە کە دوو کارەکتەر تەواو جیاوازن، ئەوانەی مەمکیان تۆزێ بەخۆوەیە، دانم لەگەڵیاندا ناکوڵێت.

رۆزێتا دەمی نابوو بە فیلاێکەمەوە و بە جۆرێک بۆی دەمژیم، هەناســـــەی لێ بڕیبووم. دەمویست هەرچۆنێک بێت ڕەحەت بوونەکەم دوابخەم، ئەوەش تەکنیکێک بوو کە لەگەڵ ئەزموونێدا فێری ببووم؛ وەک چۆن کاتێک تەنگەتاو دەبیت و میزەڵانت پڕبووە و شوێن نییە میزی لێ بکەیت، لە ناچاریدا ماسولکەکانی دەوری میزەڵانت گرژ دەکەیتەوە، ئەم تەکنیکە یارمەتی دەدام کە ئاوهاتنەوەکەم دوابخەم، هەتاوەکو لەزەت و خۆشیی زۆرترین کات بخایەنێت.

---

[23] O Negative

به مەبەستی وروژاندنی هەوەسی نێرینەیە کە کچانی سەردەمی مۆدێرن لێویان هەڵدەئاوسێنن، هەرچەندە من دژی نیم، بەڵام خۆشم گەرەک نییە و حەزم بە لێوی سرووشتییە. ڕۆزێتای هاوسەرم بە ساچمەیەک زمانی کوتی بوو، ساچمەکەی سەر زمانی دەهێنا بە دەماری چوکما و هێندەی تر هەوەسی دەوروژاندم. فیلایێم لەناو دەمی ڕۆزێتادا دەهات و دەچوو، وەک مەساسە دەیهێنا و دەیبرد بە نێو لێوە هەڵئاوساوەکانی و هەڵیدەمژی و زمانی دەهێنا بە دەماری هەڵئاوساوی چوکما، هەناسەی لێبڕیبووم. ڕۆزێتا حەزی لە مژین بوو وەک زۆر لە کچانی فەرەنسی. مژین بۆ کچانی فەرەنسی کارێکی زۆر ئاساییە لە گەمەی سێکسیدا، بە جۆرێک کە بۆتە مۆدێلێک لای ئەڵمانەکان کاتێک دەیانەوێت بەو جۆرە ڕابوێرن، دەڵێن: سێکس لەسەر دەستوری فەرەنسی. هەروە ها فەرەنسییەکان لە جێگادا تابویان نییە و باسی فیمینیستی و زاڵبون ناکەن، بۆ ئەوان گرنگ ئەوەیە یارییەکە باش بڕوات بەڕێوە، بە ئاسانی داوات لێ دەکەن دەست بخەیتە سەر ئەو شوێنەی ئارەزوویان لێیەتی و دڵفراوانن لە سێکسکردندا، بۆیە ژنانی ئەمریکی دەڵێن: ئێمە تێناگەین لە ژنانی فەرەنسی، خەریکی پەروەردەی منداڵەکانیانن، نانیش لێدەنێن و سێکسیش دەکەن و قەڵەویش نابن.

ئیتر لەوە زیاتر نەمدەتوانی خۆم بگرم و نەهێڵم ئاوم بێتەوە، ماسولکەکانم خاوکردەوە و کتوپڕ هەستم کرد کە ڕۆزێتا بە قوم دەمی پێوە ناوە و گوێم لێبوو قوم قوم سپێرم بە قورگیدا دەچووە خوارێ، تەزوویەکی بەهێزی ئۆرگاسم هەموو گیانمی برد بۆ خۆی و بۆ چەند ساتێک چوومە دەرەوەی ئێسپاس و کات. هەستم بە بۆنێکی غەریب کرد لە قورگمەوە دە هاتە دەرێ، حاڵەتێکی ئێجگار نامۆ بوو، لەو یادا وا ئارەزووم دەکرد کە ژیان کۆتایی بێت و لەگەڵ لەزە تا بۆ ئەبەدی کۆچ بکەم.

سەرنجی ڕۆزێتام دەدا چۆن بە قوم سپێرمی هەڵدەهێنجا و ڕایدەکێشایە دەرەوە، پاش ئەوەی هەمووی خواردەوە، سەری هەڵبڕی و بە زەردەخەنەیەکەوە سەیری کردم و وتی:

- ئەوە یەکەم جارمە بیخۆمەوە، سپێرمەکەت، تۆزێ سوێرە.

هات بەرەو ڕوم و دەمی خستە ناو دەممەوە، هەتاوەکو تامی سپێرمەکەی خۆم بکەم لەناو دەمیا، پاشان گووتی:

- بینیت چۆن قوتمدا؟ پازدە ساڵە لەگەڵ ڕۆزێتای ئاسن و تەکنەلۆژیدا ژیان بەسەر دەبەیت، توانیوەیەتی وەها بۆت بمژێت؟

لەسەر قەنەفەکە تەواو هێزم لێ بڕابوو، هەرچوار پەلم بەملاولای خۆمدا بڵاوکردبووەوە، شەکەت و کەنەفت، هێزی جوڵەم لێبڕابوو. بە زەردەخەنەیەکەوە لێمڕوانی و ماچێکی لێوە هەڵماسیوەکنیم کرد و دوو پێک شەمپانیای ترمان تێکردەوە. پاشان، ڕۆزێتا ڕووی تێکردم گووتی:

- هیوادارم لە تواناتدا بێت، ئەمشەو سوپرایزی ترم بۆ ئامادەکردوویت!

لەســـەر قەنەفە پانوپۆڕەکەی ســـاڵۆنەکە، هەردووکمان، دوو پێک شـــەمپانیا بەدەستمانەوە، پاڵمان لێدابوویەوە. ڕۆزێتا بە تەنیشتمەوە خۆی خزاندبووە باوەشم و بە ســنگ و مەمکی ڕوتەوە، بە پۆرت و ژارتێلەکەیەوە، فیلاێکەمی دەخســتە ناو پەرداخە شـــەمپانیاکە و پاشـــان قومێکی لێ دەخواردەوە، ئینجا فیلاێکەمی بە قومێك شەمپانیاوە بۆ دەمژیم. وام هەست دەکرد کە فیلاێکەم وزەی پێ نەماوە و دەبێت لە ڕۆژ نزیکبێتەوە هەتاوەکو جارێکی تر باترییەکانی چارج بکاتەوە.

ڕۆزێتا ڕاکشـابوو، سـەری خسـتبووە سـەر ڕانم و فیلاێکەی دەخسـتە ناو پەرداخە شـــەمپـانیـاکەیەوە، هەســـتم کرد کە فیلاێیکەم وا خەریکە وردەوردە خەبەری دەبێتەوە و باترییەکانی چارج دەکاتەوە. ڕۆزێتا زمانی خســـتە کونی گوێچکەم و بەدەم لێســـانەوەی کونی گوێچکەمەوە چرپاندی بە گوێما: ئەمشـــەو دەتوانیت بیخەیتە کونی شەیتانەوە. کە گوێم لە کونی شەیتان بوو خورپە دای لە دڵم، وەک چۆن نزیک دەبێتەوە لە کونی ڕە شی ناو ئێ سپاس. دەڵێن گوایە کونی ڕە شی ناو گەردوون، ئەو کونە ڕەشـــانەی کە هەموو تەنێک تیا یا ندا گووم دەبن، تە نانەت ڕوو ناکییش، ناوەکەی لە گرتو خانەیەکەوە هاتگە لە کەلکو تا، لە هـ ندســـتان، گرتوخانەیەک بووە هەرکەسـێك چووبێتە ژوورەوە ئیتر نەهاتۆتە دەرەوە، وەک کونی ڕەشی گەردوون کاتێک هەموو تەنێک هەڵدەلوشێت! بەڵام کونی شەیتانی ڕۆزێتا بە پێچەوانەوە حەزت دەکرد بە ئـارەزووی خۆت بۆ هەتـایە تێیـدا بەنـد بیـت، گرتو خانەیەکی هە تا بڵیی دڵگیربوو. پاشـــان ڕۆزێتا ڕووی تێکردم و گووتی: بۆم چەورکردوو یت بەو ڕۆنە زەیتونەی کە باوک و دایکت بە د یاری بۆ یان هێ نابین لە خوارووی فەرەنسـا، بیرت دێت گووتیان کە نابێت بۆ هەموو جۆرە خواردنێک بەکاری بهێنن چونکە ڕۆنێکی نادر و زۆر گرانبە هایە و دەبێت لە بۆنە کا ندا بخور یت، بۆیە بڕیارمدا ئەمشەو کونی شەیتانم بەوە چەور بکەم، هەتاوەکو فیلاێکەت بە ئاسانی بچێتە ژوورەوە، وەک خۆت دەزانیت کونی شەیتانی من، ئە شکەوتی حەڕای من، تۆزێک تەســکە و، زۆر حەزم بەوە نییە، بەڵام وەک گووتم ئەمشـــەو هەمووی بە ئارەزووی تۆ دەبن و بۆ تۆی دەکەم، دەتوانیت بچیتە کونی شەیتانمەوە، وەک چۆن ئارەزووی دەکەیت.

ڕۆزێتا بە مەبەســت لەســەرخۆ قســەکانی گۆدەکردن، هەتاوەکو زیاتر هەوەســم بورووژێنێـت. کـاتێـک کونی شـــەیتـانی گۆدەکرد، دەمی وەکو قونی مریشـــک هەڵدەقورتاند و وشـــەکەی درێژ دەکردەوە، گۆی وشـــە فەرەنســییەکەش؛ (کیو)، یـارمەتی دەدا دەمی بخـاتە ئەو بـارەوە. هەر کە گوێم لە کونی شـــەیتـان بوو، بـاترییەکـانم بە تەواوی چـارج بوونەوە و فیلاێکەم بە تەواوی خەبەری بوویەوە، هەرگیز باوەڕم نەدەکرد کە ڕۆزێتا ســـوپرایزی وەهام بۆ ئامادە بکات، بە جۆرێک کە ڕۆزێتای تەکنەلۆژیام تەواو لەبیر چوبووەوە. پاشـــان ڕۆزێتا گووتی: چۆن حەزت پێیە بچیتە کونی شەیتانەوە؟ بە پێوە یان بە تەنیشتەوە؟

بۆ کونی شـــەیتان هەمیشـــە وام حەز پێیە بە پێوە ئەو کارە بکەم، بۆیە خێرا وەک ســـەربازێکی دیســـپلینەر هەســـتامە ســـەرپێ و فیلاێکەم بە ســـتونی لەســـەر سـەتەلایتی لەشـم ڕەپ ببوو، بۆ نیشـتنەوە ئامادەبوو لەسـەر چوری، لەناو کونی شەیتانی ڕۆزێتا، لەناو ئە شکەوتی حەڕادا بە پێوە. ڕۆزێتا پ شتی تێکردم و بە پێوە لەناو سالۆنەکەدا فیلاێکەی گرت بەدەستیەوە خستیە سەر کونی چوپی، پاشان

گووتی: ئەگەر دەتوانیت هەموی مەبەرە ژوورەوە لەبەر ئەوەی کە کونی شەیتانی من تۆزێ ناسکە و بەرگەی ناگرێت.

لە کاتێکدا تەنها سەری فیلاێکەم خسبووە سەر ئەشکەوتی حەڕای، بە گوێیدا چرپاندم و پێی گووتم: ئەزانیت کە (مارکی دۆ ساد) دەیگووت: ئەگەر توکەبەر نەیدات لە کونی چوپ، لە تیرەی قون، ئەوا بە لوتی (سۆدۆمی) هەژمار ناکرێت؟

ڕۆزێتا، کە تا ئەو ساتە پشتی تێ کردبووم، سەری وەرگێڕاو دەمی خستە ناو دەممەوە گووتی: کەواتە با ئەم شەو بە دڵی مارکی دو ساد بێت، با ئەمشەو بێدڵی مارکی دو ساد نەکەین، دەتوانیت هەتا ئەو ئاستەی مارکی دو ساد دەیەوێت، بۆی بڕۆیت، هەتاوەکو مارکی دۆ ساد لە گۆڕەکەیدا دانەچڵەکێت. وەڵامم دایەوە گووتم: خەمت نەبێت، مارکی دو ساد بە بێ سەر نێژراوە خەبەری نابێتەوە.

مارکی دو ساد ڕاستی دەکرد، ئەگەر توکی بەر نەیدات لە کونی چوپ، ئەوا لەزەت لە نیوەیدا دەوەستێت، دەبێت هەمو فیلاێکەت بە تەواوی بچێتە کونی ڕەشەوە، بچێتە حەجێ، بچێتە ئەشکەوتی حەڕاوە، بە تایبەتی سمتی ڕۆزێتا تەواو لە ئەشکەوتی حەڕا دەچوو؛ چونکا ڕۆزێتا، وێنەی دوو کۆتری تاتوو کردبوو لەسەر هەردوو لای سمتی بەڕەنگی شین، لەملاولای ئەشکەوتی حەڕاوە، لەملاولای کونی شەیتانەوە، دوو کۆتری سپی تاتوو کردبوون، هێلانەکەش لەنێوان ئەو دوو کۆترەدا، بە چواردەوریدا تەنافی جاڵجاڵۆکەی بە ڕەنگی سەوز لەسەر سمتی تاتوو کردبوو، وەک ئەوەی کەس لە پێش منەوە نەچووبێتە ئەشکەوتی حەڕاوە. بە بینینی ئەو دیمەنە و بینینی چوکی خۆم لەبەردەم ئەشکەوتی حەڕادا، دە هێندە زیاتر دەروونم، نەک ورووژێنرابوو، بەڵکو کەوتبوومە حاڵەتی شێتییەوە و نەمدەتوانی جڵەوی هەوەس و ئارەزووم بگرم. ڕۆنی زەیتونی گرانبەهاش، ڕێگای خۆش کردبوو، بەبێ ئەرک، بەبێ تەکان بۆ خۆی دەچووە ژوورێ، لەسەرخۆ، بەبێ بەربەست.

دەمزانی کە ڕۆزێتا وەها بڕیاری دابوو، دەرگای بۆ واڵاکردبووم، ئەشکەوتی حەڕای بۆ کردبوومەوە، منیش چوبوومە خەڵوەتەوە و هەزارەها بیرۆکەی سەیروسەمەرە گوزەریان دەکرد بە هزرمدا، بە جۆرێک کە نەمدەتوانی سنوورێک دابنێم بۆ هەڵەشەییان. نازانم بۆچی ئەم ئەشکەوتانە هێندە مرۆڤ دەخەنە ئاستێکی بەرزی سپیریتوالیتێوە؟ دەتخەنە حاڵەتی زکر و حاڵ و هەقیقەت تێیاندا بەرگێکی نوێ دەپۆشێت! دەبیت بە مرۆڤێکی تر، ئازار و ئەشکەنجە ون دەبن تێیاندا، هەست و سۆز و بەزەییش لەگەڵیاندا، دەبیتە مرۆڤێکی دڕندە و سەرکێش تەنها ئامانج بۆ تۆ لەزەتە و هیچی تر بوونی نیە، وەها ئارەزو دەکەیت ئەو لەشە بخۆیت. لەویادا وەهام ئارەزوو دەکرد کە ببمە خاوەنی دە فیلاێی، خاوەنی دە ئەشکەوتی حەڕا و چەندەها دەست بۆ دەستبازی. وەها ئارەزووم دەکرد لەهەموو کونێکەوە بچمە ژوروەوە و ئەو لەشە داگیر بکەم، ئەو لەشە قوت بدەم، سەرلێوانیکەم لە سپێرم هەتاوەکو ببێتە موڵکی من.

ڕۆزێتا سەری وەرگەڕاند و دەمی خستبووە ناو دەممەوە و منیش فیلاێکەم هەتا قوڵایی ئەشکەوتی حەڕا ڕۆشتبوو، بە دەستێکم مەمکیم هەڵئدەگلۆفی و بە

دەســـتەکەی ترم  دۆشـــاومژەم خســـتبووە کوزیەوە و کوزیم بۆ دەورووژا ند و فیلاێکەشم لە خەڵوەتابوو لەناو قوڵایی ئەشکەوتی حەڕادا.

جووتبوون بەدواوە؛ پشـــتاوپشـــت، ئەگەر لە کونی شـــەیتانیشـــدا نەبێت و لە زێدا بێت، جووتبوونێکی ئاژەڵییە، بەو پێیەی کە ئاژەڵ لەســـەر چوارپا دەڕوات و ئەو بارە بۆ ئەو لەبارتر و سرووشتی ترە، بەڵام شەمپانزێ کە بە (DNA) لە ئێمەی مرۆڤی ساپیانەوە نزیکە، تەنها ئاژەڵی شیردەرە بەرامبەر بە یەکتری جووت دەبن، ئەگەرنا هەموو ئاژەڵەکانی تر بەدواوە جوت دەبن. شوێنەوارناسیی پێمان ناڵێت کە مرۆڤی ســـاپیان چۆن لە ڕابوردودا جووتبوون، بە  تایبەتی لەو ســـەردەمەدا کە مرۆڤی ساپیان لەسەر دوو پا دەڕۆیشت. جووتبوون بەدواوە جۆرێکە لە جووتبوونی ئاژەڵیی و پیاوان بە  شێوەیەکی گشتیی زیاتر چێژ دەچێژن، بەڵام مێینە بە پێچەوانەوە. ئایا مێینە ســـرووشـــتێکی جیاوازە لە نێرینە؟ یان ئەمانە هەمووی ئەو ئاڵۆزی و ململانێیانە دەسەلمێنن کە لە سرووشتی ئێمەی مرۆڤدا هەنە.

ڕۆزێتا کە پشـــتی تێکربووم و ڤێلاێکەم لە قوڵایی ئەشـــکەوتی حەڕایدا لە خەڵوەتا بوو، وەک مێچکە شـــێرێک لەکاتی جووتبووندا ســـەری وەرگێرا و پاشـــان بەدەم ماچکردنمەوە پێیی گووتم: ئێستاکە دەمەوێت گوێم لە ڕاپۆرتی فیلاێی بێت لەسەر چوری، ئایا بە پێی پشکنینەکانی دەڵێت چی؟

منیش بەدەم تەکانێکەوە کە توانیم هەتا قوڵایی ئەشـــکەوتی حەڕای بڕۆم، پێم گووت: دەڵێت: مرۆڤی ساپیان، هەریەکەیان بە "دی ئێن ئەی"ێکی کەمێک جیاواز لەویتر دێتە دنیاوە، بەڵام بە شـێوەیەکی گشـتی هەموویان بە دوای لەزەتا وێڵن. ڕۆزێتا بە زەردەخەنەیەکەوە ڕووی تێ کردم و گووتی:  مادام وایە دەتوانیت هەر لەناو ئەشکەوتی حەڕادا شایەتومان بهێنیت. مەبەستی ئەوەبوو کە دەتوانم هەر لەوێدا  نەیەمە دەرەوە ســـپێرمەکەم جێبهێڵم. ڕۆزێتا بە دەســـتی چەپی چوکی ڕەپی گرتبووم و دەیهێنا و دەیبرد بەکونی شـــەیتانیدا و جارە جارە هێلکەگونمی بۆ هەڵدەگلۆفیم هەتاوەکو زیاتر بیان وروووژێنێت، بەڵام من نیازم نەبوو هەروا بەم زووانە لەو خەڵوەتەدا بێمەدەرێ، من پەیامی لەزەتێکم پێ بوو بۆ مرۆڤایەتی، بۆیە دەمەویســـت هەتا دوا هەناســـەم لەو یادا بمێنمەوە. فیلاێکەم هەتا قوڵایی ئەشـــکەوتی حەڕا ڕۆشـــتبوو، هەردوو ســـمتی ڕۆزێتا هاتبوونە بەر زکم، جارجارە ســـەرنجی تاتووی ئەو دوو کۆترەم دەدا لەســـەر ســـمتی کە هیچ باکیان نەبوو کە ڤێلاێکەم خســـتبووە هێلانەکەیان. بە بینینی ئەو دیمەنە، هێندەی تر هەوەســـم دەورووژا. ڕۆزێتا جارە کونی شـــەیتانی خۆی دەگوشـــی و هێندەی تر ڤێلاێکەمی قوت دەدا. دەســـتم لەناو مەمک و کوزی ڕۆزێتادا بوو، لە هەموو کونێکیەوە چووبوومە ناو لەشـــی ڕۆزێتاوە، دەمم لەناو دەمیا و تەکانی خێراخێرام دەدا. ڕۆزێتا چەند جارێک بە خێرایی کونی چوپی تەســـک دەکردەوە و فیلاێکەمی هەڵدەلوشـــی وەک کونی ڕەشـــی ناو ئێســـپاســـی گەردوون و لە هەمان کاتا بەدەســـتی فیلاێکەمی گرتبوو و دەیهێنا و دەیبرد لەناو ئەشـــکەوتی حەڕایدا. ئیتر لەوە زیاتر خۆم پێ نەدەگیرا، بە ئۆرگاسمێکی ئێجگار بەهێز لە ئەشکەوتی حەڕادا وەک ئەوەی گیانم دەرچوویێت بە هاوارەوە شـــایەتومانم هێنا و دەمم خســـتە ناو دەمیەوە و دەســـتم گیرکردبوو لەهەردوو مەمکی و گازێکم گرت لە ملی لەدواوە وەک ئاژەڵێک لەکاتی رەحەتبووندا، نەڕاندم بەدەم ڕەحەتبوونەوە. نەڕەی منی

ســـــاپیان بریتیبوو لە  چەندەها جنێو، هەرچەندە ڕۆزێتا حەزی بەو جنێوانە نەبوو، بەڵام نەمدەتوانی ســــنووری بۆ دابنێم و کۆنترۆڵی خۆم بکەم، هێندەی تر ئارەزوی دەورووژاندم. ئیتر هەردووکمان لەســەر قەنەفەکە بەلادا کەوتین وەک دوو لاشــەی مردوو؛ یەک بەســــەر ئەوی تردا. ڕۆزێتا لە باوەشــــمدا بوو بەڵام حەزم دەکرد بۆ هەتاهەتایە فێلاێکەم لە کونی شەیتانی ڕۆزێتادا بمێنێتەوە.

تەواو شــەکەت ببووم و، پاڵم لێدابۆوە لەســەر قەنەفەکە و ڕۆزێتا جارێکی تر خۆی توردایە باوەشم. هیلاکی پێڵوەکانمی قورسکردبوون، وەنەوز دەیبردمەوە، ڕۆزێتاش بە تەنیشتمەوە لە باوەشمدا سەری خستبووە سەر شانم و وەنەوز دەیبردەوە، نە ئارەزوو نە هێزی ئەوەمان تێدابوو بچینە ناو جێگەی خەوتن. بینیم کە ڕۆزێتا وەنەوز دەیباتەوە و منیش هاکا خەوبردمیەوە، هەرچەندە من کەســێکی کەمخەو بووم و بە ئاســــانی خەوم لێ نەدەکەوت، بەڵام کاتێک چەند پێکێک دەخۆمەوە وەنەوز دەمباتەوە و دوای چەند ساتێک خەبەرم دەبێتەوە.

بۆ چەند ســــاتێک لەو بارەدا پێکەوە ماینەوە لە ســــاڵۆنەکەدا لە جەوێکی نیمچە تاریکدا. پاش چەند ســــاتێک، گوێم لەدەنگی نەرمە خرپەی خۆمبوو، پێڵوەکانم بەئاستەم هەڵبڕی و بینیم ڕەنگی ساڵۆنەکە تەواو گۆڕاوە، ڕۆزێتا بە تەنیشتمەوە خەوتوو بوو، شــــکڵی وەک پەرییەکی دەریایی وەهابوو. بە چواردەورمدا کرۆڤێت و سەدەفەکان لە بۆشایی ساڵۆنەکەدا دەهاتن و دەچوون وەک ئەوەی لەناو دەریادا بێن و بڕۆن. هەســتامە ســەرپێ و بە ســاڵۆنەکەدا هاتوچۆم دەکرد، بەبێ ئەوەی پرســــیار لە خۆم بکەم چی دەکەم و بۆچی ئەو کرۆڤێت و ڕۆبیانانە بە چواردەورمدا دەخولێنەوە؟ بۆچی ڕۆزێتا شــکڵی پەری دەریایی پۆشــیووە؟ وەک ئەوەی لە بنی دەریایەکدا بم، بەڵام دەریاش نەبوو، تەکانێکم دا بەخۆم، بینم کە پێیەکانم لە زەوی دابڕان و هەســتمکرد کە منیش وەک ئەوان دەتوانم لەو بۆشــاییەدا بێم و بڕۆم بە بێ ئەوەی هەست بە قورسایی بەدەنم بکەم، وەک چوری و فیلاێ و ئەستێرەکان لە ئاســمانا، بەرەو چێشــتخانەکە ڕۆشــتم و چەکمەجەی دۆڵابی چێشــتخانەکەم کردەوە، لە ناکاو هەموو کەلوپەلەکان لە چەکەمجەکە هاتنەدەرەوە و لە بۆشــاییدا وەک تەنەکانی تر و کرۆڤێتەکان دەهاتن و دەچوون. دەســتم دایە کێردێکی گەورە، کێردێکی گەورە کە باوکی ڕۆزێتا بە دیاری پێیدابووم. باوکی ڕۆزێتا قەســــاب بوو، چەقۆ بۆ ئەو بەهــایەکی تــایبەتی هەبوو، چەنــدەهــا جۆری چەقۆی هەبوو، هەندێکیان بۆ بڕینی جومگە و جیاکردنەوەی ئێســــقان، هەندێکی تریان بۆ بڕینی گۆشـــت بە جۆری جیاواز. هەر چەقۆیەک شــێوەیەکی تایبەتی هەبوو بە گوێرەی پێویســــتی و بەکارهێنانی. بچوک، گەورە، پان، دەم تیژ...تاد، بەڵام هەموویان بە شـێوەیەکی گشـتیی کلکەکانیان بە سـێ بزمار بەسـترابوونەوە، کە پێیان دەوتن: چەقۆی ســـێ ئەســــتێرە، ئەوەش کوالێتی چەقۆکەی دیاری دەکرد، بۆیە باوکی ڕۆزێتا هەردەم چەقۆکانی پیشــــان دەدام و دەســــتی دەخســــتە ســــەر ســــێ ئەســــتێرەکە و دەیگوت: ئەمــانە چەقۆی کۆنن، ئێســــتــاکە لەم جۆرانە لە سوپەرمارکێتەکاندا نین.

دەســتمدایە چەقۆیەک لەو بۆشــاییەدا، ئەو چەقۆیە یەکێک بوو لەو چەقۆیانەی کە زۆر بەکارم دەهێنا بۆ ئامادەکردنی خواردن. لەو بۆشــــاییەدا بە ســــاڵۆنەکەدا وەک کرۆڤێت و ڕۆبیانەکان دەهاتم و دەچووم بە مەلەکردن، وەک کاتێک ڕاوکەرەکانی

ئەفریقا دەچنە ژێر دەریا بۆ ڕاوکردنی گیانەوەری دەریایی لە بنی ئاودا؛ کاتێک سەدەفەکان بە بەردێکەوە نووساون بە چەقۆکەیان لێیان دەکەنەوە و دەیانهێننەوە سەر ئاو. منیش چەقۆکەم وەک ئەوان گرتبوو بەدەمەوە و بەو ئێسپاسەدا وەک لەناو دەریادا بم دەهاتم و دەچووم، هەموو کەلوپەلی ساڵۆنەکەش وەک تەنی دەریایی بە چواردەورمدا.

بینیم ڕۆزێتا لەباری خۆیدا ڕاکشابوو لەسەر بەردێکی گەورە لەبنی ئەو دەریایەدا وەک پەرییەکی دەریای قەشەنگ بە سنگ و مەمکی ڕووتیەوە، قژ و مەمکەکانی لەگەڵ شەپۆلی دەریادا دەهاتن و دەچوون، چورییەکەی هێندەی تر هەڵئاواسابوو. بە مەلە بەرەوڕوی ڕۆشتم و دەمویست بیگرمە باوەشم و بیبەمە دەرەوەی دەریاکە. وەک ئەوەی کە ئەو تێچیرێکی دەریایی بێت، بەڵام نەم دەتوانی ڕایکێشم، وادیار بوو وەک سەدەفێک بەبەردەکەوە نووسابوو، بە چواردەوریدا دەهاتم و دەچووم هەتاوەکو بزانم لە کوێدا بە بەردەکەوە نووساوە تا بە چەقۆکەم بیبڕم، بەڵام نەمدەتوانی بیدۆزمەوە، نیگام کەوتە سەر سنگومەمکی. مەمکەکانی کە لەگەڵ شەپۆلی دەریادا دەهاتن و دەچوون بە هارمۆنی وەک دیمەنێکی خاوکراوە، هێندە جوان بوون کە لە سەیرکردنی تێر نەدەبووم، بە چەقۆکەم یەکەیەکە هەردوو مەمکیم لێکردنەوە و خەستمنە سەر قاپێکی سووری گوڵدار و لەسەر مێزی ساڵۆنەکە دانیشتم، دەستم کرد بە خواردنی. کاتێک چەقۆکەم دەهێنا بەسەر مەمکەکانیدا، خوێن فیچقەی دەکرد و ڕەنگی دەریاکەی سووردەکرد. کاتێک پارچەیەک لە گۆشتی مەمکیم بە چەقۆ دەبڕی و دەمخستە دەمەوە و دەمخوارد، خوێن بە بەرسنگ و دەمما دەهاتەخوارێ، بەڵام بەهیچ جۆرێک هەستی بەزەیم نەبوو بەرامبەر بەوەی کە من لەویادا خەریکی خواردنی ڕۆزێتای هاوسەرمم. لەو کاتەدا کە مەمکی ڕۆزێتام بە چەقۆ دەبڕی، هەست و سۆز و بەزەییم نەبوو، ئاگامەندیم بەشداری نەدەکرد لە ئەکسیۆنەکانمدا، کۆنترۆڵی بەسەر مۆراڵمدا نەبوو، بۆیە بە ئازادی دەجوڵامەوە، ڕووبەڕووی مۆراڵ نەدەبوومەوە، نە خۆم خەتابار دەکرد، نە ترسم هەبوو. خۆم ڕووبەڕووی هیچ پرسیارێک نەدەکردەوە.

پارچەیەک لە مەمکیم بە چەقۆ وەک ستێکێک بڕی و دەستم کرد بە خواردنی، هەستمکرد ئەو گۆشتە نەرم و ناسکە، زیاتر تامی گۆشتی گای دەدا، پێم سەیربوو کە گۆشتی مەمکی ناسک و نازداری ڕۆزێتا ئەو تامەی هەبێت، بەڵام هێندە خەوم لەو جۆرە خەوانە بینیبوو کە زۆرجار لەناو خەوەکانمدا پرسیارم لەخۆم دەکرد کە ئایا ئەمە خەوە یان ژیانی ڕاستەقینەیە؟ بۆیە خۆم ڕووبەڕووی پرسیارێکی لەو جۆرە دەکەمەوە، لەبەر ئەوەی کە بارەکە بە بارێکی سرووشتیی نایەتە بپیش چاوم. بەخۆمم دەگووت: ئەمەیە حاڵەتی ئاژەڵی؟!

کاتێک مرۆڤ ئاگامەند نییە بە هەستی سۆز و بەزەیی، ئەم حاڵەتەش زیاتر لەو کاتانەدایە کە مرۆڤ خەوتووە و هەموو نۆرۆنەکانی مێشک بەشداری ناکەن لە بڕیار و حوکمداندا، خود (من) لەژێر کاریگەری منی باڵادا نییە کە بریتییە لە مۆراڵ و ویژدان و یاسا و ڕێسای کۆمەڵگە.

لە ناکاو بینم کە مەمکی ڕۆزێتا لەناو قاپەکەمدا شێوەی بەردی چوری وەرگرتووە؛ خواروخێچ بووە، بە هیچ جۆرێک لە مەمکەکانی ڕۆزێتا نەدەچوون! ویستم جارێکی تر بە چەقۆ پارچەیەکی تر لێبکەمەوە، بەڵام چەقۆکەم نەیدەبری، مەمەکەکانی

ڕۆزێتــا ببوونە بەرد و شـــێوەی چوری بەردیــان وەرگرتبوو! هەرچەنــدم دەکرد نەمدەتوانی بە چەقۆکەم ببیڕم، پاشان هەستم کرد کەدەمم پڕ بووە لە زیخ و لم، ناتوانم گۆشـــتەکە بجووم، قوڕگم وشـــک ببوو و هەناســـەم لێبڕابوو، خەریک بوو دەخنکام. کەوتمە حاڵەتێکی پانیکەوە وبەدەم هاوارەوە خەبەرم بوەوە. بینیم لەناو هۆڵەکەدام و بەتەنیشـــتمەوە ڕۆزێتای هاوســـەرم لەهەمان باردا لەباوەشـــمدا ڕاکشــاوە، دڵخۆشــبووم بەخەبەربوونەوەم وەک هەموو کاتێک، کەخەوێکی ناخۆش دەبینم.

بەئاسـەتەم گۆشـەیەکم خسـتە ژێرسـەری ڕۆزێتا، هەتاوەکو بتوانم خۆم دەربازکەم، چوومە چێشـتخانەکە پەرداخێک ئاوم خواردەوە، پاشــان ڕۆزێتام خســتە باوەشــم و بردمەوە سـەر جێگەی نوستنەکە. بەدەم خەوەوە منجە منجێکی کرد لە باوەشما. لەســەر جێگەکەی دامپۆشــی و هاتمەوە ناو هۆڵەکە و بەبێ ئامانجێکی دیاریکراو لە هۆڵەکەدا دە سوڕامەوە. پیکێك کۆنیاکم تێکرد و بەدەم خواردنەوەیەوە سەیری ســـەر مێزەکەم کرد لە هۆڵەکەدا، کتێبێکی (ژیل دولوز)[24]م بینی، بەناوی لۆژیکی ئاراســـتە، کە ڕۆزێتا بۆی کڕیبووم بەدیاریی، لەبەر ئەوەی دەیزانی لەم دواییانەدا، کە گەشـــتبوومە کۆتایی پرۆژەکەم، زۆر پرســـیارم لە ئاڕاســـتەی ژیان دەکرد و دەمویســـت بزانم بیرمەند و فەیلەســوفەکان چۆن لەو چەمکە دەدوێن. هەرچەندە من هەموو ژیــانم لە فیزیــای کۆنتۆم[25] دا بەســـەربردبوو، بەڵام لەهەموو بوار و ئاســـتێکدا، لە تەمەنێکی ژیاندا، هەموومان ڕووبەڕووی هەمان تەنگژی دەبینەوە، بەتایبەتی ئاڕاستە لە ژیاندا:

چۆن هەڵسوکەوت بکەم؟
چۆن دواساتەکانی ژیانم بەسەربەرم؟
چۆن جۆرێک لە بەختەوەری بدۆزمەوە؟

بەو مەبەســـتە ڕۆزێتای هاوســـەرم ئەو کتێبەی بەدیاری بۆ کڕیبووم، هەتاوەکو ئاراســـتەیەک بدۆزمەوە تێیدا، بەڵام من مێشـــکم تەقەی دەهات لە فەســـەفە، بەتایبەتی ژیل دولوز، کاتێک باسی ئاڕاستە و نائاڕاستە دەکات. چەند پەرەگرافێکم بە خێرایی لێ خوێندبووەوە، بە تایبەتی ئەو بەشەی کە باسی ئاڕاستەی دەکرد لە ڕەوتی فەلســەفی ســتۆیســیزم[26]و ئێپوکوریســم[27] کە دوو ڕەوتی فەلســەفی یۆنانی دژ بەیەکن لەهەمان سەردەمدا.

ســتۆیســیزم، فەلســەفەیەکی ڕۆژهەڵاتییە و لەلایەن کۆیلەیەکەوە لە ســەرەتاوە بیری لێکراوەتەوە، پاشــان دەماودەم بڵاوبۆتەوە، هەتا ســێ ســەدە دوای زایین لە یۆنان بەردەوام بووە، بەناوبانگترین فەیلەسوفیان سێنێکە. ستۆیسیزم بۆتە بنەمای زۆر لە فەیلەســـوف و بیرمەندەکان، کاریگەریشـــی لەســـەر ئایینی مەســـیحی هەبووە. ستۆیسیزم بەختەوەریی لە لەزەتا نادۆزێتەوە، بە پێچەوانەوە ئێپوکوریسم پێشنیاری بەختەوەری بۆ مرۆڤ دەکات بە لەزەت، بە جۆرێک کە نە ترست لە خودا

Gilles Deleuze(18 January 1925 – 4 November 1995) [24]

[25] Quantum physics.
[26] Stoicism.
[27] Epicurus.

بێت، نە لە مردن، لەبەر ئەوەی کە گەردوون پێکهاتووە لە ئەتۆم و ئەتۆمیش هەرگیز لەناو ناچێت، مرۆڤیش لەژێر سەرکێشیەکانی خودادا نییە، لەزەت و خۆشی وەک سەرچاوەی بەختەوەریی دەزانێت بۆ مرۆڤ. هەرچەندە ستۆیزم تەواو پێچەوانەی ئێپوکوریسمە، بەپێی ستۆیسیزم: ((دەبێت مرۆڤ حاڵی ژیانی هەنوکەی قبوڵ بکات، ئەو هەلە بقۆزێتەوە کە لەساتێکدا تێیدا دەژی و خۆی نەدات بەدەست ئارەزووی لەزەت و ترسی ئازار، هزری بەکاربهێنێت بۆ وردبوونەوە و تێگەیشتن لە ژیان، جێگایەک بۆخۆی دیاری بکات لە نەخشەی سرووشتا و تێبکۆشێت بەکۆمەڵ، ڕێز بۆ ئەوی بەرامبەری دابنێیت، لەزەت و پارە و تەندروستیش نە باشن نە خراپن. بەڵام هەردووکیان (ستۆیسیزم و ئێپوکوریسم)، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لەزەت دەبێت سرووشتی و پێویست بێت.

دولوز بەلای ستۆیسیزمدا دەیشکێنێتەوە. بەڵام دولوز خۆی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا! خۆ ئەگەر دولوز لە توانایدا هەبوایە ئاڕاستەیەک بدۆزێتەوە لە ژیانیدا ئەوا خۆی نەدەکوشت، بۆیە نەمدەتوانی لە دولوزدا ئاراستەیەک بدۆزمەوە، هەرچەندە خۆکوشتن لە ستۆیسیزمدا هەڵوێستێکی سیاسییە، بەڵام دولوز بەو مەبەستە کۆتایی بە ژیانی نەهێنا، دولوز وەک هەموو تاکێکی ڕۆژئاوایی، کاتێک دەگەنە تەمەنی بەساڵاچوون، چوکیان ڕەپ نابێت و کچان بەدەوریاندا سەمتیان بانادەن، ئیتر بۆ ئەوان کۆتایی ژیانە و بەردەوامبوون لە ژیاندا بەهای نییە. بۆیە هەموو مرۆڤێک بە سرووشتی لایەنگری ئێپوکوریسمە و خەونی ستۆیسیزمی هەیە، ئەوەش ناجێگیری باری دەروونی مرۆڤمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، ململانێی نێوان هۆش و نائاگاییە، ململانێی نێوان هەستی سۆز و بەزەیی و سرووشتی ئاژەڵییە.

پاشان بیرم لە چەمکی لەزەت و خۆشیی دەکردەوە، کە گوایە وەک ستۆیسیزم و ئیپوکوریسم دەڵێن: ((دەبێت لەزەت پێویست و سرووشتیی بن)).

پرسیارم لەخۆم دەکرد کە ئایا "پێویستیی" یان "سرووشتیی" مەبەستیان لە چی بێت! بۆ نموونە ئەو جۆرە ڕابواردنەی دوێنێی من و ڕۆزێتا بۆچی سرووشتیی نەبن یان پێویست نەبن؟ ئەگەر من مرۆڤم و ئاگامەندم کەواتە جیاواز لە ئاژەڵان هەڵسوکەوت دەکەم، بۆیە خاوەنی ئێرۆتیزمم. ئەگەر دوو کەس ئارەزووی جۆرێک لە ڕابواردن بکەن بۆچی سرووشتیی نییە؟ پێویستیش بوو، لەبەر ئەوەی کە ڕۆزێتا وەهای ئارەزوو دەکرد کە من ڕاکێشێت بەلای خۆیدا بە جۆرێک لەزەت کە ئارەزووم لێبیبوو. بۆیە ئاڕاستە لە ژیاندا وەک لاستیکێک وەهایە. ئاڕاستە بارێکی جێگیر و نەگۆڕ نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بووم کە مرۆڤی ئاگامەند مرۆڤێکە، کە ئاڕاستەیەک بەپێی ئاستی ئاگامەندیی دەستنیشان دەکات بۆ دەوروبەرەکەی، هەر ئەمەشە کە پێی دەوترێت: خزمەتکردن بە کۆمەڵگە، بوون بە شوان بۆ مرۆڤایەتی.

لە سینت پۆلەوە هەتا فرۆید، وتراوە کە مرۆڤ ئەوە ناکات کە دەیەوێت و ئارەزوی دەکات، شتێک لەناو خوددا بە شاراوەیی بڕیار دەدات، ئەو شتەش ویستی بوونە کە ئەم گەردونەی دروستکردووە، کە پێی دەڵێن؛ دیزاینەری مەزن، خودا، ئەڵا، یاڤێ، سروشت، بەڵام چەندە هێزێکی بەتوانابێت ئەوا بێ ئاگایە لە ئارزووەکانی من کە لە بنەچەدا هی ئەون و وەرچەرخاون بۆ ئاگامەندیی، بوونەتە هەستی سۆز

و بەزەیی و ئەشکەنجە. لەهەر پلەیەکی ئاگامەندیدا مرۆڤ وەها ئارەزوو دەکات لە باری ئاژەڵیی خۆی جودا بکاتەوە، بەڵام لە توانایدا نییە جگە لەو ئاراستە ئاژەڵییەی کە پێی دراوە، لە نەستیدا چێنراوە، ناتوانێت ئاراستەیەکی جێگیر لە ئاگاییدا بدۆزێتەوە، بۆیە لە ناچاریدا و بە خۆرسکانە دەگەڕێتەوە بۆ باری ئاژەڵیی هەتاوەکو دوای ئەو قەدەرە بکەوێت کە پێی سپێردراوە، هەر بۆیەش ستۆیسیزم داوامان لێ دەکات کە قبوڵی بکەین و پەلەقاژێ نەکەین، لەبەر ئەوەی کە پەلەقاژێ ئەشکەنجە دروست دەکات و بە پێچەوانەشەوە قبوڵکردنی دەمانگەیەنێت بە بەختەوەریی، وەک کاتێک دەتخەنە بەر پەتی سێدارە، باشتر وایە قبوڵی بکەیت لەبەر ئەوەی چارەی ترت نییە.

راستە، بۆ ستۆیسیزم و بودیسم، ڕەگی خراپە تەنها گێلی و نەفامییە، تەنها چارەسەر بۆ ئەشکەنجە خۆ ڕزگارکردنە لە گێلی و داپرانە لە هۆکاری ئەشکەنجە، داپرانە لە سەرچاوەی ئەشکەنجە، واتە قبوڵکردنی هەموو شتێک؛ نەخۆشی ئازار، مردن، چەوساندنەوە، بەڵام ئەم جۆرە چارەسەرە بۆ تاکێک دەشێت، من زیاتر وەک شوانێک خەونی ئەوەم هەبوو چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ مرۆڤایەتی بدۆزمەوە، هەرچەندە منیش وەک ستۆیسیزم باوەڕم وەها بوو کە ئەوەی هەیە راستییەکە و دەبێت قبوڵی بکەین، تەنها بە قبوڵکردنی دەگەینە چارەسەر، واتە ئێمە وەک مانگ و ئەستێرە و چورین.

بوونی ئێمە بە گەردوونەوە بەستراوەتەوە بەو هێزە نادیارەوە، هەرکاتێک ئەو بیەوێت دەتوانێت هەموو ئەم گەردوونە سەرلەنوێ بتەقێنێتەوە و دروستی بکاتەوە، قەدەری ئێمە بە گەردوونەوە بەستراوەتەوە بۆیە ئێمە هیچ هەڵبژاردەیەکمان لە بنەڕەتدا نییە، بەڵام لە چاوەڕوانیدا ئێمە دەبێت بەگژ ویستی ئەوەوە بجوڵێینەوە، دژ بە کارەکتەری ئاژەڵی ئەو هەڵسوکەوت بکەین کە ئاگامەندی ئەو توانایەمان پێ داوین، واتە هەموو شێوەیەکی چەوساندنەوە و کۆیلایەتی ڕەتبکەینەوە کە وەک قەدەرێکی ماتریاڵ بەسەرمانادا سەپێنراوە، دەبێت هەرچۆنێک بێت بتوانین لەو قەدەرە خۆمان دەرباز بکەین بە پێچەوانەی ستۆیسیزمەوە کە وەهای باوەڕە کە هەر تاکێک لە ئێمە کارێکی پێ سپێردراوە لەلایەن ئەو هێزەوە و دەبێت جێبەجێی بکات و نابێت سکاڵا بکات لەباری ژیانی. خراپە بۆ ستۆیزم بوونێکی سەربەستی نییە، ئەگەر ئێمە خراپە دەکەین لەبەر ئەوە نییە کە سەرچاوەیەکی خراپە بوونی هەبێت لە ئێمەدا، لەبەر ئەوەیە کە هەوەس و ئارەزووەکانمان بە خراپی جێبەجێ دەکەین، ئارەزوویەکی خراپە بوونی نییە بەڵکو هەوەسێکە بەهەڵەدا چووە لەسەر ناتوری باسەکە. سرووشت نازانێ خراپە چییە، شوێنی خراپە بیرکردنەوە و هەوەس و ئەکسیۆنە، دەرئەنجامی هەڵەیەکە.

ستۆیزم دەڵێت: ئێمە تەنها نین لەم گەردوونەدا، لە گەردوونێکی بە پیتاین و وازمان لێ نەهێنراوە، جیهان شارێکە جەوهەرەکەی خودایەکە، هەرچۆنێک بێت هیچ کارەساتێکی نەخوازار و بەرەوڕوومان نایێتەوە و بێزارمان ناکات، ئێمە بەتەنها نین، ئێمە هەتیو نین، هەموو مرۆڤێک کوری خودایە. بەڵام من وەهام باوەڕ بوو ئەم بیرۆکانە دەیانەوێت راستییەک بشارنەوە لە بێ تواناییاندا بەرامبەر بە سرووشت؛ مادام هەین کەواتە دەبێت قبوڵی باری ژیانی خۆمان بکەین .

سێنێک دەڵێت: (هێج خراپەیەک بوونی نییە، مرۆڤ خۆی سەرچاوەی هەموو خراپەیەکە). بەڵام ئێمە ناتوانین هەموو مرۆڤی سەرزەوی هۆشمەند بکەین بەو ناتورە یان، ئەگەرنا دەبێت مۆراڵێک بسەپێنین بۆ سنووردارکردنی ئارەزووەکانیان، سەپاندنی مرۆراڵیش دەبێتە هۆی چەپاندنی ئارەزووەکان، بە ئەزموونیش سەلمێندراوە ئارەزووی چەپێنرداو، دەروازەیەک دەدۆزێتەوە بۆ دەربازبوون لێیّ، لە شکلێکی نوێدا سەرهەڵدەداتەوە، وەک مۆتەکە هەڵدەکوتێتە سەرت و دەتخنکێنێت، دەبێتە ئاژەڵێکی دڕندە، دەبێتە دیاردەی فاشیزم و نازیسم و داعش. کەواتە ئەم ژیانەی کە تێیدا دەژین وەک خۆی دەڕوات بەڕێوە، وەک ئەوەی دەیەوێت، تەنانەت کاتێکیش واهەستدەکەین کە بە پێچەوانەیەوە هەڵسوکەوت دەکەین، هەریەکێک لە ئێمە هەسارەیەکین، چورییەکین، لە ئەکسیۆندایین لەژێر هێزێکی نادیاردا بە فەیلەسوف و کۆمەڵناس و زانا و هونەرمەندەکانمانەوە. هەر بۆیەش رامبۆ لە ساتێکی ژیانیدا، لە حاڵەتێکی سپیریتوێلی بەرزدا وەک سێنێك گووتی: (وابزانم هەموو مرۆڤێک قەدەرێکی بەختەوەری هەیە). بێشک دەتوانین ئەشکەنجە و هاوار وەک کاردانەوەیەکی میکانیک لێکبدەینەوە نەک وەک ئەشکەنجەیەک کە مرۆڤ هۆشمەندە پێی. بەڵام هەموو ئەم بیرۆکانە ئازارەکانی منی مرۆڤی ساپیانی ساڕێژ نەدەکرد. هەرچۆنێک بێت فەیلەسوفەکانی ڕابردوو هەر هەموویان بەپێی زانیارییەکانی زانستی سەردەمەکەیان دەدوان و لێکدانەوەیان بۆ ژیان دەکرد، فەلسەفەکەیان لەسەر زانست بەندبوو، بەتایبەتی زانستی فیزیا. خۆ ئەگەر ئەمڕۆ هەریەکێک لەوان ژیانی مرۆڤ ببینەوە وەک ئەوەی کە ئەمڕۆ هەیە و پێی گەیشتووە، بە جۆرێکی تر دەدوێن لە ڕاستیی.

لە کۆپەرنیکەوە هەتا ئەمڕۆ هەموو دۆزراوەکانی زانست بریتین لە ڕەتکردنەوەی ئەو زانیاریانەی لە ڕابوردوودا باوەڕمان پێیان هەبوون؛ لە ڕابوردوودا زەوی بە چەقی گەردوون دەبینرا، وەک ئەوەی هەموو شتێک لە گەردووندا بۆ خزمەتی مرۆڤ و بە مەبەستی خزمەتکردن بەو ئافرێندرابن، ئەوە بوو گووتمان: نەخێر خۆر بە دەوری زەویدا ناسورێتەوە بەڵکو بە پێجەوانەوە، زەوی بە دەوری خۆردا دەسورێتەوە، پاشان گووتمان: نەخێر زەوی سەنتەر نییە و خۆر سەنتەرە، ئینجا گووتمان: نەخێر خۆریش سەنتەر نییە و گەردوون سەنتەری نییە.

نزیکەی دووهەزار ساڵ لەمەوبەر فەیلەسوفەکان باسی ئەتۆمیان دەکرد کە گوایە هەموو شتێک لە ئەتۆم پێکهاتووە، ئەتۆم بچوکترین گەردیلەیە و دابەش نابێت، ئەوە بوو لەسەدەی بیستەمدا بوونی ئەتۆم لەلایەن زانستەوە سەلمێندرا، بەڵام ئەمڕۆ دەرکەوتووە کە نەخێر ئەتۆم تەنها لەسەدا پێنجی گەردوون پێکدەهێنێت و ئەوی تری بریتییە لە ماتریالی ڕەش و وزەی ڕەش، هەتا ئەم ساتە کەس نازانێت لە چی پێکهاتوون. ئەم زانیاریانەش بۆمان دەردەخەن کە ئاراستە و لێکدانەوەی مرۆڤیش بۆ ژیان لەگەڵ دۆزینەوەکاندا دەگۆڕێن.

پێکە کۆنیاکەکەم هەڵدا و چووم بە تەنیشت ڕۆژێتای هاوسەرمەوە لێی خەوتم.

تێبینیی:

- پرۆژەی ڕۆزێتا پرۆژەیەکی گرنگی ئەوروپی بوولە ســاڵی ٢٠٠٠، وەک لە نووسینەکەدا باسکراوە.
- وەک لەســەرەتای نووســینەکەدا نوســراوە: ئەم چیرۆکە لەوەوبەر بڕیاری لەســەر نەدراوە، دوای وشــەیەک کەوتووم، واتە یەکەم وشــە کە نووسیم نەمدەزانی ئەم چیرۆکەی لێدروست دەبێت.

# کۆتایی